# ئاگری مێژوو

## مێژووی تاوانکاری براکان
## بەرگیی دووەم

ئاوارە کەریم



ئاوارەکەریم

# کارەساتی پارتی

## مێژووی پارتی و سەرۆک خێڵەکانی

سلێمانی

2024

Razasha700@gmail.com

# پێڕست

| | |
|---|---|
| دروست بوونی خێلی بارزان | ٧ |
| بارزان و دراوسێکانیان | ١١ |
| پێکهاتەی خێلی بارزان | ١٧ |
| شوێنی جوگرافی بارزاان | ١٨ |
| بزوتنەوەی ئاینی بارزان | ٢٥ |
| ئاکۆکی لە نێوان شێخان ی بارزان | ٣٥ |
| سەرەتای ناو بانگی مەلا مستەفا | ٥٣ |
| دیداری تەمەن | ٧٣ |
| مەلا مستەفای ژەنرال | ٧٦ |
| زیندانی رایات | ٧٩ |
| کۆماری کوردوستان و مەلا مستەفا | ٩١ |
| دروست بونی پارتی | ١٠٣ |
| ناکۆکی لە نێوان ریزەکانی پارتی | ١١٥ |
| ئاشبەتال | ١٦١ |
| مەلا مستەفا و سۆڤیەت | ١٩١ |
| مۆساد و مەلا مستەفا | ٢٠٢ |
| تاوانو خیانەتەکانی مەلا مستەفا | ٢٢٦ |
| خێهێشتنی کۆمار لە کاتێکی هەستیاردا | ٢٣١ |
| کۆمەڵ کوژی بنەماڵەی حەمەد ئاغای مێرگە سوری | ١٣٩ |
| ڕادەستکردنی زیرۆک هەرکی بە نێران | ٢٥١ |
| کوشتنی سلێمانی موعینی | ٢٥٩ |
| کوشتنی محمەد مستەفا | ٢٧٦ |

| | |
|---|---|
| کوشتنی عەلی عەسکەری | ٢٧٧ |
| شکاندنی شکۆی پێشمەرگە | ٢٨٠ |
| خیانەتی قیادە مۆقەتە | ٢٨٦ |
| خیانەتی بنەماڵەی بارزانی | ٢٢٧ |
| دالیای شەڕڤان | ٢٣٥ |
| هێرشی تورکیا بۆ سەر کوردوستان | ٢٤٠ |
| تیرۆرکردنی مەلا یوسف | ٢٤٨ |
| هەڵاتن لە کەرکوک | ٣٥٠ |
| فرۆشتنی شەنگال | ٣٦١ |
| گەندەلی | ٣٦٥ |
| تەقینەوەکەی زاخۆ | ٣٦٧ |
| فرۆشتنی نەخشەی سەر بە خۆی | ٣٧١ |
| پەیوەندی مەسعود بارزانی بە ئەنفالەوە | ٣٧٧ |
| شەهیدانی شنۆ | ٣٨١ |
| پەیوەندی پارتی و داعش | ٣٨٩ |
| هێنانی هێزی پاسدار بۆسەر دینوکرات | ٣٩٦ |
| خیانەتی ٣١ ئاب | ٤٠٢ |
| تیرۆرکردنی زەردەشت عوسمان | ٤٠٧ |
| جاشو سەرۆک خێڵەکانی دەوری پارتی | ٤١٧ |
| جاشەکانی ناو پارتی | ٤١٩ |
| قاسم ئاغای کۆیە | ٤٣٦ |
| بنەماڵەی زێباری | ٤٤٢ |
| ئەنفال و شێخ لە تیف | ٤٤ |

# پێشەکی:

نوسینەوەی مێژووی کارەساتباری پڕ تراژیدیا کارێکی ئاسان نیە، بە تایبەتی ئەگەر لە سەر لایەنێکی سیاسیدەستە لات داربێت و لایەنە نهێنی پەنهانەکانی زیاتر بن لە لایەنە دیارەکانی.زۆر جار مێژوو کارەساتە گەورەکانی بە پەنهانی هێشتۆتەوە ،یان زۆر جاریش کارە ساتەکە لە قۆناغی ترسدا ماوە تەوە و کە س نەیوێراوە سنورەکانی ببەزێنێت . مێژووی تاوانکاری پارتی بۆ ماوەیەکی زۆر لە قۆناغی ترسدا ماوەتەوە و کە س نەیوێراوە سنورەکانی ببەزێنێت .لە گەڵ ئەوەی کە نوسەری باش و بوێرمان هەیە ، بە لام هەمیشە ترسی بنەماڵەی بەرزانیَ بە جۆرێک بوە کە کەس نەیوێراوە سنورەکانی تێپە ڕێنێت ،ئەمەش بۆ فەرهەنگی عەشایەری و خێڵەکی بنەماڵیَ بارزانی دەگەڕێتەوە کە بیَ گوێدانە هیچ پرنسیپێکی ئەخلا قی و سیاسی و دینی ئەوەی لە دژیان بێت لە ناوی دەبەن بە دڕندەترین شێوە سەرباری لە ناو بردنی جۆرەها تۆمەتی ئەخلاقی و ناو زڕاندن دەدەنە پاڵی کە لە مێژوو دا ڕەنگی نە بوە و لە سەر دەمی مەلامستەفاوە تا ئێسا بەر دەوامە. لە نمونەی ئەو بەر هەلستکاریەی خەڵکی بۆ بنە ماڵەی بارزانی (بنەماڵەی حەمەد ئاغای مێرگەسوری) کە مەلا مستە فا هەمویانی کۆمەڵ کوژ کرد هەتا منداڵی ٥ ساڵانە کانیشیان هاتا ئەوەی حەمەد ئاغا ئەو کات پیرە پیاوێکی بەساڵا چوو بوو، لە سەر دەمی مەسعودو مەسروریشدا ئەمە نە گۆڕاوە لە نمونەی ئەو خوێن ڕێژیانە (زەردەشت عوسمانە )کەتەنها لە سەر بلاو کراوەیەکی ڕۆژنامەدا تیرۆیان کرد.بەلام تا ڕادەیەک دوای فرە حیزبی لە کوردوستان و دوو ئیدارەی ئەو دەرفەتە ڕەخسا جارجار کەسێک لایەنێک لەو لایەنە تریک و شاراوانە بخاتە بەر باس و شەن و کەو کردن ،ئەگەر چی هێشتا مەترسی نە ڕەووی وەتەوە و هەموو کەسێک شتێک دەنوسێت بە بە ئاگای دەنوسێت . ئەم کتێبە چەندین بابە تی نوێی تێدایە جگە لە و نوسینانە ی لە ڕۆژ نامە و کۆڤارەکاندا بلاو بوە تەوە و چەند نوسەرێک کە قەڵەمی خۆیان نەفرۆشتوە چەند

لاپەڕەیەکیان لە مێژووی ڕەشی پڕ تاوانی بنەماڵەی بارزانی هەڵداوەتەوە کە ڕەنگە لایەنە تاریکە کانی ئەم مێژووە ڕەشە ڕووناک بکەنەوە و حەقیقەتەکان بۆ نەوە کانی داهاتوو بە شێوەیەکی ڕاستو دروست و دوور لە سۆزو عاتیفە تۆمار بکەن و بەر پەرچی ئەو پاساوەش بدەنەوە ،کە هەندیَ کەس دەیانەوێت لەو ڕێگایەوە مێژووی ئەو بنەماڵە بە چەواشەی بگەیەننە خەڵک لە کۆ کردنەوەو ئامادەکردنی ئەم کتێبەدا هەوڵم داوە وەک ڕۆژنامە نوسێک کە بە دوای حەقیقەتەکاندا وێڵە ،زنجیرە وونەکانی مێژوو ی سیاسی باشوری کوردوستان بدۆزمەوەو پشت بە دۆکیۆمێنت و سەرچاوە جیاجیاکان ببەستم و نە کەومە ژێر کاریگەرێتی سۆز و عاتیفەو هەوڵم داوە بە شێوازێکی ڕاستو دروست ڕووداوەکان بگێڕمەوە و شەن و کەویان بکەم بە ئامانجی ئەوەی مێژوو چەواشە نەکرێت .خوێنە ری ئازیز ئەگەر چی ئێمە بە نوسینی ئەم کتێبە ژیانمان دە خەینە مەترسیەوە بە لام باکمان نیەو پێمان وایە داری ئازادی بە خوێن ئاو ئەدرێت ، دڵنیاین ڕۆژێک ئەم کارەمان بەرز دە نرخێنرێت و نەوەکانی دا هاتو چیدی شانازی بە شۆڕشێکی پڕ خیانە تەوە ناکەن و تیَ دەگەن کە بۆ چی کورد لە م حاڵە دایە و تا ئێستا نە بوە بە خاوەن کیانی خۆی . لەم کتێبەدا زۆر سەر چاوەی جۆراو جۆر بەکار

هاتوون وەکو چاو پێکەوتنی تەلە فزیۆنی رۆژنامەو گۆڤارەکان و چاو پێکەوتنی راستەو خۆی کەسەکانی ناو رووداوەکان و کتێب و کاسێتە ئەرشیفکراوەکان ، پێویستە ئەوەش بوترێت هەندێک وتارو بلاو کراوەم هێناوەو بە بێ دەست کاری دام ناوە تەوە ئەمەش بە ئا مانجی ئەوەی ئەو وتارانە هەندێکیان سالآنێکی زۆرە نوسراوە کە لە ناو چوون نزیک بوون ، کە لە دوتێی ئەم پەر توکەدا بیان پارێزم و هەم باسەکانیشی پێ دەوڵەمەند بکەم ،هەروە ها پێویستە لە سەر چاپکردنی ئەم پەر توکە ئەوە بڵێم کە بە دا خەوە وەزارەتی رۆشن بیری نەک هەر رێگەی چاپ کردنیان پێ نە یام بەڵکو هەرەشەی ئەوەشیان لێ کردم کە نابێ کتێبێکی لەم چەشنە بلاو بکرێتەوە . بۆیە بە نا چاری بۆ چاپ کردنی پەنام

تریشیان بۆ خۆمان بە وکارە ابۆ ولاتی ئێران برد هەندێکیم لە رۆژ هەلاتی کوردوستان چاپ کردو هەندێکی هەستاوین و چاپ مان کردوە ئەوەی لە توانامان بێت کردومانە تەنها بۆ ئەوەی بگاتە دەست زۆر ترین خوێنەر بلاوی دەکەینەوە . لە pdf و زۆر ترین کەس ئاگا داری ئەو مێژووە بێت، و لە کاتێکی کونجا ویشدا بە شێوازی کۆتایدا دەلێم مێژوو بەلا رێدا نابرێت و رووداوەکان ناشێوێنرێت ئەگەر خاوەن ئەو مێژووە چەند دەستەلات . دارو بە هێزیش بێت

Razasha700@gmail.com

# ناوی بارزان و دروست بوونی خێڵی بارزان

ئەگەر چاوێک بە نێو کتێبخانەی کوردیدا بگێرین چیایەک لە پەرتوکی چاپکراوی مێژووی بارزانەکان دەبینین، کە کەسانی نا بەرپرسیارو دەست و پێوەندی بنەماڵەی بارزانی هە ستاون بە نوسینی بە شێوازێکی بەرنامە بۆ دارێژراو ورد ، سەرلە بەری مێژووی بنەماڵەیان ئاوەژۆ کردوەتەوە بەشێوازێک کە سەروەری و شانازی بە بەریانداکراوە کە بێ گومان سەرلە بەری ئەومێژووە هەڵبەستراوە و لە بەرژەوەندی لایەنی دەستەلاتداری ئەمرۆی کوردوستان نوسراوەتەوە، ئەگەر ئێمە چاوێک بە مێژوودا بخشێنین بەدرێژای هەموو قۆناغەکاندا نای بینین لە شوێنێکدا ئاماژە بەبنەماڵەی بارزانی کرابێت، هە مووی سەد سالێکە ناوی بارزان هاتۆتە نێو ناوان ، کەسێکی بەویژدان ئەم پەرتوکانە بخوێنێتەوە دەزانێت چۆن ئەم بنە ماڵەیە فویان تێکراوەو قەبەکراون، ئەمە پیشەی هەموو دەستەلاتە ستەمکارەکانە کە مێژووی پڕ شەرمەزاریان دەشارنەوە و نەوەی نوێ بە درۆ و . چەواشەکاری هەڵدەخەڵەتێنن

## ناوی بارزان

مێژووی بارزان هیچ شتێکی دیار و تیبەتی تێدانیە ،ئەم گەنوندە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە پەراوێزی ڕووداوە کاندا بوو ، بارزانیەکانی ئەمرۆ هیچ شتێک دەربارەی بارزانیەکانی پێشو نازانن و هیچ ئاگایان لە سەردەمی دروستکردنی گوندەکە نیە،بارزان ئەوگوندەیە کە ناو و بیر و باوەڕی بە بارزانیەکان بەخشی،سە بارەت بە ناوهێنانی ناوی بارزان بیرو بۆچونی جیا جیا لە ناو نوسەرانی کورد بەدی دەکرێت ،( محمد بریفکانی )دەلێت:زۆر کەس وادەزانن بارزان عەشیرەتێکە وەکو هەموو عەشیرەتەکانی تر بەلاّم راستیەکەی ،وانیە

هیچ عەشیرەتێک نیە بە ناوی بارزان،بەڵکو گوندیکە لەناوچەی قەزای زێبار بە خەڵکەکەی دەڵێن بەرۆژی،عەلادین سەجادیش پێی وایە ناوی بارزان لە وشەی (بەرز)دوە هاتوە ،لەبەر ئەوەی ئەو گوندە ڕێکەوتی دروستکردنی لەشوێنی بەرز و بڵند بووە، بۆیە پێیان وتوە بەرزان.بۆچونێکی تر هەیە لە بارەی ناوی .(بارزان وئەویش کە دەلێت ئەم ناوە دە چێتە وە سەر عەشیرەتێ (برازی

ئەگەر سەیر بکەین ناوەکە هەیە پێش ئەوەی شێخەکانی بارزان دەست بکەن بە شێخایەتیەوە، واتە لە پێش سەردەمی (شێخ تاج الدین)گوندی بارزان هە بوە ناوی بارزان بووە،واتا ناوی ئەم ناوچەیە بە هۆی گوندی .بارزانەوە هاتووە

# پێکهاتەی خێڵی بارزان

باری دابڕاوی جوگرافی ،یان بەر ژەوەندی هاوبەش یان کەوتنە بەر هەرەشەیەکی هاو بەش،یاخود رووداوی: ئاینی -کۆمەڵایەتی،هەندێک جاریش هەستکردن بە گەڕانەوە بۆ بنەچەیەکی هاوبەش،پێکهاتنی خێڵ دیاری دەکەن ،زۆر جاری وابووە چەند فاکتەرێک لەمانە بەیەکەوە بونەتە سەرهەڵدان و پێکهاتنی خێڵێک.ئەم خێڵە وەکو هەموو خێڵە کوردیەکانی تر ،سەرەتا لەچەند بنەماڵەیەک لە گوندی بارزان پێکهاتون ،بەشی زۆری خێڵە کوردیەکانیش بەناوی ناوچەی نیشتەجێ بوونیانەوە ناونراون، مێژوو نووسەکانی دەربار و قەڵەم فرۆشەکان مێژووی بەرزانیەکان دەگەڕێننەوە بۆ بنماڵەی دێرینی (ئامێدی)یان بۆ بنەماڵەی مەولانا خالیدی نەخشبەندی،بێگومان هەموو ئەم پرو وپاگەندانە لەدوای دەستەڵات وەرگرتنی بارزانیەکان کراوە، بۆ گەورەکردن و شکۆدارکردنی باوانیان بەسەر خەڵکی تردا،دەستەڵاتی ستەمکار هە میشە هەوڵی شیواندنی مێژوو دەدات و بنە چەی خۆیان گەورە دەکەن بۆ ئەوەی رێزداربن لە ناوخەڵکیداو مێژووی شەرمەزاریان بشارنەوە ،ناوچەی بارزان ناوچە یەکی رەقو سەختە هیچ بە کەلکی کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵ نایەت ،لەم ناوچەیە جگە لەچەند بەرازێکی کێوی،هیچ ئاژەڵ و گیاندار و رووە کێکی تری تێدا نەبووە ،هەربۆیە تا ئەمرۆش راوە بەراز ،لای بارزانیەکان بە کارێکی پیرۆز دادەنرێت،هەر ئەم وشکی و بێ بەرهەمیەی ناوچەکەیان،وایکردوە کە ئەم بنەماڵەیە ،هەمووکات پەلاماری ناوچەوهۆزەکانی تربدەن و شەڕیان پێ بفرۆشن،واتە نەریتی هۆزە بەربەریەکانیان وەرگرتوە،شێخ محمدبارزان ،بۆیەکەمجار بەناوی شێخایەتی وئیسلامەوە پەلاماریمەسیحیەکانی دەوروبەریان دەدات و،بەزۆرناوچەکشتوکاڵیەکانیان داگیردەکاتو ناچاریان دەکات ناوچەکانی خۆیان بەجێ بهێڵن و بۆ ناوچەیەکی تر رەوبکەن،پاشان پەلاماری

گوندەکانی(رێزان،شیروانی مەزن،مێرگەسور،سیلکی،کۆزێ شنکێل).کەئەم گوندانە هۆزی مزووری و بروش لێ بووە،پاش ئەوەی شێخ محمد دەمرێت، شێخ عەبدول سەلامی کوری شوێنی دەگریتەوە ،دیارە ئەمیش وەکو .باوکی بەردەوام دەبێت لە سەر خوێن رێژی

# :بارزانیەکان و دراوسێکانیان

بارزانیەکان لەگەڵ سەرجەم هۆزاکانی چواردەوری خۆیان نێوانیان ناخۆشە،ئەو کینەو دووبەرەکیەش هۆی جۆراوجۆری هەیە،لەوانە بەشێکی بۆ پەیوەندی بەهێزی خێڵەکی دەگەڕێتەوە لە ناوچەکە،یەکێ لەهۆیەکانی تری ئەو ناکۆکیانە بە تایبەی لەگەڵ زێباریەکاندا،بۆ خودی دروست بوون و پێکهاتنی خێڵیبارزان وەک جیابوونە وەیەک لە زێباریەکان دەگەڕێتەوە،دیارە ئەوان بەهێزبوونەوەی دەستەڵاتێکی تر و بەش بەش بوونی خێڵەکەیان دڵ خۆش نە بوون،هۆی تر وەکو دەستەڵات و دەستەمۆکردنی یەکتر و سنورو پاوان و لەوەڕو..... هتد ، تەنانەت جۆری بیرکردنەوە و مەزهەبیش ،کەم تا زۆر شوێن پەنجەیان بەسەرناکۆکی و شەڕوو شۆڕەکانەوە دیارەئەم شەڕانە زۆرجار بوونەتە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر خەلکی گیان لەدەست بدەن، سەدان ژن بێوەژن بن و سەدان منداڵ بێ باوک بن ،جگە لە سووتان و وێرانکردنی چەندین گوند ،دوژمنیش تا بۆی کراوە سودی لە ناکۆکیەکان وەرگرتوە،هەر جارەو چەکی بە لایەنێک داوە و پاڵپشتی لایەکی کردوە تا .پەرە بە شەڕەکان بدای و بۆ بەرژەوەندی مانەوەی دەستەڵاتی داگیرکەرانەی خۆی بەکاریان بهێنێ

## ۱-بارزانیەکان و زێباریەکا

و زێباریەکن لەوەتەی بارزانیەکان هەن شەڕوو کێشو ونا کۆکیان لەگەڵ زێباریەکاندا هەیە،چەندین جار پەلاماری یەکیان داوەو خەلکیان لە یەکتری کوشتوە،شێخانی بارزان و ئاغاکانی زێباری ،زۆر جار هەوڵیان داوە کۆتای بە ناکۆکی نێوانیان بێنن و ئاشت ببنەوە،شێخ ئەحمەدی بارزان دوو کچی ئاغای زێباریەکانی خواست ،ژنی بابۆ و ژنی مەلا مستەفا و ژنێکی شێخ سلێمانیش هەر لە ئاغای زێباری بوون ،بەلآم هەموو ئەوانە ڕق و کینەی کەڵەکە بووی چەند ساڵەی نە ڕواندەوە ،لە

،شەڕەکانی ساڵی ۱۹۳۲دا زێباریەکان شان بەشانی سوپای عێراق ،دژی بارزانیەکان جەنگان

کە شێخەکانی بارزان بلآوەپێکران و لە بارزان دوورخرانەوە،ئەحمەدی برای مەحمودی ئاغای زێباری هەشت پیاوی لە بارزانیەکان کوشت،لە هەرکوێش هەڵدەستاو دادەنیشت دەیووت ئاوایان لێدەکەم ،هەرچی لەدەستم بێ دەیکەم ،با شێخ ئەحمەدیش چی لە دەست دێ بیکات،ئەمانە هەموو وایانکرد،شێخ ئەحمەد ڕقێکی زۆر ئەستور لە ئەحمەد زێباری هەڵبگرێ و بەدوای هەلدا بگەڕێ بۆ تۆڵەکردنەوە،دوای رووخانی ڕژێمی پاشایەتی ،ئەستێرەی بەختی بارزانیەکان درەوشایەوە ،لەسەرداوای سەرۆک کۆماری عێراق، بۆئاشت بوونەوەی سەرۆک خێڵەکان لەگەڵ شێخانی بارزان،دەوڵەت کۆبوونەوەیەکی لە هەولێر بۆ سەرۆک خێلاکان ڕێک خست،ئەحمەد زێباری بۆ کۆبوونەوەکە نە هات بوو،شێخ ڕەشیدی لۆلانیش کوڕەکەی خۆی ناردبوو،ئاغای ڕێکانیەکانیش کەلحێ ڕێکانی نە هات بوو ،شێخ ئەحمەد لە کۆبونەورکە ڕای گەیاند کە جگە لە ئەحمەد زێباری شێخ ڕەشید

،لەوانەی تر هەمون خۆش دەبین،کە مەحمود ئاغا ئەمەی بیستەوە،هاتە بارزان ،تا خودان ئاشت بکاتەوە،ئەوکاتە ماڵی خودان لە بینای قوتابخانەی بارزاندا بوو،مەحمود ئاغا پێی ووت ئێمە هەموو لەژێر فرمانی تۆین هەرچی ئەمردەکەیت هەر ئەوە دەکەین،شێخ لەوەڵامدا گوتی تۆ حەقت بەسەر براکەتدا نەبێت و هاتو چۆی مەکە ،ئەو پیاوی لێمان کوشتوە ،ئێمە تۆڵەی خۆمان دەکەینەوە،ئەگەر بەقسەشم ناکەیت چیت پێ باشە ئەوە بکە ، محمود ئاغا گەڕایەوە زێبار ،بەڵام پەیوەندی لەگەڵ براکەیدا نە بڕی و سەردانی دەکرد.دوتر شێخ ئەحمەد فرمانی کرد ئێستەکاتی تۆڵەکردنەوەیە لە ئەحمەدە کوڕ،(بارزانیەکان بۆ سوکایەتی پێ کردنیان وایان پێ دەگووت)،دوی ئەوفرمانە عیساو مەلا حەسەن و سەعید  بە دوی ئەحمەددا نێردرانە موسڵ ،لەو ڕۆژەدا کە چوو بون بۆ کوشتنی وارێکەوت ئەحمەد زێباری لە بینای موتەسەریف بێتە دەرەوە،کە گەیشتنە نزیک یانەی سەربازی مەسڵ ،یەکەم جار

عیسا بە دەمانچە تەقەی لێکرد،ئینجا ئەوانی تریش تەقەیان کێکرد تا مرد،پاشان تەقەکەرەکان ویستیان خۆیا دەرباز بکەن بەڵام نە یان توانی هەڵ بێن و دەست گیرکرا،پاش ماوەیەک درانە داد گاو حوکمی ئیعدامیان بۆ دەر چوو ،دواتر لە سەر تکای مەلامستەفا

حوکمەکە لەلایەن عبدول کریم قاسمی سەرۆک کۆمارەوە بۆ حوکمی زیندانی تامردن کۆڕدرا،حوکمدراوەکان لە، موسڵەوە ڕەوانەی بەغداد کران،لەوێشەوە بۆ سلێمانی نێردران،لە نێوان سلێمانی و چەمچەماڵ دا بە یارمەتی پارتی دیموکراتی کوردوستانی عێراق،پاسەوانەکان چەک کران و حوکم دراوەکان رزکارکران ،حکومەتی عێراق زۆر بە دوایاندا گەڕان ،بەڵام نە دۆزرانەوە و خۆیان لە نێوان شارەکاندا حەشاردا،دواتر ڕایانکردەوە بارزان و شێخ وەکو قارەمن وەریگرتن،ناکۆکی نێوان بارزانی و زێباری هێندە توونو بو کاتێک تەرمی شێخ یەحمەد بە .سەر ناوچەی زێبار دا دەڕوات ئەوان لە خۆشیدا تۆپ دەتەقێنن،بارزانیەکان هەرگیز ئەمەیان لە دڵ دەر نەچوو

## :٢بارزانیەکانوڕێکانیەکان

بارزانیەکان و ڕێکانیەکان زۆر جار شەڕیان لەگەڵ یەکدا کردوە،خەڵکێکی زۆریش لەو شەڕانەدا کوژراون ،لەڕووداوەکانی١٩٤٣-١٩٤٥ بارزاندا ڕێکانیەکانیش وەکە سەرجەم خێڵەکانی هاوسنوری بارزان پشت گیریان لە دوەڵەت دەکرد لە سەرەتای سالی ١٩٦٠ پەیوەندی عەبدول کەرم قاسم و بارزانیەکان ساردی تێکەوت،ئەوکاتە بەدرەدین عەلا قایم قامی هەولێر بوو پشتگیری لە خێڵە نەیارەکانی بارزانیەکان دەکرد، چەکیشی پێدەدان،بارزانیەکانیش ئەوکات کشتیان چەکدار بوون لەلایەکەوە عەبدلکریم قاسمی سەرۆک کۆمار ٧٠٠چەکی دابوونێ،لەلایەکی تریشەوە چەکی بەرگری میللی یان هەر لەلا مابونەوە،کەلەکاتی شەڕیندا لەگەڵ لۆلانیەکان لە دەوڵەتیان وەرگرت بوو،دوژمنایەتی کۆن و ئامادەنەبوونی کەلحێ ڕێکانی لە کۆبونەواکاندا لە هەولێر لە گەڵ سەرۆک خێڵەکانی تر، ناکۆکیەکانی قوڵ تر کردەوە ،کە دەوڵەتیش چەکداری کردن کەوتنە چاو سورکردنەوە لەیەکتری و شەڕفرۆشتن و دووبەرەکی،لە سالی ١٩٤٦ دا بارزانیەکان ویستان تەمیان بکات، بۆ ئەومەبەستە هێزیان کۆکردەوە ،نزیکەی ٥٠٠ چەکدار

دەبوون بە سەرۆکایەتی عومەر ئاغاو حەسۆی میرخان و عارس بێدارونی، هێرشیان بردە سەر ڕێکانیەکان و چەندان گوندیان سوتاند،شێخ ئەحمەد خۆی بە دووربین تەماشای مەیدانی شەری دەکرد،جگەلە سوتانی کەندەکانیان،ڕێکانیەکان ژمارەیەکی زۆر خەلکیان کوژران،هەر تەنیا لە گوندی(کیریا درێ)دا ٤٢کەایان لێ کوژرا،یەکێک لە گوندی کیریا درێ دەیکێرایەوە کەچۆن بارزانیەکان بە زمانێکی سەیر کە ڕەنگە(روسی)بووبێت لەگەڵ یەکدا دەدوان ،ئەوان لەسەرەتاد وایان زانی میلەتێکی ترن کە یارمەتی بارزانیەکان دەدەن ،هۆی شکان و زیانی زۆری

، ڕێکانیەکان لەوەوە هات،کە هەر لەسەرەتادا بوون بە دوو دەستە ،دەستەی مشارەدێم

کە ئامادەنە بوون سەر بۆ بارزانیاکان شۆڕ بکەن و شەڕیانکرد،دەستەی دووەمیش دەستەی مشارە ئاوی نەیان ویست شەڕ بکەن و بێلایەن وەستانلەو شەڕەدا سەرۆکی ڕێکانیەکان تەیار کوژرا ،بەقسەی ئەوبارزانیانەی بەشداری شەڕەکەین کرد،تەیار تابلێی پیاوێکی ئازاو چاو نەترس بوو ،لەشەرەکە چواردەوری دەگرن و بارزانیەکان هەوڵین دا بە زیندوی دەستگیریبکەن،بەڵام ئەو بەهیچ جۆرێک خۆی بەدەستەوە نەدا -تا حەجی بیرۆخی کە سەر بازێکی بارزان بوو ،بریندار ی دەکات ، سەرباری ئەوەش هەر ناگیرێت و دەربازی دەبێت و پیاوەکانی لە نێو سەربزگەیەکدا دەی شارنەوە ،دوای شکانی ڕێکانیەکان لە شەڕەکاند ،بارزانیەکان فشار بۆ دەوڵەت دێنێ و ڕێکانیەکنیش خۆیان دەدەن بە دەستەوە،بەم جۆرە تەیار لە نێو سەربازگەکەدا بە دیل دەگیرێ و حەجی برۆخی لەویدا دەست ڕێژی گولەی لێدەکات و دەی کوژێت،زۆربەی گوندەکانی ڕێکانی هانایان دەبردە بەر سەرۆکەکانی بارزان و ڕیش سپیەکانیان داوای لێخۆش بوونیان دەکردو دەیان گوت ئێمە ئاگادری ئەوشەڕەنین،بارزانیەکان لەوشەڕەدا چەکێکی زۆریان دەست کەوت ،چی لە لایەن دەوڵەتەوە یان لە لای .ئەوکەسنەی خۆیان دا بە دەستەوە مو هەموو دەست کەوت و چەکەکان برانە بارزان

## -:٣-بارزانیەکان و لۆلانیەکان

ئەم دووخێڵە لە بەر ئەوەی دراوسێی یەکتر بوون ،زۆرجار شەڕو سنور بەزاندن لە نێوانیاندا ڕویداوە،بە لام [ ] ناکۆکی هەرەگەورە لە سەر دەمی هەردوو شێخ ڕەشیدی لۆلان و شێخ ئەحمەدی بارزاندا تەقیەوە،شێخ ڕەشیدخۆیبەشێخێکیخاوەنبرواکورشوستان(عێراق،تورکیا،ئێران)هەبوو،پەیتا پەیتا هەواڵی ئەوەی پێ دەگەشت کە شێخ ئەحمەد نوێژ ناکات و لە دین وەرگەڕاوە،حکومەتی عێراقیش بۆ ئەوەی ئاگری شەرەکە خۆش بکات، لە ناو سەرجەم خێڵەکانی ناوچەکە ،بانگەشەی لە دین دەرچونی شێخ ئەحمەدی بلاوکردەوە،لەسالی ١٩٣١ سوپای عێراق (غەزا)ی لە دژی شێخ ئەحمەد بەرزکردەوە،بەو ناوەی کە لە دین لای ڕەشید،تامردنی هەر دژایەتی شێخەکانی بارزان بکات،لە سەرجەم شەڕەکانی سەپای عێراقیشدا لە دژی بارزانیەکان بە شداری بکات .لەدوای هاتنە سەرکاری ڕژێمی کۆماری،هەلێکی لەبار بۆ بەرزانیەکان هاتەپێش تایۆڵەی خۆیان بکەنەوە - دوای جێگر بوونی چەکدارەکانی (بەرگری میللی)لە سیدەکان،کەزۆربەیان سەر بە حیزبی شیوعی عێراقی بوون،دەستیان کرد بە شەڕ فرۆشتن بە سۆفیەکانی شێخ ڕەشیدو گالتە پێکردنیان،شێخ ڕەشید یش لە مایسی

۱۹۵۹،فەرمانیدا هێرشیان بکاتە سەر ئەوەبوو بە ئاسانی توانیان چەکدارەکانی بەرگری میللی چەک بکەن لە سدەکان و ناوچەکە لە چەکدارەکانی حکومەت پاک بکەنەوە،بەرزانیەکان زوو ئەم هەلەیان قۆستەوە ،لوقمانی مەلا مستەفا نزیکەی ۱۰۰۰ چەکداری بارزانی کۆکردەوە چەکی بەرگری میلیان لە حکومەت وەرگرت و هێرشیان کردە سەر سۆفیەکانی شێخ رەشید زۆربەزوی توانیان ناوچەکانیان لێ داگیر بکەن و بگەنە مەخفەری کانی

رەشی سەر سنوری عێراق،شێخ رەشید و ژمارەیەکی زۆر لە سۆفیەکانی،بەژن و منداڵەوە رایانکردە شنۆ . تاپایزی ۱۹۵۹ لەوێ مانەوە

## :پێک هاتەی خێڵی بارزان

### :١-شێخەکانی بارزان

بەوکەسانە دەگووترێت کە لە مەلا محمدی باپیرەگەورەیانەوە دەکەونەوە ،ژمارەی پیاوەکانی لەدەوروو بەری ٦٠ کەس تێ نەدە پەری،ئەوبنەماڵەیە داخراون و لە نێو خۆیاندا ژن دەهێنن و رێگە بە کچەکانیان نادەن شوو بە بێگانە بکات،لەو رووەوە هیچ جیاوازیان نیە لە گەڵ ئاغاکانی دزەی و میرانی خۆشناوەتی،شێخەکانی بارزان نزیکەی ۱۵۰ ساڵە حوکمی ناوچەی بارزان دەکەن ،پەیوەندیان لەگەل میللە تەکەیاندا لەسەردەمی عەبدولسەلامی یەکەمەوە و شێخ محەمەد وعبدولسەلامی دووەم تارادەیەکیش سەردەمی شێخ ئەحمەد،لەسەر بنەمایەکی ئاینی بووە،ئەو شێخانە چاویان لە ماڵی دونیا نە بوە و دوارۆژ و رۆژی قیامەتیان زیاتر لە بەر چاو بووە،دەگێرنەوە کە شێخ ئەحمەد پارەی لێک جیا نەکردوە تەوە ،میللەتیش بە چاوی رێزەوە روانیویانەتە ،ئەو شێخانە

لەپاش مردنی شێخ ئەحمەد گۆرانێکی زۆر لەنێوان میللەت و شێخاندا روویدا،خەڵکی وایان هەستدەکرد و دەیان دیت کە وا ئەوبنە ماڵەیە زیاتر بە ماڵی دونیاوە خەریکن و هەمووشتێکی باشیان بۆ خۆیان پێ قابیلەو لە زەوی و زارو مەرومالات ....هتد

تاوای لێهات خەلکی بە ئاشکرا نارەزایەتی خۆیان دەردەبری و دەیان گوت :(لەبەر ئەو ماڵە شێخانە چ خەڵکی :ناکرێت)و ئەو پارچە شیعرەی ئەنوەرماییان دەگووتەوە

ژ دەولەت سەر شێخ و مەلا

هینا کوردا بویە بەلا

هندی تە مێژوو خاندیە

چاکی ژوا دیت کەلا

هەردەم بەری کوردا ددەن

ژاری و دیلی و تەشقەلا

ئاغاو شێخ و سۆفی و مەلا

کێشا ناڤ کوردا خەلا

ڤێ شێخ و ئاغا و مەلا

گۆشتێ وە کریە مەنجەلا

کرمانجینە ما بەس خودێ

هوین دان بۆ کورتان و جلا

.ڕێبەر ژ ڕکێت وە بوو قەچاخهادێ خۆ ناڤێت ناڤ بەلا

## ٢-خولامی شێخەکانی بارزان

شێخەکان بەتایبەتی ئەوانەی حوکوم دەکەن ،کەورەو گچکەیان لە پیاو و ژن هەریەکەو خولامێکی هەیە ژیانیان لەکەڵ ژیانی کەورەکانیانە،یەک بست چیە لێیان دوور ناکەونەوە،نە بە ڕۆژ و نە بە شەو ،ئەوەشی پێیان بکرێت یەکسەر جێبەجێی دەکەن،لە هیچ شتێک سڵ نا کەنەوە،ئەو خولامانە لە چاو خەڵکی تر دا زۆر پۆشتە تر و ڕێک و پێک ترن،چونکە ئاغا چۆن بێت ،خولامەکەشی دەبێت وا بێت،هەردەم چەکیشیان پێیە لە دەمانچەوە تا کلاشینکۆف و نارنجۆک وەکو بت لە بەرانبەر شێخەکانیان ڕادەوەستن و قسە بێ لە زاریان نایەتە دەرەوە ،مەگەر شێخ پشسیاریان لێبکات و ئەوانیش بە ئەز خولام وەڵام دە دەنە وە.

ئەو خولامانە ئامادەن بۆ هەر فەرمانێک ،ئەگەر چی خۆیان لە میللە تن ،لە بەر شێخەکانیان خەڵکی لێیان دەسڵەمیەوە و بە نا چاری ڕێزیان لێ دەگرتن.

## ٣-میللەت

هەموو ئەو بارزانیانە دەگریتەوە کەلە بنەماڵەی شێخەکانیان نین،ئەوان دەیان گوت ملەت کە پێدە چێت لە وشەی میلەتی کوردیەوە وەرگیرابێت،هەرچەندە لە زمانی کوردیدا چەمکی ئەم ووشەیە زۆر فراوانە و مانای گەل دەگرێتەوە ،بەڵام لا بارزان دوو واتای جیای چینایەتی ئەتنی دەگرێتەوە ،یەکەم بەواتای جوتیارانی بارزان،یان ئەو بارزانیانەی لە بنەماڵەی شێخەکان نین ،لێرەدا بەرامبەر کرمانجەکە وەکو چەمکێکی چینایەتی بۆ جوتیاران بەکار دێت لەبەرابەر ئاغا لە هەندێک شوێنی هەولێر،دووەم وەکو وشەیەکی خۆ جیاکردنەوە لە ، خەڵکی تر بەکاردێت ،واتا ملەت بەکەسێکی بارزانی دەوترێت بۆیەکێکی تری نا بەرزانی

ملەت زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی بارزان پێک دەهێنێت،ئەمانە سەرەڕای ئیشوکاری رۆژانەیان هەموو کات ئامادەی چەک هەڵگرتن ، لە قسەی شێخەکانیان دەر ناچن ،بێپرسی شێخەکانیان هیچ کارێک ناکەن ،ئەگەر یەکێکیان ویستی ببێت بە موچە خۆری میری ،ئەوا دەبێت پرس و ڕا لەگەڵ شێخ دا بکات و جەنابی شێخ رازی .بکات ،ئەگینا بێ ئەو ڕەزامەندیە بۆی نیە کاری میری بکات

لەم دوایامەدا ئەم پەیوەندیە وەکو خۆی نەمایەوە و گۆڕانێکی گەورەیان بە سەر دا ها توە ،شۆڕشی کوردان ،دەرامەتێکی زۆرو زەوەند و مفتی خستۆتە بەر دەستێ شێخانی بارزان ,ئەم درامەت و بارودۆخی شەڕو ڕاکواستن و کواستنەوەش ،گۆرانی ڕیشەیان بەسەر زیارەت و سوخرەشدا هێناوە ،شێخان بە هەردووڕێکەی ترساندن و ئمتیاز پێدان دەیانەوێ مللەت بۆ پاراستنی بەرژەوەندی هەراویان بەکار بێن،بەم جۆرە کراون بە .هێزێکی چەکداری مشەخۆری بێبەر هەم

# شوێنی جوگرافیای بارزان*

بارزان ناوچە یەکی شاخاویە کە بارزان مێرگەسور مزوری باڵا دەگرێتەوە ،بارزان لە سەرە تاوە تە نها ناوی گوندێک بوو،ئە مرۆ چەمکی جوگرافی بارزان سنوری گوندی بارزان دە برێت و زوربە ی سنورەکانی قەزای مێرگە سور دەگریتەوە،قەزای مێرگەسور لە سالی ۱۹۳۰ پێکهاتوە ،ئەوکاتە ناوەندەکەی گوندی (بلە )بوو،دواتر ناوەندی ئەم قەزایە بۆ مێرگەسور گواسترایەوە،بە پێی بریارێکی کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق،لە رۆژی ۱۲/۱/۱۹۳۲ ،بریاردرا کە سێ ناحیەش لە سنوری قەزاکە دروست بکرێت
ئەوانیش:(مێرگەسور،بارزان،شیروانی مەزن)تارادەیەک دە بوژانەوەو دەبوون بە گوندی گەورە، تەنانەت .مێرگەسور و شیروانی مەزن پەلیان بۆ ئەوادەکوتا ببنە شارۆچکە

یەکێکە لە سێ ناحێکانی مەڵبەندی مێرگەسور :(مێرگەسور،بارزان ، شێروان)لە خۆر هەلاتی قەزای رەواندز،خۆرئاوای قەزای ئامێدی و باشوری قەزای ئاکرێ هەڵکەوتوە و لە باکورەوە دەکاتە باکوری کوردوستان ،لە روی پێکەی فەلەکیەوە ئەم دە ڤەرە دەکەوێتە نێوان بازنەی پانێ (۳۸:٤٤:۳٦)(۳۷:۲۰:٤۸)باکور،هەردوو هێلی درێژی(٤٣:٤٩:٤٢)(٤٤:۳٤:١٦)رۆهەلات،بەمەش ئەم ناوچەیە دەکەوێتە ناوچەی پشتێنەی نیمچە خولگەی هاوینی مام ناوەندو زستانی سارد وباراناوی،بەگشتی لەروی بەرزو نزمیەوە،ناوچەی ناوبراو لە نێوان بەرزی(۵۰۰)م لە ئاستی رووی دەریا لە بەشەکانی باشوری شارۆچکەی(بلێ)لەناوچەی بارزان بەرز دەبێتەوە .بۆ(۲۸۰۰)م لە ئاستی رووی دەریا

وچیاکانی پیرس زێبار شیرمان لە باکور، چیاکانی برادۆست، پیران ،کانی رەش،کێلە شین لەرۆژهەلاتەوە دەوروپشتیان گرتوە،هەروەها چیایتر کە لەو زنجیرە چییانە جیا دەبنەوە و ناوی جۆراوجۆریان هەیە، وەکو زنجیرە چیای زاگرۆس کەلە زنجیرە چیای ئاراراتەوە درێژبوەتەوە،لە نێو ئەوچیانەدا دۆڵ وگەروی گەورە و ئەشکەوتی فراوان هەن، چیا بەرزە هەلکەوتوەکان وەک چیای شیرین کە بەرزاییە کەی (۲۳۷۹)م،چیای پیران .بەرزاییەکەی (۲۰۷٦)م ،چیای ئەلپ، چیای برادۆست بەرزایەکەی دەکاتە(۲۰۵۸)م،لەگەڵ چیای هورێ قەلەندەر

هەندێک لەو چیایانە روتەنن و گژوگیاو دەوەنیان پێوە نیە،بە شێکی دیکە یان درەختیان پێوەیە، زستان و ،هاوین لوتکەکانی بەفری پێوەیە

لە رووی سەرچاوەی ئاویشەوە دوو روباری بەستو دەروات لەکۆتایدا تێکەلاوی روباری (دیجلە)دەبن ئەوانیش زێی گەورە درێژی دەکاتە(٤١٦٨)م ،سەرەتا روبارەکە ئاراستەی باشوری رۆژ هەلات وەردەگیتێت لە نزیک گوندی چاڵ لە باکوری قەزای ئامێدی بە ناوچەی بارزاندا تێدەپەرێت بەرەو باشور دواتر لە بلێ تێکەڵ بە روباری روکوچک دەبێت کە دووەم سەر چاوەی ئاویە لەناوچەکە لەکۆتایدا هەردووکیان لەگەڵ رووباری دیجلە ، یەک دەگرن و تێکەڵ دە بن

ناوچەکە شێوەیەکی لاکێشەی هەیە چونکە پانیەکەی لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژ ئاوا ٩٠ کیلۆ مەتر دەبێت بەڵام ،درێژیەکەی لە باکورەوە بۆ باشور لەوە کەم ترە،لەڕوی کارگێڕیەوە ناوچەی بارزان سەر بەلیوای هەولێرە

بەشی سەرەوەی بارزان لە زستاندا زۆر ساردە و لە هواویندا فێنکە ، بەشی خوارەوەی لەکۆمەڵە شیوێک پێکهاتوە ،بەسروشتی خۆی هاوینێ گەرمترە لەبەشی سەرەوەی،بەوپێیە کەزەویو زاری شاخاوی بۆ چاندنی دانەوێڵە دەست نادات،و بە گشتی ژیان لە بارزاندا زۆر سەختە،دەربارەی ماڵات تەنها ژمارەیەکی کەم ئەسپ هەیە و مانگا بەدەگمەن هەیە و مەڕیش کەمە زۆربەی ئەو ئاژەڵانەی هەیانە بریتیە لە بزن و ئێستر ، ئەو ، کەرەستانەی کەبارزانیەکان بازرکانی پێوە دەکەن بریتیە لە پێستەی ماڵات و ئاژەڵی کێوی

هەروەها ئەم ناوچەیە بە پێی ئامارەکانی ١٩٦٧ لە حەوت عەشیرەت پێک هاتوە کە لە کۆنە وە بە شەڕوو شۆڕ و خوێن ڕێژی تێکەڵ بە یەک بوون، عەشیرەتەکانیش (بەڕۆژی، نزاری،هەرکی،
فروری،شێروانی،دۆڵەمەڕی،گەردی)هەریەک لەم عەشیرەتانە لەچەند گوندێک پێکدێت بۆ نمونە عەشیرەتی بەڕۆ لە(بازێ،باڵندا ،ئالیان،ڕەزبان،هەڤندکا ،سالۆکا ،ببان هستێ،رتشە،هوستان)پێکد

هەلکە وتەی گوندەکان بەم جۆرە بوون

ژمارەی گوندەکانی قەزای زێبار لە ساڵی ١٩٦٥دا(١٦٣)گوند بوو,لە وانە ٧٥ گوندیان ل

ناحیەی مێرگەسور هەڵکەوت بوو،٣١گوندیشیان کەوتبونە ناحیەی بارزان و ٥٧گ کەوتبو ناحیەی (مزوریبالا(شیروانی مەزن

گوندەکانی ناحیەی مێرگەسور بریتی بوون ل

ئاودەل،ئەشکەفتیشانەدەر،ئیشکۆکی)
ژۆریوژێری،بابکێژۆژێری،بانێ،باوە،بەرازگر،بەردەریا ،بیسێل،بنوکە،بنێبیا ،بۆگران،بیدۆدێ،بیرسیاف،بێشوک، بیستریا ،بێدۆر،پیران،پیرەساڵ،چامە،حەمولا ،خەردەن،ختکە،خرا ،خەلانی،دۆڵمەڕی،خۆشکان،خیرۆزوک،دەراوژۆ ریژێری،دۆڵێ،رازیا ،زەزان،زازۆزن،زرکەتا ،ژاژۆک،سانی،سەروکانی،سپیندارە،سیرۆ،شانەدەر،شێخان،شێخسەی دان،گوندیشکەفتی،شینەبیا ،ڤاژی،فەقیان،شیوەدزە،کداران،کانیادیرێ،کانیەلنجا ،کاولال،کەکلە،کەلۆکێ،کرکال،کو ران،کورژۆریژێری،کۆرکێ،گردکار،گۆرەتوو ،لەشکریال،لێلوکێ،لیرەبیر ،مالەسوارێ،مامیسک،مەڕاتێ،مەیدان،ملا .(ستری،موسروک،وازێ،هلۆتی

گوندەکانی ناحیەی بارزا
بریتیبوونلە:ئاڤەدوور ،ئاستە،ئالکا ،بابسێف(هیزان) ،بازێ،بالندە،بەبان،بلەیژێرژوری،بیدارون،بیبە،تیلێ،داودکە

،ڕیشێ،ڕێزان،زۆرەکفان،سالویکا ،سەفتێ،ساڤره،سەکۆیێ،شرێ،شنکێل،شنێ،شیفکێ،کانی
.(بوت،گلاڤا ،هەستەکا ،هەستی،هەڤنکا ،هەمدلە،هۆستان

گوندەکانی ناحیەێ مزووری بالا بریتین

لە:ئەرگۆش،ئاستوبی،ئێدلبی،بەنان،باسیا ،برکە،بارکەلی،بالانە،بازیان،بێخشاش،بۆسێ،بێدیال،بێگلال،بنافی، بێداف،بیێ،پبندرۆ،پاورا ،پێچەنێ،تویێ،خالونە،دژێ،دێژۆ ،دۆدەمەڕا ،ڕاوەشا ،زەردێ،سەردەریا ،سەرکێریێ،زیت ێ،سپیندرێ،سپێ،زینەکەفتێ،سێلکێ،شیڤێ،کانباتا ،کان بوتک،کانی بۆت،کانی
ماروت،کەوانێ،کوزێ،گرکەمو،کوران،گرکێ،گی ساستانگێ،کیمەندا ،لێڕێ،ماوەتا ،ملێ باسکا ،مۆکا ،مێروز،ناڤ
.(کورکا ،ناتکێ،هەرسێ ژۆری ژێری،هەرکێ،هۆپە،هۆڕێ

سنوری ئەوخاکەی لەژێر نفوسی شێخەکانی بارزان دایە،هومووکات ووکویەک نەبووە ،ئەوکاتانەی هێزودەستەلاتین زۆربوە،سنوری ڕۆژهەلاتیان گەیشتۆتە زنجیرە چیای-قەلەندەر-ی نزیک گوندی دێلزیانی باکوری ڕۆژئاوای دیانە(سۆران)،لەوێشەوە درێژ بووە تەوە تسەر پردی خەلانی نزیک گوندی خەلانی،سەر .ڕوباری رەواندز،لەکاتی کزییلاوازیشیاندا ،هەرگیز سنوریان لە (شیوەدزێ)ڕەتی نەکردوە

# بزوتنەوەی ئاینی لە بارزان:

پێویستە ئەوە بزانرێت کە ناو چەی بارزان هێندەێ پیاوانی ئاینی تێدا بوە هێندە کەسی نەتەوەی تێدا نە بوە .و هەمو بەڵگەکان ئەوە دەسەلمێنن کە بارزان شوێنی تەکیەو بارەگای شێخەکان بوە

پێش بلاو بونەوەی تەریقەتی نەقشبەندی لە بارزان ،ناوچەکە لە رووی ئاینیەوە هیچ تایبەت مەندیەکی نە بووە،ئە مەندە هەیە بنەماڵەی شێخانی ئەمرۆی بارزان ،ئاغاو ریش سپی تیرەی بەرۆژیان بوون،کە دواتر لەکەڵ چەند تیرەیەکی تر خێڵی بارزانیان لێ پێکهات،سەید تەهای نەهری کەلەلای باکوری رۆژهەلاتەوە هاوسنوری بارزان بوو،یەکەم کەس بوو تەریقەتی نەقشبەندی لەناوچەکە بلاوکردەوە و بو بە خەلیفەی مەولانا خالید ،هەرسێ کوری عبدوالله(شێخ عبدلرحمان،شێخ عبدلسەلامی یەکەم ،شێخ مەلا عەبدلرەحیم)لەسەردەستی سەید تەها ئیرشادیان وەرگرت و بوون بە خەلیفەی ئەو،لەسەرەتاوە تەریقەت لەناوچەی بارزان زۆر باوی نەبوو ،موریدیشیان هێندە زۆر نەبووە،تا شێخ عەبدلرەحمان مابوو خۆی شێخی بارزان بوو،دوای مردنی شێخ عەبدولسەلامی برای بو بە شێخ ،شێخ عەبدولسەلامیش پێش مردنی لەسالی ١٨٧٢ز.دا شێخایەتی دا بە شێخ محمدی کوری ،برازاکانی بەتایبەتی مەلا مەحمود بەمە رازی نەبوون ،بەم .جۆرە بۆیەکەم جار ململانێ لەسەر دەستەلات کەوتە نێوانیان

## ١-بزوتنەوەی شێخ محمد:

شێخ محەمەد دوای ئەوەی لە سالی ١٨٧٢ جلەوی شێخایەتی کەوتە دەست ،جموجۆلێکی زۆری نواند بۆ بلاوکردنەوەی تەریقەت ،بەپیاوێکی زۆر بە دین و ئاین پەروەر ناسرابوو ،رەفتاری زۆر چاکی لەکەل ئامۆزاکانی نواند ،کە شێخایەتیان بەهی خۆیان دەزانی ،بەم جۆرە توانی تارادەیەکی زۆر ململانێو کێشەی ناو بنەماڵەکەی دابمرکێنێتەوە ،لە سەردەمی ئەودا بۆیەکەمین جار لەدەرەوەی تیرەی بەرۆژ،مریدی لەدەور وکی ئەفسانە ئامێزکۆبوەتەوە ، هێندە لەسەر تەریقەت گەرموو گەر بووە،خەڵکی ناوچەکەش تا ئەمرۆش چی لەبارەی کەرامات و توانای لەمرۆڤ بەدەری ئەو ئەکێرنەوە،بۆنمونە ئەکێرنەوە کە کوایە جارێک لە بەدلیس لە زیندان رۆمان(تورکانی عوسمانی)دا دەبێت،حەوت رۆژان دەرگای لێنکەنەوە،تەنانەت رێگای نادەن دەست نوێژیش بگرێت،رۆژی حەوتەم لەبەرچاوی حەپەساوی دەرگاوانەکان ،دەرگا سەربەخۆ لێک دەترازێ و دەکرێتەوە،پاسەوانانی زیندان بە هەڵەداوان هەوال دەگەیەننە حاکمی رۆمی لە شارەکە ،ئەویش کە دێت شێخی زۆر دەکەوێتە بەر دل،کیسەیەک لیرەی بۆ دێنێت و دەلێت بگەرێرەوە بۆ مالی خۆت،شێخ تەنها یەک لیرەی هەل دەگرێت،بەلام حاکم وازی لێناهێنێ و ناچاری درکات هەموو زێرەکە هەلبگرێت،شێخ محەمەد بە هۆی دەستەلاتی ئاینیەوە حوکمی ناوچەکەشی دەکەوێتە دەست،ئەوحوکمەش تا ئەمرۆش(ماوەیەکی کورتی .لێدەرچێ)بەدەست نەوەکانیوەیەتی

## ۲-بزوتنەوەی شێخ عەبدولسەلامی دووەم :

دوای شێخ محەمەدی باوکی ،شێخایەتی بۆ دەمێنێتەوە،پیاوێکی تابلێی جەربەزەو بە جموجۆڵ بوە، دەتوانین بڵێین لە سەردەمی ئەو خێڵی بارزان پێک هات، شێخ عەبدولسەلامی دووەم بەهۆی سەرقاڵی بەکاروباری خێڵە تازە پێک هاتووەکەی نەی دەپەرژایە سەر شێخایەتی،بۆیە بەرەبەرە خۆی لە ئیرشاد خۆی دورە پەرێز کردوو مەیدانی بۆ شێخ مەلا عەبدولرەحمانی ئامۆزی کە خەلیفە (جێگر)ی بوو ئاوەڵاکرد تا بە کاری ئیرشادی و موریدانەوە خەریک بێت،شێخ عەبدولسەلام بۆ بەرگری لە سەر بەخۆی عەشیرەتەکەی و ناوچەکەی،توشی شەری بەردەوام بوو لەگەڵ عەشیرەتەکانی دەوروبەری دا،تالەئەنجامدا بە هۆی شکاتی سەرۆک عەشیرەترکانەوە ،لەشکرێکی دەوڵەتی عوسمانی هێرشی هێنایە سەر ناوچەکە،شێخ دوای چەند شەرێکی پەرشو بڵاو تێک شکاو ناچار بو رابکاتە ناو ئاشوریەکان لەناوچەی هەکاری،شێخ هاوپەیمانی ئاشوریەکان بوو،هەر بۆیەشە خەڵکی ناوچەکە ناویان لێنابە (شێخی فلان)دوای ماوەیەکی کەم سەردانی سمکۆی شکاکی کرد ،ئەوکاتە سمکۆی شکاک لە رێگای شۆرش گێری گەورە عەبدول رەزاق بەدرخان پەیوەندی لەگەڵ رووسەکان دامەزراندبوو،بۆیەکەمین جار لە کوردوستانو لە شاری خۆی بەیارمەتی روسەکان قوتابخانەیەکی کوردیان کردبوەوە،سمکۆ لەیەکێک لە سەردانەکانی خۆیدا بۆلای نوێنەری ترازی رووسیا لە تیبلیسی پایتەخی گورجستان،شێخ عەبدولسەلامیشی لەگەڵ خۆی برد ،لەکاتی گەرانەوەیدا کەوتە دەست .تورکەکان ،ئەوانیش لە ۱ کانونی یەکەمی ۱۹۱٤ دا لە شاری موسڵ لە سێدرەیاندا

## ۳-بزوتنەوەی شێخ مەلا عەبدولرەحمان:

دوای کوژرانی شێخ عەبدولسەلامی دوەم ،شێخایەتی زۆر بە ئاسانی کەوتە دەست نەوەی شێخ عەبدولرەحمان،یەکەم شێخی بارزان ،لەبەر ئەوە شێخ مەلا عەبدولرەحمان ماوەیەکی زۆر بو بە کردەوە کاری ئیرشادی لە ناو موریدانی ناوچەی بارزان دەکرد ،دەستەڵاتێکی ئاینی گەورەی لە ناویاندا پەیداکردبوو،لەلایەکی تریشەوە کور و برازاکانی شێخ عەبدولسەلام زۆر لەو منداڵ تربوون تا بتوانن کاری شێخایەتی و ئیرشاد راپەرێنن یان ململانێ لەسەر دەستەڵات بکەن ،شێخ ئەحمەدی برای هەرەگەورەیان بوو . ئەوکاتە تەمەنی ۱۸ ساڵ بەرەو سەرەقە نەبوو

ئەگەرچی دەستەڵاتی شێخایەتی بەتەواوی یەکلای ببوەوە ،بەڵام ململانێیەکی توند لە سەر حوکمی ناوچەکە هەبوو،لەلایەک بەرە بابی دلانی داوای دەستەڵاتیان بۆ خۆیان دەکرد ،لەلایەکی تریشەوە ،شیروانیەکان

کەتیرەیەکی گەورەبوون ، دەیانویست حوکم بۆ شێخ ئەحمەدی خوارزایان بێت،ئەوەبوو پشتگیری .شێروانیەکان لە شێخ ئەحمەد،دلانیە کانی ناچارکرد بارزان جێبێلن

شێخ مەلا عەبدولرەحمان هەموو کاتی بۆ ئیرشاد تەرخانکرد،تەکیەی بارزان بەردەوام لە موریدان جمەی دەهات،شێخ رۆژانە لە تەکیە رووی لە خەڵکی دەکردوو ئیرشادی دەدان،بۆیەکمین جار بوو ناوچەکە یەکپارچە و یەکگرتوو و یەک دڵ لە ژێر چەتری سۆفێتی کۆببنەوە،لەئەنجامدا ناوی شێخ مەلا عەبدولرەحمان زۆر بەرز بوەوەو خەڵکی رێزی زۆرو لەرادەبەدەریان لێدەگرت،هەرچی بکوتبایە کەس نەبوو لە قسەی دەر بچێت،لەسەردەمی ئەودا دەست کرا بە کۆکردنەوەی زەکات بۆ عەمباری بارزان،تابتوانێ رۆژانە نانی ئەو .خەڵکانە بدات کە لێی کۆدەبوونەوە

شێخ ئەحمەدی گەنج رۆژ بە رۆژ زیاتر دەکەوتە ژێر کاریگەری شێخ مەلا عەبدولرەحمان،بەتایبەتی کاتێک لە سێ مانگەی هاوین لە هاوینە هەواری -هوری، لە حزوری شێخ دەمایەوە تافێری ئادابی تەریقەتی بکات بۆ جێگیری ئامادەی بکات،ئەمانە هەمووی وایانکرد بنەماڵەی شێخ عەبدولسەلامی یەکەم،بە تایبەتی براکانی شێخ ئەحمەد ترسی ئەوەیان لێ بنیشێت کە حوکمی دینیو دونیایان لە بارزان لە دەست دەر بچێ،بۆیەلەسەرەتاوە هەوڵی زۆریان لەگەل شێخ ئەحمەد دا ،تا لە شێخ مەلا عەبدولرەحمانی جیابکەنەوە ،بەلام ئەحمەد ئەوەندە دڵ سۆزی شێخ بوو، بەهیچ جۆرێک رازی نەبوو دەست بەرداری شێخ بێت،کە ئەوەیان پێ نەکرا کەوتنە هەڵبەستنی پرو پاگندەو بوختان بۆ شێخ،کوایە لە دین لای داوەو تەریقەتی گۆڕیوە،یان دەیەوێت دەستەلات لە بنەماڵەی شێخ عەبدولسەلام وەرگرێت و چاوی لە حوکمی بارزانە،ئەوانەش هیچیان لە دڵسۆزی موریدانی کەم نە دەکردەوە،بۆیە دووبرای شێخ ئەحمەد،محمد سدیق و مەلا مستەفا هاتنە سەر ئەوبڕوایەی کە شێخ مەلا عەبدولرەحمان بکوژن،واچاکە کە چیرۆکی کوژرانەکەی لەدەمی یەکێک لە ......،کورەشێخەکان خۆیان بگێرینەوە

مەلا عەبدولرەحمان لە سەرەتای ئەیلولی ١٩٢٧،لە چیای شیرین لە هاوینە هەوار بوو،هەر دوو برا بە دوای دا هاتن و داوایان لێکرد تا لەگەڵیان بێتە گوندی بەرزان بۆ چارەسەرکردنی کارێکی شەرعی ،دیارە ئەوانیش هیچ گومانێکیان لێیان نابێت ،بۆیە لە گەڵیان بۆ بارزان دەڕوات،دوای عیشا لادەداتە سەر کانیەک بۆ دەست نوێژ هەڵگرتن و نوێژکردن،هەرچەندە هەنگاوێک دوور دەکەوێتەوە هەردوو برا رووی تفەنگەکانیانی تێ دەکەن،نامەلا عەبدولرەحمان ئاوڕیان لێدەداتەوە،ئەوان تەقەی لێدەکەن و دەی خەنە ناو ئەو کێڵگەیەی کە بە ( زەقیا کەنیشتێ)ناسراوە،دوای ئەوە مەلا مستەفا زۆر لە محمد سدیق دەکات کە توشی دڵەڕاوکێ ببوو ،تا بچنەوە ناو دێ بۆ کوشتنی دوانی تریش کە بریتی بوون لە میقداد ئیسماعیل بارزانی و عەبدوللا ئیبراهیم حاجی،ئەوانیشین کوشت،ئینجا هەڵهاتن و خۆیان لە نێو شێروانیەکان شاردەوە،ئەوتیرۆرە پەڵەیەکی رەش بوو بۆ شێخی بارزان (شێخ ئەحمەد).برینێکی وای لێکرد کە هەرگیز سارێژ نە بوو وە بە تەواوی بڕوای بەو .دووبرایە لەدەستدا،کە هەواڵەکەی پێگەیشت لەهاوینە هەواری (هوری)بوو

بانگی کوری مەلا عەبدولرەحمنی کردو پێی ووت تفەنگەکەت هەلگرەو بەدوام کەوە بۆ چیا،کاتێک هەندێک لە پاسەوانەکنیان ویستیان دوایان کەون ،شێخ ئاوری لێدانەوەو پێی وتن بگەرێنەوە،ئەوانیش سەرای نارازیبونیان ناچاربوون نگەرێنەوە، شێخ و کوری مەلا عەبدوللرەحمان رۆشتن بەناو پێچو پەنای چیادا تا لە چاو وون بوون ،لێرەدا هەروەک کوری مەلا عەبدولرەحمان گێراویەتیەوە(شێخی بارزان فیشەکی خستە بەر تفەنگەکە و دایە دەستم و وتی :وادابنێ من بکوژی باوکتم :داوات لێ دەکەم بمکوژیت ،خوێنی منت لێ حەلاڵ بێت لەبەرامبەر دوپات کردنەوەی دەستم بەکر

یانکرد و وتم من  دەزانم رووداوەکە چۆن رووی داوە تا ئەو پلەیە شێت نەبووم تا ئەو کارە بکەم ،لەو (.بارەیەشەوە باش دەزانم ژانی تۆ چەندە

تاشەو داهات هەردوکیان لەچیامانەوەو درەنگانێک هەردووکیان گەرانەوە بۆ هۆری .ئەوەی شایەنی باسە شێخی بارزان وەکو ئەوەی باوبوو لەزستاندا نەگەرایەوە بارزان،بەڵکو لە گوندی راوەشان دا مایەوە،دواتریش بە هۆی کاری کەری توندی ئەو رووداوە لە شێخان دانیشت و نەگەرایەوە بارزان،کاروباری رۆحی کەوتە قۆناغێکی زۆر بێ سەرو بەرە،محەمەد سدیق و مەلا مستەفا  ماوەیەک بە نەفرەت کراوی مانەوە ،نەیان دەتوانی بگەرێنەوە بارزان تا ئەوکاتەی کە کۆمەڵێک لە ریش سپیانی بارزان خۆیان هاویشتە لای شێخی بارزان پەیوەندیش لەگەڵ حکومەتی عێراق و ئینگلیز و ئاغاکانیان کەیشتبوە سەر لێواری روو بە روو بونەوەی . چەکداری

بەپێی گێرانەوەیەکی تر ،گوایە مەلامستەفاو محمد سدیق ،سودیان لەهەلی رێورەسمی گواستنەوەی تەرمی مردوویەکی بنەماڵەی شێخان بینیوە،بەدزی هاتبوونە بارزانو لەکاتی راگوێزانی  تەرمەکە بۆ گۆرستان ،لەپر خۆیان بە ناو خەڵکەکەدا کردبوو شانیان دابوە بەر دار بازی تەرمەکە،بەو رەنگەش شێخ ئەحمەد بە پێچەوانەی دابوو نەریتی باو ،ئامادەنەبوو لێیان ببورێت ،بەڵام دای تکای زۆری ئاغاکانی شیروانی ،هاتبوە ژێر بار و .رێگەیانی دابوون بێن دەستی ماچ بکەن و تۆبە بکەن

## :(٤-بزوتنەوەی شێخ ئەحمەد(خودان

شێخ ئەحمەد لە دەورووبەری ١٨٩٦یان ١٨٩٧ ز.لەدایک بوە لەساڵی ١٩٦٩شدا مردووە،مردنی خودانی بارزان (شێخ ئەحمەد )بۆ بارزانیان بایەخێکی تایبەتی هەبوو،هەروەها زۆر رووداوی گرنگی بەدوادا قەوما،خودان لەو دوو ساڵەی دوای تەمەنیدا کەمێک نەخۆش بوو ،لە زستانی ١٩٦٧ نەخۆشیەکەی تینی بۆ هێنا،هەوڵی زۆریاندا لە بارزان چارەسەری بکەن و دکتۆریان لە هەموو لایەکەوە هێنایە سەری ،بەڵام رۆژ بەرۆژ تەندروستی بەرەو خراپتر دەرۆیشت ،لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٩ دا حکومەتی عێراق چەند دکتۆرێکی ناردە بارزان،بەڵکو بتوانن چارەسەری بکەن،ئەودکتۆرانە لیژنەیەکیان پێک هێنا ،بۆ چاودێری کردنی تەندروستی خودان،بەڵام ئەو

هەر نەک چاک نە بوو ،بەڵکو رۆژی ۸/۱/۱۹٦۹ تەندروستی تەواو تێک چوو ،لیژنەی دکتۆرەکان داوای هەلیکۆپتەرێکیان لە حکومەت کرد تابۆ نەخۆش خانەی ئیبنسینای بگوازنەوە لە بەغداد ،رۆژی ۹/۱/۱۹٦۹هەلیکۆپتەر ی حکومەتی عێراو لە بارزان نیشتەوە و خودانی لەگەڵ دکتۆرەکان بۆ بارزان هەڵ گرت ، شێخ ئەحمەد دو و رۆژ لە نە خۆشخانەی ئیبنسینا لە بەغداد مایەوە بەرەبەیانی رۆژی ۱۱/۱/۱۹٦۹ هەرلەوێ مرد،هەمان رۆژ دەوڵت بە هەلیکۆپتەرێکی تایبەتی تەرمی شێخی بۆ بارزان هێنایەوە ،سەعات دوو و چارەکی دواینیوەرۆی ئەو رۆژە ،تەرمەکەی گەیشتەوە بارزان،بەرلە گەیشتنی تەرمەکە هەواڵی مردنی خودان زانرابوو . :بەم چەند دێرەی خوارەوە دەکرێت هەندێک لە کارە دیارەکانی بخەینە بەر باس بەم جۆرە

.أ-گۆرانی ریشەیی بەسەر بیروباوەری ئاینی بارزاندا هێنا

.ب-رووبەروو بونەوەی لەگەڵ دەوڵەت لە ساڵانی ۱۹۳۱-۱۹۳۲

.ج-پشتگیریکردنی،لەراپەرینی ۱۹٤۳-۱۹٤٥ی بارزان

.د-نەخشەدانان و رێبەریکردنو فەرمان دەرکردنی چەندان شەرە عەشیرەت لەگەڵ خێڵەکانی دەورەبەری بارزان

هـ- پەیوەندی بتەوی لەگەل حکومەتی عێراق،نزیکەی بەدرێژای شۆرشی ئەیلول و دابراندنی ناوچەی بارزان لە .شۆرش و پاراستنی ناوچەکە لە تێک چونوون و زیان پێکەیاندن

.و-دابراندن و دوورە پەرێز راگرتنی ناوچەی بارزان و تێکەڵاو نەبوونی لەگەڵ دەوروبەری خۆیدا

ز-یەکلای نەکردنەوەی مەسەلەی جێگیری بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا،کە لە ئەنجامدا بوە هۆی توقینەوەی .کۆمەڵێک گیروگرفت لە سەر شێخایەتی لە دوای خۆیدا

## :٥- نزووتنەوەیخورشید

ئەوکەسانەی زانیاریان لە سەرخورشید و بزوتنەوەی خورشیدی هەیە زۆر کەمن ،زانیاریەکانیش تا ئەمرۆ پرن لە کەلێن و ناتوانن ببنە وەلام دەرەوەی زۆر پرسیار،ئەمەش بەپلەی یەکەم بۆ ئەوە دەکەرێتەوە کە شێخانی بارزان تا ئەورادەیەی بۆیان چوو بێتەسەر،هەوڵیان داوە شوێنە ونکە بە خورشیدو بزوتنەوەکە بکەن،ئەگەر بۆ شیانکرا بە یەکجاری زیندەبەچاڵی بکەن ،ئەمانە هەمووی وایکردبوو،کەران و کۆکردنەوەی هەواڵ لەسەر خورشیدو خورشیدیەکان زۆر زەحمەت بێت،ئەگەر لە ناوچەکە پرسیارت سەبارەت بە خورشید بکردایە ئەوا بە چاوێکی زۆر بەگومانەوە تەماشایان دەکردیت،کاتێک لەسەر پرسیارکردنیش سوربیایت ،ئەوا تەنیا وەڵامێکی سەرپێیت دەست دەکەوت،تەنانەت لەوانەش کە خورشیدیان بە شێخ دادەنا و خورشیدی بوون،نە دەتوانرا شتێکی ئەو تۆ هەڵکرێنرێت،چونکە بەچاوێکی پر لە گومانەوە سەیری هەموکەسێکیان دەکرد کە لەو بارەیە وە

قسەی لەگەڵ کردبان،دەترسان قسەکانیان بە گوێی شێخانی بارزان بگاتەوە،کە ئەمەش بە ئاسانی دەبوە هۆی لەدەست دانی گیانیان.

ئەوچەند دێڕەی خوارەوە لە سەر خورشید و خورشیدیەکان بەرهەمی هەوڵ و ماندوبوونێکی زۆرە و لە دەمی خەڵکانی جیاجیا کۆکراونەتەوە،وەک هەندێک لەوانەی دوای بزوتنەوەکە کەوتبون و چەند مامۆستایەکی قوتابخانەی بارزانیش کەلە ساڵانی ١٩٦٥-١٩٦٩ لەوێ ژیاون و بە چاوی خۆیان زۆر رووداوی ئەو کاتانەیان بینیوە، هەروەها لە گەڵ دانیشتن و پرسکردن لەهەندێ بنەماڵەی شێخانی بارزان خۆشیان.

بەپێی ئەوزانیاریانەی دەستمان کەوتوە ،خورشید کوری (مەریەم)ی خوشکی شێخ ئەحمەدە،وایێ دەچێت مەریەم بەرلە شوکردنی جۆرە پەیوەندیەکی لەگەڵ باوکی خورشیددا هەبووبێ ،ئەویش لەبەر دوو هۆکار:

یەکەم- باوکی خورشید کە مریەمی خواست ژن و منداڵی هەبوو ،واتە مەریەم بوە ژنی دووەمی.

دووەم- شێخانی بارزان نەیان کردووە بە نەریت کچی خۆیان بە کەسانێک بدەن گەر لە بنەماڵەی شێخان نەبێت.

کەچی باوکی خورشید نەک هەر لەو بنەماڵەیە نەبوو بەڵکو خەڵکی ناو بارزانیش نەبوو خەڵکی (گوندی لێلوک یان لێلکان) بوو.ژنی یەکەمیشی شیروانی بوو، خورشید لەسکی دایکیدابوو کە باوکی مرد،بۆیە کەلەدایک بوو ،هەروەک زۆرجاران لەناو کوردەواریدا باوە ،هەربەناوی باوکیەوە ناویان لێ نا خورشێد.بەم جۆرە ئەو لە دایکیەوە تێکەڵی بنەماڵەی شێخان دەبێت ،شێخ ئەحمەدی خودان خاڵی بوو،لە باوەژنە شیروانیەکەی برایەکی هەبوو ناوی-صادق بوو.

صادق کورێکی هەبوو ناوی ئەحمەد بەگ بوو،خورشیدیش دووکوری هەبوو ،یەکێکیان ناوی عەبدولایە ،کەلێری بونی خورشید لە ناو موریدانی شێخ بۆ کۆتای ساڵەکانی پەنجاکان دەگەرێتەوە،بەتایبەتی دوای گەرانەوەی خودان بۆ بارزان لە دوور خراوەی،ئەوبە پیاوێکی راستگۆ و راست ،بێ فروفێڵ ،دەست پاک و دەست لە دونیا هەڵگرت و ناسربوو،ئەمانە هەمووی وایان کرد خودان بایەخێکی تایبەتی پێبدات و رێزی لێبنێت ،تەنانەت خودان چەند جار بە موریدەکانی راسپاردووە کە رێز گرتنی خورشید ئەرکی سەر شانیانە و نابێ کەس لە قسەی دەربچێت و بە پێچەوانەی خواست و ویستی ئەو هەڵ سێ و دانیشێت،ئەوەش ئەوپەری متمانە دان بووە پێی بۆ هەڵ سوراندنی کاروباری ئاینی بارزانیان،بنەماڵەی شێخان،ئەو متمانە زۆرەی خودان بە خورشیدیان لە رادەبەدەر لا نا خۆش بوو، چونکە دەترسان دوای مردنی ،موریدەکان هەمووی روو لە ئەو بکەن و بە گەورەی خۆیانیان دابنێن،ئەوکاتە ئەوانیش هیچیان لەدەست نەدەماو نا چار دەبوو وە کو خەڵکەکە لە بەرانبەری دەست لە سەر سنگی دابنێن، بەلام تا خودان مابوو هیچ کارێکی ئاشکرایان لە دژی نەکرد و ئەو نارەزاییەیان شاردەوە،خودان لە ساڵە کانی کۆتای ژیانی دا،رۆژ بە رۆژ متمانەی زیاتری بە

خورشید دەکرد،ڕەنکە بیری لەوە کردبێتەوە بیکاتە جێگری خۆی تا لە دوای ئەو ببێت شێخی بارزان، ئەمە لە :دوو ڕووداوی مێژووی بارزاندا زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت

ڕووداوی یەکەم:لە ڕۆژێکی بەهاری ساڵی ١٩٦٨دا،مووریدێکی زۆری لە تەکیە چاوەڕێی هاتنی خودانیان دەکرد،ئەویش هەروەک جاران هاتە شوێنی خۆی و دانیشت.دوای ئەحوال پرسینی فەرمانی دا هەڵسن بە سەردانیکردنی خورشید،خەڵکی بارزان بە گەورەو بچوک ،دێ چۆڵ دەکەن و بەرەو ئەو دێ یە دە چن کە ماڵی خورشیدی لێ بوو،هەر یەکەو لە خۆشی دەپرسێ:گەلۆ دەبێ خودان مەبەستی چی بێت،ئەوەی لێرەدا جێی سەرەنجە ،خودان خۆی بۆ سەردانەکە نە چوو،ڕەنکە لە بەر ئەوە بێت ،ئەوپیاوەی بە جێگری خۆی زانیبێت،هەر وەک باویشە، شێخ لەو بارانەدا سەرلە خەلیفەی خۆی نادات،دوای ئەوەی خەڵکەکە دەگەنە بەردەم ماڵی خورشید ،ئەویش دێتە دەرەوەو قسەیان بۆ دەکات ،زۆر بەی قسەکانی جەخت کردن بوو لە سەر ئەوەی .کەس نابێ لە قسە کانی خودان دەر بچێت و ئەو ڕابەری هەموومانە

ڕووداوی دووەم:لە ڕۆژێکی هاوینی ساڵی ١٩٦٨ دا خودان بە شوێن خورشیددا دەنێرێت بێتە بارزان،ئەوکات ئەو باری تەندروستی زۆر باش نە بوو ،کە خورشید نزیکی بارزان دەبێتەوە .خودان بۆ پێش وازی لێکردنی تادەرەوەی بارزان دەچێت،ئەوەی لێرەد سەیر بوو ،گەورەوبچوکی بارزان بە قسەی یەکێک لەو ماموستایانەی کە کاتی ڕووداوەکە لە وێ بوو، سەرتاپای خەڵکی بارزان بە ژن و پیاو ومندڵەوە بە دوای خودانەوە بوون تێکرا .دەگریان و باوکە ڕۆیان دەکرد

ئەو دوو ڕوداوەپارسەنگی خورشیدیان لە نێوان موریدەکان زۆر بەرزبکردەوە،ئەمانەو بڕوای زۆری خودان بە خورشید وای کرد،کە دوای مردنی خودان لە سڵی ١٩٦٩.نزیکەی نیوەی موریدانی شێخی بارزان ،ڕوو لە خورشید بکەن و بە شێخی بزانن، جا بە ڕاستیێ خورشید لە ئەوانەی تر هەمووان زیاتر بیروباوەڕی خودانی لە بارەی ئاینەوە بەر جەستە دەکرد،نەوەی شێخان، دوای مردنی خودان ،بە هۆی شۆڕشی کوردەوە ،بەرژەوەندی و دەستەڵاتیان ،سنوری بارزانیان بەزاندبوو ،بۆیە بۆ پاراستنی پەیوەندیەکانیان و ئەو بەرژەوەندیانەیان،ناچار دەبوون، بەشێکی هەرە گرنگی ریفۆرمەکە ئاینیەکانی خودان بشارنەوە بە ئاشکرا وەکو خورشید پەیڕەوی لێ نەکەن، دەبێت ئەوەش بڵێین هەرگیز کەسێک لەدەمی خودانی گوێ لێ نەبووە ،خورشید یان یەکێکی تر لە دوای خۆی بەڕەسمی بەجێگیر دانابێت،بەڵام تا ئەمڕۆش ،بەشی هەرە زۆری بارزانیان لایان وایە کە خورشید بەرجەستەیەکی بە حەقی خودان بووە،بۆیە بە هەمان ئەندازەش ڕێزی .لێدەگرن

# :بڕوای خورشیدیەکان

بەبڕوای خورشیدیەکان،هیچ شتێک لە هیچەوە نابێت،هیچ نە بوون مانای نە بوونە (عدم)،هەموو لایەنە جیاجیاکانی زانین،هەر یەک کەس دەزانێت ئەویش پیاوی گورەیە(مرۆی مەزن)بۆیە گوێڕایەلی کردن لە پیاوی .(گەورە و ڕێبەر،کوێڕایەڵی کردنە لە لۆجیک (منطق)و بە ئەرکی دادەنێن بۆ هەموو خاوەن بڕوایەک(موریدێک

خورشیدیەکان لایان وایە نەمان بۆ لەشەو رۆح نەمرە،بۆیە ئەوگیان لە بەرانەی ئەمرۆ هەن (بە مرۆڤیشە وە)گیانی هەمان گیان لە بەرەکانی پێشون لە شتێکی ترد (دۆنا دۆن ).دەڵێن کردەوەو خو رەوشت و هەڵسان و دانیشتنی (هەڵسوکەوتی) (مرۆی مەزن)،بەتایبەتی لای موریدەکانی هەمووی ون نابێت ،ئەوکەسەش کە جێگای (مرۆی مەزن )دەگرێتەوە ،ئەوا هەموو سیفاتەکانی پێشوی ئەوی تێدایە،واتە (مرۆی مەزن )هەر بە زاهیری مردووە و لە ڕاستید زیندووە.بڕوای خورشیدیەکان هەروا لە پڕو لەسەر دەستی خورشید فۆرمیولە نەبووە،بەڵکو بە پرۆسەیەکی تا ئەندازەیەک دووروودرێژ و پڕ لە جەنجالی دا تێ پەڕیوە ،تا گەیشتوەتە ئەو قەناعەتە ،چەکارەکردنی سەرەتای ئەم بیر و بڕوایە بۆ سەردەمی شێخ عەبدول سەلامی دووەم و شێخ مەلا عەبدولرەحمان دەگەڕێتەوە،بەلام لە سەر می خودان پەرەی پێدراو خرایە کارەوە،مەلا جوخی برای خودانیش بۆ ماوەیەکی کەم جولانەوەیەکی ئاینیێ لەناو چەکە رابەرایەتی دەکرد،بەلام زوو بێدەنک کرا، زۆر هەوڵماندا زانیاری زیاتر لە سەر مەلا خوخی و جولانەوەکەی بزانین ،بەلام بۆ ئەو مەبەستە،کە لە هەر دەرگایەکمان دەدا بە ڕووماندا دادەخراو پەنجە دەخرایە سەر زاران،جارێک یەکێک لە شێخەکان وێنەیەکی بەکۆمەلی بنەماڵەکەیانی نیشاندابن،کاتێک کە کەسانی ناو وێنەکەی پێدەناساندین ،پەنجەی خستە سەر وێنەی مەلا جوج ،هەرچەندە هەوڵماندا کۆپیەکی لەسەر وێنەکە هەڵگرین،ڕازی نەبوو، لەوبڕوایەداین مەلا جوج لە کەرمەی .ململانێی بۆ شێخایەتی ،بە دەستێ یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەکەی کوژرا بێت

# ناکۆکی لە نێوان شێخانی بارزان

.ناکۆکی لەناو بنەماڵەی شێخانی بارزاندا*

،شێخ ئەحمەدی خودانی بارزان،دە بوو بەر لە مردنی (١١/١/١٩٦٩)بەغداد

مەسەلەی جێنشینێ و جێگری خۆی یەکلای بکردایەتەوە،ئەو زۆر هەوڵی دا ئەو مەسەلەیە بە نادیاری نە هێڵێتەوە،بەڵام دیاری کردنی شێخی بارزان، لە سەردەمێکدا کە بەرژەوەندی و سنوری دەستەڵاتی بارزانیەکان، ئاسۆی بڕی بوو کارێکی هەروا ئاسان نەبوو ئیشی بەردەوام و ماندو بوونی زۆری دەویست،مەرگ مەودای خودانی نەدا،ئەومەسەلەیە یەکلای بکاتەوە،ئەمەش بوە هۆی تەقینەوەی کێشەو ململانێیەکی زۆر لە نێو بنەماڵەی بارزاندا،کێشەو ململانێ لەناو دەستەڵات درانی بارزان،بەر لە شێخ ئەحمەدیش شتێکی نوێ نە بووە ئەویش لەمە بێ ئاگا نەبوو،بەڵکو لە سەردەمی خۆشیدا هەموو ئەوکێشانە هەبوون،بۆیە دەیزانی ڕوبەڕوێ .کێشەیاکی گەورە بوەتەوە

چ لە ناو ئاغاو دەستەڵاتداران چ لەناو شێخانی کوردوستاندا ،واباوە لە دوای مردنی شێخ یان ئاغا ،کوڕە گەورەی یان یەکێ لە کوڕەکانی جێگەی دەگرێتەوە،بەڵام شیخ ئەحمەد ئەو بوارەی بۆ کوڕەکانی خۆش نەکرد،کە ئەمەش هۆی خۆی هە بوو،بۆنمونە هیچ کاتێک بارزانیەکان لە محمد خالیدی کوڕە گەورەی خودان ڕازی نەبوون،ئەو لە ناویاندا بە کەسێکی دڵ ڕەق و تورە وتوند ناسرابوو، ئەگەر کوڕەکانی تریشیان برا گەورە کەیان قبوڵ بوایە، ئەوا دەی خستە هەڵ وێستی ململانێ کردن لەگەڵ کوڕە گەورەکەیدا، دوان لە کوڕانی خودان ،ڕێزی تایبەتیان لە نێوان بارزانیەکاندا هە بوون ،یەکێکیان عوسمان بوو کە زۆر حەزی دەکرد ببێتە جێگری باوکی،ئەوەی تریش نەزیر بوو کە پیاوێکی لەسەر خۆو هێمن و دووره پە ڕێز بوو کە بیری لە شێخایەتی نە دەکردەوە،شێخ ئەحمەد دەیتونی یەکێک لە براکانی بکات بە جێگری خۆی، مەلا مستەفا ش کە جێی متمانەی خودان نە بوو چونکە شێخی پێشتری کوشتبوو وە کەسێکی لاسارو سەرە ڕۆ بوو بۆیە شیاوی ئەو پۆستە نەبوو،بەڵام شێخ سلێمانی برازای زۆر لە بار بوو بۆ شێخایەتی پیاوێکی دنیا دیتەو لێ هاتوو بو ،خەڵکی ناوچەکەش پێیان خۆش بوو کە ببێتە شێخی بارزان ،بەڵام خودان ئەوەشی نەکرد،ئەوە بوو لە دوای مردنی ناکۆکی و باڵ باڵێن لە نێو شێخەکانی بارزان ڕووی دا،شێخ عوسمان شێخایەتی خۆی ڕاگەیاند و لە شوێنی خودان لە تەکیە دانیشتو کاروباری گرتەدەست،نیوەی موریدانی باوکیشی ڕوویان تێکردوو بەیعەتیان پێی دا،نیوەکەی تریشیان ڕوویان لە خورشید کردو بە شێخی ڕاستیان دانا،شێخ محمد خالید یش لە مێرگەسور

دادە نیشت ،ئەویش لە وێوە دژایەتی عوسمانی ڕاگەیاند،بەڵام هیچ یەکێک لە موریدەکان پشتگیریان لێی نەکرد،مەلا مستەفاش دەیویست کەسێک ببێت بە شێخی بارزان کە جڵەوەکەی لەژێر دەستی بێت،چونکە لای وابو زامنکردن و دابینکردنی بارزان،زامنکردنی ڕێبەرایەتی کوردیشە،ئەوباش دەیزانی کە بەبێ خێلی بارزان،هەرگیز بەو پلەیەی ئەمرۆی نەدەگەیشت،بۆیە سەرەتا زۆر لەگەل عوسمان هەوڵ دەدات کە گوێ ڕایەڵی ئەو بێت،کەزانی عوسمان ئامادەنیە مل کەچی بێت،ئیتر کەوتە دژایەتی کردنی عوسمان،ململانێکە بەهۆی دەست تێ وەردانی حکومەتی عێراق و بەکار هێنانی توندو تیژی ،بەرە بەرە بە شێوەیەکی تراژیدی پەرەی سەند ،بۆ ئەوەی باشتر لەو ململانێیە تێ بگەین بە جیاجیا ڕونیان دەکەینەوە:

## ١ شێخایەتی خورشید:

دوای مردنی شێخ ئەحمەد خورشید بێ ئەوەی شێخایەتی خۆی ڕابگەیەنێت و کاری بۆ بکات،ژمارەیەکی زۆری مورید ڕوویان تێکرد،تا شیخ ئەحمەد مابوو، بەرەی شێخان لە خورشید و متمانەی خودان لە خورشید زۆر داخ لە دڵ بوو،ئەوان سەرەڕای ناکۆکی و ناتەبایشیان ،هەموویان لە سەر ئەوە کۆک بوون کە سنورێک بۆ خورشید دابنێن،ئەویش دەستەڵاتێکی ئەوتۆی نەبوو تا بەرگری لە خۆی بکات،بۆیە بەئاسانی چارەنوسیان کەوتە دەستیان،شێخان دەیان توانی هەر زوو خورشید بکوژن بە لام ئەوکارەیان نەکرد،چونکە ئەو وەکو کەسێک هیچ مەترسیەکی لە سەر زەوت کردنی دەستە لاتیان نە بوو،موریدێکی زۆریش پەیرەویان لێی دەکرد،بۆیە ئەگەر بیان کوشتایە،کەس نەی دەزانی کاردانەوەی ئەوموریدانە چەندو چۆن دە بوو.

هەر بۆ ئەوە خورشیدیان گرت و بۆ شوێنێکی دبراوی باکوری بارزانیان گواستەوە،بەپێی قسەی ئەوانەی شارەزای ئەوشوێنە بوون کە خورشیدی لە دەسبەسەر کرابوو ئاوی خواردنەوەی لێ نە بوو ،نزیک ترین کانی نزیکەی کاتژمێرێک لێیەوە دوور بوو،بەم جۆرە لە موریدەکانیان دورخستەوە تا بەهاری ١٩٧٤ خورشید هەرلەوێ دەست بەسەر بوو .

## شێخایەتی عوسمان:

عوسمان لەدوای مردنی باوکی واتە لە کانونی دووەمی ساڵی ١٩٦٢تەوە تا پایزی ١٩٧١.هەموو کاروباری بارزان و کاروباری بەشێک لە ناحیەی شیروان مەزنی گرتە دەست ،بەتایبەتی لەدوای دەسبە سەر کردنی ڕکابەرەکەی خورشید ،خەڵکەکە وەکو سەردەمی خودان بۆ شکات و شکات کاری دەهاتنە لای، لەسەر کاروباری ڕۆژانەیان پرس و ڕاوێژیان پێی دەکرد، فرمان و ڕاسپاردەیان جەبەجێ دەکردوو دەیان گەیاندە جێی خۆی ،زەکاتیان و بارە داریان بۆ دەبرد و خزمەتی ماڵ و تەکیەکەیان دەکرد ،ئەویش بە هەموو ئەوکارانە هەڵ دەستا ،بۆ میللەت ،کەلەسەردەمی خودان باو بوو،تارادەیەکی زۆر هەموو ئەندامانی میللەت گوێ ڕایەڵ بوون

تەنانەی بە رەی شێخانیش (ئەگەر تەنها بۆ چاوبەستن و قسەش بوبێت)لەقسەی دەر نە دە چوون و پرسیان پێی دەکرد،بۆ ئەوەی بزانین عوسمان بۆچی شێخایەتی بۆ خۆی بە ڕەوا دەبینی پێویستە کەمێک بۆ دواوە .بگەڕێینەوە

بارزانیەکان دوای نەمانی حکومەتی کوردوستان لە مەهاباد، زۆربەیان تەسلیمی ڕژێمی عێراق بوونەوە،حکوموتی ئەوکات، بارزانیەکانی بۆ خواروی عێراق ڕەوانەکرد ،نزیکەی ١٥٠ کەسیان بۆ بەسرە دوور خرابوو نەوە،خودان بۆخۆشی لە گەلیان بوو،لەوێ لەزیندان بوو،قایمقامی ئەوکاتی بەسرە(جەمال عومەر نەزمە)بوو،بازانیەکان هەریەکەو بە جیا بۆ جێ بەجێ کردنی کارەکانیان دەچونە لای قایم قام،ئەمەش لەلایەکەوە سەرقاڵیەکی زۆری بۆ قایمقام هێنابوو،لەلایەکی تریشەوە لەناو بارزانیەکان خۆشیاندا کێشە پەیدا ،بووبوو

بۆیە قایمقام دوای کرد لیژنەیەک پێک بهێنرێت بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان،کەپرسیان بە خودانکرد ئەویش ئەوکارەی زۆر بەدل بوو،لەسەرەتاوە سادقی شێخ بابۆ،عوبێدوڵای مەلامستەفایان بەلیژنە دانا،دواتر بۆ ئەوەی لیژنەکە پارسەنگی هەمووڵایەک ڕابگرێت،پێ یان چاک بوو کورێکی خودانیشی تیابێت،لەوکاتەشدا وەکو باوە کورە گەورە دەست پێشخەر دەبێت،بۆیە محمد خالید هاتە ناو لیژنەکە،بەڵام ئەو لەڕادە بەدەر خۆبە لزان و تورە و توند بوو،خەلکەکە دەترسان بۆکاروباریان ڕووی لێ بکەن،بۆیە خەلکەکە چونەلای خودان و تکاین لێکرد محمد خالید نەکاتە ناولیژنەکە،ئەویش بانگی کورەکەی کردو پێی ووت وازلەکاری ئەو خەڵکە بێنە،ئەوەبوو لە جێگای محمد خالید بەرەزامەندی خودان،عوسمان دانرا،دوای نەمانی ڕژێمی پاشایەتی و گەڕانەوەی بارزنیەکان لە دوورخراوەی،ئەو لیژنەیە هیچ کارێکی نەما تا ئەنجامی بدات،بۆیە پشت گوێ خراو لە بیرکرا،بەتایبەت دوو ئەندامەکەی تر نەمان ، سادق ڕۆژی٢٢/٦/١٩٦٠ لەڕێکای بارزان بە ڕووداوی ئۆتۆمبێل مرد ،عوبیدوللاش بە هۆی ناکۆکی لەگەڵ باوکی دەستی لە هەموو کاروبارێک کێشابوویەوە ،بەڵام عوسمان جارجارە بۆ ئەوەی بەبیری خەڵکەکەی بهێنێتەوە کە ئەو هەڵبژێردراوی خودانە بۆلیژنەکە،بەناوی لیژنەوەقسەی دەکردوو لەکار وبارەکان تەداخولی دەکرد،دوای نەمانی خودانیش،ئەندام بوونی لە م لیژنەیە دەکردە بەڵگە کە خودان ئەمی بە جێگر داناوە هەموو دەم بەڕووی ناحەزەکانی دا دەدایەوەو دەیگوت ئەگەر خودان منی بە جێگر دانەنایە لیژنەکەی هەڵ دەوەشاندەوە.بۆیە لای وایە لە ئەو بەولاوە کەس مافی .سەرۆکایەتی نیە لە بارزاندا

:شێخ عوسمان لە دیوەخاندا

وا باو بوو لە سەردەمی خودانیش هەر وابوو هەموو ئێوارانێک دوای عەسر لەو پارچە زەویەی دەکەوێتە نێوان ماڵی شێخ ئەحمەد و تەکیە ،جێگە خۆش دەکراو حەسیر ڕادەخراو سەماوەر جۆش دەدرا،لەلای سەرەوەش بۆ شێخ عوسمان و میوانانی بێگانە چەند کورسیەک دادەنرا،مورید یەکی زۆریش دەڕژانە ئەو

شوێنە،هەموویان لەپاڵ یەکتردا دادەنیشتن و چاوەڕوانی هاتنی شێخیان دەکرد،ئەویش رۆژانە دەوروبەری سەعات ٦ دەهاتە دەرێ،کە دەگەیشتە سەر پلیکانەکان یەکێک بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد شیخ هات ئەوانیش بەریز بەرزەپێ بۆی هەڵ دەستانە سەر پێو شێخ بە ناویاندا دەڕۆشتە ژورەوە،دووسێ پاسەوانی بەدواوە بوو پاسەوانەکان تایبەت و پرچەک بوون،چەکەکانیان بەزۆری کلاشینکۆف یان برنۆ بوون،شێخ بێ وەستان تالای کورسیەکان دەهات ،ئینجا لەشوێنی تایبەتی خۆی دادەنیشت ،خەڵکەکە هەموو بە خێر هاتنی دەکرد،ئەویش بە خێر هاتنی میوانەکان دەکات و لە حالیان دەپرسێت،پاشان ڕووله موریدەکان دەکات و قسەیان لەگەڵ دەکات،بە زۆری قسەکان لەوە تێ ناپەرن (فلان چەوای،چ حالە،ئەڤە لە کیندەر هاتیە،نا ڤێ وی چیە ،یان فلان کەس بۆ دیار نیە و چەند ڕۆژەلە کوێ یە)ئەم پرسیارانە،هەر کەسێکیش شێخ پرسیاری لێ بکردایە دەی گووت ئەز خولام،لەسایەی سەری تۆ باشین جا هەر شتێک هەبوایە بە شێخیان ڕادەگەیاند،ئەویش بە ئەندازەی سەرلێ دەر کردنی خۆی قسەی بۆبدەکرد و قسەکانیشی دەبوو بە فەرمان و دەبوو جێ بەجێ بکرایە،لەکاتی دانیشتنەکە چرە دوکەڵ دیمەنێکی سەیری دروست دەکرد،دوای لێپرسنەوەی خەڵکەکە چای پێ دەدان، نابێ ئەوە شمان بیر بچێت چای یەکەم بۆ شێخ دادەنرا،ئینجا میوانەکان دوای ئەوە پیاوە گەورەکانی بارزان ،لەپاشان خەڵکەکە بەری دەکەوت،پیاڵەی شێخ عوسمان تایبەت بوو ،لە پیاڵە کانی تر گەورەتر بوو ،شێخ کردبوی بە نەریت دەستی بۆ چایەکەی نەدەبرد،تانەختە سارد دەبوویەوە،جا پیاڵەکەی هەڵ دەگرت و بە دوو فڕ تەواوی دەکرد،دوای چا خواردنەوە قسەو باسی ڕۆژانە دەکرا،بۆ نمونە دوای هەوڵە سەرنەکەوتووەکەی عێراق بۆ کوشتنی مەلامستەفا لە ڕێکەی چەند مەلایەکەوە، لە دانشتنی گشتی تەکیەدا شێخ عوسمان بە تەنسەوە دەی ووت مەلا مستفا با ئاوا لەمەلایان نزیک بێتەوو ،هەتا ئاوایان لێکرد،ئەگەر وازیان لێ نەهێنی خراپتریشت بەسەر دێنن.

## :٤ ناکۆکی نێوان شێخ عوسمان و مەلا مستەفا

ناکۆکی نێوان ئەم دوانە چەند لایەنێکی جیاجیا دەگرێتەوە،کە هەندێکیان لە خودانەوە بە میرات بۆ عوسمان مابوەوە ،لێرەدا هەوڵ دەدەین بە کورتی ئاماژە بەخاڵە ناکۆکە کەنی نێوانیان بدەین :

### :أ-هەڵوێست ی حکومەتی عێراق

دوای کودەتای ١٤ تەموزی ١٩٥٨و گەرانەوەی بارزانیەکان لە دوور خراوەی،خودان هاتبووە سەر ئەو بڕوایەی کەجارێکی تر لەگەڵ حکومەتی عێراق شەڕنەکاتەوە،بۆ ئەومەبەستە پەیوەندی لەگەڵ حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق دامەزراند،تەنانەت ئەوکاتانەش کە حکومەتی عێراق بە ئاشکرا شەڕی پێ دەفرۆشتن،

ئەو هەمیشە هەولی دەدا کاربەدەستانی دەوڵەت ڕازی بکات و ئاشتیان بکاتەوە،ئەمە بووە هۆی ئەوەی هەموو حکومەتە یەک لەدوای یەکەکان هیچیان ئەومانگانەیە نەبرن کە عبدولکریم قاسم بۆ بارزانیەکانی بری بووەوە، هەرماڵەو ٣٠ دیناری وەردەگرت،دیارە بەشی خواردن زۆر لەوە زیاتر بوو ،ئەو مووچەیە بە درێژای هەراکەی ئەیلول هەر وەردەگیرا ،ئەوەش پارەیەکی کەم نە بوو، ئەگەر ئەوەبزانن کەلەهەمان سەردەم جاشەکانی مانگانە تەنیا ١٣ دیناریان وەر دەگرت،شێخ ئیسماعیل تا سالی ١٩٧٤ مانگانەکەی بە پۆست بۆ دەهات ،،عوسمانیش مانگی نزیکەی ٢٠٠ دیناری وەردەگرت.

عوسمان دوای دانیشتنی لە جێگەی باوکی دەی ویست ڕێچکەی باوکی بەرنەدات و پەیوەندی توندو تۆڵی لەگەڵ حکومەتی عێراق هە بێت،زۆر لە بارزانیەکانیش بەرژەوەندیان هەر لەوە دە بینی،بە تای بەتی بە درێژای شۆرشی ئەیلول چەند مانگێکی کەم نە بێت بە هۆی پەیوەندی حکومەت، ناوچەی بارزان وەکو شوێنەکانی تری کوردوستان توشی شەروو زیان نە بوو،بەڵام سەردەمی شێخایەتی عوسمان وەکو سەردەمی خودان نە بوو، زۆر لایەنو دیاردەی نوێ هاتبونە ناو هاوکێشەکە ،لەلایەکەوە عوسمان لە نێو بەرزانیەکان بە ئەندازەی خودان کاری کەری نە بوو ، لە لەیەکی تریشەوە مەلا مستەفا کێشەی بۆ دروست دەکرد ، چونکە ئەوکات مەلا مستەفا پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ ئێرانیەکاندا هەبوو پشتی کردبوە عێراق بۆیە هەر نزیک بوونەوەیەکی عوسان لە رژێمی عێراق بە خیانەت دادەنرا.

: هەڵوێستی شۆڕشی ئەیلول

شێخ عوسمان لە مەسەلەی شۆڕشو چەکداریدا دورە پەرێز بوو، بالام کلەی لە مەلامستەفا هەبوو کە دەی وت نابێ کەسانێک بکەی بە کار بە دەست کە هیچیان بۆ بارزان نەکردوە،وە دەی گوت زێباریەکان دوژمنی بارزانن نابێ پۆستو چەکیان بدرێتێ،لە مە شدا مە بەستی مەسعودو ئیدریسی کوری مەلا مستەفا بوو کە دایکیان زێباری بوو،ڕۆژ بە ڕۆژیش مە لامستەفا کاروباری زیاتری پێدەدان،عوسمان سەرکردایەتی کردنی جوڵانەوەی سەربازی بۆخۆی بە ڕەوا دە بینی ، بەڵام نەی دە وێر داوای سەرکردایەتی شۆڕش بکات بۆیە هەوڵی دەدا مە لا مستەفا بهێنێتە ژێر رکێفی خۆی وەکو خودان.

:ب-ناکۆکی لە سەر حوکمی بارزان

عوسمان حوکمی ئاینی و دوونیایی بارزانی بۆ خۆی بە رەوا دەبینی ،هەرچەندە نەک هەر نەی توانی ئەندامانی بنەماڵەکەی ڕازی بکات ،بەڵکو خەڵکانێکی زۆر دەیان گوت عوسمان دەستەڵاتی بارزانی قۆرخ ،کردوە

مەلا مستە فا وەکو کەسێکی تەماح کار چاوی بریبوە پێگەی شێخایەتی ،چونکە دەی زانی شێخایەتی بارزان وەکو شیرێکی دوو سەرە ئەگەر لە دەست کەسێکی ملکەچی خۆیدا بێت ئەوا دەبێتە خاوەنی چەند هەزار

موریدێکی چەکدار و ناوچەیەکی بەرفراوان،خۆ ئەگەر لە دەستی کەسێکی نا حەزدا بێت و سەر کێش دابێت،ئەوا دەبێتە شیرێکی هەمیشە هەڵ کێشراو لە رووی خۆی و ئارەزووە کانیدا،ئەو مەسەلەیە لە ناسک ترین سەر دەمدا کە کەلە کەمانی پێدا دەرۆیشت،مێشکی مەلامستەفای تەواو بە خۆوە مەشغولکردبوو،لە سەرەتادا زۆر هەولی دا عوسمان رام بکات،بەڵام هیچکات سەردانی نەکرد ،چونکە ئەگەر سەردانی بکردایە،ئەوا لەبەرچاوی خەڵکی ناوچەکە ،وەکو دانپێدانانێک وابوو بۆ شێخایەتیەکەی،بۆیە لەرێگای کەسایەتی ترەوە هەوڵیدا والە عوسمان بکات کە خۆی سەردانی بکات،باڵام عوسمانیش لەمەبەستەکانی تێگەشت بوو،بۆیە هەرگیز نە رۆشتەلای،بۆیەلەکۆتایدا مەلا مستەفا بریاری دا هەردوو رێگەی توند و تیژی و پرو پاگەندە لەدژی بەکاربهێنێت،کە ئەمەش ناکۆکی و ململانێکەی زیاتر

.ئالۆزکرد

## :٥-ناکۆکی لە نێوان شێخانی بارزان و قۆستنەوەی لە لایەن حکومەتی عێراقەوە

کە ناکۆکی لە نێوان شێخ عوسمان لەلایەک و مەلا مستەفا و محمدخالید لە لایەکی تر توندو تیژ بوو،حکومەتی عێراق پەیوەندی لەگەڵ عوسمان پتەو تر کرد،ئەوەشی لە سەر ئەو بنچینەیە کرد کە عوسمان لە سەر رێرەوی باوکی دەروات و پەیرە وی لە فرمانەکانی ئەو دەکات،لەلایەکی تریشەوە مەلامستەفا پەیوەندیەکی چەند سەرەی لەگەڵ ئێرانی دوژمنی عێراق دامەزراندبوو،بۆیە بەهێزکردنی عوسمان و پشتگیری کردنی،لەلایەن دەوڵەتی عێراق بۆ لاواز کردنی مەلامستەفا شتێکی چاوەروانکرو بوو،لەسەرەتاوە حکومەتی عێراق بە پارەو بە چەک پشتگیری عوسمانی دەکرد،بەڵام دوای ئەوەی ململانێکە کەشتە ئەوپەری توندی و خەریک بوو بتەقێتەوە،عێراق بۆ پشتگیریکردنی لە شێخی بارزان ،بە ئاشکرا هاتە مەیدان و لەرۆژی ٤ تەموز تا ٨ ی تەموزی سالی ١٩٧١،فرۆکەکانی حکومەت کەوتنە بۆردمانکردنی ناوچەی بارزان،و خەڵکێکی زۆر زیانی بەرکەوت ،بە تایبەت لە مەروماڵات و دەخڵ و دان، حکومەت جاشی لە ناوچەکە کۆکردەوە لەئەگەری بەرگری لە خۆکردنی عوسمان ،بتوانن یار مەتی بدەن ،ئەمانە هەمووی بونە هۆی ئەوەی کە مەلا مستەفا هەوڵ بدات بەپەلە ماسەلەی عوسمان یەکلای بکاتەوە،دوای ئەوەی کە بارودۆخەکە وەکو خۆی لێ هاتەوە، حکومەت زانی گرەو لە سەر ئەسپی تۆپیو دەکات ،کەوتەوە پەیوەندی کردن و بۆ ئەوەمەبەستە ٥٠ هەزار دیناری تەرخانکرد بۆ ،زیانەکانی ناوچەکە کە لە ئەنجامی بۆردوومانەکانەوە کەوتەوە

پارەکە لەلایەن حوسین جەبری سەرۆکی کۆمەڵەی جوتیارانی ئەوکات هێنرایە بارزان،مودیری ناحیە لە لیژنەی دابەش کردنی پارەکەدا نە بوو ،بەڵام لەلێ کۆڵینەوەی ئەودا کە دواتر راپۆرتی بۆ پارێزکاری هەولێر نوسی .بوو ،لەو پارەیە تەنها ١٠ هەزاری بەسەر خەڵکی دابەشکرا ،پاشماوەکەی دزراو تالانکرا

## :٦- بێ دەستەڵاتکردنی عوسمان

ئەگەر چی عوسمان ماوەی سڵێک حوکمی بارزانیکرد ،بەڵام لەوماوەیەدا بۆی نەکرا خەڵکەکە بۆ لای خۆی رابکێشێ،یان بنەماڵەی شێخان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە،گەورەترین فریودان ئەوەبوو کە ئەو هەرگیز لەلایەن خودانەوە نەکرابوە جێنشین،مەلامستەفا ئەوەی لە خودانی قبوڵ ئەکرد هەرگیز لە کەسی تدی قبول نە دەکرد،شێخانی بارزان بۆلابردنی عوسمان درێغیان لە هیچ نەدەکرد،بە هەرکارێک هەڵ دەستان کە پێویست بوایە،کە بە ئاشکراکەوتنە دژایەتیکردنی عوسمان ،هەوڵیاندا کە خەڵکی بارزان و ئەوانەش کە سەردانی بارزانیان ئەکرد عوسمان دببرێن،بۆ ئەو مەبەستە مەلامستەفا و محمد خالید دەستەڵاتیان لە بارزان دامەزراند.

## :٧-مەلا مستەفا لەشکر دێنێتە سەر بارزان

ناکۆکی لە سەر حوکمی بارزان لە نێوان عوسمان و مەلامستەفا و محمد خالید لە سالی ١٩٧١ گەشتبوە چڵە پۆپ،هەریەکەی لەسەر بیر و باوەڕێ خۆی سوور بوو،چەندین کەس هەوڵیاندا بە ناوی ناوبژی چارەسەرێک بۆ کێشەکە بدۆزنە وە،بەڵام سودی نە بوو،عوسمان سوربوو لەسەر میراتی بارزان و پشتی بەلیژنەکەی بەسرە بەست،محمد خالیدیش وەکو براکەورە میراتی بۆ خۆی دەویست و ئامادەنە بوو سەر بۆ عوسمان دانەوێنێت،مەلامستەفا ش شێخێکی ملکەچی ئارەزوەکانی خۆی دەویست،دوای دەست تێوەردانی عێراق ، مەلامستەفا هاتە سەر ئەو بڕوایەی کە ئیتر بە خۆشی بێ یان ناخۆشی دەبێت سنورێک بۆ دەستەڵاتی عوسمان دابنێت،پارەوپول هەڵڕشتن لەرێگای نوێنەرەکانیەوە دادێکی ئەوتۆی نە دا،ئەگەرچی زەمینەی دارای عوسمانیشی لەق کردبوو،لەپایزی سالی ١٩٧١ لەشکرێکی گەورەی لە چەکدارانی بارزانی کۆکردەوە خۆشی لەکەلیان هات بۆ پەلاماردانی عوسمان،چەکدارەکان لەگەڵ بەرە بەیاندا هاتنە ناوبارزانو پەلاماری عوسمانیان دا،لە ئەنجامدا عوسمانیان چەک کرد و پیاوەکانیشی پەرش و بلاو کران،دوای ئەوەی چەکیان کردو کەسیان لە دەوری نە هێشت، بڕیاریاندا هەر لە مالی خۆیاندا بیهێڵنەوە،بەڵام بە توندی چاودێری دەکرا،ئەمە دوا شەر بە مەلامستەفا بەژداری تێداکرد،ڕووداوی لەشکرکێشیکردنە سەر بارزان زۆر کاری لە عوسمان کرد لە هەموو دانیشتنێکدا دەی ووت ئەوان قودسیەتی بارزانیان شکاند.

## :٨- هەوڵدان بۆ چاك كردنەوەی دلی عوسمان

دوای بێ دەستەلاتکردنی عوسمان و لادانی لە شێخایەتی ، مەلامستەفا زۆر هەولی دا تا عوسمان بچێتەوەلای و سەری بۆ دانەوێنێت،هەرچەندە عوسمان هیچ کاریگەریەکی نەمابوو،بەلام دیسان مانەوەی لە بارزان و وەکو سەرۆکی نارایان بە بوونی(عوبەیدوللا و لوقمان و مالە خالوانی مەلامستەفا لە ناوچەکە)بۆنی ئەوەی لێ دەهات رۆژێک یەک بگرن و دژایەتی مەلامستەفا بکەن یان ببن بە هێزێکگ ئەو تۆ کە ڕکابەرایەتی مەلامستەفا بکەن لە ناوچەکە،مەلا مستەفا لە رێکەی جۆراو جۆر و بە ناردنی خەلکی جیا جیا ،هەول زۆری لەکەل عوسمان دا ،زانیاری ئێمە لەوبارەیەوە زۆر کەمە و هەر ئەوەیە کە خالکی ناوچەکە دەی زانن،ئەمە ش بۆ ئەوەی هیچ لەو .هەولانەی نەگەشتنە ئەنجام

## :(٩-ناكۆكی لە نێوان مەلامستەفا و دوو كوڕەكەی (عوبەیدولاو لوقمان

ناکۆکی ناو بنەمالی شێخەکان،هەر لەکەل عوسمان نە بوو،بەلکو مەلا مستەفا لەکەل دوان لە کورەکانی عوبیدوللاو لوقمان پەیوەندی باش نە بوو،هۆیەکانی ناکۆکی ئەو دوانە لەکەل باوکی ،لە زۆر لاوە لە هی عوسمان دەچوو،هەرئەمەندە جیاوازبوو عوسمان دەیویست کەورەی بارزانیەکان بێت حوکمی بارزان بکات،هەرچی عوبەیدولا و لوقمان بوون دەیان ویست زیاتر لە کاروباری شۆرش نزیک بن و مەلا مستەفای .باوکیان ئەو متمانەیەی بە ئیدریس و مەسعودی دەکات بە ئەوانیشی بکات

نێوانی مەلامستەفا و عوبەیدوللا هەر لە زووە خۆش نە بوو،هەرچەندە دەبوایە لە کورەکانی تری هەمووی لە پێشتر بوایە لە سەر بنچینەی ئەوەی کە کورەکەورەی بوو،دایکیشی بارزانی بوو،لە عەشیرەتی بارزانیشدا ئەم دوو هۆیە حسابی بۆ دەکرا ،عوبەیدوللا لەلایەن باوکیەوە بە وە تاونبار دەکرا کەلە ژێرەوە لەکەل عوسمان دەستی تێکەلّ کردووە،رەنگە ئەمەش تارادەیەک راست بێت،چونکە هەردوکیان بەرانبەر زێباریەکان هەلوێستیان زۆر توند بوون ،مەلامستەفایان بە خائینی بارزان دادەنا چونکە پێ یان وابوو کە کەوتۆتە ژێر رکێفی زێباریەکان،عوبەیدوللاش بەوە تاوانبار دەکرا کە گوایە بۆ دژایەتی کردن لەکەل باوکی ،لەژێرەوە دەستی لەکەل رژێمی عێراق تێکەلّ کردووە، هەر ئەمەش کاتی خۆی بوە هۆی ئەوەی ناچاری بکەن دەست لە لیژنەی بەسرە بکشێتەوە،ناخۆشی نێوانیان گەیشتە رادەیەک ،لە سالی ١٩٧٣ مەلامستەفا لە رێزان بە نیازی کوشتنی دەمانچەی لێ راکێشابوو،ئەگەر هەندێک لە شێخەکانی بارزان لە وێ نە بونایەو عوبەیدوللا یان لە ژێر دەست دەرنەکردایە ، لەوانە بوو بی کوشتبایە،دوای ئەورووداوە ئیتد عوبەیدولا لە وناوچانە جێکەی نە بوویەوە کە دەستی باوکی پێ رادەگەیشت،بۆیە پەنای بۆ حکومەتێ عێراق بردوو چوە بەغداد،حکومەتی حێراقیش بە

دوای شتێکی وا دەگەڕا کە لە دژی مەلامستەفا ی بەکار بێنێت،بۆیە بۆماوەیەک عوبەیدوللایان لەکابینەی .حکومەت کرد بە وەزیر

پەیوەندی لوقمان لەگەڵ باوکی،لەهی عوبەیدوللا باشتر نە بوو، ئەوەهە بوو کە لوقمان زانیّ نەک هەر ناتوانێت متمانەیەی باوکی بەدەست بهێنێت و کاروباری لێپسراوی لە ناو شۆڕش بکرێتە دەست ،بەڵکو تا پێداگریّ ،ئەویش لە دژایەتیکردنی رشت تر دەبیّ،بۆیە هاتە رێزان و لێی دانیشت،وەکو خۆی دەی گوت لە بەر ،مەلامستەفا دژایەتی بەخداد ناکەم

لوقمان لە شەڕەکاندا زۆر بە ناوبانگ بوو باسی ئازایەتی دەکرا، شەرەکانی مەیدانی مورک لە تەموزی ١٩٦٣ کوران لە هەمان سالدا لەژێر سەرکردایەتی ئەودا بوون لەناو خەڵکی زۆر بە ناو بانگ ببوو خەلکی هاواریان : دەکرد و دەیان گوت

بژی بابی لوقمانی

شەش خەریتەی لەشانی

ئومێدی کوردوستانی

لوقمان لە ١٩ مانگی شوباتی ساڵی ١٩٧٢ لەماڵی موحمودئاغای شانەدەر ی بوو،زۆر بێزار دیار بوو (دەیگوت(لەزوڵمی بێکانەش رزکارمان دەبێت .ئوادەکەوینە بن زوڵمی خۆی

هەروەها گوتی ئەوانەی تا دوێنیّ بەدڵو بەکیان لەگەل شۆڕش بوون دەوری کەورەیان لە سەرەتی شۆڕش دیوە .،دورخرانەوە

(ئەوانەش کە هیچ نە بوون بیان بینە کەشتون بە چی

لوقمان لەسالی ١٩٧١ بە دواوە لە سەر زێی بادینان (زێی بلە) خەریکی کشتوکاڵ کردن بوو ،زەویە چاکەکانی ئەوێی داکیر کردبوو ،خاوەنەکانی بانگ دەکردن،بەخۆشی وناخۆشی ناچاری دەکردن زەویەکانیان پێ .بفرۆشن

## :١١- ناکۆکی لەنێوان مەلامستەفا و کورو خاڵەکانی دا

حەمەد ئاغی مێرگە سوری ،خاڵی مەلامستەفا ،یەکێ لەپیاوە ناودارەکانی تیرەی شیروانی بوو،لەڕووداوەکانی ناوچەکە،ڕۆڵی دیاری هەبوو بەتایبەت لە ڕووداوی شەڕی خێڵی بارزنیان لەگەل خێڵەکانی تر،هەروەها لە نا ئارامیاکەی ١٩٣١ -١٩٣٢ و ڕاپەڕینی ١٩٤٣-١٩٤٥ ی بارزانیان ، کوڕەکانیشی لە ڕۆشنبیرە بە دەکمەن هەڵ کەوتوە کانی ناوچەکە بوون ، بەتایبەتی فاخیریان ،هەڵوێست و کەسایەتی فاخیر ئەوە دەهێنێ لێی بکۆلیتەوە،فاخیر پیاوێکی خوێندەوارو ڕۆشن بیر بوو،بیرو بۆچونی هاو چەرخ و وێشکەوتو خواز بوو ،لە هەمانکاتدا زۆر گەل دۆست و نشتیمان پەروەر بوو،ئەمە کاری کرشبوە سەر هەڵوێستی حیزبایەتی ئەو، بیرە پێشکەوتو خوایەکەی پەلکێشی ناو حیزبی شیوعی عێراقی دەکرد،بەلاّم بیری عێراقچێتی ئەوحیزبە و کەم بایەخی کێشەی گەلی کوردوستان لەلایان،دەبوە هۆی ئەوەی فاخیر پەل بەرەو پارتی دیموکرات بکێشێت،لە ڕیزەکانی ئەو حیزبەش دڵی ئاوی نەدە خواردەوە چونکە ئەو کوڕی ناوچەکە بوو،ڕێبەری پارتی و توناو بیرکردنەوە و پێکهاتەی خێڵەکی ئەوی ،لە کەسنی تر باشتر دەزانی ،تا کوژرانیشی هەر خەریکی ئەم پوت پەتێنە بوو ،نەی دەتوانی ڕێبازی ڕاستی خۆی و بیروباوەڕی خۆی لە ئاوێنەی ئەو دوو حیزبەدا ببینێتەوە،چونە ناو حیزبک شیوعی فاخیر،لای شێخانی بارزن ،بە یاخی بوون لە خێلی بارزان لە قەڵەم دەدرا،لە بەر ئەوە مەلامستەفا ڕقی لێی هەستابوو،هەروەها فاخیر لە بەر ئاستی ڕۆشن بیری ،تەکە کەسێک بوو کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بتوانێ ڕۆلی ڕێبەرایەتی لە ناو بارزان بگێرێت و بکە وێتە کێبڕکێی مەلامستەفا ،ئەوەش ترسی مەلامستەفا ی زیاد دەکرد،تالەناو حیزبی شیوعی دابوو ،نەیان دەتوانی دەستی بۆ بەرن، بەڵکو بە پێچەوانەوە زۆر هەولیان لەگەڵ دەدا بگەڕێتەوە ناو پارتی،بەڵێنی پلەوپایەشیان پێدا تاڕازیان کرد و گەڕایەوە ناو پارتی،دوای گەرانەوەی شیوعیەکان لە ئەحمەدئاغادەگێرنەوە،کە بە فاخیری .وتبوو تالێیان دوور بووی پێمان نەدەوێرن،بەلاّم لەمەودوا نامان هێلن، ڕاستیەکەی هەر واش دەرچوو

ڕەفعەت ناوێکی خەڵکی هەولێر کە تورکمان بوو،بە لۆری لە نێوان هەولێرو گەلاڵە باری دەگواستەوە ،لەلایەن دەزگای پارستنی پارتیەوە پارەی پێدرا بۆ کوشتنی جەوهەری برای فاخیر،ئەویش لە هاوینی ١٩٧١ جەوهەری .کوشت،دوای کوشتنەکە ئیدریس بانگی ڕەفعەتی کرد و بە ناوی بارزانیەوە مەبلەغێک پارەی تری پێدا

لە پرسەی جەوهەردا بوو کە ،حوسێنی برای وتی ئەگەر دەستی مەلامستەفا ی تێدا نەبێت ئێمە دەزانین چۆن تۆڵەی خۆمان بکەینەوە،زۆری پێ نەچوو لە ڕێگای یەکێک لە کوڕە شێخەکانی بارزان ،بنەماڵەی محمد ئاغا چۆنێتی کوشتنی جەوهەریان بۆ ڕوون بویەوە ،حوسێن ئۆقرەی نەگرت و دەی ویست بە زووی هەر نەبێ بکوژی براکەی بکوژێتەوە،ئەوە بو ڕۆژێک ئاگاداری وەرگرت کە ڕەفعەت و کوڕە پورێکی بەرەو هەولێر دەچێت،ئەویش لەگەڵ چەکدارێکی تری نە ناسراو لە ناوچەی پردی حافیز ،جادەیان لێ دەگرن و لۆریەکەیان ڕگرت ،ڕەفعەت دەم و دەست زانی مە سەلە چیە،هەروەک کوڕە پوروکەی گێراویە تیەوە و وتی با تورکمانی پێی وتم،(سەن گێت مانن ئۆڵدرەر)واتە تۆ برۆ منین کوشت،حوسێن و چەکدارەکەی تر ڕەفعەتیان داگرت و لا

پشت جادەکە کەشتیان،و تەرمەکەین بردە کەلاّلە دواتر کەس و کاری هاتن و بردینەوە،پێش بردنەوەی تەرمەکەی . چوونە لای مەلامستەفا ،ئەویش پیانی گوت بوو ئەو کولەیەی بە رەفعتیانەوە ناوە بە منیان ناوە

حوسێن کە هەرەشەی مەلامستەفا ی بیستەوە ،پەنای بۆ مالی شێخ عوسمان برد لە بارزان ،ئیدریس هات و هەرەشەی لە عوسمان کرد،ئەویش بە ناچاری و دوور لە داب و نەریتی بارزان حوسێنی تەسلیم کردن،ئەوانیش بۆ شوێنێکی نادیار بردیان و کوشتان،لە هەمان کاتیش فاخیریان گرت و دواتر محمد ئاغا خالّی مەلامستەفا یان گرت،هەرچەندە زۆریش بە تەمەندا چوو بوو،فاخیر بۆ ماوەیەک لە زیندانی رایات زیندانی کرا،لەناو زیندان و لە ڕێگەی پاسەوانێک توانی بووی دەمانچەیەک دەست بخات،جارێکیش سەعید مەسیفی ویستبووی بیکوژێت،بەلاّم فاخیر توانی بووی لە پڕ جامانە لەملی سەعید بئالێنێت و بە عەرزیدا بدات،زیندوو مانەوەی فاخیر ئۆقرەی لە مەلا مستەفا بڕی بوو،دەترسا ڕۆژێک دەربازی ببێت،لە سەرەتای هاوینی ١٩٧٢ بە مەسعودی کوری ڕاگەیاند کە دەبێت بە خێرای فاخیر لە ناو بەرێت،ئەویش کەریم سنجاری ئاگادارکردەوە کە کەسێک بۆ ئەم کارە ڕاسپێرێت،وایان بە باش زانی کارەکە بە (محەمەدەمین)ئەنجام بدەن،ئەو پیاوە دانیشتوی ناوپردانە و سەر لقی بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی بوو،ڕۆژی جێ بەجێ کردنی تیرۆرکردنەکە،مەسعودو و کەریم سنجاری ڕۆشتنە رایان ،سەعید مەسیفی ئامۆژگاری محەمەدمینی کرد کەواباشترە کەی فاخیر خەوی لێکەوت ،ئینجا دەرگای بۆبکاتەوە و فەرمانی سەرۆک جێبر جێ بکات،محەمەددەمین چوار سەعات چاوەڕێی کرد تا فاخیر خەوی لێکەووت،بەم جۆرە فاخیر لە زیندانی رایان ولە کاتی خەودا ،لەسەرەتای هاوینی ١٩٧٢.تیرۆرکرا،مەسعودیش مژدەی تیرۆرکردنی بۆ مەلامستەفا برد

حەمەدئاغاش دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول لە زیندان ئازاد کرا،برلاّم هەر هەمان ڕۆژی ئازاد بوونی،لە کاتێکدا بە ڕێگاوە بوو،یەکێک لە بارزانیەکان لە نزیک (بەردە زرووەی)لە رایات ،ڕێگای پێگرت و پێی گووت (ها ئەوە دەچیتەوە تا ببی بە شێخی بارزان)،ئەویش پێی گووت ئاوا کورد هەمووی دەفەوتێ،کێ لە بیری شێخی بارزانە،بارزانیەکە وەلاّمی دایەوە،نانا مرخت لە شێخایەتی بارزان خۆشکردوە بەلاّم نایبینی ، هەرلەوکاتەدا بە بەرچاوی ژمارەیەک لە خەلّکی دەستریژی کوولەی کردە سەری و کوشتی.

# :مەلامستەفا و ناوچەی برا دۆست،کەردوستان پۆست

دانیشتوانی ناوچەی برادۆست لە سەدەی رابردودا، هیچ کات کوچکیان بە تەنی نەبونە لەدەست چەتەگەرایی خێل بەناوی کوردایەتییەوە. هەردەم راوەدو نراون و ئاوارە و مالوێران کراون. سەرەرای راوەدونان، لە دەربەدەریش چەپۆکی کوردایەتی و بەربەرەکانێی شێخایەتیان لەکۆل نەبۆتەوە. لە سالی ١٩٥٨ و ١٩٥٩ زۆرینەی گوندەکانی ناوچەی برادۆست کەوتونەتە بەر لولەی تفەنگی چەتەکانی بنەمالەی بارزانی بەناوی کوردایەتیەوە. دانیشتوانی ئەو دەڤەر ئاوارەی تورکیا کراون و لە ناوچەی شەمزینان بێ مال و نان و نوانی لە سەرماو ترساو برسان تولاینەوە. ناچار لە سالی ١٩٦٢ تەسلیم بە دەولەتی عێراق بوینەوە و خێزانەکانی بێ .بەرگ و نانیان کواستراونەتەوە بۆ دەشتی هەولێر

ئاوارەیی و بێمالی لەناو خاکی رەسەنی باپیران و بەدەستی هاوزمانان، دەردێکی زۆر قورس و بێ هەودایە. بەتایبەت بۆ ئەو سەردەم، کە کەس خاوەنی هیچ شەهادە و زانیاری و پیشە و بازرگانی نەبووە، تەنها سەرانی .خێل نەبن، ئەوانیش رەش و روتی بێچارە و برسی و بێ مالیان کەلەدیل ئاسا بۆ مەرامی خۆیان بەکارهێناون

هەژارە راوەدو نراوەکانیش هەردەم بە حەسرەتی کەرانەوەی سەر کاولە گوندەکانیان بونە. لە سالی ١٩٦٥ هەولێك دراوە بەدەست پێشخەریی مەحمود بەگی خەلیفە و حاجی محەمەد شێخ رەشید لۆلانی، کە مەلا مستەفای بارزانی رازی بکەن بۆ ئەوەی فەرمان بدات بە عەفو کردنی هۆزی برادۆست و رێگا بە ئاوارە و خاوەن .گوندەکان بدرێ و بگەرێنەوە سەر خانووە داروخاوەکانیان و ببێتە کۆتایی شەری بارزان و برادۆستان

لەسەر ئومێد هەلچنین بەو هەولە، زۆربەی خێزانە وەدەر نراوەکانی برادۆست لە دەشتی دیانا گرد بونەوە و چادر و رەشمالیان هەلدان و بەشێکیان کەپریان چێکردن بۆ کاتێکی نادیار. لەو کاتەدا زۆر بە هیواخوازییەوە، چاوەروانی ویژدانی کورد پەروەرانەی مەلا مستەفای بارزانی بون. ویژدانی ئەویش هەر وەك پیشەی هەمیشەیی دەست بەکار بو بۆ جێنۆسایدی کردنی مال و خێزانی بێتاوان لەسەر عەقلێکی خێلگەرایی و بەناوی .کوردایەتییەوە

ئێمە چەند خێزانێك لە دەشتی دیانا کەوتینە رەخ (رۆخ) یەکتر. هەر خێزانێك چەند مندالە هوردەوالە و دوور لە بیری تاوانی تاوانبارانی کوردایەتیان هەبون. ئێمەی مندال، هەردەم بە زگی برسی و بەرگی پنی پنیمانەوە، .بێعارانە لە یاری کردن و سەرەرۆیی نەدەکەوتین و دایکانیش عەودال و هیلاك و ناخ بەسۆ بەدوامانەوە بون

من و چەندین مندالی هاوتەمەن و عجول خەریکی یاریی چاوشێرکانێ و کەلانێ بوین. هەر خێزانێکیش چەند سەر بزنیان هەبون. ئێوارە بو، دایکانمان زەرك و پارزینکیان هەلگرتن و ویستیان برۆن بۆ بێری بزنەکان. ژیانی ئێمەی مندال، جیهانێکی شێوە بهەشت و سادە و بێگەرد بو. هەر بە یاری کردن و راوەدونانی یەکترەوە خەریك

بوین. لەو سەروبەندیدا لەسەر یاری لێمان بووە شەڕو یەکتر ڕاوەشاندن. دایکیشم ڕاوی نام و چەپەلۆکێکی بەسەری دادام. قۆلی گرتم و لەگەل خۆی ڕاپێچام بۆ ناو بزنان. بێر کراو بزن دۆشران و بێری ئامادەی گەڕانەوە بون بۆ مال. دایکانمان بێزار بون بەدەست عجولی و نەڕاوەستان و سەرەڕۆیمانەوە. دایکم پالەستووەکی پێڕانام و گوتی، وەللەهی لەگەلمان ناهێیتەوە بۆ مال و دەبی لەبەر بزنان لەگەل ڕەسول و سەمەد .بمینێیتەوە. ڕەسول سۆفی، تۆزێك لەمن بەتەمەنتر بو. سەمەد مهاجیر لە دەوری چواردە سالان بو

من لەگەل ڕەسول سۆفی و سەمەد مهاجیر لەبەر بزنان مامەوە و لە خوار سەروکانیی دیانا بزنمان دەلەوەڕاندن. دیارە مندالە ڕەفیقەکانم بە کۆمەل لە بەینی مالی ئێمەو مهاجیر شۆشنەیی هەر خەریکی کەلانێ بون. هێزی کوردایەتی کەتیبەیەکی هاونانیان لە سەروکانیی دیانا دامەزراندبو. هەدەفیان لە مال و خێزانی بێتاوان گرتبو. بەلێ هێزی کوردایەتی دەستی لە مندالە ڕەفیقەکانم و دایکە شەکەتەکان وەشاند. مالەکانمان بە فەرمانی مەلا مستەفا بارزانی و سەرپەرشتی مقەددەم عەزیز عەقراوی هاونباران کران. لەو هاونباران کردندا، ١٣١ مندال و دایك گیانیان لەدەستدا. سەلیم مستەفا ئێشمەیی دو مندالی بەر هاونانی کوردایەتی کەوتن و .ڕوحی فریشتەییان لە لاشە جیا بویەوە

موعجیزە بو کە من لەگەل بێریان نەگەڕامەوە. نەگەڕانەوەم بووە هۆی تەمەن درێژی و مانەوەم لە ژیاندا. دلنیام مانەوەی من تەنها بۆ ئەوە بووە کە بتوانم کەمێك لەو چیرۆکە خنکێندراوانە وەك خۆیان بگێڕمەوە. چونکی بناغەی کوردایەتی لەسەر خۆپەرستی و چەتەگەرایی و چەوساندنەوەی کوردان دامەزراوە و هەردەم درێژەیان بەو بناغە داوە، هەتا ئێستایش خەلکانی مەزلوم و ستەم دیدەی دەستی کوردایەتی، ناوێرن گوزارشت لەخۆیان بکەن و باسی ئەو تاوانانە بکەن کە دەرحەق بە مال و خێزانیان ئەنجام دراوە. هاونی یەکەم ئەو کۆمەلە مندالەی بەهەدەف گرتن کە کشتیان هاوتەمەن و ڕەفیقی یاری کردنم بون و چواردەیان بە یەکەم هاون کوژران. ئاییی چەندین جار بۆ ئەو ڕەفیقە مندالانەم گریاوم کە هەردەم پێکەوە لە ڕاکردن و یاریی کەلانێ، کێلانێ، بڕانێ، چاوشێرکانێ، سێرێزکانێ، شێر و خەتانێ، همباندزیانێ، کەلامستانێ، کەتیلۆکانێ، شارشارۆکانێ، تۆپانێ، ساپساپانێ و مالەسیجانێ دابوین و دایکانمان بێزار دەکردن. بەلێ هەر بە یەکەم .هاون، سەرجەم ڕەفیقەکانی مندالیم لەدەست چون و هەتا مردن ناتوانم لەبیریان بکەم

بەلێ زیادتر لە مانگێك ڕۆژانە چینە گریانێکم دەکردو بە دایکم دەگوت، کوا فلان برادەرەم، کوا کوڕی حاجی حەکیم و سۆفی سەلیم و ئەوانیتر؟ کوان بۆ دیار نینە یاری بە یەکەوە بکەین و غەریبییان دەکەم؟ دایکم بەدەستمەوە قراری نەدەگرت و دەیگوت، ئۆۆییی کوڕم چۆن تۆیش لەگەلیان بەر تۆپ نەکەوتی و لەکۆلم نەبویتەوە، ئێ کوڕم ئەوان کوژران، کوژران. دیسان بە گریانەوە دەمگوت، ئێ دایە دەتوخوا پێم بلێ، کەی دێنەوە؟ دایکم تورە دەبوو دەیگوت ئێ دەبەسە، ناگەڕێنەوە نە. جار هەبو، هندەك لەو دایکانەی مندالیان لەدەست دابون، لای دایکم دەبون و دیسان پرسیارو، ئەرێ دایە، بۆ برادەرانم ناهێنەوە و یاریم لەگەل ناکەن؟ .دایکەکان برینیان دەکولانەوە و دەستیان بە گریان دەکرد

سەلیم مستەفا ئێشمەیی هەتا مانگی دوی ئەمسال لە ژیاندا مابو. بەداخەوە بۆ ماوەیەکی درێژ نەخۆش و لەسەر جێگا بو. هەر چاوی لە دادگایەك بو کە لەدایك ببێت و بتوانێت دادو داوای خوێنی بە ناحەق ڕژاوی منداڵەکانی تۆمار بکات. کەچی ئەو ئومێدەی بردە ژێرگڵ و دایکی کوردایەتی نەك دادپەروەریی لێ پەیدا نەبو، بەڵکو زگ و حەملەی تەنها خوێن و گریان و فرمێسکی هەژارانی کورد بو.

بەڕێزان و خۆشەویستانم، بابەتی قەتڵ و عام کردنی ماڵ و خێزانی بێتاوانی برادۆستان لە ساڵی ١٩٦٥ لە دەشتی دیانا، دەیان چیرۆکی لەم چیرۆکانەی ماون بەبێ تۆمارو پرسیارو دادگەری و لێپێچینەوە. دڵنیام لە ناوچەکانیتریش، هەژارانی کورد هزاران تاوانیان بەسەرهاتووە بەدەستی کوردپەروەرانی مەلایی و جەلالیی و هاوبیرانیان و هەر کەسێکیش ویستیبێتی ڕاستیەکان بدرکێنی، هەر زوو دەستی کوردایەتیی لێوەشاوە و بێدەنگیان کردووە.

بۆیە دەتوانم بەبێ پێچەوانە بڵێم، دوای ئەو هەموو تاوان و کردارانەی کوردایەتی، نەك دەستکەوتمان نەبووە، بەڵکو، زەرەرمەندیی سەرەکی لە گیانی و ماڵی و مەعنەوی و خاکی، هەر کوردی ژێردەستە و چەوساوە بونە و هەتا بنەماڵە خۆپەرستەکانی کوردایەتیش دەست ڕۆیشتوو خودان بڕیار بن، کوردان لە جیاتی سەرکەوتن و ئازادی، تەنها ژێرکەوتن و خوێن و فرمێسک ڕشتنیان بەرهەم دەبێت

# :سەرەتای ناوبانگی مەلا مستەفاو کردنی بە سەرکردەی ئەفسانە

لە مێژووی خەباتی چەکداری گەلی کوردا ناتوانین کەسێک بدۆزینەوە هێندەی مەلا مستەفا ی بارزانی گەورەکرابێت و کرابێتە ئەفسانەو پاڵەوان ، کە ئەمانەش چەندین هۆکاری هە بوە و چەندی رووداو لە بارودۆخە جیاوازەکاندا یارمەتی دەر بوون لەوەی مەلامستەفای بارزانی وەک رابەرێکی عەشایەری بگوازێتەوە بۆ رابەرێکی نەتەوەی ،بارودۆخی کوردوستان لەوکاتەدا چەند شۆرش و جموجوڵێکی بە خۆیەوە بینی کە وای کرد مەلا مستە فا لە سەر شانۆی رووداوەکاندا دەرکەوێت و بەناوبانگ بێت و وەکو سەرکردەیەکی فریادرەسی :مافە نەتەوەیەکانی گەلی کورد بناسرێت

## ١-شۆرشی دەرسیم

لەپاش نەمانی شۆرشی ئارارات رژێمی تورکیا کەوتە گیانی کوردەکان و ناوچەکانیان ،کوردەکان لە ناوچەکانی خۆیان رادەگواستران و لە جێکەیاندا تورکی هاوردە نیشتەجێ دەکران،بەتایبەتی لە ناوچە سنوریەکاندا ، پاشان لە ساڵی ١٩٣٢دا بریاری قەدەغەکردنی زمانی کوردی لە نوسین و خوێندن و قسەپێکردنی درا ،بارێکی سەربازی توند بە سەرکوردوستانی بن دەستی تورکیادا سەپێنرا ،هەموو نەریت و کلتورو جلوبەرگێکی کوردی و بۆنەیەکی نەتەوەی قەدەغەکرا ،ئەم بارە توندە و چەوساندنەوەی کوردە وای کرد کە کورد ناچار بە خەباتی چەکداری بکرێت ،لەو قۆناغەدا شۆرشی دەرسیم لە سالی ١٩٣٧ بە رابە رایەتی (سەید رەزا)دەستی پێکردو خەباتی چەکداری دژی رژێمی تورکیا لە جۆشو خرۆشدا بوو،بەڵام ئەم شۆرشەش وەکو هەموو شۆرشو راپەرینەکانی دیکە هەر زوو دامرکایەوە بە زەبری هێزو کوشتو کوشتار دامرکایەوە،سەید رەزاش زۆر شەرەف مەندانە مەیدانی خەباتی تادوا هەناسە چۆڵ نەکردو لەگەڵ مەینەتی و ئازارەکانی میللەتەکەیدا دەژیا ،وەکو سەرکردەیەکی راستەقینە هەر لەگەڵ شۆرشگێراندا لە سەنگەردا بوو تا دوارۆژی ژیانی هاوشێوەی قازی محمد و لە وێنەی سەرکردەیەکی دلسۆزو نەتەوایەتیدا لەسەر سێدارە گیانی سپارد و دوارۆژەکانی ژیانی بە گەلەکەی بەخشی،لە دوای مردنی سەید رەزا بلێسەی شۆرش نەکوژایەوە و بەردەوام بوو ،جۆش و خرۆشێکی نەتەوایەتی لە کوردوستاندا سەری هەڵدا کەلە دوای ئەوەوە شۆرش و راپەرینە عەشایەریەکان مۆرکێکی نەتەوەی وەر گرت و خۆی لە چوار چێوەی داخوازی نەتەوایەتی دا نواند.ئاوارە بونی چەندین شۆرشگێری دەرسیم بۆ کوردوستانی خواروو ،وە پاڵ پشتی و پێشوازی گەرمی رۆشن بیرە کوردەکانی کوردوستانی خوارو بۆ شۆرشگێرانی دەرسیم کارێکی گەورەی کردە سەر هەست و ویژدانی کوردەکانی کوردوستانی .خواروو ،کە بە هەزاران کەس ئامادە بوون دوای هەر کەسێک بکەون کە چەکی بەرەنکاری بەرزبکاتەوە

هەڵهاتنی مەلامستەفا بۆ سلێمانی و پشتگیری کردنی لەلایەن رۆشنبیرەکوردەکانەوە لە شاری سلێمانی ،لەو هەلو مەرجەی پاش نەمانی شۆرشی دەرسیم ،هۆیەکی کاری گەر بوو کە لەپاشدا مەلا مستەفا ی لەسەرۆک

عەشیرەتێکەوە بەرەو سەرکردەی نەتەوایەتی برد. شەڕ و شۆڕی بنەماڵی بەرزانی لە ناوچەیەکی تەسکی بارزاندا بە رەو شۆڕشی نە تەوەی کوردوستانی برد،باشترین نمونەش ئەو یارمەتیە گەورەیەی سەعید . بیرۆخی لەکوردوستانی بن دەستی تورکیا بوو کە پێشکەشی مەلا مستەفا ی کرد لە ۱۹٤۳/۹/۳دا

ئەم شۆڕشە گیانێکی نوێی نەتەوایەتی بە بەر بیری تاکی کوردا کرد،بیریان لە سەرکردەو رابەرێکی .سەرتاسەری دەکردەوە ،بۆ ئەوەی رابەرایەتی خەباتی چەکداری بکات لە کوردوستاندا

لەو کاتەشدا چەندین رێکخراو و کۆمەڵەی کوردی هەبون کە ناو بانگی سەرکردەو پێشەنگەکانیان سنوری ناو چەیی تێ نەدەپەڕاند،بۆئەوەی پارتێکی نەتەوەی گشتگیر بێتە بوون پێویستە سەرکردەیەکی نەتەوەی و کاریزمای رێبەرایەتی بکات، بۆیە لەو رۆژگارەدا زۆرێک لەو رێکخراوانە هەستان بە بانگەشەکردن بۆ مەلامستەفا و گەورەکردن و هەیبەت پێدانی لەسەر ئاستی کوردوستاندا و هەوڵیاندەدا سنوری ناو بانگی مەلامستەفا  ناوچەکان تێپەڕێنێت،لە و پێناوەشدا زۆر شتی نا ڕاست و پڕو پاکەندەی ناجۆریان دەکرد کە گوایە مەلامستەفا سەرکردەیەکی نەتەوەی رۆشنبیری کوردەو هەمو کورد لە دەوری یەک کۆدەکاتەوە کەسێکی دونیا نەویستەو تەنها ئامانجی دەست خستنی مافەکانی گەلی کوردە،هەموو ئەو پڕوپاگەندانە کارێکی وای .کرد مەلا مستەفا ناوبانگێکی زۆر پەیدا بکات و هەموولایەک بە چاوی هیواو ئومێدەوە لێی بڕوانن

## : ۲-دروست بونی رێکخراو کۆمەڵەکان

. لە دوای شۆڕشەکانی سیەیدرەزا و شێخ مەحمودی حەفید چەندین پارتو رێکخراوی سیاسی دروستکران

لە سالی ۱۹۳۷دا کۆمەڵەی برایەتی لە شاری سلێمانی لەلایەن (شێخ لەتیفی حەفید،سدیق شاوەیس،ئیسماعیل حەقیل شاوەیس ،مەلا ئەسعد)وە دامەزرا.لەوکاتەشدا مەلامستەفا لە سلێمانیدا دەست بەسەر بوو،رۆشنبیرانی برایەتی کە هەڵگری بیری نەتەوەی کوردی بوون ،هیوایەکی زۆریان لە مەلا مستەفا ی سەرۆک عەشیرەت چاوەروان دەکرد ،سەرانی رێکخراوی برایەتیش هێشتا لە بیرو باوەری ئایدیای دەرەبەگایەتی رزگاری نەببوو ،پێیان وابوو کە بەبێ سەرکردەیەکی ئاینی یان عەشایەری خەباتی چەکداری بۆرزگاری نەتەوەی مەحاڵە ،بۆیە لە سالی ۱۹۳۸ دا ،هێڵێکی بەناوی (ئازادی کورد)تیایاندا دروست بوو کە زۆربەی ئەندامەکانیان، یان سەر بە حیزبی کۆمۆنیستی عێراقی بون یان لایەنگری بوون،هەر لەوساڵەدا کۆمەڵە یەکی تر لە نێو رێکخراوی برایەتی دا دروست بوو بەناوی (دارکر)کە رەوتو ئایدۆلۆژیو بیروبەرنامەیان زۆر روون نەبوون،وەلە سالی ۱۹٤۱ هەرسێ رێکخراوی (برایەتی،ئازادی کورد،دارکر)لەسەر ئەوە رێکەوتن کە یەکبگرن و یەک حیزبی سیاسیان پێک هێنا بە ناوی (هیوا)،ئەگەرچی لە دایک بونی حیزبی هیوا ،بوە مایەی دڵ توندی حیزبی شیوعی عێراقی،لەو بار و دۆخی ئەوکاتەدا هەل و مەرجی گەشەکردن و فراوان بونی حیزبی هیوا زۆر لە .باربوو، پەلو پۆی هاویشت بۆ هەولێر و کەرکوک تا کوردەکانی بەغدادیش

دەیان و سەدان هەمەجۆر و هەڵگری بیروڕای جیاوازی تیادا کۆبویەوە ،هەرلەوانەی پشتیان بە یەکێتی سۆڤیەت دەبەست تا ئەوانەی ئینگلیزیان بە پشت و پەنا دەزانی و ئەوانەشی کە پێیان وابوو کورد دەبێت .تەنها پشت بە خۆی ببەستێت

هەژاری و نەداری و بێکاری بەرهەمی جەنگی دووەمی جیهانی زەمینەیەکی لەباری گەشەکردنی حیزبی هیوا بوو ،باڵی لایەنگرانی ئینگلیز لە ناو حیزبی هیوا زۆرینەو باڵادەست بوون هەر ئەوباڵە کەسەناسراوەکانی وەک (رەفیق حیلمی ،ماجد مستەفا)ی تێدا بوو ،بونی مەلا مستەفایان لە سلێمانی بە هەل زانی بۆلێک نزیک .بونەوەو پاشان بەژداری کردنی لە کۆرو کۆبونەوەکاندا

مەبەستی حیزبی هیواش لەو کاتەدا هەوڵ دان بوو بۆ بەکارهێنانی مەلا مستەفا وەک سەرۆک عەشیرەتێکی دیار و ناو دار و وەک شەڕ کەرێکی شارەزاو خاوەن ئەزموون.بۆرابەرایەتی کردنی خەباتی چەکداری ئایندەو بەدەست هێنانی لانی کەمی مافە نەتەوایەتیەکەی گەلی کورد ،وە بۆ شکاندنی ئەلقەی تەسکی خواستی کەسایەتی و عەشیرەتی ئەوبنەماڵەیەو دارشتنی خواستەکان لە ئایندەدا لە قاڵبێکی فراوانتروو گەورەتری .خواستی نەتەوەیدا

هەربۆیەش حیزبی هیوا بڕیاری دا کە هەلومەرجی دەربازبوونی مەلا مستەفا لە دەست بە سەری بڕەخسێنێت

بۆیە لە شوی ١٩٤٣/٧/١٢دا مەلا مستەفا یان بەرێکەی سنوری دەستکردی نێوان عێراق-ئێراندا لە سلێمانیەوە .رەوانە کرد بەرەو بارزان

## : ٣- پێویستی خەباتی نەتەوایەتی کورد بە رابەرێکی ئاینی یان عەشایەری

بەدرێژای مێژووی ڕاپەرینە ناوچەیە کانی گەلی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردوستانداو تەنانەت راپەرینە سەرتاسەریەکانی پارچەکانی تریش ،گەربەوردی سەرنجی لێبدەین دەبینین هەمیشە لەژێر فەرماندەی و رابەری پیاوێکی ناوداری کوردا بوە ،جا ئاینی یان عەشایەری حیزبو رێکخراوەی هەڵسوڕێنەر بوبێ یان نە .بووبێ

ئەوە شۆڕشو ڕاپەرینەکانی سەدەی نۆزدەو نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمیش تاکە ساڵی ١٩١٨ کە ڕاپەرینەکە ئەگەر چی نەخشە دانەرو هاندەرو رێخۆشکەرو مستە شارەکانی کەسانی شۆڕشگێر و ڕۆشنبیر بوون بەڵام فەرماندەو رابەر هەر سەرۆکی ئاینی یان عەشایەری بوون، وەکو کۆماری مەهاباد ،لەگەل بونی (ژ.ک )و پاشان حیزبی دیموکرات ،هێشتا پەنایان بردە بەر قازی محمەد رابەری ئاینی و ناودارو ناسراوی ڕۆژهەڵاتی کوردوستان، شۆڕشی ئەیلولیش بە هەمان شێوە، هەر بۆیەشە حیزبی هیوا کە ئەندامی ناوەندە دەستەی دامەزرێنەر و کەسە هەڵسوڕێنەرەکانی لەکەسە هەرە نشتیمان پەروەر و ڕۆشنبیرەکان بوون

،ئەگەرچی هەندێکیان بە چاوی گومانەوە سەیری دەستەی دامەزرێنەرانی خۆیان دەکرد وەک (ڕەفیق حیلمی و ماجد مستەفا )کە گوایە پیاوی ئنگلیز بوون ،بەڵام بە هەر هەموشیان کاریان دەکرد بۆ پشتگیری و ڕێنمای پێکردنی مەلا مستەفا و جڵەوی کاری پێشمەرگانەو شۆڕشیان دابوە دەستی و مەلامستەفا یان بە براگەورەو .سەرکردەی خۆیان ناو دەبردو بە زۆر بە سەر خۆیان و جەماوەری پڕ جۆش و خرۆشی کوردیاندا سەپاند

ئەمەکداری حیزبی هیوا لەسەر مەلامستەفا بۆ بوونی بە تێکۆشەرێکی شۆڕشگێرو سەرکردەیەکی داسەپاوی ناسراوی کورد هەر لە ساڵی ١٩٤٥ وە خۆی لەم ڕاستیانەی خوارەوەدا دەبینی کە بەداخەوە زۆرکەم کەس لە .هاو زەمانەکانی مەلامستەفا بە جورئەتەوە هەستاون بۆلابردنی پەردەی ناڕاستی لە سەر ڕاستەکان

أ-یارمەتی دانی مەلا مستەفا بۆ دەربازبون لە دەست بەسەری لە سلێمانی و گەیاندنەوەی بەناوچەی بارزان،کە هەم هەلی بۆ مەلامستەفا ڕەخساند کە بۆ یەکەم جار بچێتە سەرشانۆی سیاسی و ناو وناوبانگ دەربکات ،و هەم بە مانەوەی شێخ ئەحمەدو براکانی لەسلێمانی،مەیدانی سەرۆک عەشیرەتی بارزان و ڕابەری ئاینی تەکیەی بارزان و خۆسەپاندنی بۆ سەر عەشیرەتەکانی تری ناوچەکەدا بۆ چۆڵ بوو وەبە ڕەخساندنی ئەو هەلومەرجە هەردوو دەسەڵاتی ئاینی

.وسیاسی دەستی بەسەردا گرت

ب- بەنەخشەوپلان و هاندانی حیزبی هیوا مەلامستەفا جارێکیتر توانی هێزی چەکداری لە خۆی کۆ بکاتەوە ئەم جارەیان نەک تەنها هاوکاری عەشیرەتی بارزانی مسۆگەرکرد بەڵکەو هاوکاری و هاریکاری . زۆربەی عەشیرەتە کوردەکان و نەتەوەییەکان و ڕۆشنبیرەکانیشی وەک لایەنگری بزوتنەوەکەی مسۆگەرکرد

ج- لایەنگرانی ئینگلیز لەناو حیزبی هیوادا ،بەجۆرێک پشتگیری مەلا مستەفا یان دەکرد کە بە نوێنەران و سیاسەتمەدارانی ئینگلیز لە عێراقدا بناسێن، لە کەسانی وەک(شوتری نوێنەری ئینگلیز لە سلێمانی .(،کۆرنوالی باڵوێزی ئینگلیز لە عێراقدا مینجەر ئادمۆنسی ڕاوێژ کاری ئینگلیز لە وەزارەتی ناوخۆی عێراق

د- دیسانەوە لایەنگرانی سۆڤیەت ئەوکات لەناو حیزبی هیوادا هەوڵێکی زۆریاندا بۆ ناساندنی مەلامستەفا .بە باڵوێزخانەی ڕوسی لە ئێران

ن- بە پلانێکی داڕێژراو پاش بونی (ماجد مستەفا )بەوەزیری وەزارەتەکەی (نوری سعید)لە ١٩٤٣/١٢/٢٥ کەیەکێک بوو لە سەرانی حیزبی هیوا وەنزیکترین کوردی کوردوستانی عێراقیش بوو لە نوێنەران و سیاسەتمەدارانی ئینگلیز لە عێراقدا،توانی بە نوری سەعیدی سەرۆک وەزیرانی عێراق بسەلمێنێ کە پێویستە ،ڕێگای و توێژ دیبلۆماسیانە لەگەڵ مەلا مستەفا دا بگیرێتە بەر

:پلانی ماجد مستەفا بۆ جێبەجێکردنی ئرم خاڵانە بوو

١-بۆئەوەی بۆچونێکی سیاسی بدرێتە پاڵ ڕاپەرینەکەی مەلامستەفا و دەوڵەت بە ڕەسمی مەلامستەفا و چرکدارەکانی (بە شۆڕشی کەرد)بناسێ.

٢-بۆ ئەوەی داخوازیەکانی مەلامستەفا بە جۆرێک دابڕێژرێت بۆکاتی وتویژ کە تەواو چوارچێوەی خواستی نەتەوایەتی تیادا رەنگ بداتەوە.

٣-بەناوی گەڕانەوەی دەستەڵاتی دەوڵەت بۆ ناوچە (ناوچەی بادینان)بنوێنێ چرند ئەفسەرێکی سەپای عێراقی ،کە لە ئەندامانی حیزبی هیوا بوون بەنهێنی بنێرێنە ناوچەی بارزان و بادینان بۆ پەیوەندی بەردەوام بە مەلامستەفا و ئامۆژکاری کردنی و پاشان بوەنیان بەراویژکاری ڕێنیشاندەر و مستەشاری مەلامستەفا .

هەلو مەرجەکانی ئەوکاتەی عێراق زەمینە خۆشکەر بون بۆ بە نێوبانگ بوونی مەلامستەفا- .

تاکو ساڵی ١٩٣٥ جەبەجێ کردنی ئەرکی سەربازی لە سوپای عێراقدا هەر لەسەر شێوەی ئارەزومەندانەی تاک بوو، هەرکەسێک بیویستایەو ئارەزوی لە جەکداری هەبوایە دەرۆشت بۆ خزمەری سەربازی .

لە ساڵی ١٩٣٥دا یاسای خزمەتی سەربازی بەزۆر لە سوپادا بۆ هەموو عێراقیەک کورد یان عەرەب یان هەر کەمە نەتەوەیکی دیکە دانرا.

ئەم یاسایە ئەگەرچی لە ساڵی١٩٣٥ وە لە پەرلەمانی حێراقدا پەسەندکرا و بڕیاری لەسەردرا کە کاری پێبکرێت،بەڵام لە زۆربەی هەرەزۆری ناوچە عەشایەر نشینەکانی عێراقی عەرەبی لە ٥٠ لە سەدی ناوچرکانی کوردوستانیش کاری پێنەکراو دەوڵەتی ئەوکاتەی عێراقی ئەودەستەڵاتەی نەبوو کە جێبەجێ کردنی ئەویاسایە لە هەموو عێراق و کوردوستانی خواروو بسەپێنێ، تەنانەت لە بەشێکی زۆری ناوچەکانی کوردوستان و هەندێ ناوچەی عەشایەری عەرەبیش تاکو شۆڕشی ١٤ تەموزیش ئەویاسایە جێ بەجێ نەکرا.

بۆنمونە لەعێراودا لە ناوچەی رومادی ژێردەستەڵاتی عەشیرەتەکانی (دیلمی)پاشان لە ناوچەی تکریت و ناوچەکانی ژێردەستە ڵاتی عەشیرەتەکانی (جبوری)چەند شوێنێکی تریش ،وە لە کوردوستانیش لە ناوچەی پشدەر ئاکۆیەتی ە هەندێ ناوچەی بادینانیش.

لاوازی و بێ دەستە ڵاتی حکومەتی ئەوکاتی عێراق هەم لەڕووی سیاسی و هەم لە ڕووی سەربازی،لە ڕووی سیاسیەوە عێراق خاوەنی سەربەخۆی سیاسی نەبوو ،بەشێکی ئینتیدابی بەریتانی بوو، بەریتانیاش بە پێی بارودۆخی جەنگی جیهانی دووەم وناوچەکە سیاسەتی ناوخۆی عێراقی پیادەدەکرد،کە لە ساڵی ١٩٤٣دا تاکو ساڵی ١٩٤٥ی کۆتای جەنگی جیهانی دووەم،بەریتانیا مەبەستی بوو کە دۆستایەتی کوردەکان بەدەسی بهێنێت لانی کەم دۆستایەتی کوردەکان برلای خۆیدا ڕابکێشێت، بۆکەمکردنەوەی بەشێکی بەرهەڵسیت

کارەکانی، هەروەک هەمان سیاسەتی لە ناوچەی عەرەبی عێراقیدا پیادە دەکرد ئەم سیاسەتەی ئینگلیز ڕێگە خۆشکەر بوە بۆ پەیوەندی کردن بە مەلامستەفا وە بۆ دوو مەبەستی تایبەتی.

١-لەلایەکەوە بۆ فریودانی مەلامستەفا و ڕاکێشانی بەلای خۆیاندا و دوورخستنەوەی لایەنگرانی سۆڤیەتی ناو حیزبی هیوا پاشان ڕێکرتن لە دروست بوونی پەیوەندی لەنێوان مەلامستەفا و سۆڤیەتدا.

٢-لەلایەکی ترەوە بۆ بەکار هێنانی مەلامستەفا لە بەرامبەر ڕژێمی پاشایەتی عێراقدا ،هەرکاتێ بچوکترین بەرهەڵستی هاتە بەردەمیان لەبپیادەکردنی سیاسەتێ خۆیدا لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەران وپیاوماقوڵانی عێراقەوە.

لەڕووی سوپاشەوە ئەگەرچی عێراق بەناو وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ خاوەن دەستەڵاتی ناو خۆی ناو نرابوو ،بەڵام دیسانەوە لە ڕووی سوپاییەوە لەبەر لاوازی هێزی چەکداری وتەکنیکی سەربازیەوە ،هێشتا پێویستی بە سوپاو یارمەتی سەربازی ئینگلیز بوو ،عێراو وەک دوەوڵەتێکی تازە دروستکراو و کەم هێزو توانا ڕووبەڕووی سێ کۆسپی گەرەی بەرهەڵستیکار بوەتەوە:

أ-کۆسپی کوردە ڕزکاری خوازو وێشکەوتن خوازەکان، کە سەر ئەنجامی دیاردکانی شەری دووەمی جیهانی و لەدایک بونو هاتنە کایەی چەندین دەوڵەتی نەتەوەی لەپارچەکانی تری کوردوستانیشدا بەتای بەتی لە کوردوستانی بن دەستی عێراق و کوردوستانی بن دەستی ئێران هەستی نەتەوایەتی و ڕزکاری خوازانەی کورد لە گەشەکردنو فراوانبونێکی گەورەدا بوو .

ب- کۆسپی ڕێکخراوە عەشایەرە نەتەوەییە کانی عەرەب دژ بە دەستەڵاتی ئینگلیز لە عێراقدا وە دیسان کۆسپی حزبی شیوعی عێراقی سەر بە یەکێتی سۆڤیەت

ج-کۆسۆی دەستەڵاتی تەواو چەسپاوی ئینگلیز بەسەر حکومەتف ئەوکاتی عئراقدا، ئەمانە ش هەموویان ڕێگە خۆشکەر بوون لەبەردەم ڕاپەرین و فراوان بوونی ناوی مەلامستەفا دا ،بەڵگەش بۆ سەلماندنی ئەوڕاستیانە وەلامی یەکەم نامەی (ئەدمۆنس)ە ،لە لەیەن مەلامستەفا وە کە ئەدمۆنس لە نامەکەی دا بۆ مەلامستەفا داوای لێکردوە کە ئامادە بێت بۆ گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەری حکومەتی عێراقی دا کە بریتی بوە لە (ماجد مستەفا )بەرامبەر بەوەش ئەدمۆنس بەڵێنی ئەوەی داوەتێ کە داواکاریەکانی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بۆ جێبەجێ بکرێت.

وەلەلایەکی تریشەوە بۆ تاقی کردنەوەی بۆ تاقی کردنەوەی مەلامستەفا بووە کە ئایا فەرمانی ئینگلیز جێبەجێ دەکات و دڵسۆزانە و لایەنگریانە وەک ئەوەی لە ماجد مستەفا یان بیستوە یان بە وێچەوانەوە.

مەلامستەفا لە نامەکەیدا بۆ ئەدمۆنس دەڵێت:

بۆ فەخامەتی بەرزو بەرێزتان،نامەی رۆژی ١٩٤٣/١١/١٣تان کە ناردبووتان ،گەیشتە دەستمان و خستمانە) سەر سەرمان ،ئێمە تەنها رەزامەندی و لوتفی ئێوەمان دەوێت،ئەگەر فەرمانمان پێ بکەن خۆمان بخەینە ناو ئاگرەوە دەی کەین تانها بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانی فەخامەتان،،بەهەرحال ئێمە ئامادەین بەراستی و بەدڵ و گیان و دڵسۆزیەوە بۆ خزمەتی بەرێزتان،بەڵام مەترسیمان لە بەڵێنی بێ بەڵێنان و کردەوەی تێکدەران .هەیە،بۆیە تکامان لە پیاوەتی عەدالەتان ئەوەیە رێگەی گوێ گرتن نەدەن لەوشتانەی دەنوسرێت یان دەگوترێت

لە فەخامەتان دەپارێینەوە کە رێگەیەکمان بۆ بدۆزنەوە بەدەر لەوەی کە ئێمە لێی دەترسین وە بەر هەڵستی یاخی بوون و ناکۆکی بکەن،چەنکە تەنیا شوێنی شیاوی تکامان لای فەخامەتی پایە بەرزتانە ،کە ئەمەش بۆ .توانای بەرێزتان زۆرنیە

(ئیتر فەرمان فەرمانی بەرێزتانە گەورەی پایە بەرزم

دلسۆزی راستگۆ بۆ خزمەتان

بارزانی

. مەلامستەفا

..................................

دوای گەیشتنی ئەم نامەیە ئەدمۆنس ،کەوادیارە هەر هەمان رۆژ بوە واتە ١٩٤٣/١١/٣بوە،سەفیری بەریتانیا (کورنوالیس)هەمان رۆژ بروسکەیەک دەدات بە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لەسەر مەلامستەفا کە رای خۆی لە :سێ خاڵدا دەگەیەنێت

١-وێچەوانەی هەفتەی پێشوو ،مەلامستەفا ئارەزو و ئامادەی خۆتەسلیم کردن و پەسەندکردنی مەرجەکانی .حکومەتی تێدایە کە هرم لێبوردن و هەم لێپرسینەوەش لە داواکاریەکان تێدا بێت

٢-لە پاش وتوویژ لەگەڵ سەرۆک وەزیران واتە (نوری سعید)بە ناچاری سەلماندی کەدەبێ لە ئایندەدا بە چاوێکی تر سەیری بارزان بکرێت ئەوەمەرجانەش کە موستەشاری وەزارەتی ناوخۆی عێراق دای دەنێت بۆ مەلا .مستەفا ،ۆەسەند بکات و رەزامەندی لەسەر بدات

٣-موستەشاریش واتە (ئەدمۆنس)نامەیەکی تر بۆ مەلا مستەفا بنوسێتەوە و مەرجەکانی کە ئێمە بەسەر سەرۆک وەزیراندا سەپاندومانە،پێویستە لە نامەکەدا بنوسرێت و ئاگاداریشی بکات کە ئەو مەرجانە ماقولن و .دەبێت ئەویش پێی رازی ببێت

لەسەر ئەو نامەو نامە کاری و بەڵێن و ڕازو بیازانە و پاش نامەیەکی تری کورنوالیس سەفیری بەریتانیا و دیاریکردنی دانوستانەکان لە ۱۹٤۳/۱۲/۲۱ دا مەلامستەفا لە ۱۹٤٤/۱/۷لە مێرگە سور خۆی تەسلیم کرد.

لە ۱۹٤٤/٤/۲۲لەسەر داواکاری کورنوالیس و ئەدمۆنس پاش چاوپێکەوتنی ماجد مستەفا ،مەلامستەفا چوە بەغدادو چاوی بە نوری سەعید کەوت و هەموو مەرجەکانی ڕێکەوتن نامەکەی ئیمزاکرد کە پێنج خاڵ بوون سێخاڵیان داواکاری مەلا مستەفا بوو کە شۆڕشی ۱۹٤۳ ی لەسەرکرد و دوو خاڵیش داواکاری حکومەتی عێراق بوون ،ئەمەش داواکاریەکان بوون کەلەسەری ڕێکەوتن:

۱-شێخ ئەحمەد و هەموو بارزانیە دوور خراوەکان بگەڕێنەوە بارزان .

۲-گوزەرانێکی خۆش بۆ ناو چەی بارزان دابین بکرێت خواردن و جل و بەرگ و کەرەستەی تریان بۆ بنێردرێن.

۳-باری کاروباری بەڕێوەبەرایەتی لەناو چەی بارزان چاک بکرێت واتە ئەفسەرو فەرمان بەرەکانی ناحیەو قەزاکانی دەوروبەری بارزان بگحڕ درێن بە کەسانی تر لە کورد.

داواکاریەکانی حکومەتیش :

۱-مەلا مستەفا پێویستە هەموو ڕاکردوەکانی ناو پۆلیس و سوپا کە لەلای مەلا مستەفا دالدە درابوون تەسلیم بە حکومەتی عێراق بکرێنەوە.

۲-ئەوچەک و کەرەستانەش کە لە شەڕدا لە لایەن مەلامستەفا و چەکدارەکانیەوە گیراون بدرێنەوە بە دەوڵەت.

بۆ چارەسەرکردنی کاروباری بەڕێوەبەرایەتی ناوچەکە،لەسەر پێشنیاری ماجد مستەفا بە نەخشەی حیزبی هیوا ئەو ئەفسەرە کوردانەی کە لە مەو بەر باسمان کردن دانران بە ئەفسەری پەیوەندی لە ناوچەی بارزان و دەورووبەری دوای گەڕانەوەی مەلامستەفا بۆ بارزان ،حکومەت بڕیاری لێبوردن و ناردنەوەی شێخ ئەحمەد و بارزانیەکانی تری دەرکرد.

دوا بەدوای ئەو ڕێژەوتن نامەیە پاش دانانی ئەفسەری پەیوەندیەکان و پاش گەڕانەوەی شێخ ئەحمەد ،چرندین نامەو نامە کاری تر کە نێوان مەلامستەفا و ئەدمۆنس ،کورنوالیس ،هۆڵت،کنج)جارێژیڤتر بە هەوڵی ماجد مستەفا کە ئەوکات وەزیری وەزارەتەکەی نوری سەعید بوو ،ئەندامێکی حیزبیڤهیواش بوو،ڕاپۆرتێک لە سەر بارودۆخی گشتی کوردوستان هەرلەلایەن ماجد مستەفا وە درایە نوری سەعید کە داوای کردبوو بیر لە بەڕێوبەرایەتی کردنی کوردوستان بکەنەوە ،وە بە هۆی گرنگی پێدانی بەناوچەکانی کوردوستان کە داوای کردبوو دەتوانن ڕێ لە شەڕی ناو خۆ بگرن و ئارامی کە سەر تاسەری عێراقدا پارێزراوبێت.

ئەو راپۆرتەی ماجد مستەفا بوە هۆی ئەوەی کە حکومەتەکەی نوری سەعید هەست بە مەترسی بکات لەسەر مەسەلەی بارزان وە بکاتە ئەو بڕوایەی کە کێشەکە بە بارێکی تردا بڕوات.

لە ناوچەکەرێتیەوە ببێتە نەتەوەی و لە بارزانەوە ببێت بە کوردوستان، بۆیە راپۆرتەکەی ماجد مستەفا ئیستیقالەی خۆی لە ١٩٤٤/٤/١٩ نارد بۆ (وصی)بە تایبەتیش گومانی لەوە پەیدا کردبوو کەلە ١٩٤٤/٤/٩دا داوای ئەفسەرە کوردەکانی کردبوەوە کە ئەوفرمانە یەن وازلێ بێن واتە فەرمقنی (کاری پەیوەندی)وبگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان لەناو سوپای عێراقدا ،بەڵام هیچ لایەکیان ئەوفرمانەی دەوڵەتیان جێبەجێ نەکردو هەر لە شوێنەکانی خۆیاندا مانەوە و مەلامستەفا یان هانشا کەلەرێکەی ئینکلیز مکانەوە داواکاری کەورەو فراوانتر کە حکومەتی عێراقدا بکات،بۆیە مەلا مستەفا لەم نامەیەی کە لە ١٩٤٤/٤/١٩دا بۆ (کورنوالیس )ی نوسی بوو نارەزای خۆی بەرانبەر بێ وەفایی حکومەتی عێراق لە جێبەجێ نەکردنی داواکاریەکانی دەردەبرێت.

......پایە بەرز باڵوێزی جەلالەتی بەریتانیای گەورە)

خوا ترمەنتان درێژبکات و سەرکەوتن هرمیشە لە گەڵ ئێوەدا بێت ئێمەش لە ژێر سایەی سێبەری بەریتانیای گەورەدا بە سەربەستی و بەختیاری بژین.گەورەم دەمەوێت بەرچاوی بەرێزتانی بخەم کە ئێمە فەرمونی بێرەتکردنەوەی بەریتانیامان جەبەجێ کردوە بێ سێ و دوو کردن شەڕمان لەگەڵ رژێمدا راکرت.

وە خۆم تەسلیم بە ئوە کردەوە، دەوڵەتیش بەرانبەر بەوە بەڵێنی داینێ کە سوپا لە بلەو مێرگە سور بکشێنێتەوە لێبوردنی کشتی دەربکات،وەبەپێی ئەو راپۆرتەش کە بەرێزی پایە بەرز ماجد بەگی وەزیری دەوڵەت ،کە بە فرمانی فەخامەتان کردوە و بە وەزیر داویەتی بە وەزارەت و داوای هەندێ (اصلاحات)دەکات لە کوردوستان،رژێمی عێراقی هیچ لەو داواکاریانەی جێبەجێ نرکردوە ،بەڵکو بە هەندێ کاری گومان لێکراو هرلساون .

کە بەڵگەی نیەت خراپیانە و دەیانەوێت چەک لەمن دا بماڵن،دوای گەڕاندنەوەی ئەو ئەفسەرانەیانکردوە کە کاتی خۆی بۆ پەیوەندی کردن نێردرابوونە ناوچەکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و چاودێری کردنی فەرمان بەرەکانی تری دەوڵەت و قەدەغەکردنیان لە دزی و راورووت کردن،کە ئەو ئەفسەرانە هیچ کارێکی خراپیان لێ نەوەشاوەتەوە،تەنیا دڵسۆزانە کاریان کاریان بۆ جێ بەجێ کردنی ئەرکی سەر شانی خۆیان کردووە بەرامبەر بە دەوڵەت و گەل،هرندێ کارو بار گەڕاوەتەوە سەر دۆخی سروشتی خۆی کەچی دەولەت بە بەرچاوی هەموانەوە خەریکی برهێزکردنی سوپاکەو سەربازگە کانیەتی لە بلە و مێرگە سوور ،دەنک وا بلاوە کە دەشیەوێ بە بەهانەی مەشقی سەربازی کردن سوپا بەرێتە ئاکرێ و رەواندوز،لە کاتێکدا حکومەت بچوکترین هەنگاوی نەناوە بەڵگەی چاکسازی بێ بەڵکو حکومەت بەرەیەکی بەربەرەکانێی دروستکردوە لە کەسانێک کە تەنها مەبەستان خراپکاری و دژایەتی کردنی شەخسی یە نوێنەری هیچ بیرو رایەک نین جگە لە ئاژاوە نانەوە و خراپەکاری کردن بە پلانی ئەوپیاوانەی دەوڵەت کەنایانەوێت بارودۆخ بەرەو باشی بڕوات.

. کە ئەمانە بوونەتە هۆی دەردو کەمی ناو چینە جۆربەجۆرەکانی ژورووی ولآت

بۆیە تکام لە فەخامەتان ئەوەیە کە بیرورای بەرزی خۆتانمان پێرابگەیەنن ،ئەگەر هیچ نەگونجاوی بۆئیمپراتۆریەتی گەورە نایاتە پێش ئێمە ئامادەین بۆ سەلماندنی مافی خۆمان بەدەستی خۆمان،وە ئێمە چاوەروانی وەلآمین تاکو فەرمانی پایە بەرزتان جێبەجێ بکەین ،وە فەرمان فەرمانی بەرێزتانە گەورەم من . پابەندم بەهەر فەرمانێک ئێوە پێم بدەن کەس شک نابەم و هیچ داوایەکم نیە جگە لە پایە بەرزیتان

دلسۆزی بەرزی فەخامەتان

بارزانی

. مەلامستەفا

:ئەگەر بەوردی سەرنجی ئەوبامەیەی مەلامستەفا بدەین بۆمان دەردەکەوێت کە

١-تا ئەوکاتەش داواکاریەکانی مەلامستەفا خۆی لە چوار چێوەی تەسکی ناوچە گەرێتی دا دۆزیوەتەوە وەک .کێشانەوەی سوپا لە بلەو بارزان مێرگەسوور و ئاکرێ و رەواندوز

٢-بە ئاشکرا دانی بە وەدا ناوە کە تەنانەت ئەو داواکاریەش کە بە هەندێ چاکسازی ناوچەی کوردوستان . داواکراوە،داخوازی ماجدمستەفایە نەک مەلامستەفا

٣-تەنانەت ئەولایەنانەی کە گوایە دروستکراوی دەستی دەوڵەتن بە بەرەی دژ بە خودی خۆی (مەلامستەفا )ناو .دە بات نەک بەرەی دژ بە گەلی کورد یان بە بەرەی دژ بە داوا کاری مافە رەواکانی گەلی کورد

٤-تەنانەت کلیلی کردنەوەی دەرگای سەندنی مافی خۆیان بە دەستی خۆیانیشی لەلای ئینگلیز بەدی کردوە .پێی وابوە ئەگەر ئینگلیز فەرمانی نەداتێ بەوکارە هەڵناسێ

دوای کۆمەڵێک نامەو نامەکاری لە نێوان مەلامستەفا و نوێنەرانی ئینگلیز وەک (کورنوالیس ،ئەدمۆنس (،هوڵت،کنج

١٩٤٤/٤٢٨ولە ١٩٤٤/٩/٩ ،بێ هیوا بونی هەم ماجدمستەفاو هەم مەلامستەفا ش ئەوکات بە هاندانو پلان و نەخشەو ئامۆژگاری ئەفسەرە کوردەکان مەلامستەفا گەیشتە سەر ئەو رایەی کە دەبێ بەجۆرێکی تر بیر بکەنەوە ،بۆیە لە نامەی رۆژی ١٩٤٤/١٠/١٧ی مەلامستەفا بۆ کورنوالیسی باڵوێزی بەریتانیا و دیسانەوە

نامەیەکی تری مەلامستەفا بۆ وەزیری ناو خۆی عێراقی لە هەمان رۆژدا ١٩٤٤/١٠/١٧کە ئەمەیان عزت عەبدولعەزیز نوسیبووی و مەلامستەفا ئیمزای کردبو ،داخوازیەکانی چونە داخوازی نەتەوەی کورد.

واتە زۆر بە ڕاشکاویەوە دەتوانین بڵێین :رۆژی ١٩٤٤/١٠/١٧ رۆژی لە دایک بوونی بیری نەتەوەی و داخوازی نەتەوەی بوە لە جوڵانەوەی مەلامستەفا دا هەر بۆیەشە ئەو رۆژە بەرۆژی لەدایک بوونی کیانی خەباتکێری و شۆڕشگێری دادەنرێت لە دەرونی مەلامستەفا دا ئەگەر چی بە ئامۆژگاریو هەوڵ و تە قالایەکی زۆری حیزبی هیواو ماجدمستەفا و لە هەموویان زیاتر شەهیدی نەمر عزت عەبدولعەزیز بوە.

هەر بۆیەشە دوای ناردنی ئەو دوو نامەیە مەلامستەفا ،بە ئامۆژگاریو تەقالایەکی زۆری عزت عبدلعزیز و ئەفسەرە شۆڕشگێرەکانی تری وەک شەهیدان مستەفا خۆشناو و محمد قودسی و خیراللە عبدالکریم و میر حاج و ئەوانی تر،مەلامستەفا و ئەو ئەفسەرانە کەوتنە گەڕان بە زۆربەی ناوچەکانی کوردوستان و سەردانی هۆز و سەرۆک عەشیرەتەکان و پەیوەندی کردن پێیانەوە ، کە ئەم گەڕان و سەردانە لە مانگی ١٩٤٤/١١ وە تاکو مانگی ١٩٤٥/٨ ی خایاند لەو ماوەیەدا سەردانی ناو چەکانی ئاکرێ و بردۆست و ڕەواندوزو باڵەک و ڕەبات و لۆلان و ڕۆست و ئامێدی و بامەرنی و دهۆکیان کرد و بە نامەش پەیوەندی بە دەستەڵات دارو سەرۆک عەشیرەتەکانی ناوچەکانی پشدەرو ڕانیە و شەنگار و شارەزوور شاربازێر کرد.

لەگەڵ ئەو گەڕان و سەر دانانەشدا ،ئەگەرچی هەندێ دەست وەشاندن و چالاکی دژی مەخفەرەکانی حکومەت لە ناو چەی بادیناندا دەکرا،بۆ زیاتر پاڵە پەستۆ خستنە سەر رژێمی شایەتی عێراق بۆ بە دەست هێنانی لانی کەمی داواکاریەکان،بەڵام ئەم هەوڵو تەقالایانەش بۆ بەرپابونی ئەو جوڵانەوە چەکداریەبوو کە ناسراوە بە شۆرشی ١٩٤٥ ی بارزان لە ١٩٤٥/٤/٤ وە دەستی پێکرد و لە ١٩٤٥/١٠/١٤ سەرکوت کراو مەلامستەفا و شێخ ئەحمەد ی برای و هەموو ئەفسەرە کوردەکان و بزیکەی ١٠ هەزار ژن و منداڵ و پیاو کەیشتنە ناو ئێران ،واتە هەموو تەمەنی بەناو شۆرشی بارزانی ١٩٤٥ تەنیا دوومانگ و چەند رۆژێکی خایاند و ئەمیش وەکو هەمو شۆرشەکانی تری بارزان ئاشبەتالی کرد.

هۆکارەکانی سەر نەکەوتن و درێژەنەکێشانی یەکەم ڕاپەرینی نەتەوەی بە ڕێبەرایەتی مەلامستەفا لە ناو چەیەکی دیاری کراوی کوردوستانی خواروودا دەگەڕێتەوە بۆ :

١-بەرەو سەقام گیر بوونی دەر ئەنجامەکانی جەنگی جیهانی دووەم رۆشن بوونی داواکاری ئینگلیز لە کوردوستان و عێراق و رۆژهەڵاتدا .

٢-پێویست پێنەمانی ئینگلیز بە کوردو مەلامستەفا ،ئەگەر چی ئۆباڵی گۆڕانی سیاسەتی ئینگلیز بەرامبەر بە کورد دەخرێتە ئەستۆی گۆرینی سەفیری پێشوی بەریتانیا (کورنوالیس )بە سەفیری جێکری (ستۆن هیوۆر دبیر)لەمانگی ١٩٤٥/٤ دا.

٣-پشت بەستنی مەلا مەلامستەفا بە دوو هێزی (مادی و مەعنەوی)کە هەردوکیان جێی بڕوای تا سەر نە بوون ،لە روی مادیەوە پشتی بەست بە هێزی عەشایەری و کۆکردنەوەی هێزی چەکدار لە سەر بنچینەی پەیوەندی عەشایەری و زاڵ کردنی دەستەڵاتی خۆی ،بۆنمونە هەر لەو ساڵەدا واتە ١٩٤٥ پێش دەست پێکردنی شەڕ کچی مەحمود ئاغای زێباری خواست بۆ بە هێزکردنی پشت و دەستەڵاتی خۆی ، وەک لەوەی زیاتر پشت ببەستێ بە بە جەماوەرە و ئەفسەرە کان و ڕۆشنبیرەکان وەک ناوکی کۆکردنەوەی هێزی جەماوەر و هێزی چەکدار بەرێزەوە سەیریان بکات ،کە بە پێچەوانەوە رەفتاری لەگەڵ دەکردنو بە چاوی شک و گومانەوە سەیری یارمەتی دەرەکان و ئامۆژکاری کەرەکانی خۆی دەکرد ،هەر بۆیە زۆر بەی ڕۆشنبیرەکانی لە خۆی رەنجاند و بە چاوی سوک سەیری دەکردن،لەوانەش )لەتیف شێخ محمود، مستەفا خۆشناو،عزت عبدولعزیز و چەندانی .(تر

هێزە مەعنەویەکەش کە مەلامستەفا پشتی پێی بەست بوو ئینگلیز بوو کە پاش نەمانی بەرژەوەندیان لە .بەکارهێنانی مەلامستەفا روی لێیان وەرگێرا

نە بوونی ستراتیژیەکی ڕوون و ئاشکرا لە بەر پاکردنی شۆڕشەکەی دا ئەگینا هەرگیز نە دەبوو بە دوو هەزار چەکدارەوە لە پاش دوو مانگ بەرەی شەڕ جێبهێلێت و ئاش بە تاڵ بکات و پەنا بەرەو ئێران بەرێت،ئەمە جگە .لەوەی کوردانی ڕۆژ هەڵات بە ٢٥٠ چەکدارەوە بە ژداری شۆڕشەکەیانکرد

لە ڕووی مێژووی ڕست و گێرانەوەی بێ لایەن گیری،تەنیا ساڵی ١٩٤٥ بە ساڵی سەرەتای دەستپێکردنی ڕۆڵی بارزانیان لە بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلی کوردا دەژمێردرێت جا ئەو ڕۆڵەش ئیجابی یان سلبی بوو بێت،چی لە شۆڕشی ١٩٤٥ چی لە کۆماری مە هاباد و شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١وە تا ئاشبەتاڵی ١٩٧٥و .پاشان سەرهەڵدانەوەیان لە ١٩٧٩ وە جارێکی تر تاکو ئێستاش

ئەوەی تا ئێستا باسمان کرد ئەو هۆکارە سەرەکیانە بوون کە وای لە مە لا مستەفا کرد لە سەر شانۆی ڕووداوەکان

دەرکەوێت و ببێتە سەرکردەیەکی بە نێو بانگی کورد ، سەرباری ئەوەی باسمان کرد چەند هۆکارێکی تر هە بوون بۆ گەورەکردن و سەپاندنی مەلا مستەفا بەسەر کۆمەڵگای کوردەواریدا لێرەدا بە کورتی کۆمەڵێک خاڵ : باس دەکەین

١-لە دوای شۆڕشی شێخ مەحمودی حەفید لە ناو چەی سلێمانی و دەوروبەری و بگرە تەواوی کوردوستانی خوارو ،بۆ شاییەکی گەورە هەبوو کە پێویستی بە سەرکردەیەک دەکرد کە ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە ،خەڵکیش کە جۆشو خرۆشێکی زۆری بۆ شۆڕش هە بوو وە پەرتەوازەو دابەش کراو بوون، پێ ویست بوو کە سێک رابە رایەتیان بکات و لە ژێر چەترێکدا کۆیان بکاتەوە ،هەرچەندا مەلا مستەفا چاوی هیواو ئومێدی هە موو لایەکی

لە سەر بوو ،وا چاوەڕوانی لێ دەکرا ئالآی بەرزی کوردایەتی بەرزبکاتەوە و پێش کەلە هەژارو بەش مەینە تێکەی بکە وێت ئەو کەلەی بە ڕۆژ کاری تاڵ و کارە سەتبارذا گوزەری دەکرد،بە لآم هەر زوو دەر کەوت کە لە ئاستی ئەو چاوەڕوانیەدا نە بوو ،ئەو کارە گەورەیە کە شۆڕشی کوردایەتیە لە ئاست پیاوێکی ئاوا کەم و بەرژەوەندی خوازدا نیە شایەنی سەرکردە کەلێکی وەکو قازی محمد و سەید رەزا و شێخ سەعید دایە،مەلا مستەفا نە ک نە یتوانی کورد کۆ بکاتەوەو ڕابە ڕێتیان بکات بەڵکو بوە مایەی لێکترا زانو دابەشکاری و زیاتر پەرتە وازەکردنی گەلی کورد ،کە لە سەر دەمی مەلا مستەفادا زۆر دیاردەی نا پەسەند کە دەچنە خانەی خیانەتو .هەلتە کاندنی گەل و نە تەوە هاتنە ئاراوە

وەکو دیاردەی خیانەت بۆ وڵاتانی تر جاسوسی و خۆ فرۆشی شەڕی نا و خۆ تیرۆر کردنی کەسایەتیە .ڕۆشنبیرەکان جاشایەتی و زۆر کاری نا پەسەندی تر کە بونە دیاردەو تا ئێستاش بە ڕۆکی گەلی کوردی بەر

٢-بەشێکی زۆری گەورەکردنی مەلا مستەفا ،دەگەڕێتەوە بۆ نوسەران و ئەدیبان و شاعیران، کە ئەمەش لە ناو نوسەرانی کورد مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە کە پێش مەلا مستەفاش هەر ئەم دیاردەیە هەبوو ،کە شیعرو .پەخشانیان بەبالآی کە سێکدا دەنووسی و بە شان و باڵیاندا هەلیان دەدا

ئەم شاعیرانەش کاریگەریەکی زۆری لەسەر خەڵکی هەبوو دەم بە دەم دەگواسترایەوە خەڵکی وەک وێردی ،سەرزمانیان دەیان وتەوە

کە بە شێکی ئەم نووسەرانە بە نووسەری دەربار دەناسران کە لە خزمەت ئاغاکانیاندا بوون هەمو شتێکی ناڕاستیان بە ڕاست لە قەڵەم دەدا و بە هیچ شێوەیەک بچەکترین ڕەخنەیان نە بوە و هەمیشە ڕەزامەند بوون بە کارو کردەوەی سەرکردەکانیان.بە شێکی دیکەیان ئەو نووسەرانە بوون کە بە دڵێکی پاکەوە دەیان نوسی و وەکو هاندانێکی جەماوەری بۆ سەرکەردەکان شیعریان دەنووسی ،لە نمونەی ئەو شاعیرانە شیرکۆ بێکە س و :هەژارموکریانیە ،کە شێرکۆ بێکەس دەڵێت

لە گەڵتاین ئەی بارزانی

هەروەک چۆن خەنجەرەکەت لەگەڵتدایە

لەکەڵتاین ئەی بارزانی

هەروەک چۆن دەنکت لە گەروت دایە

لەکەلتاین هەروەک چۆن هەناسەت لەگەڵ دایە

.لەگەڵتداین ئەی بارزانی هەروەک چۆن بنار لە گەڵ چیادایە

:یان دەڵێت

ئەمانەوێیت

وەکو گوللە بۆ چەکەکانمان ئەمانەوێی

وەکو پێشمەرگە بۆ کەژو کێ وەکان

ئەمانەوێی

وەکو باران بۆ کێڵگەکانمان ئەمانوێیی

هەر بۆ مەرگ نامانەوێی

ئەی بارزانی

:لە شوێنێکی تردا دەڵێت

دڵدارێکم .....دڵم کۆپکەی

مشتوی سەر ئەم خەنجەرەیە

سوارەکەی بەردە قارەمان

.دایە سەرەکەی بارزان

:یان دەڵێت

بە فرۆکەی سەنگەری بارزانی هاتووم

لە فرگەی خوێنی ڤێتناما ئەنیشمەوە

بەلام لە دوای سالآنی ١٩٧٥ و پاش نسكۆ کە وتنە دژایەتی مە لا مستەفا و بە خائین و خۆ فرۆش ناویان دە هێنا ، ئەم نو سەرانە دوای قەرەباڵغی جەماوەر کە وتبوون ،لە و قۆناغەدا هیچ نو سەرێک نا بینین بە چاوی رەخنەوە نوسسی بێتی بە ڵکو هەموویان بە شان و باڵی دا دەیان نوسی و گەورەیان دەکرد بە سەر کۆمەلگای .کوردەواریدا

.٣-جیاوازی لە دیدو بۆچونی ئەندانانی مەکتەبی سیاسی لە نێو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردوستاندا

مە کتەبی سیاسی لە ژمارەیەک ئەندام پێک هات بوون کە هەندێکیان دامەزرێنەری پارتی بوون و مەلامستەفا یان وەکو سەرکردەی حیزب و بۆ پێکە جەماوەریکەی دانابو کە دواتر مەلامستەفا جڵەوی گرتە دەست و ،ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لاواز کرد

دوئاراستەی دژ بەیەک لە ناو مەکتەبی سیاسی دا هە بوون باڵی هە مزە عەبدوللە کە بیری مارکسی لینینی ،ئایدیایان بوو لەگەڵ باڵی ئیبراهیم ئەحمەد کە ئەمیان دیدێکی ناسیونالیستی نە تەوەی هەبوو

ئەم دوو ئاراستەیە وەکو دوژمن لەگەڵ یەکدی دەجوڵانەوە ، ململانێی ئەم دوباڵە ململانێیەکی فکری بوو کە هەرگیز پەرەی نەسەند بۆ ململانێی چەکداری ، ئیبراهیم ئەحمەد بۆ ئەوەی هەمزەعەبدوللە دوربخاتەوە و پارتی لە ئاراستەی چەپ بپارێزێت مەلامستەفا ی گەورەکردو کردی بە رابەری پارتی و دواتر هەر مەلامستەفا ی بە کار هێنا بۆ کۆتای هاتنی هەمزە عەبدوللە،ئەوەبو مەلامستەفا لە ٣٠ حوزەیانی ١٩٥٩کۆمەڵێک چەكداری ناردە سەر بارەگای پارتی لە بەغداد و دەستیان بە سەر بارەگاکەدا گرت و هەمزە عەبدوللە و هاورێکانی بە زۆر دوور خرانەوە ،پاشان ئیبراهیم ئەحمەد دیان لە جێگەی دانا،ئەمەش یەکەم جار بوو لە مێژووی سیاسی کورددا ،کە پەنا بۆ چەک ببرێت بۆ یەک لاکردنەوەی کێشە کان و بە زەبری هێز کەسێک دوور بخەنەوە

لە پاش ئەم رووداوە بووبە نەریت کە ئیدی مەلامستەفا بۆ یەکلا کردنەوەی کێشەکانی هانا بۆ چەک بەرێت،ئەوە بوو پاشان هەمان رێگەی بە کار هێنا بۆ دوور خستنەوەی ئیبراهیم ئەحمەد وات بە زەبری هێز ،تامەلامستەفا چەکی بە کار نەهێنا ململانێکان تەنها ململانێی فکری بوون دور لە توندو تیژی ئەمە یەکەم جاربوو لە مێژووی سیاسی کوردا پەنا بۆ هێز ببردرێت کە سەرەتا ئیبرا هیم ئەحمەد خۆی رۆڵێکی سەرەکی بینی لە گەرەکردنی مەلا مستەفا و دواتریش بە زەبری هێز کێشەکانی یەکلای دەکردەوەو بوو بە سەرکردەی دیکتاتۆر و تاکرەو هەوڵی دەرپەراندنی یەکە یەکە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی دەدات،ئەم کارەشی وای کرد . بزوتنەوەکە بچوک بێتەوە بۆ بزوتنەوەیەکی عەشایەری خێڵەکی ، کە سەرۆک خێڵەکان پشتگیریان دەکرد

بەکشتی خەڵکی عەشایەری و خێڵەکی تێکەڵی بزوتنەوەکە دەبوون و مەلا مستەفا کادیرکانی پارتی لا دەبردوو لە جێکەین ئاغاکانی دادەنا ،ئەم خەلکانەش هەمووکات بە بیری عەشایەری کاریان دەکردوو هیچ سەرو کارین لە گەڵ سیاسەت و دونیای دەرەوەدا نە بوو،مەلا مستەفا توانی بە پشتوپەنای خێڵەکان بە سەر مەکتەبی . سیاسیدا زال بێت

٤-شۆرشی چەکداری کاتێک لە هەر جێگایەک دروست ببێت پێویست بە رابەرێک دەکات بۆ بەرەو پێشبردنی شۆرشەکەو بەدەست هێنانی ئامانجرکانی وە دورخستنەوەی لە دووبەرەکی و لادانی لە پەرەنسیپەکانی شۆرش ،بۆ ئەم مەبەستە مەلامستەفا کرا بە سەرکردەی بزوتنەوەکە بە لام سەرکردەیەک کە لایەنی چەکداری .کرتبوو دوور بوو لە سیاسەت و کاری دیبلۆماسی بۆ یە بە زەبری هێز و کوللە ئەندامەکانی بێدەنک دەکرد

٣دروستکردنی چیرۆکی نا راست و بە ئەفسانەکردنی مەلامستەفا ، مێژووی پارتی لە مەلامستەفا وە پرە لە ناراستی و چەواشەکاری وەکو بەژداری لە کۆماری مەها باد و شۆرشی ئەیلول و رۆشتنی بۆ مۆسکۆ ،یا خود ناسناوی جەنرالیەکەی و ئاستی خوێندەواری و دینداریەکەی ،راستیەکەی ئەوەیە مەلا مستەفا خاوەنی هیچ سەر وەریەک نیە ئەوریزەشی لەسەرەتادا هەی بوو بەهۆی شێخ ئەحمەدی برایەوە بوو ،نە دیندارێکی باش بوو نە سیاسیەکی باش وە هیچ شۆرشێکیشی نەکردوە ئامانجێکی نە تەوەی هەبێت و بەدەستی هێنابێت بەڵکو شۆرشەکانی توشی نشستی و دۆران و کەتن کردەوە، لەمۆسکۆدا ئاوارەبوو لە دۆخ و حاڵێکی زۆر خراپ دابوون و پەنا هاندەبوون ،بەلام ئەم روداوەی بۆ کراوەتە کاری سیاسی و چالاکی دیبلۆماسی کە گوایە لەوێ لە ئەکادیمیای سەربازی خوێندویەتی و تا پلەی ژەنراڵی رۆشتوە، و پاشان یەکێتی سۆڤیەت داوای هاوکاریان لێی کردوە و پرس و رایان پێکردوە و لەگەڵ جەنەرال و دیبلۆماتکارەکاندا سەروکاری هە بوە و ویستویەتی ستالین ببینێت و ئامۆژکاری بکات. ئەمان هەمووی قسەی ناراست نە چەواشەکردنی مێژووە مەلا مستەفا خوێنەواری نەبوە تا بخوێنێت و لە یەکێتی سۆڤیەت هیچ بەرپرسیارێتیەکی نەبوە ، و پلەی ژەنراڵیەکەشی لە کۆماری مەهاباد وەرگرت ،کاتێک بەژداری کرد بە ٢٥٠٠ سەربازەوە لە کۆماردا وەکو رێزێک لە .شێخایەتی بارزان و ئەویارمەتیە زۆرە بۆ کۆمار ئەو لە قەبەیان پێی بەخشی

# :مام جەلال لە کتێبەکەیدا -- وا باسی مەلا مستەفا دەکات*

ئەوخەیاڵەی کە لام هە بو دەربارەی ئەوەی کە مەلامستەفا پیاوێکی زۆر خوێندەوارە دەربارەی مارکسیەت دایلەکتیک،ئابوری، شارەزاو رۆشنبیرە،لە بەر چاوم رۆیش چونکە بەوجۆرە نە بوو،بەڵکو بە پێچە وانە وە بوو ،هەتا دژی ئەو مەسەلانەش بوو،من تێکەشتم کە مەلامستەفا ئەوپیاوە رۆشنبیرە هاوچەرخە نیە کە من .چاوەرێی بووم

هەر لە و کتێبە دا مام جەلال دەڵێت مەلامستەفا پیاوێکی درۆزن بووە و زۆر بە سەر هاتی درۆی دەکێڕایەوەو خۆی پێ گەورە دەکرد بۆ نمو نە مەلامستەفا دەی ووت :یەکێتی سۆڤیەت لە هەمو مناوەرەیەکی سەربازی دێن ڕاوێژ بە من دەکەن وەکو خەبیرێک بەسەر مارشاڵەکانداو لەگەل مارشاڵە گەورەکاندا دادەنیشێت و کۆ بوونەوە دەکات ،جار جار دەی کەن بە رەقیب و سەرکردایەتی هێزێک دەکات ،هەموو جارێک سەرکەوتو بوە بە سەر .ژیکۆف و مارشاڵەکانی تری سۆڤیەتدا

هەر وە ها مام جەلال دەڵێ مەلامستەفا بۆی گێڕامەوە ،کە ئەکادیمی سەربازی سۆڤیستی تەواوکردوە و پلەی ،مارشاڵیان پێیداوە و قوتابخانەی حیزبی خوێندوە و پلەی ئیمتیازی وەرکرتوە

لە کاتێکدا ئێمە دەزانین ئەمە درۆیە چونکە مەلامستەفا پلەی ژەنراڵی لە کۆماری ماهاباد وەرکرتورو قازی محمد ئەو نازناوەی پێداوە، هەروە ها دەزانین کە مەلامستەفا پیاوێکی نەخوێندەوار بوە ،هەروەها مام جەلال درێژەی پێدەدات و دەلێت مەلامستەفا وتویەتی:کە لەگەل (ستالین )!!، دانیشتوە و لەگەل خرۆشۆف پەیوەندی هەبووە،لە ژورەکەیدا وێنەی مارکس ئەنکلس ستالین هەڵواسرابوو ،دەی گوت ،هەتا خۆیان نەیەن ئەو وێنانە لانەبەن من لای نابەم .-

هەروەها دەی گووت:زۆر نزیکم لە مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی سۆڤێتەوە،وە ئەوان لەکاروباری سیاسی رۆژ هەلاتی ناوە ڕاست پرسی پێ دەکەن ،ئەوکاتەی کە ئینزاریان داوە بە میسر لەسەر عدوانی سولاسی ،بە .مەلامستەفا یان گوتوە:کە پێیان باشە سەرکردایەتی هێزێک بکات

هەر وەها مام جەلال دەڵێت : مەلامستەفا نامەیەکی بۆ شێخ ئەحمەد نوسی کە بە مندا ناردی ئەونامەیە وای کرد کە بە چاوێکی کەم سەیری مەلامستەفا بکەم چونکە خۆی زۆر بچوک کردەوە ،چونکە نامەکەی وەکو موریدێک نامە بۆ شێخە کەی دەنەسێ وا نوسی بووی،کە ئەو سۆفیەکە وەک سەگی بەر مالیانە، ئامادەیە . پێلاوی بن پێی ئەو بێت

مەلامستەفا لە سەرەتاوە تاکۆتای برِوای بە خەباتی مادەنەنی و ریکخراوەی نە بوو ، دژی حیزبایەتی و ئایدۆلۆژی بوو، بەشێوەی عەشایەری لەناوچەی خۆی چەکداری دەکرد ،لەکەتێکدا هێزی سیاسی لەبەشەکانی تری کوردوستان خەریکی خەباتی چەکداری بوون، بارزانی کەسانی دەوروپشتی خۆی کەریەکەو کردە لێپرسراوێک ولە ناوچەیەک دای دەنا،عەلی خەلیلی کرد بە لێپرسراوی ناوچەی دهۆک،عیساسواری کرد بە لێپرسراوی ناوچەی زاخۆ ،حەسۆ میرخانی کرد با لێپرسراوی شێخان،ئەسعەد خۆشەوی کرد بە لێپرسراوی هەموو ناوچەکە.

بارزانی کە بە زۆر کرابو بە سەرۆکی پارتی و بە زۆر هێنرابوە ناو حیزب، سەرباری ئەوەش هەموو رێکخستنی حیزبی خستە ژێردەستی خۆی و کەسانی چوار دەوری،تایبەت مەندیەکی تری خراپی مەلامستەفا ئەوابوو لە هەر جێکەیەک کە دائەنیشت لە جیاتی ئەوەی وەکو سەرکردەی حیزب بەرگری و پشتیوانی لەحیز ب بکات ،هێرشی دەکردە سەر حیزب.

ئەگەر کادیرێک هەڵەیەک یان لادانێکی هەبوایە لا هەموو مەجلیسێک باسی دەکردو دەف گووت فلان کادیر وای کردوە فلان کادیر وای وتووە،مەجلیسی مەلا مستەفە پربوو لە جنێودان و سوکایەتی پێکردن ،مەلامستەفا پارتی ناشرین دەکردو کادیرەکانی سوک دەکردو حیزبی بە مایەی تەفرەقە دەزانی.

زۆر دژی ئەوە بوو باسی ناکۆکی نێوان جوتیار و دەرەبەگ و کرێکارو سەرمایەدار بە خراپی بکرایە،چاکسازی کشتوکاڵی زۆر پە خراپ بوو،باوەری بەوەبوو کە دەبێت عەشایەر ببوژێتەوە ،لە هەر جێکەیەک بۆی بکرایە ژیانی عەشایەری دەبوژاندەوە.

بۆ نمونە مەلامستەفا لەسالی ١٩٦٢ دا هاتە ناوچەی باڵەکایەتی ،لێپرسراوی ئەوناوچەیە کەسێکی حیزبی بوو،پاڵپشتی زۆری هەبوو ماوی مەلا تەها بوو،مەلامستەفا لای بردو ئاغایەکی نزیکی خۆی لە جێکەی دانا و کردی بە لێپرسراوی ناوچەی بێتواتە و دۆلی باڵەیان.

هەروەها کاک عومەر دەبابە کە ئەندامی لیژنەی مەرکەزی بوو،لابردوو ئەنوەر بەگی بێتواتە جاشی مەنشوری هێناو لەجێکەی داینا.

لە سەفین حیزبیەکانی لابردو مەحمود کاوانی هێنا و کردیە لێپرسراوی ئەو ناوچەیە،ئەچوە هەر جێکەیەک دەستەڵاتی لە حیزبیەکان دەسەندەوە و لە جێکەین ئاغاو عەشایەریەکانی دادەنا.

مەلا مستەفا بروای بە شۆرش نە بوە وەکو خحی کە بە مام جەلالی وتوە :کە ئێمە لە یەکەم رۆژەوە شۆرشمان نەویستوە ،بەڵکم حکومەت ئەوەی بەسەرماندا سەپاندوە ،وە دەڵێ حکومەت رێمان دەدات بژین و بچینە سەر

کاروباری خۆمان ئیتر ئێمە چی ترمان دەوێت نە بروام با شۆڕش هەیە نە بەحوکمی زاتی و بۆ مە سەلەی .حیزبیش من بە زۆر کراوم بە حیزب و سەرکردە دەنا من ئەوەم نە ویستووە

دوای تێکچونی نێوان مەکتەبی سیاسی پارتی و مەلامستەفا ،مەلا مستەفا بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکیەو هێنانە ژێر باڵی خۆی هێزی بەکار هێنا، بۆ مێژوو بۆیرکەم جار لە مێژووی رزکاری خوازی نەتەوەی کورددا شەڕی براکوژی هەڵگیرسا و بارزانی هیزی بە کار هێنا، مەلامستەفا لە ١٣ تەموزی ١٩٦٤ هێرشی کردە سەربارەگای مەکتەبی سیاسی لە ماوەت،ئەو هێرشەی ئەو تاوانێکی مێژووییە کە تا ئێستاش نەوەکانی بارزانی پەیرەوی لێدەکەن و بۆ چارە سەرکردنی هەر گرفتێکیش پەنا بۆ شەڕ و هێز دەبەن و ئەم هێرشە کلتورێکی هێنایە کایەوە کە ئیتر هێزەسیاسیەکان لە بری کفتوکۆ و چارەسەری ئاشتیانە و لێک تێگەشتن پەنا بۆ شەڕو شۆڕو هێزی چەکداری ببەن کە ئەمەش لە ساڵەکانی دواتراو بگرە تا ئستەش زیاتر و زیاتر لە سەر ،شانۆی ڕووداوەکان دەی بینینەوە

مەلامستەفا خۆی ڕۆشت ئاغاو دەرەبەگ و سەرباز و ئەفسەری فیراری نا مەبدەئی کۆبکاتەوە و لە دژی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی حیزبەکەی خۆی بەکاری بهێنێت،ئەوە سەرەتای ئەورووداوە جەرگ برە بوو کە پێی دوترێت (شەڕی براکوژی)کە هێرشیان کردە سەر مەکتەبی سیاسی ە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی نەیان توانی خۆیان بۆ ئەو هێرشەرابگرن و چەندین کەس کوژران و ماباقی ئەندامەکانی دیکە بۆ سنوری ئێران ،هەڵهاتن

# ئایا مەلامستەفا ژێنراڵ بووە؟

ماوەی نیوسەدەزیاتر بنەماڵەی بارزانی وحیزبەکەیان دەیەوێت ئەو باوەڕي بە تەواوی بچەسپێنێت کە مەلا مستەفا کاتێک لە دوای کەوتنی کۆماری مهاباد هەڵدێت بۆ سۆڤیەتی جاران، لەوێ لە بەر ئەوەوڵاتە سوورەی ئەوساڵە لە بەرئازایەتی بێ هاوتایی پلەی جەنڕاڵی پێدراوە!ئەو قەناعەتەش وا درست بووە کە وێنەیەکی مەلا هەیە بە جلوبەرگی جەنڕاڵیوە!ئەمەش بۆتە کەرەستەی بەکارهێنراولای لایەنگرانی کە ئەو پیاوە پلەی جەنڕاڵی پێدراوە!

هۆکاریی ئەم جلە چی بووە؟ ئایا پلەی جەنڕاڵی پلەیەکە ببەخشرێت؟ یان بە قۆناغی سەربازیدادەبێت تێپەڕێت وئاستی خوێندن وزمان وشارەزایی سەربازیی گەورەی هەبێت؟ئایا ئەو کاتەی مەلا ئەو پلەی وەرگرتوە یەکێتی سۆڤیەت لەو پەڕێ هێز هێزدا بووە؟جەمسەرێکی مل ملانێکان بووە لە جەنگی سارددا.ئیدی چی پێویستیەکی بەوە هەبووە پلە ببەخشێت بە کەسێکی ئاسایی کە تەنیا شەڕ لە رووبەڕووبوونەوەی ئاسایی فێڕ بووە وهیچیتر، نەک بە خوێندن وتێگەیشتن.

زۆر لەو راستیانەی کە مێژووی کوردیان نووسیوە ئەم سەرکردەیە نەک جەنڕاڵ نەبووە، بەڵکوم کاروکاسپی زۆر ئاسایی کردوە بۆ بژیوی ژیانی خۆی.باشترین نموونەش لەو یادداشتانە، یادداشتەکانی / زرار دەرگەلەییە / کە خۆی هاوڕێی ئەو هەڵاتنە بووە بۆ سۆڤیەتی جاران کە لە یادداشتەکانیدا باس لەوە دەکا کە مەلا مستەفا هیچ پلەیەکی سەربازیی پێ نەدراوە وتەنانەت بە چاوی کەم ودوور لە رێز میوانداریی تەماشا کراوە.

ڕۆڵی ئەو ائەمانە هەمووی بەلایەک رەنگە بکووترێت کورد نووسینی پڕە لە رق وکینە وکەمکردنەوەی مەلامستەفا. بۆ پشت بەستن بە راستیەکان دەچینە لای دوو یادداشت کە کورد نین تا مەبەست لێی رق وکینە وشکاندنی ئەم کەسایەتیە بێت. یەکەمیان رۆژنامە نووس ووەزیریی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەتی جاران / بریماکۆف / وئەوی دیکەش یەکێکە لە سەرکردە سیاسیەکانی عێراق کە وڵامی راستمان دەداتەوە.

بریماکۆف:

بریماکۆف، نە خێر مەلامستەفا جەنڕاڵ نەبووە.بریماکۆڤ هەم رۆژنامە نووس وهەمیش لە دەزگای هەواڵگەریی یەکێتی سۆڤیەتی جاران کاری کردوە.ماوەیەکیش وەزیریی دەرەوەو سەرۆک وەزیران بووە. لە یادداشتەکانی خۆیداباسی زۆر شت دەکات.ئەوکەسە لە کاتی شۆڕشی ئەیلویشدا سەردانی کوردستانی کردوە وباسی ئەوکات دەکا کە مەلا مستەفای بارزانی دوای رووخانی کۆماری مهاباد هەڵت بۆ سۆڤیەت ولەوێ ژیاێکی ئاسایی هەبووە، تەنانەت ناوی خۆشی گۆڕیوە بۆ / مامیدۆف / وهەر بەوناوەش دەسووڕایەوە وهیچ پلەیەکی سەربازیی نەبووە هیچ پلەیەکی سەربازیی پێ نەدراوە.

بەڵام کە هاتمە کوردستان / بریماکۆف / لە شۆڕشی ئەیلودا وێنەیەکی بارزانیم دیت بە جلەبەرگیی سەربازیەوە، ئەو وێنەیە گومانی لا دروست کردم وەک رۆژنامەنوس سەردانی بارزانیم کرد وپرسیاری ئەو وێنەیەم لێ کرد؟وکووتم ئەو وێنەیە چییە؟ مەلا لە وەڵامدا وتی: چوومە لای وێنەگرێک هندێ وێنە بگرم. لەوێ جلوبەرگیی جەنراڵی دانرابوو منیش کەبەرمکردوووێنەیەکم پێوەگرت، تەنیا ئەوە مەسەلەی جەنراڵیە وهیچی !تر

ئەوقسانەی بریماکۆف راستیەکە تەواوروون دەکاتەوە ودەڵێ: شتێک نییە ناوپلەی سەربازیی وجەنراڵی بێت بە کەس بدرێت بۆیە ئەوم پرسیاردم کردوەوراستیم لە دەمی مەلاوە بیست، بەڵام لای هەوادارانی بە خەیاڵ کراوەتە جەنراڵ!؟بەرێوە بەریی پێشووی پەیمانگای رۆژهەڵات ناسیی سۆڤیەت، نە خێر شتێک نییە ناوی .پلەی سەربازیی بێ ویەکێتی سۆفیەت بە کەسی بەخشێبێت

:خەلیل عەبدولعەزیز

خەلیل عەبدولعەزیز،یەکێکە لە سەرکردەکانی دیاری عێراق لە کودەتای ساڵی ١٩٥٩ دا بە هۆی کودەتات شەوئەفدام حوکمی لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو، دواتر چۆتە مۆسکۆ لەوێ کاری رۆژنامە نووسیی کردوە،نووسیویەتی: من زۆر جارلە گەڵ غەفرۆف کە سەرۆکی بەشی ئاکادیمایی رۆژهەڵات ناسی بووە نزیک لە ناوەندی بڕیاری سۆفیەتی جاران، جارێک لێم پرسی ئێوە چۆن پلەی جەنراڵیتان بە صشیوە بە مەلا مستەفا؟

غەفرۆف پێکەنی وکووتی: ئەوە کوردوعەرەبی عێراقیە ئەو چیرۆکەتان دارِسطووە ئەگینا ئەو چیرۆکە زۆر دوورە لە راستیەکان وپلەی سەربازی لەو وڵاتەدا شتێک نیە ببەخشێریت، نەک بە بێگانە وبەڵکو بە کەسە .ئازاکانی خۆشمان نابخشرێت بە یاسای سەربازیدا تێ نەپەرێت

غەفرۆف هەمان راستیی قسەکانی بارزانی باس دەکات ک ئەو / مەلا / لە دوکانێکی وێنەگریدا حەزی لەو جلە ...کردوە کاتێک چاوی پێی کەوتوە وێنەی پێەوە کێشاوە وهیچیتر

وێنەکەش لە نزیک کتێبخانەی / لنین / گیراوە،بۆ زانیاریت.تەنانەت ناوی خۆشی گۆڕیوە بۆ ئەوەەی کەس نەیناسێتەوە. خەلیل عەبدولعەزیز لە یادداستەکانیدا نووسیویەتی هەر دووک بەڵگەنامەکانیشم بردە لای مەسعود بارزانی ونیشانمدا

رەنگی تێک چوو وهیچی نەوتوبابەتەکەی گۆڕی، چوونکە چاک دەیزانی بەڵگەکانم راستین وباوکی جەنراڵ نەبووە

# زیندانی ڕایات:

زیندانییەکی زیندانە بەدناوەکەی ڕایات چیرۆکی زیندانیی خۆی دەگێڕێتەوە

لەسەرخۆ بەدەم کێشانی جگەرەوە، دەمی خستە جولە و چاوەکانی بە چواردەوری خۆیدا کەوتنە هاتوچۆ وەک هەڵدانەوەی لاپەڕەی کتێبێک بۆمی بخوێنێتەوە، ئاوا هەستم دەکرد، کە چل و دوو ساڵ لە چاوەڕوانی مندا بێت، تا بە خێرایی بۆمی بگێڕێتەوە، خوێندنەوەیەکی خێرایی ئەو ڕۆژە و گێڕانەوەی چیرۆکی ١١مانگ زیندانی خۆی بەو شێوەیە باس کرد، کە لە ناو شۆڕشدا بەبێ هیچ تاوانێک زیندانی کراوە، تەنها لەبەر ئەوەی گەنجێکی ٢٢ساڵە بووە و لە گەرمەی ڕووداوەکاندا وەک پێشمەرگەیەک لە بەرەیەکی تردا ویستوویەتی شۆڕش بکات.

مام جوامێر کە وای پێ خۆش بوو بەو ناوەوە بە خوێنەرەکانی بناسێنین، دەڵێت ساڵی ١٩٧٢، مەلا مستەفا لێبوردنی بۆ هەموو باڵی مەکتەبی سیاسی دەرکرد، منیش پێشمەرگەیەک بووم ئیتر بڕیارم دا لەگەڵ خێزانەکەم دانیشم و کورد ووتەنی "دەست بەکڵاوی خۆمەوە بگرم".

کوردستانپۆست: لەو تەمەنەدا تۆ زۆر گەنج بوویت و ئەزمونێکی وات نەبوو، چۆن ئەو بڕیارەت دا؟!

- من زۆرلە مێژبوو بڕوام بە پارتیی و بنەماڵەی بارزانی نەمابوو، چاک لە شۆڕش گەیشتبووم، شۆڕشی چی!؟ شۆڕش چۆن وا دەبێت!؟ داواکاری مەلا مستەفا و پارتیی هیچ نەبوو، تەنها خەڵک بەکوشت دان بوو.

کوردستانپۆست: ئەی کاتێک لە ساڵی ١٩٧٤دا شەڕ دەستی پێکردەوە، کەواتە بۆ لە شار نەمایتەوە. . .؟

- بەزەردەخەنەیەکەوە): نا منیش وەک زۆری کەس شەرمم کرد، بمێنمەوە و نەچمە دەرەوە، حکومەتی عێراقی) ئەو سەردەمە و پارتیی کەش وهەوایەکی وایان دروست کردبوو، بەو شیوەیە لە هەر یەکەیان دەڕوانیت، ئەگەر لەگەڵم نییت، مانای وایە دوژمنمیت! بۆیە منیش بە ناچاریی ڕێگای چوونەدەرەوەم هەڵبژارد. چوومە چیا و بەشداریم لە شۆڕشدا کرد، هەرچەندە بڕوام بەئەنجامی باشی شۆڕشەکەش نەبوو، دەمزانی ڕۆژێک دێت سەرانی پارتی، کورد دەفرۆشنەوە، زۆرجاران لەگەڵ خزم و برادەراکانمان قسەمان لەسەر ئەو ترسە دەکرد.

کوردستانپۆست: ئەی دوایی! کەی و چۆن و بۆچی گیرایت؟!

- نەفەسێکی قوڵی دیکەی لە جگەرەکەی دایەوە و بەدەم نوقاندنی چاوە قەتیمەکانی، هەستم کرد پێویستی بە) پشوویەکە تا هزری ماندووی بگەڕێنێتەوە بۆ ئەو مێژووە و لەوێوە دەست بەگێڕانەوەی بکات، بەدەم فڕێدانی دوکەڵی سپی جغارەکەیەوە) ووتی:

ئەحمەد بەکرەجۆیی و فاروق حەمەد مام عەلی " دووپیاوی پاراستن بوون کەرچی فاروق لەکەڵ ئێمە بوو،" بەڵام دوای لێبوردنەکەی مەلامستەفا ئەویش کەوتە ناو کەمەی پاراستنەوە. ئەحمەد راپۆرتێکی دوورودرێژی لەسەرمن هۆنیبۆوە و بەکوردییەکەی بۆی تێچاندبووم، کە کوایە من جەلالییم و لە ژێرەوە خەریکی کار و .چالاکییم

نازانم تۆ بیرتە کاتێک بەعسییەکان قەڵادزەیان بۆردمانکرد، ئەو کاتە من لەوێ قاچێکم شکا و لەناو قەڵادزە لەماڵی خوشکێکم بووم، بە شەلە شەل ئێوارانیش دەچوومە دەرەوە، بەلام کەوتبومە سەر پێی خۆم، جێکەیەکی لێبوو لەسەرپردەکە لەوێ دەچوم بۆخواردنەوە، ئێوارەیەک کۆتای مانکی چوار بوو، کە بەرپرسی دەزکای پاراستنی قەڵادزێ "خولە کوردە"ی ناوبوو، پیاوێکی باش بوو سەربەهێزی کاوە بوو، هاتەلام و ووتی تکات .لێدەکەم لێرە برۆ، چونکە بە دواتەوەن دەزانم دەتکرن

بەو شەوە رووم لە کوێ بکردایە شوێنی دیکەم نەبوو، لە دواجاردا ناچابووم بکەرێمەوە بۆ ماڵی خوشکەکەم - و پێم ووتن بەیانی رۆژبۆوە دەرۆم هەوڵدەدەم بچمەوە بۆ سلێمانی و لەوێ خۆم بشارمەوە تا بزانین ! . . . .چارەنووسمان بەچی دەکات

کاتژمێر ١١ی شەوبوو لەسەر جێکەکەم خەریک بووم بخەوم، کوێم لە رادیۆ کرتبوو، لە پڕ سەربان و حەوشی - ماڵەکە پربوون لەچەکدار، من تفەنکم پێبوو، بەڵام تازە کار لەکار ترازابوو، راستی ئەوەشم نە دەویست وەک خائینێک وێنەم بکێشن و ئابڕووم بچێت، هاتنە سەرم و منیش خۆم بە دەستەوە دا، لەکەڵیاندا چوم. هەر ئەو .شەوە بردمیان بۆ دەربەندی "بێلولە" و لەوێ خستمیانە زیندانەوە

ساڵح رەشاش" بەرپرسی ئەو زیندانەبوو، رێزی زۆری لێنام و نەی شاردەوە پێی ووتم کە فەرمانی کرتنەکەم" ."نووسراوە یەکسەر بمکوێزنەوە بۆ"رایات

کوردستانپۆست: هیچ دەرفەتێکت دەست نەکەوت، هەوڵ بدەیت رابکەیت!؟ چونکە رایات ئەوەندە ناوێکی بەد بوو، کەم کەس لەو تەمەنەی تۆدا دەیتوانی شەر لەکەڵ ژیان و مردندا بکات، بەتایبەتیی بۆ کەنجێکی وەکو تۆ؟

با، لەراستیدا حاکمی شۆرش بەرێکەوت لەوێ بوو کفتوکۆشمان کرد، چونکە خەڵکی سلێمانی بوو - کەسوکارەکەمی دەناسی ناوی "محەمەدی وەستا ئەمین" حاکمی شۆرش بوو، پێێ ووتم : ئەمە بۆ مێژوو باس دەکەم " کەر من توانیم لێرە رزکارت بکەم، تکات لێدەکەم بڕۆرەوە ببە بە جاش دژی ئەم کەوادانە، هەرچیت پێکرا دژیان بیکە، چونکە ئەمە بەس شۆرش نییە. ئەو قسەیەی ئەم کەسە بۆ ئەو کاتە و بەو عەقلەوە، کەم کەس دەرکی پێکردبوو، زۆربەی کورد لەو کاتەدا بڕوای بە بارزانی و بەو شۆڕشە هەبوو، بەڵام ئەوانەی لە بیرکردنەوە وعەقڵی بارزانی و داواکارییەکانی وردبوایەتەوە، وەک دەڵێن بیری بکردایەتەوە دەیزانی ئەو !شۆڕشە بەرەو چ ئاقارێک دەڕوات

دوای پێنج ڕۆژ مانەوەم لەگەڵ زیندانیەکی تر، بەناوی "محەمەد عومەر عەینەک" کە برای " نوری عومەرە و پێم وابێت لە ئەڵمانیا نیشتەجێیە، ئێمەیان گواستەوە بۆ" زیندانی ڕایات" بە یاوەری چوار چەکدار و بە جێبێک بردیانین تا گەیشتینە زیندانی ڕایات، چونکە لە زیندانی "بێلولە" هەموویان ناسیاوبوون هیچ ئازاریان نەدام، بگرە ڕێزیشیان لێگرتم، بەڵام لە ڕایات هەر دەرکایان لێکردینەوە کەسێک بەناوی"سدیق" کە خەڵکی دەشتی هەولێربوو جەلادێکی شەلاتی بوو، هەرکەس بهاتایە بە کێبڵ تا لەهۆش نەکەوتایە هەر لێی .دەدا، منیش هەروا پاش چەند دەژمێرێک بانگیان کردم

!سدیق ووتی لەسەر دەم بکەوە، تورەبوو جوێنی جوێنی دا جوێنی زۆر قێزەون، منیش ووتم: خۆمن بەعسی نیم

.ووتی جەلالی و بەعسی فەرقیان نییە، بەعسی لە ئێوە باشترن

دەزانیت ئەو ساڵەی کە جەلال تالەبانی نامووبارەک، چووە لای مەسعود، گوایە سەردانی حەمایل خانیشی کردبوو، ئەو کاتەی وتی: "من زۆر لەوە پەشیمانم کە لە بارزانی جودابومەوە". هەر ئەو کاتە ئەو ڕۆژەم بیرکەوتەوە کە سدیق جەلادەکەی ڕایات، پێی وتم فەرقی جەلالی و بەعسی نییە، لە دڵی خۆمدا وتم ئەگەر هەموو قسەکانت درۆ بووبن، ئەمەیانت ڕاست بووە، بەڵام ئەوەی تەواو نەبوو، کە دەبوو بڵێت جەلالی و مەلایی و بەعسی هەموویان وەکو یەکن و جیاوازییان نییە، ئەوەتا مێژوو هەمووی پیشان داین و سەلماندی، .بەڵی ئەو کاتەی جەلال تالەبانی ئەو ناماقوڵییەی کرد، من هەموو ئەوانەم هاتەوە بیر

هەر ئەو ڕۆژە، کە کەوتمە بەدەستی ئەو جەلادە هێندەی لێدام هەموو گیانمی کردە خەڵتانی خوێن و برین. لەهۆش خۆم چووم، کاتێک هۆشم هاتەوە لەناو قەرەباڵغییەکی پڕوکێندا بووم لە ژوورێکی تاریک و بێ .ئۆکسجین

کوردستانپۆست: دەتوانی تۆزێک باسی زیندانی ڕایاتمان بۆ بکەیت، بیرتان ماوە چۆن بوو؟

زیندانی ڕایات بنکەیەکی پۆلیسی کۆن بوو، چۆن ئێستا دوای ڕاپەڕین و کاتی شەڕی ناوخۆ پارتی قەڵا - گەورەکەی ئاکرێی کردە زیندانی، ئەوساش ئەو بنکەیەیان کردبوو بە زیندان، چوار ژووری هەبوو، ژوورەکانیش بەو ژمارانە ناسرابوون. ژووری ژمارە یەک لە سێ ژوورەکەی تر گەورەتربوو. هەروەها چەند ژوورێکی تایبەتیش هەبوون، کە بە ئینفرادیی ناسراوبوو، ئەو کەسانەیان دەخستە ئەو ژوورانەوە، کە لەلایەن فەرمانی مەلا مستەفا و کوڕەکانییەوە گیرابوون، یان تاوانی گەورە و تۆمەتی گەورەیان خستبوونە پاڵیان.. بە هەرحاڵ لەحەوشەکەشدا نانەواخانە، ژووری سەرجانەکان و ژووری بەناو پێشمەرگەکان و ژووری ئەشکەنجە، .ژوورێکیش بۆ بەڕێوبەر هەبوو

سەعید مەسیفی" بەرپرسی زیندانی رایات بوو، بەرپرسەکانی شۆڕش جارجار دەهاتن بۆلای و لە ژوورەکەیدا" ئەو وێنەیەی مەلامستەفا هەڵواسرابوو، کە چای دەخواردەوە. ژووری زیندانییەکان نزیکەی ١٤ بۆ ١٥ کەسی تێدا بوو، لەگەڵ ریزێک ئاودەستی چڵکن و پیس، دیوارێکی بڵندیشیان بە قوڕ و بەرد هەڵچنیبوو، .پێشمەرگەکان لەوێ بەتفەنگەوە ئێشکیان دەگرت

بەڕێوبەری زیندانی رایات ناوی سەعید مەسیفی بوو، جەلادی رایاتیش ناوی سدیق بوو، وەک لە سەرەوە باسم کرد، ئەم جەلادە خەڵکی دەشتی هەولێربوو، ژمارەیەکی زۆریش بە شەو و ڕۆژ، ساردو گەرما، باران و بەفر، لەوێ ئێشکیان دەگرت، ئەوان بەردەوام چاودێریی ئێمەیان دەکرد. من فڕێ درامە ناو ژووی ژمارە چوارەوە، کە ژوورەکە (شەش بە چوار)مەترێک دەبوو، دەرگایەکی تەختەی ئەستوری هەبوو، کونێکی تێدابوو نزیکەی ٢٠ سم بوو، هەمووکاتێک لەو چوارکونەوە چاودێریان دەکردین. ژوورەکەی ئێمە نزیکەی ١١٠زیندانی تێدابوو، ڕاستیی بڵێم هەرکەسەمان یەک کاشی بەردەکەوت، کە پشووی تێدا بدات. بۆیە لات سەیر نەبێت، ئەم .بێ ویژدانانە وایان لێکردبووین جێگا نەبوو، وەکو فەردە بەسەر یەکدا کەوتبوین، لەسەر یەکتر دەخەوتین

دەتکوت ماسی ناو قتوین، بە زۆر ئاخنراوینەتە ئەم ژوورەوە. ژوورەکە دوو پەنجەرەی هەبوو، ئەوانیش بەکۆنکرێت گیرابوون تەنها کونێکی وەک لولە زۆپایان تێکردبوو، هەمووشەوێک زیاتر لە ٥٠کەس لەهۆش خۆی دەچوو، کە بەیانیان دەرگایان دەکردەوە نیوەمەیتیان بەزۆر دەردەکرد. بیرمە لە ژووری ئێمە کوڕێکی .خەڵکی خانەقین مرد، نەخۆش بوو، کێشەی هەناسەدانی هەبوو، زۆریان لێدابوو

باسی نان خواردنت کرد، ڕۆژانە تەنها برنجیان دەداینێ لەگەڵ دوونان، لەوە زیاتر هیچی ترنەبوو، تەنیا یەک ژەم خۆراکمان پێ دەدرا، سبەینانیش زوو دەیانکردینە دەرەوە بۆسەر ئاو، هێندە بێرەوشت بوون هەرچوار ژوورەکەیان بە یەکەوە دەکردە دەرەوە بۆ سەرئاو، زۆربەمان فریای هیچ نەدەکەوتین، تا ئاوێک بکەیت بەدەم و چاومانا، من ماوەی ١١مانگ خۆم نەشت، جل و بەرگم نەگۆڕی و ڕێگەشیان نەدا کەس و کارم ببینم، ئیتر من بەدرێژایی ئەو ماوەیە هیچ میوە و سەوزە و گۆشتم بەرچاو نەکەوت، کەسیش ڕێگەی نەدرا بێن و سەردانمان .بکەن

لە ڕێگەی کەس و کارو براکانمەوە توانیان "ئەمین فارس" کە لێپرسراوی زیندانی خەلان بوو بێتە لام، چونکە کاتێک لە سەعید مەسیفی پرسیوو ووتبووی بۆی نییە کەس ببینێت. "ئەمین فارس" خۆی هات بۆلام، پارچەیەک جگەرە و ڕانێک گۆشتی هێنابوو، تۆ چەند تامت کرد منیش ئەوەندە، برا پێشمەرگەکان دوایی لێیان .سەندم و بۆ خۆیان خواردیان

.ئەمین فارس" بۆیە توانی من ببینێت و بێتە سەردانم، چونکە کاتی خۆی ئەو بەرپرسی زیندانی رایات بوو"

تەنیا یەک جار پزیشک هات، ئەویش ئەوەندەیان لێدابووم، پشتم زۆر بریناربوو، کێم و خوێنی لیدەهاتە دەرێ، کاتێک دکتۆرەکە سەیری کرد، ووتی: هیچ نییە خۆی چاک دەبێت، دکتۆرەکە وتی: من دەرمانی پێشمەرگە نادەم بە زیندانیی، پێشمەرگە گیانی خۆی فیدا دەکات، تۆ کەنجیت بۆ خۆی چاک دەبێت، لەمەوە تێگەیشتم، کە هەرچی دەهات و سەردانی رایاتی دەکرد بۆ خۆی جەلادێک بوو، یان دەبووە جەلاد و پیشەکەی خۆی لە بیر دەچووەوە، چونکە ئێمەیان وەک مرۆڤ سەیر نەدەکرد! وایان دەزانی ئێمە خائینێکی زۆر مەزنین، لێرە دایان ناوین، تا بۆ خۆمان بمرین! مافی ژیانمان نییە و مانەوەشمان لەم زیندانە تەنیا بۆ ئەوەیە، کە ئەم دەروون نەخۆشانە بە دیتن دەنگی لێدان و ئازارەکانمان خەنی بن، لە دواییشدا دێمە سەر ئەوەی، کە چۆن بەم .عەقڵەیانەوە، لە ئاشبەتالەکەدا دەرگایان بۆ کردینەوە

ئەمانەم لە بیرە، وەکو " ئەنوەری کەریم فەنی ئابلاخ، بەکر قازی رەحیم، عەبدولرەحمان حەسەنی غولام، کە پوری ئەم پیاوە، خێزانی سابیری کوری مەلامستەفا بوو، عومەر شوانی، ئەفسەرێکی خەڵکی پێنجوێنیشم بیرە ناوی سابیربوو، دووپیاوی بەتەمەنیشمان لەگەڵدا بوو ناویان "حەمە ئاغای وەیس " خەڵکی هەڵەبجە بوو، لەگەڵ "عومەر شوانی" ئەم دووانە تەمەنیان نزیکی ٥٠ساڵێک دەبوو کابرایەکیش هەبوو ناوی "شێخ .تەقێ بوو" زۆرجار پێش نوێژی دەکرد بۆ زیندانییەکان خەڵکی کەرکوک بوو

رەئوفی هەمزە بیبانی" چوار برا بوون، هەرچواریان لە رایەت زیندانی بوون، تەنها کاک رەئوف لای ئێمە" - بوو براکانی تری فەریق و نامیق و سدیق، لە ژورەکانی تربوون. ئەمانیش ماوەیەکی زۆر لەگەڵ تاڵەبانی دابوون و کەسی دیاربوون جەلالی بوون، لەسەر جەلالی گیرابوون.- لە ژوورەکەی ئێمە نا، بەڵام دوا جار فاخیر مێرگە سوری و خزمەکانی لەوێ لە زیندانی تاکە کەسیدابوون و دوایش لە کوشتارگاکە شەش حەوتێکیان لێ .رەمی کردن

ئا بیرم کەوتەوە رۆژێک چوار زیندانی بارزانیان هێنا، کە دەستدرێژیان کردبووە سەر ئافرەتێک، زۆر بێ شەرم بوون، هەر جوێنیان دەدا و خۆیان بە کەسی نزیکی مەلا مستەفا دەزانی، دوای چوار رۆژ بەربوون، بەلام سدیق ترسنۆک بوو تەنیا هەر لێیان تورە دە بوو، دەستی بۆ نەدەبردن و نەیدەوێرا وەک سۆرانییەکان لێیان بدات، وەک چۆن بە کێبڵ لە ئێمەی دەدا.لە ژوورەکەی ئێمە ئەوەی بیرم بێت، کە مرد"عەبدولرەحمان" خەڵکی قەلادزێ بوو، شیوعی و سەر بە لیژنەی مەرکەزیی بوو، لە ژێر ئەشکەنجەدا کوشتیان، یادی بەخێر، ئەوان کاتێک ئەشکەنجەی زیندانییەکانیان دەدا ئێمەشیان دەبرد بۆ سەیر کردنی، بۆ ئەوەی ورە بەربدەین و لە ترساندا هەرەس بهێنین. لە ژوورەکەی ئێمە هەندێک شیوعیش زیندانی بوون لە کەڵماندا، بەلام ناویانم بیر ناکەوێتەوە. باسی عەرەبت کرد لە ژوورێکی دیکە تەنیا عەرەبێکی عەقیدی لێبوو ناوی "ئەبوو محەمەد "بوو، لە تەنیشت ژوورەکەی فاخیر مێرگەسوریدوای مانگێک عەسرێکی درەنگ، جارێکی تر بانگیان کردم بۆ لێپرسینەوە بۆ ژوورەکەی "سەعید مەسیفی" بەرێوەبەری زیندان، سەیرم لێهات ناو حەوشەکە پربوو لە چەکداری بارزانی جامەدانی سور، کە بردمیانە ژوورەوە سەیرم کرد ژوورەکە پربوو. لەوانەی من ناسیمنەوە

"مەسعود بارزانی، كەریم سنجاری، فرانسۆ حەریری، شەكیب، سەعید مەسیفی" هەموویان چەكیان پێ بوو دایان نام و ووتیان چا دەخۆیتەوە ؟

منیش ووتم): نا با بیرم نەكەویتەوە، مەسعود بارزانی ووتی: من دەزانم تۆ بێتاوانی، بەڵام مەرجمان هەیە بۆ) - .ئازاد بوونت

ووتم: مەرجەكەتان چییە ؟

.ووتی: پارە و چەكیشت پێدەدەین بڕۆرەوە بۆ سلێمانی كارێكمان بۆبكە

منیش ووتم : باشە قبوڵمە، چ كارێک بكەم ؟

.فرانسۆ حەریری ووتی: دەبێت لە ناوشۆڕشدا كەفیلێكی بڕوا پێكراوت هەبێت، لە پێشدا ئەو كەفالەتت بكات

.منیش ووتم: كەس ناناسم ئاوا متمانەی پێبكەم و تا كەفالەتم بكات

شەكیب شتەكانی دەنووسی، ئێمە بیستبومان، كە شەكیب سەر بە ساواک و موسادە و دەنگ وا بڵاوبووبۆوە، .ئەیانووت ئەو ڕاپۆرتانە بۆ ئەوێ ئامادە دەكات

دوای ئەو وەڵامەی من، ئیتر هیچیان نەوت منیش هیچی نوێم پێنەبوو بیڵێم، بردمیانەوە بۆ ژووری ژمارە چوار، بێ لێدان و ئەشكەنجە دان. ئەوە یەكەمین جارو دواجاربوو، ئیتر قسە یان لێكۆڵینەوەیان لەگەڵدا .نەكردم، دوایی تێگەیشتم دەیانوویست ناوی خەڵكێكیان پێ بڵێم تا چارەنوسی وەک منی لێبێت

دوای چەند ڕۆژێک دیسان درندانە، كەوتنەوە لێدانم و خەڵتانی خوێن كرامەوە هێندە كێبڵیان پیاكێشام و توانای هیچم نەما، ئەوە هەموو سەری مانگێک كە برینەكانی لەشم خەریكی سارێژ بوون دەبوون، .دەیانبردمەوە بۆ لێدان و ئەشكەنجەیان دەدام، بێ ئەوەی پرسیارێكم لێبكەن

جارێكیان بەر لە ڕۆژێک كە بمبەن بۆ ئەشكەندەدان، بەتەنها منیان برد بۆ سەیری لێدان و ئەشكەنجەی گەنجێک كە خەڵكی "گردی كۆ"ی لای هەڵەبجە بوو، ناوی "حەمەی مام خان " بوو، دوایش دووڕسێ ڕۆژ پێش .ئاشبەتاڵەكە، شەهیدیان كرد

.لە رایات ئەگەر هەر پرسیارێكت بكردایە، وەڵامەكان تەنها كێبڵ پیاكێشان بوو

كوردستانپۆست: لەزیندانی ڕایات، بیرت لەچی دەكردەوە ؟

هەر کە بواری بیرکردنەوەم هەبوایە، ئەم ووت گەر "ئەحمەد حەسەن بەکر" شەریف بوایە، چەند ناپاڵمێکی - دەدا بەم زیندانەدا و ڕۆحی ئێمە و جەلادەکانیشی دەکێشا، پاشان بیرم لەو کەسە نەفسنزمانە دەکردەوە، کە لە ترسنۆکی خۆیاندا ئاوا بەرخورد دەکەن و سیخوری بەسەر خەڵکانی تردوە دەکەن، درۆ و بوختان بۆ هەڵدەبەستن.شت زۆرە، پێشمەرگەیەک هەبوو گیرابوو لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆیدا هێنابویان بۆ لای ئێمە، ئەو پیاوە مەردە ناوی "ئەنوەر" بوو لەگەڵ هاوڕێکەی ناوی "سنجار" بوو، لەبەر ئەوە گیراابوون، کەوا دەبینن یەک دوو بارزانی دەستدرێژی و لاقەی کچێک دەکەن، ئەمانیش نایکەنە نامەردی دەیانگرن هێندەیان لێدەدەن، دوایش چووک (زەکەری) هەردوو بارزانییەکە دەبڕن و بەریان دەدەن، هەر دوو بارزانییەکە دەچنە لای مەلامستەفا شکات دەکەن، مەلا مستەفاش فەرمان دەدات، ئەم دوو کوڕە دەگرن و هەردووکیان دەنێرن بۆ ڕایات، کاک ئەنوەر لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانی سپارد، کوڕێکی زۆر بەجەرگ بوو، هەرچییان لێکرد نەچووە ژێر بار، لە ژێر ئازار و لێداندا هاواری دەکرد و پێی دەوتن: شەرم ناکەن لە سەر ئەو بێناموسانە وامان لێدەکەن!؟ ئێمە .شۆڕشمان کرد تا تاوان بکەین و تەحدا لە ناموسی خەڵک بکەین!؟ ئەو پیاوە کە دەتکوت شێرە شەهید بوو

لەگەڵ گێرانەوەی ئەمەدا مام جوامێریش ئەوت جارێکی تر ئەنوەر لەبەر چاوی دارکاری دەکەن و چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسک، جگەرەیەکی پێکرد و دەستی کردە بە مژینی و بە بای کرد. ئەمانەی کە بۆ دەگێڕاینەوە، هەستمان کرد پێویستی بە پشوودانە، بۆیە جێمهێشت بۆ دواهەمین پرسیار، ئەویش پرسیارکردن بوو لەسەر ڕزگاربوون و هاتنەدەرەوەی لە زیندانی ڕایات.ماوەی چەند ساڵێک زۆر کتێبم دەخوێندەوە، بەتایبەتی خەونامە و هەستم دەکرد دەتوانم خەو لێکبدەمەوە، بەپێکەنینەوە تەنیا لەو زیندانە ڕێگا درابوو ئەم کتێبە بخوێنیتەوە، نەیان دەهێنشت هیچ کتێبێکی دیتە هەبێت! ئەویش خۆیان بۆیان دەهێنیان، نازانم مەبەستیان لەمە چیی بووا؟. . . . . . هەفتەیەک پێش ئاشبەتاڵ من خەوێکم دی، خەوێک کە من لەم زیندانە دێمەدەرەوە، لەژوورەکە بۆ .یەک دوو هاوڕێ خۆم باسکرد

دووشەو پێش ئاشبەتاڵەکە هەندێک خەڵکیان ئازادکرد، دوایی بەئەمری مەسعود بارزانی هێنایانەوە و لە کوشتارگاکە (قەسابخانەکە)، چەند کەسی بێتاوانیان گوللەباران کرد، ئەو بەیانییە کەس لە دەرگای نەدا، منیش بەردەوام لەپشتی دەرگاکە ڕادەکشام لەخۆمەوە هەڵسامە سەر پێی و سەیری کونەکەم کرد، کە بە کونی چاودێری دەماننا‌سی، کەسم لە حەوشەکە نەدی، بەهێواشی پاڵم نا بەدەرگاکەوە کرایەوە، بیرم کردەوە ڕەنگە ئەمە تاکتیک بێت تا تۆمەتی ڕاکردن بدەنە پاڵم و گوللەبارانم بکەن، تۆڕێ وەستام هیچم گوێ لێنەبوو، چومە حەوشەکە سەیرم کرد ژوورەکانی تریش کلۆم نەدراون، بەرەو دەرگای سەرەکی چووم، چەند چەکدارێک وەستابوون، دەرگای سەرەکی کرابووە، لە خەو دەچوو، لە ناکاوێکدا کوڕی سەعید مەسیفیم دی ناوی" بڵند". ئەم بڵندە دوایی بوو بە بروایپێکراوی ئیستخباراتی عێراقی و لەگەڵیاندا کاری دەکرد، بردیانە هەولێر و لەوێ دادەنیشت. ئێستا گەر مابێت بەدڵنیاییەوە پاراستنە. ئەم بڵندە خوشکەزای سەعیدیشی لەگەڵدا بوو بە ناوی "ئازاد". ئازاد کە منی بینی ووتی : دەتوانی بڕۆیت ئەو منی دەناسی، دووبارەی کردەوە: دەڵێم : مەوەستەو بڕۆ و پرسیاریش مەکە. منیش چەند هەنگاوێکم نا بەرەو شەقامەکە، چاوەڕێم دەکرد لەدواوە گوللەبارانم بکەن

و ڕزگارم بێت. هیچ نەبوو هەنگاوەکانم گەورەترکرد و گەیشتمە شەقامەکە. ووتم : وەک ئەوانی تر دەمکوژن، خەڵکم دی پاش کەمێک جێبێک هات، دەستم لێڕاگرت وەستا سواربووم ووتم دەچم بۆچۆمان، جێبێکی ستێشن بوو. بە کاکی شوفێرم ووت : ببورە ڕەنگە بتوانم ناسیاوێک لەچۆمان بدۆزمەوە، تا پارەی کرێکەت پێ بدەم.

- کاکی شوفێر ووتی : لەو زیندانە نەفرەتیە بووی؟

- ووتم بەڵێ : ئەوەچی ڕووی داوە، شۆڕش سەرکەوت ؟

- کاکی شوفێر ووتی، سەرکەوتنی چی ئاشبەتاڵ بوو، هەمووشتێک تەواو، سەرکردەکانی کورد کلکیان کردە ناوگەڵیان و ڕایان کرد و میللەتیان جێهێشت، ئینجا دەستی کرد بە گیرفانییدا و ١٠٠تمەنیشی پێدام و لەچۆمان دایکرتم، ووتی بەختت هەبووە نەیانکوشتویت! دەزانی لەم ڕۆژانەدا چەند کەسیان لەو زیندانی ڕایاتە نەفرەتیە کوشت؟

- لە چۆمان وەک دێوانەیەک چاوم دەگێڕا بەدوای ناسیاوێک و برادەرێکدا دەگەڕام تا بزانم هەواڵی کەس و کارم، ڕێکەوت "عوسمان عەلی خەیات"ی هونەرمەندم بینی، باوشی پیادا کردم ووتی ماوی؟ ئەو دەیزانی لە ڕایات بووم و ووتی : بیستومە زۆرکەسیان بە ناهەق کوشتوە، ئیتر ووتی: دیسان ئەم تەرەسانە کوردیان فرۆشتەوە و خۆیان ڕایان کرد بۆ ئێران، سبەی دەچن بۆ ئەورپا و ئەمەریکا و چاوی میللەتیش دەربێت. هەر بە ڕاستیی قسەکانی هاتە دی و واشی لێهات! ئەوسا هەواڵی براکانمی دامێ زانیم لە (سەردەشت)ن، ڕووی ئەوەم نەبوو داوای پارەی لێبکەم. دوایی چوومە لای "مستەفای میرزا حەسەن" کە چایخانەی هەبوو، ئەو پارەی دامێ جلەکانم گۆڕی، دوای ١١مانگ توانیم ئاوێک بەخۆمدا بکەم و پشیلەشۆرێکم کرد، ئەوسا بەڕێکەوتم بۆ حاجی هۆمەران و دوایش بۆ نەغەدە و مهاباد و دوای یەک دووشەو گەیشتمە برا و کەسەکەم لەسەردەشت و بڕیارمان دا کە بگەڕێینەوە بۆ سلێمانی.منیش سوپاستان دەکەم کە بەسەرتان کردمەوە و ئاوا لەخەمی زیندووکردنەوەی مێژوودان کە تا ئیستاش بەغەدر مێژوو بە جوانی بۆ ئەمان دەنوسرێتەوە، هیوادارم ئەو تاوانانەی کە ئەمانە کردوویانە بەناوی شۆڕشەوە چاوپۆشی لێنەکرێت و باس بکرێت، ڕەنگە ئێمە نەتوانین هەموو ئەو تاوانبارانە دادگایی بکەین، بەڵام ناشبێت وەک پاڵەوان سەیربکرێن و ستایش بکرێن، هەرهیچ نەبێت بە گێڕانەوەی ئە ڕووداوە مێژوویانە بەر نەفرەتی مێژوو بکەون. منیش ئێوەم ماندووکرد سوپاس بۆ تێکۆشانتان، نمونەتان زیادبێت. شتێکی تر هەیە بیرم کەوتەوە کە کەسێک هەبوو لەسلێمانی بەرپرس بوو لەپاراستن ناوی "جەمال قاسم "ە نازانم ماوە یان نا، لەڕێگەی پاراستنەوە ئەم کەسە ملی دەیان کەسی شکاندوە

زیندانی ڕایات.





:ناوی زیندانە نهێنییەکانی پاراستن و ئاسایش و زێرەڤانی دیکە

١) بەندیخانەی ژێر وەزارەتی ناوەخۆ: (١٥٠) کەسی تێدا بەندکراوە، لەلایەن "کەریم سنجاری" وەزیری ناوخۆوە سەرپەرشتی دەکرێ.

٢) خانوویەك لە گەڕەکی دۆلاراوەی هەولێر: (٢٠) کەسی تێدایە لەلایەن "عیسمەت ئەرگوشی" و "دڵشاد یوسف" سەرپەرشتی دەکرێ.

٣) خانوویەك لە گەڕەکی ڕزگاری، ناو ئاسایشی گشتی: (١٠) کەسی تێدایە لەلایەن عسمەت ئەرگوشی و بارزان قەساب سەرپەرشتی دەکرێ.

٤) بەندیخانەیەکی نهێنی لە مەسیف سلاحەدین، ژێر بنکەی سەربازی لیوای تایبەت: نزیکەی (١٥٠- ٢٠٠) کەسی تێدایە، لەلایەن "مەنسور بارزانی" کوڕی مەسعود بارزانی سەرپەرشتی دەکرێ. چەند زیندانییەکی تێدایە لە ساڵی (٩٦- ٩٧) دەستگیرکراون.

٥) بەندیخانەیەك لە ناو بینای زێرەڤانی، شوێنی بزوتنەوەی ئیسلامی پێشوو: ژمارەیەکی زۆر زیندانی تێدایە. لە چەند ژوورێك پێکدێت کەوتۆتە ژێر زەمین. لەلایەن "عیسمەت ئەرگوشی"، "دلشاد یوسف"، "موقەدەم سیپان" و"موحەمەد چاوشین". بەڕێوەدەبرێت، لەلایەن مەسرور بارزانی سەرپەرشتی گشتی دەکرێ.

# کۆماری کوردوستان و مەلا مستەفا

بارزانی دامەزراندنی پارتێکی رامیاریی (وەک پارتی دیموکراتی کوردستان – ئێران) سەربەخۆ لە باشوور بەپێویستی یەکی مێژوویی دادەنا بۆ ئامادەکردنی جەماوەری کورد بۆ خەباتی هەمە لایەنە و رێکخستنی کوردپەروەران و کۆکردنەوەیان لەژێر ئاڵای سەرکردایەتییەکی هۆشیار و شۆڕشگێڕدا کەبتوانێت شۆڕش هەڵگیرسێنێت و رابەریی بکات بەرەو سەرکەوتن و ببێتە هەوێنی پارتێکی یەکگرتووی شۆڕشگێڕ لە هەردوو دیوی ئێران و عێراق بەسەرکردایەتی بارزانی مستەفا، ئەم بیرۆکەیەش زۆرتر لای ئەفسەر و رووناکبیرەکان رەنگی دابووەوە و جەختیان لەسەر دەکرد، ئەگینا شێخ ئەحمەدی بارزان بە پێی بیروباوەڕ و تاقیکردنەوەی دوورودرێژی خۆی نەیدەویست هیچ کاتێک بکەوێتە نێوان دوو ئاگرەوە و بواری کشانەوەو خۆڕزگارکردنی لەبەردەمدا نەمێنێت. بارزانی مستەفا فێبروەری ١٩٤٦ پارێزەر هەمزە عەبدوڵلا دەنێرێتەوە باشوور بۆ زەمینە خۆشکردن و راگەیاندنی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد لەم بەرێزانە:

١- مەلا مستەفای بەرزان. سەرۆک

(٢- هەمزە عەبدوڵلا/ پارێزەر (یەکەمین رازگر – سکرتێری پارتی بوو هەتا ١٩٥٩ ن.ک

(٣-ئەنوەر دڵسۆز/ ؟ (یەکێکە لە روناکبیرە نیشتمان پەروەرەکانی کورد .ن.ک

(٤- بەکر عەبدولکەریم حەوێزی (ئەفسەر بە پلەی رەئیس – نەقیب

(٥- مستەفا خۆشناو (ئەفسەر بە پلەی رەئیس – نەقیب

(٦- نووری ئەحمەد تەها ( ئەفسەر بە پلەی مولازمی یەکەم

(٧- موحەممەد قودسی (ئەفسەر بە پلەی مولازمی دووەم

(٨- عیزەت عەبدولکەریم (ئەفسەر بە پلەی رەئیس ئەول روکن

(٩- خەیروڵلا عەبدولکەریم ( ئەفسەر بە پلەی مولازمی یەکەم

(١- جەلال ئەمین رەواندوزی (ئەفسەر بە پلەی مولازمی یەکەم

(١١- موحەممەد ێالح ژاژڵەیی (ئەفسەر بە پلەی مولازمی یەکەم

(١٢- عەبدولرەحمان نەقیب (ئەفسەر بە پلەی مولازمی یەکەم

(١٣- میرحاج ئەحمەد (ئەفسەر بە پلەی رەئیس

(١٤- وەهاب موحەممەد ئاغا (؟) (سەرۆک هۆزێکی کورد بوو ن.ک

(١٥- شێخ لەتیف شێخ مەحموود حەفید (سەرۆکی ساداتی بەرزنجە

نەجەف قولی پسیان نووسەری کتێبی لە مەهابادی خوێناوییەوە هەتا لێوارەکانی ئاراس نووسیویەتی: (براکانی شێخ ئەحمەدی بەرزان، موحەممەد یدیق و شێخ بابۆ لەو بچووکتر و لە مەلا مستەفا گەورەترن بەراشکاوی وتیان قازی موحەممەد، زستانی رابردوو (مەبەستی لە زستانی ١٩٤٥ ن.ک) شێخ ئەحمەدی لای سۆڤێت تاوانبار کردووە، پەیوەندی بە ئینگلیزەوە هەیە، سۆڤێت دووریان خستەوە بۆ (شەیتان ئاوای دۆڵ)، پار قازی موحەممەد پەیتا پەیتا فەرمانی بە ئێمە دەدا هۆزەکانی مامەش و قەرەپاپاخ تالان بکەین، بەڵام کاری .(وامان نەکرد(٧٢

## سەرەتای هەرەسی کۆمار

لەشکری ئێران لەو شەڕانەی سەرەوەدا، زیانی زۆریان بەرکەوتبوو، زۆریشیان بەدیلی کەوتبوونە دەست پێشمەرگەی کوردستان، سەربازەکان ئازاد دەکران و ئەفسەرەکان دەهێڵرانەوە، لەشکری چواری دوژمن پەیوەندی بە کۆمارەوە نەپچڕاندبوو، بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی نێوان ئێران و کۆماری کوردستان، تاران دوو ئەفسەری پایە بڵند، سەرلەشکر ئایروم و سەرگورد کیشاوەرزی دەنێرێت بۆ گفتوگۆ(٩٦)، لە گوندی کولتی لەگەڵ نوێنەری مەهاباد بەکر حەوێزی کۆدەبنەوە (ئایروم سەرەتا دەڵێت ئێمە وەک دوودۆست (وەک دوولایەنی دۆست، چونکە سێ کەسن .ن.ک) ئێستە لەگەڵ یەک دانیشتووین چونکە حکومەتی شاهنشا،دانی بە خوودمختاریەکی کۆنفدرالی ناوە)(٩٧) بەکر حەوێزی لەوەندە پتر ناوەرۆکی کۆبوونەوەکە و ئەنجامەکەی بەدەستەوە نادات چونکە هاوکات پێشەوا هەواڵی هەرەسی کۆماری ئازەربایجانی پێدەکات و یەکسەر بڕیاردەدات پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا ببڕێت.. ئەو خودموختارییەی شای ئێرانیش گوایە دانی پێداناوە جێگەی باوەڕ نییە، چونکە شای ئێران نەک ئۆتۆنۆمی،دانی بە سادەترین مافی کوردا نەناوە وکەمو زۆر شتێک لەو رووەوە لە ئارادا نەبووە بەڵکو لەگەڵ ستالین سەرگەرمی سەوداو مامەڵە بوو نەوت بگۆڕێتەوە بە رووخاندنی هەردوو کۆمارەکە و تاساندنی دەنگی کورد و ئازەر، نەوت بەکورد، نەوت بە ئازەر لە سەرکێشی ترێ بە کەنم هەربووە، زۆر لە پیش یاسای نەوت بە خۆراکەوە، بە پێی ئەو سەودا و مامەڵەیە شا نەوت بە ستالین بدات، ئەویش لە بەرامبەردا بڕیاری پووکاندنەوەی هەردوو کۆمارەکە بدات و هەردوو گەلی کورد و ئازەر بفرۆشێت بە

مافی بەرهەمهێنانی نەوتەکەی ئێران بەرێژەی ٥١% بۆ سۆڤێت و ٤٩% بۆ ئێران، سەرۆک وەزیرانی ئێران قەوام سەڵتەنەت لە گفتوگۆکانیدا لەگەڵ چیکۆف نوێنەری ستالیندا، رامیارێکی زۆرزان و بەئەزموون، دیپلۆماتکارێکی ووریا لە دانوساندندا، دەیزانی چۆن بەرامبەرەکەی دەهێنێتە ژێر بار بۆ رێککەوتن، دەیزانی چی دەوێت و چۆن لە بەرامبەرەکەیی وەردەگرێت، بابوون لە پێی ستالین دەدات و پەیمانی دەست کێشانەوە و هاریکارینەکردنی هەردوو کۆمارەکەی پێ مۆردەکات، تاران پشت بەو رێککەوتنە بروسکەیەک بۆ جەعفەر پێشەوەری سەرۆک کۆماری ئازەربایجان دەنێرێت: ( هێزی شاهنشا دێتە تەورێز بۆسەر پەرشتی کردنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێ، تا رێ لە هەموو فرت و فێڵ و کەم و کورتییەکانی هەڵبژاردنەکە بگرێت، بۆیە نابێت بەرهەڵستی بکرێت، پێشەوەریش لە وەڵامدا نووسیبووی، بەگوێرەی ئەو پەیمانەی لەسەری رێکەوتووین لە شکری ئازەربایجان بەلەشکری ئێران دادەنرێت بۆیە پێویست بە ناردنی لەشکری ئێران ناکات بۆ چاودێری کردنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێ، لە شکری ئازەربایجان دەتوانێت بێ هیچ لایەنگیری کردنێک سەرپەرشتی ئەو هەڵبژاردنەی نێو خۆی بکات) شای ئێران بە پشتیوانی ستالین لەلایەک و لەولاشەوە چەند وەزیر و گەورە بەرپرسی ئازەربایجانی کریبوو، ئەوانە ئامادەبوون دووای پێشرەویکردنی لەشکری شا بەرە و تەورێز ئەوانیش لە ناوەوە بکەونە کار و دەستبەسەر کۆماردا بگرن و وەک مەلی بێ پەروباڵ بەچەقۆیەکی کول .سەریببڕن

هەرەسهێنانی کۆماری ئازەربایجان . تەورێز

پلانی فرۆشتنی هەردوو کۆماری ئازەربایجان و کوردستان بە نەوت لە نێوان سۆڤێت و ئێراندا چۆن لەسەر .کاغەز کێشرابوو، ١١/١٢/١٩٤٦ لە پراکتیکیشدا لەسەر زەوی بەووردی ئەنجامدرا

تەورێز لە رووی ژمارەوە چەندانەی هێزی مەهاباد و لە رووی چەک و تەقەمەنیی و پێداویستییەکانیشەوە مەهاباد لە تەورێزی وەردەگرت جگە لەوەی پارتی کۆمۆنیستی ئێرانیش (توودە) بە بڕیاری ستالین بە هەموو تواناوە تێکەڵ بە ئازەربایجان بووبوون، لەبەرامبەر لەشکری ئێراندا بەرەنکارییەکی ئەوتۆیان نەکرد، سەرۆک کۆمارە لوت بەرزە بەکەش و فشەکەی تەورێز (جەعفەر پیشەوەری و سەرلەشکر غولام یەحیاو (١٥٠٠) سەربازو ئەفسەر هەڵاتن بەرەو باکۆ) پێتەختی کۆماری ئازەربایجانی سۆڤێتی وپاشماوەی لەشکر وگەلی ئازەریان وەک مەری بێ شوان بۆ کەڵبەی تیژی گورگ جێهێشت.مامۆستا سەعید ناکام لەبیرەوەرییەکانیدا لاپەڕە٥٦ دەڵێت:(بەپێی پەیمانی یاڵتا، هاوپەیمانان بڕیاریاندا دووای شەڕ لە ئێران بکشێنەوە وسنوورەکانی بپارێزن.سەیر لە وەدابوو کە سۆڤێت کشانەوە کە زۆریان لێ قەزابوو، تۆپەشکاوێک یا لۆریە شەقوشرێکیان جێنەهێشت(بۆکۆماری مەهاباد.ن.ک) بەڵام لە تەورێز هەمووتۆپ وتانک ولۆری و تفەنگ و شەستتیر وتەنانەت (. خێوەت وجل وبەرگیشیان بۆ ئازەرییەکان جێهێشت

وەزیر و کاربەدەستە بەکرێگیراوەکانی شا، دەستیان بەسەر کۆماردا گرت و هاورێ ولاَت پارێزەرەکانیش کە هەڵنەهاتن و نەچوونە پاڵ بەکرێگیراوەکانیش وەک (سەرهەنگ عەزیمی لە سێدارە دران) و بەشێکیشیان

پەیوەندی دەکەن بە کۆماری کوردستان یا راستتر وایە بڵێم بە هێزی بارزانییەکانەوە. کەوتنی تەوریز کتوپڕ بوو، بەتایبەتیش بۆ مەهاباد کە پێشەوا پێشوەخت هیچ زانیارییەکی لەوبارەیەوە نەبوو، تەفرشیان دەڵێت قازی موحەممەد بە هاوڵاتی ئێمەی گوتبوو، (مەبەستی لە ئەفسەرە هەڵهاتووەکانی تەوریزە بۆ مەهاباد) (پێشەوەری تەلەفونی بۆ کردم و گوتی ئەوا من چووم و ئەتۆش وەرە، بەڵام من ناتوانم وەک پێشەوەری کەلەکەم بەرەڵڵا بکەم و بۆ رزگار کردنی گیانی خۆم کەلەکەم بە خوا بسپێرم، پێ لە مەهاباد بەرمەدەرەوە کەلەکەم بەردەبنە گیانی یەکتر بۆیە ناچارم هەر لەمەهاباد بمێنمەوە هەتا سوپا دێ و دەستەڵاتی نوێ دەچەسپێ ئەگەر لە داریش بدرێم)(٩٨

هەرەسی کۆماری کوردستان

موحەمەد حوسەین سەیفی قازی لە تەوریز بوو، بۆ وتوویژ لەسەر پەیمانی هاوکاری، یەدری قازی وەک نوێنەری کۆمار لە پەرلەمان بوو لە تاران، سەرلەشکر ئایروم، سەرگورد کیشاوەرزی هاتبوونە مەهاباد بۆ گفتوگۆ، بارودۆخ لە تەوریز و مەهاباد ئاسایی بوو، کتوپڕ باقرۆڤ بریاری مۆسکۆ بە پیشەوەری دەدات (تەوریز چۆڵکەن بۆ لەشکری ئێران، پیشەوەری لە چەند کاتژمێرێکدا رادەکات بۆ باکۆ و لە دوواکاتەکاندا پێشەوا ئاگادار دەکات (من رۆیشتم تۆش وەرە بۆ باکۆ) پێشەوا نامەیەک بۆ بەکر حەویزی دەنێرێت (تەوریز خیانەتی لێکرا، جەعفەر پیشەوەری و غولام یەحیا رۆیشتن بۆ رووسیا، پەیوەندی لەگەڵ دوژمن ببرە و یەکێک لە جێی خۆت دابنێ و بەرە و مەهاباد بگەرێوە تا چارەیەکی وەزعی خۆمان بکەین)(٩٩) شایانی وتنە پیشەوەری لە دڵسۆزییەوە نەبوو پێشەوای ئاگادارکرد، ئەگەر پێشەواش وەک ئەو کلکی مۆسکۆ بووایە هەڵبەت فەرمانێکیان بۆ ئەویش دەردەکرد، چۆڵیکە و راکە! دەمەدەمی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، رووداوەکان چۆن تیژ تێدەپەرین، بەرلە گرتنی مەهابادیش رووداوەکان بەهەمان خێرایی تیژ تێدەپەرین، لە هەردوو رووداوەکەشدا کۆماری کوردستان دامەزراندنێکی سپی و هەرەسێکی سپی بوو، خوێنی تێدا نەرژا هەتا ٣١/٣/١٩٤٧. و لە سیدارەدانی پێشەواو هەڤاڵەکانی

دوا بەدووای گرتنی تەوریز لە ١٢/١١/ ١٩٤٦ دا و گەرانەوەی دامودەزگای شای ئێران، فەرماندەی لە شکری چواری ئێران لە کوردستانی خۆرهەلات، سەرهەنگ هۆمایۆنی ١٦/١٢/١٩٤٦ بەشێوەیەکی ئاسایی بێ تەقە و هێرش و بەرگریکردن (دێتە مەهابادەوە و لە ماڵی قازی میوان دەبێت و نانی نیوەرۆ پێکەوە دەخۆن)(١٠٠)، سەدری قازیش کە هێشتا لە تاران بوو وەک نوێنەری مەهاباد لە پەرلەماندا، لەوێوە دەڵێت: (من لە رێکوپێکی بەرێز لیوا هۆمایۆنی زۆر رازی و خۆشحاڵم.. بەهۆی ئەم بارودۆخەوە دانیشتوان بەخۆشیەوە خەریکی بەدەستەوەدانی چەکن)(١٠١) رەوتی رووداوەکان ئەوە دەردەخەن پێشەواش وەک پیشەوەری فەرمانە رەشەکەی ستالین جێبەجێدەکات کە بۆ سەرۆک کۆماری ئازەربایجانی سۆڤێت – باکۆی ناردووە کە پێویستە بەپەلە تەوریز بۆ لەشکری ئێران چۆڵبکات، بەڵام پێشەوا ئەو کارەی شەرمەنەدانە و بەوپەری هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و لە خۆبوردەییەوە کرد و گیانی خۆی و هەڤاڵەکانی دەکاتە قوربانی ئەگەرچی خۆبەدەستەوەنەدان و بەرگریکردنیش ئەگەری سەرکەوتنی هەبوو... بەڵام پێشەوا دووا بریاری دابوو، بارزانی

مستەفا زۆر هەوڵیدا و دڵنیایکرد تووانای داکۆکیکردن و ماندووکردنی هێزەکانی دوژمنیان هەیە .. پێشەوا لەوەڵامدا دەڵێت چاک دەزانم کە حکومەتی ئێران لە سێدارەم دەدات، بەڵام من لە خۆشیدا لەگەڵ خەڵکی مەهاباد بووم ئاوا لە ناخۆشیشدا بەجێیان ناهێڵم، مردن و ژیان لەگەڵ ئەواندایە، گەر ئێستا بەجێیان بهێڵم عەشیرەتەکانی مەهاباد بەردبارانمان دەکەن، بەکوشتنی خۆم (بەمردنی خۆم.ن.ک) رازیم، نەوەک مەهاباد بەوێرانی ببینم، فەرموو با بچین بۆ خانەقای نەهری (مزگەوتی هەباس ئاغا) ئەگەر میللەت بیرورِای وابوو بەجێیانبهێڵم، ئەوا مانعم نیە ئەگەر نا دەمێنمەوە تا لەشکری ئێران دێتە مەهاباد)(١٠٢) هەڵەیەکی پێشەوا کردی ئەوە بوو هێشتا باوەڕی بە مۆسکۆی قەڵای کەلانی چەوساوە و بەشخوراو مابوو! بەوە پشت ئەستوور بوو لەگەڵ هەریەک لە لایەنەکانی هاوکێشەکەدا جۆرە پەیوەندییەکی هەبوو، باقرۆف لە باکۆ، قەوام سەڵتەنەت و چەند وەزیرێک لە تاران و بەردەوام خۆی یا لە رێگەی حاجی بابە شێخ سەرۆک وەزیرانی کۆماری کوردستانەوە لە زۆر شت ئاگاداریان دەکردن جگە لەمانەش هیوایەکی بە ناسیاوی و نزیکی لە شای ئێرانەوە .هەبوو کە رێزی تایبەتی لێدەگرت و ئەنکوستیلەی ئەلماسی بەخەڵات پێدابوو

ئەم هۆیانە پێشەوایان هێنابووە سەر ئەو باوەڕەی ستالین و حەمە رەزا شا وەها رێککەوتوون هیچ لایەک زیانی پێنەگات و لە شکری ئێران دووای هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێ دەگەرێتەوە جیگای خۆی و ئەویش بە جۆرێکی دیکە دەستەڵات وەردەگرێتەوە، ئیتر چ پێویست بە بەرگری و خوێنرشتن دەکات، یا مەهاباد چۆڵبکات، روو زەردی نیشتمان بێت، یا ئەوەیە باوەڕی بە سۆڤێت نەمابوو کە بەر لە مەهاباد باکۆیان فرۆشت، هاوکاری تاران هەڵدەبژێرێت بە ئاشتی و دوور لە توندوتیژی و خوێنرشتن بگەرێتەوە و ئەویش لە ژێر سایەی دەستەڵاتی شادا سەرپەرشتی بەرێوەبردنی مەهاباد بکات، ئەوەی هێنابوویە سەر ئەو باوەڕەش ئەوەبوو هۆمایونی و لەشکرەکەی وەک میوان هاتنە نێو مەهابادەوە و خودی سەرلەشکر لە ماڵی پێشەوا دادەبەزێت، پێشەوا لەو نهێنییە تێنەگەیشتبوو هۆی هەڵوێستی نەرم و دۆستانەی ئێران لە نیازپاکی نییە بەڵکو دەگەرێتەوە بۆ مەترسی هێزی بارزانیان کە سوور دەیزانی بەرژەوەندییەک لە وەدا نییە لەم کاتەدا لەگەڵیاندا تێکهەڵچێت، بەرنامەکەشیان ئەوەبوو هێزی بارزانیان و مەهاباد لەیەکتر دابڕن و وەک دوو کێشەی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن، پێشەواش بەدەستی خۆی ئەو رێگەیەی بۆ خۆشکردن کە بڕیاری مانەوە و بەرگرینەکردنی هەڵبژارد، ئەگەر چی دەبوو بەرچاوی رووناک بێت و دووایەردەی سیناریۆکە لەوەدا ببینێت کە (سەمەدۆف) نوێنەری سۆڤێت لەمەهاباد رۆژی پێشوتر هەڵاتبوو، ئەوەندە شپرزەبوو ئامێری بێتەلەکەی بەجێمابوو، لەگەڵ ئەنوەر دڵسۆز و خانەوادەکانیان چووبوونە ورمێ بەونیازەی لەوێوە بچنەوە رووسیا)(١٠٤) هەربەوەدا دەبوو پێشەوا بە بڕیاری خۆیدا بچێتەوە، ئەگەر ستالین و قەوام سەڵتەنەت رێککەوتوون، نوێنەری سۆڤێت لە مەهاباد بۆوا شپرزە دەبێت، ئاشکرایە ئەو ماستە موویەکی تێدایە، بەڵام نەک موویەک، ئەو گوریسەی تێدا بوو کردیانە ملی پێشەوا و سەیفی قازی و یەدری قازی و هەڤاڵەکانیان، سەرۆک وەزیرانی ئێرانیش قەوام سەڵتەنەت کلاوی کردە سەر ستالین و دووای ئەوەی بە نووکە قەڵەمێک هەردوو کۆماری ئازەر و کوردستانی ناچاری خۆبەدەستەوەدانکرد و ئاو بەئاگردا کرا، قەوام دەست لە وەزارەت

دەکێشێتەوە و وەزارەتێکی نوێ دامەزرا ونەچووە ژێر بەڵێنەکانی قەوام سەڵتەنەت کەدابووی بە ستالین و .مافی بەرهەمهێنانی نەوتی ئێرانیشیان دایە بەریتانیا و ئەمەریکا و ستالینیش لە هەردوو جەژنەکە بوو

کاتێک ڕوسەکان دەستیان بە بەرژەوەندیەکانیا ئەکات و ئەوەی ئەیانەوێت لە ئیران بە دەستی دێن ئیدی گڵۆپی سەوز بۆ سوپای ئێرانی هەڵئەکات کە پەلاماری (کۆماری ئازربایجان و کۆماری مهاباد)بدات . لەگەڵ جوڵاندنی هێزەکانی سوپای ئێرانی بەرەو ئازربایجان ، زۆربەی ئەو عەشیرەت و ئاغا و دەرەبەگەی (قازی) پشتی پێبەستوون ، پێشی سوپای ئێرانی ئەکەون و پەلاماری ئازربایجان ئەدەن و لە(٢٣/١١/١٩٤٦) سوپای داگیرکار ئەگەنە (زەنجان) . هەندێکیشیان هەر زوو خۆیان ئەپێچننەوە و ئەچن بۆ عێراق وەک حاکمی نەغەدە ! ((سەید ئەحمەد

کاتێك زانرا سەرکردەکانی کۆمار شەڕ ناکەن،ماڵە بارزانیەکان لە دەورو بەری میاندواو کشانەوە بەرەو ناوچەکانی نەغەدەو شنۆو مامەشو پیران بۆ نزیك بوونەوە لە سنوور . ئەوە بۆ من سەیر نیە چونکە هەمیشە عەشیرەت و فێودالی کوردی شتێکی نیە بە ناوی پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەیی . ئەوەی هەیەتی پاراستنی دەسەڵاتەکەی خۆیەتی ئیدی هەر کەس پێی ببەخشێت . لە ماوەی ئەو یەک ساڵەی کۆماری مهاباد ئەمانە ناشرینترین نمونەکانی ئەو کۆمارە بوون کە کاریان کەندەڵی و چەوساندنەوەی خەڵکی بووە . ئەو (٥) ئەفسەرە کوردەش لە دوای خۆ بە دەستەوەدانی (کۆمار) ئەگیرێن و رادەستی حوکمەتی عێراقی ئەکرێن و . (٤)یان لێ ئیعدام ئەکرێت . مەلا مستەفا و بارازانیەکان و هەندێک کوردی باشور ئەمێننەوە

شتێک هەیە مرۆڤ بە ویژدانەوە دەبێت باسی بکات ئەویش هەڵوێستی (شێخ ئەحمەدی بارزانە) برا گەورەی مەلا مستەفا ، ئەم پیاوە دور یان نزیک کەسێکی سیاسی نەبووە هەرگیزیش نەیویستووە مەلا مستەفا کاری سیاسی بکات . بەڵام کەسێکی زۆر ڕاستگۆ و دڵسۆز بووە بەرامبەر ئەوەی کە خۆی بڕوای پێیبووە . ئەم پیاوە لە ساڵی (١٩٦١)یش دژی ئەوە بووە مەلا مستەفا دژی (عەبدول کریم قاسم) شەڕ بکات تەنانەت لە ڕێگای ڕادیۆی عێراقیشەوە ئەو ساڵە داوای لە بارزانیەکان کردووە دوای (مەلا مستەفا) نەکەون . هەر ئەمەشە (مەلا مستەفا) لەو ناوچەیە گیر ئەخوات و (شەهید عەلی عەسکەری) ئەچێت بە هانەیەوە و ڕزگاری ئەکات لە سەر داوای (مەکتەبی سیاسی ئەو کاتی پارتی) . کاتێک سوپای ئێرانی دەیانەوێت بچنە (خانێ) پەلاماری ئەو ناوچانە ئەدەن (شنۆ و نەغەدە) کە بارزانیەکان و کوردانی باشوری لێیە ناتوانن سەرکەوتن بە دەست بێن . بۆیە نوێنەرێک ئەنێرن (سەرهەنگ غەفاری) و داوا ئەکەن (مەلا مستەفا) بچیت بۆ تاران ، شێخ ئەحمەد بەمە ڕازی ئەبێت . ڕۆژی (٢٠-١-١٩٤٦) مەلا مستەفا لە نەغەدە بەرێ ئەکەوێت بۆ (مهاباد) . ڕۆژی (٢٠-١٢-١٩٤٦) لە . لایەن (سەرتیپ هیومانی) بەرێ ئەکرێت بۆ تاران

لەو ماوەیەی (مەلا مستەفا) لە تاران ئەبێت چەندین جار (سەرهەنگ غەفاری) لەگەڵ (شێخ ئەحمەد) کۆ ئەبێتەوە داوای لێئەکات ئەفسەرە ئێرانیەکانیان تەسلیم بکەنەوە و ڕێگایان بدەن بچنە (خانێ)و چەکە گەورەکانیان تەسلیم بکەنەوە . ئەویش ڕازی نابێت و ئەڵیت بە هیچ شێوەیەک (ئەفسەرە ئێرانیەکان) تەسلیم ناکەمەوە تا

لێبوردنی گشتیان بۆ دەرنەکەن ئەوانە روویان لە ئێمە کردووە و مان و نە مانیان بە ئێمە بەستۆتەوە .
ڕێگەشتان نادەین بچنە (خانێ) و چەکیش تەسلیم ناکەینەوە تا نەزانین نوێنەرەکانمان لە تاران لە سەر چی ڕێکەوتوون . ئێرانیەکان زۆر پەلەیانە بچنە (خانێ) بۆیە (سەرتیپ هیومانی) داوا ئەکات چاوی بە (شێخ ئەحمەد) بکەوێت و بۆ ئەم مەبەستە دێتە (نەغەدە) ، (شێخ ئەحمەدیش) لە شنۆوە دێتە (نەغەدە) و لە (۱۹/۲/۱۹٤۷)کۆئەبنەوە ، (هیومانی) پێی دەڵێت:مەلا مستەفا لەگەڵ (شا) ڕێکەوتووە و ئەفسەرەکانمان تەسلیم بکەنەوە و چەکەکانتان تەسلیم بکەنەوە و ئەتان بەین بۆ شوێنێک خواردن و شتان ئەدەینێ تا حوکمەتی .(عێراقی عافواتێکتان بۆ دەردەکات

شێخ ئەحمەد) ئەڵێت : تا ئەو وەفدەی ناردومانەتە تاران نەگەڕێنەوە و بزانین (شا) چیمان بۆ ئەکات من بڕیار) نادەم . (هیومانی) بەمە ڕازی ئەبێت و ئەڵێت: قسەکەت مەعقولە پاش چەند ڕۆژێکی تر وەفدەکەتان ئەگەڕێتەوە . بەڵێ (هیومانی) ڕاست ئەکات و دوای چەند ڕۆژێک مەلا مستەفا دەگەڕێتەوە (نەغەدە) . بزانین لە دەمی (مەلا مستەفا) خۆیەوە پێمان ئەڵێت ئەو ماوەیەی لە تاران بووە لە کوێ بووە و چی کردووە ؟ مەلا مستەفا ئاوا ئەو ڕۆژانەو کۆبونەوەکەیمان لەگەڵ (شا) بۆ ئەگێڕیتەوە : کاتێک چووومە (تاران) زیاتر لە مانگێک لە سەربازگەیەک دانرا بووین وەک دەست بەسەر، (هەر چەند ڕۆژێك یەکێك دەهات گوایا فێرم دەکەن لەو کاتەی دەرۆمە لای شا دەبێ چۆن دەستی ماچ بکەمو سەری بۆ دابنوێنم، بەڵام کە زانیان دەستی ماچ ناکەمو سەریشی بۆ دانانەوێنم) چونکە (سەر دانەواندن تەنها بۆ خودایەو بەس، بۆم ئاشکرا بوو نامبەن بۆ لای شا، ناچار بوین لەگەڵ یەکێك لە ئەفسەرەکان ڕێك کەوتین بەپارە شەو بۆ ماوەی یەك دوو کاتژمێر ڕێگا بدات بڕۆمە دەرەوە بەم شێوەیە شەوێك دەرچوومو خۆم کەیاندە باڵوێزخانەی ئەمریکا لەوێ چاوم بە باڵویز کەوت ماوەی یەك کاتژمێر لەگەڵی دانیشتم بەڕاستی ئەوەی لە دڵمدا بوو بەووردی پێم گوتو پێم ڕاگەیاند ئینجا بە پەلە گەڕامەوە، بۆ ڕۆژی دووەم (قەوام السەلتەنە) بەخۆی هاتە لامو پێی گوتم ئامادە بە بڕۆینە لای شا ئەوەبوو ڕۆیشتینە دیوانی شا بە ڕێزەکی زۆرەوە پێشوازی لێ کردم لە دواییدا بە سەرۆك وەزیرانی گوت زوو کارەکانی .مەلامستەفا ڕێك بخەن

لەکۆتایی قسەکانیدا هەندێ پرسیاریان لێکردن، شێخ سلێمانی برازای خۆی پرسی: (مام دەربارەی ئەو ماڵو .(منداڵانەی ئاوارە چیتان کردوە بڕیاری چیتان لەسەر داوە؟

گوتی: (لەو بارەیەوە ڕێك کەوتوین ڕێگایان بدەین بڕۆنە سەر سنوری خانە، چەکە گرانەکانیان بدەینە دەستیان ئیرانیەکانیش خۆیان بدەنەوە دەستی حکومەتەکەیان، ئەوانیش ئێمە لە شوێنێك جێنشین دەکەن خواردنو .(خۆراکو پێویستیەکانمان بۆ ڕێك دەخەنو هەوڵ دەدەن لەگەڵ عێراق بەڵکو عفومان بکەن

سلێمان بەگ پرسی: (جەنابی بارزانی دەربارەی پێشەواو هەواڵەکانی ئەوانەی گیراون باسێکتان لەگەڵ نەکردن .(داهاتویان بەچی دەگات؟

گوتی: (سلێمان بەگ داهاتووی ئەوانە هەر لە سێدارەدانە ئەوان بە خائین تاوانبار کراون باسی چیان بکەین .(!نابوو باسیان لەگەڵ بکەم

ئێستا ئێمە ئەپرسین ؟ ١- مەلا مستەفا لە (٢٠-١٢-١٩٤٦) (نەغەدەی) بەجێهێشتووە و هەتا کۆتایی مانگی (٢-١٩٤٧) لە تاران بووە . نزیکەی (٢ مانگ و ١٠) ڕۆژ لە تاران بووە . ئەگەر (١) مانگ دەست بە سەر بووە ئەی !ئەو (١ مانگ و ١٠) شەوەی تر دوای ئەوەی (شای) بینیووە خەریکی چی بووە و لە کوێ بووە ؟

٢- کاتێک ئەچێتە باڵوێزخانەی (ئەمەریکا) و بالوێز ئەبینێت بە چ زمانێک هەموو قسەکانی خۆی پێ دەڵێت ؟ خۆ مەلا مستەفا ئینگلیزی نازانێت ؟! ئەو کاتەش فارسی نازانێت ؟! بە چی توانیویەتی هەموو دەردە دڵەکانی خۆی باس بکات ؟ ئەمانە لە وەفدەکەی کە چوون بۆ (تاران) لەگەڵی بوون بەس نازانم ئەو شەوە ئەیان بات بۆ باڵوێزخانەی (ئەمەریکا) لەگەڵ خۆی ؟ (عزت عبدالعزیز, میرحاج ئەحمەد، نوری ئەحمەد تەها، حمدامین .(میرخان، خالد بارزانی، جمیل تۆفیق

وەک ئەبینن ئامادەی هەمووشت بووە بیکات بۆ (شا) تەنانەت باکی بەو ئەفسەرە ئێرانیانەش نەهاتووە و -3 . ئامادەبووە تەسلیمیان بکات و ئیعدام بکرێن

چۆن لە قازی ڕووانیووە ؟! لە پێناوی پاراستنی خۆی مادام لای ئێرانیەکان خائین بووە ئیدی ئەم هەر بە -4 پیویستیشی نەزانیوە باسیشی بکات ! لە کاتێک ئەگەر ئەمە وەک خۆیان ئەڵێن کوردایەتی کردووە ، ئەگەر قەرار بوو بە هەموو داوایەک ڕازی ئەبوو ، دەبوایە جەختی لە پاراستنی ڕۆحی ئەو پیاوە و ئازاد کردنی بکردایەتەوە تەنها هیچ نەبێت وەک وەفایەک . دەبوو ئەوە تاکە داوای (مەلا مستەفا) بێت و جەختی لە سەر بکردایەتەوە ، بە پێچاوەنەکەشیەوە بە هیچ شتێک ڕازی نەبووایە . ئیدی لێرە خۆتان ئەتوانن بزانن ئەم پیاوە چی بووە تەنانەت ئامادە نەبووە بە ووشەیەک باسی بکات و قسەی داگیرکەرانی دوبارە کردۆتەوە کە لای !!! ئەوان مادام (قازی) خائینە کەواتە خائینە و ئەویش لە ناخی خۆی بە خائینی زانیووە

شایەنی باسە (شێخ ئەحمەد) بەم ڕێکەوتنە زۆر تورە ئەبێت و پێی ڕازی نابێت و (مەلا مستەفا)ش ناتوانێت لە قسەی ئەم پیاوە دەربچێت و بە ناچاری ئەکشێننەوە و دێنەوە ناو خاکی عێراق . (شێخ ئەحمەد) لەگەڵ ماڵە بارزانیەکان خۆی تەسلیم ئەکاتەوە و (مەلا مستەفا) و هەندێک لە چەکدارەکان لە بادینان چاوەڕێن حوکمەتی عێراقی عافواتیان بۆ دەربکەن و خۆیان تەسلیم بکەنەوە ، بەلام حوکمەتی عێراقی عافواتیان بۆ دەرناکەن . خۆ ئەگەر عافواتی بۆ دەر بکردنایە ئەم کابرایە خۆی تەسلیم ئەکرد و ئیدی کاری تەمام شود ئەبوو. ئەوەی وا لەم . کابرایە ئەکات رووبکاتە سۆڤێت ناچاریە نەک کورد پەروەری

تێبینی: مەلا مستەفا کە لە (سابلاخەوە) دێتە (نەغەدە) لە سەر ڕێکای گشتی نە(نەغەدە) لا ئەدات و لە ماڵێک جلی (جەنەراڵیەکەی) دائەکەنێت و جلی کوردی لەبەر ئەکات ! دەریئەخات ئیدی ئیشی بەوە نەماوە و

**چاوەڕێیە کەسێک ئەرکی تری پێببەخشیت ! لەو کۆبونەوەی لەگەڵ (شا) دەریئەخات ئەرکەکەی پێ سپێدراوە . بەس (شێخ ئەحمەد)ی برای ڕازی نابێت**

**. ئەفسەرەکانی ئیعدام کران :عزت عبدول عەزیز ، مستەفا خۆشناو ، خیروڵڵ عبدالکریم ، محەمەد قودسی**

# درووست بوونی پارتی دیموکراتی کوردوستان

لەپاش ڕوخانی حکومەتی شێخ مەحمود ،چەندین پارت و ڕێخراوی نوێ دروستکران کە هوڵیانداوە ئەو بۆشاییە بۆ خۆیان پربکەنەوە،کەبەشێکی زۆری ئەو پارتانەی لەو ڕۆژگارەدا دروستکران بیری مارکسی لینن ی زاڵ بووە بە سەریاندا،لە و گروپ و حیزبانەش کە لەسەر شانۆی ڕوو داوەکاندا دیاربوون و کارو چالاکی سیسیان هە بوو لەوانە حیزبی هیوا ، ژ.ک، و حیزبی شۆڕش و هەروەها حیزبی ڕزکاری،هەروەها حیزبی برایەتی لە سالی ١٩٣٨،حیزبی پشتیوانی کورد ١٩٣٨ ،هەروەها لقی (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد،لەگەڵ وردە لایەنی تر وەک (ڕێی راست)و (بەرەی رزگاری کورد)لە ساڵی ١٩٤٥ سەریان هەلدا،حیزبی هیوا کە نووسەرو ڕۆشنبیری گەورەی کورد مامۆستا ڕەفیق حیلمی سەرۆکی بووە,ڕۆڵێکی گەورەوکاری گەری گێراوە لە شۆڕش و راپەرینەکانی ئەوکاتەدا،بەدروست بوونی حکومەتی کوردی لە مەهاباد و پەیدابوونی حیزبی دیموکرتی کورد لە ئێران و ڕۆژهەلاتی کوردوستان،لە ١٦ ئابی ١٩٤٢ ژ.ک دروست بوو بەکۆمەلێک دروشمی ئیسلامی و کوردایەتی وەک (ئیسلامێتی ،کوردایەتی،مەدەنیەت،ئاشتی)،دواتر لە یادی چوارساڵەی دامەزراندنیدا بوو بە حیزبی دیموکراتی کوردوستان بەسەرۆکایەتی قازی محمد، بیرۆکەی دروست کردنی هەمان شێوەی . ئەوحیزبەش لە کوردوستانی عێراو دروست بوو

بەگشتی پارتی لە توانەوەی دوو حیزبی سەرەکی دروست بووە،حیزبی رزگاری و حیزبی شۆڕش لەساڵی ١٩٤٦ ،لەوساڵی کە کۆماری مهاباد ڕاگەیەنرا،دامەزرێنەرەکەی(هەمزە عبداللە )یە،بەلام بە پێی ئەدەبیاتی نوێی پارتی دیموکراتی کوردوستان دەلێن:(دامەزرێنەر و سەرۆکی ڕاستقینە مەلامستەفا بارزنی خۆی بووە)،بەلام بە مسۆگەری پارتی یەکەم جار لە دیوی کوردوستانی ئێران دروست بووە دواتر پەریەوە بۆ کوردوستانی عێراق،ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینە سەربردەی دروست بوونی پارتی دیموکرات دەبینین زۆر قسەی نارست لەو بارەیەوە دەکرێت،هەر دەربارەی دامەزرێنەرەکەشی بیروبۆچونی جیاواز هەیە ،بۆیە دەبێت بە وردی :بنکۆلی بکەین بۆگەیشتن بەڕاستی

١- بە پێی ڕای حیزبی شیوعی ئەوا بیرۆکەی حیزبێکی بورجوازی لەلای ئەوان هاتووە،بەپێی بەیانێکی ،(حیزبی شیوعی کوردوستان)ڕاستەو خۆ لە دوای جەنگی جیهانی دووەم

بەناوی-بیان......:إتحدوالتأسیس حزب ڕزگاری کورد.....فی سبیل تحریر کردستان الکبری،بووە هۆی دروست .بوونی حیزبی ڕزگاری دواتر بووە پارتی

٢-بەپێی حیزبی دیموکراتی ئێران دامەزرێنەرەکەی قازی محمەدەو سەرەتاکەی بۆساڵی . ١٩٤٢ی(ژ.ک)دەگەرێتەوە

.٣-گوایە فیرقەی دیموکراسی ئازربایجانی زۆر کاریگەری لەسەر ئەو دروست بوونە هە بووە

.٤-لەدیوی عێراقی ڕەکو ڕیشلی بۆشالانی ١٩٣٨ هیواو شۆرش دەکەرێتەوە

.کەواتە رستیەکی وون هەیە کە پێویستە زیاتر لێی بکۆلینەوە

بەپێی دیکۆمێنتەکانی فەرەنسی و بەریتانیەکان و عوسمانی سەبارەت بەکورد ڕۆژی دامەزراندنی پارتی :ناگەرێتەوە بۆ ١٦ ئابی ١٩٤٦بەلکو بۆناوەراستی سالی ١٩١٩ و بەو شێوەیەی خوارەوە

یەکەم- بروسکەیەکی هاوبەشی حەوحیزبانەی خوارەوەی تێدایە کەلە ڕۆژی ١٩٢٠|٢|٢٥بۆ (لوید جۆرج)یان :ناردوە

.(أ-ئەمین علی بەدرخان .نائب(جمیعه تعالی والترقی

.ب-سلیم بکر :ئمین عام حیزب الدیمقراطی الکردی

.ج-صبری.رئیس خوییبوون

د-باقی.رئیس الجمیعه الدعایه

.ع-نهری معروف رئیس جمیعه الدعایه

.ک-کمال فوزی بأسم الصحافه الکردیه

دووەم-لەدیکۆمینتەکی بەریتانی کەلە رۆژی ٨/١٢/١٩١٩نوسراوە,داوای سەربەخۆی کوردوستانی کردووە،لەژێرەوە بە ناوی پارێزەر(منەوەر و بازرکان)مۆریان کردووە بەناوی پارتی دیموکراتی کوردوستان بۆ .قۆمسیری بەریتانێیان ناردووە

سێیەم-دیکۆمینتەکی تر بەرواری لەسەر نیە بەلام هەردووکیان لە ئیستەنبول نوسراوە دەربارەی مۆلەتی یاسایی،دیارە ئەوپارتە مۆلەتی یاسایی پێنەدراوە،هەروەک خۆی لەنامەکەی سەروو باسی دەکات و لەدەقی بەلگەنامەی (چاپەمەنی تورکیا .ژ:١٨٥لە ١ تشرینی دوورم /١٩١٩،داوای مۆلەت پێدانی رەت دەکرێتەوە ،لە .تورکیاکە بەناوی *کورد دەقرات فرقەسی*سەرکردەی یەکەمی بەناوی (ممدوح سەلیم)تۆمارکراوە

چوارەم- لە دیکۆمینتەکی تر بۆ قۆمسێری بەریتانی پێشنیار دەکات بۆ بەریتانیا تا کوردوستانیش بکەوێتە ژێر ئینتیدابی بەریتانیا و مۆری سکرتێری پارتی دیموکراتی لەسەرە، بێ ناو وبێ مێژوو،بەلام واپێدەچێت لە

کۆتای ساڵی ١٩١٩ و سەرەتای ساڵی ١٩٢٠ بێت چونکە سیستەمی ئینتیداب لە دوای دامەزراندنی (عصبة الأمم)بوو بەپێی مادەی ٢٢ ی بەشی یەکەمی (عهد عصبة الأمم.

پێنجەم- ناوی سەرکردایەتی ئەو حیزبە بەوناوانە هاتووە :ممدوح سليم بەگ،مەنەوەر و بازرکان،نەجمەدین بەگ ،حسين بەگ.

شەشەم- ئەوپارتە بە تورکیەکەی(کورد دیموقرات فرقسی)بوو،کەواتە ئەوتیۆرەی کە دەڵێ ناوی پارتێ لە ساڵی ١٩٤٦ لە فرقەی دیموقرتی ئازەر بایجانەوە هاتووە هەڵەیە،رەنکە پێچەوانەکەی راست بێت و ئەوان لە کوردیان وەرگرتبێت.

حەوتەم-لەهەندێک بەڵگەنامەی بەریتانی و فەرەنسی و کوردیش ناوی ئەو پارتە هاتووە،لە ئەرشیفی وەزارەتی باس لە دوونامەی تری ئەوپارتە دەکات کەبۆ بەریتانیایان نوسیوە لە ساڵی( N 20 جەنکی فەرەنسی (1115 ١٩٢٠ .

هەشتەم- وەک لەو دێکۆمینتەی خوارەوەدا هاتووە (لەخاڵی١٣)باس لەپارتی دەکات لەمانگی ٩ واتە لە دوای مانگی ئاب هەر بەسەرکردایەتی قازی محمد.

کەواتە پارتی مێژووی کۆنترە و دامەزرێنەرەکەی ناگەرێتەوە بۆ ١٦ ئابی ١٩٤٦ و نە لە دیوی ئێران نە لە دیوی عێراق،ئەودامەزراندنەش لە سوریا بۆ ساڵی ١٩٥٦ دەگەرێتەوە.

کومان لە وە دەکرێ مەلا مستەفا نەک هەر دامەزرێنەر نیە بگرە هەر پارتیش نە بووە.

# مەلا مستە فا و پارتی

مەلا مستە فای بارزانی پێش پارتی دیموکراتی کوردوستان هەوڵێکی زۆری داوە بۆ هەڵتەکاندنی حیزبی (هیوا)وە لێدان و دورخستنەوەی زۆربەی ئەندا مانی دەستەی دامەزرێنەرو کادیرە چالاکەکانی .تەنها لە سەر ئەوەی کە هەندێکیان خاوەن جورئەت بوون بیروڕایان بە بوێرانە دەر دەبڕی ،هەندێکیشیان لە ئەنجامی چالاکی سیاسیان ناو و ناوبانگیان دەر کردووە ،کە دیارە بە هیچ شێوەیەک نە گونجاو و نەشیاو بوە لەگەڵ سەرەتای بیرکردنەوەی و تاکی و تاک سەرکردایەتی مەلامستەفا دا،بۆیە دەتوانین بڵێین کە ژیانی پارتایەتی مەلا مستەفا لە دروست بوونی پارتی دیموکراتی کوردوستان ساڵی ١٩٤٦ دەست پێدەکات تاکو مردنی لە ئەمریکا.

پاش پێک هێنانی پارتی دیموکراتی کوردوستان لە کوردوستانی ئێران لە ساڵی ١٩٤٥ لەلایەن ڕۆشنبیرە کوردەکان و پیشەوا قازی محمد ،لە کوردوستانی عێراقیشدا ،لقێکی پارتی دیموکراتی کوردوستان بە دەست پێشخەر و سەرپەرشتی کردنی ئبراهیم ئەحمە دو هاوڕێکانی دامەزرێنرا ،کە هەمان دیدو بۆچونی ئامانجە مانفیستی حیزبی دیموکراتی ئێرانی هەبوو ،هەر لەو کاتەشدا کە کوردوستانی عیراق حیزبێکی بە ناوی (شۆڕش)دامەزرێنرا ،کە لە ڕاستی دا لقێکی حیزبی شیوعی عێراقی بوو ،کە ئامانج لە پێکهاتنی ئەو حیزبە پتر کۆکردنەوەی ڕۆشنبیرە کوردەکان و پەروەردەکردنیان بە ئایدۆلۆژیای حیزبی شیوعی عێراقی بوو،کە تارادەیەک بۆ ڕێگریکردن بوو لە بلاو بونەوەی هەستی نەتەوەی کورد و بلاو بونەوەی پارتی دیموکراتی کوردوستان بو لە ناو جەماوەردا .

بە دامەزراندنی حیزبی پارتی دیموکراتی کورد زۆربەی سەران و ئەندامانی پارتی شۆڕش،و حیزبی ڕزکاری کورد چونە ناو حیزبی پارتی دیموکراتەوە .

هەموو پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی مەلامستەفا بە پارتی دیموکراتی کوردوستانی عێراقەوە هەر لە سڵی ١٩٤٧وە تاکو ساڵی ١٩٥٨ واتە لە ئاوارە بوونیەوە بۆ سۆڤیەت تا گەڕانەوەی بۆ بەغداد تەنها دوو جار لە لایەن سەرکردایەتی پارتیەوە پەیوەندی پێوەی کراوە ،جاری یەکەم بە هۆی چونی جەلال تاڵەبانی بۆ پراگ بۆ بەشداری کردنی لە ڤیستیڤالێ جیهانی ساڵی ١٩٥٥ کە سەردانی مۆسکۆی کردو مەلامستەفا ی بینی وە جاری دوەمیش هەر بە هۆی بەشداری جەلال تاڵەبانی بوو لە ساڵی ١٩٥٧دا.واتە مەلامستەفا بێ ئاگاداری و بەشداری کردنی لە کۆنگرەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمی پارتیدا لە ساڵان١٩٥٣،١٩٥١،١٩٤٧.بێ ئاگاداری و بەشداری بوونی لە داڕشتن و دیاریکردنی پەیڕەو بەرنامەی پارتی،بە شێوەی فەخری بە سەرۆکی پارتی هەڵ بژێردراوە،تەنانەت بە نامەیەکیش بە بچوکترین بیروڕاش بەشداری لە نەخشەو بەرنامەو بڕیاررکانی کۆنگرەکاندا نەکردوە،نە یتوانیوە بچوک ترین ڕۆڵ لە ململانێکانی نێو سەرکردایەری دا بگێڕێت ،وەکو سەرۆکی پارتی تاساڵی ١٩٥٩،واتە پاش گەڕانەوەی بۆ لابەلا کردنەوەی لە نێوان باڵی چەپی پارتی بە

ڕێبەرایەری هەمزە عەبدوللە باڵی نەتەوایەتی ئیبراهیم ئەحمەد تا کار گەشتە ئەو ڕادەیەی ساڵی ١٩٥٥ دوباڵی پارتی بە یەک ناوەوە و بە جیا کە یەکتری کاریان دەکرد تا ساڵی ١٩٥٦ کە یەکیان گرتەوە لە ژێر ناوی پارتی دینوکراتی یەککگرتوی کورد بە سکرتێری هەمزە عەبدوللە.

دوای گەڕانەوەی مەلامستەفا لە ١٩٥٩دا وە لە گەرمەی هەرەتی جۆشو خرۆشانی گەلانی عێراق پاش شۆڕشی ١٤ تەموزی ١٩٥٨ دا بارودۆخی ئەوسای سیاسی عێراق هەلێکی گەورەی لەبەردەم مەلا مستەفا و پارتیدا ڕەخساند بۆ گەشەکردن و ناوبانگ گەورەبوون و جەماوەر کۆبوونەوە لە دەوریان:

١-لەلایەکەوە حیزبی شیوعی عێراقی بەشێکی گەورەی ئیعلام وڕێکخراوەی خۆی تەرخانکرد بۆ پیا هەڵ گوتن و گەورە کردنو ڕۆشنبیرکردنی مەلامستەفا ،کە گوایە ١٢ ساڵ لە یەکێتی سۆڤیەت قەڵای سۆسیالیزم بوە،هیوایان وابوو کە مەلامستەفا بە ئایدۆلۆژیای مارکسیزم و لینینیزمەوە دەگەڕێتەوە لە لایەکی تریشەوە ڕێزو ناوبانگی نەتەوەی لە ناو کوردوستاندا دەبێتە دەبێتە هۆی پەرەسەندنی پتری دەستەڵاتی حیزبی شیوعی لە کوردوستانی عێراقدا.

٢-لەلایەکی ترەوە پارتی دیموکراتی کوردوستان بە هەردوو باڵەکەی هەمزە عەبدوللە و ئیبرایم ئەحمەدەوە پروپاگەندەی سیاسی و ئیعلامی و ڕێکخراوەی هێندەی تر هیوای کوردیان بە مەلامستەفا پترکرد،ئەمانەش بە دوو مەبەست :

١-باڵی هەمزە عەبدوللە بەوهیوایەی کە بتوانێت لە ڕێگەی مەلامستەفاوە هەم بۆ چوونی چەپ لەناو پارتیدا بەهێز بکات هەم لە بالی ئیبرایم ئەحمەدیش بدات و لە هەلێکدا شوێن بە ئیبرایم ئەحمەد لەق بکات و خۆی ببێتە سکرتێری پارتی ،کە لەم هەوڵانەدا لەلایەن حیزبی شیوعی عێراقی و لقی کوردوستانی حیزبی شوعیشەوە پشتگیری دەکرا.

٢-باڵی ئیبرایم ئەحمەدیش بەو هیوایەی بەهۆی مەلامستەفاوە شوێن پێی هەمزە عەبدوللە و لایەنگرانی لەناو پارتیدا سەقامگیر نەکەن.

بۆیە لەناو ئەو هەموە پێشبڕکێیەدا سەرکەوتوی یەکەم تەنیاو تەنیا مەلامستەفا بوو کە لە کانونی یەکەمی ١٩٥٩دا لە کۆبوونەوەیەکی چەند ئەندامی سەرکردایەتی پارتیدا

بەبەشداری هەمزەعەبدوللە ،خەسرەو تۆفیق،نوری شاوەیس،نەجات عەزیز،حمید عوسمان،مەلامستەفا بریرێکی تاکی خۆی لەسەر لابردنی ئیبرایم ئەحمەد لە سکرتاریەتی حیزب و دانانی هەمزە عەبدوللە ی بە سکرتێر دەرکرد و بە هەرەسەیەکی زۆرەوە ئیبرایم ئحمەد ی کردە دەرەوە لە کۆبونەوەکە .

ئەمەیەکەم هەنگاوی بێ ئیلتیزامی مەلامستەفا و بە سوک سەیرکردنی پارتی و پەرەنسیپەکانی پارتایەتی و ئوسولّی رێکخراوەی و رێورەسمی سیاسی بوو،کە لە ناوەرۆکدا سەلماندی کە بوونە مەلا مستەفا لە سۆڤیەت . بە هیچ جۆرێک کاری لە بیرو رای مەلا مستەفا نە کردووە لە رووی بروا بوونی بە پارتی و پارتایەتی

بێ گرتنی کۆنگرەی پارتی ،لانی کەم بێ گرتنی پەلنیۆمی پارتی،لەوەش کەمتر بە گوێدان یان رێکەدان بە دەر برینی بیروڕای لادراوان و دانراوان، دەرکردنی سکرتێرێکی پارتیەک و چەند ئەندامێکی سیاسی بەتەنها بریارێکی سەر پێی و بێ بیر لێکردنەوەی سەرۆکی پارتی،کەرواتایەک بگەیەنێ تەنها ئەو ڕستەیە دە سەلمێنێت،کە مەلا مستەفا هەمان کەس و هەمان بیر و هەمان ڕەفتار هەمان ئایدیای عەشایەری و بیری تەسک .و خۆ سەپێنەرەکەی ناو بارزان بوە

لەوەش سەیر تر دوپات بوونەوەی هەمان شانۆگەری لە مانگی تەموزی ساڵی ١٩٥٩دا،واتە هەمان ساڵ پاش ،شەش مانک تێپەڕ بوون بە سەر سوکایەتی یەکەم

پارتی دووچاری سوکایەتی دووەمیش بوو ،لەسەر داوای عەبدولکەریم قاسم و نارەزای ئەو بەرامبەر سەرکردایەتی پارتی و سکرتێرە تەعینکراوەکەی کە مەلامستەفا لەگەل چەند چەکدارێکی بارزانی خۆیان بە بارەگای پارتیداکردوو پاش سوکایەتی پێکردنێکی زۆر ی هەمزە عەبدوللەی سکرتێری پارتی و هاورێکانی سەرکردایەتی و لێدانیان ،دیسان بە بریارێکی سەرپێی و تاکی و دیکتاتۆریانە هەمان تاقمی لە پارتی دەرکرد و تاقمە دەرکراوەکەی شەش مانگ لەوەو پێشی خستەوە سەر کار و سکرتێری تەسلیم بە ئیبراهیم ئەحمەد کردە وە ، لە سەرداوای عەبدولکەریم قاسم ،پاش بێزار بونی قاسم لە دەستێوەردانی حیزبی شیوعی لە حوکم .و پەیوەندی پتەوی هەمزە عەبدوللە بە حیزبی شیوعیەوە

بە هەمان شێوەی پێشو سوکایەتی بە پارتی و بە زیادەوە سوکایەتی کردن بەسکرتێرو ئەندامانی تری .سەرکردایەتی دووەم جاریش

کەئەم هەڵوێستەی مەلا مستەفا بەرامبەر پارتی و بێدەنگی پارتیش بەرامبەر بە مەلا مستەفا ئەم ڕاستیانەی -:خوارەوە مان بۆ دەسەلمێنرێت

١-بەسەردا نەهاتنی هیچ گۆرانکاریەک لە بیروڕاو بۆچونی مەلامستەفای سەرۆک عەشیرەتی بارزان لە چونی .دا بۆ ناو پارتی و یەکێتی سۆڤیەت

٢-داسەپاندنی بیری تەسکی عەشایەری و دیکتاتۆری فەردی بەسەر حیزبێکی بەناو و شێوە نوێ دیموکرات .خوازدا

٣-بێتوانای و لاوازی ڕۆشنبیرانی سەرکردایەتی پارتی لە خۆ دەربازکردنی لە دەستەڵاتی تاک ڕەوی و تەسکی .عەشایەری

٤-پاراستنی بەرژەوەندی تەسکی ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی لە ململانێکاندا و پێشێل کردنی بەرژەوەندی گشتی و گەلی کورد کە خۆی لە بەرنامەی کە خۆی لە بەرنامەی پارتیدا دەنواندو جا پێشێلکردنی بەرژەوەندی پارتی وەک تەنینەوەی قازانجی نەتەوایەتی گەلی کورد لە کوردوستانی عێراودا لەو بارو دۆخو زەمان و .زەمینەدا

٥-دەرنەچونی سەرکردایەتی پارتی و پارتیش لە یەکەم و دووەم تاقی کردنەوەی مەلامستەفا سەبارەت بە . بەرهەڵستی نەکردنیان بۆ بڕیارە تاکیەکانی مەلامستەفا

٦-سەرکەوتنی مەلامستەفا لەو دوو تاقی کردنەوەدا بۆ کردنی بە سەرەتای (مبدئی)کارکردنی لەو کاتەو لە داهاتو دا لە گەڵ هەر تاقم و کۆمەڵێکی تر لە سەرکردایەتی پارتیدا و پاشان بوە هۆی ئەو سەرەتایە بە .ئایدیایەکی میراتگری بۆ نەوەکانیشی

کۆنگرەی چوارەمی پارتی کەلە ساڵی ١٩٥٩ دا گیرا تەنیا تەقالایەک بوو بۆ شەرعی کردنی ئەو ئاڵو گۆڕەی کە .مەلامستەفا کردبووی ،پێش کۆنگرە هە موو کۆڕانکاریەکان کرابوەن

کۆنگرەی پێنجەمی پارتی کە لە ئایاری ١٩٦٠ دا گیرا یەکەم تەقالای مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی بوو بۆ .سەلماندنی دەستەڵاتی کاری بە کۆمەڵ لە ناو پارتی دا کە ئەو هەڵەش شکشتی هێنا

وردە وردە لادانی قاسم لەسەرەتاکانی شۆرشی ١٤ تەموزی ١٩٥٨ پاشەکشەکردنی ڕژێمەکەی لە و بەڵێنانەی کەلە دەستوری کاتیدا دابووی بە گەلی کورد ،وای لە پارتی دیمکراتی کوردوستان کرد کە بیر لە هەڵ وێستی خۆیان لە بەرامبەر قسم دا بکەنەوە ،بە تایبەتی هەڵوێست و بیروڕای قاسمیان بەرامبەر بە مەسەلەی کورد لەرێکەی هەندێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردوستان ی ئێرانەوە کە پەیوەندی توندیان .لە گەڵ قاسم دا هەبوو بۆ ڕوون ببویەوە

سیاسەتی قاسم لەو کاتەدا بەرامبەر حیزبە سیاسیەکانی عێراق گەشتبوە ئەو ڕادەیەی کە لە لایەکەوە هەوڵی کەمکردنەوەو لێدانی دەستەڵاتی حیزبی شیوعی عێراقی دەدا لەلایەکی تریشەوە هەوڵی لاوازکردنی پارتیو پوچەڵ کردنەوەی ناوەرۆکی بەرنامەکەی دەدا لەهەمانکاتیشدا هەوڵی بەکارهێنانی مەلامستەفا ی دەدا ،بۆجێ بەجێ کردنی ئەو کارە تەقالای قاسم لەو بوارەدا تاڕادەیەکی زۆر سەرکەوتو بوو ،نێوانی مەلامستەفا و سکرتێری پارتی وردەوردە ساردی تێ دەکەوت.

ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی بریاریاندا کۆنگرەی پێنجەمی پارتی بگرن بۆ چارەسەرکردنی .ئەوگیروگرفتانە و دارشتنی بەرنامەی نوێ بۆ پارتی

.مەلامستەفا بەگرتنە بەری سێ هەڵوێست نارەزایەتی خۆی بەرامبەر سەرکردایەتی لەوکۆنگرەیەدا دەربری

١-بە چونی بۆ کۆنگرەو تا دوا رۆژی کۆنگرەکە بەتکاو پارانەوەی زۆر بەی ئەندامانی کۆنگرە چوە ناو کۆنگرەکە ،لە چونیشیدا بۆ کۆنگرە سوکایەتیەکی زۆری بە سکرتێرو سەرکردایەتی و ئەندامانی کۆنگرە کرد و .لە بەردەم کۆنگرەشدا رای گەیاند کە سەرۆکی (قحپە بێت )سەرۆکی پارتی نیە

٢-بۆ سەر نەکرتنی نەخشەی سەرکردایەتی لە دارشتنی بەرنامەی پارتی لە کۆنگرەدا ،بە بریاری تاکی خۆی ٤٠کەسی سەر بە خۆی و بنەماڵەکەی ناردە ناو کۆنگرە بە سەرکردایەتی نعمان بارزانی کە ئەندامی شەرعی کۆنگرە نە بوون ،لە کەتێکدا کە ئەندامانی کۆنگرە ٦٠ کە س بوون ،بۆ ئەوەی هەر بریارێک خرایە دەنگدانەوە .دەنگی پێویست نە هێنێت

٣-لەوکۆنگرەیەدا نەعمان بارزانی راسپارد کە داوای نە هێشتنی سکرتێری پارتی بکات و تەنها سەرۆکی پارتی بمێنێتەوە ئەم داوایەش زۆربەی دەنگەکانی هێنا،بەلام لە دوارۆژی کۆنگرەدا بە بریاری مەلا مستەفا پۆستی سکرتێری هێلرایەوە

مە بەستیشی لەم کارە ئەوە بوە کە ویستی لە سکرتێر بکەیەنێت کە پۆستی سکرتێری لە دەستی خۆی دایە کەی بیەوێت دای دەنێت و کەی بیەوێت لای دەبات،بۆیەکەم جار لە ژیانی پارتی و پارتایەتی مەلا مستەفا بینی ،کە دەستەیەک بتوانن لە بەرامبەریدا خاوەن بریارو هەڵوێست بن

ئەمەش خۆی لە کۆنفرانسی ماوەت دا بینیەوە کە بێ بەشداری مەلا مستەفا بریاری یەکلای کردنەوەی ململانێی ناو پارتی و مەلامستەفا ئاشکرابکەن لە ٦/٤/١٩٦٤ و هەڵوێستی روون و ئاشکراش وەربگرن لە رێکە .و تنەکەی نێوان مەلامستەفا و عەبدولسەلام عارفدا

کە ئەنجامی ئەم هەڵوێست وەرگرتنەش بەلێدانی پارتی و سەرکردایەتی شکایەوە لەلایەن مەلامستەفاوە وەبوە سەرەتای هەڵگیرساندنی شەری ناوخۆ و کورد بە کوشت دان و پارچە پارچە بون و لێک ترازان وە . سەرەتایەک بو بۆ هەڵوە شاندن و ناتەبای لەنێو ریزەکانی نەتوەی کورد دا

**:پارتی دیموکراتی کوردوستان و مه لا مسته فا**

**به جیا بونه وەی برایم ئەحمەدو مام جەلال و تاقمەکەی گورزێکی کوشندە بەر پارتی دیموکراتی کوردوستان کەوت،پارتی ئەگەرچی لە بواری سوپای پەیکەرێکی قەبەی هەبوو ،توانی بووی بەم قەبارەیەی ترسێک بخاتە سەر رژێمی عێراق،بەڵام لە ئەرزی واقیعدا بهێزبوو رۆژ لە رۆژیش بێهێزتر دەبوو،کارگەیشتە ئەوەی مەلا مستەفا و سەرانی پارتی دیموکرات کە توشی زۆر هەڵەی مێژووی بن، لەو هەڵانەش مامەڵە کردنیان لەگەل نیشتیمان پەروەرانی پارچەکانی تری کوردوستان، بە تایبەتیش دەست تێکەل کردنی مەلا مستەفا لە گەڵ رژێمی ئێراندا، لە ساڵی ١٩٦٧-١٩٦٨مەلامستەفا رۆڵێکی گەورەی بینی لە دامرکاندنەوەی راپەرینی نیشتیمان ،پەروەرانی کوردوستانی ئێران**

**لە ساڵی ١٩٦٧ پێشمەرگەیەکی زۆری پارتی دیموکراتی کوردوستانی بن دەستی ئێران (پدکا)راستەو خۆ یان بە یارمەتی مەلا مستەفا شەهیدکران،(برایمەسووری محمەد دەلاوەی)خەلکی ناوچەی خانێ ،لەوپێشمەرگە ئازایانە بوو ، کە لەشەری هندرێن نمونەی گیانفیدای و ئازایەتی بوو ،لە بەهاری هەمان ساڵدا لە پشت خانێ لە گەڵ لەشکری پێنجی ئێرانی رووبەروو بوو یەوە ،لەپاش شەرێکی قارەمانانە ، بەپاشەکشێ خۆی گەیاندبووە ئەودیوی سنوور، لەناوچەی ئازادکراودا خۆی گەیاندبووە کوندی ئالانە ،لەوێ لەبری ئەوەی مەدالیای ئازایەتی بە بەرۆکیدا بکرێت لەلایەن مەلا مستەفا ی بارزانی شەهید دەکرێت و تەرمەکەشی رادەستی رژێمی ئێران دەکەنەوە، رژێمیش بۆ چاوترساندنی کوردەکانی رۆژهەلات پێشانی خەڵکی دەدا،لەمانگی سێپتەمبەری ١٩٦٧ دا،(مەلارەحیمی وردی،ناسراو بە میرزا ئەحمەد)،لە کاتێکدا لە لایەن پارتی دیموکراتەوە گیرابوو ،بەو نیازە بوون بیدەنەوە ئێران،نارەزایەتی خۆی بەرامبەر بەم کارەی مەلامستەفا دەر بری بوو، هەرلەوێداو بێ دواکەوتن گولە بارانیانکردو کوشتیان ،دەستەی (سەلاح لا جانی )کە حەوت کەس بوون، لەپاش کوژرانی مەلا ئاوارە، لەلایەن رژێمی ئێرانەوە ،خۆیان گەیاندە لای مەلامستەفا و لە دەستی رژێم دەرباز بوون،مەلامستەفاش دەزگیریان دەکات و دەیانداتەوە دەست رژێمی ئێران، ئێرانیش راستەو خۆ هەموویان ، گولە باران دەکات**

هەر لە هەمان ساڵدا (سوارەی سەکری،ئەسکەندەر عەلی ،محەمەد موئمینی،تۆفیق مستەفا،حەبیب .ئەبابەکر،جەعفەر ئەبابەکر ،مونتەقیمی قازی)و دەیان پێشمەرگەی دیکە درانەوە دەست رژێمی ئێران

**لە ٢ی مای ١٩٦٨دا ،دوو خەباتکاری مەزن و دوکور پەروەری دلێرو ئازا بەناوەکانی(سلێمان موعینی،خەلیل شەوباش)لە دیلمان، لەلایەن مەلامستەفا وە شەهیدکران،هەر ئەوکاتەش تەرمی سلێمان موعینی درایە دەستی ساواکی ئێران، لەرۆژی ٢١/٥/١٩٦٨ تەرمی سلێمان موعینی لەخانێ ،لەکاتێکدا لەسەر سنگیان نوسی بوو(سلیمان معینی این است نتیجه خیانت ،سلێمان موعینی ئەوەیە ئەنجامی خیانەت)بۆ تۆواندنی خەڵک نیشاندا،رۆژی دواتر ، تەرمەکەیان بە کۆپتەر برد بۆ شاری مەهاباد لە وێشەوە بۆ شارەکانی تەورێز سنە**

کرمانشا برد،بۆ ئەوەی خەڵکی پێ چاو ترسێن بکەن،بەڵام کاتێک تەرمەکەی برایە مەهاباد ،خەڵکی مەهاباد زانی رژێم نیازی چیە ،تێکرا دووکانە کانیان داخست و رووویان کردە ناوەندی شار و بە تورەی و نارەزایەتیەوە رایان کەیاند،ئەگەر بچوکترین بێ رێزی بە تەرمی سلێمان موعینی بکرێت ،دەبێت لەبەرامبەردا ئەوانیش وەکو سلێمان بکوژرێن، ئەو کاتە بۆ یان هەیە کارێکی ئەوها بکەن، کاتێک رژێمی ئێران تێکەیشت کەناتوانێت لە بەرامبەر شەپۆلی نارەزایی مەهابادیەکان،نەخشەکەی جێبەجێ بکات،ئنجا بەناچاری سەرۆکی ساواک رووی لە خەلکەکە کردو گوتی (ئەی خەلکی مهاباد راستیەکەی ئەوەیە کە سلێمانی موعینی ئێمە نەمان کوشتوە،بەڵکو لەلایەن کەسانێکەوە کوژراوە کە ئێوە بەرێبەرانی خۆتانیان دەزانن، سلێمان بەمردوویی لە لایەن ئەوانەوە بە ئێمە دراوە ،ئەگەر ئێمە بمانگرتبایە نەمان دەکوشت،ئێستەش ئێمە هیچمان نەکردووە،وەرن تەرمی خۆتان ببەنەوە)هاوکاری مەلامستەفا بۆ سەرانی ئێران بە جۆرێک بوو کە (سەرتیپ سەییادیان)سەرۆکی رێکخراوی ساواکی ورمێ بلێ(ان یاخی دیروز اکنون در اختیار ماست،انشاالله روزی میرسد کە بە استانداری کرکوک منصوبش کنیم،ئەویاخیەی دوێنێ (بارزانی)ئێستا لە خزمەتی ئێمەدایە ،خودایاربێ ،(رۆژێک دێت دەیکەین بە پارێزکاری کەرکوک

مەلامستەفا هەر بەوەوە نەوەستا بەڵکو درێخیشی نەدەکرد لە کوشتنی کوردی پارچە کانی دیکە،(سەعیدئالچی)ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی پێشڤەرۆی کوردوستانی بندەستی سوریا ،(دکتۆر شوان و چەکۆ)دوو رێبەری تری کوردوستانی بندەستی تورکیا ئەمانە هەموی لە ژێر فرمانی .مەلامستەفا دا کوژراون

لە لایەکی دی وەکو پێشتریش کەمێک باسمان لێوەی کرد ،(حەمەد ئاغای مێرگەسوەر) کە مەلامستەفا هەستا بە کوشتاری بە کۆمەڵی خێزانەکەی،حەمەد ئاغا کە کوژرا ئیختیارێکی پیری شەست ساڵە بوو ،لەگەل کورەکانی و برازایەکی ،و ساڵی ١٩٧٢ فاخیر و سەعیدی برای کوژران ،جا ئەگەر سەعید و فاخیر گوناه بار بوون ئەی .تاوانی حەمەد ئاغا و کورەکانی چی بوو؟

ئەگەر حەمەد ئاغاش تاوانی هە بوو (جەوهەری )کوری کە هەتا گولەساردی کردەوە ،بانگی دەکرد:بژی کوردوستان بژی مەلامستەفا ی بارزانی بژی سەرکردایەتی)تاوانی چی بوو؟

ئەگەر ئەم کۆمەل کوژیە کینەو دوبەرکەی خێلایەتی و رقی کۆن بوو ئەدی بۆچی لەژێر ناوی رێبەرایەتی بزافی رزگاری خوازی نەتەوەی ئەنجام درا.؟

# :ناکۆکی لەنێوان ڕیزەکانی پارتیدا

بۆچوون و تێڕوانینی سەرکردایەتی پارتی لەلایەک وبارزانی لە لایەکی تر ،ڕەنگ دانەوەی ئەو واقیعە بوون،کە زۆرینەی ئەندامانی سەرکردایەتی ،خوێنەوارو ڕۆشنبیرنی شارەکانی کوردوستان بوون ،بە پێچەوانەی مەلامستەفا و هاورێیانی کە پەروەردەی دێهات و جەوێکی عەشایەری بوون ،کە دابونەریتی ئەو سیستەمە حوکمی کردوەو کاریگەری خۆی بەجێ هێشتوە ،کریس کۆچێرای ڕۆژنامە نووس دەڵێت:(جەنراڵ بارزانی ،عەیبێکی ئەساسی هەبوو ،ئەویش ئەوە بوو،نەی دەزانی حیزب چیە،بە وەسیلەی دادەنا ،وە بیری لەوە دەکردەوە چۆن دەستەڵات بەکار بهێنێت،بڕوای بە دانوستاندن،نیقاش،بەشداری نەبوو نەی دەزانی دیموکراتی (.چیە

مەکتەبی سیاسی  پارتی  ،کەوتبونە هەڵەیەکی گەورەوە ئەویش ئەوە بوو،کەلە کەسایەتی وگەشەکردنی کۆمەڵایەتی و سیاسی بارزانیان بەتەواوی نەکۆڵیبوەوە ،بارزانی پێش ئەوەی بێتە ناو حیزبەوە ،کەسایەتیەکی عەشایەری هەبوو،بە هۆی شیخ ئەحمەدی برایەوە ڕێزێکی زۆری هەبوو لەناو بەرزانیەکاندا،بۆیە لە ڕوانگەی عەشیرەت گەریەوە،تەماشای حیزبی دەکرد،چۆن سەرۆکی عەشیرەت دەستەڵاتی ڕەهای هەیە ،هیچ کەسێک نیە بەرەنگاری ببێتەوە و ئەندامی عەشیرەتەکە لە هەموو کارێکدا پێویستە گوێڕایەڵی سەرۆکەکەیان بن،ئەو ئەیویست هەمان یاساش لە حیزبدا جێبەجێ بکات،سەرۆکێک بێت کە هەموو دەستەلا تێکی هەبێت و چی بوێت ئەوە بکات،ئەوانەی خور ئەویشەوە بێ بیرلێکردنەوە بڕیارەکەی جێبەجێ بکەن،چۆن ئەندامانی عەشیرەت ملکەچی سەرۆکەکەیان دەبن،مەلامستەفاش ئەو جۆرە حیزبەی دەویست،هەروەها لەناو پارتیشدا بەتەمەنترین کەسیان بوو،١١ساڵ لە ئیبراهیم ئەحمەد گەرەتربوو ٣١ ساڵیش لە مام جەلال گەورەتربوو،ئەمەش حەقی براگەورەی پێدابوو،چونکە جیاوازی تەمەن لە کۆمەڵگای عەشایەریدا ڕۆلی خۆی هەیە،بەلام مەلامستەفا  ئەم گوێڕایەڵیەی لەگەڵ مەکتەبی سیاسیدا بۆ نەچوە سەر ،بۆیە نە ئەوجۆرە حیزبەو ئەوجۆرە کەسانەی نەدەویست،کاتێک مەلا مستەفا حیزبی ڕەفز دەکردوو جوێنی پێدەدا ئەوکاتەبوو،کەمەکتەبی سیاسی سەرکردایەتیان دەکرد،کاتێک کە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی وەدەرناو خۆی وەکو کەسی یەکەمی حیزب بوو مەدحو سەنای حیزبایەتی دەکرد،دەیگوت هیچ سەورەیەک بەبێ قیادەی حیزبێکی مونتەزم ناجح نابێت،ئەگەر ئەلێم حیزب مەعنای ئەوەیە حیزبێکی موخلیس بە میلەت و مەصالیحی .میللەت لەبەر چاوبێ،نەوەک ئەوانە کەلە ماوەت بوون زوڵمیان لەمیلەت دەکردوو ناوی خۆشیان نابوو حیزب

دوو هێلی سیاسی بەئاشکرا لەنێو پارتیدا دەبینرا ،خەڵک بەئاشکرا تەماشای دەکردن.دووسیاسەت هەیە لەشۆڕشدا،سیاسەتێک کە مەلامستەفا بەڕێوەی دەبات،دژی گیانی حیزبایەتی شۆڕشی نوێ و رێکخستنە .بەشێوازگ نوێ،لایەنگیری کردنە لە عەشایەر و جولاندنەوەی عەشایەری و دەستەلاتی موتڵەق

ئەوەی تریشیان سیاسەتی پارتی بوو،سیاسەتێکی حیزبی بوو کە ئەیویست بەشێوەیەکی نوێ پێشمەرگە ڕێک بخات،کۆمەلانی خەڵک ساز و هانبدات و ڕێبەرایەتیان بکات،بۆ خەبات،بەداخەوە ماوەیەکی ئەوتۆی بەسەردا نە چوو مەلامستەفا هاتە ناوچەی سۆرانەوە،بەراستی ئەگەر مەلامستەفا نەهاتایە و لەبادینان بمایایەتەوە ،ئەوا لیوای هەولێریش وەکو لیوای سلێمانی لێدەکرا وەبە شێوەیەکی ڕێکوپێک و مۆدێرن شۆڕش و حیزب کەشەی دەکرد،بەلام کە ئەو هات ،ئەنجامەکەی خراپ کرد ،جۆرێک لە دووفاقی هەم لە سەرکردایەتی هەم لە ڕێکخستن و هەم لە رەفتار لەگەل خەڵکیدا هاتەکایەوە.

لەماوەیەکی کورتدا ،جیاوازی لە نێوان مەلامستەفا و حیزب هەست پێ دەکرا،بۆنمونە:عەبدولکەریم قاسم جارێک لێبوردنی دەرکرد بۆ کورد،بەمەرجێک ناوی خۆیان بنوسن بۆ ڕزگارکردنی کوێت،ئەو وەختە کوێت سەربەخۆی خۆی ڕاگەیاندبوو.

عەبدولکەریم قاسمیش سەربەخۆی کوێتی ڕەت دەکردەوە و دەی گوت:کوێت بەشێکە لە عێراق و فەرمانێکی ئیداری دەرکرد و ئەمیری کوێتی کرد بە قایم قام.

پارتی بەیانێکی دژی ئەولێ بووردنە دەرکرد،نوسی بووی کە ئەوە هەڵخەڵەتاندنە،مەسەلەی کورد مەسەلەی لێبووردن نیە ،سەلماندنی مافی کورد دیموکراتی و ئازادیە.

بەلام بە پێچەوانەوە، مەلامستەفا لە بادینان عەفوکردنەکەی قبوڵ کرد.

وەفدێکی نارد بە ئەندامێتی عەلی عەسکەری دوو کەسی تر بۆ لای قایمقامی شێخان،ئاگاداریان کردەوە کە ئێمە ئامادەین ناوی خۆمان بنوسین و بە خۆبەخشی بجەنگین بۆ ڕزگارکردنی کۆێت،لەئەنجامی ئەو هەڵوێستەی مەلامستەفا دا .عەبدولکەرگم قاسم هەستا حەسەن عەبودی نارد بۆ لای مەلا مستەفا ئەوەبوو دوای ئەوەی حەسەن عەبود ناوچەکە بەجێ هێشت،قاسم ناوچەکەی بۆردومان کرد.

و بەوکارە نائومێدی و بێ باوەری خستە نێوان خۆی و مەلامستەفا وە.

لەکاتێکدا هێزی پێشمەرگە بەشێوەی نوێ لەزۆر ناوچەی کوردوستان دروست بوو،بەلام لە ناو چەی بادینان بەشێوەی عەشایەری و لەژێر سەرکردایەتی مەلامستەفا خۆیدا بوو.

مەلامستەفا کەسانی دەوروپشتی خۆی هەریەکەی کردنە لێپرسراوێک،عەلی فەلیلی کردبە لێپرسراوی ناوچەی دهۆک،لێپرسراوی زاخۆ و ناوچەی شێخانیش هەر خۆی دایناو لەکەسە نزیکەکانی خۆی بوو،مەلامستەفا بەپاڵ پشتی کەسانی چواردەوری خۆی کارەکانی دەکرد.

لێپسراوییەکانی دەدا بەوکەسانەی کە لە کەسوکاری خۆی بوون،مەلامستەفا هەمیشە دژی حیزب بوو تامەکتەبی سیاسی بوونیان هەبوو لە هەموو شوێنێک دژایەتی پارتی دەکردو دەی وت من سەرۆکی پارتی نیم و پارتی حیزبێکی هیچە ،هێرشی بەردەوامی بۆسەر پارتی بوو لەبری ئەوە بوو لەبری ئەوەی بەرگری لێبکات وەکو سەرۆکی پارتی

دانیشتنەکانی مەلامستەفا پڕ بوو لەجنێو و قسەی ناشرین بەئەندامانی پارتی و لەناو هەمواندا کادیرەکانی دەشکاندەوەو قسەی سارد و چرۆکی پێ دەوتن حیزب لای مەلامستەفا بەمانای تەفرەقە دەهات بۆیە هەردەم دەیگوت حیزب وادەکات ئێمە پەرش و بلاوبین ،ئەولایەنگری دەرەبەگ بوو وەکو کەسێک کە لە بنەماڵەی شێخەکان بوو دژی شۆڕشی جەتیار و چاکسازی کشتوکاڵی بوو،بۆیە هەولی دەدا عەشایەر لە پلەو پۆستدا بن و پشتگیریانی دەکرد،لەمکارەیدا دریغی نەکردوە. لەساڵی ١٩٦٢ مەلامستەفا ،مەلا تەهای لابرد کە لێپسراوێکی حیزبی بوو لەناوچەی باڵەکایەتی لەجێگەی ئەو ئاغایەکی دانا،هەروەها ئەنوەر بەگی جاش و .خۆفرۆشی بێتواتەێ هێناو لەجێگەی عومەر دەبابەی دانا

.لە هەموو جێگەکان کەسانی حیزبی لادەبرد و ئاغاو عەشایەرەکانی لەجێگەیان دادەنا

کاتێک کۆنگرەی پێنجەمی لە ٥ی مایسی ١٩٦٠ گیرا،مەلامستەفا بەژداری نەکرد تا وەفدێکی پارتی چوون بۆلای شێخ ئەحمەدی برای و داوایان لێیکرد کە مەلامستەفا بنێرێت بۆ کۆنگرە ،دوای ئەوە مەلامستەفا بەژداری کرد ،لەکۆنگرەدا مەلامستەفا قسەی زۆرناشرینی کرد بە حیزب و زۆر دژی حیزب قسەی کرد ،دەی گوت:حیزب بەرەلایە حیزب تەفرەقەیە،حیزب تێکدانی میللەتە ،لەوکۆبوو نەوەیەدا کەسێکی حیزبی لێ بوو بە ناوی عەبدولای مام ڕەسول کە ئاغایەکی لەبارەکای پارتی دەرکردبوو بە هۆی ئەوەی ئەو ئاغایە ناوبانگێکی خراپی .هەبوو، مەلامستەفا زۆر قسەی ناشرینی بە عەبدولا ووت

.پێت دەگووت: سەگباب،کەران باوک،بێ شەرەف،ناپیاو،بۆچی ئەو ئاغایەت دەرکردوە کە هاتۆتە مەقەڕی پارتی

. پاشان لە کۆنگرەدا وتی من دەرەبەگ و ئاغاکانم خۆش دەوێت ئەوان کوردن

هەر وەها دەی گوت پێم بڵێن ........ بەس پێم مەڵێن حیزبی ،پێم بڵێن بڕۆ بۆ ....... بەس پێم مەلێن بڕۆ بۆ مە .قەڕی حیزب

بوونی دوو بۆ چون و دوو سەرکردایەتی ،کاری گەری گەورەی هەبوو لە سەر بزوتنەوەکە و دابەش بوونی بۆ دوو جەمسەر .وەک ئەوەی ئەیوب بارزانی لە کتێبەکەیدا دەڵێت :بزوتنەوەکە بە دوو جەمسەر و دوو بەرنامە .دەستی پێکرد

ڕۆژ بە ڕۆژ بە تایبەتی دوای خەباتی چەکداری ،ئەم بۆ چوونە جیاوازانە زیادیان دەکرد لەلایەک مەلامستەفا بڕوای بەکاری حیزبایەتی نەبوو وە گرنگی بە ئەندامانی سەرکردایەتی نەدەدا و لە زۆر جێگا بە خراپ باسیانی دەکرد ،ئەندامانی سەرکردایەتی بەتایبەت ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ،ئەوانیش درێغیان لە قسەپێ وتن بە مەلامستەفا نەدەکرد،ناوی مەلامستەفا یان بە عەشایەر و ناڕۆشنبیر و دواکەوتو وخێڵەکی ونە .خوێندەوار دەهێنا.زۆرجار لە نوسراوی ڕەسمی حیزبدا

لەجیاتی ناوی بێنن (بە سەرۆکی گەلی کورد،سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردوستان )ناویان بە (مامۆستا یان بە کاک )دەبرد ،نامەی مەکتەبی سیاسی پارتی بۆ مەلا مستەفا لە ٤/٤/١٩٦٣.ژمارە ١٠٦ ی ٨/١/١٩٦٣.زۆر . کەسیش دەیزانی کە مەلامستەفا پێی خۆش نەبوو پێی بوترێت مامۆستا و بە جوێنی دەزانی

پارتی شەش ژمارەی ڕۆژنامەی (کوردوستان)یان لە نێوان ٤/٣ تا ١/٤/١٩٦١ دەرکردوە.کە خاوەنەکەی ئیبراهیم ئەحمەد و سەرنوسەرەکەی مام جەلال بوە،لەو شەش ژمارەیەی کە چاپ و بلاوکراوەتەوە ،جگە لە ژمارە یەک نەبێت کە چاو پێکەوتنێکی ڕۆژنامەی (النهظه)ی بەیروتی ،ژمارە ٢٨ ی ٢٠/٢/١٩٦١ کە لەگەڵ مەلامستەفا ئەنجامی داوە و ڕۆژ نامەکە کردبووی بە کوردی و بە وێنەیەکەوە لەگەڵ (ندیم أبو اسماعیل)ی خاوەن .ڕۆژنامەکە بلاوکراوەتەوە

کەنازناوەکەی بە (تێکۆشەری بەناوبانگی کورد)پێناسە کراوە،لە سەر وتار و وتارەکانی تری هەر پێنج ژمارەکەی ڕۆژنامەکەدا ،باسی مەلامستەفا ی تێدا نیە لەجیاتی باسی مەلامستەفا باسی (پارتی پێشڕەوی .خەڵکی کوردوستان)و ناوی مەلامستەفا بەرچاوناکەوێت

ئەم هەڵوێستە نیشانی دەدا،کەلە سەرەتای ساڵی ١٩٦٠،کێشەو ناکۆکی لە نێوان ڕۆشنبیرو سیاسیەکانی پارتی و مەلامستەفا دا هەبووە،بە ئەنقەست یان بێ ئەنقەست ویستویانە کە ڕۆڵی پارتی پێش ڕۆڵک مەلامستەفا بخەن،ئەوەش وای کردوە مەلامستەفا دەستڕۆشتوەکانی مەکتەبی سیاسی بە ئامانج بگرێت و .هێرشیان بکاتە سەر

مەلامستەفا هەمیشە لە چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانیەکانیدا نەی دەشاردەوە کە ناکۆکی لەگەڵ حیزبدا هەیە،لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ڕۆژنامەیەکی ئەمریکیدا دەڵێت:هیچ شتێک نیە پێی بوترێت حیزب ،تەنها گەل هەیە،ئەوانەی سەردەکەون هاوڵاتی کوردن،ئەوهێزانەی لەژێر دەستەڵاتی پارتی دان تائێستا دەستیان نەکردوە .بە شەڕ، تەنها ئەوکاتەنەبێت کەجامانەی بارزانیەکانیان بینی

قسەکانی هەردوولا دەگەیشتەوە بەیەک،هەرلەبەر ئەوەی کە مەلامستەفا وەک سەرۆکی پارتی لەلایەک و لە ناوچەیەک و ئەندامانی سەرکردایەتی ومەکتەبی سیاسی لەلایەکی تر ،هیچ کاتێک بۆ ماوەیەکی درێژ لەیەک ناوچەنە بوون و یەک بارەگای هاوبەشیان نەبوو،ئەمەش هۆیەکی دژواربوو بۆ ئەوەی کە نەتوانن بەئاسانی

وخێرا ئەوکێشانەی ڕۆژانە دێتە پێشەوە چارەسەربکەن یان هەر هیچ نەبێت باسی لێوەبکەن،لەبەر ئەوەی سەرکردایەتی مەکتەبی سیاسی لە شوێنی جیاو دووربوون لە بارەگاکانی مەلامستەفا ،توانیان یەک گروپ دروستبکەن،هەتا ساڵی١٩٦٤ کەم کەس لەوانە پاڵپشتی مەلامستەفا بوون و هەر لەبەر ئەوەش مەلامستەفا لەهەموویان زویر بوو،بۆیە کە دەرفەتێکی بۆ ڕەخسا،زۆربەی زۆری ئەندامانی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی لەکۆنگرەی ١/٧/١٩٦٤ لە قەڵدزێ دەرکران.

مەلامستەفا دژایەتی بەرامبەر بە سکرتێری حیزب ئیبراهیم ئەحمەد نەدەشاردەوە،ئەوی بە ئەقلی هەموو ناکۆکیەکان دەزانی،مەسعودبارزانی لە م بارەیەوە دەڵێت:(مەلامستەفا متمانەی بە ئیبراهیم ئەحمەد نەبوو،هەرگیزیش حەزی پێی نە هاتوە ،سەربوە لە سەر ئەوەی لاوە چاکو چالاکەکانی پارتی لێ دوربخاتەوە و بیانپارێزێت نەوەکو کاریان تێی بکات لەگەڵ خۆیدا پەلکێشیان بکات. )ئەم دوو بەرەکیو ناکۆکیە ی نێوان پارتی و مەلامستەفا بەدیاری کراوی لە سالی ١٩٦٤ ڕەنگی دایەوە کاتێک مەلا مەلامستەفا و عەبدولسەلام عارف ڕێکەوتن.

مەلامستەفا و عارف هەریەکەولای خۆیانەوە بەیانێکیان دەربارەی چارەسەری مەسەلەی کورد ڕاگەیاند،ئێستکەی بەغداد دەقی بەیانامەکەی بلاوکردەوە.

ئەم بریارەی مەلامستەفا کەلە ئەنجامی پەیوەندیکردنی نهێنیێ خۆی و عەبدولسەلام عارفەوە درابوو،بوە مایەی گەورەترین قەیرانی ناو بزافی نەتەوەی کورد،ئەم قەیرانە بە درێژای ژیانی مەلا مستەفا کاری گەریی نەرێنی لە سەری کرد،بەیانامەکە نارەزای زۆرینەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بەدوای خۆیدا هێنا ،بەیانێکی نارەزایەتیان بە ناوی(مشیر-بارزانی خۆ بەدەستەوەدان یان ماف وەرگرتن)بلاوکردەوە،هۆکاری ئەو دردۆنگیەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لەوەوە سەرچاوەی گرت بوو،نە وەکو مەلامستەفا بەهۆی ئەم ڕێکەوتنەو بەلاداخستنی ناکۆکیەکانی لە گەڵ بەغداد،خۆی تەرخان بکات بۆ پاکتاوکردنی گرفتەکەڵەکە بوەکانی لەگەڵ مەکتەبی سیاسی .

بەو جۆرە ئاگربەستی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤،ناکۆکی و ئاڵۆزیەکان کەماوەیەک بوو لەنێوان باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی و سەرکردایەتی مەلامستەفا دا لەئارادا بو،تەقینەوەو لێکترازان هاتە ئاراوە ،دیارترین کێشە کەڵەکەبوەکانی نێوان پارتی و مەکتەبی سیاسی کە بە هۆیەوە بۆشایەکی گەورەی لەنێوان ئەودولایەنە دا دروستکردبوو،کە دەرئەنجام نەیان توانی بەیەکەوە هەڵ بکەن ،کەرت بوونو دابەشکاری لە نێوانیاندا هاتە ئاراوە کێشەکان بریتیبوون لە:

١-ئەوکێشانەی پەیوەندیان بە بنیاد و پەیکەری پێکهاتەی پارتیەوە هەبوو،پارتی هەرلەسەرەتای سەرهەڵ دانیەوە تۆوی ناکۆکی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو،ئەم ناکۆکیانەش وادەردەکەوت کە ئەمری واقیع بن،چونکە پارتێک کە بیەوێت ئەندامەکانی بریتیبن لە هێزە نەتەوەییەکان و دیموکرات خوازەکان و کۆمەڵایەتیەکان

،هەندێک وە سەرکردایەتیەکەشیدا گەورەپیاوە خاوەن موڵکدارەکان ئەرکەکانی بەڕێوەبەرن،شتێکی سروشتی دەبێت،کەلە ریزەکانی ئەوپارتەدا جیاوازی لە نێوان رەگەزە نەگونجاوەکاندا بێت و ناکۆکی تێدا سەری هەڵدا،بە وورد بوونەوە لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی کۆنگرەی یەکەمی پارتی دەردەکەوێت،تێکەڵەیەکی :ئایدۆلۆژی جیاوازن،کەلە ئاراستەی فکری و ئایدۆلۆژی جیاواز پێک هاتوە وەک

أ-ئاراستەی یەکەم:پێک هاتوە لە چەند کە سایەتیەکی کۆمەلایەتی،خێلایەتی،وەک بنەماڵەی بارزانی و شێخ .لەتیف شێخ مەحمود و کاکە زیادی غەفوری کۆیە

ب-ئاراستەی دووەم:کۆمەڵەیەکی تر لە رووناک بیرانی هەڵگری بیروباوەری دیموکراسی و ناسیۆنالیستی .،وەک سالح یوسفی ،تەها محێدین مەعروف و میرحاج ئەحمەد

ج-ئاراستەی سێیەم:گروپێکی تر لە رۆناک بیران کە هەڵگری بیروباوەری مارکسی،سۆسیالستی بوون،زۆر بەیان پێشتر پەیوەندیان بە (حزبی شۆڕش)ەوە هەبوو،وەک هەمزە عەبدولا ،عەلی عەبدولا،د.جەعفەر ....هتد،ئەم پێک هاتەیە خۆی لە خۆیدا هەڵگری هۆکارەکانی ململانێ و ناکۆکی چینایەتی دەبێت.هەروەک بەکردەوە روویدا،کاتێک هەمزە عەبدولا ویستی لەسەر راسپاردەی مەلامستەفا هەندێک لەو کەسایەتی خاوەن زەوی و زارانە بێنێتە ناو دەستەی دامەزرێنەری پارتیەوە،لەوانە شێخ لە تیف شێخ مەحمود و کاکە زیاد ئاغای غەفوری کۆیە،بەو هۆیەوە بەشێک لە هێزە چەپرەوەکان پاشگەز بوونەوە لەوەی سەر بەو پارتە بن ،کە بینیان پارتی دیموکرات بریتیە لە پارتێکی بورژوازی ،زۆربەی ئەودابرانە چوونە ناوپارتی کۆمەنیستی عێراقیەوە،پێکەوە هەڵنەکردنی ئەم ئاراستە جیاوازانە لەمانگی ئاداری ساڵی ١٩٥١دا بەدەر کەوت کاتێک بەستنی کۆنگرەی دووەم بووە پێداویستی بۆ هەڵبژاردنی سەرکردایەتیەکی تازە،وەلەو کۆنگرەیەدا بڕیاردرا هەڵبژاردنی سکرتێری بۆ کۆنگرەی سێیەم دوابخرێت،کۆنگرە بڕیاریدا دەستەلاتی (هەمزە عەبدولا)سڕیکات و لە سلێمانی هاوکاری لیژنەی مەرکەسی بکات،بەلام ناوبراو بە بڕیارەکە پابەند نە بوو،بە ناوی (پارتی دیموکراتی کوردوستان -باڵی پێشکەوتو خواز )ی بۆ زیادکرد و بەو شێوەیە ریزەکانی ناوخۆی پارتی لەت کرد،ئەمە بەیەکەم کەرت بوون دادەنرێت لە ریزەکانی پارتی دا وە هۆکاری سەرەکی ئەم کەرت بوونەش دەگەرێتەوە بۆ جیاوازی ئاراستەکان. بەرەچاوکردنی ئەوەی ئیبراهیم ئەحمەد خاوەن رۆشنبیریەکی چەپی مارکسی بوو،هەرچەندە ئەو لە سەرە تای ژیانی سیاسی خۆیدا بەردەوام مەیلی چەپی هەبووە ،بەلام بەرە بەرە ترازا بۆ ناو رەوتی بیری نەتەوایەتی کورد،لەلایەکی ترەوە هەمزە عەبدولا بەردەوام بوو لە سەر ئارەزوە تاک رەوەکانی وە لەرووی نەتەوایەتیەوە بۆ چەپ بوون،هەولی بۆ کۆکردنەوەی ،مارکسیە دێرینەکان دا کە . کەوتبوونە ژێر کاری گەری ئیبراهیم ئەحمەد

کەوتە جموجۆلو خۆرێک خستنەوە ،وەک سەرۆکی دەستەیەکی یاخی هەڵسوکەوتی دەکرد،هێزی هەمزە عەبدولا لەوەدا نەبوو کە بتوانێت لە شوێنی چەپە رۆشنبیتەکان کاری گەری گەورە دروست بکات،بەڵکو لەوە دابو کێشمەکێش و ئاڵۆزی دروست بکات،ئەم ناکۆکیە تا ساڵی ١٩٥٦بەردەوام بوو،ئەوباڵەی کە هەمزە عەبدولا

دایمەزراند بوو هاتنەوە ناو ڕیزەکانی پارتی،بەم شێوەیە ئەزموونی پارتی دیموکراتی کوردوستان پتەوتر بوو .لە یەکخستنی هەموو هێزەکان لەپێناو تێکۆشان

لە ئاکامی پەیوەندی کردنی ئەم باڵەی پارتی دیموکراتی کوردوستان،ئاڵوگۆڕکی تری بەسەر ناوەکەیدا .هێنا،بوو بە پارتی دیموکراتی  یەککرتوی کوردوستانی عێراق

لە ساڵی ١٩٥٧ بە هۆی هەوڵە دیبلۆماسیەکانی ئیبراهیم ئەحمەدەوە توانرا کاربکرێتە سەر ئەندامانی لقی کوردوستانی  حیزبی شیوعی عێراق و کەوتنە گفتوگۆکردن سەبارەت بە یەک خستنی چالا کیەکانیان لە کوردوستاندا ،لە ئەنجامدا،(ساڵح حەیدەری ،حمید عوسمان،کەمال فواد،لەتیفی نانەوا)بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی (لقی کورشوستانی حیزبی کۆمەنیست)یان ڕاگەیاندبوو هاتنە نێو ڕیزەکانی پارتی یەوە بەم هۆیەوە ساڵی ١٩٥٧ پەیوەندی نێوان پارتی دیموکراتی کوردوستان وپارتی کۆمونیستی عێراق قەیرانێکی گەورەی بە خۆیەوە بینی،بەڵام پارتی ناکۆکیەکانی خۆی لەگەڵ نیارەکانی بەتەواوی یەکلای کردەوە و ڕیزەکانی خۆی یەک خستەوە و مەکتەبی سیاسی نوێی بەم شێوەیە هەڵبژارد:(ئیبراهیم ئەحمەد  سکرتێری حیزب بە ئەندامێتی ساڵح حەیدەری،جەلال تاڵەبانی هەمزە عبدوڵ،حمید عوسمان ،نەژاد ئەحمەد عەزیز،خەسرەو تۆفیق،لەمال فواد،حەبیب محمد کەریم).بەو جۆرە ڕێکخستنەکانی پارتی لە ساڵانی پەنجاکاندا بەردەوام لە گەشەکردندا بوو،هاوکات ئیبراهیم ئەحمەدیش  وەک سیاسیەک و سکرتێری پارتی دیموکراتی  کوردوستان  بەردەوام لە هەوڵدا بوو ،بۆ پەیوەندیکردن بە پارت و ڕێکخراوە کوردوستانی و عێراقیەکان،لە پێناو مافە ڕەواکانی گەلی کوردا ،ئەوەی شایەنی باسە وێڕای ئەوەی مەلامستەفا هەڵهات بوو بۆ دەرەوەی وڵات ،بەڵا بە درێژای ئەو ماوەیە بە سەرۆکی پارتی دانرایەوە،هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە عێراق و کوردوستان و ناوچەکە بە گشتی  لە بەردەم گۆڕانکاریەکی تازەدا بوو،بە هەمان شێوە پارتیش بە ئاراستەی گۆڕانکاری و ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵایناوەڕاست هەلیدەکرد،لە ساڵی ١٩٥٨دا پارتی لەگەڵ ئەفسەرە ئازادی خوازەکانی عێراقدا پەیوەندی گرت،ئەوانەی لە لایەن عەبدولکەریم قاسمەوە سەرکردایەتی دەکران و .خوازیاری ڕوخاندنی سیستەمی پاشایەتی و دامەزرندنی سیستەمێکی دیموکراتی بوون

شۆڕشی ١٤ تەموزی١٩٥٨ی عەبدولکەریم قاسم ئەفسەرە ئازادی خوازەکان مژدەی سەردەمێکی نوێ و ئومێد بە خشیان بە کورد دا ،ئیبراهیم ئەحمەد  وەک سکرتێری  گشتی پارتی دیموکراتی کوردوستان ،دەست بە جێ پشتگیری پارتی بۆ ڕژێمی تازە ڕاگەیاند و بەیانامەیەکی بڵاوکردەوە،تیایدا بە گەرمی پێشوازی لە ڕژێمی تازەو ئازادی و برایەتی هەردوو میلەتی کوردو عەرەبی کرد،حکومەتی عەبدولکەریم قاسم یش لای خۆیەوە،لە بەڕێوەبردنی وڵات و سیاسەتەکانیدا پشتی بەست بە حیزبە وڵات پارێز و ڕێکخراوە دیموکرات و کۆمەڵایەتیەکان .لە ڕێکەوتی ٢٦ی ١٩٥٩بڵاوکردنەوەی دەقی دەستوری کاتی بۆ کۆماری عێراق تەواو بوو،کە جەختی لە سەر ئەمە کرد(گەل سەرچاوەی دەستەڵاتە)یەکێک لە گۆڕانکاریەکانی ئەم دەستورە کاتیە ئەوە بوو کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی عێراق،دان بە یەکسانی کوردو عەرب نرا،نەک تەنها ئەمە بەڵکو حکومەتەکەی قاسم .پێشوازیەکی گەورەی لە مەلامستەفا و هاوڕێکانی کرد کە ماوەی زیاتر لە ١٢ ساڵ لە یەکێتی سۆڤیەت بوون

گەڕانەوەی مەلامستەفا دەرگای خولێکی تازەی ناکۆکی لە ڕیزەکانی حیزبدا کردەوە زیاتر خۆی لە ململانێیەکی کەسی نێوان مەلامستەفا و ئیبراهیم ئەحمەد دەبینیەوە،چونکە وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد ئیبراهیم ئەحمەد وەک سکرتێر و کەسی یەکەمی پارتیڤدەرکەوت بوو هەرچەندە مەلامستەفا بەشێوەی فەخری لە کۆنگرەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمی پارتی دا بە سەرۆک هەڵ بژێردرابوو،بە لام هەموو پەیوەندیەکی ڕاستەو خۆ یان ناڕاستەو خۆی مەلامستەفا بە پارتی دیموکراتی کوردو پشان پارتی دیموکراتی کورشوستانی عێراقەوە،هەر لە ساڵی ١٩٤٧ تاکو ساڵی ١٩٥٨ واتە پە ئاوارە بوونیەوە بۆ سۆڤیەت تا گەڕانەوەی بۆ بەغداف تەنها دووجار لەلایەن سەرکردایەتی پارتیەوە پەیوەندی پێوە کراوە،بۆیە مەلامستەفا دوای گەڕانەوەی هەولی دا بالادەستی خۆی بەسەر پارتی دا بسەپێنێت،دوای ئەوەی ئەو هەموو ماوەیەی لێیەوە دوور بوو،بە سودوەرگرتن لەو ناکۆکیانەی لەناو مەکتەبی سیاسی پارتی دا هەبوو،لە نێوان دەستەی(ساڵح حەیدەری،حمید عوسمان ،هەمزە عەبدولا)دا ،ئەوانە داوای پێکهێنانی هاوکاریەکی توندو تۆڵیان لەگەڵ حیزبی کۆمونیستی عێراقی دەکرد.

لەگەڵ دەستەی (ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تالەبانی )دا کەداوایان دەکرد پەیوەندیەکی دیاری کراو و مام ناوەند لەگەڵ کۆمەنیستەکاندا دروست بکەن،وە لە بەرامبەردا هاوکاری لەگەڵ پارتەنەتەوەییەکاندا بکەن،لەسەردەمی دەستەلاتی قاسم دا شنەباکە لەگەڵ کۆمەنیستەکاندا تێکەلاوبکرێت،ئەمە بوو مەلامستەفا لە کانونی دووەمی ١٩٥٩ دا لە کۆبوونەوەیەکی بچوکی سەرکردایەتی پارتی دا بە بەشداربوونی هەمزەعەبدولا،خەسرەو تۆفیق ،نوری شاوەیس،نەجات عەزیز ،حەمیدعوسمان،مەلامستەفا بریاریدا تاکرەوی خۆی لەسەر لابردنی ئیبراهیم ئەحمەد لە سکرتاریەتی حزب و دانانی هەمزەعەبدولا بە سکرتێر دەرکرد،ئەمەش بوە یەکەم کودەتای ناوخۆی حیزب.

بەم جۆرە گروپی هەمزە عەبدولا لە ئاستی سەرکردایەتیدا باڵیان بەسەر ڕێکخستنەکانی پارتی دا کێشاو ژمارەیەک لە ناحەزەکانی خۆیان دەرکرد،لەم قۆناغەدا پارتی کۆمونیستی عێراقی توانی سود لە پەیوەندی بەهێزی باڵی چەپی نێو پارتی وەرگرێت و گروپێکی مارکسی تایبەت بە خۆیان بە جۆرێک لە ناو پارتی ڕێکبخەن کە لەگەڵ ڕەوتو ڕێبازی سیاسی حیزبەکەیان تەبابێت،ئەم تەباییە بوە هۆی ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردوستان و حیزبی شیوعی لەمەڕ مشتومڕی ئیدۆلۆژی نێوانیان گەیشتنە ڕێکەوتن،گومان لەوە دا نەبوو کە حیزبی شیوعی لە هەموو حیزبەکانی دیکە بە هێز تروو خاوەنی جەماوەرێکی زۆرتر بوو، ئەمەش ڕوون بوو کە قاسم وەک پارسەنگێک بۆ ناسیۆنالیستەکانی عەرەب و بەعس دەیڕوانیە ئەم دوو حیزبە ،پارتی و حیزبی شیوعی کۆمونیستەکان هەوڵیان دەدا پارتی وەک پاشکۆی خۆیان تەماشا بکەن،کاتێک حیزبە عێراقیەکان لە ١٩ تشرینی دووەمی ١٩٥٨ کۆبونەوەیەکیان کردو کۆمەڵە بریارێکیاندا .پارتی دیموکراتیش بەشداری کردو لەژێر کاری گەری پارتی کۆمونیستی عێراق وەک باقی حیزبە عێراقیەکان پەنجە مۆری کرد کە عێراق بەشێکە لە نیشتیمانی عەرەب.

سەرای ئەمانە ساڵی ١٩٥٩ هەمزە عەبدوڵا کەیشتە ئەو ئاستە،کە بریادێکی یەکلا کەرەوە بۆ یەک خستنی هەموو ڕێکخراوە کوردوستانیەکان لەگەڵ ڕێکخراوە هاوشێوەکانی حیزبی شیوعی دەرکرد،هەروەها پێشنیازی ئەوەشی کرد ،ڕێکخراوەکانی جوتیاران ،لاوان،ئافراتانی کوردوستان پەیوەست بە پاشتیەوە بچنە ناو حیزبی شیوعی.

لەدوای ڕووداوەکانی بەهاری ١٩٥٩ی موسڵ،باڵی ڕەگەز پەرستی نێو سوپا (جولانەوەی شەواف)لەناوبرا،بەم جۆرە بارودۆخەکە کەوتە ژێر کۆنترۆڵی چەپەکانەوە،شیوعیەکان بە مەبەستی پاراستن ە بەرفراوانکردنی ئەم سەرکەوتنە دەستیان بە بانگەشەی دامەزراندنی بەرەی گەل و پاراستنی ئیختیلافی پارتی دیموکراتی کوردوستان دەرکرد،دوای پێکهێنانی حکومەتی بەرەی میلیان دەرکرد .

بۆ ئەم مەبەستە یەکی مایسی ١٩٥٩کۆڵانەکانی بەغداد خۆپیشاندانێکی نیو میلیۆنیان بە خۆیەوە دیت،ئاپۆڕای جەماوەر بۆماوەی چەند کاتژمێرێک شەقامی ڕەشیدیان تەنیبوەوە بەیەک دەنگ دروشمی(شیوعیەکان بەرەوو دەستەڵات)یان دەکوتەوە.

بەهادین نوری دروشمی (هاوبەشی شیوعیەکان لە دەستەڵات)بە دروشمێکی هەڵقوڵاوی ناخی خەڵک دەزانێت واتە:ئەو دروشمە خواستێکی جەماوەری بوە،نەک دروشمی بریار لێدراوی شیوعیەکان لە سەرەتادا.بەلام ڕۆژی دوای خۆپیشاندانەکە و پاش گفتوگۆیەکی تێر و تەسەلی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی دروشمی هاوبەشی لە حکومدا،دەبێتە دروشمی فەرمی بریارلێدراوی حیزب ،بەو هۆکارەوە لەوکاتەدا قاسم لەبەرەی ڕاسترە و نەتەوە پەرستە شۆڤێنیەکان نزیک بوەوە ،بە شێوەیەکی نەرێنی وەلامی داواکانیشیوعیەکانی دایەوە،بە مەبەستی ڕێگە لێگرتن لە بەژداریان لە حکومەتەکەیدا،لەوکاتەدا پارتی دیموکراتی کوردوستان پشتگیری ئەم داواکاریەی شێوعەیکان بوو ،لە بەرامبەردا شیوعیەکان بە مەبەستی چڕکردنەوەی گوشارەکانی خۆیان بۆسەر قاسم دەست بەجێ بەرەی گەلیان ڕێکخست،لەنێو پارتی دا هەمزە عەبدوڵا پشتیوانی لە شیوعیەکان دەکرد.

مانفێستی دامەزراندنی بەرەی یەککرتوووی خەڵک لەلایەن ڕابەری شیوعیەکان ،سەرۆکی پارتی دیموکراتی نەتەوەی (کامل چادرچی)چوار ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردوستانەوە مۆرکرا،لەکاتێکدا مەلامستەفا لە کوردوستان بوو،بە بیستنی ئەم هەواڵانە دڵگران بوو،چونکە دەبوە هۆی پچڕانی پیوەندیەکانی لەگەڵ قاسم،بۆیە دەست بە جێ بەرەو بەغداد بە ڕێکەوت.

بەمەبەستی ڕزگاربوون لە کێشە و تەکەتولی شیوعیەکان لەناو پارتیدا ،چونکە بەهیچ شێوەیەک ڕێگەی نە دەدا پارتی ببێتە لقێکی حیزبی شیوعی عێراق وە بە هۆی بەرژەوەندی شیوعیەکانەوە پیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ قاسم بپچڕێنێت.

.هەر بۆیە لە تەموزی ١٩٥٩دا مەلامستەفا بریاری دا بە دەرکردنی باڵی چەپی ناو پارتەکەیدا

پاسەوانە تایبەتیەکانی خۆی ناردە سەر بارەکای حیزب لە ناوچەی رەسافەی بەغداد و هەریەک لە (هەمزەعەبدولا،حەسۆ تۆفیق،سالح حەیدەری)لە بارەگای حیزب دەرکرد،تاوەکو لە کۆنگرەی چوارەمی پارتی دا لە ٦ی تشرینی یەکامی ١٩٥٩لە بەغداد بەسترا ،هەمزە عەبدولاو لایەنگرانی بە تاوانی (خیانەت لە حیزب و میللەت)لە ریزەکانی پارتی بەیەکجاری وەشەرنران،دووبارە لە هەمان کۆنگرە (ئیبراهیم ئەحمەد )کرایەوە بە سکرتێری گشتی حیزب،لەو بارەیەوە ئیبراهیم ئەحمەد لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانی حسین محمد عەزیز دەڵێت:(من بوو مەوە بە نازارەکەی ئەو،بەلام دیسانەوە وەنەبێ،بروایەکی تەواویشی بەمن هەبووبێ،چونکە لەبیروو بۆچوندا من و مەلامستەفا جیاوازبووین)لێرەوە ناکۆکیەکی درێژ خایەن سەری هەڵدا ،تاکو ئێستاش .کاریگەریە نەرێینەکانی لەسەر بزوتنەوەی رزکاری خوازی نەتەوەی کوردا ماوە

## :ناکۆکیە شەخسیەکان و کاری گەری لەسەر لێکترازان

جەلال تاڵەبانی ناکۆکی نێوان ئیبراهیم ئەحمەد و مەلامستەفا دەگەرێنێتەوە بۆ(دەست کەوتی هەردوولایان) و پاشان (رووداوەکان)کە بوونە هۆی جیاوازی ،لەو بارەیەوە دەڵێت (ئیبراهیم ئەحمەد کەسێک بوو خوێندنی تەواوکردبوو،هەواداری خوێندن و موتالابوو،لەسەردەمی خوێنکاریدا چالاکی سیاسی و کلتوری دەست پێکردبوو،پاشان ببوە پارێزەر،لە تەواوی ژیانی دا بیروو باوەری چەپی هەبوو،تارادەیەک ماکسیزمی بەزانستێکی بەرز دەزانی،بەلام مەلامستەفا سەدو هەشتا پلە پێچەوانەی ئەو بوو ،مەلامستەفا سەرکردەی بەرە و توێژی خوێنکار و رۆشنبیر نەبوو،زانیاریەکانی بە شێوەی ئەکادیمی و لەرێگەی خوێندنەوە بەدەست نە هێنابوو،نەچووبوە قوتابخانەو زانکۆ،لەراستی دا خوێندەواری نەبوو،تەنها کەسایەتیەکی خێڵەکی کوردوستان و خاوەن جەماوەر بوو،روانکەی بیری ئەو لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد جیاواز بوو،لەراستیدا دووبیری نامۆ بەیەکتری بوون،هەرچەندە مەلامستەفا ماوەیەکی زۆر لە سۆڤیەتدا ژیابوو،بەلام بە توندی دژی .(کۆمونیست و حیزبی کۆمونیستی عێراقی بوو

دووەمین جیاوازی نێوان مەلامستەفا و ئیبراهیم ئەحمەد ،پرسی بنەماڵەو خێزان بوو،مەلامستەفا ئەندامی بنەماڵەی بارزان بوو،بەلام ئیبراهیم ئەحمەد ئەندامی ئەندامی بنەماڵەیەکی ئاسایی بوە،ئەو هەمیشە خۆی بە کوری هەژارێک دەزانی و خۆی بە بلە رەش دەناساند و شانازی بەو ناوەشەوە دەکرد،مەسعود بارزانی ئەم ناکۆکیانەی بە ناکۆکی کەسی دەزانێت و لەو بارەیەوە دەڵێت:(مەلامستەفا متمانەی بە ئیبراهیم ئەحمەد نەبوو،هەرکیزیش حەزی پێی نە هاتوە وە سوریش بوە لە سەر ئەوەی کە لاوە چاکەکانی پارتێ لێ دووربخاتە .(وە و بیان پارێزێت ئەوە کاریان لێ بکات و پەلکێشیان بکات

دێڤید مرکداوڵ تەکید لەم ناکۆکیە کەسیانە دەکات و دەڵێت:(ئەم دوانە پێشینەی دۆستایەتیان نە بووە ،مەلامستەفا بە ناخۆشیەک کە لە دوژمن داریتی دەچوو ،باسی لە خۆپەرستی و بێ جوڵەی سیاسیەکانی پارتی دەکرد،ئەم نەفرەتە شەخسی ئیبراهیم ئەحمەدی دەگرتەوە،ئیبراهیم ئەحمەد یش گلەی لە(خۆپەرستی و ستەم و بێویژدانی و دواکەوتوی هۆزایەتی و ناراستکۆی مەلامستەفا دەکرد).

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین ئەم یەکتر قبوڵنەکردنەی مەلامستەفا و ئیبراهیم ئەحمەد هەرلەیەکەم دیداریان دەردەکەوێت هەردوو لایان تێبینی خۆیان لە سەر یەکتر دەبێت ،کاتێک کە ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ شاندی پارتی بە فرۆکە چوونە پراگ بۆ سەردانی بارزانی ،مەلامستەفا فای پێشەوای هۆزایەتی هەر لەوکاتەوە ئیبراهیم ئەحمەدی بەدلدا نە چووە ،ئەمەش رۆڵێکی گرنگی لە کاروباری ناوخۆی کوردوستاندا گێرا ،مەلامستەفا دەربارەی خۆبەزلزانی و بێباکی ئیبراهیم ئەحمەد بۆ یارمەتی دەرانی خۆی قسەی دەکرد.

جەلال تاڵەبانی ئەوە پشتراست دەکاتەوە،کاتێک مەلامستەفا و ئیبراهیم ئەحمەد (بۆیەکمین جار لە سۆڤیەت گەرانەوە،ئەمە بە دیار کەوت کە ئەم دوکەسایەتیە جیاوازیان زۆرە و لە هێڵێکدا پێکەوە ناکونجێن،لەکاتی گەرانەوەدا ،ئیبراهیم ئەحمەد راپۆرتێکی بۆ پارتی نوسیوە و بە مەکتەبی سیاسی راگەیاندوە ،کە مەلامستەفا مرۆڤێکی هۆشیارو سیاسی نیە ،لەوماوەیەی کەلە سۆڤیەت ماوەتەوە ،هیچ سودێکی وەر نەگرتوە ئێستاش لە سەر بیرو باوەرە کۆنەکانی سورە و مرۆڤێکی دووربین نیە،بە کورتی روانکەیەکی باشی بەرامبەر مەلامستەفا نەبووە،هەر وەها مەلامستەفا ش بۆچونێکی باشی دەربارەی ئیبراهیم ئەحمەد نەبووە.

## :هۆکارە دەرەکیەکان و کاری گەریان لە سەر ناکۆکیەکە-

کاتێک دەستوری کاتی بلاوکرایەوە ،مادەی سێ دەیگوت:(عەرەب و کورد لە ولآتدا هاوبەشن و دەوڵەت مافەکانیان لە چوارچێوەی یەکێتی عێراق بەرەسمی دەناسێنێت)دان بە بوونی کوردا نرابوو وەک هاوبەش،ئێستا بە رووکەش هەمووشتێک بۆچارەسەرکردنی گرژی نێوان بەغداو گەلی کورد کە لەساڵی ١٩٢١دوە بەردەوام بوو،لەباربوو،بەلآم لە دونیای واقیعدا مەیدان بۆ زنجیرە ململانێیەک لە نێوان لایەنەکانی دەستەلآت لە بارودۆخی نوێ ئامادەبوو،بابەتی ململانێو ناکۆکی نێوان کەسایەتیەکان بوو،لە نێو ئەو کەسایەتیانەدا لە هەموویان دیارتر قاسم و مەلامستەفا بوو،بەلآم لەو دیوی پەیوەندی ئەو کەسایەتیانەوە ،مەسەلەی ئاڵۆز تریش هەبوو،بێنەو بەردە لە نێوان ناسیۆنالیستر دژبەیەکەکان ،کێشمەکێش پە نێوان عەسکەری و مەدەنیەکانی بەغداد و سەرئەنجام ناکۆکی نێوان هۆزایەتی و ئایدۆلۆژی لە کوردوستان،هەموو ئەو گرژیانە،هەردوو لای لەهەوڵدان بۆ دۆزینەوەی رێگاچارەیەکی سەرکەوتوو بۆ مەسەلەی کورد سارد کردەوە،بەم شێوەیە گۆرەپانی عێراق دوای سەردەمی پادشای ،پرببو لە رکابەر و یاریزانی تازە،واتە

ناسیۆنالیستە کانی عەرەب ،پارتی دیموکراتی کوردوستان و کەسایەتیە دیارەکانی حزبی شیوعی عێراق،کە .بە ئومێد بوون ڕۆڵێکی گەرە لەعێراقی کۆماریدا بگێڕن

قاسم لێرەدا زانی کەخاوەنی ناوەندێکی بەهێزی دەستەڵات و سەقامگیرنیە،بۆیە هەولی دا بەکۆ چەکدارکردنی حیزب و ڕێکخراوە ڕکابەرەکان خۆی لە دەستەڵات بمێنێتەوە،لەراستیدا دەستەڵات لە کۆڵان و شەقامەکاندابوو،دەساڵ شەرو شێواوی لەبەغدا هەر لە سەرە تاوە کوردانی تێوەردا،مەلامستەفا لەسەرەتای .حککومەتەکەیدا بەرچاوترین هاوپەیمان ی بوو

کۆچێرا پێی وابوو ئەم هاوپەیمانیە بەهۆی ئەوەوەبوە،کە مەلامستەفا پەیوەندیەکی زۆر نزیکی لەگەڵ سۆڤیەتدا هەبووە،مەلامستەفا هەرلەسەرەتاوە لایەنگری قسم و نەیری عارف بووە،دەکرێت یەکێتی سۆڤیەت لەم بابەتەدا کاریگەرێتی هەبووبێت ،لەلایەکی ترەوە ئیبراهیم ئەحمەد باوەری وابوو ناسیۆنالیزمی عەرەب دەبێتە هێزە بالادەستەکەی ولات

بەبێدەنگی هەوڵدا پەیوەندی لەگەڵ عارف دروست بکات،ئەوبەباشی ئاگاداری ئەوکاریگەریە بوو کە ناسر لە دونیای عەرەبدا هەی بوو،هەرچەندە عارف بەساردی وەلامی نزیک بونەوەکانی ئیبراهیم ئەحمەدی دابوو،قاسم دڵنیابوو کە ئەم دوانە بە نهێنی پیلان دەگێڕن ،وای دەبینی کە کورد گەورەترین تەگەرەی بەردەم ،ڕێگای یەککرتن لەگەڵ کۆماری عەرەب بێت

دەیویست ئەم بیانوەی بۆ بهێنێتەوە،لەبەر ئەوە بەهیچ شێوەیەک نەی دەویست پارتی دیموکراتی کوردوستان و ناسیۆنالیستەکانی عەرەب یەکبگرن،قاسم بەزووی عارفی لەسەر کار لادا و زیندانی کرد،بەڵام گومانی لە ئیبراهیم ئەحمەد زیاتر بوو،لە کۆتایدا داوای لە مەلامستەفا کرد کە ئیبراهیم ئەحمەد لەسەر کار لابدات،ئەمەش لە میانەی ئەو چاوپێکەوتنەبوو کە مەلامستەفا لە سۆڤیەت گەرابوەوە،سەرەتا چوو بوو بۆلای قاسم ،ئەویش گوتبوی ئیبراهیم ئەحمەد و عەبدولسەلام عارف پەیوەندی نهێنیان پێکەوە هەیە،لەگەڵ ناسیۆنالیستە عەرەبەکان ڕێکەوتن،دەیانەوێت عێراق بەرەو کۆماری یەککرتووی عەرەب (میسر و سوریا)بەرن،کوردوستانیش کۆمارێکی سەربەخۆبێت،بەڵام تاڵەبانی رەتی دەکاتەوە کە هیچ بیرۆکەیەکی ئەو .جۆرەیان هەبووبێت

هۆکاری ئەم بەدگومانیەی قاسم لە برایم ئەحمەد دەگەرێتەوە بۆ ئەو پەیوەندیەی لەگەڵ عارف و تایەر یەحیا،دروستی کردبوو،لەوبارەیەوە ئیبراهیم ئەحمەد دەڵێت:(لەم ڕێگایانەوە توانیم پاساپۆرت پەیدابکەم و لەگەڵ خۆم بیانبەم و بیان هێنمەوە ،واتە مۆڵەتی هاتنەوەی مەلامستەفام لە عەبدولسەلام وەرگرت،ڕەنگە ئەمە وای نیشاندابێت کەمن جۆرە پەیوەندیەکم لەگەڵ ئەوان هەبووبێت ،پارتی کۆمونیست بلاویان کردبوەوە بە (عەبدولکەریم)یشیان راگەیاند بوو کەوا من وەک سکرتێری پارتی پەیوەندیم لەگەڵ نەتەوەییەکانی عەرەبدا

هەیە و لەگەڵیان ڕێکەوتووم،کودەتایەک دژی عەبدولکەریم قسم بکەین،ئەم هەواڵە گوایە پارتی کۆمونیست لە ڕۆژنامەکەشیاندا نوسیبوویان.

ئەمە هەموو ئەوچیرۆکەبوو کە قاسم بۆ مەلامستەفای گێرابووەوە ،ئیدی لەو ڕۆژەوە تادەهات مەلامستەفا (لەگەڵ من ساردیەکەی زیاتر دەبوو.

تاڵەبانی پێیوایە لەوکاتەدا دووڕووداو لەبەغداد ڕوویاندا کێشەکانیان قوڵتر کردەوە،لەسەرەتاوە ئەوە بوو سەرۆک عەشیرەتەکانی کوردوستان کۆبوونەوە و هاتنە بەغداد و دەیان ویست بەغدا ڕێگری لە وەرزێرەکان بکەن و هەروەها ڕای بگەیەنن،کەریفۆرمی زەوی و زار سودێکی بۆ ئەوان نیە،مەلامستەفا چوو سەرۆک عەشیرەتەکانی کۆکردەوە و دڵیانی دایەوە،ئیبراهیم ئەحمەدیش لە ڕۆژنامەی (خەبات)وتارێکی دژی ئەومەسەلەیە نوسی،ئەمانەی بە نۆکەری بەریتانیاو جاش ناساندبوو،ئەم وتارە ناکۆکی نێوان مەلامستەفا و ئیبراهیم ئەحمەدی بە نوسین تۆمار کردوو ئاشکراتر بوو،خاڵێکی تر بریتیبوو لە کوشتنی چەند دەرەبەگ و سەرۆک هۆزێکی کوردی نزیک لە قاسم ،ئەمە بوە هۆی ناکۆکی نێوان قاسم و مەلامستەفا ،لەلایەکی ترەوە ناکۆکی نێوان مەلامستەفا و ئیبراهیم ئەحمەد ،چەنکە ئەوان لە شێوازی ڕووبەڕووبونەوەی قاسمیشدا جیاوازی زۆریان هەبووە کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکرات ،بۆ چوونیان وابوو لە ڕێکەی سیاسی و خەباتی سیاسیەوە لەگەڵ هێزە دیموکراتەکان و ئازادیخوازەکانی عێراق نتوانن،قاسم بگەرێنەوە سەر ڕێبازی سەرەتای خۆی،بەڵام بۆچوونی مەلامستەفا ئەوە بوو حکومەت چاوترسێن بکەن،وەکو کوشتنی ئەو دەرەبەگانەی پێشتر باسمان کرد،تەقاندنەوەی پردەکان،تێکدانی کارەبای حکومەت تاکو بەو ئاژاوەیە،حکومەت ناچاری گفتوگۆبکەن،ئەم دوو ڕێکا جیاوازە لەناو پارتی دا بەدی دەکرا،لەوکاتەدا هەندێک لە عەشیرەتاکانی کوردوستان لە دەوری یەک کۆدەبوونەوە،لە هەندێک شوێنی وەکو دەربەندی بازیان ،لەگەڵ مەلامستەفا بوون،کۆمیتەی ناوەندی پارتی نەیاری ئەوکارەبوون،دەیگوت ئەمە زیندووکردنەوەی دەرەبەگایەتی وبسیستەمی فەرمانڕەوای بگەکانە و بەم شێوەیە عەشیرەتەکانی کوردوستان،دووبارە دەچنەوە هێلێ یەکەمی دەستەڵات،کەئەمە خۆی جۆرێک لەپاش کەز بوونەوەیە،بۆیە پارتی پەنای بردە بەر شۆڕشی جەماوەری و لە ٦ ی ئەیلولدا داوای کرد لە هەموو کوردوستاندا مانگرتن دەست پێبکات و خوڵکی شارەکان داوای مافەکانیان بکەن،دوای ئەوە یاداشتێکی دووڕو درێژیان بۆ عەبدولکەریم قاسم نارد ڕێوشوێنی خۆیان دیاری کرد ،جەلال تاڵەبانی پێی وایە دوای ئەو ڕووداوانە لای خەڵکی ڕوون بوو،کە دوو ڕێکا چارە لە بەردەستدایە:

یەکەمیان خەباتی سیاسی دیموکراتی بەسەرۆکایەتی ئیبراهیم ئەحمەد ،دووەمیان ئاژاوەو پاشەگەردانی بەسەرۆکایەتی مەلامستەفا ،واتە مەلامستەفا سەرۆکایەتی لقی سەربازی لە ئەستۆدا بوو،کۆمیتەی ناوەندی پارتیش پەنایبردبوە چیاکان لە مالومە سەرۆکایەتی سیاسی لە ئەستۆدا بوو،لێرەدا دەبینین سەرجەم ئارستەکان لەیەکتر جیابوونەوە ،کۆمەنیستەکان لەڕیزی پارتێ دەرکران ،بورژوازیەکان و خوێندەوارە شاریەکان لایەنی سیاسی پارت و هەندێک لە عەشایەرەکان لەگەڵ سەرۆکی پارتی کەوتن.

مەسعود بەرزانی باسی رۆڵی نەرێنی ئەم خێڵانە دەکات،کە بەچی شێوەیەک بۆ بەرژەوەندی خۆیان دابەش بوون،هیچ لە ئامانجەکانی شۆڕش نەدەگەیشتن،بەڵکو لە ژێر فەرمانی سەرۆک عەشیرەتەکەیان بوون و بەدەم .لەگەڵ ئێمە بوون

ئەم کێشانە هەر بە نهێنی لەنێوان(مەکتەبی سیاسی )و سەرکردایەتی پارتی مانەوە،تا تێکچونی نێوان قاسم و مەلامستەفا ،ئەم پەیوەندیانە زۆر بە خێرای بەرەو خراپی چوون،وای لێهات هەندێک لەئەو رۆژ نامە نوسانەی لە ساڵانی (١٩٦٢-١٩٦٣)دا بە کاری رۆژنامەوانی دەچوونە کوردوستان ،باسی ئەم قەیرانەیان دەکرد،کە ژێراو ژێر بەشێوەیەکی نهێنی لەنێوان باڵی (مەکتەبی سیاسی )و بارزانیدا هەبوو،وەک لە سەرەتادا ئاماژەمان پێدا،رێکەوتنی (١٠ شوباتی ١٩٦٤)پیوەندیەکانی نێوان سەرکردایەتی پرتی بەرەو ئاڵۆزی زیاتر بردبوو ،هەنگاوەکانی لەتبوونی خێزانی کورد،رەخنەی سەرکردایەتی پارتی لە سەرۆکی پارتی ئەوە بوو بەناوی شەخسی خۆیەوە ،رێکەوتنەکەی ئیمزاکردووە،بێ ئەوەی باسی پارتی بکات،خۆی وانیشانداوە ،کە .ئەو نوێنەری گەلی کورد و سەرکردەی شۆڕشی کوردوستانە

.کاتی قوڵ بوونەوەی ناکۆکیەکان مەلامستەفا  هولی دەست بەسەرداگرتنی تەواوی سوپا دەدات

لە کۆتای مانگی ٣ی ١٩٦٤دا مەلامستەفا کۆنگرەیەکی سوپای دەبەستێت ،بەئامادەبوونی زۆربەی بەرپرسانی لەشکری،مەلامستەفا بریاری دوورخستنەوەی جەلال تاڵەبانی ،عومەر مستەفا،عەلی عەسکەری،کەمالی مفتی ،دەدات و لە شوێنی ئەوان نوری مەعروف ،نوری مەلا سەلیم و عزیز عەقراوی دانران،لەبەرامبەردا باڵی (مەکتەبی سیاسی)لە دەرئەنجامی کۆنفرانسی ماوەت لە (١٩ی نیسانی ١٩٦٤)دا بریاریدا،کە ئەو بریارو فرمانانەی مەلامستەفا داوێتی ،وەیان لەمەو دوا دەیدات،بەناوی سەرۆکایەتی پارتی دیموکراتی کوردوستانەوە،هەموویان پێچەوانەی پیرەوی پارتین و داوا لە گشت رێکخراوە و ئەندام و پالێوراو لایەنگرەکانی پارتی و پێشمەرگەکانی لەشکری شۆڕشگێری کوردوستان  دەکات،پابەندێ ئەو برێار و فەرمانامەنەبن،هەروەها کۆنفرانس و سەرنجی مەلامستەفا بۆ پەیرەوکردن و لە سەر رۆشتنی پەیرەوی ناوەوەی پارت و قبوڵکردنی بریارەکانی ئەم کۆنفرانسە راکێشا

مەلامستەفا بریاریدا بەردەوام بێ لە خۆ ئامادەکردنبۆ بەستنی کۆنگرەی شەشەمی پارتی،لە رۆژی ٦ی .تەموزی ١٩٦٤دا،ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی نوێ هەڵبژێردران

بریاری دەرکرشنی ئیبراهیم ئەحمەد و کۆمەڵەکەی لە حیزب درا،دوای ئەوەی باروودۆخەکە ئاڵۆز بوو،هەردوو باڵ نەیان توانی رێگەیەکی گونجاو بدۆزنەوە،بۆ تێپەڕاندنو بازدم بەسەر ئەو ئاستەنگیەدا ،بەشێوەیەکی ئاشتیانە ،روویانکردە بەکارهێنانی هێز و چەک ،بوون بە هۆکاری رووداني شەڕی براکوژی لەناو ریزەکانی پێشمەرگە،تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد  ناچارکران لەگەڵ ژمارەیەک لایەنگرانیان عێراق بە جێ بهێڵن و لە سنور بپەڕنەوە بەرەو ئێران ،نێوەندەکانی فەرمانڕەوایش لە ئێران چی لەکاتی رووداوەکان یان پاشتر

هەوڵیان دەدا بارودۆخی کوردوستانی عێراق بەکار بهێنن وەک کارتێک لە ناکۆکیەکانی سنوری لەگەڵ عێراقدا لەهەمان کاتیشدا هەوڵی دەدا بۆ لابردنی بزوتنەوەی کوردی لە ناوەوە.جەرجیس فەتحوڵای پێی وایە ئێران لەو نێوەندەدا دەیویست کەمەیەک بکات.

لەلایەک دەیویست لەگەڵ سەرکەوتوودابێت،لەهەمانکاتیشدا لەبنەڕەتدا پەیوەندیەکە لەگەڵ ئیبراهیم دا بوە ،ڕاستەوخۆ دوای لێک جیابونەوەی سەرکردایەتی پارتی  شای ئێران نوێنەری تایبەتی خۆی نارد بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ مەلامستەفا ،مەلامستەفاش هوڵیدا سود لەوجیاوازی و ناکۆکیانەی بەینی حکومەتەکانی ناوچەکە ببینێت،بەڵام ئەو واقیعەی لەبیرکردبوو کوا ئەو حکومەتانە بەردەوام ئامادەن بۆ وەشاندنی کورزەکانیان لە حاڵەتی بەرفراوان بوونی ئاستی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد.

مەلامستەفا هەر ئەوەندە جارێکی تر بوە تاکە پاڵەوانی مەیدان و ڕۆڵی ئیبراهیم ئەحمەدی گرتە ئەستۆ،داوای ئۆتۆنۆمی کرد بە حکومەتی ڕاگەیاند کە گەڕاندنەوەی دامو دەزگا ئیداریەکان بۆ کوردوستن قبوڵ ناکرێ ،دروست هەر ئەوشتانەی بە هۆیەوە لەلایەن ئیبراهیم ئەحمەد و تاڵەبانیەوە مەحکوم کرابوو.

بە هەڵوێست وەرگرتن لەسەر ئەم کارە بۆمان دەردەکەوێت کومانی (مەکتەبی سیاسی)لە ڕێکەوتنی شوبات بۆ پاکتاوکردنی ئەوان بووە،چونکە ئەگەر لە پێش ڕێکەوتنەکە ئەم داواکاریانە هەبوایە،ئێران و عێراق بەو شێوەیە نەیان دەتوانی سود لەو ناکۆکیانە ببینن،لە کاتی ئەم ناکۆکیانە زۆر لە کەسایەتیەکان هەوڵی ناوبژی دەدەن،بەڵام دیارە،مەلامستەفا  زۆر بەکەمی ڕۆڵی (مەکتەبی سی)دەبینێت،وەک مەسعودبارزانی لەم بارەیەوە قسەیەکی (عزیز محمد)دەگێڕێتەوە ،کە دەڵێت:(چووم بۆ لای بارزانی پێم ووت :مەسلەحەت لەوەدایە تۆو ئیبراهیم ئەحمەد  سولحتان بکەوێتە بەین و ئەم دوبەرەکیە نەهێڵرێ و ڕێ لە ڕوودانی شەڕ لە نێوانیان بگیرێ)مەلامستەفاش وەڵامی دابوەوە و گوتبووی :(بۆ؟ئەوان هەن هەتا شەڕ بکەن)،کۆچێرا ئەوە پشت ڕاست دەکاتەوە و دەڵێت(عەیبێکی گەورەی مەلامستەفا ئەوەبوو،کە هیچ حسابێکی بۆ ئەو حیزبیانە نەدەکرد و پیرەوی باس و موناقەشەی نەدەکردو پەیرەوی دیموکرسیەتی نەدەکرد).مەلامستەفا لەساڵانی جۆش و خرۆشی شۆڕشدا هەرگیز بەڕاستی لەگەڵ حیزب تێکەڵ نابێت و ناگونجێت.

کاتێک کەلە سیاسەتی حیزب نارازی دەبێت ،سکرتێری حیزب لادەباتو کەسێکی دیکە لەجێگەی ئەو دادەنێت،پاشان ئەو لە کار لادەبات و یەکەم دەگەڕێتەوە ،لەبەر ئەم هۆیە هەمیشە لەنگێەک لە پەیوەندیەکانی نێوان ئەم حیزبە شۆڕشگێڕ و ڕێبەرەکەیدا دەبینرێ،هەر ئەمەش هەوێنی قەیرانی ساڵی ١٩٦٤، داڕووخان و شکستی یەکجارەکی حزبی بوو،لە ساڵی ١٩٥٧دا.

ساڵی ١٩٦٤ لە مێژووی بزوتنەوەی سیاسی کورشوستانی عێراقدا خاڵی وەرچەرخانێکی شوومە،شوێنەوارەکانی لە جوڵانەوەی کورشا جێگیر بوو،ناکۆکی نێوان سەرۆکی حیزب و سکرتێری حیزب شۆڕ بوەوە ناو ناخی ڕێکخراوە سیاسیو چەکداریەکان،لە ئەنجامدا لەناو خەڵک و جوڵانەوەی کورد،بووبە

سەرەتای شەڕێکی لەبڕانەوە نەهاتوو،کوردوستن بەهۆی ناکۆکیەوە پارچە پارچە ببوو،لەلایەک ئیبراهیم ئەحمەد و تاڵەبانی وەک ڕوناک بیرانی پارتی ،تەکیدیان لە ئایدۆلۆژیایەک دەکرد کەلەماوەی بیست ساڵ گەشەی کردبوو و بەرجەستە بوبوو،لەلایەکی دیکە،مەلامستەفا بوو کە دەیتوانی پارێزکارو سەرۆک هۆز و شێخەکانی کوردوستان لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە ،ئەم ململانێیە بۆ لایەنگرانی پارتی ،بریتی بوو لە ململانێی ئاینی و بێ ئاین،لەنێوان (بەیعەتی)هۆزایەتی نەتەوەی ولەنێوان کولتوری باو ومارکسیزمی .مولحید و خوانەناس بوو

لە مەکتەبی سیاسیدا سێ گروپی جیا پەرەیان سەند کە لەهەوڵی ئەوەدا بوون باشترین ستراتیژی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دابەش بوونەکە دیاری بکەن،یەکەمین گروپ،کە نەوشیروان مستەفای گرتە خۆی هانی(مەکتەبی سیاسی )دا پشتگیری کارەکانی مەلامستەفا بکەن،گروپی دووەم کە شەهابی شێخ نووری گرتبوە خۆی،خوازیاربوون مەکتەبی سیاسی بەتەواوی پشتگیری برایم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی بکەن و لە مەلامستەفا داببڕێن،هەروەها سێیەمین گتوپ کە عەبدولستار تاهیر شەریف و عەبدولا ئیسماعیل (مەلا .ماتۆڕ)ی گرتبوە خۆ بڕوایان بە ستراتیژیەکی دیکە بوو کە پاڵپشتیکردنی حکومەتی عێراق بوو

مەلامستەفا پێشنیازی دروستکردنی کۆمیتەیەکی بێلایەنی دەکرد ،بەمەبەستی زەمینە خۆش کردن بۆ کۆنگرەیەکی نوێ،بەڵام مەلامستەفا بە بێ بوونی نوێنەری ئەوان  ئەو کۆمیتەیەی دروستکرد،هەربۆیە مەکتەبی سیاسی  پاش نا ئومێد بوونیان

ناوەڕۆکی بەیاننامەکەی ماوەتیان بڵاو کردەوە،کە تا ئەوکاتە بڵاویان نەکردبوەوە ،لە بەرامبەردا مەلامستەفا بارزانی لەمیانەی کۆنگرەی شەشی پارتی،کۆبونەوەکانی ماوەتی بەنا شەرعی لە قەڵەمدا و دوای چەند ڕۆژێک لوقمانی کوڕی بەسەرۆکایەتی هێزێکی گەورە بۆ دەرکردنی ئیبراهیم ئەحمەد نارده ماوەت،ئیبراهیم ئەحمەد و .مام جەلال لەگەڵ ژمارەیەک لایەنگرانیان بۆ ئێران هەڵهاتن

ئێران سودی لە باڵی مەکتەبی سیاسی وەرگرت کە وەکو کارتێک بەکاری بهێنێت بۆنزیک بوونەوە لەگەڵ مەلا مستەفا،ئەوە بوو هەرلەگەڵ مەلامستەفا  ڕێکەوتن ئەمانی ناردەوە ژێر دەستەڵاتی مەلامستەفا و ناچاری ڕێکەوتنی کردن، چونکە کارتی مەلامستەفا  بەهێزتر بوو،بۆ یەکلا کردنەوەی کێشە سنوریەکانی لەگەڵ عێراق و پاش گەڕانەوەی باڵی(مەکتەبی سیاسی)ئەوەبوو نەیانتوانی پێکەوە هەڵبکەن و پاڵیان بە عێراقەوە دا ،بەهەمان شێوە ئەمانیش کارتێک بوون بەدەستی ڕژێم بۆ فشار خستنە سەر بزوتنەوەی ڕزگاری،عەبدولستار تاهیر شەریف لەوبارەیەوە دەڵێت:(حیزبی بەعس ئێمەی وەک کارتێکی سیاسی بەکار ئەهێنا تا ئەوەی بتوانێ ناوچەکان لەژێر دەستەڵاتی مەلامستەفا ڕزگار بکات وپاشان بەهەر جۆرێک بێ . لەسەنک و قورسایەکی زیاترەوە لەگەڵ مەلامستەفا  ڕێک بکەوێت و مەرجەکانی بەسەردا بسەپێنێت

بەکردەوە دووحیزبی دووژمن بەیەک بەناوی پارتی دیموکراتی کوردوستانەوە ،کە ئامانجی هەردوو لایان خەباتکردن بوو لە ناو کوردوستانی عێراق و لەکاری ڕێکخراوەی،سیاسی پێشمەرگەی،ڕاگەیاندنیان و هەریەکەیان خۆی بە خاوەن و میراتگری مێژووی حیزبەکەی دا ئەنا،هەردوو لا کەوتنە داهێنانی ناو وناتۆرە لەیەکتری،لە نوسینەکانیاندا یەکتریان بەخیانە ت و جاشایەتی تاوان بار دەکرد،زاراوەی جەلالی و مەلای بوون .بە وتەی سەر زار،لە ۲۹ ی حوزەیرانی ۱۹٦٦دوە مەلامستەفا شەڕی لەگەڵ عێتاقدا ڕاگرت بوو

بەڵام شەڕی لەگەڵ باڵی (مەکتەبی سیاسی)ڕاگەیاندبوو ،حکومەتی عێراق زۆرتر تەماشای ئەم شەڕەی ئەکرد بێ ئەوەی ڕێگەی پێبگرێت،باڵی(مەکتەبی سیاسی )لە ۲۸ ی ئاب تا ۲ی ئەیلولی ۱۹٦٦دا کۆنفرانسێکی بەست،ناکۆکیو ململانێی نێوان هەردوو باڵەکە تاڕاگەیاندنی بەیانی ۱۱ی ئازار بەردەوام بوو،باڵی مەکتەبی سیاسی دوای ئەم بەیانە لە ۱۰ی ئەیلولی ۱۹۷۰دا لە کۆنفرانسێکدا بڕیار دەدەن دەرگای گفتوگۆ لەگەڵ باڵی سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بکەنەوە و بۆ ئەم مەبەستە چەند جارێک نوێنەرایەتی بالی مەکتەبی سیاسی سەردانی بارزانیان کردو سەرئەنجام لە ۲۷ی کانونی یەکەم تا ۱ی کانوونی دووەمی ۱۹۷۱ لە کۆنگرەی حەوتەمی باڵی مەکتەبی سیاسیدا ناوی خۆیان لە پارتی دیموکراتی کوردوستانەوە،کە تا ئەوکاتە لەژێر ئەوناوە کاریان دەکرد بکۆڕن بۆ پارتی شۆڕشگێڕی کوردوستان و بڕیار درا تێکەڵاوی پارتی دیموکراتی کوردوستان ببنەوە بەسەرۆکایەتی مەلامستەفا و کۆتای بەم قۆناغەی ململانێی هەردوولا هات،بەڵام ئەوەی کۆتای پێ نەهات جێهێشینی میراتی مەلای و جەلالی بوو،وەکو دوو ڕێچکەی جیاواز لەناو بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد کە بوون بە هەوێن بۆ دامەزراندنی پارت و ڕێکخراوەکانی تر،کەپشان لەگۆڕەپانی سیاسی کوردوستان دادەمەزرێن،واتە ئەو دوو ئاراستەیە وەکو سێبەر بە سەر بزوتنەوەکانی پاش خۆیان دەرکەوتن،هاوکات ئەو بناغەیەکی لە کینەو ململانێی سیاسی لەنێوان پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکانی دوای خۆی دارشت،بە جۆرێک کاری گەری لە سەر زۆربەی دابەش بوونی پارتەسیاسیەکانی باشوری کوردوستان جێهێشت،زیاد لەمەش پارتە سیاسیەکانی تری پارچەکانی کوردوستان لەڕووی پۆلێنکردنەوە بەسەر ئەم دووبەرەیە دابەش بوون،هاوکات هەردوو بەرەکەش لەگەڵ یەکتریدا کەوتنە گەمەیەکی مایە پوچی. دەستکەوتی هەرلایەک بەزیان بۆ لایەنەکەی تر ئەژمار دەکرێت ،ئەنجامی ئەم دووبەرەکیە تائێستاش پارتەسیاسیەکانی .باشوری کورشوستان نەیان توانیوەبخۆیان لەژێر هەژموونی ئەم دوو ئاراستەیە دەرباز بکەن

# کاری گەری بەیانی ١١ی ئازارو ڕێکەوتنی جەزائیر لەسەر ڕیزەکانی پارتی

بەیاننامەی ١١ی ئازار:

چەندین کەموکوڕی لە بەیانی ١١ی ئازار هەبوو،گرنگترینیان بریتی بوون لە دیارینەکردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و بەشدارینەکردنی کورد لە دەستەکانی سەرۆکایەتیدا،وەک ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش،کە هۆی سەرەکی جێبەجێ نەکردنی بەیاننامەکە ناکۆک بوون لەگەڵ ڕژێمدا،وێڕای ئەوەی سەرکردایەتی شۆڕش درکی پێکرد بوو کەچی بەیاننامەکەی پەسەندکرد،ئەندامێکی شاندی دانوساند کاری کورد لەگەڵ ڕژێم کەلە پاشاندا هەڵسەنگاندنێکی بۆ ئەو ڕەوش و قۆناغەکردوە.

هۆکاری قبوڵکردنی بەیاننامەکە لەلایەن مەلامستەفا وە بۆ ئەوە گێڕاوەتەوە مەلامستەفا ویستویەتی لەو ڕێگایەوە دەستەڵاتی خۆی لە کورشوستان جێگیر بکات،یارمەتی زیاتر لە لایەنە دەرەکیەکان وەربگرێت ،کۆمیتەی ئامادەکاری پارتی لە هەڵسەنگاندنێکدا بۆ شۆڕشی ئەیلول ڕەخنەی ئەوە لە مەلامستەفا دەگرێت کە هەر لەسەرەتاوە مەلامستەفا زیاتر بایەخی بە بتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ لایەنە دەرەکیەکاندا داوە،وەک لەوەی بەتەنگ بەیننامەی ئازارەوە بوە،وە هاوکاری لەگەل هێز و حیزبە نیشتیمانیە پێشکەوتو خوازەکان و عێراقدا توندو تۆڵ بکات،ئەمە گەلێک بەهانەی بە ڕژێم دا تا خۆی دەیویست بەیانامەکە جێبەجێ نەکات و تەنگ و چەڵەمەیەکی لەگەڵ لایەنە عێراقیەکانی تردا دروستکرد.

بابەتی هەڵبژاردنی کوردێک بۆ جێگری سەرۆک کۆمار یەکەمین گرژی لە نێوان سەرکردایەتی کوردو بەعسیانی بەدوای خۆیدا هێنا،چونکە بەعسیاکان دەیانویست ئیدریسی کوڕی مەلامستەفا بۆ ئەم پۆستە کاندید بکرێت،بەڵام بە پێچەوانەی ئەم چاوەڕوانیە پارتی حەبیب کەریمی هاڵبژارد ،سەرانی بەعس ئەم بەربژێرەی پارتیان بۆ ئەو پۆستە ڕەتکردەوە،بەبیانووی ئەوەی ناوبراو هەڵگری ڕەگەزنامەی ئێرانی بوو،بەڵام کۆسپی سەرەکی بەردەم جێبەجێکردنی بەیاننامەکە ،دیاری کردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بوو.

لەبەر ئەوەی کاربە دەستانی بە غداد سوربوون لە سەر داخستنی ئەوسەرژمێریەی کەبریار بوو ئەنجام بدرێت،بۆدیاری کردنی سنوری ناوچەی ئۆتۆنۆمی و شاری کەرکوک بۆ بەهاری ١٩٧١.لەبەر ئەوبنەمایە توێژەرێک تێبینی ئەوەی کردوە ئەو ئۆتۆنۆمیەی دراوە بە نەتەوەی کورد لەوکاتەدا ،بەتێڕوانینێکی کەسی داڕێژراوە،نەک هەرێمی،ئەو توێژەرە بەبەڵگەی ئەوەی سەدام حسێن لە دیدارێکی ڕۆژنامەوانی ئەو ڕایەی

خۆی پشت ڕاست فەکاتەوە کە ئەوەی درکاندوە،حکومەتی عێراق و حیزبی بەعس ئۆتۆنۆمیان بە خەڵک داوە نەک بە خاک،ڕژێم بەم لێدوانەی پەردەی لەسەر سیاسەتی شاردراوەی خۆیان هەڵماڵیوە،وەلەسەر ئەو بنەمایانە جەخت لەسەر ئەوەدەکرێتەوە کە پێویست بوو بۆ سەرکردایەتی کورد،دیاری کردنی سنوری جوگرافی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بکردایە مەرجی حاشا هەڵنەگرو دوانەخراوی بەرای ڕاگەیاندن بەیانی ١١ی ئازار.

بەگشتی ئەوەی لەبەیانامەی ئازاردا دەردەکەوێت هەر دوو لایەنی ڕژێم و سەرکردایەتی کورد چەند مەبەستێکی شاراوەیان هەبوو لەپێش بەیانامەکەوە،دیارترینیان سەدام لەو سازشەی بۆ مەلامستەفا ی کردبوو،لەلایەک دەیویست ئەوبزوتنەوە چەکداریەی نزیکەی دەساڵی خیاندبوو،شاخ و لادێکانی کردبوە مەڵبەندی خۆی،وببوە کێشەیەکی سیاسی ،ئابوری ،سەربازی گەورە،چەک دابنێ و بگەرێتەوە سەر ژیانی ئاسای ناو شار،لەلایەکی ترەوە دەیویست کارتی کورشی لەدەست شای ئێران دەربهێنێت،وە بەقازانجی خۆی لە دژی ئێران و دوژمنانی ناوەوە و دەرەوە بەکار بهێنێ،بەڵام دیارە سەدام زوو تێگەشتبوو کەلە هەر دوو بچونەکە یدا بەهەڵەدا چووە.

چونکە باس لەوە دەکرێت مەلامستەفاش هەرلەسەرەتاوە بۆ هەندێک مەبەستی تایبەتی خۆی لەگەڵ بەعس پێک هاتوە ،نەک بۆ ڕێکەوتنی تەواو ڕاستەقینە،مەلامستەفا نەک هەر پەیوەندی لەگەڵ ئێران نەبڕی ،بەڵکو بەیانی ١١ی ئازاری وەک دەستکەوتێکی گرنگ بەکار هێنا بەرامبەر بە ئێران،بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئێران ،ئیسرائیل و ئەمریکا و هەموو دوژمنانی بەعس لە ڕووی سوپاشەوە مەلامستەفا نەک نیازی بڵاوەپێکردنی هێزەکانی و گەڕانەوە بۆ ژیانی ئاسای شاری نەبوو،بەڵکو هێزەکانی بەژمارە زۆرترو بەچەک پۆشتەترکرد ،دەزگای پاراستنیشی زیاتر بەهێزکرد.

لێرەدا لەژێر ڕۆشنای ئەوزانیاریانەدا ئەوە بەدەر دەکەوێت سەدام و مەلامستەفا نیازی خۆیان لەپشت بەیاننامەکەوە هەبووە،سەدام حسێن لە قەناعەتەوە بەیاننامەی ١١ی ئازری مۆرنەکردووە،لەوبارەیەوە ئەندامێکی سەرکردایەتی هەرێمی بەعس و نزیکی سەدام ئەوەی ڕاگەیاندووە،سەدام بەرژەوەندی خۆی و ڕژێمەکەی لەوەدا بێنیوەتەوە ئاگربەستێک ئەنجام بدرێت.

تابڕێک هەناسەی بەبەردا دێتەوە،گرفتی سەدام لەوەدا بوو کە دەی ویست ڕێکەوتن نامە ببەستێت ،لەهەمان کاتدا بڕوای وابوو کە دەبێت ئەوکاروبارانە لەمەیدانی شەڕ بەزەبری هێز یەکلای بکرێنەوە.

سەدام بە زەحمەت توانیوێتی لەگەڵ کەسێکدا هەڵبکات لەخۆی بەهێز تربێت ،ئەو بۆچوونەشی هەبوو لە خۆی بەولاوە کەسی بەهێز نیە،ئەو ژێدەرە پێی وایە سەدام بە حوکمی ئەم لۆژیکی بیرکردنەوەی واژووی بەیاننامەکەی کردووە،هەر بۆیە پاش ماوەیەکی کەم هەولی لەناوبردنی مەلامستەفا دەدات.

پاش بەیانی ١١ی ئازار،ڕێکخستنەکانی پارتی لە شاروشارۆچکەکانی کورشوستان،ڕێکخراوە،ئەوقۆناغە پێویستی بەوەبوو پارتی کۆنگرەیەک ببەستێ بۆ پێداچوونەوە بە بوارەکانی سیسی و کۆمەڵایەتی و

ئابوری،لەگەڵ ڕێکخستنی هەندێکبلە خاڵەکانی پرۆگرامی پرتی ،کەلەکاتی خەباتی چەکداری و لە کۆنگرەکانی .پێشوی پارتی وەرگیرابوون،دەبوو ئەو خاڵانە بگونجێندرێن

لەسەر بنەمای ١١ی ئازارو ئەو هاوپەیمانیەی لەنێوانیان هاتبوە ئاراوە دابرژێژرێتەوە،بۆ ئەو مەبەستە .بریاری کۆنگرەێ ٨ی پارتی درا

ئەم کۆنگرەیە لە ١ی تەموزی ١٩٧٠،بەئامادەبوونی ٤٨٨ ئەندام و بەمیوانداری نوێنەری چەند حیزبێکی عێراقی وەک حیزبی شیوعی و حیزبی بەعس و نوێنەری ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەڵەستین و کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا،چەند کەسایەتیکی وەک کامەران بەدرخان بەسترا،لەکۆنگرە مەلامستەفا .بەتێکرای دەنگی ڕاستەوخۆی ئەندامان بووبە سەرۆکی پارتیڤو ٢١ئەندامیش بۆکۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا

بەڵام حەم کۆمیتەیەی ناوەندی پارتی وەک لە پێشیر ئاماژەمان پێیکرد بەهۆی ئەوەێ چەند ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی چوونە ڕیزی عێراق،پێنج ئەندامی یەدەگ هێنرانە کۆمیتەی ناوەندی،وەلێرەوە ئیدریس بارزانی کرا بە ئەندامی (مەکتەبی سیاسی)و مەسعودبارزانیش پاڵێورا بۆ ئەندامی (مەکتەبی سیاسی )ئەم کۆنگرەیە بووبە مینبەرێکی ئازاد بۆهەموو دژەکانی بەعس و ڕەخنەی توندوتیژ لەپارتی بەعسی دەستەڵات .دار گیرا

بەوهۆیەوە پاش بلاوکردنەوەی بریارەسیاسیەکانی کۆنگرە،ڕژێم پروپاگەندەیەکی بەتینی دژی پارتی کۆمونیست و بەشداربوانی کۆنگرە دەستی پێکردوە،وەبەشێکیشی لێ دەستکیرکردوون،بەوهۆیەوە لەوکاتەدا بارێکی گرژ لەعێراق خولقاوە،بەوجۆرە بەرنامەی پارتی لەزۆرلاوە گۆرانکاری تێدا کراو لەگەڵ بارودۆخە .نوێیەکە کونجێندرا

هەلومەرجی ئەمکۆنگرەیەێ پارتی لاچاو هەموو کۆنگرەکانی تری پارتی جیاواز بووە،سەرکردایەتی مەلامستەفا و سەرانی پارتی بەهۆی بەیانی ئازارەوە،بەپشتیوانی ناوەوە و دەرەوە هەستیان بە سەرکەوتنێکی گەورە دەکردو،لەخۆیان بای ببون،لێرەوەئەزمونێکی تازەی سیسی لەژیانی ڕێکخراوەی لەرووی کاروباری ئیداری دەستی پێکرد،بەتایبەتی دوای ئەوەی هەنگاوە سەرەتایەکانی بەعس وای نیشاندا .لە جێ بەجێکردنی خاڵەکانی ڕێکەوتنامەکە جدییە

هەردوای مانگێک لە واژووکردنی سەدام حسێن لیژنەیەکی لە چوار کورد و دوو عەرەب پێکهێنا بۆ جێبەجێکردنی،ئەحمەد حەسەن بەکری سەرۆک کۆماریش دەستکاری کابینەکەی کردو پێنج کەسی لە سەرکردایەتی کورد کرد بە وەزیر،هەروەها دامەزراندنی ئەندامانی پارتی بە پریزکاری هەولێرو سلێمانی و دهۆک،وێرای پێدانی هەندێک پۆستی خوارتر،زمانی کورشکش لە خوێندنکاکانی کورشوستان بووە زمانی .خوێندن چەند ڕۆژنامەو کۆڤارێکی کوردیش بلاوکرانەوە

پێناچێت دانانی کاندیدانی پۆستەباڵاکانی حکومەت بۆ پارتی بێ ئاریشە بووبێت،لەو بارەیەوە موحسین دزەی لە گێڕانەوەی یاداشتەکانیدا باس لەوە دەکات پێش ئەوەی شاندی ئەوان بچێتە بەغداد بۆ راگەیاندنی رێکەوتننامەکە،لەسەر ناوی بەژداربوان راوێژ لەگەڵ مەلامستەفا داکرا،ئەویش لای خۆیەوە بە خەتی خۆی ئەو پێنج ناوەی داوە بەشاندەکە (موحسین دزەی،ئیحسان شێرزاد،حەبیب محمد کەریم،ساڵح یوسفی،عەلی عەبدوڵا)بەڵام ناو براو باس لەوە دەکات بەر لە پێشکەش کردنی ناوەکان،دیداری نیمچە نهێنی لە نێوان هەندێک لە ئەندامانی شاندەکە کراوە،دوای بۆیان دەرکەوتوە لیستەکە دەست کاری کراوە و گۆڕانکاری کە ناوەکان کراوە بێئەوەی پرس بە مەلامستەفا بکەن،لە پاشان دزەی رازی دڵی خۆی دەباتەوە لای مەلامستەفا لەسەر گۆڕینی ناوەکان،مەلامستەفا دڵتەنگی خۆی بەم کارە دەربڕایوە،مەلامستەفا ئەوەشی لە دزەی نەشاردۆتەوە ئەوە یەکەم جار نیە سەرپێچی لە رێنوێنیەکانیدا بکرێت و کەسانێک جۆرە کارێک بەبێ .ئارەزووی ئەو دەکەن، دزەی ئەوەی بۆ دەر نەکەوتوە کە ئیدریس و مەسعود ئاگاداری ئەم کارەن یان نا

هەرچی دەربارەی چۆنێتی دانانی پارێزکارەکانە،جەرجیس فەتحوڵای ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و خۆشی بە کەسێکی نزیکی مەلامستەفا ناوزەندکردوە بە شێوەیەک مەلامستەفا لەوکاتەدا گوێی لە بۆچونەکانی گرتووە،ئەویش هیچی لێ نەشاردۆتەوە ،جەرجیس فەتحوڵای ئەوەی نەشاردۆتەوە ئەندامانی (مەکتەبی سیاسی )ئەوپارتە بە چ شێوەیەکی نەشیاو کەوتونەتە ململانێی یەکتری بۆ وەرگرتنی ئەوپۆستانە،جگە لەو .ناکۆکیانە ناکۆکی قوڵی تریش لەنێوان ئەندامانی (مەکتەبی سیاسی)ی پارتی دا لەو کاتەدا هەبووە

ناوبراو هەڵپەی ئەوکاتەی ناوپارتی بە کاڵتە بازاڕی ناودەبات و پێی وایە ئەوەی هەبووە هەر پاشی کردن .بووە شتێ نەبووە ناوی مافی گەل و پارتی بووبێت ،بەشێوەیەک هێرشیان بردووە بۆ وەرگرتنی پۆست

بەگشتی ژێدەرەکان ئەو قۆناغەی پارتی و دەستەڵاتی ئیداری کوردی و مەلامستەفا بە رەشبینیەکی زۆرەوە چاولێدەکرێت و بە شێوەیەک رووی رەخنەکان رووی مەلامستەفاش دەگرێتەوە ،لەوبارەیەوە لە کتێبی (کۆنگرەی یادەوەری سەد ساڵەی بارزانیدا)هاتووە،ئەگەر مەلامستەفا تارێکەوتنی ١١ی ئازار پێشەوای تاقانەی شۆڕش بوبێت،ساڵانی لەوەو پاش بەهۆی گۆڕانی بارودۆخ و زۆربوونی ئەرکی بیرۆکراتیانە و پێکاچوون لەگەڵ کاروباری دەولەت ،ئەودەوری تارادەیەکی زۆر لە دەست دەر چوو بوو،کادر و فەرماندارەکانی .تارادەیەکی زۆر سەربەخۆ دەجوڵانەوە

لێرەدا لەژێر رۆشنای ئەو سەرچاوانە ئەوە بەدەردەکەوێت،پارتی وەڵام دەرەوەیەکی ئەرێنی  بۆ ئەوبارودۆخە تازەیە نەبووە،بەڵکو بە زیان بە ئاراستەی تێکچونی شیرازەی پارتی شکاوە تەوە،لەلایەکی ترەوە رێگەدان بووە بە رژێم،تاکو بە ئارەزووی خۆیان بتوانن خۆیان کۆبکەنەوە و پایەی خۆیان جێگیر بکەن،بۆ رووبەروو بونەوەیەکی دژوارترو خوێناوی تر،ئەوەش بووبە راستیەک کەلەماوەی ئەو چوار ساڵە توانیان رەگو ریشەی خۆیان دابکوتن و بچنە ناو ریزی کۆمەڵ ە چەکدارانی کورد،بەو شێوەیە لەماوەی ئەو چوارساڵە،رژێم توانیان

زۆر بە لەسەر خۆی پرۆژەکانی خۆیان بە ئارەزووی خۆیان دابڕێژن بۆ لێکترازانی ڕیزەکانی پێشمەرگە،بەوەی بەعس ماوەی دا بە بەرپرسانی پارتی و کاری دانە دەات،ئەوانیش وایان دەزانی ڕژێمی بەعس بەتەواوی لەگەڵیان ڕێکەوتوە،ئەوپلەو پایەیەی دەستگیریان بووە هەر دەمێنێ،هەرگیز بیریان لەوە نەکردبوەوە کە ئەمە دانە خۆرەیە،ئەوەی بەدیارکەوت ،لەوکاتەدا ،پلەوپایە وای لەو بەرپرسانەکرد،ئەو دەردەسەری و زەحمەتیەی .پێشویان بیربچێتەوە کە پێشتر چەشتبوویان

زیاتر لەوەش ئاوات و داخوازی خەڵکی پش گوێ خرا،تا بە تەواووی جەماوەر نیگەرانی باروودۆخەکەبوون،بە .هۆیەوە ناکۆکی کۆمەڵایەتی دروست بوو،هەموو ئەمانە زیانی گەورەیان بە پارتی گەیاند

حکومەتی عێراق توانی توانی سەد لە ناکۆکی ناوخێڵی بارزان وەربگرێت و کەسەنزێکەکانی مەلامستەفا رامبکات و لەبەرژەوەندی خۆی کەڵکیان لێوەرگرێت،دیارە حکومەتی عێراق هەر بەمەوە نەوەستا وە .توانیوێتی کەڵک لە پاشاگەردانی ناو (مەکتەبی سیاسی)ی پارتی وەربگرێت

،ژمارەیەکیان بکات بە داردەستی خۆی ئەمە ئەو بروایەی لەی سەدام حسێن دروستکردووە

کەلەکاتی گرژیتێکەوتنی نێوان خۆیان و پارتی،کەسیماکانی ئەو ناکۆکیانەی هەردوولا لەبەستنی کۆنکرەیەکی بێلایەنەکان لە ١٧ ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٣ دا بەدەر دەکەوێت،کە سەدام حسێن کۆبوونەوەی بەناو کۆمەڵێ لەبێلایەنە کوردەکان لەهۆڵی نیشتیمانی کردبوو،گفتوگۆی حوکمی زاتی لەو کۆبوونەوەیە کرابوو،لەو کۆبونەوەیەدا سەدام حسێن گوتبووی:(ئەگەر پارتی ڕێک نەکەوێت لەگەڵماندا نەیەتە بەرەی .(نیشتیمانیەوە،ئێمە ئاگادارین زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتی و خوارەقەی حیزبەکە دێنە ڕیزی بەرەوە

مەسعود بارزانی باس لەوە دەکات هەر وە سەرەتاوە مەلامستەفا پاش مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی ئازار کۆی کردونەتەوە ،مەترسی ئەوەی هەبووە ،ڕژێم دزەبکاتە ڕیزەکانیانەوە، لەوبارەیەوە مەلامستەفا پێی وتووە:(ئەم ڕێکەوتنامەیە ڕێکەوتنامەیەکی زۆر مەزنە... بەڵام من دەسترسم کەوا ڕژێم کەڵک لەم باروودۆخە تازە پەیدابوە وەربگرێت و دزەبکاتە ناو ڕیزەکانمان بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئامانجەی خۆی کە بە درێژای ساڵانی ڕابردوو نەیتوانی بەشەڕ جێبەجێی بکات،من سەرەنجی ئێوە توند ڕادەکێشم و ڕاتان دەسپێرم کە وریابن و ئاگاتان لە .(خۆتان بێت ،پارە و پۆست هەڵتان نەخەڵەتێنێت و بە دوای خۆیدا بەکێشتان نەکات

ئەوەی لێرەدا جێگای سەرەنجە مەسعود بارزانی هەر لە کتێبی ناوبراو ئەوە ناشارێتەوە ئەوان لەرێگەی دەزگای ئاسایشی شۆڕش (پاراستن)ئاگایان کەو هەوڵانەی ڕژێم هەبوەو بۆ یەک چاوتروکاندن لەوە بێ ئاگا نەبوون،کە ڕژێم دەستی داوەتە خۆ نزیک خستنەوە لەو کەسانەی شۆڕش لەرێگەی خەڵات پێدانەوە ،وە باس لەوە شەکات شۆڕش دەی توانی بە پشتیوانی ڕاپۆرتەکانیان لەیەکەم ڕۆژی لێژبوونەوەی ئەوکەسانە بۆناو زەلکاوی خۆفرۆشی دەست نیشانبکات،لە درێژەی باسەکەیدا مەسعود بارزانی باس لەوە دەکات بەهۆی بەهێزی شۆڕشەوە ،ئەوهەوڵانەی ڕژێمیان بەهەند وەرنەگرتووە زیاد لەوەش لە قۆناغی سەرەتای بە مەترسیان

نەزانیوە و چاوپۆشیان لەو کەسانە کرشووە لەپای ئەوەی ماوەیەکی زۆرە هاوخەباتیانن،تاکو ببێت . بەدەرفەتێک بۆئەوەی بە خۆیاندا بچنەوە

ئەم پاساوانەی مەسعود بارزانی لەمەڕ چاوپۆشی لە خیانەت کاران لە قۆناغی ڕزگاری نیشتیمانی بەدیاردەیەکی لۆژیکی ئەژمار ناکرێت،جگە لەوەش ئەو هەڵوێستەی مەلامستەفا ڕەنگە ئەورایەی جەرجیس فتحوڵا زیاتر پشت ڕاست بکاتەوە کەباس لەوە دەکات ،ئیدریس و مەسعود بارزانی دوای ئەوەی ڕۆلیان لە ١٩٧٠ بەدواوە لەناو شۆڕش بە دەر کەوت ،لەوە بە دواوە ڕۆلگ مەلامستەفا بەرە بەرە لەکاروبارەلاوەکیەکان .پاشەکشەی کرشووە

تەنها لە کارەگرنگەکان بڕیاریداوە،ئەو دووبرایەش پیادەی دەستەلاتی باوکیان کردووە،زیاد لەوەش جەرجیس فەتحولای بەنا ئاسودەییەوە باس لەوە دەکات کە ئەو دووبرایە ئەزموونیان نەبووە،بەشێوەیەک ساڵانی (١٩٧-١٩٧٥)و دوای ئەوەی هەردووکیان لەوماوەیە بوون بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی،کیرۆدەی داوی کۆمەڵەیەکگ دیاریکراوی ئەندامانی کۆمیتە بوون،ئەوەش وای کردووە جۆرە دیکتاتۆریەتێک لەکاروباری پارت و شۆڕش دا پەیدابیێت بەو هۆیەوە ژمارەیەک وە ئەندامە دڵسۆزەکان لەحیزب دوور خرانەوە،هەندێکی .تریشیان توشی ئیفلیجی بیرکردنەوەو کارکرد بوون

بەم شێوەیە ئەوە بەدەر دەکەوێت پاش ئەوەی پارتی بەتەواوی شپرزەی دەکەوێتە ریزەکانیەوە،لەولاوە ڕژێم بەتەواوەتی کنەی لە ڕێکخستن و کۆمیتەی ناوەندی کردبوو،لەو بارەیەوە عەبدولستار تاهیر شەریف لەیاداشتەکانیدا لە زاری هاشم ئەقراویەوە باس لەوە دەکات کە هەشت ئەندامی کۆمییەی ناوەندی بێ ئاکاداری پارتی و مەلامستەفا لەسەر پرۆژەی پێشنیازکراوی ڕژێم دەربارەی حوکمی زاتی ،ئەوا ئەوان واژووی ئەو پرۆژەیە دەکەن و بەناوی پارتیەوە بەیانێک دەردەکەن،ئەقراوی باسی لەوەش کردوە سەدامیان واتێگەیاندوە لەوکاتەدا زۆربەی قەواعیدی حیزب لەگەل ئەوان دەبێت.دوای ئەو کۆبونەوەیە بەشێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دەکەرێنەوە لای مەلامستەفا بەشێکیان بەلای ڕژێم دەکەون،ئەوانەی بەلای ڕژێمدا کەوتن بە پشتیوانیڤئەوان حیزبێکیان بەناوی پارتی دیموکراتی کوردوستانەوە دامەزراند،هەروەها پشتیوانی عەبشولستار تاهیر شەریفیان کرد بە دروستکردنی حیزبی شۆڕش گێڕی کورشوستان .لەپاشان ئەم دوو پارتە .هاوشانی حیزبی شیوعی عێراق ،چوونە ناو بەرەی نیشتیمانی و نەتەوەی پێشکەوتوخوازی بەعس

دروستکردنی ئەوبەرەیەی ڕژێم بە خراپترین زەبر دادەنرێت کە بەر کورد کەوتبێت،لەوکاتەدا ئەو بەرەیە حکومەتی عێراق بە بێ پارتی دروستی کرد،لەگەڵ هاتنە سەر دەستەڵاتی بە عس،دەستە سیاسیەکان دامەزراندنی بەرەیەکیان تاوتێکرد،ڕێکەوتنێژی نە نوسراویش لە نێوان شیوعی و پارتی هەبوو ،کە بەجیا بەژداری لە بەرەکە نەکەن،بەلام ڕژێم سەرکەوتبوو لە ڕاکێشانی شیوعی،بەرەکەش زیاتر بە سودی ڕژێم بوو لە فراوانکردنی پێگەی جەماوەری خۆی،بەبێ ئەوەی هیچ باجێکی سیاسی بدات،بەوشێوەیە بەعس سەرکەوتوو بە لە سیاسەتی پەرتکردن،ئینجا فەرمانڕەوای بەوشێوەیە ڕژێم سەرکەوتووبو لە ناکۆکی

دروستکردن لەنێوان ریزەکانی پارتی و لە پاشان پارتی و شیوعی،کەتا ئەوکاتە لەسەر یەک پرس .یەککرتووبوون،ئەویش دوژمنایەدی هاوبەش بوو بەرامبەر بەعس

بەعسیەکان زۆر بەئاسانی توانیان شوعیەکان لەپارتی دوور بخەنەوە،بۆ ئەوەی لە کاتی پێویست دەست لە پارتی بوەشێنێت،لێهاتوی بەعس لەوەوە بە دەر کەوت ،توانی هەردوو دووژمنەکەی خۆی ،ئەوانەی لە ناو یەک سەنگەر شەڕی ئەویان دەکرد،ناچاریانکردبوو بەیانی ١١ی ئازار مۆربکات،بەکژیەکتریان بکات ولەیەکیان دوور بخاتەوە ،دوای راگەیاندنی بەرەکە بەعس و حیزبی شیوعی داوایان لە پارتی کرد بەشداری لە بەرەکەدا بکات،بەڵام پارتی ئەوداوایەی رەتکردەوەو هەردوو لایەنی بەوە تۆمەتبارکرد کە تەنها چوار رۆژ بەر لە .راگەیاندنی رێکەوتنەکە ئاگادار کراونەتەوە

بەڵام مەحمود عوسمان باس لەوە دەکات سەدام حسێن سەرەتای ساڵی ١٩٧٣ داوای لە مەلا مستەفاکردووە مەسعودی کوری بنێرێت بۆ بەغداد تاکو چاویان پێی بکەوێت .بەڵام مەلامستەفا رەزامەندی نیشان نەداوە لەسەر ئەو داوایەی حکومەتی عێراق، پاش نا ئومێد بوونی رژێم لە چونی مەسعود پەیامێکی بۆ مەلامستەفا ناردووە تیایدا ئەوەی پێراگەیەنراوە پێویستە هەڵوێستی کورش ناچاری نەکات ملکەچ بکات بۆ ئێران لە شەتولعەرەب و چەند ناوچەیەکی تر،بەرامبەر ئەوەی ئێران یارمەتیەکانی لەشۆرشی کورد ببرێت،عوسمان هۆکاری گوێنەگرتنی پارتی بەو کفتەی رژێم نەناردنی مەسعود دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی پارتی لەوکاتەدا توشی لوتبەرزی پوچ ببوو،ئەو هەرەشەیەی سەدامیان لەنێوان خۆیان و ئەندامێکی (مەکتەبی سیاسی)بە پەنهانی هێشتەوە،ئەم خاڵە بە وەر چەرخانێک دادەنرێت ،لە نێوان سەرکردایەتی شۆرش و رژێمدا بەئاراستەی نەمانی .متمانە لەنێوانیاندا ،بێ ئومێدی شوێنی جێبەجێکردنی بەیانامەکەی گرتەوە

حیزبی بەعس لە ٣ی ئازاری ١٩٧٤ دا بەرنامەی دانوستانی پساند،لەلایەن خۆیەوە هەستا بە دانان و بلاوکردنەوەی یاسای حوکمی زاتی یەک لایەنە،لە ١١ی ئازاری ١٩٧٤ دا بەبێ بەشداریکردنی کورد لە دارشتنی ئەویاسایەب،مەلامستەفا ئیدریسی کوری نارد بۆ بەغداد ،تاکو راگەیاندنی ئەو یاسایە بۆ ساڵێکی تر درێژ .بکاتەوە،بە ئومێدی گەیشتنە چارەسەرێک بۆ خاڵە ئەستەمەکان

سەرکردایەتی کورد پەیوەندی بە سۆڤێتەوەکرد بە مەبەستی دواخستنی ،بەڵام ئەوانیش رایان وابوو کورد بچێتە ئەو بەرە نیشتیمانیەو بە مەرجەکان رازی بێت،بەڵام لەلایەنی کوردەوە ئەوداوایە رەتکرایەوەڤ،بەغداش .درێژکردنەوەی ماوەی کواستنەوەی بۆ ١٩٧٥ رەتکردەوە و یەکلایەنە یاسای حوکمی زاتی راگەیاند

لەگەڵ بلاوبوونەوەی یاسای حوکمی زاتی ،راگەیاندنەکانی عێراق بروسکەیەکیان لەپارتی دیموکراتی کوردوستان بلاوکردەوە،تیایدا پشتگیری بۆ یاساکە دەربری بوو،لەلایەن سێ سەرکردەی پارتی(عەزیز عەقراوی،هاشم عەقراوی،ئیسماعیل مەلا عەزیز)ئیمزاکرابوو،ئەمە ئاماژەیەک بوو ئەوسێ کەسە دەبنە

جێگرەوەی پارتی،لەهەمانکاتدا پارتی شۆڕشگێڕی کورشوستان کەلەلایەن عەبدولستار تاهیر شەریفەوە .سەرکردایەتی دەکرا،چەندین نامیلکەیان دەرکردو داوای پشتگیری کوردیان بۆ یاساکە دەکرد

هاوکات میدیای عێراقیڤپشتگیری شێخ عوسمانی براگەورەی مەلامستەفا عوبەیدولای کوڕی مەلامستەفا بلاوکردەوە،لە بروسکەکەی عوبەیدولادا هاتوە،گەلی کوردمان ئێستا بەهاوکاری لەگەڵ گەلی عێراق و هەموو ئەو هێزە نیشتیمانیانەی یەکێتی عێراق و خۆشبەختی عێراقیان بەلاوە گرنگە داوایان لێکراوە درک بە مافی .ئۆتۆنۆمی خۆی بکات

زیاد لەوەش گەورەترین سوکایەتی بۆ مەلامستەفا ،عوبەیدولا دیعایەی ئەوەی کرد (باوکی هەتا ئەگەر کەرکوک و تەواوی نەوتەکەشی پێبدەن ،حەزناکات یاسای ئۆیۆنۆمی جێبەجێ کرێت،قبوڵکردنی یاسای ئۆتۆنۆمی .(لەلای ئەو،واتە ستاندنەوەی هەموو شتێکی ،ئەودەیەوێ وەک فەرمان ڕەوایەکی موتڵەق بێت

ئەویاسا ئۆتۆنۆمیەی ڕژێم ڕایگەیاند،بێ پرسو و ڕاوێژی پارتی بوو،هەرچەندە چەندین دانیشتن لەنێوان .نوێنەرانی ڕژێم و پارتی کرا بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتن ،بەلام سەرجەمیان بێ ئەنجام بوون

ئەوەبوو سەرجەم پێش نیازەکانی کورد لەوبارەیەوە برانە دواوە،تەنیا هەڵبژاردەش لە بەردەم نوێنەرانی پارتی ڕازی بوون بەو دارشتنە ئۆتۆنۆمیەی ڕژێم،کە دەبوو لەماوەی تەنها پازدە ڕۆژ پێی ڕازی بن ئەگەر نا لە خانەی دوژمنی ڕژێم ئەژمار دەکرێن،ئەو ئاگادارکردنەوەی ڕژێم لە لایەن سەرکردایەتی پارتی ڕەتکرایەوە،وەلامی ئەو ڕوتکردنەوەیە لەلایەن ئیحسان شێرزاد و دارا تۆفیق برایەوە بۆ بەغداد،پەیوەندی لە نێوان هەر دوو لا دا پچڕاو .،دۆخەکە بەخێرای بەرەو ڕووبەڕوو بوونەوە هەنگاوی دەنا

پاش ۆچڕانی پەیوەندیەکان سەرکردایەتی بەعس کەوتە دامەزراندنی دامو دەزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ،وێنایەکی وایان دروستکردبوو،بارزانیان لە زۆربەی جەماوەری کورد دابڕی بوو،بە تەواوبوونی مۆڵەتە پانزە . ڕۆژیەکە ،لێبوردنی گشتیان دەرکرد بۆ گەلی کورد لە باشور تا لە ماوەی یەک مانگ بگەڕێنەوە

هاوکات لە سەرەتای مانگی چواری ١٩٧٤

کابینەی حکومەت تازەکرایەوە،و پێنج کەسایەتی کورشی سەر بە بەعس جێگای وەزیرە پارتیەکانی گرتەوە،دامەزراندنی ئەم وەزیرانە نیشانەی پچڕانی پەیوەندی یەکجارەکی نێوان مەلامستەفا و سەدام حسێن بوو،چەند ڕۆژێک دواتر سەدام ڕایگەیاند (مەلامستەفا هیچ چارێکی نەماوە جگە لەوەی تازۆر درەنگ نەبووە ئالای سپی هەڵ بکات)،کاتێک مەلامستەفا بە بەرزکردنەوەی ئالای سپی ڕازی نەبوو جەنگێکی گەورە لە .نێوانیاندا هەڵگیرسا

کاتی دەست پێکردنەوەی شەڕ مەلامستەفا هەموو شتێکی بەو پشتیوانیەوە کرێ دابوو،کە ئێران و ولایەتەیەککرتوەکانی ئەمریکا کفتیان پێی دابوو،پێشتریش بە ئەمریکیەکانیان ڕاکەیاند بوو ،ئەگەر چەکی هاوتای عێراقیان بۆ دابکن نەکەن ،ئاشتی لە کەڵ حێراق دەبەستن ،چونکە نایانەوێت ،ڕەشە کوژی بکرێن،دێڤید مەکداول دەربارەی ئەوتێڕوانینەی مەلامستەفا بەرامبەر هاوپەیمانەکانی و خوێندنەوەی بۆ سیاسەتەکانی مەلامستەفا کەیشتونەتە ئەو ئەنجامەی کە بارزانی وێڕای ئەو ئەزمونانەی لە ساڵی ١٩٤٣ وە دەستی کەوتون،هەروەکو پێشتر ساویلکەو بێ خەبەر بوە ،بڕوای مەکداول وایە مەلامستەفا لەو تێڕوارینانەی لەوانەیە لە ڕادەبەدەر کەوتبێتە ژێر کاریکەری ئەوشاندە عەسکەریانەی ئەمریکاو ئێران و ئیسرائیل ،کە بۆ یارمەتی مەلامستەفا یان دەنارد.

شای ئێران لەو ڕاستیە کەیشتبوو،پشتیوانی لە کوردی باشور بۆ ئەو ئاگر بازیپە،چونکە لە ئێران چەندین ملیۆن کوردی بێ ماف هەبوون ،شا زمانی زکماکی لێ یاساغ کردبوون ،نەتەوە پەروەرانیش بەشیان هەر ئازارو ئەشکەنجەو ڕاوە دوونان بوو،شا کە سنوری نێوان هەر دوو پارچەیفکوردوستانی خستبوە سەر پشت،دەر ئەنجام و ئاقیبەتێکی نادیری هەبوو،مانکانە هەزاران پێشمەرکە سەردانی خێزانەکانیان دەکرد.

ئەمانە کاریان دەکردە سەر زەین و هزری کوردانی ڕۆژهەڵاتشا کە هەمیشە زۆر بە چاکی ئاکای لەو کاری کەریانە هەبوو،لە کەشتێکدا بۆ فەرەنسا لە حوزەیرانی ١٩٧٤دا ڕای کەیاندبوو ئەکەر بەلوعەکە بکرمەوە هەموو شتێک دەبڕێتەوە و تەواو دەبێت ،جا ئێستا وەختی ئەوە هاتوە شا بە لوعەکە بکرێتەوە.

دووەم ڕێکەوتنامەی جەزائیر:

واژۆکردنی ڕێکەوتنی جەزائیر لە نێوان ئێران و عێراق لە ٦ی مارتی ١٩٧٥دا،کاریکەتیەکی ڕاستەو خۆ ی بەسەر جوڵاندنەوەی کورد لە باشوری کوردوستان جێهێشت،بەتایبەتی دوای ئەوەی مەلامستەفا جاڕی کۆتای پێ هێنانی شۆڕشی لە باشورک کورشوستاندا ،لەکەڵ هێزەکەیدا ڕووی لە وڵافی ئێران کردبوو ببوو بە پەنابەر،ئەم بڕیارەی مەلا مستەفا لە ساڵی ١٩٧٥ بوە هۆی پەرتەوازە بوونی چالاکی سیاسی کەلی کورد ،ودانانی (پارتی دیموکراتی کوردوستان)یش لەسەر لێواری تیا چوون بوو،لەپاشان چەندین پارت و کۆمەڵەی جیاجیا لێدەر چوو ،سەر جەم ئەو کروپ و کۆمەڵانەی لەپارتی جیابونەوە ئاڕاستەی ڕەخنەکانیان ڕووی لە پارتی و مەلامستەفا بوو،لەسەر بنەمای کەموکوڕیەکانی پارتی دەیان ویست بینایەی کاروباری ڕێکخراوەی خۆیان لەسەر هەڵەو کەم و کوڕیەکانی پارتی بکەن.

وەکو پێشتر ئاماژەمان پێیدا سەدام حسێن لە دانیشتنێکی،پەیامێکی بۆ مەلامستەفا ناردبوو،کەوا پێ ویستە هەڵوێستەکانیان وایان لێنەکات تەنازول بۆ ئێران بکات بەرامبەر بە شەتولعەرەب،دیارە سەدام ئەم ڕێکایەی بەرمبەر سەرکردایەتی کورد بەکارهێنا لە ٦ی ئازاری ١٩٧٥ لە جەزائیرڤبەرجەستەکرد.

شا پشتیوانیەکانی کوردی بۆ ئەوە بوو لە هەڵویستێکی بەهێز ترو وەکو کارتێک بەرامبەر حێراق بەکاری بهێنێ،بەگشتی ڕێکەوتنی جەزائیر بۆ بەلا دا خستنی ناکۆکیەکانی هەردوو وڵات بوو،بەڵام بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد ،کە پارتی دیموکراتی کوردوستان و مەلامستەفا نوێنەرایەتیان دەکرد هێنایە لێواری .لەناو چوون

لە کۆتای مانگی شوبات دەنگۆی نزیک بوونەوەی حێراق و ئێران لە هەندێک ناوەندی ڕاگەیاندن بڵاودەکرایەوە ،ئاماژە بەوەش دەکرا ئەو ڕێکەوتنە لەسەر حیسابی مافە کانی کورد دەبێت لە بەرامبەردا حێراق لە هەندێک مافی خۆی دەبورێت بۆ ئێران ،ئەم هەواڵە چەند جارێک لەلایەن کادیرانی لقی دوو درایەوە بەسەرکردایەتی حزبەکەیان ،ئەوانیش لە ڕوونکردنەواکانیاندا بۆ کادیرەکانیان ئەوەیان ڕەتکردوەتەوە هیچ ڕێکەوتنێکی لەو جۆرە لەسەر ئیسابی مافەکانی کورد دەبێت،لەبەرامبەردا عێراق لەهەندێک مافی خۆی دەبورێت بۆ ئێران،ئەم هەواڵە چەند جارێک لەلایەن کادیرانی لقی دوو دراوە بەسەرکردایەتی حزبەکەیان،ئەوانیش لە ڕوونکردنەوەکانیان بۆ کادیرەکانیان یەوەیان ڕەتکردوەتەوە هیچ ڕێکەوتنێکی لەو جۆرە لەسەر حیسابی مافەکانی کورد بکرێت،یەکێک لە کادیرەکانی ئەوکتی لق لەوبارەیەوە لە یاداشتەکانی خۆی باس لەوە دەکاتکە سەرکردایەتی پارتەکەی لە خەونێکی شیریندا بوون،ئاگایان لە دەورویشتی خۆیان نەبووە کە چی دەگوزەرێت .و ڕەوتی ڕووداوەکان بەچی خێراییەک ڕێ دەکەن

ناوبراو لە درێژەی گێرانەوە کانیدا سەرکردایەتی بە کەم تەرخەم دەزانێ لە ئاست پێشبینیان بۆ ڕووداوەکان ،بە شێوەیەک وێنای کردوە سەرکردایەتی لە دۆڵێک و ڕووداوەکانی جیهان ە دۆڵێکی دیکە،ئەوبێ ئاگاییەی سەرکردایەتی کورد لە ڕووداوەکان وای کرد هەوالی ڕێکەوتنی جەزائیریان لە ڕاگەیاندنی ڕادیۆکانی جیهانەوە بەرگوێ بکەوێ،تەنها کەسانێکی کەمی نزیک سەرکردایەتی ،شەوی ٥ی ئازار لەم ڕووداوە ئاگادار بوون ئەگەر .نا هەواڵەکە بەگشتی بۆ پێشمەرگەو پەنا هەندەو کورد بە گشتی وەکو بۆ مبا دەنگد دایەوە

.هێزی پێشمەرگە وێرای سەر سوڕمانیان بەم هەواڵە،باوەریان نەدەکرد هەمووشتێک کۆتای هاتووە

.بە هێوا بوون لە ڕێگەی شاوە ئەم ڕێکەوتنە ڕێکەوتنی دیکەی لەنێوان مەلامستەفا و بەغداد بە دواوە بێت

ئەم چاوەڕوانیەیان هەرگیز نەهاتە دی،خودی مەلامستەفا پێی وابوو،یارمەتیەکانی ئێران بە تەواوی نابڕدرێن،لەم بۆ چوونەی پشتی بە شیکاریەکی هەڵە بەستبوو،کە پێی وابوو بە هۆی ئەو پەیوەندیەی لەگەڵ ئەمریکا هەیانە،کە مەلامستەفا زۆر متمانەی پێیان بوو ناهێڵن ئێران پشتیان بەر بدات،مەلامستەفا خاڵێکی گەورەی لە بەر چاو نەگرتبوو ،سیاسەتی ئکمپریالیزمی ئەمریکاو کۆنە پەرستی ئێران لە ناوچەکە لە ڕووی ستراتیژیەوە یەک بوون،مەلامستەفا پاش ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامەکەش ئامادەی گۆڕینی ئەم ڕایەی خۆی نە بوو،بەهۆی ئەم ڕاو چاوەڕوانیە هەڵەیەی مەلامستەفا هیچ ئامادە کاریەکی نەکرد بۆ ئەو ڕۆژەی کەیارمەتی .دەرەکی لە شۆڕشی کورد دەبڕدرێت،فشاری ڕێکەوتنی جەزائیری لەسەر شۆڕش کاریگەرتر کرد

کرۆکی ڕێکەوتنی جەزائیر بریتی بوو لە ڕاگرتنی کۆمەکی ئێران بۆ بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورشی باشوری کوردوستان،لە بەرامبەر کۆلدانی عێراق بۆ سەر خاکەکەی لە کەنداوی عەرەبی،هەرچی دەر بارەی هەڵویستی مەلامستەفا یە لە مەرڕڕێکەوتنی جەزائیر ،لەسەرو بەندی دەنگۆی ڕێکەوتنەکە،بە دیاری کراوی لە ٢٦شوباتی ١٩٧٥ سەردانی تارانی کرد بە مەبەستی بینینی شا

تا دواهەولی خۆی بەکار بهێنێ لە کەڵی،بەڵام مەلامستەفا بەبێ بینینی شا گەڕایەوە،هەر ئەوەندەی پێ ڕاکەیەنرابوو ،ڕێکەوتنێک دەبێت،سودی کورشی تێدا دەبێت،شەوی ٥ی ئازار ئەفسەرێکی ساواکی ئێران لە میانی سەردانێژی بۆلای مەلامستەفا بە زمانێکی توندو چاوەڕوان نەکراو پێی ڕاگەیاند ،کە سنور دادەخرێت و ڕێگەی هیچ جۆرە هاتوچۆیەک نادرێت و چاوەڕوانی کۆمەکی ئێران مەکەن،دەبێت مەرجەکانی عێراق جێبەجێ بکەن.مەلامستەفا و دەوروبەرەکەی هێشتا هیوا براو نەبوون لەوەی ڕێکەوتنەکە هەندێک شتی بۆ کورد تێدا .بێت،بەڵام دوای هێرشی سوپای عێراق لە ٧ی ئازار ،کۆتای بە و خەیاڵاتانە هات

مەلامستەفا دوو نامە دەنێرێت،یەکێکیان بۆ (سیا) تیایدا داوا دەکات چارەسەرێکی ئابرووومەندانە بۆ ئەم بارودۆخە بدۆزێتەوە،لە نامەی دووەمی بۆ (کەیسنجەر)داوادەکات بەهۆی ئەوانە گیرۆدەی ئەو بارودۆخە بوون ،بۆیە هاوکاریان بکەن،لە بەرگرتن بە هێرشی سوپایی وگوشار بخرێتە سەر ئێران،بە لام کیسنجەر هەرگیز وەڵامی نەدایەوە شایەنی باسە کەتێک گلەی لە کیسنجەرکرا لەسەر ئەم ڕەفتارەی لەگەڵ کورد کردی .(گوتی:(سەودای ژێر بەژێر کاری تەبشیرینیە

شا لە ١١ی ئازار ڕازی بوو کە مەلامستەفا ببینێت،لە میانەی چاوپێکەوتنەکەی شا ئەوەی پێڕاگەیاندبوو بەهۆی هاوکاری ئەوانەوە،توشی جەنگێکی قوڵ بووە ،بەدەر لەوەی پێشبینیانکردوە ،ئەمەش بارێکی قورسی بۆ دروستکردوون،بەو هۆیەوە پێویست بوە لە گەڵ عێراق ئەو ڕێکەوتنە ئەنجام بدەن،هەرچەندە مەحمود عوسمان ئەوە بەبیری شا بهێنێتەوە کاتێک بلەڵێنی هاوکاری پێداون،بەیەک وشەش باس لە پاشەکشە نەکراوە،بەڵام شا بەتوڕەییەوە قسەکانی مەحمود عوسمان دەبڕێت و پێی ڕادەگەیەنێت ئەوبڕیارەکانی خۆی .ڕادەگەیەنێت

وهیچ بوارێک بە مشتومڕو گفتوگۆنادات،ئەوەی جێگەی سەرەنجە مەلامستەفا بەبێ دەنگی گوێ لە قسەکانی شاو مەحمود عوسمان گرتووە،بەبێ ئەوەی داوا لە شابکات بەبڕیارەکەیدا بچێتەوە و جێگاکەی . جێهێشتوە،باس لەوەش دەکرێت کە شا هەڕەشەی لە مەلامستەفا کردووە

. ئەگەر تا ١ی نیسان چەکەکانیان دانەنێن ئەوە ئێران خۆی هێرش دەکاتە سەریان

دوای ئەودیدارەی شا مەلامستەفا ئەنجامدانی کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بە ئامادەبوونی مەلامستەفا و تاوتوێکردنی بارودۆخەکە و هەڵسەنگاندنی ئەگەرەکانی بەردەمیان،لە خۆ بە دەستەوە دانی ڕژێمی ئێران یان

عێراق یان بەرگری ،بەزۆرینە بڕیاری بەرگری پەسەند دەکەن ،بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکاری پێویست دەکرێت و بەرەکانی ڕوو بەڕوو بونەوە ڕێک دەخرێنەوە.

پارتی هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەی سیاسی دا لەگەڵ ڕژێم ،بۆ ئەو مەبەستە لە ١٦ ی مارتی ١٩٧٥ بەناوی هەژدە ئەندامی باڵای شۆڕشەوە،لە ڕێگەی بێتەل (مەکتەبی سیاسی)لە ناوپردانەوە دەنێرن بۆ بێتەلی سەرەکی سوپای عێراق لە ڕەواندوز،وێنەیەکیشی دەدرێت بە ساڵح یوسفی کە بیبات بۆ بەغداد،بروسکەکە ئاراستەی سەرکردایەتی حیزبی بەعس و سەرۆک کۆمار کرابوو،بۆ چارەسەرکردنی ئاشی و کۆتای کێشەی نێوان شۆڕش و میری بەشێوەی گفتوگۆی ڕاستەو خۆ،بەڵام دوای دوو ڕۆژ لە ڕێگای دووفڕۆکەوە دوونیشانەی ڕاست و چەپیان لەئاسمانی ناوپردان نەخشاند،ئەمەش بە ئاماژەی ڕەتکردنەوەی گفتوگۆ دادەنرا لەگەڵ ڕژێم.

دوای بڕیای برگری و هەوڵەکانی مەلامستەفا ،بۆ کردنەوەی دەرووییەک بەڕوویدا،وە لە ئەنجامدا هیچ یەک لە هەوڵەکانی دەرگایەکی بەڕوویدا نەکردەوە،جارێکی تر مەلامستەفا لە ١٨-١٩ئازار کۆبونەوەیەکی فراوانی بەسەرکردە سیسی و لەشکریەکانی کرد ،لەو کۆبونەوەیە مەلامستەفا بڕیاری ڕاگرتنی جەنگ و کشانەوە بۆ ناو خاکی ئێرانی پێڕاگەیاندان،ئەو بڕیارەی مەلامستەفا کۆمەڵێک پرسیاری قوتکردەوە،کە بزووتنەوەی کوردی پێیەوە سەرقاڵ کرد،بە هۆیەوە ڕەخنەیەکی توندی ئاراستەی سەرکردایەتی کرد،بری تیبوون لە :مەلامستەفا بۆچی لەپڕ بۆچوونی خۆی گۆڕی،چی وای لە مەلامستەفا کرد شەڕ بوە ستێنێت و بەمەش هەرەس بە بزوتنەوەکە بهێنێت؟ئاخۆ ڕووداوەکە ئاماژە بوون بۆ ئەم بڕیارە؟ سەرچاوەکان هۆکاری دەستبەجێ بڕیارەکەی مەلامستەفا دەگێڕنەوە بۆ ئەو نامەیەی کە لە ئێرانەوە گەیشتە دەستی مەلامستەفا ،لەنامەکەدا هەڕەشەی هاریکاری سوپای عێراقی لەدژی کورد بوو،ئەگەر بێتوو شەڕ دژی سوپای حێراق نەوەستێنێت.لە ڕاستیدا ئەستەمە ئەمە وەکو تاکە خاڵی وەستاندنی شۆڕش و هەڕەشەی ڕاستەوخۆی خۆبەدەستەوە دانی مەلامستەفا ئەژمار بکرێت،بەڵکو کۆمەڵێک خاڵی تر هەبوون بە دەستی شاوە .کە دەکرا ناڕاستەو خۆ لە دژی مەلامستەفا بەکاربهێنرێت،ئەویش دەست بەسەرداگرتنی چارەنوسی پەنابەرە کوردەکانی ئێران بوو،کە دەیتوانی وەک بارمەتە بیان گرێت،لەسەرو ئەمەشەوە چەند هۆکارێکی تر هەبوون،کە لە کۆتایدا دەبووە هۆی وەستاندنی شۆڕش،وە بزوتنەوەکە دەکەوتە ژێر پاڵە پەستۆی سایکۆلۆجی گرانەوە،لەوانە بزوتنەوەکە هەستی دەکرد لەپەتی ژیان پچڕاوە.

هەرسێ دوژمنە کۆنەکەی عێراق و تورکیاو ئێران،کە بۆ بەرەو پێش بردنی پەیوەندیان لە گەڵ عێراقدا.

سنورەکانیان بە ڕووی پەنابەرەکاندا داخستوە،لە دژی کورد هادیکاری یەکیان دەکرد .

ئەمریکا هیچ داخوازیەکی بزوتنەوەکوی نە دایەوە بۆ کۆمەک کردن،بە کۆمەکی مرۆڤ دۆستیشەوە،لە دەستی ئیسرائیل بە هۆی سیاسەتەکانی ئێرانەوە بەسترابووەوە.

حکومەتی بەغداش دەرگای دانوستاندنی داخست بوو،هۆکارێکی تر کە رۆڵێکی گرینگی لە بریارەکەی مەلامستەفا دا هەبوو،بریتی بوو لەو راستیەی کە مەلامستەفا هەستی بە بێورەی دەکردو پیر و نەخۆش بوو،ئەمە کاریگەری بەسەر بزوتنەوەکەوە دەبوو،کە بوون و چارەسەری بزوتنەوەکە لەسەر ئەو دەوەستا،بەو پێگەیەی مەلامستەفا لەناو بزوتنەوەکە هەی بوو،بریاری ئەو لەناو ئەندامنی تری سەرکردایەتیدا بەر هەڵستی .نەدەکرا

هەرچی دەربارەی رۆڵگ مەلامستەفا بەگشتی و پارتی بەتایبەتی لەساڵانی کۆتای و بەدیاریکراوی دوای بەیانی ئازار جێگای هەڵوێستەیەکی جدییە،بەسەرەنجدانی ئەوەی مەلامستەفا بەشێوەیەکی پلە بەندی رۆڵی لە بزوتنەوەکە لە کورتی دەدات،لەوماوەیە رێکخستنەکانی پارتی بە دوو ئاراستە هەنگاو دەنێت،ئاراستەیەکیان بەرەو مەرکەزیەتێکی توند و بەشێوەیەک لە دەرچوانی بریارەکان ئاماژە بەناوی بارەگای مەلامستەفا دەکرێت،لەلایەکی ترەوە قۆناغی دابرینی حیزب و جەماوەر بەیەواوی هەنگاو بە هەنگاو .هەست پێدەکرێت

لەوبارەیەوە لە کتێبی(کۆنگرەی سەدساڵەی بارزانی)ئەو رەخنەیە گیراوە،تیایدا مەلامستەفا بەکەم تەرخەم ناوبردووە لە گرتنە بەری هەندێک رێ و شوێن،کە بەهۆی ئەو کەم تەرخەمیانەوە،لە رووی سیاسیەوە پاش بەیانی ١١ی ئازار سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە،ئەمەش ئەوەیە پاش مۆرکردنی بەیانی ١١ی ئازار کۆمەڵێک کادیر و لێپسراوی سیاسی و عەسکەری ژێر دەستەلاتی مەلامستەفا ،بەقەڵەمبازێک لە ژیانێکی پر دەردوو چەرمەسەریەوە،کەلە سەرەتای شۆرشەوە مانوبونێکی زۆریان چەشتبوو،لەو ژیانەوە گواستیانەوە بۆ ژیانی ئاسودەگی پاڵ لێدانەوە،هەریەکە ژیانێکی خۆشتری لەوەی پێشتری دەست کەوت

زۆریان لە مەیدانی شارستانێتی ،یان سیاسیدا کەوتنە قۆناغی جۆرە حوکم رانیەکەقە. لە وەزیرەوە تا بەرێوەبەری ناحیەیان گرتە دەست،ئەمانە زۆربەیان ئەو ئارەزووە دەرونیەیان تێدا بزوابوویەوە کە ساڵانی خەبات کپی کرد بوون،ئەمە مەلامستەفا خۆی و ئۆرگانەکانی شۆرش و نە پارتیش وەک حیزب بەرنامە وپلانیان لەم بارەیەوە نەبوو،بۆیەشە لەماوەی ئەو چوارده ساڵەدا ،لەگەڵ ئەو پشتگیریە جەماوەریەی لە مەلامستەفا و شۆرش و پارتی،کەلێنێکی زۆر کەوتە نێوان شووڕش و جەماوەر،تەنانەت نێوان پێشمەرگەی سادەو ئۆرگانەکانی شۆرشەوە،لەگەڵ هەڵگیرساندنەوەی جەنگ لە کوردوستان نیشانەکانی بەزەقی دەرکەوتن،زیاد لەوەش باس لەوە دەکرێت،لێپسراوە سەربازیەکان دەستیان بەسەر موڵکو ماڵی خەڵکیدا دەگرت،خۆ ئەگەر خاوەنەکەی رەزامەند نەبوایە ئەوا سلیان لە کوشتنی نەدەکردەوە،جگە لەوەش بازرگانیکردن بە مادەی هۆشبەر لەلایەن ئەوفەرماندانەوە دەستی پێ کردبوو،خەڵک بێ لێپرسینەوە زیندانی دەکرا،بەگشتی ،پێدەچێت مەلامستەفا ئاگاداری ئەو بارودۆخەی فەرماندە سەربازیەکانی هەبوو بێت

چونکە کاتێک ئەو سەرپێچیانەی پێ رادەگەیەنن ،وەڵامی بارزانی ئەوە دەبێت،ئەگەر لێپرسراوان سزابدات .دەبێت هەموو ئەو لێپرسراوانە لە قوژبندی کرتوخانەکاندا بەند بکات

بارودۆخی شۆڕش گەیشتە ئستێک،هێدی هێدی ناوە ڕۆکی خۆی لە دەست دەدات،لە ڕووی باوەڕو ڕێکخستنەوە بێ هێز دەبوو،بە هۆی دابینکردنی پێویستیەکانی لەدەرەوە گەیشت بووە ئەو قەناعەتەی پێویستی بە گەل نیە و پەیوەندیەکانی لەگەڵ سست بوو،سەرکردەکان بوون بە چینێکی دەوڵەمەندی حاکم نەک شۆڕش گێڕ،شۆڕش وێڕای ئەوەی ئیمکانیەتی ماددی و چەک وپارەو جەماوەری زۆریشی هەبوو،بەڵام لە ئاراستەکردنی ئەو جەماوەرو لایەنگرەی سەرکەوتوو نەبوو،وە شۆڕش لە دەست پێشخەری کەوت و نەیتوانی جموجۆلی سیاسی یان عەسکەری سەرکەوتوو بکات،شۆڕش سالگ ١٩٧٤لە هەمووکاتێک زیاتر پێویستی بە سەرکردایەتیەکی بەهێزو خاوەن ئەزموون هەبوو،بەڵام مەلامستەفا ئەوساڵە دەورێکی ڕاستەقینەیڤئەوتۆی لە ناوەڤەد نەبوو،جەرجیس فەتحوڵای بس لەوە دەکات مەلامستەفا لەوکاتەدا دەستی لە شۆڕش بەردابوو,هۆکاری ئەودەستبەردانەی مەلامستەفا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی پزیشکەکان پێیان ڕاگەیاندووە توشی شێرپەنجە بووە و چەند ڕۆژێکی کەمی لەژیاندا ماوە،لەبەر ئەوە مەسعود و ئیدریس کاروباری شۆڕشیان بەدەستەوە گرتووە.زیاد لەوەش هەر لەهەمان چاوپێکەوتن باسی لەوە کردوە لەمیانەی چاوپێکەوتنی مەلامستەفا گفتوگۆیان لەسەر هەندێک بابەت کردووە،مەلامستەفا پێکەنیوە و گوتویەتی(تۆلەوبارەیەوە .(پرسیارم لێ مەکە،من لەمێژە تەواو بووم

لەژێر ڕۆشنای ئەو سەرچاوانە دەگەینە ئەو ئەنجامەی شۆڕش لە ناوەوە شیرازاو رەکخراویەکی خۆی بەتەواوی لەدەات دوە،بەگشتی هێلی پەیوەندی لەنێوان سەرکردایەتی و جەماقەر نەماوە،هەرئەمەش وای کردوە و لەگەڵ یەکەم فشاری دەرەکی نەتوانێ هیچ بەرگریەک بکت بە شێوەیەک لەگەڵ بڵاوبونەوەی .دەستبەرداربوونی مەلامستەفا لە شۆڕش

فەوزایەکی گەورە لەناو پێشمەرگە دروست بوو،هەندێک چەکەکانین شکاند، هەندێکی تر هەلیان دایە .ڕووبارەکان و بەشێکیان هەڕەشەی خۆکوشتنیان دەکرد

بەگشتی باس لە دوو هەڵەی زەق و دیری ژیانی سیسی مەلامستەفا دەکرێت ،یەکەمیان مەلامستەفا لە .ساڵی١٩٧٢لەبەر دابینکردنی کەرستە بۆ جەنگی میللی ئازادی نەتەوە،ڕوویکردوەتە شا و ئەمریکا

ئەوەی تریشیان کە بەهەڵەی کوشندە لە ڕۆژمێری سیاسی مەلامستەفا ئەژمار دەکرێت،بڕیاری کشانەوەیەتی .بەرەو ئێران،ئەمە ئەوە دەگەیەنێت سەرکردەکان خۆیان شۆڕشیان هەڵتەکاند

مەلامستەفا بۆ خۆشی لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی،ئەوەی بەگەورەترین هەڵەگ ژیانی خۆی داناوە کە متمانەی بە ئەمریکا کردوە،لەبەرامبەردا باوەری بە گفت و بەڵێنانە کردووە کەپێی دراوە،هەر لە هەمان دیمانە

مەلامستەفا پوختەی ئەزموونی خۆی بەم شێوەیە گێڕاوەتەوە (وەکو ئاشکرایە شۆڕشی ئەمە لە بواری عەسکەری تێک نەشکا،پێشمەرگەی ئێمە بێ ئەوەی هیچ کەسێک شاندبێتێ مەیدانی شەڕیان جێ هێشت،سوپای عێراق سەرەڕای ئەوەی کە لەهەموو بوارەکاندا هەر باڵا دەست بوو،ئەوجاش نەیتوانی هیچ سەرکەوتنێکی یەک لاکەرەوە بەدەست بهێنێ،هێزەکانی عێراق بەدرێژای یەک ساڵ شەڕ تەنها چەند کیلۆمەترێکی کەم پێشڕەویان کرد،تەنانەت ئەو چەند کیلۆمەترەش بە زیانی گیانی زۆرو باجی قورس .کردویانە

لەبەرەکانی سیسەتدا قەراری سەرکوتکردن و لەنێو بردنی شۆڕشەکە درا،هەروەها نەخشەو پلانی سیاسەتی بەرژەوەندیە هاوبەشەکانی زلهێزەکان لەسەر حیسابی ئێمە دارێژران،هەڵبەتە حالی حازر هەورو هاڵاوی (تەمی نەوت ئاسمانی بیرکردنەوەی سیاسی ڕۆژ ئاوای تەنی بوو

دەست کێشانەوەی مەلامستەفا لەشەڕ هێشتا یەکێکە لە نهێنیە گەورەکانی دواساتەکانی بزافی ڕزگاریخوازی کورد،گەورەی تەمەن و ماندوێتی ،ڕوونکەرەوەگ وەڵام هەموو شتێک نیە،هەروەها دەستبەردر بوونی ئێرانیش،ڕوونکردنەوەی وەڵامی هەموو شتێک نیە،هەروەها دەستبەرداربوونی ئێرانیش،ڕوونکردنەوەی وەڵامی هەموو لایەنێکی ئەو نهێنیە نیە،بەڵام لە ڕوانگەی مێژووییەوە جێ هێشتنی شۆڕش لەلایەن مەلامستەفا و بزوتنەکەیەوە،دووبارەکردنەوەی ڕووداوەکانی پێش خۆی بوو،بزوتنەوەکانی کورد کاتێک لە .بەدەست هێنانی دەستکەوتەکانی نزیک بوەتەوە

لەزۆربەی کاتدا،لەبەرامبەر پاڵەپەستۆ ناو خۆی و دەرەکیەکان،شەڕی وەستاندوە،بەهیوای نوێکردنەوەی شۆڕش لەکاتێکف وادا کە بارودۆخەکە گونجاوبێت،مەلامستەفا بۆ خۆی ئەزمونێکی زۆری هەبوو،کە بۆ جەند .جارێک کۆتای بەشەڕ هێنا،لەوکاتەی هەستی دەکرد بارودۆخ لەبارو گونجاو نیە

بەهیوای دەستپێکردنەوەی شۆڕش لە قۆناغێکی تردا،ڕۆیشتنی مەلامستەفا بۆ تورکیاو ئێران و سۆڤیەت بەشێکن لەو نمونە،خاسیەتێکی تری ئەو شۆڕشانە بریتی بوو لەو ڕۆڵەی سەرکردەکان چی لە بەرپاکردنی و چی لە هەرەس پێ هێنانی شۆڕشەکان دەیانگێڕا،لە سەر بنەمای ئەو ڕۆڵ و پێگەیەی مەلامستەفا کەلە شۆڕش هەگ بوو،بڕیارەکەی یەکلایکردەوە بە فرێدانی چەک،پەنابردن بۆ ئێران وەک پەناهەندە،بەرەی کورد بە تەواوی هەرەسی هێنا ،ئەوبڕیارە گەورەترین تراژیدیاو کارەساتێکی دوروونی و جەنگی مرۆی بوو،کە کورد لەمێژووی دێرینی خۆیدا ببینێت،ڕەوکرشنی خەڵک لە ٢٢ ی ئازار دەستی پێکرد،کارمەندەکان دەستیانکرد بە سوتاندنی تۆمارو دۆکیۆمێنتەکانیان،بەو شێوەیو جوڵاندنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە کۆتای مانگی مارتی ١٩٧٥دا،کەوتە بەر ڕاچڵەکین و لەرزەیەکی تەند،کە پارتی دیموکراتی کوردوستانی خستە سەر لێواری .تیاچوون

# پارتی لە دوای شکست

بارودۆخی ناوچەی و نێو دەوڵەتی هەر چۆنێک بوبێت،لەپشت بڕیاری کۆتای پێهێنانی شۆرش ،بەڵام بەرپرسیارێتی مەلامستەفا و ئاندامانی (مەکتەبی سیاسی)و سەرکردەکانی کورد،بەرپرسیارێتیەکی گەورەو .بەرچاو بووە لەوکارەساتە مێژوویەدا،لێرەوە چیرحکی ئەفسانەی مەلامستەفا کۆتایهات

کریس کۆچێرا وەکو شایەتحاڵێک بارودۆخی ئەوکاتی ئەوسەرکردانە بەشێوەیەکی زۆر تراژیدی دەگێرێتەوە،باس لەوە دەکات دوای چەند هەفتەیەک دوا گروپی رێبەرانی کوردی وەفاداری مەلامستەفا لە ئۆردوگای نەغەدە دەبکنرا،چەند خێوەتێکیان لە قەراغ ئەو شارەوە بۆ هەڵ دراوە لە جیاتی بارەگای سەرانی .کورد،ئیدریس و مەسعود سامی و عەلی عەبدولا ئامادەییان هەبوو

مەسعود حەزی نەکردوە رووخانی خۆی بخاتە روو ،بەوهۆیەوە خۆی لە دیدار پاراستوە ،هیچ لێقەوماو و .کارەسات دیدەیەک هەرگیز بەئەندازەی ئەمانە کوناح و مایەی بەزەی نەبوون

کە سامی عەبدولرەحمان لە سەرمێزێکی بچوک بینیوە بە چەند فایلێکی نیمچە بەتالی بەردەمی،بە مەحالی زانیوە ئەم پیاوە رەنگ و روو سیسەڵە و شان و شەپیلک داتەپیوە ،ئەوکەسە بوبێت کەچەند هەفتەیەک لەوەو پێش توانیبووی بە سەنگ و هێزی سی هەزار پێشمەرگە ی لەشکری کورشوستان ،کەیەکێک بوە لە باشترین سوپاکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست ،لەگەڵ شای ئێران و ئەنوەر سادات و کەیسنجەر دانشتبێت و گفتوگۆی کردبێت،زیاد لەوەش باس لەوە دەکات سامی هیچی پێ نەبووە بیڵێت،هەرئەوەندەی پێ بوە بۆ .(گوتن:(شۆرشی چەکداری کورد تەواو بوو،لەباری سیاسیەوە کاری ئەم گروپەی کورد تەواو

هەرچی دەربارەی رۆلی کەسایەتی مەلامستەفا یە،پاش ئەوەی سنوری ئێرانی بڕی لە کێڵگەیەکی نەغەدا نیشتەجێکرا،رۆژنامە نوسێک لەو جێگایە سەردانی مەلامستەفا ی کردووە،راپۆرتێکی دەربارەی سەردانەکەی لە رۆژنامەیەکی ئیسرائیلی بلاو کردوەتەوە ،تیایداهاتوە و دەڵێت(مەلامستەفا لەژێر پاسەوانێکی توندی ئێرانیەکاندایە،جلوبەرگە کورشیەکەیان کۆریوە بە قات و بیجامەیەکی هەرزانی رەساسی،کە زۆر فشە لە بەریدا،سەرەتا لێپسراوێتیەکەی خستە سەر سیاسەتی جیهانی،پاشان لێپسراوێتیەکەی کورتکردەوە لە سەر .(یەکێتی سۆڤیەت کە چەک و فرۆکەو تانک و راهێنانی بە عێراقیەکان کردوەو فرۆشتوە

دیارە عێراقیەکان بە بوونی مەلامستەفا لەنزیک سنور نائارام دەبن،چونکە بە هۆکاری ئەوەیان زانیوە کە بوونی ئەو لەو ناوچانە وادەکات پەنابەران کەمتر بەبیر بانگەوازی گەرانەوە بچن،بەتایبەتی مەلامستەفا لەدیداری لەگەڵ ئەو پەنابەرانە هانی داون بۆ نەگەرانەوە،هەربۆیە رژێمی عێراق دوای دوور خستنەوەی مەلامستەفا یان لە سنور کردووە،ئەم داوایەش لەلایەن شای ئێرانەوە بەگەرمی پێشوازی لێکراوە،چونکە شا بۆ

خۆی بیرۆکەیەکی لەم جۆرەی هەبووە ،بۆیە مەلامستەفا لەگەڵ بنەماڵەکەی و هاورێ نزیکەکانی لە شاری کەرەجی نزیک تاران نیشتەجێ کران ،لەم بارودۆخەدا پارتی دیموکراتی کوردوستان بڵاوبوەوە و .مەلامستەفاش لە هەموو بەرپرسیارەتیەکی پاشتی وازی هێنا

لەوبارەیەوە رۆژنامە نوسێکی ئێرانی باسی لەوە کردوە مەلامستەفا پێی وتوە:(من ئیتر سەرۆک نیم و بە هیچ شێوەیەک جارێکی دیکە نامەوێ ببمەوە بە سەرۆک،کۆتای بە رۆڵی من هاتووە،دەمەوێ ئیتر ناوم لە نێو .(مێژوودا رەشبکرێتەوە

بەو شێوەیە بریاری کۆتایهێنانی بەرگری،لەلایەن مەلامستەفا و رەزامەندی نیشاندانی لە پەنابەری ئێران،بوە هۆی پەرشو بڵاوی و لێکترازانی بێوێنە لە ریزەکانیاندا،دوای لێک هەڵوەشاندنەوەی پارتی بۆشاییەکی گەورە لە گۆرەپانی سیاسی کوردوستان هاتە ئاراوە،پێشمەرگەو جەماوەر بەکشتی نەیاندەزانی بەرەو چ ئاراستەیەک رێبکەن.بەرەچاوکردنی ئەوەی پارتی پێک هاتەیەک بوو،لە ئاراستەو بیرو باوەری تێکەڵاو وجیاواز لە رووی فیکریو سیاسیەوە،لەژێر ئالأی ئەو حیزبە سە رجەم چین و توێژەکان کۆبوونەوە،بۆیە بێهیوای گەیشتە چلەپۆپە،ئەوەی ئەم بێهیوایەتیەی زیاتر پەرە پێدابوو،بەردەوام دووپات کردنەوەی قسەکانی ئەحمەد .(حەسەن بەکر بوو لە رادیۆی بەغداد دەیگوت:(شۆرشی کورد بۆ هەتا هەتایە کۆتای پێهێنرا

رووداوەکانی دواتر پێچەوانەی ئەوبانگەوازەی بەکریان سەلماند،بەتایبەتی پش ئەوەی ئەوەندەی نەبرد کورد جارێکی تر کەوتەوە ریزەکانی خۆی،ئەو گروپە سیاسیانەی خۆیان بۆ دەستپێکردنی خەباتی کورد سازدابوو،دەستیان بە خۆ رێکخستنەوە کرد،یەکەم گروپ کە ئەم کارەی کرد گروپەکەی جەلال تاڵەبانی بوو ،مام .جەلال بەوناوەی لەکۆتای شەردا رۆڵێکی باشی گێرا

نە لە پەیماننامە تێکشکاوەکەش لەگەڵ ئێران و ئەنجامەکانی بەشدار بوو،بەم جۆرە دەیتوانی بەرپرسیاریەتی شکانەکە لەسەر خۆی لابدات و بۆشاییە سیاسیەکە بە کەڵکی خۆی بەکار بهێنێت ،بۆ هێنانەدی خەونی رابەرایەتی کردنی بزوتنەوەکە ،کە خەونێک بوو تا مەلامستەفا لەسەر تەختی شانۆیەکە بوو بۆی نەهاتە دی،بەڵام لەبەر چەند هۆیەک بارودۆخ بۆ پارتی دیموکراتی کوردوستان زۆر ئاڵۆز تر بوو ئەوەی بۆ یەکێتی لوابوو،لەبەر پەڵەی ئەو تێک شکانە کە بە بەرۆکی پارتیەوە لکابوو،رەخنەی رەوەندی ناوخۆی ،دیارنەمانی مەلامستەفا بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ،دەبوە هۆی نا ئامادەی پشیوانی،پەرش و بڵاو بوونەوەی سەرکردایەتی و ئەندامانی پارتەکە لە ئێران و عێراق و ئەوروپادا،لەگەڵ مشتومری ناو خۆش لەو رێچکەیەی دەیگرنە بەر،هەموو ئەم هۆکارانە نەدەبوونە هۆی سەر سورمان،کە لە قۆناغەکانگ دواتری خۆرێک خستنەوەدا پارتی دیموکراتی کوردوستان بۆ چەند ساڵێک دابەش دەبێت،سەرەکیترین ئەو باڵانە بریتی بوون لە . سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردوستان و لیژنەی ئامادەکاری

# ئاشبەتاڵ و ڕوانگە جیاوازەکان

مستەفا بارزانی هاودەنگ، هاو خەباتی خودی ئەمریکا بوو، نەک وەک پەکەکە هەموو جیهانی دەسەڵاتدار دوژمنی بێت.

بەداخەوە، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ئەنجامی نزمی ئاستی ووشیاریی مرۆڤ کوشتن و مریشک کوشتنی وەک یەکن.

لە یوتۆبتدا چاوپێکەوتنێکی عەلی کیمیاویم بەرچاو کەوت، دەربارەی ژمارەی ئەنفالکراوەکان ئەڵێ ٢٠٠،٠٠٠ مرۆڤ نییە، بەڵکو تەنها ١٠٠،٠٠٠ کەسە، وەک ئەوەی ١٠٠،٠٠٠ کەس ئەنفالکردن، هیچ نییە، ژمارەیەکی کەمە.

موقتەدا سەدر لە سەرەتای ٢٠٠٨ تا ماوەی هەفتەیەک، بوو بە هۆکاری لە دەستدانی گیانی زیاتر لە ٣٠٠ کەس و بریندار بوونی زیاتر لە ١٥٠٠ کەچی، خۆی وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوو، هێشتاش ئەو وەک پاڵەوان دەژمێدرێت، ئەگەرچی بە ئاشکرا دیارە موقتەدا ئەو شەڕەی بە دەعوا و بەفیتی ئێران هەڵگیرساند!

بەداخەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، مرۆڤ وەک داشی دامە یاری پێدەکرێت، یا ڕونتر بڵێم داشی شەترنج، لە شەترنجدا زۆر جار دەسەڵاتدارە گەورەکە، نەک سەرباز، بەڵکوو وەزیریش دەکاتە قوربانی سەرکەوتنی خۆی، بۆیە بەلای زۆربەمانەوە گرنگ نییە،١٢٠،٠٠٠ چەند خۆی کوشت لە داخی ئاشبەتاڵەکەی مەلا مستەفا، یان چەند فرمێسک ڕژاوە، مەبەست نییە لای زۆربەمان، ئەگەر مەبەستمان بوایە، چۆن مەسعود بارزانیەک، کە دەستی لە جامنەکەی سوورترە بەخوێنی هەزاران کورد و شۆڕشگێڕانی کوردەوە، کەچی هێشتا سەرۆکە؟

بابێینەوە سەر جەوهەری باسەکەمان، کە ئاشبەتاڵکردنیی ١٢٠،٠٠٠ پێشمەرگەی گیان لەسەر دەست بوو.

بۆ دۆزینەوەی هۆکاری ئاشبەتاڵ دەبێت، ڕوانگە جیاوازەکان شەنکەین، تا نەبێت، تاکە دەنگ، یان تاکە بیرو بۆچوون.

لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بۆ سێ بیرو بۆچوونی جیاواز لەم بارەیەوە بکەم:

یەکەم/ کەلێک لە نەهامەتییدا (امە فی شقاق)، نووسینی جۆنسانە ڕاندال، ڕۆژنامەنووسێکی سەربەخۆی ئەمەریکاییە.

.دوەم/ بیرەوەریەکانی عیسا پژمان کۆنە ساڤاکی شای ئێران

.سێهەم/ بیرەوەریەکانی کەریم ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عێراق

ئەم سیانە سێ کەسایەتی جیاوازن، کە باوەڕیان بە سێ ئایدلۆجیای جیاواز هەیە، عیسا پژمان و کەریم ئەحمەد تا سەر ئێسقان دژی بیرو بیروبۆچونی یەکترین، ڕەنگە خوێنی یەکتر لە کاسەی سەری یەکتردا .بخۆنەوە ئۆخەی نەکەن

جۆنسانە ڕاندال ڕۆژنامەنووسێکی بێلایەنە، کە ئازار و س

ئەمی داگیرکەران کردوویە بە دۆستی کورد، دەیان جار گیانی خۆی خستۆتە مەترسیەوە لە پێناو گەیاندنی .ئازار و هاواری کوردی ستەمدیدە

جۆنسانە ڕاندال ئەڵێ: کوردستان وڵاتیکی بە پیت بەرەکەتە بۆ کشتوکاڵ، کوردستان نەک هەر دەتوانێت بەروبومی هاوڵاتیان و دانیستوانی خۆی دابین بکات، تەنانەت دەتوانێت بینێرێتە دەرەوە و بازرگانیشی پێوە بکات، بەڵام کە شەڕ دەستی پێکرد، کوردەکان هەموو هیوایەکیان بۆ بە دەست هێنانی بەروبومی کشتوکاڵ پشتیان بە شا بەست، لە کاتی پێویستیشدا هەموو شتێکیان لە کوردستان بڕی و کوردستانیش .ئامادەی ئەو ئابڵۆقە نەبوو

هەروەها جۆناسانە ئەڵێ: شای ئێران باوەڕی تەوای هەبوو، کە مستەفا بارزانی باوەڕێکی کوێرانەی بە ئەمریکا هەیە، هەروەها شا لە ساڵی ١٩٤٦کۆماری مەهابادی ڕوخاند و سەرکردەکانی لە سێدارەدان، ئیتر چۆن !دەبێت مستەفا بارزانی چاوەڕوانی یارمەتی لە شا بکات؟

خاڵێکی دیکەی گرنگ کە لە هەموو بوارەکاندا ڕۆڵی سەرەکی دیوە، پەیوەندی و بەرژەوەندی ئیسرائیل و ئێران بوو، کە هاندانی مستەفا بارزانییان دا، شەڕ دەست پێبکات، تا بەتایبەتی شا بە ئامانجەکانی بگات، هەروەها لە لایەن ئیسرائیلیەکانەوە بەرژەوەندیان لەوەدایە کە عیراق بە شێوەیە لە شێوەکان سەرگەرم بکەن تا .نەیپەرژێتە سەر ئیسرائیل

بۆ لە خشتەبردنی مستەفا بارزانی، هەر هەمووشیان سەرکەوتووبوون، ئەوانیش بە ئاواتی خۆیان گەیشتن و .کوردیش ئاوارە و ماڵوێران کرا، بوو بە سوتەمەنی ئارەزووەکانی ئەوان

کەریم ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی لە چاپێکەوتنێکی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی جەماوەر نیوزدا، کە ڕۆژنامەنووس نەوشیروان شەریف دیداری لەگەڵدا ساسزداوە، ئەڵێ: زۆر هەوڵمان لەگەڵ مەلا مستەفادا، کە ئاشبەتاڵ نەکات، کەریم ئەحمەد ئەڵێ: گوتمان بە مەلا مستەفا، ئێمە لە جەبهەدا لە گەڵ حکومەت، .دیینە دەرەوە، دێینە لاتان و لە گەڵ ڕژێمدا شەڕ دەکەین، بەڵام مەلا مستەفا گوێی بۆ ڕانەگرتین

مەلا عبدولای حەسەنزادە سکرتێری حزبی دیموکراتی ڕۆژهەلاتی کوردستان، ئەڵێ: ئێمە بریارماندا، کە بە مەلا مستەفا بڵێین، ئاشبەتاڵ نەکا، ئەو کاتە من چووم تا پەیامەکەی پێبگەیەنم، لە ڕێگا لە ولاخەکەم کەوتم و قاچێکم شکا، بەلام من نەگەیشتم بە مەلا مستەفا، مەلا مستەفا ئاشبەتاڵی راگەیاند، چونکە ویستمان بە مەلا مستەفا .بڵێین: شەڕ ڕا مەگرە، هەموومان هاوکاریت دەکەین

هەرچەند، مەلا مستەفا دەیان کەسایەتی کوردی ڕۆژهەلاتی کوردستانی گرت و فرۆشتنی بە شای ئێران و) بووە هۆی دواکەوتنی قۆناغەکانی بزوتنەوەی ڕزگای خوای گەلی کورد، هێشتا ئەوانەی بیریان لە کورد و کوردستان ئەکردەوە، چاوپۆشیان لە هەموو خیانەت و کارەکانی مەلا مستەفاکرد، بەو هیوایەی بیهێننە سەر .(ڕێگای ڕاست و ئەو هەست و گیانی نیشتمانپەروەییەی نەیبوو، بە بەریدا بکەن

بۆ نمونە گرتن و تەسلیم کردنەوەی سلێمانی موعینی و هاوڕێکانی، یا شەهیدمەلا ڕەحیمی وەرتێ کە تەمەنی ٧٠ ساڵان بوو، بنەماڵەی مەلا مستەفا لە تەوێڵەی هەورامان، تەسلیم کردەوە بە ئێران، مەلا ڕحیم بە پیاوەکانی .مستەفابارزانی ئەڵێ: بۆ خاتری قورئان و خوا، خۆتان بمکوژن تەسلیم بە ئێرانم مەکەنە

مەلا ڕەحیم دەپاڕێتەوە و ئەڵێ: من پیرم زیاتر لە ٧٠ ساڵ تەمەنم هەیە، لە بەر زۆری تەمەن ڕەنگەبەرگەی ئەشکەنجە نەگرم. زۆر دەترسم بەرگەی ئەشکەنجە نەگرم و ناوی دۆست شانە نهێنیەکانی حزب ئاشکرا بکەم و .ببمە هۆی دەستگیرکردنی زیاتر لە ١٠٠٠ کەس

ئەو کارەش بکەم لە گۆڕەکەشمدا با ئارامی درێژ نابم، وەکوو عەرزم کردن تەمەنم لە ٧٠ ساڵ زیاترە، هەر چۆن .بژیم مانگێک دوو مانگی دیکە ئەژیم، تکاتان لێدەکەم خۆتان بمکوژن و تەسلیمی ئێران مەکەن بە زیندوویی

پیاوەکانی مستەفا بارزانی کاریان ڕاست بێت، دڵیان نەرم دەبێت و لەوێدا دەیکوژن و نابنە هۆی ماڵوێرانی .هەزارنی دیکە، گۆڕی شەهید مەلا ڕەحیمی وەرتێ، ئیستا لەگردی سەیوانە لە سلێمانی

عیسا پژمان ئەڵێ: شای ئێران زۆر دڵگران بوو بە هاتنە سەر دەسەلاتی عەبدولکەریم قاسم، چونکە قاسم کەسێکی شۆڕشگێڕ و نیشتیمانپەروەر، هەروەها دامودەزگای ڕاگەیاندنی بۆ ئۆپۆزسیۆنی ئێران دانا بوو، .دژی شا، لەگەڵ ئەوانەشدا، هۆکاری سەرەکی ئەمریکا بوو، کە شایان هەڵنا دژی قاسم

عیسا پژمان بە شا ئەڵێ: قوربان ئەگەر ڕازی بیت، بە مستەفا بارزانی و دەست و پێوەندەکەی شەڕێک دژی قاسم دروست دەکەم؟

شا ئەڵێ: ئێمە دوێنێ قازی محەمەدمان لە سێدارەدا و کۆمارەکەیانمان ڕوخاند، چۆن مەلا مستەفا باوەڕمان پێدەکات؟

عیسا پژمان ئەڵێ: قوربان تۆ ئەمر بفەرموو، ئەمە کارێکی ئاسانە، کۆمەڵێک چەکی کۆن و بێکەڵکی پاش ماوەی جەنگی جیهانی دووەمان ماوە، ئەیان دەینێ، لەگەڵ تۆزێک پارە، تۆ ئەمر بفەرموو من دروستی دەکەم.

ئەوەبوو، عیسا پژمان بە ڕێگای تایبەتی خۆی لە ڕۆژنامەی ئەلتەئاخیەوە بە ڕێگای نووسینێک نێوان قاسم و مستەفا بارزانی تێکداو و شەڕ هەڵگیرسا.

ئەگەرچی قاسم بەراستی نیشتیمان پەروەر بوو، خۆشی کوردی فەیلی بوو، هەروەها قاسم چاوی لە ماڵ سامانی دنیا نەبوو، کاتێک لە سێدارەدرا، تەنها ٢ دیناری لە گیرفاندابوو، قاسم نیازی هەبوو کێشەی کورد لە ڕیشەوە چارەسەر بکات، بەڵام ئەو چارەسەرە بە دڵی شا و ئیمپریالیزمی جیهان نەبوو، بۆیە بە پیلان مەلا مستەفایان کرد بە گژ عەبدولکەریمدا و پاشانیش هەر بە پیلانی ئیمپریالیزم سەدام و دام و دەستوپێوەندەکەیان خستە سەر دەسەڵات و کۆتاییان بە هێزە نیشتیمانپەروەرەکان هێنا

(.دەسەڵاتمان گرتە دەست (CIA) وەفیق سامەرائی بە فەرمی ئەڵێ: ئێمە بە شەمەندەفەری)

شا کێشەی سێ دوورگەی توب سوغراو توب کوبرای و ئوم موسای زۆر لا گرنگ نەبوو، کە چی لە سەردەمی عەبدولکوریم قاسمدا، لای شا گرنگتر بوو، کە بە هەر شێوەیەک بووە قاسم لەناو ببرێت، تا لە پەنای قاسمەوە ئۆپۆزیسێۆنی ئێرانی تەشەنە نەکات.

دەسەڵاتی قاسم کۆتایی هات، بەڵام کێشەی ئەو سێ دوورگەیەی ناومان بردن بە هەڵپەستراوی مایەوە، یا ڕونتر بڵێین هێشتیانەوە، بۆ جەنگێکی دیکە.

ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر لە ڕیکەوت نامەی ١١ ئازاری ساڵێ ١٩٧٠ دانی نا بە مافەکانی کورددا و کەوتنە هەوڵی بیرکردنەوە لە دۆزینەوەی چارەسەری کێشەی کورد، ئەگەر ڕووکەشبێت، ئەم کارەش بۆ شا و ئیمپریالیزمی جیهانی بووە مایەی تورەبوون و هەراسان بوونیان.

.بۆ ئەم کارەش دەست بەجێ هەوڵ و کۆششی خۆیان خستەکار

یەکەم کارێک کە لە لایەن شاوە، هەروەها خودی ڕژێمی عێراقیش مەبەستی بوو، دەرپەڕاندن و دوورخستنەوەی حزبی شیوعی بوو.

حزبی شیوعی عێراقی خۆی وەک بەشێک لە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق حساب دەکرد، هەموو توانای شیوعییەکان لە کوردستاندا بریتی بوو لە لقی١٠ کە پێیان دەگوتن لقی کەرە چەرموو.

بە واتایەکی دیکە، حشع هەرگیز مەترسی نەبووە بۆ سەر پارتی و بارزانی، بەڵکوو حشع هەمیشە یارمەتی دەربوو، لە ڕێگای پێکەیاندنی پێشمەرگە و کادر و کاروباری کۆمەڵایەتیشەوە، جگە لەوەش حشع خوی لە ژێر فەرماندەی پارتی و بارزانیدا بووە، خودی کەریم ئەحمەد ئەڵێ: بارزانیمان بە سەرۆکی خۆمان زانیووە، بەڵام کارەکە پەیوەندی بەکارە دەرەکیەکانەوە هەبوو، بۆیە سەرەتا دەبێت خواستی بەعس، پاشان ئیمپریالیزم بێتە دی، ئەوەبوو، لە پڕ پارتی پەلاماری شیوعییەکانیان بە بێهۆ دا.

لە هەموو حاڵەتەکاندا، لە هەموو بوارەکاندا عیسا پژمان، کە بۆ خۆی کوردێکی سنەییە ئەم ڕاستیانە پشت ڕاست دەکاتەوە، گەرانەوە بۆ جارێکی دیکەو چاو خشاندن بەو سێ بیرو بۆچوونە جیاوازەی، کە لە سەرەتادا ئاماژەمان پێدا، جارێکی دیکە ئەم بۆچونە پشت ڕاست دەکاتەوە.

بەکورتی بەعسیەکان خواستی گەورەیان دابڕانی شیوعییەکان بوو لە پارتی، هەروەها وەک گوتمان شا و ئیمپریالیزمیش هەمان خواستیان هەبوو، تا بە ئارەزوی خۆیان بتوانن مستەفا بارزانی بەکار بهێنن بۆ جێبەجیکردنی پیلانە ئاشکار و نهێنیەکانیان.

چونکە ئیمپریالیزم و بەعسیش حزبی شیوعیان بە ماتۆڕی پارتی دەزانی، پارتی و بارزانی بەبێ حزبی شیوعی وەک پاپۆڕێکی بی ڕێنمابوو لە دەریا بێبنەکاندا.

کێشکە تەنیا دابڕانی شیوعییەکان نەبوو، بەڵکوو ئیمپریالیزم مەبەستی نانەوەی جەنگێکیش بوو، تا عێراق نەیپەرژێتە سەر ئیسرائیل، چونکە بەعسیەکان هەر لە سەرەتاوە بۆنی نەتەوەپەرستەیکی پان عەربیان لێدەهات، بەعسیەکانیش وەک هەر ئیسلامێکی توندڕەو گەشتبوونە ئەو بیرو بۆچونە، کە دەبێت هەموو جولەکەکان بهاوێژرێنە دەریاوە، ئەوان باوەڕیان بە دانووساندن نەبوو لەگەڵ ئیسرائیلدا.

ئەو ئۆتۆنۆمیەی کە بەعس دانی پێدا نابوو بۆ کوردستان، لە ئیستای ئەیاد عەلاوی، جەعفەری و نوری مالیکی زۆر زیاتر بوو.

شیوعییەکان لەو کاتەدا هەوڵی زۆریان لەگەڵ مەلامستەفادا، کە شەڕ نەکات، لە شەڕکردندا هەمویان تێیدا دەچن، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەدەبیاتی حیزبی شیوعی ئەو سەردەمە، تەنانەت باس لەوە دەکرا کە شۆڕش .ناکاتە ساڵێک هەرەس دەهێنێ

کەریم ئەحمەد ئەڵێ: کە هەر شەڕیشتان کرد، ئاشبەتاڵ مەکەن ئێمە یارمەتیتان دەدەین، مەلا مستەفا بەوەش .رازی نەبوو، ئاشبەتاڵی کرد و کووتی: کاری من تەواو بوو

هەر زۆر بەکورتی هۆکارەکانی دەستپێکردنەوەی شەڕ، هۆکار نە کورد نە کوردستان بوو، هۆکاری سەرەکی پیادەکردنی پیلانەکانی ئیمپریالیزمی جیهانی، پاشان ترس و دڵەڕاوکێی شاو دەسەڵاتدارانی ناوچەکە بوو، .ئەوانیش لەم چەند خاڵەدا خۆیان دۆزیوەتەوە

یەکەم: ئەگەر کوردستانی عێراق ئۆتۆنۆمی مسۆگەر بکرایە بۆ خۆی، ئەوا کار لە کوردستانی ڕۆژئاواش .دەکات

.دووەم: سوریا و میسر و عێراق یەکێتیکیان دروست کرد، شا بە هەڕەشەی دەزانی دژی ئێران

.سێهەم: بە پاڵپشتی شا، نازام گوزار هەوڵی کودەتایەکی دا

چوارەم: پێش دەستپێکردنی جەنگ، مەسعود بارزانی بۆ شەش مانگ بۆ دیتنی خولی سیخوڕی دیپلۆماتیک .گەیشتە ئیسرائیل، پیاوەکانی بەعسی سوریا و عێراق، ئاگاداری ئەوە بوون

لە هەمووی سەرنجڕاکێشتر، عیسا پژمان لە کتێبی تەیمور بەختیاردا ئەڵێ: شا، مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، کە ئەویش پیاوی ساواک بوو، نارده لای مەلا مستەفا و ئاگاداریی کردەوە، کە ئیتر تەقە نەکەن و شەڕ ڕابوەستێنن، .پژمان ئەڵێ: مەلا مستەفا دەست بەجێ بەقسەی شای کرد و شەڕی وەستاند

.هەروەها عیسا پژمان بەڕاشکاویی دەڵێ: من شەڕم هەڵگیرساند، منیش شەڕم کۆتایی پێهێنا

گریمان ئاشباتاڵ، هەڵە بوو، خیانەت نەبوو!؟

ئێ، گریمان هەڵەبووبێت و پلانێکی نێو دەوڵەتی بووبێت، ئیتر ماڵتان ئاوا، هەرکەس بچێتەوە ماڵی خۆی، ئێوەی بنەماڵەی مەلا مستەفا و مەسعودیش هەوارکەتان کوزتەوە بۆ کەرەج. ڤیروسیا وا کوردی نەکەبەتیش لە سایەی ئێوەوە، ئاوارەی بیابانە گەرمەکانی خوارووی عێراق بکرێ، هەرچی تیرۆرکرا، کرا، چی ماڵی وێران .بوو، با بکرێ، هەروەها زیاتر لە ٦٠٠ کەس خۆیان کوشت و ئاو بەئاگردا کرا

ئەی ئەوە خێر بوو، لەپڕ وەک قارچک دیسان هەڵتۆقێنرانەوە و زینداوو بوونەوە و بۆ خامۆشکردنەوەی شۆڕشی نوێ؟

ئێوە، کە بۆ ئەوەچوون، دابنیشن، ئیدی چۆنە لەپڕێکا توانیتان ٧٠٠ پێشمەرگەی هەڵبژاردە تەفر و تونا بکەن؟

گەلی کورد دەریای خوێن لە جەستەی دەچۆڕێ، پێویستە بیر بکەینەوە، ئەگەر کورد فریای خۆی نەکەوێت، دڵنیابە هیچ کەس و لایەن و وولاتێک بە فریای ناکەوێت.

پەندێکی پێشینان ئەڵێ: کای کۆن بەبا مەکە.

من پێموایە کارێکی باشە، کە دەست لە رووداوە کۆنەکان هەڵبگرین، رووداوەکان لە ئەرشیڤی مێژوودا هەڵگرین، بۆ لێکۆڵینەوەو چارەسەر کردنی ئایندەی نەتەوەکەماندا.

هەرچەندیش ٣٩ ساڵ بەسەر ئەم کارەستەدا تێپەڕیوە، هێشتا هەروەک ٣٩ ساڵ پێش ئەمڕۆ، بنەماڵەی بارزانی هەروەک ساڵی ١٩٧٥ هەڵسوکەوت دەکەن، بگرە کارە خیانەتکاریەکانیشیان پەرەی سەندوە، نەک کۆتایی پێهاتبێت، بۆیە هێشتا تازەیە و نەبۆتە کای کۆن.

ئەو کارە خیانەتکارانەی، بە فەرمانی مستەفا بارزانی ئەنجام دەدران و ئیدریس و مەسعودی کوڕی، نەک وازیان لێنەهێناوە و دەرسیان لێوەرنەگرتووە، بەڵکوو دە بەرابەر زیادی کردوە.

مەلا مستەفا زیاتر گرنگی بە خیانەتدا دژ بە لەگەلەکەی خۆی، بۆ بەرژەوەندی شای ئێران، هەموو شتێکی ئەنجامدا، بەڵام کوڕەکانی مستەفا بارزانی پێش باوکیان کەوتن، کوڕەکانی مستەفا بارزانی ئەوساو ئێستاش، خیانەت لەگەلەکەیان دەکەن بۆ تورکە فاشستەکان، بۆ عەرەبە شۆڤێنستەکان، پاشان هەردوو رژێمەکانی شا و پاشانیش خومەینی، هەموو شتێکیان کردووە.

لەگەڵ رێزم بۆ پێشینان، ئەگەر کارەساتەکە کۆنیشبێت، پێویستە بەهای خۆی بدرێتێ.

نەک رێوی مان لێبکەن بە شێر و شێر بکەن بەرێوی. پێوسیتە هەموومان مێژوو وەک خۆی بنووسینەوە.

ئەگەر گەلی کورد دەیەوێت ئازادیی بێت، هەروەک سەرەک وەزیرانی پێشووی سوئێد ئۆلۆف پالمە ئەڵێ: ئەگەر نەتەوەیەک بیەوێت بە ئازادیی بکات، هیچ هێزێک ناتوانێت بەری لێبگرێت. ئەنەلیش وەزیری پێشووی دەرەوەی سوئێدیش ڕوو لە کورد دەکات و ئەڵێ: کورد ئەگەر بیەوێت بە ئازادی بژیت، ئەوە خۆی بریار دەدات، واتا ئازادی لە دەستی کورد خۆیدایە، نەک تاران و نەک ئەناسۆفیا(ئەنقەرە)، نە بەغدادو دیمەشقیش ناتوانن بریار بدەن، کە ئەو مافەی ئازادییە لە کورد زەوت بکەن.

بۆیە دوژمن بارزانی و تالآبانی وەک مۆرانە لە جەستەی ژیانی کوردا چاندووە، دوژمن دەزانێت بەم شێوە نەبێت و لە ڕێگای ئەم کەسانی وەک بارزانی و تاڵەبانی نەبێت، مەحاڵە بتوانێت بەری ئازادی گەلی کورد .بگرێت

مستەفا بارزانی، پەلاماری زۆرێک لە سەرکردە لە خۆ بردوەکانیی دا، کوشتنی و تەسلیم بە دوژمنی گەلاکەمانی کردنەوە، چەند نمونەیەک لەوانە: کوشتنی سەرکردەکانی حزبی دیموکراتی ئێران حدکا سلێمانی موعینی، مەلا ئەورحیمی وەرتێ کە لەتەمەنی ۷۰ ساڵیدا گیرا، شەهید مەلا ئەورەحیمی وەرتێ، لە چەتەکانی بنەماڵەی بارزانی دەپاڕێتەوە، کە خۆیان بیکوژن و تەسلیم بە ساواکی نەکەن، چونکە مەلا ئەورحیم دڵنیا بوو، مستەفا بارزانی بەشای ئێرانی دەفرۆشێت ، چونکە ئەوە یەکەم کاری مستەفا بارزانی نەبوو

لە کۆتاییدا مەلا ئەورەحیم زۆر لە چەتەکانی مستەفا بارزانی دەپاڕێتەوە و دڵیان نەرم دەکات، چونکە مەلا ئەورەحیم، باوەڕی یەقینی هەبووە، کە تەمەنی گەورەیە و ئەگەر مستەفا بارزانی تەسلیمی شای بکات، ئەوا .ناوی ئەندام و دۆستە نهێنیەکانی حدکا دەدات بەدەستەوە

سەرەتا مەلا ئەورحیمی وەرتێ زۆر لە مەلا مستەفا دەپاڕێتەوەو ئەڵێ: ئەگەر تەسلیمم بکەن بە ساواک، بەرگەی ئەشکەنجەی ساواک ناگرم و دەبمە هۆی ماڵ وێرانکردنی سەدەها ئەندامە نهێنیەکانی حدکا، ئەوساش .ڕووڕەشی ئەم دنیاو ئەودنیاش دەبم

جگە لەوانەش، مەلا مستەفا زیاتر لە ٤٠ گەنجی خوێنگەرم، کە ڕوودەکەنە شۆڕش تا ببنە پێشمەرگەی باشووری کوردستان، هەموویان دەسگیر دەکات و تەسلیم بە ساواکیان دەکەنەوە، ساواکیەکانیش پاش .ئەشکەنجەدانێکی زۆر هەمویان کوشباران دەکەن

مەلا مستەفا سەرکردەکانی باکووری کوردستانی(کوردستانی تورکیا) و چەپەکان و میانڕەوەکانی گرت و کوشتنی، بۆ نموونە د. عوسمان دەنووسێت: دوکتۆر شڤان، کە بووە هۆی نەمانی متمانەی کوردەکانی .پارچەکانی تر بە شۆڕش

دیسان دەستخستنە ناو کاروباری کوردەکانی باشووری بچووک و کوردەکانی لوبنانیش و پارچە .پارچەکردنیان، بە شێوەیەک بووە هۆی لاوازیان ڕیزەکانی ئەو بەشانەی دیکەی کوردستان

د عوسمان، دەنووسێت، کە لە ناوەوەی کوردستانی باشووریش پەیوەندیە ناوەکیاکان، گرتن و کوشتنی ڕۆڵە بە ئەمەکەکان، شۆڕشگێڕە گیانبازەکان بوو، کە دەیانی وەک کاک فاخیر مێرگەسووری، کە لە دوا چرکەکانی .ئاشبەتاڵدا بە ئەشکەنجە شەهید کرا

باشە مەلا مستەفا وا ئاشبەتاڵی کرد، ئەدی بۆ فاخیر مێرگەسووریتان لە زینداندا بە ئەشکەنجە شەهید کرد؟

لە جێگەی ئەمانەشدا هێنانی مرۆڤە بودەڵەکان، بازرگانەکان مرۆڤە خۆفرۆشە و کەلەپوتەکان کە بریتی بوون .لە سەدەهای وەک تەحسین شاوەیس..... هتد

لە پەیوەندییەکانی لە گەڵ هێزە ئازدیخوازەکانن، چەپەکان، شیوعیەکان، ئەی بۆ شیوعیەکان تیرۆر کران، چ .تاوانێکیان هەبوو، بە مەرجێک ئەوانەی مستەفابارزانی تیرۆریکردن، هەموویان بێ چەک بوون

هەروەها پشتکردنە هێزە عەرەبیە ئازادیخوازەکان سوجدە بردن بۆ کۆنەپەرستان دوور و نزیک، لەوانە شای .ئێران کە دوژمنی هەرە سەرسەختی گەلەکەمانە

.تورکیای فاشی، کە تائێستاش هەوڵی نەزۆککردنی کیژانی کورد دەدات، تا وەک نەتەوە قڕیان بکات

ئەگەر وا نییە بۆ سەرکردەکانی باکوری کوردستان لە بادینان و دهۆک تیرۆر کران، ئایا ئەمە داخوازی فاشیزمی تورکی نییە؟

زۆر بەکورتی مەلا مستەفا خۆی ئاشبەتاڵێ کرد، دەیتوانی نەیکا، بڕوانە بەشی یەکەم هەموو هێزە کوردستانیەکان، بە حزبی دیموکراتی ئێرانیشەوە هەرچەند مستەفا بارزانی ئەو هەموو خیانەتەی لێکردن، ،ئامادە بوون، یارمەتی مەلا مستەفا بدەن و لە بەر بەرژەوەندی گەلی کورد، چاوپۆشیی لە ڕابردوو بکەن

...ئامادەبوون هاوکاری مستەفا بارزانی بکەن، مەلا مستەفا بەگوێی کەسی نەکرد

لا مستەفا ئەو هەموو شیوعیەی تیرۆر کرد، کەچی کەریم ئەحمەدی ئەندامی سەرکردایەتی حشع ئەڵێ: نامەمان نارد بۆ مەلا مستەفا ئاشبەتاڵ نەکات، ئێمە ئامەدەین بیینە هاوپەیمانتان لەبەر بەرژەوەندی کشتی .چاو لە ڕابردوتان دەپۆشین، مەلا مستەفا لەوێشدا گوێی لە کەس نەگرت

هەروەک لە بەشی یەکەمدا باسمان لێوە کرد، کە پەکەکە بە ٤٠٠ پێشمەرگە، خۆیگرت، وەک چیایەکی پۆڵایین، لە بەرانبەر ٢٠٠٠٠٠ چەکرادر دڕندەی تورکی فاشی، هەروەها بە یارمەتی لۆجیستیکی سیخوڕی لە ئاسمانی ئەمەریکا و ئیسرائیل، هەروەها لە بەرامبەر چەتەکانی کوردستانی باشووریش، خۆیگرت و ڕاینەکرد، نە بۆ ئێران نە بۆ ڕووسیا، نە بۆ ئەمەریکا. فاشستەکانی تورک لەگەڵ ئەو هەموو هێزەشدا شکان و پەکەکەش گەورەترین سەرکەوتنی بەدەست هێنا و لەشکرە٢٠٠٠٠٠٠ یەکەی تورکی فاشیش بە لوتی خوێناویەوە .گەڕایەوە

!ئەی بۆ مەلا مستەفا بە ١٢٠٠٠٠ پێشمەرگەی گیان لەسەر دەست ئاشبەتاڵێ کرد؟

لە بەشی یەکەمی ئەم بابەتەدا باسمان لە چەند کەسایەتیەکی بیانی وەک جۆنسانە راندال کرد، کە رۆژنامە نووسێکی ئەمەریکە، ئازارو مەینەتی بەشخورای کەلی کورد، وای لەو رۆژنامەنووسە کردووە، کە دەیان جار .گیانی خۆی بخاتە مەترسیە تا دەنگی خنکاوی کورد بە جیهان بگەیەنێت

هەروەها عیسە پژمان کە خۆی کوردێکی سنییە و ئێستاش خۆی بە شاپەرست دەزانێت، دەربارەی شۆرشەکە و نهێنیەکانی هەموو ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە مەلا مستەفا بەکرێگیرا و بە زانینەوە لە پێناو سەروەت سامانی .تایبەت خۆی و کورد و شۆرشەکەی فرۆشت بە دوژمن

هەروەها کەریم ئەحمەد ئەندامی سەرکردایەتی حزبی شیوعیش بەهەمان شێوە، مەلا ئەحمەدی بانیخێلانی ئەندامی مەکتەبی سیساسی حزبی شیوعی، تۆما تۆماس ئەندامی مەکتەبی عەسکەری حزبی شیوعی، هەر .هەموویان هەمان بۆچوون رایان هەیە، کە لەسەرەتاوە ئاشبەتاڵ پیلاندارێژراو بوو

سامی عەبدوئەلرحمان کەسایەتی ناو خودی بنەماڵە، زۆرێک ئەندمانی حدکای ئێستا، وەک خدر مەرسنە، هەموو ئەوانەی کە قەڵەمەکانیان بۆ بژێوی ژیان بەکار ناهێن، بە زەقی ئەڵێن کە کارەکانی مەلا مستەفا هەڵە .نییە، بەڵکوو خیانەتە

هەروەکوو پاش مەلا مستەفا، ئیدریسی کوری، پاش ئیدریس مەسعود بارزانی هەمان رێچکەی خیانەتی .باوکیان گرتەبەر

رۆژێک تورک دەهێن، رۆژێک بەغداد، رۆژێک تاران، رۆژێک دەبنە بەربووکی سوپای پاسداران. ئەگەر بۆ نموونە مەسعو دو ئیدریس بە بیانووی، ئەوەی کە حزبی دیموکراتی ئێران گۆری مستەفا بارزانیان لە گۆر دەرهێناوە، ئەی خۆ کاتێک مەلا مستەفا خۆی زیندوو بوو، بۆ سەرکردایەتی حدکای فرۆشت بە شا؟

ئێی خۆ مەلا مستەفا هێشتا لە ژیاندا بوو، بەڵکوو بە فەرمانی خودی مستەفا بارزانی سەرکردایەتی شۆرشگێرانی باکوری کوردستان تیرۆرکرا، کەواتە پەلاماری ناوچە ئازادکراوەکانی ژێردەسەڵاتی حدکا و .گەرانەوەی ناچە ئازادکراوەکان بۆ ژێر پۆستاڵی ژاندرمە و پاسداری ئێران، جگە لە بەهانە هیچی دیکە نەبوون

ئێستاش دێینە بیرو بۆچوونی کەسایەتی دیکەی کورد، کە خۆی بەشداری بوەو وەک شایەتحاڵ لە کارەساتەکە :دەدوێت، د. مەحموود عوسمان

هەروەک باسی دەکەن، خودی د. عوسمان پەشیمانە لە نووسینی ئەم نامیلکەیە (تقییتم مسیرە السورە الکردیە :و انهیارها و الدرس و العبر الستخلسە منها) چونکە کاتێک لێیان پرسیوە

باشە دکتۆر تۆ ئاگاداری سەرەتا و کۆتایی کارەساتەکە بووی، بۆ دەنگ نەکرد، بۆ هەوڵت نەدا پێشی پێبگریت؟

ئایا دوکتۆر، تۆش بەشدار و تاوانباری ڕشتنی ئەو دەریا خوێنە نیت؟ هەروەها هێنانی کارەسات بەسەر نەتەوەیەکداو ئاوارە بوون و دواکەوتنی چارەنووسی نەتەوەیەک؟

د. مەحمود عوسمان لەم چەند خاڵەدا هۆکارەکانی ئاشبەتاڵ دەست نیشان دەکات و کورت پوختیان دەکات، کە .هیچی زیاد و کەمی نییە لەو نووسەرانەی کە باسیان لە کارەساتەکە کردوە

:یەکەم پەیوەندیە کوردیەکان

مەبەستی دوکتۆر لەم خاڵە پەیوەندییەکانی کورد لەگەڵ کوردی هەر چوار پارچە، بگرە تا کوردەکانی لوبنانیش، ئەمەش لەو ڕووەوە باسدەکات، کە بە فەرمانی خودی مەلا مستەفاو کوڕەکانی، سەرکردایەتی کوردەکانی باکور گیران کوژراون، نموونە وەک سەردایەتی باڵی چەپ و میان ڕوی باکوری کوردستان. نەمانی .باوەڕی کوردەکانی باکور بە شۆڕش و پەرتەوازە پێکردنیان

لێدانی حزبی دیموکرات، گرتن کوشتنی سەردەکانی، هەروەها گرتن و ڕادەستکردنی دۆستان شۆڕگێڕانی .کوردانی خۆر هەڵات بە شا و ساواکی ئێران، هەروەک لە پێشدا باسمان کردن

ئەمەش دەبێتە هۆی خراپکردنی پەیوەندی کوردەکانی خۆرهەڵات لەگەڵ شۆڕش و نەمانی متانە بە شۆڕشەکە، هەروەها بۆتە هۆی ئەوەی، کە خەڵکە بە ئاکاکان ووشیارەکان، گوێ بەشۆڕش نەدەن و شۆڕش پشتگوێ بخەن، هەروەها ساردبوونەوەی پێشمەرگە، چونکە کاتێک مەلا مستەفا فەرمانی گرتن و تیرۆر کردنی کەسایەتیەکانی خۆر هەڵاتی دەردەکرد، خۆ ئیدریس و مەسعودی کوڕی نەدەنارد، بەڵکوو ڕەش و ڕووتێکی وەک و ئێمەو مانیان دەنارده کوشتنی جەنکاوەرانی خۆر هەڵات، کاتێکیش ڕەشورتێکی وەک من و تۆ ئەو کارەی بە دیدی .خۆی دەدیت، ئیتر نیشتیمانی پەروەری لەبیر دەچوویەوەو زیاتر بیری لە پێکەوە نانی سامان دەکرد

کەسێکی سەر بە خزمی سمکۆخانی شکاک دەگرن، کە پێشمەرگەی خۆشیان دەبێت، بارزانیەکان لەناو خۆیاندا گووتیانە، پێشمەرگەیەکی ئازایە حەیفە بیفرۆشین بە بڕنەوێک، واتا مستەفا بارزانی کوردێکی بە بڕنەوێک .فرۆشتوە

:دوەم پەیوەندیە عەربی و عیراقیەکان

هەروەکوو چۆن مەسعود لە ٣١ ئابدا بوە هۆی تیرۆرکردنی زیاتر لە ١٥٠ کەس لە هەوادارنی ئەحمەد چەلەبی، زیاتر لە ٧٥ گریلای بریندار خەستەخانەکانی هەولێر، مستەفا بارزانیش، لێدان و تیرۆر کردنی ئەندامانی حزبی شیوعی عێراقیە، بەبێ هۆ، دوکتۆر دەنووسێ هیچ پێویست نەبوو، بەڵکوو زیانی گەورەی گەیاند بە شۆڕش پەیوەندیەکانی تا دەکاتە پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت و وولاتە ئەوروپیە سۆسیالستیەکان،

ئەوەش وایکرد کە یەکێتی سۆڤیەت، هەروەها وولاتە سۆسیالیستەکانی ئەوروپا گرنگی نەدەن بە شۆڕشی .کورد و زیاتر، رووبکەنە دەسەلاتدارانی فەرمان ڕەوای عێراق

هەروەها بە پێچەوانەی واقیعەوە پیوەندی گرتن لەگەل ئیران دوژمنی سەرسەختی نەتەوەکەمان. .پەیوەندیەکەش لەسەر بناغەی یارمەتیدانی بێ بەرابەر نەبوو، بەلکوو یارمەتیکە وەک بەکرێگیراوی لێهات

هەروەها، پشت بەستنی تەواو بە یارمەتییەکانی ئێران لە چەک و خواردەمەنی تا دەگاتە میوە و سەوزەو شەکر .و چاش

هەروەکوو ئەمڕۆ شوتی و کالەک لە ئوردنی ووشک بیانەوە، دێتە کوردستانی مێرگ و چیمەنی ئاودار، لەو .هەموو کشمیشە جوانەی کوردستان مێوژ و کشمیش لە کالفۆرنیاوە دێت بۆ کوردستان

جۆنسانە ڕاندال امە فی شقاق دەنووسێ، کە شارەزوور بەپیترین خاکی سەرزەویە، کەچی سەوزەو) .(میوەجاتیشیان لە ئێرانەوە دەهێنا، بە هەمان شێوە دوکتۆریش هەمان بیروڕای هەیە

زۆربەکورتی ڕوانگەکانی ئاشبەتال، چ کوردی یا فارسی یا عەرەبی یا فرسی تا دەگاتە رۆژنامە نووسێکی .ئەمریکا، هەر هەموویان ئەوەمان پێ ئەلێن ئاشبەتال پیلان بوو لە سەرەتاوە

ئەگەر وا نییە، شۆڕش بۆ کرا، ئەگەر خوێندنەوەیان نەبوو، یا بابلێین مەلا مستەفا نەزان بوو، مەبەستی دیکتاتۆریانە نەبوو، لە لێدانی کوردەکانی پارچەکانی دیکە، واتا مەبەستی نەبوو کە ببێ بە مالا مستەفای .هەرچوار پارچە، خۆ تەنانەت شیوعیەکانیش مەلا مستەفایان بە سەرۆکی خۆیان دەزانی

خۆ کوردەکانی سوریاو لوبنان هەڕەشەی دەسەلاتیان لە مەلا مستەفا نەکرد، ئەی بۆ مەلا مستەفا دەستی خستە نێو ئەوان و ئەوانیشی پەرتەوازە پێکردن؟

.هەرلە سەرەتاوە مەلا مستەفا پیلانرێژی کرا، نەخۆی بەلکوو ب بەکار دەهێندرا، تا ئاشبەتال بکات

ئەگینا ٤٠کەنجی خوێن گەرمی ئێران دەبێت چ هەڕەشەیەک لە دەسەلاتی مەلا مستەفا بکەن؟

یا خانمێکی ئەلمانی کە دەبێتە پێشمەرگە پارێزکاری لە کوردستان دەکات، بۆ مەسعود بارزانی تەسلیمی تورکە فاشستەکانی دەکات؟

خوێنەری هێژا، کورد بەشمەینەت، ئەگەر ئەمە بوختانە با وەک چۆن پێشتر سکالایان بە پارەی هەژارانی کوردستان لە کوردستانپۆست کرد، بۆ سکالم لەسەر تۆمار ناکەن و بمدەن بە دادگا، ئەگەر تەنها درۆیەک لە نووسیەنەکانمدا دەدۆزنەوە، ئەگەر ڕاست دەکەن؟

.ئەگەریش ڕاست دەکەم، کوردە هەڵمەتێک لە داخی بێدەنگیت هێندەم نەماوە

بۆ کۆتایی ئەم نووسینەمان، دەڵێم، ئێمە باسی چەرخی عەباسی ناکەین زۆربەی ئەمانەمان بە چاوی خۆمان دیتوە، یان بیستوومانە، هەر هەمووی ٣٩ ساڵ پێش ئێستا بوون، شایەدحاڵەکان هێشتا زۆربەیان زیندوون، .ئەگەر ئێوەش زیندوون

......

لە ڕۆژی ١٤ی تەمووزی ساڵی١٩٥٨ کاتێک لە لایەن عبدوالکەریم قاسم و هاوڕێیانی کە کۆمەڵێک ئەفسەری سەربازی وڵاتی پێک دەهێنا،بە کودتایەک شۆڕشی لە دژی حوکمی پاشایەتی بنەماڵەی چەوسێنەری دەسکردی بریتانیاکان لە دوای نزیک بە سی ساڵ حاکمیەت، کۆتایی پێ هێنا.حوکمی وڵاتی لە پاشایەتی دیکتاتۆریە و بۆ کۆماری کۆری و یەکمین سەرکردەی سیاسی عەرەب بوو کە باوەری بە پاکتاوی نژادی نەبوو و مافی عەرەبی پێش مافەکانی کوردی نەخست وێرای ئەوەی کە کورد لە سەردەمی پاشایەتی مەلیک فەیسل لە یاسادا کورد بە شەعب ناوی هاتوە بەڵام لە حوکمڕانی کۆماری قاسم دا گەلی کورد بە هاووڵاتی دەناسێنێت و .بە کردار و بەشداری کردنی کوردەکان لە ناو دەسەڵاتەکەی دا ئەو ڕاستیەی ئەسەلمێنێت

لە دوای جەنگی دوهەمی جیهانی و دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە لایەن بریتانیاکان، ئەمریکا بە ئارامی لە هەوڵی جێ پێ خۆش کردنی خۆی دا بوو لە ناوچەکە سوتەمەنی ئەو هێژمونگەراییش بۆ ئەمریکا شەڕی ناسیونالیزمی نەتەوەکان بوو بە تایبەت لە عێراق و ئێران کە هەر دو دەسەڵاتی پاشایەتی لە ژێر فەرمانی بریتانیەکان دا بوو.بە هاتنی قاسم بۆ سەر دەسەڵات لە دوای ساڵێک هەواڵگری ئەمریکا هەوڵی تیرۆرکردنی ئەو کەسایەتیە نیشتمانیەی دا بە هاوکاری ئەندامێکی خۆیان سەدام حسێن، کە هەوڵی تیرۆرکردنە شکستی هێنا و بەبریندار گرایەوە بۆ سۆریا،کورد لە ژێر ناوی ناسیونالیزم و پارتی ئیشتراکی عێراقیش بە زێهنیەتی شۆڤینیزمی عەرەب بە١٩٦٨ هاوکاری ئەمریکا و ساواکی ئێران هەوڵی نائارامی عێراقیان دا تا کودتاکەی ئەحمەد حەسەن بەکر لە دژی عەبدولرەحمان عارف لە ساڵی ١٩٦٨.چونکە سەقامگیری عێراق و خۆشگەزەرانی هاووڵاتیان، پێشکەوتنەکانی ئەم وڵاتە لە لایەن ساواکەوە بە هەڕەشەیان بۆ سەر خۆیان .دەزانی

کاتێک قاسم لە ژێر کاریگەری فکری چەپ و کەسایەتیەکی نیشتمانی و ڕۆشنبیر کۆمەڵێک گۆڕانکاری ڕیشەی لە وڵاتدا جێ کردو یاسای چاک سازی دەست پێکرد کە سەرجەم عێراقی بێ جیاوازی دەگرتەوە ،هەندێک لە

سەرۆک خێڵەکان و دەرەبەگەکانی ناپاکی کورد لە سەردانێک دا بۆ بەغدا بە مەبەستی دیدار و گفتگۆ لە سەر ئەم چاکسازیە بەرێکەوتن،تەوەری دانیشتنەکە لەگەڵ قاسم بۆ ئەوە بوو کە داوای لێ بکەن یاسای چاکسازی کە بۆ ئاغا و دەرەبەگەکان گرنگترینی دابەشی ئەرازی (تەقسیم) یان ئیصلاحاتی ئەرزی بوو ئەوان نەگرێتەوە،لە بەرامبەریش ئامادەن هەموو جۆرە خزمەتێکی قاسم بکەن.

مەلا مستەفا بارزانی و هاورێیانی کە لە سەر دەمی پێش روخانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، بە دانیشتنی لەگەڵ شای ئێران لە پایتەخی ئەم وڵاتە رەزامەندی وەربگرێت وەکو پەنابەر رووی لە وڵاتی یەکێتی سۆڤیەت بکات،لە دوای گەیشتنی قاسم بە دەسەڵات ،لە ژێر گوشاری یەکێتی سۆڤیەت بارزانی و هاورێیانیان ناردەوە بۆ عێراق، لێبوردنی گشتی بۆ هەموو خەڵک دەرچوو،ئەو کۆمەڵە دەرەبەگ و ئاغایانە کە دژی یاسای چاکسازی قاسم بوون چونکە چیتر نەیان دەتوانی حوکمی زۆرینەی خەڵکی کوردستان بکەن تاکوو زۆرینەی خەڵکی کورد وەکوو کۆیلە بە بارمتەگیراو لە سەرخاکی باب و باپیرانیان کەمینەیەک سەرۆک خێڵ لەسەر رەنج و زەحمەت و ماندوبونی ئەوان شاهانە بژین هاوشێوەی ئێستای حوکمی بنەماڵەی حیزبی هەرێم ،سەرئەنجام ئەم هەلەیان قۆستەوە خۆیان خزاندە پاڵ بارزانی و ئەو پیاوەیان هاندا دژی قاسم شەری چەکداری دەست پێ بکەن،ئەم شەر فرۆشتنەی سەرۆک خێڵەکان بە سەرکردایەتی بارزانی بە قاسم ،ئاژاوەو فیتنە نانەوەی لە وڵات بە هاوکاری (بەعث و ساواکی ئێران و موسادی ئیسرائیل و سیای ئەمریکا) نازناوێکی جوانیان بۆ داتاشی "شۆرشی ئەیلول" ،کە کۆتایەکەی بە هەرەس هێنانی شەری چەکداری کورد بە رێکەوتنی (عێراق و شای ئێران کۆتایی پێهات(رێکەوتنامەی الجزایر١٩٥

رێکەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ کە بە یەکێک لە گرنگترین رووداوە مێژوووییەکانی عێراق و باکوری عێراق دەکرێت بناسرێت چونکە گۆرینی دەستوری عێراقی بۆکراوەو لە هەموو سەردەمێک دا ئەتوانرێت کار بەو یاسایە بکرێت لەم رۆژەدا لە سەرتاسەری کوردستان بە هۆی ئەم رووداوە مێژووییە جێژن و کۆڤەندیان بۆ گێرا بەو پێیە جێگری سەرۆک کومار و پێنج وەزیر و پارێزگاری سێ شاری گەورەی کوردستانیش کورد دەبن،لە دوای چوار ساڵ بەردەوام بونی ئەو بارودۆخە سەرئەنجام سەرکردایەتی سیاسی ئەوکاتی کورد بە بیانوی ناکۆکی لە نێوان خاڵی جێ بەجێ کردنی کەرکوکدا( قودسی کوردستان) لە شیعارە سواوەکانی ناسیونالیزمی کوردی دا بە زۆری بۆ شەری قەومی تایفی باسی لێوەدەکەن و خەڵکی کوردستانیان کەراندووە،کۆتایی بەم رێکەوتنە هێنا و شەری سەربازیان دژی بەغدا راگەیاندەوە،بەڵام گێرانەوەکانی عیسی پێژمان ئەو بۆچونانە بە درۆ ئەخاتەوە خۆی لە بیرەوەریەکانی دا بە وردی ئاماژە بەو پلانە ئەدات و ئەڵێت من بەر لە ٧٥ پێشنیاری ئەوەم بە شاە کرد کە کوردەکان هان بدەینەوە لە دژی بەغدا شەر دەست پێ بکەنەوە چونکە ئەم بارودۆخە مەترسیە بۆ سەر ئاسایشی ئێران،لە وڵامدا رەزا شا ئەڵێت چۆن؟شتی وا نابێت،عێسی پێژمانیش ئەڵێت تۆ کارت نەبێت من خۆم ئەوە هەڵدەسورێنم،بەس هەندێک پارەو چەکم پێ بدە من ئەوان بەکار دێنمەوە لە دژی حکومەتەکەیان، لە دوای سەرکەوتنی ئەم پلانە دوای ساڵێک بارزانی لە دیرێکدا وتی "کار من تمام شد" واتا،تا ئێرەکانە ماموریەتی من بوو بە یەک دێر هەموو کوردی کردە قوربانی و بەر رەحمەتی پۆستاڵی بەعث،بە دەیان ملیۆن دۆلار دارای ئەوکاتی حیزب تێی قوچاند بۆ ئەمریکا و لشکری ١٥٠ هەزار

چەکداری هەرەس پێهێنا و وەکوو سینی زێڕ پێشکەشی دڕندەکانی بەعثی کرد،بارزانیش لەو ماوەیەی کە ساواک لە سەرەوە هاوکاری بەناو شۆڕشی دەکرد ولە ژێرەوە فیتنەی ئەیلولی بنکوڵ دەکرد کە لە بنەڕەتدا دا شتێک بە ناوی شۆڕش بونی نەبوو تەنیا بەکارهێنانی کوردەکان بوو لە ژێر چەمکی ناسیونالیزم دژ بە ئاشتەوایی و سەقامگیری عێراق، بۆ خۆش خزمەت کردنی شای ئێران تیرۆر کردنی سەرکردە سیاسیەکانی رۆژهەلأت و تەرمی شەهید سلێمان معینیان ڕادەستی ساواک کردبوە بەمەش بارزانیەکان کۆتاییان بە تێکۆشانی رۆژهەلأتی کوردستانیش هێنا کە دژی حکومەتی تاغوت دەجەنگان،مستەفا زەڵمی لە بیرەوەریەکانی دا ئەڵێت ئەوکات بە سەرکردایەتی سیاسی کوردم وت ئێوە جگە لە ئێران هیچ ولأتێکی تر پشتیوانیتان دەکات؟ واتا کەر زەمەن کۆڕاو ئێران دەستی لە پشتیوانی ئێووە هەڵگرت هیچ پشتیوانی دیکەتان هەیە کە بە ناو شۆڕش هەرەس نەهێنێت، کە پێی دەڵێن بەڵی ولأتی دیکەش هەن لە سەر پرسی کورد لە سەر هێڵن کە دواتر بە ڕێکەوتنەکە کاری بارزانیش کۆتایی پێ هات و ئەم ڕێکەوتنە دوای پێنج ساڵ لە سەرکەوتنی شۆڕشی کەلانی ئێران و هاتنە سەر دەسەلأتی خومەینی شەڕی هەشت ساڵەی ئەو دو ولأتەی لێ دوروست دەبێت کە بە هەزاران کوژراو و ملیۆنها ئینسان قوربانی جەنگی لێکەوتەوە.لە دوای هێنانی بەعثیەکان بۆ سەر دەسەلأت بە کودتایەک لە لایەن ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام وەک جێگیرەکەی لە عێراق و زەق کردنەوی ناسیونالیزم لە ناو کەلاندا و شەڕ کردن بە عێراق بۆ ئەوەی خەرجیەکانی ولأت زیاد لە ئەندازە بچێتە سەرێ تاکوو ئامادەی قبوڵ کردنی قەرزی نێودەوڵەتی بێت بە ئامانجی مۆنۆپۆل کردنی ژێر خانی ئابوری، نەوتی عێراق دەست بەسەردا بگرن .شەڕی هەشت ساڵەیان بە سەر ئێراندا سەپاند و بیانوی شەڕەکەش وەرگرتنەوەی بەشێک لەخاکی عێراق بوو لە ئێران کە لە سەر کوردانی باکوری عێراق بە ڕێکەوتننامەی الجزایر سازشی لەسەر کرابوو حکومەتی سەدام ڕێکەوتننامەکەی دڕاند و داوای خاکەکەی لە دەسەلأتی نوێی ئێران دەکردەوە.لە دوای هەشت ساڵ جەنگ کە عێراق هیچی بۆ دەربەر نەکرابوو زیانێکی ئابوری زۆریش بە هەر دو ولأت کەیاند بو هەر چەند تا ئەوکاتیش نەوتی ئێران بە بارمتەی کۆمپانیا بیانیەکان بوو چونکە شا پێش ڕۆیشتنی لە دەسەلأت نەوتەکەی پێش فرۆش کردبوو پارەکەشی لە بانکەکانی ئورووپا و ئەمریکا دانابوو،سەرئەنجام لە دوای بە جێهشتنی ئێران پارەی فرۆشتنی نەوت بۆ ئێران نەگەرایەوە .هاوشێوەی زۆر دیکتاتۆری بەکرێگیراوی دیکە

بە ئارامی پلانی ئەمریکا بۆ داگیر کردنی ولأتانی ناوچەکە سەری دەگرت،سەدام دەوڵەتێکی نەهێنی بوو لە ناو دەوڵەتەکەی ئەحمەد حەسەن بەکەر،برایەکی سەدام کە سەرۆکی دەزگای هەواڵگری بوو،داوای لە سەرۆک کۆمار کرد لە ڕاگەیاندنێک دا دەست لە کار کێشانەوەی پێش بکات و دەسەلأت بە تەواوێ رادەستی سەدام حسێن بکات،سەدام هاتە سەر دەسەلأتی ولأتێک کە پێشتر قەرزدار نەبوو،ژێر خانی ئابوری و کەرتی کشت و کاڵ و پیشەسازی بەهێز بوو،بونی کەسێکی کەمژەی دیکتاتۆرێکی وەک سەدام ولأتی توشی جەنگ و قەرزدار کردن و کەمارۆدان ،دارمانی ئابوری کرد و لە لایەن جیهانەوە ئەو ولأتەی مونزەوی کرد و جیهان دەرگاکانی پێوەندی بە سەر عێراق دا داخست،لە راستی دا سەدام نە سەرکردەیەکی سیاسی بوو نە نیشتمانی و نەتەوەی بەڵکو عەرەبێ شۆڤینی ناو حیزبی بەعث سیخوری سیای ئەمریکا بوو،ئەرکی ئەو پیاوە ئەوە بوو عێراق

ئامادە بکات رادەستی ئەمریکا بکات و بیانو بداتە زلهێزەکان،شەڕی ئەو دو وڵاتە دراوسێیە چاوەروان کراو بەرنامەدارێژراو بوو،پێش روخانی حکومەتی شا ،لێی دەپرسن هۆکاری کرینی ئەو هەموو کۆپتێرە چیە لە وڵام دا ئەڵێت جیرانەکەم ئەو هەموو تانکەی بۆچیە؟شای ئێران لە حاڵەتێکدا وڵاتی جێهێشت و شۆڕشیان لە دژی کرد کە سپای ئەو وڵاتە لەو پەڕی بەهێزی و پڕچەک کردن دابوو،لە کۆتایی ساڵەکانی ژیانی سیاسی ئەو پیاوە چووە بەرەی روسیە و پشتی لە ئەمریکا کرد و عێراقیش دوای کودتاکەی ئەحمەد حەسەن بەکر تەواو پڕ چەک کرا تا ئاستێک هەندێک کۆمپانیای بیانی چەکی قەدەغەکراوی کیمیای پێ بفرۆشن.گەراندنەوەی کەسێکی بە رەچەڵەک هێندی پاکستانی شیعی مەزهەبی توندرەو بۆ ئێران کە دەست پەروەردەی ئەمریکیەکان بوو هاوکات لەگەڵ جاسوسێکی ئەمریکیەکان،هەڵگری شەڕێکی تەمام عەیاری دو وڵاتێ دراوسێ بوو کە لە سەدەی بیستەمدا بە درێژترین جەنگ لە دوای شەڕی ڤیێتنام پێناسە دەکرێت دو وڵاتی پڕ لە سامانی سروشتی و نەوت وگاز لە رۆژهەڵاتی ناوین لە لایەن دو دەست پەروەردەی ئەمریکا سەرکردایەتی دەکرا بۆ ئەوەی ئارامی و ئاسایشی ناوچەکە تێک بدەن،دامەزراندنی دەوڵەتێکی شیعی مەزهەب چەندە ئامانجێکی سیاسی لە پشت بوو ئەوەندەش ڕەهەند و پاڵنەرێکی ئابوری لە پشت بوو بۆ ترساندنی وڵاتانی سونە تاکوو بە کورتەیەک تا ئێرە،(مێژوو پێمان دەڵێت بارزانی و هاوڕێیانی لە گەرانەوەیان بۆعێراق تا نیوەی دەیەی حەفتاکان شەڕی بە وەکالەتی ساواکی ئێران و بەرژەوەندی ئەمریکایان دەکرد دژ بە گەلانی عێراق و بە تایبەتیش گەلی کورد،چونکە ئەوکات سەرکردەی سیاسی و نیشتمانی هەر وڵاتێک لە رۆژهەڵاتی ناوین بۆنی شیوعیەتی لێ هاتبا،ئەمریکا بۆی لە بۆسە دا دەبوو.لە هەشتاکانیش دا بارزانی بە درووست کردنی قیادەی موەقەت کە عەبدولرحمان سامی سەرکردایەتی دەکرد شەڕی بە وەکالەتی واواک(ئیتلاعات)کۆماری ئیسلامی ئێرانیان دەکرد دژ بە گەلی رۆژهەڵاتی کوردستان و شان بە شانی سپای پاسداران ،بست بە بستی خاکی رۆژهەڵاتیان (لە پێشمەرگەکانی رۆژهەڵات بۆ ئێران پاکسازی کرد تا کەمپ نشینی و دابەش کردنیان بە سەر چەند بەرەدا

هەڵگیرسانەوەی شەڕی چەکداری کوردەکانی باکوری عێراق لە دوای نسکۆی ٧٥ لە لایەن ئەمریکاوە ئاراستە دەکرا،لەو ماوەیەی دا کوردەکان گەر بێ دەنگیان هەڵبژاردبا هەگیز توشی کارەسات و ژینوساید نەدەبوون،بەڵام ئەمریکا کوردەکانی بەکار هێنا بۆ ئەوەی هێڵێکی پاراستن بۆ ناوچە کوردیەکان بکشێن تاکوو دەسەڵاتی سەدام بچوک و لاواز بکەنەوە،بۆ ئەوەش ئەمریکا پێویستی بەوە بوو کارێک بکات ڕای گشتی جیهان بۆ لای خۆی ڕابکێشت ،بۆ ئەم مەبەستەش ئەنفال و کیمیابارانی هەڵبجە بکاتە سێناریۆیەکی بەهێز دژ بە سەدام.بۆ ئەمەش دەبوو قیادەی کوردەکان سود لە جەنگی ئەو دو وڵاتە وەربگرن تا ئەوەی کە یەکێتی جلەوەی سەربازانی ئێرانی گرتە بەر بۆ لێدانی کورزی کەمرشکێنی ئابوری و تەقاندنەوەی پاڵاوگەی نەوتی کەرکوک کە سرمایەکی مادی و نیشتمانی باکوری عێراق بو تا ئێستاش هەرێمی کوردستان بە دەست نەبونی پاڵاوگەی ستانداردەوە دەناڵێنێت و لە لایەن ئێرانەوە سوتەمەنی هاوردەی هەرێم دەکرێت.ئەوەش سەدامی ناچار کرد خەڵکی سڤیل بە ئامانج بگرێت و چەکی قەدەغە کراوی کیمیایی لەشاری هەڵبجە لە بورای ١٦/٣/١٩٨٨ لە دژی کوردەکان بەکار بێنێت و هەزاران قوربانی لێکەوتەوە بە بیانوی بونی هێزەکانی ئێران لە

ناو خاکی عێراق ،لێرەدا سەدام کەوتە ئەو داوەی کە بۆیان نابۆوە،لە ئایندەیەکی نزیکدا ناوچەی هێڵی ٣٦ دامەزێنن.

## ....پرۆسەی داگیر کردنی کویت لە لایەن سەدامەوە

لە دوای دو ساڵ کوتایی هاتنی شەڕی ئەو دوڵاتە لە دوی ئابی ١٩٩٠ سەدام جوڵەی بە جەیشی وڵاتەکەی کرد بە ئاراستەی داگیر کردنی کویت و گەراندنەوەی بۆ سەر عێراق وەک شازدەهەمین پارێزگای ئەو وڵاتە،گوایە بیانوی داگیر کردنەش بۆ ئەوە دەگەرێنێتەوە کە ئەم وڵاتە لەگەڵ عەرەبستان لە بورسەی جیهانی یاری بە نرخی نەوت کردوە دژ بە سەدام ،بەڵام هۆکاری ڕاستەقینە ئەوە بوو سەدام قەرزێکی زۆری لە سەر بوو ،ژێرخانی ئابوری وڵات تەواو تێک چوو بوو.هەر بۆیە سەدام وەک قەرەبوو کردنەوەی زیانەکانی ئابوری جەنگی هەشت ساڵەو قەرزە کەڵەکە بووەکانی بە هۆی جەنگەوە، بۆ ماوەی پێنج مانگ کویتی داگیر کرد تا سەرئەنجام لە دوای هەڕەشەکانی ئەمریکا و چەند وڵاتێکی عەرەبی بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی دەرکرد و فەرمانی بە سپا کرد بگەڕێنەوە ناو عێراق،سەر ڕای تەقاندنەوەی سەرجەم کێڵگە نەوتیەکانی ئەو وڵاتە بەڵام خەڵکەکەی ئەنفال نەکرد چونکە عەرەب نابێت ئەنفال بکرێت،هەر چەند ئەمریکا دەوری سەرەکی بینیوە لە هاندانی سەدام بۆ داگیر کردنی کویت چونکە دواجار عێراق بە گەرانەوە بۆ ئەوان،ئەمریکا لە ڕێگای سفارەتی وڵاتەکەی گڵۆپی سەوزی بۆ سەدام هەڵکرد تاکوو کویت داگیر بکات،دەرئەنجامی ئەو داگیرکاری و تاڵانیەش هێرشی چاوەروان نەکراوی ئەمریکیەکان بوو بۆ سەر کاروانی سەربازی عێراق لە کاتی گەرانەوەیان،بەمەش سپای عێراق تەواو .تێک شکا و لاواز بوو

.....دامەزراندنی قەوارەی سیاسی هەرێم#

بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش بە مەبەستی دروست کردنی قەوارەی کوردی لە عێراق، کوشاری ئابوری ، سیاسی لە سەر عێراق و سپایەکی شکست خواردو شەکەت و هیلاک.بۆ ماوەی شەش ساڵ ئەمریکا چاوەڕێی کرد عێراق ڕەزامەندی خۆی نیشان بدات بۆ وەرگرتنی مەرجەکانی قەرزەی دەرەکی بەڵام سەدام ملکەچی ئەو بڕیارە نەبوو،شەڕی ناوخۆی کوردیش لە باشور مەسێجێکی ئەمریکا بوو بۆ سەدام وەک دواین دەرفەت بەو دەسەڵاتە گەر ئامادەی قبوڵ کردن بیت پرسی کوردەکان لە بەرژەوەندی تۆدا دەشکێنینەوە دواجار کە سیخوریەکانی ئەمریکا بە نائومێدی بەرەو ئەمریکا گەرانەوە لە ساڵی ٢٠٠٠ لە ژورە داخراو تاریکەکانی نیویۆرک بڕیاری جەنگی یەک لاکەرەوەیان لە دژی دەسەڵاتە دیکتاتۆریەکی سەدام دا بۆ ئەوەی سەربازانی ناتۆ بچنە عێراق تاکوو بکوژن و بکوژرێن کە لە ساڵی ٢٠٠٣ لە کۆشکی سپی خستیانە بواری جێ بە جێ کردنەوە لە ماوەی دو حەفتەدا لە ئەمریکا میدیاکانی گلۆبالیست ڕای کشتی خەڵکی ئەمریکایان ڕازی کرد بۆ هێرش بردنە سەر ئەو وڵاتە بە بیانوی ئەوەی کە عێراق هەڕەشەیە بۆ سەر بەرژەوەندی و ئەمنیەتی وڵاتەکەیان و خاوەنی چەکی کۆمەڵکوژ و ناوەکیە کە لەدوای پرۆسەی داگیرکاری عێراق لە لایەن ئەمریکا،بۆ ڕای کشتی جیهانی دەرکەوت هیچ چەکێک لەم شێوەیە بونی نەبووەو سەدام بەرنامەی چەکی ئەتۆمی لە ئارادا

نەبووە.گلۆبالیستەکان ئەو هێزانەن لە جیهان کە بۆ ماوەی زیاتر لە دوسەدەیە پشتی پەردە جیهان بەرێووە دەبەن و ڕوادەکانی جیهانی بە ئامانجی بەرژەوەندی خۆیان تەواو دەکەن و تەنانەت هەر ئەوان بوون عبداللە ئوجەلانیان گرتو ڕادەستی تورکیەیان کردەوە چونکە بونی فکری ئاپۆ (ئاشتی برایەتی و پێکەوە ژیان) مەترسی بو بۆ سەر پرۆسەی تالان کردنی ڕۆژهەلاتی ناوین ،ڕێگر بو لە بەردەم سیاسەتی داگیرکاری ئەوان،هەروەها خاوەنی سێ شۆڕشی گەورەی جیهانی و دو جەنگی یەکەم و دوهەمی جیهان و ئامادە کاری بۆ سەرهەلدانی جەنگی سێهەمیشن.شیعەی بترسێن و چەکانیان پێ بفرۆشن و نەوتەکەیان پۆلێن بکەنسالی و تا کۆتایەکەی کە لە ٣١ی YNK ١٩٩١ وە شەری هێژمونکەرایی بنەمالەی خۆیان لە باشور دەست پێکرد لەگەل ئابی ١٩٩٦ بە ئەتک کردنی پەرلمانی کوردستان و هێنانی جەیشی بەعث بۆ سەر هەرێم تا ئەم ساتە بە ئامانجی پرۆژەی تەواو کردنی بەعث حاکمیەت دەکەن و هەر لە کەرانەوەیان لەکەرەج بۆ هەولێر شەری بە و گەلی کورد لە باکوری کوردستان تا ئەو جێکەیی کە بارزانی کوڕ لە سالی pkk وەکالەتی تورکیا دەکەن دژ بە ٢٠٠٤ بە ڕۆژنامەی حریەتی زمانحالی تورکیە دەلێت تا ئێستا سێ هەزار پێشمەرکەم(چەکداری پارتی) لە دژی بۆ تورکیا بە کوشت داوە،چەندی دیکەش بەکوشت بدەم تا ئەردۆغان بڕوام پێ بکات؟ pkk

لە ٢٠١١ بەم لاوە لەگەل سەرهەلدانی بەهاری عەرەبی و دواتر لە سوریا دژ بە کوردانی ڕۆژئاوا شەری بە وەکالەتی تورکیەیان کرد ودوروست کردنی هێزی بەکرێگیراوی ڕۆژ هاوشێوەی قیادە موەقەتی هەشتاکان بە ئامانجی تێکدانی شۆڕش و سەرهەلدانی گەلی کورد لە ڕۆژئاوا کۆاستنەوەی ئەزمونی شکست خواردوی .باشور بۆ ڕۆژئاوا فیفتی بە فیفتیەکەی خۆیان

لە ٢٠ بە ئەنجامدانی ڕێفراندۆمی گالتەجاریەکی باشور و کە٢٠١٧ش هەولێکی میتی تورک وبارزانی بوو بۆ لاواز کردنی پێگەی هەرێم لە ناو عێراق و لەسەر ئاستی هەرێمی و جیهانی کە دواتر ئەنجامەکەمان بینیوە بارزانی داوای دانیشتن لە گەل عێراق دەکات بە مەبەستی ئاسایی کردنەوەی پێوەندیەکانیان کە سال لەدوای .سال بەرەو ئاراستەیەکی خراپیان بردوە

## هەلوێست و وتەکانی مەلا مستەفای بارزانی دوای ئاشبەتال

گوایە بارزانی کوردی بە دونیا ناساند ، ڕاستیەکەی ئەوەیە کە کورد بارزانی بە دونیا ناساند. مەلا مستەفا ، دوای ئاشبەتال گەل و نیشتیمانەکەی جێهێشت و دوور لە ولات لە ئاوارەییدا کۆچی دوایی کرد. مەلا لەو جۆرە سەرکردانە نەبوو وەك زۆرێك لە سەرکردەکانی بزوتنەوە ڕزکاریخوازەکانی دونیا کۆمەلێك لە ئەزموون و فەلسەفە و کتێب و نوسراوەی لە دوای خۆی جێ هێشتبێت بۆ ئەوەی گەلی کورد بیکردایەتە ڕێبازو ڕێگای دوارۆژی خۆی و شانازی پێوە بکردایە. مەلا مستەفا مرد ، بەلام چی دوای خۆی جێهێشت بۆ گەلی کورد؟ ئەو بیرکردنەوە چەوت و سیاسەتە خەتەرناکەی ئەمرۆش خێزانی بارزانی بە ناوی پارتیەوە ڕەفتاری پێوە دەکەن هەمان ئەوەی بارزانی باوکەو بگرە خراپتریش. لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاورێك بۆ مێژووی ڕابوردو .بدەمەوە

(وتەکانی بارزانی بۆ میدیاکان ، دوای ئاشبەتاڵ)

ئەمیر تاهیری سەرنوسەری ڕۆژنامەی کەیهانی تارانی لە دوای ئاشبەتال گفتوگۆیەك لەگەل مەلا مستەفا دەکات کە لە کەیهانی هەواڵیدا لە شەمەی ڕێکەوتی ١٠ی مایسی ١٩٧٥ بلاوکراوەتەوەو لێرەدا تەنها کورتەیەکی :دەنوسمەوە : بارزانی دەڵێت

."کاری من کەیشتۆتە دوایی و ئیتر من هەرکیز دەوریکم نابێت لە ڕابەرایەتی کوردەکانی عێراقدا"

ئەو ڕۆژنامەنوسە دەڵێت: "بارزانی ئێستا لەگەڵ خێزانەکەی لە نزیکی تاران ئەژی. هەفتەیەك لەمەوبەر کە بۆ دیتنی ئەچووم زۆر شادومان دەهاتە بەر چاو. کاتێك کە باسی کۆتایی هاتنی جەنگی خۆی دەکرد لە سەروی عێراق و کۆتایی ژیانی سیاسی خۆی ڕادەکەیاند بچووکترین نیشانەی تاڵی یا پەژارە لە دوانەکەیدا بەدی :نەدەکرا. لێرەدا تاهیری دەنوسێت

مەلا ، کە ئێستا جل و بەرگی محەلیی کوردیی خستۆتە لاوە و چاکەت و پانتۆڵ ئەپۆشێ و بۆینباخ" :دەبەستێ لە تەواوی ئەو دیدارە ٩٥ خولەکەدا یەك لەدوای یەك تەئکیدی دەکرد و دەیوت

من بەندەیەکی ناچیزی خوای گەورەم. هەموو شت لە پێشەوە لە کتێبی چارەنوسدا هاتوە و بەندەکان" ."ناتوانن لێی ڕابکەن

:بارزانی ووتی

."...هەرکیز بەقەد ئەمرۆ هەستم بە تەندروستی و ئارامی نەکردوە"

بارزانی لەسەری ڕۆیشت کە پێشتر لە ڕێکەوتنی ئێران و عێراق لە جەزائیر هیچ ئاگاداریەکی نەبووە ، بەلام .ئەو پشتیوانیی لەم ڕێکەوتنە ئەکات چونکە موافەقەتی هەموو کوردانە

شۆڕشگێڕی پیر کە دوو مانگ لەوەو بەر وازی لە جگەرە کێشان هێناوە و ئێستا پایپ دەکێشێت، درێژەیدا بە قسە و وەلامی ئەو پرسیارەی داینەوە کە کوردەکانی عێراق دەبێت چی بکەن؟

:بارزانی لە وەلامی ئەم پرسیارەدا ووتی

من لێرەم و ئەوان لەوێ، هەموو شت بەندە بە خۆیانەوە. من ئیتر ڕابەر نیم و ئێوەش دڵنیا دەکەم کە هەرکیز" دووبارە نابمەوە بە ڕابەر. من تەواو بووم ، موتڵەقەن تەواو بووم ، ئارەزووم ئەوەیە کە ناوم لە مێژودا

بسڕنەوە، بەڵام ئێوە ڕۆژنامە نووسەکان واز ناهێنن ..". (بڕوانە مەلا مستەفا تەنانەت بڕیاری ئاشبەتاڵەکەی و ئەو تراژیدیا گەورەیە دەخاتە ملی خودا و بە چارەنووس و بڕیاری خودا ناوی دەبات ، نوسەر).

تاهیری دەنوسێت: "بارزانی بە توندی هێرشی کردە سەر هەندێك کوردی عێراقیی کە لە دەرەوە هەندێك قسەیان دژی ئێران کردوە و وتی:

"ئەوانە ئینسان نین، کورد نین، پیاو نین". دەربارەی یەکێك لەوانە عیسمەت شەریف وانلی، بارزانی ووتی:

"ئەو خۆی فرۆشتووە، ئەو هیولایەکە لە شێوەی بەشەردا ... و ئەمانە موسوڵمان نین".

تەنانەت ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی عەرەب محمد حسنین هیکل لە گفتوگۆیەکدا کە لە تاران لەگەل مەلا مستەفا کردی بە تەوسەوە پێی دەلێت: "چاوەڕێم نەدەکرد بە چاکەت و پانتۆڵەوە لە کۆشکێکی تاراندا لە ئێران ببینم ، بەلکو ئەمویست بە جل و بەرگی کوردیەوە لەپەنا بەردێکی کوردستاندا چاوم پێت بکەوتایە ...".

ڕۆژنامەی die welt لەگەڵ دیدارێك لەگەڵ بارزانیدا لە کاتی ئاشبەتاڵەکەی ١.٤.١٩٧٥ لە ڕێکەوتی ی ناسراوی ئەڵمانی لە (Günter DESCHNER) مەلا مستەفا دەکات بە ناونیشانی "شا کۆتایی بە شەڕ دێنێت". ڕۆژنامە نووسەکە دوا پرسیاریدا لە بارزانی دەپرسێت:

پلانە شەخسیەکانت چی دەبن؟ دەڵێن داوات لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا کردوە وەك پەناهەندە وەرت بگرێت".

بارزانی دەڵێت : "من لای کەلەکەم دەمێنمەوە تا دوا ڕۆژی ژیانم". دوا ڕۆژی ژیانی ئەوە بوو لە ئەمریکا وەك پەناهەندەیەك هەر وەك شای ئێران کۆچی دوایان پێکرد ، دوور لە گەل ولاتەکەی. مەلا مستەفا ئەم قسە پڕوپوچانە بە ئاشکرا بەرامبەر ڕۆژنامەنووسانێك دەکات کە ئەزانێت ئەینووسن و خەلکیی دەیخوێننەوە ، جا ئاخۆ دەبێ لە دانیشتنە نهێنی و تایبەتیەکاندا چی بلێت؟

(هەلوێستی شای ئێران و بارزانی بۆ ئاوارەکانی دوای ئاشبەتاڵ)

هەر لەو کاتەی بارزانی بە شان و باڵی شاو دەزگای سیخوڕیی ساواکدا هەڵی ئەدا ، شای جەلادی گەلانی ئێرانی بەو پەڕی بێشەرمیەوە ڕایکەیاند کە کێرمە و کێشەیەکی وەك کیروگرفتی پەنابەرانی فەلەستینی بۆخۆی دروست ناکات و پەنابەرە کوردەکانی عێراق لە فەرهەنک و شارستانیەتی ئێراندا ئەتوێنێتەوە. کەچی مەلا مستەفا سەبارەت بە ئاوارە و دەربەدەرەکانی کورد کە لە ناخۆشترین هەلومەرجی گوزەراندا ئەژیان دەیوت بە حورمەت و ئاسودەیی ئەژین و هەربۆیە بە زۆر و بە هەڕەشە و بەلێن دەیان هەزاریان لە ڕەزالەتی دەربەدەریی و ئاوارەیی شارە دوورەکانی ئێراندا گلدانەوە بۆئەوەی وەکو کەرەستەیەکی مرۆڤیی و هێزێکی

یەدەگ لەکاتی پێویستدا سەودا و مامەڵە و بازرگانییان پێوە بکات. مەبەستێکی تری ئەو زەخیرەیەی بارزانی دوایی بۆ ئەوەش بەکار هێنرا لە بزوتنەوەی نوێی کوردستانی عێراق بدەن کە خۆی بە پلەی یەکەم لە (ی.ن.ك) بینیەوە. بەلام هەر لەسەر حیسابی هەڵەکانی سەرکردایەتی یەکێتیش بوو پارتی دواتر بوو بەوەی کە هەیە... ئەقڵیەتی ئەم بنەماڵەیە بەم جۆرەیە: چۆن ئەبێت کەسانێك، هێزێکی دیکە هەبن لە ناو کوردا لە دەرەوەی سەرکردایەتی و ڕابەری ئەوان کار بکەن؟ چۆن ئەبێت کەسانی تر هەبن لەناو کورددا لەو سنورە دەربچن کە ئەوان دیارییان کردوە؟ چۆن دەبێت لەناو کورددا بەبێ ڕەزامەندی پارتی بارزانی کوردایەتی بکەن؟

مەلا مستەفا ئەو کەسە بوو کاڵتەی بەهێز و توانای گەلی کورد دەهات و ئیهانەی کەرامەت و شەرەفی ئەو گەلە بەدبەختەی دەکرد و لە ناسکترین قۆناغی ژیانی گەلەکەماندا پشتی تێکردن و جێی هێشتن و ئاشبەتالی کرد. بەشێکی گەورەی ئاوارە و دەربەدەر کرد ، خۆی و میللەتەکەشی تەسلیم بە دوژمنانی کورد کرد.

لە چاوپێکەوتنێکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان ، لە دەرەوەی ولات (ئەکسا) د. محمود عەلی عوسمان دەڵێت: "هۆی ڕاستەوخۆی هەرەس هێنانی شۆڕش هۆکاری ناوخۆ بوو. بە زنجیرە پیایدا بڕۆین بریتین لە سەرکردایەتی بارزانی پێش هەمویان، دوەم مەکتەبی سیاسی پارتی و سێیەم لیژنەی مەرکەزی.. قسەیەکی هیچ ڕاست نییە کە ئێستەش زۆر کەس دەڵێن کە بەرهەڵستی لە دژی دوژمن نەدەتوانرا بکرێت. ٢٢ ملیۆن دیناری عێراقی لە قاسەی سەرکردایەتی بوو ، ١٧ ملیۆن فیشەك ، ٦٠ هەزار پێشمەرگە و ٤٣ هەزار میلیشیا هەبوون. جگە لەمانە ڕووبەری ئەو ناوچانەی کە لە ژێر کۆنترۆڵی شۆڕشدا بوو ٤٠ هەزار کم دوجا بوو کە بەراورد دەکرێت بە نزیکەی ڕووبەری هۆڵەندا و سویسرا پێکەوە"، کەچی مەلا مستەفای بارزانی شۆڕشەکەی کۆتایی پێهێنا و وەك پیشەی هەمیشەیان تەسلیم بە دوژمن بوو ، لە کاتێکدا ڕژێمی بەعس لە لاوازیدا بوو.

(هەڵوێستی تاڵەبانی بەرامبەر بارزانی)

لە دوو ڕاپۆرتەکەی جەلال تاڵەبانیدا بۆ کۆبوونەوە فراوانەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی (ی.ن.ك) لە ٢ ـ ٢٠ ی مارتی ١٩٨٠ کە لە خڕی ناوزەنگی زەڵێ کران، تاڵەبانی دەڵێت: "کەس بووە جگە لە بارزانی لە ڕووی دوژمندا چۆك داداو لە ڕۆڵەی دڵسۆزو فیداکاری کورد و کوردستانیش هەڵسێتە سەر پاشو؟ لە ڕووی دوژمن هەڵبێت و فیرار بکات و بچێت بۆ پێشمەرگە و قارەمانەکانی کوردایەتی بۆسەو کەمین بنێتەوە؟ لە ئاستی دوژمن دەستی تەسلیم بەرز بکاتەوە؟ پاشان بە هەمان دەستی خوێناویەوە لە پشتەوە خەنجەری ژەهراوی لە شۆڕشگێرانی کورد بدات؟".

کەچی هەر تاڵەبانی بوو دواتر ووتی ئێمە هەمووومان پەروەردەی مەدرەسەی پارتین و لە پێناوی پۆستێکی سەرۆك کۆماریدا ، دەیوت دەنگ بە مەسعود بارزانی بدەن و چارەنوسی هەرێمی کوردستانی بۆ ئەو بنەماڵەیە جێهێشت. ئەو سیاسەتە چەوتەی پارتی بارزانی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دژ بە کوردانی ئەوێ

ئەنجامیداوە هەمان ئەوەشە ئەمڕۆ لە ڕۆژئاواو لە باکوری کوردستاندا دەیکات. ئەوە پارتی ـ بارزانی دوێنێ .بوو ، هی ئەمڕۆ و سبەینێش هەر هەمان شتە

پێش ئەوەی کە ئاشبەتاڵ بە شۆڕشێکی ١٢٠ هەزار پێشمەرگەی گیان لەسەر دەست بکرێت، لایەنە ئازادیخوازەکانی ناوچەکە، تکای زۆریان لە بەرزانی کرد، کە شەڕ نەکات، بە یەکێتی سۆڤێتیشەوە، بۆ ئەو مەبەستەش، نوێنەری فەرمی یەکێتی سۆڤێت، بەهەڵەداوان لە بەغداوە، خۆیکەیاندە لای بەرزانی، کە شەڕەکە نەکات، مەترسی ئەنجامەکانیشییان پێڕاگەیاند. چونکە چۆن ماتماتیکارێکی بەتوانا، دەرئەنجامی ژمێریارییەکان بە سانای بەدەست دەهێنێت، بەهەمان شێوە، زۆرینە ئاگادار بوون، کە ئەوە سیناریۆیەکە تەمەنی ساڵێک پڕ ناکاتەوە، بیرم دێت، کە لە بیری نوێدا نوسرابوو، کە ئەوە نەو شۆڕشە ١٠ مانگ تەمەنی نابێت. لەپاڵ ئەوەشدا کاریکاتێرێک دروستکرابوو، کە گاوانێک بەدەم مێشەکردنی گاگەلەکەیەوە، دەگریا. کاتیکیش لێیان پێیان گووت، بۆ دەگریت کورم ئە کاگەلەوە مێشە دەکات، ئاساییە. گاوانەکە گووتبووی بۆ ئەوانە ناگریم کە ڕایان کردوە، بەڵکوو بۆ ئەوانە دەگریم مێشیش پێوەی نەداون و کلکیان بەرز کرددۆتەوە و بەتەمای ڕاکردنن. گوێم لە گەورەکان دەگرت، کە لاقرتیان بە بیری نوێ دەکرد، و دەیانگووت، شارەکان هەر هەموویان، چونەتە شاخ، شار چۆڵ بوە، چۆن بە دە مانگ، شۆڕشێک بەو مەزنیە، دادەڕمێت. جگەلەوەش چۆن دەکرێت، کە پشت بەدووژمنێک ببەسترێت، کە گەورەهێزی ناوچەکەیە، خۆشی پارچیەکی گەورەی کوردستانی !داگیر کردوە؟

بەرزانی بە گوێی دۆستەکانی گەلەکەمانی نەکردو پشتی بە پیلانی دوژمنی گەلەکەمان بەست و گەل و .نیشتیمانی بەرەو هەڵدێربەڕێکرد

پێش ئاشبەتاڵیش، دیسان، ئازادیخواهان و نیشتیمان پەروەران، تکایان لەبەرزانی کرد، کە ئاشەتاڵ نەکات، تەنانەت حشع، حدکا، گوتیان کە بەرزانی بە نەڕەواو بۆ بەرژەوەندی دوژمن و ئیمپریالیزمی جیهان، پەلامارتاندین و سەدان و هەزارن لاو کەسانی نیشتیمان پەروەری شیوعی، حزبی دیموکراتی ئێرانییان گرت و بە دوژمنی گەلەکەمانیان فرۆشت. هێشتا ئامادەن کە بچنە ڕیزی شۆڕشەوە، ئاشەتاڵ مەکەن. دیسان بەرزانی .هیچ بەهایەکی بۆ خوێن و دوا ڕۆژی گەلەکەی دانەنا، چونکە، خۆیان واتەنەی، بڕیار لەدەستی خۆیاندا نەبوو

کاتێک بیرەوەرییەکانی کۆچکردوو، مام تۆما تۆماسم ئەندامی مەکتەبی عەسکەری حشعم خوێندەوە، کە ئەو تێکۆشەرە مەزنە نوسیبووی، کە عێراق تەنها ٣ ڕاکێتی ئاسمان بەزەمینی مابوو، سەرسامبووم، جێگەی !باوەڕم نەبوو، چونکە وولاتێکی خاوەن سامانی نەوت،چۆن دەبێت،کەپەکی بکەوێت و تەنها ٣ ڕاکێتی مابێت

مام تۆما تۆماسم لەنزیکەوە دیوە، کەسێک ڕاستکۆ و بەئەمەکی سەربازی، ئەگەر باوەڕی سیاسی نەبوایە، چیدابوو، لەو سەرماو سۆڵەو برسیەتیەی ناو چیاکانی قەندیل؟

جارێکیان مام تۆما خۆی گووتی، تەنها وورچ دەتوانێت لەم قەندیلە بژی، کەواتە ئێمەی مرۆڤ لە وورچیش بە تواناتر جەربەزەترین. بۆ ئەوەی تێبکەم پرسیاری زۆرم دەربارە کە حکومەتەکەی سەدام، کە تەنها ٣ ڕاکێتی ئاسمان بەزەمینی ماوە،لە ئەنجامی پرسیاردا دەرکەوت، کە عێراق پشتی بە چەکی سۆڤێت بەستوە، سۆڤێتیش ئاگاداری سیناریۆکەیە، بۆیە سۆڤێتیەکان ئامادە نەبوون، کە چەک بدەن بەسەدام. پاشانیش چارەنوسی سەدام بۆ ئەمەریکا گرنگ نەبوو، چونکە ئەوان توانیان، لەدوای ئاشبەتاڵ، ئێران بکەن بە زل هێزی ناوچەکە و بەلآنسی هیزی سەربازی بە ویستی خۆیان بگۆڕن، دژ بە یەکێتی سۆڤێتی. هەروەها بۆ ئیمپریالیزم گرنگ نیە، کە کێ دەکوژێت یان ماڵی کێ وێران دەبێت، بۆ ئەوان گرنگە جەنگێک بەرپا بکەن و کارخەنەکانی سەرمایەداری بەکەڕبخەن. ئیمپریالیزم ئامادەیە، شەڕ بەرێتە ناو ماڵەکەی خۆشی تا بە ئامانج بگات، بۆ نموونە هەمومان ١١ ی سێپتامبەرمان دیت، بە وێنە و دەنگ ڕەنگ سەدان و هەزران ڕاپۆرتاجی ڕۆژنامە سەرسەریەکان، کە چی دەیان و سەدان کەسانی پسپۆڕی ئەو بوارە، دەیسەلمێنن، کە بەهیچ شێوەیەک بن لادن ئاگاداری ئەو ڕووداوەی ١١ی سێپتامبەر نیە! بۆ نموونە لە پسپۆڕانی خودی خۆشیان ئەو ڕاستیە ناشارنەوە، بۆ نموونە پرۆفیسۆری کیمیای دانیمارکی (نیلس هاریت)، هەروەها دەیانی دیکەی وەک (تێری میسان)، جەخت لەوە دەکەنەوە، کە ئەو کارەساتی ١١ی سێپتامبەر، پیلانی خودی سی ئای ئەیە. لەو ڤیدیۆیەدا، نیلس هاریس ئەو بانگەشە دەسەلمێنێت، بە زمانی دانیمارکی بە تێکستی ئیگلیزی، هەروەها دەتوان کەبە عەرەبی یان ئیگلیزی بنووسن: درۆ هەرە زللە، یان فێڵە هەرە زلەکە، لە کۆکلەدا. بەلآم ئەفسووس هێشتا وولآتێکی وەکوو ئەوروپا و ئەمەریکا کە خاوەن گەورەترن مەدییای ئازادن، کەچی زۆر بەسانای دەتوانن خەڵک چاوبەست بکەن و لە خشتەیان بەرن، چونکە کەمژێندراون، لاڕێیان پێدەکەن، بە ئاشکرا سووکایەتی بە گەلانی خۆیان جیهانیش، دەکەن. ئاسانترین دەسەواژە ئەو ووشەیە کە فێرکراون بڵێن نا، بۆ .ژیانێکی ئاسوودە و کامەرانی

دوای ئاشبەتاڵ، سەدام دەستی والآبوو، بۆ لێدانی شیعەکان، سەدام ئاگاداری بزوتنەوەی شیعەکان بوو، ئەویش بەیارمەتی موساد و سیا، ئێمە بەریتانی، بەلآم سەدام لە ڕیگای سیخوڕەکانی سیا و موساد، پاشان سیخوڕەکانی خۆی، ئەوەی بۆ دەرکەوت، کە قەبارەی بزوتنەوەی شیعەکان هێندە مەزنە، ئەگەری ڕاونانی سەدامی تێدایە، ئەوەبوو سەدام کۆمەڵیک چەقۆ وەشین سەرسەری بەردایە گیانی خەڵک، دواتریش ناویاننان (ئەبوو تەبرە، تەور بەدەستەکە) ئەبوو تەبەرە بریتی بوو لە کۆمەڵیک چەت و سەرسەری دەستکردی خودی سەدام ، لەناکاو پەلاماری خەڵکی بێچەکیان دەدا، خەڵیان ڕووت دەرکردەوە و سامانەکانیان دەبرد بۆ خۆیان، پاشانیش ڕیک وەک مەڕ سەربڕین، بە تەور سەریان دەپەڕاندن. بەوەش ترس و تۆقاندنی بە ناو خەڵکدا بلآو کردوە، تا خەڵک زیاتر هاوکاری پۆلیس دەزگا سیخوڕیەکانی دەسەلآت بکات، کە گوایە دەستێکی نهێنیە و ئاسایشی نیشتیمان دەخاتە مەترسیەوە. زیاتریش ئەو گروپە کە خەڵکیان سەردەبڕی و کەشێکی ترس و تۆقاندنیان لەناو خەڵدا دروست کردبوو، زیاتر شەوانە هەڵیان دەکووتایە سەرماڵی تەنانەت بەعسیە ئازادی خوازەکانی کە بەعسیە چەپەکان ناسراوبوون ،وەک محمەد عایش کە سەدام بە دەستی خۆی کوشتی، یان شیعە چالاک و نیشتیمان پەروەرەکان، یا هەرکەسێک کەبۆنی نیشتیمان پەروەری لێبهاتایە. بۆ ئەم باسانە

بڕوانە ڕۆژنامەی فەرنسی ناودار لیفیکارۆ، تەنانەت زۆر بە ووردی باس لە هێنانە سەردەسەڵاتی بەعسیەکان و ڕوخاندنی سیتێمیکی نیشتیمان پەروەری وەک شەهید عەبدولکەریم قاسم، بەناوی نهێنیەکانی هوتێل شیراتۆن لە مێنشنی ئەڵمانی. ئەگەر بتەوێت ئەم باسنە بدۆزیتەوە، پێوسیتە پەیوەندی لەگەڵ خودی ڕۆژنامەی لیفیکارۆ بکریت، لەگەڵ ساڵ و ڕۆژی ڕوداوەکان.

پەلامارداني ناليا تێڤیش، هەمان سیناریۆیە، چونکە یەکەم بەرەو مانکە پڕ لە کارەسات و ئازاراویەکان دەچین، هەرە نزیکیان یادی ١٧ شوباتی خوێناوی، کە کارێکی وا کاریگەری لەسەر بنەماڵە داناوە، وەک ڕۆژکارەکانی ئەبوو تەبەرە کە سەدام تێدا تۆقیبوو، بەهەمان شێوە بەرزانی تۆقیوە، بۆ ڕەواندنەوە و سەرلێشێواندنی و چاندنی دڵە ڕاوکی لەناو گەلدا، ئەم سیناریۆییەیان دروست کرد، چونکە دەستەکە بە ئاشکرا دیارە، چونکە کەسانی وایان بانککردوە بۆ نارەزایی دەربرین، کەبەهیچ شێوەیەک ئاگایان لە پیلانەکە نەبوە، تەنانەت داپیرەیەک، گووتوویە، پێیان گووتم کە بریندارم، بەلام هێچ کوێم نایەشێ، کەچی ئەڵین برۆ بۆ ئەوێ تۆ بریندارێت! ئەگەر بەرزانی لە خۆی ناترسێت، پێویستی بە سیناریۆ هەزیلە نەدبوو، بەڵکوو هەر کوێێشی پێنەدادا، بەشار ئەسەد لە خەڵک تۆقیوە، بۆیە دەیان کوژێت و هەمیشە باسیان دەکات، لەئەوروپا چونکە لەخەڵک ناترسن، هیچ باسێک لەئارادا نیە، لەو ڕووەوە. یان لە سلێمانی کێی لە ڕوی دێت باسی پارتی بکات، ئەگەر دینارە سەوزەکان نەبێت، لەوە ڕیسواتربێت بنەماڵەی دەسەلات داری بەرزانی، دڵنیام ئەگەر بنەماڵەی مەلیکە بچکۆلیش دوای گربوونەوەی بکردایە، دەهێندەی بنەماڵەی بەرزانیان کۆدەکردەوە، خۆشبەختانە لە شارێکی وەک سلێمانی کە خۆی دەدات لە ملێۆن زیاتر، تەنها توانمیان ٢٠ کەسی قورمیشکراو کۆبکەنەوە، نەبێت بە قسەی برا موسڵمانەکان، قالەشێتیش دەتوانێت بەلای کەمەوە ١٠٠ بێنێتە سەرشەقام، چونکە سلێمانی بەلای کەمەوە، ١٠٠ شێتی تێدایە.

مەلا مستەفا پیاوی سۆڤیەت

بارزانی سەرکردەیەکی نەتەوەی نەبوو ، بەڵکو سەرەتا وەک بەکرێگیراوێکی یەکێتی سۆڤیەت دەستی پێکردووە، ویستی وەک بەکرێگیراوێکی چالاک سەرکەوتوو بێت ، بەڵام نەیتوانی و سەرکەوتوو نەبوو دواتر بوو بە بەکرێگیراوی مۆسادی ئیسرائیلی ...

مەلا موستەفای بارزان هیچ کاتێک سەرکردەیەکی مێژووی نیشتیمانی نەبووە ، لە ڕاستیدا نە سەرکردە بووە نە مێژوویش بووە ، بەڵکو تەنها بەکرێگیراوێکی دەزگای هەواڵگیری یەکێتی سۆڤیەت (کی جی بی) بووە ، ناوە نهێنیەکەشی (سەرۆک) بووە ، ئەو شۆڕشە کەورەیەی کە بە ناوی شۆڕشی ئەیلول بارزانی هەڵی گیرساند لە ئەیلولی ١٩٦١ هیچ کات نە شۆڕش بووە ، نە گەورەش بووە ، بەڵکو یەکێک لە کارە پێ سپێدراوەکانی یەکێتی سۆڤیەت بووە بە بارزانی ... ، ئەویش بۆ ئاڵۆزکردنی پەیوەندیەکانی ڕۆژئاوا بووە لە خۆرهەڵاتی ناوین و ئەو ئەزمەیەی ئەوکاتەی کە بەرلینی تێدا بوو .

ئەمانە ئەو ڕاستیانەن کە هەرکەسێک لە کوردستان زاتی کردبێت بیدرکێنێت ، داهاتووی بە دڵنیاییەوە نادیار بووە .

چ جا لە ڕێگەی لە ناو بردن یاخوود لە ڕێگەی کوشتن لە ژێر ئەشکەنجەدا .... لە بەرئەوەی بنەماڵەی بارزانی مێژووی لەپێشینەیان هەیە لەو کردەوانە بنەماڵەی فاخری حمە ئاغای میرگەسوری بە نموونە کە لە ناوەڕاستی حەفتاکان ی سەدەی ڕابردوو لە ناو بران لەلایەن بنەماڵەی بارزانیەوە تا ئێستاش هۆکارەکەی بە نادیاری ماوە .

هەروەها بلاوکردنەوەی ئەو زانیارییانەی پەیوەندی بنەماڵەی بارزانی و(کی جی بی) هەردەم لەلایەن بنەماڵەی بارزانیەوە ، بە تۆمەتی دوژمنانی کورد بەرامبەر بە بارزانیەکان ڕەت کراونەتەوە .

بە ناخۆشحالی بۆ بنەماڵەی بارزانی ، ئەمجارەیان زانیارییەکان پەیوەندی بە باککراوندی بەکرێگیراوی بنەماڵەی بارزانی هەیە و ئەم زانیاریانە نە هەڵبەستراون ، نە خیاڵی نووسەرێکە ، بەڵکو ئەمانە ڕاستی مێژووین کە بەم دواییانە ئاشکرا کراون لە ڕێگای ئاشکرابوونی هەندێک بەڵگەو دۆکیومێنت ی دەزگای هەواڵگری (کی جی بی) ە لە مۆسکۆ و واشنتن و لندن ، کە هەندێک بەڵگەو دۆکیومێنتن کە هەرکەس بیەوێت دەتوانێت بە ئاشکرا چاوی بەو دۆکیومێنتانە بکەوێت .

هەندێک لەو بەڵگانە حکومەتی ڕووسیا پەردەی لەسەریان هەڵداوە و ئاشکرای کردوون ، کە ئێستا لە ئەرشیفی لیژنەی مرکزیە لە پارتی شیوعی یەکێتی سۆڤیەت کە ئەو ئەرشیفانە ئێستا کشتین و دەتوانرێت بەرچاو بکەوێت .

بەشێکی تری بەڵگەنامەکان لەلایەن ئەفسەرەکانی یەکێتی سۆڤیەتەوە دزراون و دزەیان پێ کراوە دواتر بۆ ڕۆژئاوا کە هەندێکیان بلاو کراونەتەو و هەندێکیشیان چاوەڕوانی بلاو کردنەوەن ...

نهێنیەکەی مستەفا بارزانی .

ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکان لە ئەرشیفی میتروخین درووست وەک بەڵگەنامەکانی (کی جی بی) ە کە لە لیژنەی مەرکەزی یەکێتی سۆڤیەت ، لەگەڵ ئەم بەڵگەنامانەشدا ئەم لێکۆڵینەوەی تیشکیش دەخاتە سەر بەڵگەنامەی هەندێک ئەفسەری کی جی بی کە خوودی ئەو ئەفسەرانە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ مستەفا بارزانی هەبووە .

یەکێک لەو ئەفسەرانە جنرال (بافیل سودوبلاتوف)ە کە سوبلاتوف ئەفسەری بەرپرسیار بووە لەسەر بارزانی لە ماوەکانی نێوان (١٩٤٦ بۆ ١٩٥٣) لەو ماوەیەی کە بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت بووە لە ماوەکانی(١٩٤٦بۆ ١٩٥٨) ،

هەروەها هەندێک کەسی لێکۆڵەر هەن کە کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی گرنگیان بڵاو کردۆتەوە لەسەر یەکێتی سۆڤیەت لە خۆرهەڵاتدا لەو لێکۆڵەرەوانە پرۆفیسۆر (ڤلادیسلاف زوبۆک) ، کە پرۆفیسۆری مێژوو بووە لە . زانکۆی تیمبڵی ئەمریکی

بۆ یەکەم جار هەندێک بەڵگەنامەی ئەرشیفی یەکێتی سۆڤیەتی بڵاو کردەوە و پەیوەندیەکانی بارزانی و دەزگای هەواڵگری رەنگی داوەتەوە لە بەڵگەنامەکاندا و تەنانەت نهێنیەکانی شۆڕشی ئەیلولی بارزانی و . پەیوەندی بە یەکێتی سۆڤیەت بڵاو کردۆتەوە

هەدەفی ئەم لێکۆڵینەوەیە ، تەنها ئاشکراکردنی ڕاستیەکانە و ئاشکراکردنیانە بۆ ڕای گشتی ، لەبەر ئەوەی بنەماڵەی بارزانی هەردەم مێشکی میللەتیان وەک دارکونکەرە کون کردووە بە شۆڕشی ئەیلول و هەڵگیرساندنی ئەو شۆڕشە لەبەرژەوەندی کورد و کوردستان و خەباتی مەلا موستەفا و قوربانی دانی بارزانیەکان لە پێناو گەلی کورد بەڵام ئەم قسانە لە درۆیەکی گەورە و هەڵخەڵەتاندنی میللەتی کورد و سیاسەتێکی دەرەکی هیچی تر نییە ، بنەماڵەی بارزانی هەموو ئەم شتانەی بۆ سوودی تایبەتی خۆی قۆستۆتەوە تا پێگەی ڕۆژئاوا زیاتر بکات و چۆک بە هەموو ئەو شۆڕشانە بهێنێت کە لە دژی خواستەکانی ڕۆژئاوایە و ئامانجیان وەک گورگێکی برسی سەروەت و سامانی کوردستان بە ملیارەها دۆلار بدزن و . دەسەڵاتی تاک ڕەوی بسەپێنن بەسەر تاکی کوردا

لەبەر ئەوە ئەرکی هەرتاکێکی دڵسۆزو خەمخۆری کوردستانە کە بەرپەرچی ئەم ڕەفتارانەی بنەماڵەی بارزانی بداتەوە و میللەتی کورد لە دەسەڵاتی مافیاگەرێتی ئەم بنەماڵەیە ڕزگار بکەین و بیپارێزین

ئەم بەڵگەنامانە دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە بنەماڵەی بارزانی بە هۆکاری باککراوندە هەواڵگریەکەیانەوە هەڕەشەیەکی گەورەن لەسەر ئاسایشی نەتەوەی کورد و کوردستان و ناوچەکەش ، هەروەها دەبێت بەربەستێک دابنرێت بۆ کردەوە ڕەشە کوژی و درندانەکەی بنەماڵەی بارزانی هەر لە ترس و تۆقاندن و ئازاردان و کوشتن لەرێگەی دەزگا سەر کوتکەرەکانیانەوە کە ترسێکی زۆریان خستۆتە دڵی هاوڵاتیان و . هاونیشتیمانیانی کورد لە پێناو مانەوەی خۆیان لە دەسەڵاتتدا

هیچ هۆکارێکی تر نابینم بۆ ڕفاندنەکەم ، جگە لەو بەڵگەنامەو زانیارانەی کە لەلام بوون لەسەر بنەماڵەی بارزانی ، کە هەندێکیانم بڵاو کردنەوە بەڵام وەک دەزانرێت ، دەنگی ئازاد هەرگیز ناتوانرێت کپ بکرێت بە ترس و تۆقاندن ، بەڵکو زیاتر هێزی پۆڵاینی پێ بەخشیم کە زیاتر سوور بم لە هەڵدانەوەی نهێنیەکان لەسەر ئەو

بنەماڵەیە ، وە من وەک لێکۆڵەرەوەیەک هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەم بەرامبەر بە ویژدانم و بەرامبەر بە میللەتەکەم هەرچەند دەزانم کە ئەم زانیاریانە دەبێتە هۆکاری مەترسی لەسەر ژیانی خوێنەر و بنەماڵەکەم و کەسانی دەوروبەرم ، بەڵام ئەو کردەوانەی بنەماڵەی بارزانی کە بەرامبەریان کردم زیاتر هێزیان پێ بەخشیم و . سووربوونی خۆم دووپات کردەوە کە ئەم زانیاریانە و خیانەتی بنەماڵەی بارزانی بڵاو بکەمەوە

: !! بارزانی و (کی جی بی) پەیوەندیە لە مێژینەکەیان

دوای رووخانی کۆماری مهاباد بە هۆکاری خیانەت و فرت و فێڵ و دەست تێکەڵاوکردنی موستەفا بارزانی لەگەڵ شای ئێران و کارکردن بۆ بەرژەوەندیەکانی رۆژئاوا موستەفا بارزانی لەگەڵ چەند سەد کەسێک لە شوێن کەوتوانی روویان کردە سنوورەکانی یەکێتی سۆڤیەت ، دوای گەیشتنیان لە ساڵی ١٩٤٧ لەسەرەتادا بارزانی وەک کەسێکی کاریگەر و جێ ی سەرنج لەلایەن دەزگای هەواڵگری کی جی بی سەیردەکراو گرنگیان پێ دەدا کە هەوڵیان ئامادەکردنی بوو و وە بەکارهێنانی بوو لە سوودی کار و کردەوە ستراتیژیەکانی یەکێتی سۆڤیەت لە رۆژهەڵاتی ناوین ، کە ئێستا لە بەڵگەی دەزگا نهێنیەکان دەزانین کە بۆ کاری داگیرکاری و کێرەشێوێنی ئامادە . کراوە

جنراڵ بافیل سودبلاتتوف ، کە ئەفسەری پلەی جنراڵی پێشووی دەزگای هەواڵگری یەکێتی سۆڤیەت بووە لە یادەکەرییەکانیدا کە لەم ماوانەی پێشوو بڵاو کرایەوە بە ناونیشانی

pavel Sudoplatov, Special Tasks: The Memoirs of an Unwanted Witness — A Soviet Spymaster

جنراڵ سودبلاتوف ، یەکێک بوو لە ئەفسەرە ناوبانگ دارەکانی هەواڵگری یەکێتی سۆڤیەت ، لە ماوەیک لە بووە ، کە هێزێکی تایبەت بووە لە دەزگای هەواڵگری یەکێتی سۆڤیەت (SMERSH) ماوەکاندا سەرۆکی هێزی و بەرپرسیار بووە لە کاری تێکدەرانە و سەرکوتکەرانە و کاری تیرۆرکردن بووە لە دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت ، گەر بهاتباو یادەوەریەکانی سودبلاتوف نەبوایە ئەوا نهێنیەکانی ساڵەکانی سەرەتای پەیوەندی و . بەکرێگیراوی مەلا موستەفاو دەزگای هەواڵگریمان نە دەزانی و بە نهێنی دەمایەوە تا ئێستا

سودبلاتوف لەبارەی یەکەم بینینی خۆی و موستەفا بارزانی دەڵێت ((بارزانیم بینی راستەوخۆ پاش گەیشتنی بە یەکێتی سۆڤیەت ، بۆ توانینی خوندنەوەی هەڵسوکەوتی بارزانی و بەکارهێنانی بۆ کاروپلانەکانمان لە رۆژهەڵاتی ناوین و هەروەها راهێنان پێکردنی خۆی و پیاوەکانی و ئامادەکردنیان بە شێوەیەکی پلان بۆ دارێژراو و گەراندنەوەیان بۆ عێراق دوای پر چەککردنیان بۆ بەجێ گەیاندنی ئەرک و . فەرمانەکانیان

لەوەیە موستەفا بارزانی گرنگیەکی ئەوتۆی هەبووبێت لەلایەن یەکێتی سۆڤیەت بەوەی کە ئەفسەرێکی پلە باڵای وەک سودبلاتوفیان بۆ دانابێت لەبەر ئەوەی سودبلاتوف تەنها جنراڵێک و ئەفسەرێکی ئاسایی نەبوو

بە هۆکاری ئەوەی سودوبلاتوڤ کەسێکی زۆر متمانە پێکراو بوو لە لایەن خودی ستالینەوە و هەروەها ئەم ئەفسەری سەرپەرشتیار بوو لە کاری تیرۆرکردنی (تروتسکی) بە فەرمانی ستالین و هەروەها بەرپرسیاری کاری هەواڵگری فایلی چەکی ئەتۆمی بوو ئەو کردەوەیەی زۆر بە سەرکەوتووی بە ئەنجام گەیاند بەوەی . نهێنیەکانی چەکی ئەتۆمی ئەمریکی دەست کەوت و ڕووسیای کرد بە خاوەنی چەکی ئەتۆمی

جنراڵ سودبلاتوف تەنها ئەفسەر نەبووە کە بەرپرسیاری هەواڵگری بووبێت لەسەر بارزانی ، وەک سودبلاتوف لە بیرەوەریەکانیدا دەیگێرێتەوە کە ئەو تەنها کەس نەبووە کە بەرپرس بووە بەڵام بەڵگەی زیاتری . ناوی کەسەکان و شێوازی پەیوەندیەکانی نە خستۆتە ڕوو یا تا ئێستا بە نهێنی ماونەتەوە

جنرال سودبلاتوف لە بیرەوەریەکانیدا باسی کۆبوونەوە و بینینی دووهەمی

... دەکات لەگەڵ بارزانی لە ساڵی ١٩٥٢

## نهێنیەکانی مەلا موستەفا بارزانی لە دۆکیومێنتەکانی دەزگای هەواڵگری
## () یەکێتی سۆڤیەت

جنرال سودبلاتوف لە بیرەوەریەکانیدا باسی کۆبوونەوە و بینینی دووهەمی دەکات لەگەڵ بارزانی لە ساڵی ١٩٥٢ ، کە کۆبوونەوەکە پێکهاتبوو لە شێوازی پرچەککردن و ڕاهێنانەکان و ئەو ئەرکانەی کە بە بارزانی دەبەخشرێت ، کە بە ئەنجامیان بگەیەنێت لە خۆرهەڵاتی ناوین ،... دواتر سودبلاتوف باسی چاوپێکەوتنی سێهەمی دەکات لەگەڵ بارزانی ، لە بارەگای مەشق و ڕاهێنانی سەربازی لە مۆسکۆ لە ساڵی ١٩٥٣ ، کاتێک . بارزانی بەسەرپەرشتی سودبلاتوف مەشقی سەربازی پێکردووە و ئامادەی کردووە

جنرال سودبلاتوف لە بیرەوەریەکانیدا باسی بەخشینی پلەی سەربازی ئەفسەرانی یەکێتی سۆڤیەت دەکات بە بڕیاری ستالین ، لە دوای تەواو بوونی مەشقە سەربازییەکان ، هەروەها باسی پلەی سەربازییەکەی بارزانی دەکات کە پێی بەخشراوە لە پای تەواوکردنی ئەرکەکانی لە دەزگای هەواڵگری و هۆبەی مەشقی سەربازی لە یەکێتی سۆڤیەت ، وەک دەردەکەوێت پەیوەندی بنەماڵەی بارزانی و ڕووسیا زۆر لە یەکێتی سۆڤیەتیش کۆنترە ، بەوەی کە سودبلاتۆڤ لە نووسینەکانیدا ئاماژەی پێ کردووە دەڵێت جارێکیان بارزانی بە خۆمی ووت کە مێژووی پەیوەندی بارزانیەکان و ڕووسیا بۆ سەد ساڵ بەر لەوە دەگەڕێتەوە و بنەماڵەکەیان زیاتر لە ٦٠ جار . پارەو چەکی لە ڕووسیا وەرگرتووە و ڕووسیا یارمەتی بنەماڵەی بارزانی داوە بۆ کارە قێزەونەکانیان

زانیارییەکانی سودبلاتوڤ زۆر یەکگرەوەیە و زۆر باوەڕ پێکراوە بەوەی لە بەڵگەنامە هەواڵگرییەکاندا هاتووە کە" شێخ عبدالسلام بارزانی سەردانی ڕووسیای قەیصەری کردووە بۆ گفتوگۆ پێش جەنگی جیهانی یەکەم "

.. کاتێک سودبلاتوڤ باسی بارزانی دەکات ، وەک کەسێکی ڕێکر و بەکرێگیراو باسی دەکات کە دەزگای . هەواڵگری مەشق و ڕاهێنانی پێ دەکات تا کاری پێ بکەن لە دژی سیاسەتەکانی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتی ناوین

یادەوەریەکانی سودبلاتوڤ تا ئێستا یەکەم سەرچاوەیە کە باسی پەیوەندیەکانی بارزانی بکات لەگەڵ دەسەلاتدارانی ڕووسیا ی سۆڤیەتی لە ماوەکانی نێوان ١٩٤٦ و ١٩٥٨ نە بەڵگە نامەکانی میترۆخین نە . بەڵگەنامە هەواڵگریەکانی تر وەک یادەواریەکانی سودبلاتوڤ بە وردی باسی ئەو ماوەی مەشقەی نەکردووە

بیرەوەریەکانی سودبلاتوڤ تەنها دەتوانین وەک پێشەکیەکی گرنگ لە پەیوەندی بارزانی و یەکێتی سۆڤیەت باسی لێوە بکەین ، بەلام نهێنیە گەورەکانی تر لەو دۆکۆمێنتانەدایە کە لە ئەرشیفی میتروخین و لیژنەی . مەرکەزی حزبی شیوعی باسی لێوەکراوە

لە ئەرشیفی میترۆخین ئەوەمان بۆ ڕوون بۆوە کە بارزانی ناوە نهێنیەکەی ( سەرۆک)ە کە لە بەڵگەنامەکانی کی جی بی ئاماژەی پێدراوە ، لە ڕێگەی بەڵگەنامەکانی لیژنەی مەرکەزی حزبی شیوعی ئاشنا دەبین بە نهێنیە گەورەکانی بارزانی و جولانەوەی کورد بەناوی شۆڕشەوە لە خۆرهەلاتی ناوین

شۆڕشی ئەیلول ی مێژووی *" نە شۆڕش بووە و نە مێژووی لەبەرئەوەی شۆڕشی ئەیلول یەکێک بووە لە کارە نهێنیەکانی دەزگای هەواڵگری (کی جی بی) لە جیهاندا بۆ لێدان و زیان گەیاندن بە کردەوەکانی ڕۆژئاوا ئەوەی کە ناو دەبرێت بە شۆڕشی ئەیلولی گەورە کە بارزانی لە ڕۆژی ١١ ی ئەیلولی ١٩٦١ تەنها لەبەر پێشنیارێک بوو کە (ئەلیکساندر شیلیبین) سەرۆکی دەزگای هەواڵگیری( کی جی بی ) لەو کاتەدا کە نامەو . پێشنیارەکانی بۆ نیکیتا خروشۆڤ لە ناوەڕاستی ١٩٦١ ناردوە

بەڵگەنامەکان باسی ماوەی نێوان ١٩٦٠ تا ١٩٦٢ ی جەنگی سارد دەکات لەنیوان خۆرهەلات و خۆرئاوا ، دەزگای هەواڵگیری ڕۆڵێکی کاریگەری دەبینی لەم جەنگەدا ، لەبەر ئەوەی تەنها هێزی سەرەکی بوو کە بە بێ دەنگی کارەکانی دەکرد بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی ستراتیژیەتی چەکی ئەتۆمی نێوان هێزەکان ، کارەکانی هەواڵگری تەنها خۆی لە کاری هەواڵگری بە تەنها نەدەکرد بەڵکو جەنگی نهێنیان ژێر بە ژێر ڕادەگەیاند کە هێندەی جەنگی ڕاستەوخۆ کاریگەر بوو ئەم جۆرە جەنگە پێی دەڵێن جەنگی نهێنی یاخوود جەنگی لە بری(نیابی) واتە لەبری ئەوەی دەوڵەتی سەرەکی ڕاستەوخۆ جەنگ هەڵگیرسێنێت دەچیت کاری تر دەکات ، گرووپێک لەبری خۆی ئەو جەنگە بکات بەوەی کە دەزگای هەواڵگری خۆی نە دەچوو چەک هەڵگرن و جەنگی جیهانی هەڵبگیرسێنن ، بەڵکو دەچوون گرووپی چەکداریان درووست دەکرد و ئامادەیان دەکردن و چەک و پارەیان پێ دەبەخشین و لە دژی یەک بەکاریان دەهێنان بۆ هێرش کردنە سەر ئەو حکومەتەی کە مەبەستیان . بوو بیروخێنن یا لاوازی بکەن تا بکەوێتە ژێر دەستیان

دەزگای هەواڵگری سۆڤیەتی (کی جی بی) وەک دەردەکەوێت لەو بەڵگەنامە بلاو کراوانەدا جۆری جەنگی لەبری یاخوود بە عربیەکەی (نیابی) بەکارهێناوە دژی رۆژئاوا و ئەو دەوڵەتانەی کە خۆی مەبەستی بووە لەو . نموونانەش جەنگی نیابی لە عێراق و سوریاو لبنان و ئەمریکای لاتین و ئەفریقا و ئاسیا دەکرد

ئەلیکساندر شیلیبین) سەرۆکی دەزگای هەواڵگری یەکێتی سۆڤیەت لە شەستەکانی سەدەی رابردوو ،) ئەلیکساندر نامەیەک دەنێرێت بۆ سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت ، (نیکیتا خروشۆ) لە ساڵی ١٩٦١ دا و لە ... ناوەرۆکی نامەکەدا باس لە کارە پێ سپێدراوەکانی موستەفا بارزانی دەکات

ئەمەش دەقی ئەو نامەیەیە کە یەکەمجار لە رووسیەوە کراوە بە ئینگلیزی لەلایەن

لە زانکۆی تیمبلی ئەمریکی A.Zubok پرۆفیسۆر

: دەقی نامەکە

بەهۆکاری بەهۆش خستنەوە و نانەوەی پشێوی لە نێوان حکومەتی ئەمریکا و ئینگلترا و تورکیا و ئێران و دروستکردنی ئەو هەستەی کە پێگەی ئەم حکومەتانە لە رۆژهەلاتی ناوین لاوازە یاخوود بوونی نییە ، واپێشنیار دەکەم کە سوود لە پەیوەندیە لە مێژینەکەی بنەماڵەی بارزانی و یەکێتی سۆڤیەت وەربگیرێت و بە تایبەت پەیوەندیەکی توند و تۆڵ لە نێوان موستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و کی جی بی دروست بکرێت و جولانەوەیەک کوردی باکگراوند رووسی لە عێراق و ئێران و تورکیا دروست بکرێت ، بە مەبەستی دروستکردنی دەوڵەتێکی بەناو کوردی بە سەرکردایەتی بەکرێگیراومان موستەفا بارزانی و هەموو پارمەتیەکی دارای و چەک و تەقەمەنی پێ دەبەخشرێت ، لەهەمان کات پاڵپشتی خەڵکی سۆڤیەتی بۆ دروست کردنی ئەو دەوڵەتە رادەگەیەنین و وا نیشانی دەدەین کە خەڵکی رووسی پشتیوانی ئەو جولانەوەیە ، ئەو جولانەوەیەی کوردستانی سەربەخۆ دەبێتە هۆکارێک کە شپرزەی و بارێکی نالەبار دەخاتە نێوان هێزە رۆژئاواییەکان ، لەسەرو هەموویانەوە ئینگلترا بە هۆکاری ئەو رێکا وابەستە نەوتیانەی لە نێوان عێراق و ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکان ، بەهۆکاری بنکە سەربازیەکانی لە تورکیا و هەموو ئەمانەش دەبێتە هۆکاری دروستکردنی کێشەو تەنگ و چەڵەمە بۆ عبدالکریم قاسم کە لەم ماوەیەی دوایدا ببوە دواکەوتەی سیاسەتەکانی رۆژئاوا و هەروەها دەبێت ((جمال عبدالناصر)) ، لە رێگەی کەناڵە نهێنیە نا راستەوخۆکان ئاگادار بکرێتەوە کە لە کاتی سەرکەوتنی پرۆژەی سەربەخۆی کوردی مۆسکۆ پشتیوانی خۆی بۆ بەستنەوەی . عێراق بە کۆماری یەکگرتووی عەرەبی دەردەبرێت

سدوا بەدوای ئەوەی خروشۆف بە پێشنیارەکانی شیلیبین رازی بوو ، بەوەی موستەفا بارزانی هەستێت بە جێ بەجێ گەیاندنی ئەو فەرمانە و دروستکردنی جولانەوەی چەکداری کوردی لە عێراق لە(( ١١ ی ئەیلولی

١٩٦١ )) ، کی جی بی زۆر بە خێرای لەگەڵ ڕووداوەکان دەڕۆشت ، هەموو کارێکیان بۆ سەرکەوتنی ئەو . پڕۆژەیە دەکرد و پێشنیاری زیاتریان بۆ سەرو خۆیان بەرز دەکردەوە تا کارەکان بە باشی بڕوات

لەو ڕاپۆرتەی کە جێگری سەرۆکی دەزگای هەواڵگری کی جی بی ئەوکات (پیتر ئیڤاتوشین ) نووسیبوی بۆ : لیژنەی مەرکەزی حزبی شیوعی لە(( ٢٧ ی ئەیلولی ١٩٦١ )) دەڵێت

بەپێ ی بڕیاری لیژنەی مەرکەزی حزبی شیوعی سۆڤیەتی دەرکراو لە بەرواری(( ١ ی ئابی ١٩٦١ )) لە بارەی وریابوون و ئاگاداری لە هێزی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە بەرلینی ڕۆژئاوا دوا بەدوای جموجوڵەکانی : هێزە عەشایەرە کوردیەکان لە باکوری عێراق واتە کوردستان پێشنیاری ئەم خاڵانە دەکەین

١- هەموو تواناکانی (کی جی بی) بەکەر بخرێت لە پێناو درووستکردنی خۆپیشاندان بە کوردەکان لە دژی پەیوەندیەکان و سیاسەتەکانی عبدالکریم قاسم و هاوەڵەکانی لە هند و ئەندونوسیا و ئەفعانیستان و کینیا و . وولاتەکانی تری هاوپەیمانی عێراق

٢- درووستکرنی پەیوەندی لەگەڵ بارزانی و داوای لێ بکرێت کە جڵەوی جوڵانەوەکە بەرنەدات وجوڵانەوەکە لە خێڵێتیەوە بەرەو دیموکراتی ببات وەهەروەها ئاگاداری بارزانی بکرێتەوە کە کردەوەکانی زۆر بە ووریای ئەنجام بدات تا ڕۆژئاوا " ڕووسیا بەم پڕۆژەیە تێوە نەگلێن و تۆمەتباری نەکەن بە دەست تێوەردان لە ." بارودۆخی ناوخۆی عێراق

٣- کی جی بی ڕاسپێردرێت بە مەشق پێکردنی هێزێکی سەربازی لە پیاوانی کوردی نیشتەجێی خاکی ڕووسیا کە پێک هاتبێت لە (( ٥٠٠ بۆ ٧٠٠ ))کەس تا بارزانی فێری هەندێک تاکتیکی سەربازی بکرێت و هەندێک لە پیاوەکانی مەشق پێ بکرێت بۆ کاری ( تۆپ و هاوەن و پەیوەندی لاسلکی و گروپی بۆردومان و گرووپی . تەقاندنەوە ) بۆ پشتیوانی لە جوڵانەوەی کوردی لە کاتی پێویستدا

بەڵام ئەوەی کە(( کی جی بی)) زانیارییان لەبارەیەوە نەبوو ئەوە بوو ڕۆژئاوا ئاگادار پەیوەندیە تایبەتەکانی بارزانی و یەکێتی سۆڤیەت بووە لە نامەکەدا ، کە باڵیۆزی ئەمریکی لە عێراق ناردوویەتی بۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە ((ئۆکتۆبەری ١٩٥٨)) واتە دوای ٣ مانگ بەسەر شۆڕشی تەمووز نامەکە دەڵێت ((شیوعیەکان هێزێکی باشیان هەیە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی عبدالکریم قاسم بۆ نموونە لە ڕێگای سەرکردەی کوردی موستەفا بارزانی کە ماوەیەک پێش ئێستا لە ڕووسیا گەڕاوەتەوە بۆ عێراق .. بارزانی ١١ ساڵ لە یەکێتی سۆڤیەت ماوەتەوە و پێگەیەکی بەهێزی هەیە لە نێوان خەڵکی کورددا و تواناکانی بۆ نانەوەی ئاڵۆزی و پشێوی توانایەکی بێ کۆتا و بەهێزی هەیە ، لەبەر ئەوە بە بڕوای ئێمە هەڕەشەیەکی گەورە کە . ڕووبەڕووی عبدالکریم قاسم ببێتەوە ئەمڕۆ لەلایەن شیوعیەکانەوەیە

جولانەوەی کوردی بەم شێوازە بووە لە عێراق ، کە لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوو کارتێک بووە بەدەستی مۆسکۆوە بۆ ئیستفزاز کردنی حکومەتی عێراقی ، کە لە هەندێک کاتتدا ئەم کارتە زۆر سەرکەوتوو بووە

لە ئەرشیفەکانی میتروخین هاتووە دەڵێت کی جی بی (یفکینی بریماکوف ) ی ناردووە بۆ عێراق لەناوەراستی شەستەکان ی سەدەی رابردوو لە ژێر پەردەی رۆژنامەنووس بەلام لە راستیدا یەکێک بووە لە بەکرێگیراوانی ( کی جی بی ) و ناوە نهێنیەکەی (ماکس ) ە پەیوەندیەکی توند و تۆڵ لە نێوان ((لیفکینی بریماکوف)) و بارزانی هەبووە و وە هەروەها رۆڵی سەرەکی هەبووە بۆ بەجێ گەیاندنی پەیماننامەی( ١١ ی ئازاری ١٩٧٠) لە نێوان حکومەتی عێراق و بارزانی وە هەروەها ئەم نێوەندگیرەی بریماکوف بێ بەرامبەر نەبووە بەوەی حکومەتی عێراقی ماندوو بوبو لە جەنگی بەرامبەر کوردەکان و دەیویست ئەو جەنگە کۆتای پێ بهێنێت بۆیە مۆسکۆ نێوەندگیری خۆی دەرخست بۆ حکومەتی عێراق بە مەرجێک چاو لابەن لە چالاکی و جموجۆڵەکانی حزبی شیوعی لە عێراق و توند کردنی پەیوەندیەکانی عێراق و مۆسکۆ لە هەموو بوارەکاندا .

هەر ئەوەش رووی دا دوای پەیماننامەی ١١ ی ئازار بەوەی کە حکومەتی عێراق هەموو چاودێریەکی لەسەر حزبی شیوعی لابرد و ئەم حزبە جەبهەی پێشکەووتوی درووستکرد لەگەڵ حزبی بعس ی عێراقی کە حزبی دەسەلاتتدار بوو لە عێراق و پەیماننامەیەکی دۆستانەشی ئیمزا کرد لەگەڵ یەکیتی سۆڤیەت .

بەڵام دوای ئەوەی حزبی بعس هێزی خۆی درووست کردەوە ، هێزەکانی رێکخستەوە بە یارمەتی مۆسکۆ ... دەستی کرد بە درووستکردنی تەنگ و چەڵەمە لەبەرامبەر جێ بەجێ کردنی خاڵەکانی رێککەوتن ، نامەکەی ١١ ی ئازار بە یارمەتی مۆسکۆ تا وای لێ هات کۆتای بە جولانەوە چەکداریەکە هێندرا لە رێکەی رێککەوتنامەی سنوور کە ناسراوە بە رێککەوتن نامەی جەزائیری ١٩٧٥ ، بەمەش عێراق تا دەهات هەنگاو بە هەنگاو لە رۆژئاوا نزیک بۆوە بەوەی رۆژئاوا نەی دەویست عێراق بکەوێتە ژێر رکێفی مۆسکۆ بۆیە رۆژئاواش لەلای خۆیەوە وەک رووسیا پشتی کردە بارزانی و بارزانی بە سەرشۆرێکی مێژووی و بەکرێگیراوێکی دۆراو مایەوە و دواتر بارزانی مەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل بەست کە هەرچەندە پەیوەندی بارزانی و ئیسرائیل دەگەرێتەوە بۆ پێش درووستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل بەوەی کە بنەماڵەی بارزانی نزیکیەکی لە رادەبەدەریان هەبووە لە گەڵ جوەکان یاخوود یەهودیەکان و یەکێک لە دامەزرێنەرانی دەوڵەتی ئیسرائیل بە ناوی ( موشی بارزانی ) کە دەکاتە پورزای ملا موستەفا و ئەم کەسایەتیە ئەوەندە دڵسۆزی ئیسرائیل بووە سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل (مناجم بیجن ) داوای کردووە کە کاتێک مرد گۆرەکەی لە تەنیشت گۆرەکەی موش

# دیوێکی شاراوەی مەلا مستەفا

کاتێک (مەلا مستەفا) لە ٢٩ی ئەیلولی ساڵی ١٩٧١دا لەرێگەی مخابەراتی عێراقەوە، چەند مەلایەکیان نارد خۆیانی پێدا بتەقێنەوە، کە تا ئیستا نازانین ئایا بە راستیی ئەوانە مەلابوون یاخوت کەسانێک بوون کە بەعسییەکان لەبەرگی مەلادا ناردبوویان بۆ ئەو چالاکییە؟

لە مێژبوو موسادی ئیسرائیلی وەک داوی جاڵجاڵۆکە خۆی تەنیبۆوە ناو بزوتنەوەی خێڵەکێکەی بارزانیی و کورد، ئەوەی زۆر جێگەی رامانە ئەوەیە، کە ئیسرائیلییەکان تاکە جارێک بەو بزوتنەوەیان نەووتوە شۆڕش، هەر ووتویانە یاخیبووەکان، یان سەرکردەی یاخی بووەکان، لێرەوە ئێمە بەجدیێتێکی زۆرەوە قسەی خۆمان دەکەین، لەسەر کتێبێکی دانسقە کە لام باشە و هیوادارم هەموو کوردێک بیخوێنێتەوە لەگەڵ هەر دێرێکیدا .هەڵوێستەیەک بکات و بەدوای پرسیارە بێوەڵام و تەموو مژاوییەکاندا بگەرێت

ئەرێ بەراستی ئێمە چەندە میللەتێکی گوناحین؟ کێ رابەری یاخی بوونمان بووە؟ کەسێک تا سەر ئێسقان خۆپەرست، هێندەی لەخەمی کورەکانیدا بوە، بە ئاستەم لەخەمی میللەتەکەیدا نەبووە، کەسێک داماو لە بیر کردنەوە، بێئاگا لە گۆڕانی ژیان و سەردەم، بڕوانە بوون بەکەس و خۆبچوک کردنەوە لە ئاست هەموو خەونی میللەتەکەیدا، چۆن خۆپەرستیی تارادەی خۆپاراستنێکی سەیر، من دڵنیام رۆحی مەلامستەفا ئیستا لەناو کەسایەتی مەسعودا دەژی، مەلامستەفا لە دیلمان حاجی هۆمەران دوور نەدەکەوتۆتەوە، کەچی خەڵکی سلێمانی و کەرکوک و کەرمیانیش خۆیان بۆی بەکوشت دەدا، ئیستاش مەسعود سەری رەشی لێ کرتووین، کە لەراستیدا بەر لەچەند ساڵێک بەسەر کردایەتی کۆسرەت رەسوڵ کۆشکی هاوینەی سەدام لە سەری رەش .بەخوێنی دەیان گەنجی کۆمەڵە پاکردەوە، ئیستا مەسعود هەواری لێ هەڵداوە و چۆڵێ ناکات

مەلا مستەفا لە گوندی حاجی هۆمەران بەهاوار و تورەبوونەوە بە ئیسرائیلییەکانی ووتوە: سەیری رومەتم بکەن! کە ئیسرائیلییەکان تێیان روانییوە، تەنها برینێکی بچوکیان دیوە بەقەدەر نینۆکێک، پێی وتوون: .هاتوون بمکوژن، پار ساڵیش لە بەغداد ویستویانە ئیدریس بکوژن، مەسعودیش دەکوژن

تۆ سەیری ئەم رابەرەکە بکە، ببینە لە شۆڕشی نوێدا سەدان کەس لەسەرەتای شەڕدا بەگوللە دەپێکران بۆ ئەوەی ورەی هاورێکانیان دانەبەزێت بێدەنگ دەبوون لایان شەرم بوو قسە لەسەر ئازار و برینداربوونیان بکەن،

لە کارەساتی هەکاریدا هەواڵ بۆ د. خالید دەبەن و پێی دەڵێن کە براکەی شەهید بووە، ئەو پیاوە مەزنەش .دەڵێ بێدەنگ بن، گەر بۆتان دەکرێ بیکەنە ژێر بەفرەکەوە با ورەی پێشمەرگەکان نەڕوخێ

لە کتێبەکەدا باس لە (سادق) ناوێک دەکات، کە شارەزاییەکی زۆر ی هەبووە لە کاری تەقینەوەدا و لە قەناسیشدا هونەرمەند بووە، ئەو دەم هێندە نەشارەزابوون، کە تەقینەوەکە بووە، لە تاودا هەموو وەفدەکەی ڕژێمی عێراقی دەکوژن و سادقیش لای ناخۆش دەبێ و دەڵێ بۆ نەتان هێشتنەوە تا بزانین ئەمانە کێبوون؟ لەکوێوە هاتوون؟

لە تشرینی یەکەمدا، سەدام کە جێگری ئەحمەد حەسەن بەکر بووە، بەڵام سەدام ئیتر بڕیاردەری یەکەم دەبێت لەعێراقدا، وەزیری پەروەردە (ئەحمەد عەبدول سەلام عەبدول قادر) دەنێرێتە لای بارزانی و پەیامی سەدامی دەداتێ، کە لای ناخۆش بووە بۆ ئەو ڕووداوە ڕووی داوە، ئەو دەمە نایارانی بەعسن دەیانەوێت بەینی کوردو عەرەب تێک بدەن. (من ئەو لوتفە بەخشندەیەی جەنابی جێگری سەرۆک بەرز هەڵدەسەنگێنم کە نێنراوێکی پایەبەرزی وەک تۆی ناردوە تاهەستی خۆشەویستی خۆی بەرامبەرم دەربڕێت) لاپەڕەی ١٥

.بارزانی دەڵێت: ئەم ڕاستییە دەلالەتە لەسەر باڵادەستی و ڕاوەستاوی ئەو، واتە سەدام

بۆیە دەمەوێت ئەم دیاریە لەناو (خەزێنە گران بەهاکانی ئێمەدا کتێبێکی پیرۆزی تەفسیری قوریانە و لاپەڕەی کتێبەکەش بە وردە نوسینی عەرەبی کۆن پڕکراوەتەوە) دەنیرمە یادگارییەک بۆ سەدام

١٤ی تشریتەنی یەکەم سەدام پێشوازی لە عەبدول قادر ی وەزیر کرد و وەزیرەکە ووتی بارزانی دیاریەکی نایەبی بۆ ناردوویت، قوریانێکی کۆنە، سەدام ڕوو لە عەبدول قادری وەزیر دەکات و پێی دەڵی بیکەرەوە، لەچرکە ساتەکەی وەزیر خەریکی کردنەوەی دیارییەکە دەبێت چاوەکانی سەدام حسێن بریسکە داکات و .قورئانەکە دەتەقێتەوە، دەست بەجێ بەدەستڕێژێک وەزیر لەلایەن پیاوەکانی سەدامەوە دەکوژرێت

بۆ ئەوەی باسەکەمان دەوڵەمەند بکەین، لە پەیوەندییەکی مەیدانیدا پێشمەرگەیەکی ئەو کاتەمان دوان کە بۆخۆی چووە ئەو ژوورەی دیوە کە پیاوە ئاینیەکان ویستبویان خۆیان بە مەلامستەفادا بتەقێنەوە ئەو :بەڕێزە ئاوا بۆمان دوا

بەڵێ چەند ڕۆژێک بۆ ڕاکێشانی سۆزی زیاتر بۆ مەلامستەفا دەنگۆی ئەوە هەبوو، کە مەلامستەفا نەماوە، دوای ئەوەی خەڵکی زۆر دڵگران بوو ئیتر باس لەوە کرا کە بەر لەتەقینەوەکە لە دوژمنان هەتوونەتە دەست و تەقینەوەکە نەبۆتە هۆی ئەوەی کە پێشمەرگە و بارزانی زیانیان لێ بکەوێت، ئەو ووتی: دەستە دەستە خەڵک دەچوو بۆ سەیری جێگەی تەقینەوەکە. لە پرسیارێکدا کە کردمان ئایا ئێوە دەتانزانی ئیسرائیلییەکان پەیوەندییان بە بارزانییەوە هەیە؟

ئاوا وەلامی داینەوە: بەڵێ دەمانزانی و زۆر جار لەناو ئوتۆمۆبێلەکانیاندا دەمانبینی، بەڵام کەس باسی نەدەکرد، چونکە ڕاستەوخۆ تۆمەتیان بۆ دروست دەکردین، و دەیان ووت ئەوە سەر بە مخابەراتی عێراقییەو .دەیان بردین بۆ ڕایات

ئیسرائیلییەکان یان سادق ئەو دیاریەیان بۆ سەدام نارد؟ ئەوە پرسیارێکە تۆزێ مژاوییە، بەلام لە گەڵ خوێندنەوەی کتێبەکە بۆمان دەر دەکەوێت، بەڕاستی موسادی ئیسرائیلی یاری منداڵانە ناکەن ئەوان بڕیاریان داوە مامەڵە لەگەڵ دوژمنەکادا بەجدی بکەن، ئیتر سەدام جارێکی تر لە ڕێکەی ڕۆژنامە نوسێکەوە لە ١٥ی تەموزی ساڵێ ١٩٧٢دا بەناوی ئاژانسی هەواڵەکانی عێراقەوە سەردانی لای مەلامستەفا دەکەن تا چاو پێکەوتنی لەگەڵدا ساز کەن سەرکردەی پێشمەرگەکان کومانی لادروست دەبێت بەر لەوەی بیبەنە لای مەلامستەفای بارزان بڕیاری گرتنی ڕۆژنامە نوسەکە دەدەن و دەیپشکنن، لەبەختباشی مەلامستەفا سەرکردەی دەستە ی پارێزی لەبارزانی دەکەن ڕاست دەر چوو دوای ئەشکەنجە دانی ڕۆژنامە نوسەکە دان بەوەدا دەنێت کە هاتوە بارزانی بکوژێت و بۆ کوشتنی ئەو چۆتە لای، نووسەری کتێبەکە (شلۆمۆ نکدیمۆن) دەڵێ: بارزانی و .نزیکەکانی زۆرجاران هەوڵی تیرۆرکردنیان پوچەڵ کردۆتەوە

*************************

*************************

!خوێنەر لەم وێنەیەی سەدام مەلا مستەفای بارزانی بڕوانێت، بۆ خۆی خوێندنەوەی دەوێت

هەمووشمان دەزانین، کە سەدام خۆی چەندین جار هەوڵی دارشتنی تیرۆر کردنی خۆی داناوە بۆ ئەوەی .دەست بکات بە کوشتنی ئەوانەی گومانی لێیانە، کتێبەکەی بەرزان تکریتی شاهیدیمان بۆ دەدات

نوسەر دەڵێ: (هەرگیر کوردەکان باسیان لەنەتەوەی کورد نەکردوە بەڵکو لەزۆربەی کاتدا جەنگە خێڵە کێکان بونەتە هۆی ئەوەی کە ئەم خێڵە یان ئەویان یارمەتی دوژمنی عێراقی داوە، کەئەش بۆ تەهۆی توانەوەی هەستی نەتەوایەتی) لاپەڕەی ٢٧

بۆیە ئیسرائیلییەکان تەنها کورد و بزووتنەوەکەیان بەکارهێناوە، کەرچی کامەران بەدرخان هەوڵی داوە وێنەیەکی تر پیشانی ئیسرائیلی و ئەوروپییەکان بدات و هەوڵی داوە بڵێت ئێمە نەتەوەیەکین دەکرێ ئێمەش وەک ئێوە ئازاد بین و لەهەندێ جاردا بەدرخان هەوڵی داوە ڕاستەوخۆ لاسای ئیسرائیلیەکان بکاتەوە تا دۆست بۆ کورد و کێشەکەی دروست بکات، بەڵام بارزانی خەوی ئەویشی لە بار بردووە و ئەوانیش وەک خێزانێک تەنها کە توانیویانە فەرهەنگێک بۆ زمانی کوردی و چەند کارێکی تریان کردوە، کە خۆی لە وەرگێرانی تەورات و ئینجل و چەند کتێبێک بەدار نەبووە، ڕۆژنامەشیان دەرکردوە بەڵام خەونی کەورەتریان هەبووە لەساڵێ چلەکانەوە لە پاریسی پایتەختی فەرەنسادا لە پەیوەندی دابووە لەگەڵ جیان و بەتایبەتی .ئیسرائیلییەکاندا

کەچی ئیسرائیلییەکان ڕاکشاوانە (کوردەکان لە سەر هەڵکێشانی خەنجەر ڕاهاتوون) بۆیە جێگەی گومان بوون بۆیان تەنها توانیویانە بەکاریان بێن، لەناو ئەم کتێبە دانسقەیەدا باسی زۆر کەسایەتی دەکات کە ئەمرۆ هەندێکیان لە سەر کۆرەپانی سیاسی ماون و هەندێکیان مردوون، بەڵام ئێمە مافی خۆمانە بیان خەینە ژێر .پرسیارەوە و درێژە بەباسەکەمان بدەین

ئەوەی دەمەوێت باسی بکەم، یان بیخەمە بەر ڕۆشنایی قسەکردن، ئەوەیە داخۆ بۆچی بنەماڵەی بارزانی حاشا لەو پەیوەندییە دەکەن و خۆیان وا دەر دەخەن، کە هیچ پەیوەندییەک لەگەڵ ئیسرائیلییەکاندا بوونی نییە، کە ئەمە بۆ خۆی بەکار هێنانی هەموو هەوڵێکە بۆ مانەوەی تەنها بنەماڵەکایان، لەکاتێکدا ئیسرائیلێکانیش زانیویانە ئەم پەیوەندییە لەگەڵ ئەم بنەماڵەیەدا هیچ زەرێکی نابێت بۆ پەیوەندیان لەگەڵ ئێران و تورکیا، چونکە ئەوان زانیویانە خەونی بارزانی چییە و هەموو جارێکیش بەشای ئێرانیان ووتوە و نەشیان شاردۆتەوە بە تورکەکانیشیان ووتوە، عێراقی عەرەبیش، کە دوژمنی سەرسەختی بەحساب ئیسرائیلییەکان بووە لەو پەیوەندییە ئاگاداربوون و زانیویشیانە هیچ بەرهەمێکی نابێت، چونکە خەونی .دروست بوونی دەوڵەتی کوردی و ڕزگاربوونی کوردستان لای بارزانی گاڵتە جاڕی بووە

لە بەشەکانی تردا بە دیکۆمێنت ئەو ڕاستییە باس دەکەین، کە بارزانی لە چەند جێگەدا بە دۆستەکانی ووتوە من نامەوێت دوژمنایەتییەکە وا خەست بێتەوە، بە کوردی و بەکوردی کوردەکان تەنها پارێزەری دەستکەوتی .داگیرکەران بوون

لێرەدا کۆتایی بەم بەشە دەهێنم و ئەوەش دەخەمە بەرچاوی خوێنەران، کە بۆل بریمەریش لەجێکەیەکدا، کە خۆی دیویێتی دەڵێ، کە چوومە لای مەسعود ئیسرائیلیەکانم دی، هیوادارم پەیوەندی ئیستایان تەنها بۆ بەرژەوەندی خێڵێک نەبێت، وانەیەک بێت لەوانەوە کە چۆن لەناو جەرگەی ئەو هەموو وولاتە عەرەبییەدا چۆن گیانی بەرگریان هەیە و دەوڵەتێکیان لە ناو جەرگەی رووداوەکاندا دروستکردوە، باوەک خەونی بەدرخانییەکان .ئێمەش چاو لە ئیسرائیلییەکان بکەین

گوندی بارزان کە بە تورکی مانای (سەرزەوی کۆچ) دێت دەکەوێتە دووری ٨٠ کیلۆمەتر لە باکوری هەولێر لە بەرزاییەکانی چیایی شیرین، گوندێکی جوانی گەورەیە بەسەر زەوی کشتوکاڵدا دەڕوانێت، رووباری زێی .گەورە کە دەڕژێتە دیجلەوە زۆر لێوەی دوور نییە

لەم کتێبەدا لەلاپەڕەی ٨٠دا بە درێژی لە سەر هۆزی بەرزان گوندەکەی نووسیوە، کە ئیتر ئەمە وا لەخوێنەر دەکات بزانێت، کە مەلا مستەفا لە چ ژینگەیەکدا گەورە بووە؟

:ماتیر حەمید) دەڵێ)

بەدرخان هەموو ژیانی بۆ کێشەی کورد تەرخان کرد، ئەو پیاوێک بوو توانی هاوارەکانی گەلەکەی بدات بەگوێی خۆرئاوادا، بەدرخان یەکەمین سەرکردەی کوردبوو، کە ناسیبێتمان، نووسەر درێژەی دەداتێ و دەڵێ بەدرخان داوای لێکردین، کە یارمەتی شۆڕکێرە کوردەکان بدەین، ئەو مەلامستەفای پێناساندین، کەچی بەدرخان پێگەی شکۆمەندی لای مەلامستەفا ئەوتۆ نەبوو، بگرە هەر ڕێزیشی لێ نەدەگرت . بەلای منەوە ئەوە ئەو ئاوە .ناشرینەیە کە سەرکردایەتی کورد لەبەردەم دۆست و دوژمنەکانی کوردا

پرسیارێکی تریش سەر هەڵدەدات داخۆ وەک پارتییەکان پروپاکەندەی بۆ دەکەن لە کوێدا مەلامستەفا کوردی !بەجیهان ناساندوە؟ لەکاتێکدا ئیسرائیلییەکان دەڵێن کامەران بەدرخان هاواری گەلەکەی بە دنیا گەیاند

لەناو خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا هەست دەکەی کە سەرکردە کوردەکان هەمیشە ویستویانە بە سەر پشتی خەڵکدا ببەرنەوە و بگەنە دەسەڵات، ناخوشی لەوەدایە ئەمانە هەڵنەساون بە پشت بەستن بەگەلی کورد، بەڵکو هەموو هەوڵێکیان ئەوەبوە بگەنە پارە و لەو ڕێگەیەوە بتوانن بگەنە دەسەڵات، ئیتر لەوێوە خەونە کورت و . کوێرەکانی خۆیان ڕام بکەن

کە دێتە سەر وولاتی سوریا باس لە دوو کەسایەتی دەکات کە دوو حسنی ئلبرازی و کە بەرەچەلەک کورد بووە داوای پارەی لە ئیسرائیلێکان کردووە، بۆ خۆ ئامادە کردن بۆ کودەتا، لەکاتێکدا ئیسرائیلییەکان زۆر وریایانە دووری ئامانجەکەیان لێک داوەتەوە و پشتیان بەو قسەیە نەبەستووە، لێرەدا بۆمان دەر دەکەوێت کە ئیسرائیلییەکان چەندە لەخەمی ئابوری نیشتمانەکەی خۆیاندا بوون؟

ئەم سەرکردانەی کوردیش بەم دەست و بەو دەست پارەی ئەو نیشتمانە تەخشان پەخشان دەکەن تاکو سەرکردەیەک یان زانکۆیەک بەدەمیانەوە پێبکەنێت و مەدالیایەکیان بکەن بە بەرۆکیاندا.

هاوڕیەکی مۆسیک ژەندم بۆی باسکردم، کە گۆرانی بێژە فارسەکان دەڵێن: (دەسەڵاتدارانی کورد کەرن) بڕۆن کۆنسێرت بکەن هەموو شتێکت بۆ دەکەن گیرفانەکانت لە دۆلاردا نقوم دەکەن.

چ جای ئەم ڕۆژنامە نووس و مێدیا و کەسایەتییە سیاسیانەی ڕوو لە نیشتمانی ئێمە دەکەن، بیرتان چوویەوە کە تاڵەبانی چۆن بەسەر سەربازە برینارەکانی ئەمەریکادا دەگەڕاو سەفتە دۆلاری دەخستە ژێر سەریان، تا سەربازێکی ئەمەریکی پۆرتی شکاند و پێی ووت تۆ ناتوانی من بکڕی!

کاتێک سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل لە هاوکارەکەی لە موساد دەپرسێ داخۆ بارزنی کێیە ؟ وێنەیەکی بداتێ بۆ تێگەیشتن لەو کەسایەتییە، ئەویش لەوەڵامدا دەڵێ (مەلامستەفا تەنها کوردێکی سادەیە، ئەو هێندەی عەشرەتی بارزانی لاگرنگە گوێ بەشتی تر نادات) بارزانی خەونی گەورەی نییە، دەڵێت: مستەفا بارزانی سەرەتای ئامانجە سیاسییەکانی لە سلێمانییەوە دەست پێ دەکات، ئەو بەدرخانی کردە نوێنەری خۆی و لەکۆنگرەی نهێنی قوتابیانی کورد لەئەورپا کە لە (ڤیەننا) بەسرا لە ماوەی نێوان ٢٣ و ٢٥ تەموزی ساڵێ ١٩٥٩ بارزانی نامەیەک دەنێرێت بۆ کۆنگرەکە و لەوێدا ڕاکشاوانە دەڵێت: (من خۆم بەسەربازێکی دڵسۆزی عبدێلکریم قاسم دەزانم) لەپەڕەی ٨٢ هەمان سەرچاوە .



لێرەدا واتە لە کۆنگرەدا دەزانن بەدرخان لای بارزانی گەڕاوەتەوە ئیسرائیلییەکان دەیانەوێت ببین و ئەویش پەیامی بارزانی دەگەیەنێت، کە داوا دەکات ئیستگەیەکی ڕادیۆ و تیمێکی پزیشکی بگەیەنێتە کوردستان، کەچی لێرەدا بەدرخان نایشارێتەوە، کە مەلامستەفا زۆر تووڕەیە، کە بۆچی ئیسرائیلییەکان ڕاستەو خۆ بە خۆیان نەووتوە؟ لەکاتێکدا بارزانی خۆی بەدرخانی بە نوێنەری داناوە، مەلا مستەفا تەنانەت ئیرەیی بەوەش بردوە؟

کورد گەلێکە هێندەی بەرگری لە گوند و هۆزو حەشرەتەکەی دەکات هێندە لە خەمی میللەتەکەیدا نییە، بە ئەمڕۆشەوە ! سەیربکەن چەند نووسەر هەیە، تا ئیستاش ناوی هۆز و گوند ناوچەیان لە خۆیان ناوە، بە زارەکیش و لە نووسینەکانیاندا باس لە کێشەی میللەتیش دەکەن.

: لە ڕاپۆرتێکدا، کە بەدرخان ئامادەی کردوە بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل . دەڵێ

عەبدولکەریم قاسم پارەی داوە بەسێ هۆزی دوژمنی بارزانی تا هێرش بکەنە سەر ئەو گوندانەی کە لایەنگری ئەوی نیین، بەو ڕێگەیەوە لەسەرکردایەتی ئەو کەم بکەنەوە.

عیسا سۆباو، سەرکردەیەکی هێزەکەی بارزانی دەڵێ: لە توندترین لایەنگرانی قاسم بووین، کەچی ئەو گەورەترین هەڵەی کرد بەهاندان و بەشەڕدانی هۆزە کوردییەکان بەیەکتر.

لێرەوە بۆمان دەر دەکەوێت کە دوژمنان و داگیرکەران کەی بیانەوێت شەڕێ کورد بەکورد دەکەن، چونکە ئەمە کەلتورێکە لەناو ئێمەدا و دەبێ بەتەواوەتی لەسەر تێکدانی کاربکەین دەنا ناتوانین لە خۆری ئازادی نزیک بینەوە، لە ڕوانی ئەمڕۆماندا مێژوو جگە لە دووبارە بوونەوە هیچی تر نییە.

قاسم گورزی دووەمیشی لە پارتی دیمکرات داوە کە لە ساڵی ١٩٤٦دا دامەزراوە، هەرچی خەون و پرۆگرام هەیە تێکی شکاندوە، گەرچی لە سەرەتاوە خەونی سەربەخۆیی بووە، بەڵام دوای وەک دەڵێن قاسم تەنانەت بە ئۆتۆنۆمیش ڕازی نەبووە .

من لام سەیرە زۆر کەس قاسم بەکەسێکی دڵسۆز دەزانێت و دەشڵێن بە ڕەچەڵەک کورد بووە، بیرمە دایکیشم قتویەکی هەبوو کە پێناسەکان و هەندێ وێنەی ڕەش و سپی تێدا پارێزرابوو وێنەیەکی قاسم بوو، ئەوەیە میللەتی نەخوێندەوار! ئەوەتانێ ئەمڕۆش هاشمییەکی شۆڤێنی داڵدەدەن و باسی شەڕەفیش دەکەن و پێمان دەفرۆشنەوە.

قاسم یەکەمین تۆمەتی بۆ سکرتێری پارتی دیمکرات دروست کرد، کە (برایم ئەحمەد) بوو چونکە برایم ئەحمەد لە ڕێگەی (عیسمەت شەریف وانلی) لەساڵی ١٩٦٠ لەکۆنگرەی خوێندکارانی ئەوروپا ووتارێکی خوێندەوە کە .بلە نوسیبووی

عیسمەت سەریف وانلی

لە هەوڵێکی تردا عەبدولکەریم قاسم، برایم ئەحمەدی بەوە تاوانبار کردووە، کە بە کوشتنی نەیارە سیاسییە کوردەکانە، ئیتر برایم ئەحمەد ناچار بووە خۆی حەشار بدات و لەهەمان کاتدا هەرچی ڕۆژنامەی کوردی . هەبوو یەک لەدوای یەک دایخستوون

ئیبراهیم ئەحمەد

لەساڵی ١٩٦١دا مەلامستەفا ڕوودەکاتە بارزان و لەوێوە چالاکییەکانی خۆی دژی قاسم بەرە پێدەدات، قاسم زۆر هەوڵیداوە بەسەر بارزانییدا سەر بکەوێت، بەڵام بەلێدان نا، لێرەدا هەست دەکەیت، کە کورد هەمیشە بە .سیاسەت دۆڕاوە و شەرمنی سیاسییە

.قاسم داوای لە بارزانی کردوە بگەڕێتەوە ناو حوکمەت و نەی شاردۆتەوە کە قاسم پەیمانی داوە لێی خۆشبێت

لەم کتێبەدا باس لە کەسایەتیەکی کورد دەکرێت کە ناوی (عارف)ە، گوایە سەرمایەدارێکی کوردە و داوای سەربەخۆی کوردستانی و چالاکی ڕۆشنبیرانی کردووە، موساد سەرەتا زۆر ڕێز لەم کەسایەتییە دەکرێت، بەڵام ئیتر وون دەبێت و دوای ماوەیەک دەگەڕێتەوە بۆ هەمان پەیوەندی ئیتر، ئیسرایلییەکان وەکو پێشتر بەڕێزی .لێناگرن و دەستی لێدەشۆن

لێرەدا جدییەتی ئیشکردنی گەلی ئیسرائیلی دەردەکەوێت، کە ئەوان خۆیان بە خەڵکانی ڕاراو بێبەرهەم خەریک ناکەن، کەچی ئێمە سیاسێکانمان لە شەستەکانەوە شکست بەدوای شکستا بەسەرمان دەهێنن، وازمان لێ .ناهێنن

ئەو کاتەی عیسمەت والی لە لۆزان پارێزەر بووە بۆ ماوەی ١٢ساڵ لە هەوڵی چەک پەیداکردن بووە بۆ شۆڕشگێرە کوردەکان، قاسم لە هەوڵە جەهەنەمییەکانی بەردەوام دەبێت، بۆیە (حەسەن عەبود) دەنێرێتە لای مەلامستەفا، کە ئەفسەرێکی پایەبەرزی ڕژێمەکەی قاسم بووە لەگەڵ چەند ئەفسەری تردا. ئیسرائیلییەکان دەڵێن: (مستەفا بارزانی هەمیشە ئامادەبوو بۆ گفتووگۆ) ئەمەیە گرفتی کورد بە ئیستاشەوە سەرانی کورد خەونی گەورەیان نییە، لەکاتێکدا ئیسرائیلییەکان لەباسی پێشمەرگەکاندا دەڵێن (پیاوەکانی با) وابزانم ئەوە

جوانترین وێنەیە، کە بەپێشمەرگە بدرێت، وەک با لە هەموو شوێنێکن دێن بێ منەتن، ئەوان بە بەرگی .خۆیانەوە بەتفەنگی خۆیانەوە، بەڵام سەرکردەیان نەبووە، کار بۆ بەدیهێنانی خەونی میللەتێک بکەن

گەشتێک بە ناوەندی پیاوە ئازاکاندا) ناونیشانی کتێبێکە، کە "شمیدت" نووسیوێتی و خۆزگە کاک ڕەهەند) (.وەرگێڕی ئەم کتێبە نایەبە ئەوەشی بۆ وەردەگێڕایە سەر زمانی کوردی

لەوێدا بارزانی لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەنووسەدا ئاوا دالێت: (بارزانی پێی ووتم: ئێمە بەمانای ووشە "سەربەخۆیی"مان ناوێت، چەند جار ئەم قسەیە دووبارە دەکاتەوە، نووسەرە ئیسرائیلییەکە، دەرک بەوە دەکات، کە دەبێ کورد لەگەڵ عێراقدا بژی) بۆیە ئەو داوای مافی ئۆتۆنۆمی دەکات. دەسەلاتی لۆکالێ لە چوار .چێوەی دەوڵەتی عێراقدا. لاپەڕەی ٩٤هەمان سەرچاوە

خوێنەری ئەم باسە بیر دەهێنینەوە، کە لە کتێبی دادگای مێژوودا، مێزکردەکەی نێوان برایم ئەحمەد و عەبدوڵا ئۆجەلان و ماموستا هاواردا، برایم ئەحمەد دەڵێ تا مەلا مستەفام لە وشەی ئۆتۆنۆمی گەیاند قیر سپی بوو، .چونکە تێنە دەگەیشت

ئیتر بارزانی لە "شمیدت" دەپرسێ ئایا ئەگەری ئەوە هەیە ئەمەریکا یارمەتیمان بدات؟ مەلامستەفا وای پیشان داوە دژی یەکێتی سۆڤیەتە و لەو ڕوانگەیەوە داوای پەیوەندی،یان خەونی پەیوەندی کردنی بە .ئەمەریکاوە هەبووە

لەم بەشەدا ئاماژە بە ڕێکەوتنێکی ستراتیجی (موساد، ساواک، تریدنت) کە واتە ئێران و تورکیا و ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٥٨ تەوە هاوپەیمانی یەک بوون و ساڵانە سەرۆکی ئەوە دەزگایانە کۆبونەتەوە و زانیاریان گۆڕیوەتەوە. ئیتر باسی ئەو هەموو چالاکیەیان کردووە، کە لە بەرژەوەندی ئەو سێ دەوڵەتەدا بووە. ئەمەش لە کاتی شۆڕشی ئێران لە باڵوێزخانەی ئەمەریکا لە تاران ئەو بەڵگەنامەیە دەگیرێت. پرسیاری من لێرەدا ئەوەیە ئاخۆ (مەلامستەفا) ئەو یاریزانە بە ئاگا بووە لەو گەمەترسناکە گەلەکەی قوتار بکات؟

نازانم بەشی سێهەم لەکوێوە دەست پێ بکەم ؟ لەوەی ئیسرائیلێکان نایشارنەوە کە دەڵێن هەمیشە کوردەکان داوای پارەیان دەکرد، بۆ نموونە کاتێک (ئیبرایم ئەحمەد و تاڵەبانی) دەچن بۆ پاریس لە یەکێک لە ئوتێلەکاندا (مناحیم نەفوت) کە گەورە لێپرسراوێکی موسادە، دەیبینن، ئاوا داواکارییەکەی برایم ئەحمەدمان بۆ دەگێڕێتەوە

"ئێمە برسین، نان نییە، شەکر نییە، چا نییە"

مناحیم نەفوت دەڵێ تا ئیستا دەمووچاوی برایم ئەحمەد و و قسەکانیم لە گوێمدا دەزرنگێتەوە . لاپەڕەی ١٣٤ هەمان سەرچاوە

مناحیم دەڵێ : تەماشاکە ئێمە گەیشتوینەتە کوێ؟ ئێمەی جولەکە شەڕ دەکەین لە پێناوی مانەوەدا، گەلێکی . تەواویش کە لەسەرخاکی خۆیاندا لەبەردەماندا وەستاون و داوای یارمەتییمان لێدەکەن

برایم ئەحمەد: ئێمە برسین، نان نییە، شەکر نییە، چا نییە

مناحیم نەفوت نایشارێتەوە دەڵێ: ئیسرائیل وولاتێکی هەژارە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەیمانی پێدان و . یارمەتیشی دان

دیسان نازانم لە کوێوە دەست پێبکەم، کە سەرانی ئەو بزووتنەوەی کوردییە کە من گومانم هەیە و ناچێتە خانەی هیچ بزووتنەوە یان شۆڕشێکەوە، چۆن ئاوا بێ متمانەیی و پاشقولیان لە کورد و لە یەکتر گرتووە تارادەیەکی قێزەوند و حاڵی نەبوون لەیەکتر، لەکاتێکدا تاڵەبانی بۆ گفتوگۆ لەگەڵ رژێمی عێراقدا دەبێت، رێگەی پێدەدەن، کە بچێت جەمال عەبدول ناسر ببینێت، دەچێت بۆ قاهیرە، ئێمە قسەمان لەسەر باش و خراپی چونەکە نییە، چونکە سادەیی کورد لەوێوە دەر دەکەوێت، سادەی میللەت واتە سادەی ئەوانەی بونەتە سەرکردە و پەیامەکەی دەگەیەنن، کە تاڵەبانی دەگەڕێتەوە مەلامستەفا دەچێت بەگژیداو دەڵێ من جەنابتم نارد بۆ بەغداد یان ناردمی ئەم پایتەخت و ئەو پایتەخت بکەڕێیت؟

لێرەدا دیسان دەر دەکەوێت، کە تاڵەبانی سۆفیەکی پاکی مەلامستەفا بووە، وەک لە بیرەوەرییەکانیدا لەلای .قانعی فەرد ئاماژەی پێداوە

لێرەدا قسەکردن لەسەر پرۆسەی ئەسینا کە بە پاریس دەستی پێکرد، ئەوان دەڵێن تا ئیستا نهێنییە بەدرخان ئیتیر پەراوێز خرا و عیسمەت وانلی دەبێتە کەسێکی چالاک، بەڵام لەم کاتەدا شەڕی ناوخۆ قوڵ دەبێتەوە، عیسمەت پەیوەندی گەرموگوڕی هەیە لەگەڵ ئیبرایم ئەحمەدا، ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی مەلامستەفا ئەو پیاوەش فەرامۆش بکات و ئیتر بەدوایدا (مەحمود عوسمان، سامی شەنگاری و چەند کەسێک دەچنە ناو گەمەکەوە)، ئیسرائیلێکان باسی یەکە بەیەکەی ئەم کەسایەتیانەمان بۆ دەکەن، باسی هەڵوێستی ئەمانەمان بۆ دەکەن، پێمان دەڵێن لەو دەمەدا چی ڕووی داوە، باسی گۆڕە بەکۆمەڵێکمان بۆ دەکەن لەسلێمانی کە زیاتر لە٢٨٠ لاشەی لە خۆی گرتوەو هەر لەو ماوەیەدا زیاتر لە ٣٠٠٠ کەسیان لە زیندان خستوە، دیارە باسی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣ و باسی بۆردمانی ماوەتمان بۆ دەکەن، ئیسرائیلەکان نایشارنەوە باسی فێربوونی زمانی فەرەنسی مەحمودعوسمانمان بۆدەکەن، لەهەمووشی سەیرتر ئیسرائیلێکان باسی عەزیز عەقراوی دەکەن کە کەسایەتیەکی زۆر گونجاو بووە، ئەو بووە توانیوێتی، زمانێک بدۆزێتەوە بۆ تێگەیشتنی ئازاری کورد بۆ ئیسرائیلییەکان، لەکاتێکدا لای ئێمە ئەمانە هەمووی نهێنییە، بەوەی پارتی و بنەماڵەی مەلا مستەفا، عەزیز عەقراویان وا پێناساندوین ، کە نمونەیەکی خائین و پیاوی حکومەتی عێراق بێت! ، بۆیە ئێمە پێویستە .جارێکی تر گۆڕی مێژوومان هەڵدەینەوە و ئازایانە دەست لەسەر برینەکانمان دابنێین

ئیسرائیلییەکان باس لە دیاردەیەکی سەیر دەکەن، کە بە ئیستاشەوە ڕاستیەکی تێدایە ئەویش دیداری ئەوانە لەگەڵ ڕەوەندی کوردا لە ئەوروپادا، کە بۆیان دەرکەوتوە کە کوردەکان ئەوەنین بتوانن واز لەبەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان بهێنن بۆ خاتری نیشتمان . ئیسرائیلەکان ئایشارنەوە پێمان دەڵێن جارێ زووە بەم خەڵکانە بڵێین نەتەوە !

ئاوا بۆمان دەدوێن (ئامانج لەدیدارەکانمان بۆ ئەوەبوو تابزانین تاچەند ڕۆشنبیرە کوردەکان ئامادەن واز لەخۆشییەکانی خۆیان بهێنن و کار لە پێناونیشتمان و ئامانجە نەتەوەیەکانیاندا بکەن، ئایا ئامادەن بگەڕێنەوە بۆ نیشتمان و دانیشن لەناو خەڵکەکەیدا، شارستانێت و زانیاری بۆ بگوازنەوە)؟

:پاشان دەڵێت

هەر زوو دەرکم بەوەکرد، کە ئەم ئامادە کارییە، لای ڕۆشنبیر و قوتابیە کوردەکان بونی نییە و ئامادەی .قوربانیدان نین لەپێناو ژیانەوەی گەلەکەیان و ڕاپەڕاندنی

جا خوێنەری ئازیز سەیر بکە دوای چل ساڵ هەمان نەتەوە سادە و بێ ئامادەگی بە ڕەوەند و چالەیەکی زۆرترەوە، لەدەرەوەی نیشتمان ڕۆژەکان دەژمێرن و کەمێکیان نەبێت لەهەوڵی ئەوەدان مەڵۆیەک بخەنە سەر .خەرمانی گەلەکەیان، دیارە دەسەڵاتی کوردیش، کاری لەسەر ئەم دیاردەیەکردووە

خاڵێکی تر کە لەم کتێبەدا دەمەوێ ئاماژەی پێ بدەم ئەوەیە، ئێمەی کورد ناتوانین نهێنی بپارێزین، ئاوا ئیسرائیلییەکان باسمان دەکەن" بۆم دەرکەوتوە کوردەکان نهێنی ناپارێزن، گەورە بێت یان بچوک ناتوانن لەسنگیاندا بیشارنەوە و بەکەسی تر نەڵێن، هەر نهێنیەکی کوردەکانت دەوێت دەبینی خێرا لەسەر هەموو ." زمانێکە

لەم کتێبەکەدا زۆر شت هەیە کە دەبێت بەڕاستی ئێمە وەک نەتەوە شرۆڤەی لەسەر بکەین، چونکە ئەمە بە زمانی دۆستێکمانەوە نووسراوە، کە بەڕاستی ویستویەتی هاوخەممان بێت، دەکرێت هەریەکەمان لەکۆشەنیکایەکەوە تێی بڕوانین، بەڵام ئەوەی لای من جێکەی سەرسوڕمانە بە کورد و بە سەرکردە و بەرپرسەکانئی ئەو دەمەیان ووتوە: " هاوکاری کوردەکان وەک یاری کردن وایە بەئاگر، دەوڵەتی کوردیش دروست بێت، کورد ددان بەئیسرائیلدا نانێن، باوەڕیش ناکەم ئەو دەوڵەتە دروست بێت، ئەمڕۆ و سبەینێ، " هەروەها پێویستە پەلە نەکەین بۆ زاراوەی گەل بۆ کوردەکان

لێرەوەیە دەبێت ئێمە بەخۆمان بڵێین چی؟ کاتێک وا لە دۆستەکانمان دەکەین، کە پێمان بڵێن کورد جارێ نەتەوە نییە، جارێ ماویانە پێیان بگوترێت نەتەوە؟

کورد هەمووی چەکدارە بەهەموو تەمەنەکانییەوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە گەلێکە شەڕانیی بێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە گەلێکی زۆر هێمن و سەرەتاییە.

باری ئابووریی ئەو دەمەی کە ئیسرائیلییەکان لەوێ بوون زۆر خراپ بووە، بۆتە هۆی ئەوەی پەندێکی کە کەسمان نازانین هی چ نەتەوەیەکە هاتۆتە ناو چیرۆکەکانی ئەو کاتەمانەوە کە (لە دەستەوە بۆدەم) ئیتر سەرچاوەی ژیانی گوندەکان دانەوێڵە و سپین دار بووە، بۆردمانی زاڵمانەی ڕژێمی عێراقیش دانەوێڵەکانی سوتماک کردووە.

ئیسرائیلییەکان، خەستەخانەیەکیان کردۆتەوە لەوێدا چەندین کادێریان پێگەیاندووە، سەمەرەکە لەوەدایە تاکو ئیستا کەسێک نەهاتووە باس لەوە بکات و یاداشتی خۆی بکێڕێتەوە بۆمان، پاشان بۆ گرتنی ڕەواندز لە پلانێکی چاکدا بوون تا ناوچییەکی فراوان تر ئازد بکەن، بۆ ئەو مەبەستەش ئیسرائیلییەکان دەورەیەک دەکەنەوە لەهەمەدن ئاوا باسی چەکدارە کوردەکانمان بۆ دەکەن" لە خولەکەی هەمەدانی ئێراندا لەوە و تێگەیشتم کە کوردەکان توانایان زۆر نزمە، ڕەبایەیەکمان دروست کرد و ڕامان هێنان کە تێکی بشکێنن، خستمانە بەر بۆمبارانی چەکی قورس، کە ۷۰ بۆ ۸۰ مەتر لێیانەوە دووربوو، هەستم کرد کە زۆر دەترسن بەتایبەت کاتێک یەکێکیان لێ کوژراو، دانەیەکیان بریندار بوو و بە پارچەیەکی بچوک.

لای "دیڤیدی" شیرکەری باش بە پێی پێوەرەکانی ئەو سەربازەیە، کە عەقڵی ناوەستێ لە چرکە ساتە سەخت و یەکلاکەرەوەکاندا.

لێرەدا دەبێت هەڵوێستە بکەین، کە یەکێتی و سەرکردایەتییەکەی غەدر لەقوربانی دانی ئەو هەموو قارەمانانە دەکەن کە نەک ڕەبایەک، بەڵکو سەدان ڕەبایە بە چەند کاژمێرێک پاک دەکرایەوە. خۆشبەختانە منیش ئەو شەرەفەم پێ براوە کە لە زۆر جێگادا بەکردار بەشداری ئەو دومەڵە نەبم بۆ پاککردنەوەی، ئەوانەش دابان هەلاج، داستانی ڕزگاری، فەوجی کۆردۆ لە ڕەواندزدا کە خەونی مەلامستەفا بووە بیگرێ، کەچی ئەمڕۆ کۆمەڵێ خەڵکی نانیشتمانی و خائین لەسەر ئەو ماندووبوون و خوێن ڕشتنە بازرگانی دەکەن.

لە جێگەیەکدا بەچکە ورچێک دەدەن بە ئیسرائیلییەکان، ئەوانیش دەیبەن بۆ باخچەی ئاژەڵ لە ئیسرائیل، پێکەنیناوی ئەوەیە کە مەلامستەفا هەمیشە چیرۆکی شەڕکردنی لەگەڵ وورچا بۆ میوانەکانی گێڕاوەتەوە. مەلامستەفا دەڵێ بەگوللەیەک هەشت ورچی کوشتوە و جارێکی تر دەڵێ بەفیشەکێک لەسەری وورچێکی داوە و کوشتویەتی، چەند چرکەیەک بەر لەوەی هاورییەکی ڕاوبکات و بیخوات. لاپەڕیی ۲٤٨ هەمان سەرچاوە

. بەر لەماوەیەک لەسەر نەوەکانی بارزانی و وورچ و وتارێکمان نووسی فەرموون

ئیسرائیلییەکان هەست دەکەن کە ئێرانییەکان وەک پێویست بەدەم کار کردنی ئەوان کوردەکانەوە ناچن، بۆیە پێشنیار بۆ مەلامستەفا دەکەن کە هەوڵ بدات لەگەڵ "شا" کۆبێتەوە و نێتی خۆی پێ بڵێتی مەلا مستەفا بە توندی ڕەتی دەکاتەوە و دەڵێ: ئێرانیەکان ڕازی نابن بیمەوە، هەتا سەرۆکی سواک بەڵێنی دا کە بەسەلامەتی .دەگەڕێتەوە

لێرەوەیە کە کەیسی مەلا ئاوارە، سلێمانی موعێنی و هاوڕێکانی دەست پێ دەکات! ئەمە تەنها بۆچوونە ڕەنگە هەڵەبم، چونکە ئێرانییەکان کەیسی مەلامستەفایان لابووە لە کاتی کۆماری مەهابادا، دیارە ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، داگیرکەرانی کورد لەو کەسانە خۆش نابن کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دژیان بوون، با نمونەیەکی زیندوو باس بکەین کە کەیسی (عەزیز وەیسی) کە ماوەیەک لای یەکەکەبووە

! ئیستا تورکیا نەیهێشت ببێتە وەزیری ناوخۆی هەرێم، گەرچی دڵنیاشە کۆیلەیەکی بنەماڵەیە بەڵام

ئەوە تەنها مەلامستەفا نەبووە کە خەوی بەئۆتۆنۆمیەوە دیوە، بەڵکو ئیسرائیلییەکان بۆمان دەگێڕنەوە کە د. مەحمود لە خەوی ئەوەدابوە کە ڕۆژێک ببێتە وەزیر لە عێراق، وەزیری بۆ مەحموود وەک سێبەری خۆی لێ هاتووە بە ئیستاشیەوە هەر پێی نەگەیشتوە و لەهەموو کەس زیاتر لەمێدیاکانەوە دەردەکەوێت و قسەی . لەسەر هەمووشتێک هەیە

. کێرن" بەرپرسێکی تری سەربازی ئیسرائیلی ئاوا باسی بۆردومانەکانی فرۆکە عێراقییەکانمان بۆ دەکات"

بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا ئەوەم دی، کە پێی دەڵێن (لەناوبردنی گەلێک) فڕۆکە عێراقییەکان بەبێ وەستان" بۆردومانی کوردەکانیان دەکرد، ناتوانرێت ژمارەی پێکراوەکان دیاری بکرێت، ئەوان کێڵگە و ماڵەکانی "کوردەکانیان ڕووخاندبوو، وەسوتابوو، وەک ئەوەی هاوولاتی وولاتێکی دوژمن بن

لێرەدایە ئێمە دەبێ هەڵوێستە لەسەر ئەنفال بکەین و بڵێین بەڵێ ئەنفال لە یەکەمین ڕۆژەکانی بەعسەوە پرۆسەیەکە و دەستی پێکردوە، بەڵام چونکە ئێمە گەلێکین تاکو ئیستا نەمان توانیوە قسە لەسەر خودی تراژدییەکانمان بکەین دێن خۆمان لەمەسەلە کشتییەکان دەدەمزینەوە و کێشەکانمان فەرامۆش دەکەین، ئەوانەی ئەوەدەمە لەناو ئەو بزووتنەوەیەدا بوون دەبێت جارێکی تر بێن بەر لە مردنیان باسی ئەو هەموو ئازارانەمان ! بۆ بکەن، مێژوومان خوێنی لێ دەچۆڕێ و ئێمە هەست بەئازاری جەستەی گەلێک و خاکێک ناکەین

سادەیی مەلا مستەفا لە پێشنیارێکەوە دەر دەکەوێت کە داوادەکات لە ئیسرائیلییەکان، تا بەئەمەریکییەکان .بڵێن، تەنها خەرجی سێ ڕۆژی شەڕی ڤێتنامان بدەنێ، ئێمە هەموو شتێک دەکەین لەعێراقدا

لە جێگەیەکی تردا دەڵێ بەردەوامی شۆڕشەکەمان بەندە بەدان پیانانی ئەمەریکاوە . ناشی شارێتەوە کە دەڵێ تەنها ئیسرائیل دەتوانێت وابکات ئەمەریکا بەو ئاراستەیە بەرێت و وابکات گرنگی کورد بۆ رۆژئاوا بهێنێت، . لای مەلا مستەفا وابوە کە ئەمەریکا دانی پێدابنێت ئەوە ئیرانییەکانیش مامەڵەیەکی شیاو دەکەن لەگەڵیدا

کاتێک میسرو سورییەکان هێرشیان کردە سەر ئیسرائیل، لە دیسەمبەری ساڵی ١٩٧٢دا مەلامستەفا زۆر ناشیبانە پشتی لە دۆستەکەی کردو پشتگیری لەعەرەبەکان کرد و هیچ هەرەشیی نەکردە سەر یەکپارچەی خاکی عێراق، بەڵکو پاڵپشتی خۆی بۆ وولاتە عەرەبییەکان دەربڕی، فەرمانی دا بەهێزەکەی کەواز بهێنن لە هێرش بردنەسەر سوپای عێراق . چونکە عێراق بانگەوازی ئەوەی کردوە کە هێزی پشتیوان بۆ شەڕی ئیسرائیل . دەنێرێت. لەگەڵیشیا نامەی ناردوە بۆ ئەحمەد حەسەن بکر، بۆ درێژە پێدانی ووتووویژ

ئیسرائیلییەکان دەڵێن "بڕوامان وابوو کوردەکان شتێک هەر دەکەن، واتە چالاکی دژی سوپای عێراقی، چونکە نەهێشتنی هەر هێزێکی عێراقی لە ڕۆیشتن بۆ شەڕەکە سودی خۆی هەبوو، بە نیسبەت ئێمەوە، بەلام ." کوردەکان بێ هیوایان کردین، هیچ هەنگاوێکی لەو شێوەیەیان نەنا

شا دوای ئەوەی دەزانێت کوردەکان جێگەی متمانە نین، ئاوا لەگەڵ ئەو ترسەی دەر دەبڕێت، ئایا رێخستنی هێزێک لەکورد لەعێراقدا گونجاوە؟

کوردەکان لەئازاری ١٩٦٩دا لە دامەزراوە نەوتییەانی کەرکوک دەکەن، عێراق و زۆری مێدیاکان لەجیهاندا دەڵێن .ئیسرائیلییەکان لەپشتی ئەو کارەوەن

مەلا مستەفا لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی ئیسرائیلیی و د. مەحمود عوسمان

کوردستان بەتایبەتی بەشی باشوری لە مێژە ئیمپریالیستەکان گرەوی لەسەر دەکەن. بۆیە ئەمەریکییەکان لەمانۆڕییەکی هەزەلیدا وەک ئیسرائیلییەکان باسی دەکەن خۆیان نمایش کردوە، گەلی زیندوو سەیری قەبارە ناکات، عەفراوییەکان، عەزیز و ڕەشید و هاشم، کەسانێک بوون گەرچی عەزیز لەساڵی ١٩٦٣وە پەیوەندی کردبوو بە بزووتنەوەوە بەلام پێی نەبڕیبوو لەگەڵ ڕژێمی عێراقداو هەموو ئەو نهێنیانەی گەیاندە دەستی عێراقییەکان، ئیسرائیلییەکان دەڵێن بۆ گەورە لێپرسراوە عێراقییەکان پەردەی لەسەر هەموو شتێک لاداوە. کاتێک مرۆڤ بەمێژووی کۆن و نوێی کوردیدا ڕۆ دەچێت دەبینێت بۆ تاکە چرکەیەک ئێمە گۆڕان لەسەر هەڵوێستمان نەکراوە، خۆفرۆشەکان بەس بکەنەوە لامان، ئیتر پاک دەبنەوە و لەهەموو شتێکیان دەبوورین، کێ ناڵێت ئەوە یەکێک نییە لەشکستە یەک لەدوای یەکەکانمان؟

ئیسرائیلییەکان بۆمان دەگێڕنەوە کە نزیکی ٣٤٠٠ هێرشی ئاسمانی لە ماوەی ئەوساڵەدا کراوەتە سەر ناوچە . ئازادەکان، ئەی خۆمان چیمان لە ئەرشیفماندا تۆمار کردوە؟ ئەوە زیرەکی و لێوەشاوەیمان نیشان دەدات

کاتێک ڕەواندز گیرا و زۆزک کەوتە مەترسییەوە، مەلامستەفا لەوە تێگەیشت هەندرێنیش دەگیرێت، بۆیە خۆی گەیاندە تاران و لەشای داواکرد کە کۆمەکی بکات، ئەویش لە دیوی خانێوە تۆپ بارانی دەست پێکرد هەناسەیەک گەڕایەوە بۆ ناو گیانی چەکدارە یاخی بووەکانی کورد، وەک ئیسرائیلییەکان دەڵێت، بەڵام دوژمنان وریاتر لە سەر گیانی میللەتێک قوماریان کرد و سەرئەنجام ئاشبەتاڵی بەدوادا هات، ئەمە بووە . ناسنامەی گەلێک

ئیسرائیلییەکان لە مێژبوو داوایان لە مەلامستەفا کردبوو باکۆرەک بگیرێت، مەلامستەفاش ئاوا وەڵام دەداتەوە .

ساڵی ١٩٦٨ مەلا مستەفا، لیڤی ئیسکۆل، دڤید کرون، شەمسەدین موفتی، د. مەحمود عوسمان، مائیر عمیت، ئالوف هروبن

ئەگەر ئێوە وازمان لێ بێن و ئێرانییەکانیش خیانەتمان لێ بکەن، ئەوە ٤٠ چەکدار دەبەم و ڕوو لە چیا دەکەم" "

کاتێک مەلامستەفا ڕۆیشتوەو جێی هێشتوون، ئیسرائیلییەکان دەست دەکەنە پێکەنین و قاقالێدان و دەڵێن سەیرە، مەلا مستەفا دەیەوێت سەرکەوێتە سەر چیا ؟ بۆ پێی وایە ئیستا ئەو لەکوێیە؟ ئایە لە دەشتدایە، ئیتر .هەموویان دەست دەکەنە پێکەنین. لاپەڕەی ٢٥٨ هەمان سەرچاوە

ئاشبەتاڵ، دەکرێت بەشداربووان و نزیکەکان لەو ڕووداوە بێنە دەنگ و مەلامستەفامان لێ نەکەن بە کەسێکی .غەدرلێکراو، یان پاڵەوانێک بووە زەهری دراوەتێ بەر لە چوونی بۆناو مەیدانی شەڕ

بەڵکو ئەو خەونەکەی هێندە بوە کە لە سنوری گوندی بارزان زیاتر نەڕۆیوە، ئیستا کە کەسێکی وەک عێزەدین مستەفا ڕەسوڵ و کەریم زەندو، کەمال مەزهەر، ئەو هەموو درۆیە بەدەم ئەم پیاوە دەکەن غەدر لەخۆیان و گەلەکەیان دەکەن، ئێوە کەسانێکن بەر لەوەی مێژوو دادگاییتان کات، خۆتان خۆتان دادگای دەکەن، وێنەکەی :شێرکۆ بێکەسم دی، ئەی تەریق بوونەوە لە کوێدایە کە دەیووت

.پیشانی زۆزک دەدا و چرتیان بۆ هەندرێن لێ دەدا

.ئیستا خەڵات دەبەخشێتەوە

## تسوری ساجبی و بارزانی

کاتێک گەلێک دەمرێت، سەرکردە دەبێت دەست بەجێ خۆی بکوژێت، کەچی مەلامستەفا وای نەکرد، چونکە ئەو لە زەتی لە مردنی گەلەکەی دەبینی ئەو بەدرێژایی ئەو هەموو ساڵە ئامادە نەبوو سەردانی برینارێک گوندێکی روخاو، لێقەومانێ بەرمیەکی شەر بکات، ئەو تەنها و تەنها خەریکی جگەرە پێچانەوە بووە، ئیسرائیلییەکان بۆمان دەگێرنەوە، کە بەنهێنی سەفەرێکی بۆ ئیسرائیل پێدەکەن دیارییەکەی دەستی ئەو . جگەرانە بووە، کە خۆی دروستی کردوون. دیارە دووجاران چۆتە ئیسرائیل

عێراقییەکان دەڵێن ١٣٥هەزار کورد سنوری عێراقیان بریوە و چونەتە ئێران، مەحمود عوسمان دەڵێت زیاتر لە ٥٠٠٠ هەراز کەس لە ژن و منداڵ و پیاوی پیر گیانیان لەدەست دا لە کاتی هەڵزنانیان بەچیاکاندا، ئێمە گفتوگۆی شای ئێران و مەلامستەفامان لە دەمی د. مەحمودەوەو بیستووە، من بەش بەحاڵی خۆم باوەڕم بەو کەسایەتییە نییە کە ئیستا لێی دەڕوانم باوەڕم بەقسەکانیش نەماوە، بەلام دەزانم و گومانم نییە کە .مەلامستەفا لە ژیانیدا هەر هەوڵی داوە بەکوڵی خەڵک بپەڕێتەوە

دوا قسەمان لەسەر ئاشبەتاڵ قسەی ئەحمەد حەسەن بەکری سەرۆک کۆماری ئەو دەمەی عێراق دەبێت کە ووتوێتی "ئەمە ڕووداوێکی مێژووی گەورەیە، بزوتنەوەی ترسناکی یاخبوونی کۆنە پەرستیمان بە تەواویی "سەرکوتکرد و لەناو برد کە لەچەند بەشێکی باکوری عێراقدا ڕەگیان داکوتابوو

خەستەخانەی ئیسرائیلەکان لە حاجی هۆمەران

.هاوکارییەکان لەسەر خواستی شا پێشکەش بەکورد کرا، هەر لە سەر خواستی شاش وەستێنرا

هیوادارم، کە هەموو تاکێکی کورد ئەم کتێبە بخوێنێتەوە، چونکە، پڕێتی لەوانەی مێژوویی کە دەزانین دوای ئەو هەموو ساڵە ئێمە هەر ئەو گەلە سادەیەین، کە سەرکردەکانمان، بوونەتە دەموچاوێکی دزێو نوێنەرێکی .ساختەکاری گەلێک، کە تابێت لە خۆری ئازادی دور دەکەوێتەوە

# تاوان و خیانەتەکانی مەلا مستەفای بارزانی

، ئه كه ر ته ماشای مێژووی بنو بنه چه ی ماڵباتی بارزانی بكه ین ، زۆر به رووونی ده بینین

كه خیانه ت له مێژووی كۆن و تازه ی ئه م بنه ماڵه یه دا پانتایه كی به ر فره وان و دورو درێژی هه یه و هه میشه یش له سه ر سفره و خوانی سیاسی و كۆمه لایه تی و كه لتوری ، ئه م بنه ماڵه یه دا حزوری دایمی هه بوه خیانه ت . خیانه ت وه كو خواردنێكی موفه زه لیش له ناو متبه خی سیاسی نه وه كانی بارزانیدا خوراوه و ده خورێتیش هه تا وه كو ئه مرۆ كه . نه وه كانی بارزانی باوك ، هه رگیز تێر نابن له خیانه ت و بێ خیانه تیش ، ناتوانن نه فه سی سیاسی و كۆمه لایه تی و ئابوری له كوردستان و ناوچه كه دا بده ن . له جه م نه وه كانی بارزانیدا خیانه ت ته مینكردنی ژیان و كوزه رانیانه . ده ركردنی خیانه ت له مێشكی ئه م بنه ماڵه یه دا ، وه كو ماسی له ناو ئاو ده ركردن وایه ، بۆ به زیندو راگرتنی بنه ماڵه كه یان خیانه ت شا ده ماری له شی بنه ماڵه كه یان بێ خیانه ت ئیفلیج ده بن . خیانه ت نه ك ته نها هه ر پیشه یه كو به س ، به ڵكو نه فه سی مان و نه مانی سیاسی و خێڵكه ری و سه رچاوه ی كوزه ران وداراییانه . پرۆفیشناڵترین پیشه كه ر له خیانه تدا ، كه تێدا سه ركه وتوو بونه ، و سه رمایه كی بێ نه ندازه ی زۆریان تێدا به ده ستهێناوه ماڵباتی بارزانی ، پیشه ی خیانه ته . نه وه كانی بارزانی بازرگانێكی زرنكو وریاو چالاك و چه لنكن له بزنسی خیانه ته دا، به حوكمی كه ڵه ككردنی سه رمایی بێ ژوماره ی خیانه ته كانیان . له هه زێنه ی ئه م بنه ماڵه كه یاندا چانده ها ساڵه خیانه ت وه كو پاره دزراوه كانی نه وتی ئه مرۆی كوردستان كه ڵه ككراون له سه ر یه ك خێرو بێری ئه م پیشه ..ییان له كۆتای نیه

رازی و متمانه پێ كردن به موشته ری خیانه ته كانیان

ه كێ له هه ر سفاته كانی زیره كی و سوپه ر پرۆفیشناڵی بنه ماڵه ی بارزانیه كان ، له وه دا به دی ده كرێ كه بنه ماڵه یه توانایه كی ئێجكار سه ر سورێنه ریان هه یه ، له

به ده ستهێنانی دڵی داگیركه رانی كوردستاندا به گفت و كرداره كانیان له دژی شۆرشگێرانی پارچه كانی دی كوردستانا ، بنه ماڵه ی بارزانی به ر ده وام ئه وه یان سه لماندوه بۆ رژێمه داگیر كه ره كانی كوردستان كه ئه وان ، وه كو بنه ماڵه ی بارزانیان دڵسۆزو جێگای باوه رن بۆ خزمه ت پێ كه یاندن به به رژه وه ندیه كانیان . نه وه كانی بنه ماڵه ی بارزانی ، له كن سه رجه م دوژمنه فره ره نگه كانی كوردا بێ گوێدان به جیاوازی سیاسی و ئاینی و مه زهه بی و قه ومیه كانی نه یارانی كورد ، خۆیان گونجاندوه له گه ڵیاندا له گشت سه رده مه كاندا . كه لێ نمونه هه ن بۆ پشتراستكردنه وه ی زیره كی و بلیمه تی بنه ماڵه ی بارزانی له هونه ری رازی كردن و قه ناعه ت پێ كردن ، به و رژێمه سیاسیانه ی كه نه ته وه و نیشتیمانی كوردیان به سه ردا دابه شكراوه . ئه و ده وڵه ت و رژێمانه، زۆر جار به كوده تا ی سه ربازی و راپه رینی جه ماوه ری و فاكته ری ده ره كی گۆراون و له

ناو چونە . سە یرە کە لە وە دایە بنە ماڵە ی بارزانی پیشە لە مێژینە کە ی خیانە تیان لە دە ست نە چوە بە گۆڕین ڕژێمە کانی ئێران و عێراق و تورکیاو سوریا ، بە پێچە وانە وە لە و گۆڕانکاریی ڕژێمە کانی ناوچە کە دا ، زیاتر سودیان بینیوە وە گۆڕانکاریە کانیش سود بە خشبوونە بۆیان و خۆیشیان هە ر زوو سازاندوە لە گە ڵ ڕژێمە نوێ کانی نە وچە کە دا .

ڕووخانی ڕژێمی شاهانشای لە ئێراندا لە ١٩٧٩ لە لاین ئایە تولاَ شیعە کانیە وە ، وە رچە رخانێکی ڕیشە ی بوو لە ڕۆشی سیاسی و کۆمە لایە تی و فە رهە نگی و مە زهە بی لە ئێران و ناوچە ی ڕۆژهە لاتی ناویندا ، لە م هە ڵهاتنی شا لە ئێرانا شیعە توند ڕە وە کان دە سە لاتی سیاسی و مە زهە بی خۆیان سە پاند بە سە ر کۆمە ڵگای ئێرانیدا . ئایە تولاَکان بە جۆرێک گۆڕانکاری ڕیشە ییان ئە نجامدا لە سیستە می سیاسی ئێراندا ، یە کسە ر دە ستیان کرد بە هە ڵکێشانی فکرو هزری شانشێنێتی لە ڕە گو ڕیشە وە لە ناو کۆمە ڵگای ئێرانیدا، لە پۆلیسێکی بە ردە رگای بانکێکە وە دە ستیان پێ کرد ، بە ڕیشە کێشکردنی ئاسە وارە کانی حوکومە تی شانشینی لە ئێران . ئایە تولایە کان کە وتنە لا بردنی بە سە دان و هە زاران لە پیاوانە ی شا لە سە رجە م دامو دە زگاکانی ولاَتدا ، شیعە توندڕە وە کان هە ستان بە لە سێدارە دان و تیرۆرکردنی سە دان لە پیاوانی پلە و پایە دارە کان لە ناو دە سە لاَتی شانشینیدا .

موعجیزە ی سوپە ر پرۆفیشناڵە ی بنە ماڵە ی بارزانی لە ڕازیکردن و متمان و قە ناعە ت پێکردن بە دوژمنان ، لێرە وە دە ست پێ دە کات ، کە ئە م بنە ماڵە یی بارزانیە دە توانن قە ناعە ت ، بە ڕژێمە تازە کان بکە ن ، کە ئە وان پێویستێکی زە روری مێژووین بۆ هە موو قۆناغو گۆڕانکاریە کان لە گۆڕینی ڕژێمە کانی ناوچە کە دا ، ئە وان دە توانن ڕۆڵی جاسوسی وخیانە ت و نۆکە ر ببینن بۆ بە رژە وە ندی ڕژێمی نوێیە کان لە ناوچە کە دا ، بۆیە پێویستن بۆ ناوچە کە و ڕژێمە کانی لە کاتێدا هە ر خودی بنە ماڵە ی بارزانی بون کە بونە بە سە ر چاوە ی خێرو بە رە کە ت بۆ دە ستکە وتە کانی شاە و ئێرانیە کان لە ڕێکە وتنی جە زائیردا لە نێوان عێراق و ئێراندا ئە نجام درا لە ١٩٧٥کە بە ئاشبە تاڵە کە ی ٧٥ ناو بانگی چوە مێژوی شکستی کوردوە

زۆربەی ئێمەی کورد ئاگاداری وردەکاریی تاوانەکانی مەلا مستەفای بارزانی بە تایبەتی و خێڵ و بنەماڵەکەی بە گشتیی نین، تەنیا لێرولەوێ و تاك و تروك تاوانەکانیان دەبیستینەوە. ئەوە دەبێتە هۆی ئەوە کە رووبەر و پانتایی تاوانەکانی مەلا مستەفا و بنەماڵەکەی لێمان روون و دیار نەبێت و بەم هۆیە نایکەین بە بنەمایەکی پتەو بۆ هەڵسەنگاندن و داوەریی لەسەر سوودبەخش بوون یان زیانبەخش بوونی ئەو بنەماڵەیە لە سیاسەتی کوردیدا.

نادیاریی و لێڵیی لە ڕێژە و ئاستی تاوانەکانی ئەو بنەماڵەیەدا، دەبێتە هۆی ئەوە خەڵك لەڕاستیدا نەتوانن دیمەنی تەواوی ڕۆڵی دژە کوردی ئەو بنەماڵەیان لێ دیار بێت و نازانن کە بۆ یەك بەدوای یەکدا قەیران و کارەساتیان بەسەردا دێت. بە هۆی ئەو ناروونیانە، زۆرینەی کۆمەڵگا ناکارامەیی و "ساوابوونی ئەزمون"-ەکە واتا کەمئەزموونیی دەسەلاتی کوردی بە هۆکاری قەیرانەکان دەزانن بە بێ ئەوەی کە لە ڕاستییەکی تاڵتر لەوە

تێبگەن کە هۆکاری قەیران و کارەساتەکانی کوردستان نەک تەنیا لاوازیی سیاسەتی کوردییە، بەڵکو ڕەگ و ڕیشەی قووڵ و دوور و درێژی تاوان و پێشینەی پتەوی خیانەتکاریی بنەماڵەی دەسەڵاتداری بارزانییە.

لە وەها حاڵەتێکدایە کە کۆمەڵگای ناوشیاری کوردیی بۆ ماوەی سێ دەیە مەیدانی دەسەڵاتداریی و سیاسەت و بازرگانیی دەدات بە بنەماڵەی خیانەت و تاوان. بێگومان کۆمەڵگایە وشیار ئەگەر ریزی دوور و درێژی تاوانەکان و خیانەت و خۆفرۆشی ئەو بنەماڵەی لەبەر چاو بێت، ئاوا بە ئاسانی ڕێگە و مەیدانیان بۆ چۆڵ ناکات و هەموو کات ناتوانن سواری شان و کۆڵی کەلێك بن و خەباتی بەشەکانی دیکەی کوردستان لە ڕێگای ئەنەکەسە و بەکرێگیراوێکی وەك عەلی جەوانمەردی لە خشتە ببەن.

لە ژێرەوە لیستی تاوانەکانی بارزانییەکان بخوێننەوە، با هەموو کوردستان بزانێت لە بارزانی چۆن لە ڕێگای عەلی جەوانمەردی و ئەنەکەسەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلات دەیانەوێت چنگی بنەماڵی تاوان و خەیانەت لە بەشەکانی دیکەی کوردستان قایم بکەن.

١- لەساڵی ١٩٥٩دا عبدولکەریم قاسم لە بارەگای تایبەتی خۆی لە وەزارەتی بەرگری بە مەبەستی ئاشتکردنەوەی مەلا مستەفا و ئەحمەد ئاغای زێباری گفتوگۆیان لەگەڵ دەکات. ئەحمەد ئاغا بە عبدولکەریم قاسم دەڵێت، ئەگەر مەلا مستەفا ڕاست دەکات و خاوەن عەشیرەتە، با پێنج پشتی خۆی بلێت، ئەمانە بێبنچینەن. من ئامادەم دوانزە پشتی خۆم بڵێم. لەسەر ئەم قسانە لە ساڵی ١٩٦٠ دا لە موسڵ ئەحمەد ئاغای زێباری بە فەرمانی مەلا مستەفا تیرۆرکرا.

٢- بە فەرمانی مەلا مستەفا، هاوسەری کوڕەکەورەکەی"عوبێدوڵا" واتە بوکەکەی خۆی بە منداڵەکەی ناو سکیەوە بەدەستی فارس باوە لە هەولێر کوژرا.

٣- مارگرێت تاقە پێشمەرگەی ژن لە شۆڕشی ئەیلول بوو. بارزانی داوای پەیوەندی سیکسی لە مارگریت دەکات و ئەویش ڕازی نابیت بۆیە دوای ئەوەی بە زۆر دەستدرێژی دەکاتە سەر شەهیدی دەکات و تۆمەتی ئەوەی دەخەنە پاڵ کە ژنێکی بێ ناموس و بێ ئەخلاق بووە.

٤- ساڵی ١٩٦٧ ژمارەیەک پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئێران لە لایەن چەکدارانی مەلا مستەفا شەهیدکران. یەک لە وانە برایمە سوری محەمەدە لاوەی خەڵکی ناوچەی خانێ بو لە گوندی ئالانە شەهیدیان کرد و تەرمەکەیان دایەوە بە ڕژێمی ئێران.

٥- لە مانگی سیپتەمبەری ١٩٦٧ دامەلا ڕەحیمی وەرتێ، ناسراو بە میرزا ئەحمەد ئەندامی کومیتە ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە لایەن مەلا مستەفاوە دەگیرێ و دەیانەوێت بە زیندویی تەسلیمی بکەنەوە بە ساواک، ئەویش نارەزایەتیەکی زۆر دەردەبرێت و هەر لەوێدا کولەبارانی دەکەن.

٦- دەستەی ساڵح لاجانی نۆ کەس بوون، لەپاش کوشتنی مەلا ئاوارە هاتبوونە ژێر دەسەڵاتی مەلا مستەفا، .ئەوانیش گیران و درانەوە بە ئێران و هەمویان گولەباران کران

٧- هەر لە هەمان مانگدا، سوارەی سەکری، ئەسکەندەر علی، محەمەد موئمینی، حەبیب ئەبابەکر، جەعفەر .ئەبابەکر و مونتەقیمی قازی، لەگەڵ دەیان پێشمەرگەی تر درانەوە بە ئێران. جیا لە مونتەقیمی قازی، هەمو

٨- مانگی ئایاری ساڵی ١٩٦٨ هەردوو شۆڕشگێر سلێمان موعینی و خەلیل شەوباش لە دیلمان لەلایەن دەزگای پاراستنی بارزانی دەگیرێن، خەلیل شەوباش لە ڕێگا دەکوژن کاک سلێمان سجن دەکرێت و لە سەر داوای مەلامستەفا، هەژاری موکریانی لە سجن سەردانی سلێمان موعینی دەکات و سوکایەتی زۆری پێ دەکات کە لە چێشتی مجێوردا خۆی بەشێکی باس کردوە. دوایەش شەهیدی دەکرێ و تەرمەکەی درایەوە بە ساواکی .ئێرانی

٩- کوشتنی سەرکردەی هەردوو باڵی حیزبی دیموکراتی کوردستانی تورکیا سەعید یالچی، دکتۆر شڤان .محەمەد بێگی، حەکۆ و بروسک لە ناوەڕاستی شەستەکان

.١٠- لە ئاخرین کۆتاییەکانی ئاشبەتاڵدا، مەلا مستەفا فاخیر مێرگەسووری و خێڵەکەی قەتڵوعام کرد

١١- تیرۆرکردنی سەرکردە پێشکەوتنخوازەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەوانە سەدیق ئەنجیری .و ئەسعەد خودایاری

١٢- گرتن و تەسلیم کردنەوەی ٥٥ ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئیعدام کردنیان لەلایەن ساواکەوە ١٩٦٧- ١٩٦٨

١٣- سوتاندنی ئەوڕەحمانی ساڵحی خلە بە زیندووی لە کانی ماسی ١٩٦٣- ١٩٦٤

١٤- جینایەتی جەنگی ناسراو بەکارەساتی هەکاری و شەهید کردنی ٧٠٠ پێشمەرگەی یەکێتی نیشتیمانی ١٩٧٨

.١٥- ئاشبەتاڵ پێکردنی شۆڕشێ ١٤ ساڵەی نەتەوەیەک/ ١٩٧٥

.١٦- دیارنەمانی سەروەت و سامانی شۆڕشی ئەیلول/ ١٩٧٥

.١٧- کودەتای سەربازی بەسەر باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دێموکراتی کوردستانی عیراق ١٩٦٤

# هاتنی بارزانی و هاورێکانی بۆ مەهاباد و بە جێهێشتنی پێشەوا لە کاتێکی هەستیارا!

لەمبارەوە مێژوویەکی دروست و زیندوو لە بەر دەست دا نیە. ساڵی ١٩٣١-١٩٣٢ شەڕ لە نێوان عەشیرەی برادوستیەکان و بارزانیەکان دا رووی دا و لەو شەڕانەدا مەلا مستەفا وەک شەڕکەرێکی ئازا و فەرماندەیەکی سەرکەوتوو ناوبانگی بڵاو بویەوە، لەو شەڕانەدا بارزانی و چەکدارەکانی هەم شەڕیان لەگەڵ عەشیرەی برادوستیەکان ئەکەرد و هەم پەلاماری چەند بارەگایەکی پۆلیسی حکومەتی ناوەندیان دا و ئەوەش زیاتر ناوبانگی مستەفا بارزانی زیاد کرد. ساڵی ١٩٣٣ حکومەتی عێراقی لێبوردنی گشتی راگەیاند و مەلا مستەفا و ٢٠٠ چەکدار کە لەگەلیدا بوون خۆیان تەسلیم کردەوە، سەرەتا دوور خرانەوە بۆ شاری ناسریە لە باشوری عێراق و لە کاتی شەڕی دووهەمی دنیاکردا ١٩٣٩ ئینگلیزەکان مەلا مستەفا و بنەماڵەکەییان کە ٨٦ کەس بوون هێنایە سلێمانی و لەوێ نیشتە جێی کران. بەڵام ژیان و گوزەرانیان ناخۆش بوو و ئەو موچە یان مانگانەیەی کە وەریان ئەگرت بەشی نەدەکردن و بەمجۆرە مەلا مستەفا بڕیاری گەڕانەوە بۆ بارازن واتە دەڤەری لە دایکبوونی خۆی ئەدا و لە ١٩٤٣ بە بێ رەزامەندی و پرسکردن بە ئینگلیزەکان کە لەو ناوچەیەدا دەسەلاتدار بوون لە سلێمانیەوە و بە رێگای رۆژهەڵاتی کوردستان و لە سنووری دەڤەری برادۆستەوە گەیشتەوە ناوچەی بارزان لە باشوری کوردستان. مەلا مستەفا لە رێگای گەرانەوەیدا چەندین کەس لە بارزانیەکان کە لە ناوچەکانی مەهاباد، شنۆ و نەغەدە و دەڤەرەکانی سۆما و برادۆستا دەژیان لەگەڵ خۆیا بردەوە و کاتێک گەیشتەوە دەڤەری بارزان هێزێکی چەکداری کۆ کردەوە و پەلاماری چەند بنکەیەکی سەربازی حکومەتی دا و گوشاری خستە سەر حکومەتی عیراق و ئینگلیزەکان کە رێگە بدەن شێخ ئەحمەدی برای و پاشماوەی بنەماڵەکەی کە دۆر خرابونەوە بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان، واتە دەڤەری بارزان.

لەو سەردەمەدا حیزبی هیوا گەورەترین حیزب بوو لە باشوری کوردستانا و رەفیق حیلمی سەرۆکی بوو. رەفیق حیلمی یەکێک بوو لە راوێژکارەکانی شێخ مەحمودی حەفید. رەفیق حیلمی مروڤێکی زمانزان و شارزای سیاسەت بوو بەڵام کەسێکی کاریزما و رێکخەر نەبوو. لەو کات و سەردەمە دا لە نێو حیزبەکەیدا پشتگیری نەمابوو و لە رێگە چارەیەک دەگەڕا و بڕیاری دا کە روو لە مستەفا بارزانی بکات کە ئەو کاتە ناوو دەنگێکی پەیدا کردبوو و هەروەها خەڵک بە قسەیان ئەکرد. دیارە ئامانجی سەرەکی رەفیق حیلمی ئەوە بوو کە سەرهەڵدانی دەڤەری بارزان بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی لە سەرهەڵدانێکی عەشیرەیی بێ پلان و بەرنامە و ستراتیژەوە بکاتە شورشێکی نەتەوەیی. بەڵام بەر لەوەی ئەم پلانە بە هاوکاری چەند ئەفسەرێکی رۆشنبیری کورد جێ بە جێ ببێ، ئینگلیسەکان کەوتنە خۆ ئامادە کردن بۆ سەرکوتکردنی مستەفا بارزانی و چەکدارەکانی، چونکە بشێوی لە ناوچەکەدا بە زەرەری ئەوان تەواو دەبوو و لەو کاتە دا شەڕێ دووهەمی دنیاگریش یەکلایی نەببووەوە.

حکومەتی ناوەندی عێراق و کەسایەتی ناسراوی ئەو سەردەمە ماجید مستەفا لە ریگەی شێخ ئەحمەد براکەورەی مستە بارزانیەوە پێوەندیان بە ناوبراوەوە کرت. ماجید مستەفا کە ئەو کاتە وەزیربوو لە حکومەتی عێراقیدا لەگەڵ چەند ئەفسەری کورد و چەند کەسایەتی دیکەدا مەلا مستەفایان هێنایە سەر ئەو بڕوایە لە جیاتی شەڕی عەشایەری داواکاریەکانی لە حکومەت بکاتە داواکاری نەتەوەیی و بەمجۆرە ریگەیان خۆش کرد کە حکومەت لەگەڵ بارزانیدا بکەوێتە گوت و بێژ و بارزانیە دورخروەکانیش بەگەڕیننەوە و مەلا مستەفاش .چووە بەغدا

لەو ماوەیە دا حیزبی هیواش توشی کێشەی ناوخۆیی و شێوەی پێوەندیگرتن لەگەڵ بارزانیدا بوو و ئەو .یەکریزیەی جارانی نەمابوو

ساڵی 1945 لە ناو بنکەیەکی پولیس لە دەڤەری مێرگەسوورا ناکۆکی لە نێوان چەکدارەکانی بارزانی و پولیسەکانا لەسەر دابەشکردنی خۆاردن و خۆاروبار هاتە ئاراوە و کەسێک بە ناوی تەموین وەلی بەگ کوژرا کە خزمی نێزکی بارزانی بوو و هەروەها بارزانیەکانیش چەند پولیسێکیان کوشت. دوای ئەم کارەساتە مەلا .مستەفا هێزەکانی خۆی کۆ کردەوە و جارێکیتر پەلاماری هێزە چەکدارەکانی عێراقی دایەوە

ئەرتەشی عێراق بە هاوکاری ئینگلیزەکان و بە پشتیوانی هێزی ئاسمانیەوە روبەڕوی بارزانیەکان بوونەوە و سەرئەنجام لە نیوەی دووهەمی ساڵی ١٩٤٥ دا بەسەر بارزانیەکانا زاڵ بوون و مستەفا بارزانی و .چەکدارەکانی هەڵهاتن و خۆیان ئاودیوی رۆژهەڵاتی کوردستان کرد

چەکدارەکانی بارزانی لە ناوچەکانی شنو، نەغەدە، تەرگەوەر و مەرگەوەردا بڵاو بوونەوە. هاوکات هێزەکانی سۆڤیەت کە ئەو دەڤەرانەیان لە ژێر کونترۆڵ دا بوو لە هاتنی مستەفا بارزانی بە گومان بوون و لە ریگەی ناوەندە هەواڵگریەکانیانەوە ئاگاداری پێوەندی مستەفا بارزانی بوون لەگەڵ ئینگلیزەکان و رێگەیان نەئەدا .بکەوێتە جموجوڵ

مستەفا بارزانی بێ هیوا بوو لەوەی بتوانێ سەرکەوتن بەدەست بێنێ و دوو نامەی نارد بۆ ئیبراهیم ئەحمەد کە ئەو سەردەمە کەسایەتی روناکبیر و مەحامیەکی ناسراو و ئەندامی کۆمەڵەی ژێ کافی باشوور بوو. نامەیەکیان بۆ ئیبراهیم ئەحمەد و ئەویتریان بۆ باباعەلی شیخ موحمود بوو و داوای کردبوو بە شێوەیەک .بکەونە ناوبەر و ئیمکانی تەسلیم بوونەوەی بە حکومەتی عێراقی بۆ فەراهەم بکەن

دیارە ئیبراهیم ئەحمەد ئاگاداری دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە لایەن پێشەواوە دەبێ و ئاگادارە کە دەسەڵاتدارنی کۆمار لە ریگەی سۆڤیەتیەکانەوە ئاگادار کراونەتەوە بڕوا بە بارزانی نەکەن و ئەوەش ناوبراوی .بێ هیوا کردوە و بە تەمای خۆ بەدەستەوە دانە

ئیبراهیم ئەحمەد نامەکە ناداتە باباعەلی و لە جیاتی ئەوە لەگەڵ شیخ لەتیفی شیخ مەحمودا تۆمارنامەیەک ئەنوسن و ئەینێرن بۆ سەرۆک کۆماری کوردستان پێشەوا قازی محەمەد و مەلا مستەفا بارزانی وەک نۆێنەری باشوری کوردستان پێناسە دەکەن و داوا دەکەن کە کۆمار مستەفا بارزانی قەبوڵ بکەن و پەنای بدەن.

کاتێک ئەو نامەیە دەکاتە مەهاباد پێشەوا دەنێرێ بە شوێن مستەفا بارزانی و داوا دەکا هەموو هێزە چەکدارەکانی لەگەڵ خۆیا بێنی بۆ مەهاباد و بەمجۆرە هەموو چەکدارەکانی بارزانی ئەکەنە پێشمەرگە و پلەی ژنراڵی ئەدەنە شەخسی بارزانی.

کاتێک مستەفا بارزانی ئەبێتە ژنراڵ و ناوبانگ دەرئەکا، چەند کەس لە روناکبیرانی باشوری کوردستان پێشنیاری پێدەکەن کە داوا بکات لە باشورا حیزبی دیموکراتی کوردستان هاوشێوەی ئەوەی مەهاباد دامەزرێ و پێوەندی بە ئیبراهیم ئەحمەد و هەڤاڵەکانیەوە ئەگرن و سەرئەنجام لە ١٩٤٦ دا ئەو حیزبە بە گرتنی یەکەم کۆنگرەی خۆی لە بەغداد دادەمەزرێ و مستەفا بارزانی وەک سەرۆکی حیزب دیاری دەکەن.

هاتنی هێزی چەکدار، ئەویش ئەو هێزەی کە تەجروبەی شەڕی هەیە، لەو کات و سەردەمە ئاستەمە دا بۆ کۆماری کوردستان پاڵپشتیەکی باش و کەم وێنە بوو. بەڵام هەر زوو دەرکەوت مستەفا بارزانی تەنیا بیر لە بەرژەوەندی خۆی ئەکاتەوە و بڕوای بە کۆمار و بە پێشەوا نیە و زیاتر خۆی لە کۆمەڵێک سەرۆک عەشیرە نێزک ئەکردەوە کە بە شێوەیەک لە شێوەکان دژبەری پێشیوا و کۆمار بوون و لە ڕیگەی ئەو سەروک عەشیرانەوە پێوەندی بە شای ئێرانەوە گرت.

لە ڕاستیدا ئیبراهیم ئەحمەد و هاوڕیکانی پێیان وا بوو بە دروست کردنی کەسێکی لەشکری وەک مەلا مستەفا بارزانی کە ناوبانگی بەرەنگار بوونەوەی بە کوردستان و ناوچەکەدا بڵاو ببووە ئەتوانن تەجروبەی شوڕشی گەلان دووبارە بکەنەوە کە لە چین و روسیە و چەند شوێنی دیکە هاتبووە ئاراوە و وایان کرد کە مستەفا بارزانی واز لە گەڕانەوە و تەسلیم بوون بێنێ و ببێتە کەسایەتیەکی سەربازی و بەمجۆرە زەمینەی ڕێبەریکردنی بۆ بخوڵقێنن...

بە پێچەوانەی پێشەوا قازی محەمەد و ئیبراهیم ئەحمەد، مەلا مستەفا بارزانی هیچ چەشنە فکر و رامان و تێروانین و ستراتیژیەکی نەتەوەیی، سیاسی و سەربازی نەبوو و تەنیا سواری شەپۆلی روداوەکانی سەردەمی خۆی ببوو و تەنیا بیری لە هەڵهاتن و بەردەوامی ژیان ئەکردەوە و سەرەتا ژیانی خۆی و پاشان هی بنەماڵە و عەشیرەتەکەی بە بنەما ئەگرت.

هەل و مەرجی ناوچەکە بەرەو ئارامی ئەچوو و شای ئێران کە گەنجێکی کەم تەجروبە بوو خەریکی پتەو کردنی دەسەڵاتی خوی بوو و ئامریکایەکان و ئینگلیزیەکان هاوکاری جیدیان ئەکرد و هەوڵیان ئەوەبوو کە دەسەڵاتی پاشایەتی بگەڕێتەوە هەموو سنوورەکانی دیاریکراوی ئێران و بۆ ئەو مەبەستەش دەستی شا و

لەشکرە سەرکوتکەرە شەکەستخواردوە، قینلەدەڵەکەی ئاواڵە بوو کە هەموو جورە جوڵانەوەیەک لە دەڤەرە جیاوازەکان سەرکوت بکات و روژهەڵاتی کوردستان و ئازەربایجان ئامانجی سەرەکی هێرشەکان بوون.

هاوکات ریژیمی پاشایەتی کەوتە دان و ساندن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی سوڤیەت و مەسەلەی نەفت بوو بە بنەمای دان و ساندنەکان و ئێرانیەکان زیرەکانە جوڵانەوە و بە دانی هێندێ قەول و قەرار تەماحیان نایە بەر سۆڤیەتیەکان و ئیتر یەکیەتی سۆڤیەتیش پشتی لە کورد و ئازەریەکان کرد.

وەک ئاماژەم پێدا مەلا مستەفا بارزانی خۆی لە عەشیرەی دیبوکری نێزیک ئەکردەوە کە ئەو کات نیوە ئاشکرا و نیوە شاراوە دژی کۆماری کوردستان و پێشەوا قازی محەمەد بوون و پێوەندی بەردەوامیان بە ئەرتەشی ئێران و شاوە هەبوو.

لە ریگەی عەشیرەی دیبوکریەوە(موهتەدیەکانەوە) مەستەفا بارزانی پێوەندی بە شای ئێرانەوە ئەگرێ و ئیمکانی سەفەر و چاوپێکەوتنی لەگەڵ حەمەرەزا شا دا بۆ فەراهەم ئەکەن

هەر لە گەروبەری هێرشی ئەرتەشی پاشایەتی بۆ سەر مەهاباد و لە کاتی داگیرکردنی شاری تەوریز وەک ناوەندی حکومەتی خودموختاری ئازەربایجان بە رێبەری پیشەوری کە سەروکی فیرقەی ئازەربایجان و دوستی نێزیکی پێشەوا قازی محەمەد بوو، مەلا مستەفا بارزانی سەردانی تاران ئەکات و چاوی بە شای ئێران و فەرماندەکانی ئەرتەش ئەکەوێ و پاشان ئەگەرێتەوە دەڤەری موکریان.

لێرەدا چەند لایەنی تایبەت بە شاراوەیی ماونەتەوە و هیچ مێژوونوس و لێکۆڵەریک خوی پێوە خەریک نەکردوە .١- مەلامستەفا بارزانی یەکێک لە فەرماندەکانی کۆماری کوردستان بووە و هاوکات لە لایەن سەروک کۆماری کوردستانەوە دەرەجەی ژنراڵی پێدراوە و فەرماندەی جەبهەی سەقز بووە و ژمارەیکی زور پێشمەرگەی لە ژێر فەرماندەیی دا بووە، چۆن جەسارەتی کردوە بچێتە تاران و دیدار لە گەڵ شادا پێک بێنێ؟

٢- کۆماری کوردستان نوێنەری خۆی لە تاران هەبووە کە سەدری قازی بووە و بەردەوام لە دان و ساندن دا بوون لەگەڵ حکومەتی پاشایەتیدا، ئیتر مەلا مستەفا بارزانی چ کارێکی بە تاران هەبووە؟

٣- مەلا مستەفا بارزانی بە چ موناسبەت و لەسەر بریاری کێ و بە کامە بەرپرسیارەتی و بە کامە پرۆژەوە چوەتە لای شای ئێران و لە کۆبونەوەکەیانا باسی چییان کردوە و لەسەر چ بنەمایەک قسەیان کردوە و چۆن شای ئێران ریگەی داوە بگەرێتەوە کوردستان؟

٤- چۆنە کە مەلا مستەفا بارزانی هەر کە لە تاران ئەگەرێتەوە خێرا هێزەکەی خۆی کۆ دەکاتەوە و بریاری پاشەکشە ئەدات و کۆمار بە بێ هێزی پاراستن دێڵێتەوە؟

٥- چۆنە کە تا ئەو کاتەی مەلا مستەفا بارزانی لە چۆمی ئاراس ناپەڕیتەوە و تاوەکونی شای ئێران و ئەرتەش لە پەڕینەوەی ناوبراو و هێزەکەی دڵنیا نابنەوە پێشەوا و هەڤاڵەکانی هەر لە زیندان دا دەبن و هەر کە ئەوان کردیانە ئەوبەرەوە یەکسەر ئەمانیان ئێعدام کرد؟

٦-ایا دەکرێ هێزێکی چەند سەد کەسی بە مەودایەکی دەیان کیلومیتریدا بە ناوبەری ئەرتەشی دوو وەڵاتا دەرباز بێت و توشی شەڕەکی قورس نەبێ و یەک تاقە کوژراوی نەبێ؟

ئەرتەشی پاشایەتی بە بێ لەمپەر کۆماری ئازەربایجانی داگیر کرد و کۆمەڵکوژیەکی سەیری لە شاری تەوریزا وەرێخست. شکانی کۆماری ئازەربایجان بوو بە هۆکاری روخانی ورەی کۆماری کوردستانیش، بەڵام ئەرتەش بەو جەسارەتەی کە پەلاماری ئازەربایجانی دا نەیدەوێرا پەلاماری کوردستان بدات و لە کوردەکان دەترسا.

سەرەتا شای ئێران لە ڕیکەی سەدری قازیەوە پێوەندی بە پێشەواوە گرت و دوای هێندێ هاتن و چوون ڕیک کەوتن لە سەر چەند خاڵێک کە بە تەواوی خاڵەکانی روون نەبونەتەوە.

دیارە حەمەحسەین خانی سەیفی قازی کە وەزیری بەرگری کۆماری کوردستان بوو بڕوای وابوو کە بەرەنگاری ئەرتەش ببنەوە و کۆبوونەوەیەکیان لە مەهاباد پێک هێنا و هەموو سەروک عەشیرە و وەزیرەکانی کۆمار تێدا بەشدار بوون و داواکاری شەڕ هاتە ئاراوە کە بەداخەوە یەک تاقە کەس پشتیوانی لە حەمەحسەین خان نەکرد و ئەوەش وایکرد کە پێشەوا بە تەواوی ورەی بەردا و کەوتە بیر کردنەوە لە ڕیکە چارەی دیکە و هاوکات بڕوای بەوەش نەبوو کە وەک پیشەوری هەڵبێت و خۆی شەرمەندەی گەلەکەی و مێژوو بکات.

ئیتر ئەرتەشی پاشایەتی گەیشتە دەروازەی مەهاباد یان نێزکی مەهاباد و پێشەوا قازی محەمەد پێشوازی لێکردن و پێکەوە لەگەڵ ئەرتەشا و بە سواری ماشینی ئەرتەش و لە پەنا فەرماندەی ئەو هێزەی هاتبوون گەڕایەوە ناوشاری مەهاباد. دوای ئەوەی هێزەکەی بارزانی پاشەکشەیان کرد و شاری مەهاباد کەتەوە دەست ئەرتەش و سەروک عەشیرەکان بە پەلە و لە کێ بەر کێیەکی قیزەون دا وەفاداری خۆیان بۆ شای ئێران دەربڕی، بڕیاری دەستگیر کردنی پێشەوا قازی محەمەد و سەدر و سەیفی قازی درا و زیندانی کران و لە دادگایەکی رووالەتیدا مەحکوم بە ئێعدام کران و لە مەیدانی چوار چرای مەهاباد لە سێدارە دران.

کاتێک مستەفا بارزانی لە تاران و لە دیداری شای ئێران و فەرماندەی گشتی ئەرتەشی ئێران دا گەڕایەوە و دەستیان بە پاشەکشە کرد، سەرەتا هەوڵی دا کە حکومەتی عێراقی لێی خۆش بن و بگەڕیتەوە و خوی تەسلیم بکات و تەنانەت ئامادە بوو دوریشی بخەنەوە بۆ باشوری عێراق، بەڵام دەبێ قەولی بدەنێ کە ئێعدامی ناکەن، بەڵام حکومەتی عیراقی هیچ مەرجەێکی قەبوڵ نەکرد و داوای کرد کە بە بێ شەرت و مەرج خۆیان رادەستەت بکەنەوە.

ئیتر مەلا مستەفا بارزانی ٥٠٠ کەس لە هێزە چەکدارە ئازاکانی جیا کردوە و پاشماوەی هاورێکانی کە خەڵکانێکی بە تەمەن و ژن و منداڵ بوون لەگەڵ شێخ ئەحمەدی براگەورەیدا بەڕی کردەوە و خۆیان تەسلیم بە حکومەت کرد کە لە ناو ئەو خەڵکەدا 3 ژنی مەلا مستەفاش هەبوون چونکە ئەو سەردەمە ناوبراو 3 ژنی هەبوو.

چەند ئەفسەرێکی رۆشنبیر کە هاورێی مەلا مستەفا بارزانی بوون هەوڵیان دا کە ناوبراو رازی بکەن بەوەی بەرخۆدان بکات و بەرەنگاری ریژیمی عێراقی ببێتەوە چونکە ئەو سەردەمە هەموو ئەرتەشی عێراق لە ١٠٠٠٠ کەسی تێپەڕ نەدەکرد و هەروەها نەشچن بۆ سۆڤیەت، بەڵام مەلا مستەفا ئەوەی قەبوڵ نەکرد و بەرەو سوڤیەت کەوتە رێ و سەرەئەنجام ساڵی ١٩٤٧ لە ئاوی ئاراز پەرینەوە و ئەو هەڵهاتنە دواتر وەک چیرۆکی قارەمانەتی باس دەکەن و کەس ناپرسێ بۆ هەڵهاتن و بۆ بەرخۆدانیان نەکرد کە بێگومان بەرپرسی یەکەم و سەرەکی مەلا مستەفا بارزانیە و ئەوانیتر هیچ دەسەڵاتێکیان نەبووە.

دوای لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد و هەڤاڵەکانی، حیزبی دیموکراتی کوردستان ئاسەوارێکی لێ نەمایەوە و بێدەنگیەکی سەیر باڵی بەسەر ناوچەکە دا کێشا. ئەو بێدەنگیە زیاتر بێ هێوایی و تورەبونی لەگەڵ بوو و کاریگەری کردە سەر باشوری کوردستانیش.

ماوەیەک دوای روخانی کۆماری کوردستان حیزبی تودەی ئێران هەوڵی ئەوەی دا کە لە ریگەی بوژانەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە تەشکیلاتی خۆی لە رۆژهەڵاتی کوردستانا پەرە پێبدات و لە راستیدا حیزبی دیموکرات بکاتە بەشێک لە ریکخستنەکانی خۆی لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئەیزانی کە خەڵک هێشتا خوشەویستیان بۆ پێشەوا قازی محەمەد و حیزبی دیموکرات ماوە و ئەتوانن ئەو هەلە بقوزنەوە و سەرەنجی کوردان بۆ لای خۆیان راکیشن.

لە لایەکی دیکەوە چەند کەس لە مەهاباد و ناوچەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان کەوتنە جوڵە و ئیتر بەرە بەرە رێکخراوی حیزبی بوژانەوەی بەرچاویان بە خۆیانەوە بینی و لە سەردەمێ سەرهەڵدان و دەسەڵاتی سەورک وەزیرانی دوکتور موسەدیق دا ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان نیوە ئاشکرا لە کار و چالاکی دابوون.

دیارە شکەستی دوکتور موسەدیق بوو بە هۆکاری سەرکوتی بەرفراوانی ئازادیخوازان لە سەرتاسەری ئێرانا و کوردستانیشی گرتەوە و گرتن و راونان دەستی پیکرد و ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامە چالاکەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەستگیر کران و ژمارەیەکیشیان ئاوارەی باشوری کوردستان بوون.

# قەتوڵ عام کردنی بنەماڵەی حەمەد ئاغای مێر گە سوری

محمدئاغا صالح حمد ئاغا حەسەن بەگ کەکڵەیی میر مەلا صۆفی .زۆرتر بەناوی حەمەد ئاغا بانگ کراوە ..لەساڵی ١٩٠ لەدایک بووە

.چوار ژنی هێناوە و ٣کچ و ١٠کوری هەبوە

رابردویەکی نیشتیمان پەروەرانەی هەیەو هەمیشە لە ریزی گەل دا بوە لە دژی داگیر کەران .رۆلی کاریگەری لەشۆرشەکانی بارزان هەبوە ،ساڵی ١٩٣٠لە گوندی ئەلموش بریندار بوە .لەساڵی ١٩٣٢ سەرپەرشتیاری ئەو هێزانە بوە کە بەرگریان لە بارزان کردوە .ساڵی ١٩٤٠ حکومەتی عێراق لەسۆنگەی جموجۆل و چالاکییەکانییەوە 3ساڵ زیندانیی بەسەردا سەپاندوە .لەساڵی ١٩٤٥ دا لەکاتی شۆرشی بارزاندا پردی خەلانی تەقاندۆتەوە بۆ ئەوەی رێ لە پێشرەوی هێزێکی سوپای عێراق بگرێت .لە ساڵی ١٩٤٦ دا لە کۆماری مەهاباد پلەی کۆلۆنێلی پێ بەخشراوە و کراوەتە لێپرسراوی بەرەی سەقز .دوای روخانی کۆماری مەهاباد ،لەگەل بارزانیەکان گەرایەوە بۆ عێراق و ماوەیەکی کەم لە دیانا مایەوە .دواتر خۆی و شێخ ئەحمەد بارزانی و وەهاب ئاغای رواندزی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە گیران و هەرسێکیان درانە دادگا و حوکم دران . محمد ئاغا .مێرگەسۆری بە شە ساڵ زیندانی حوکم درا ،لە سالی ١٩٥٣ حوکمەکەی تەواوکرد ،ئازاد کراو گەرایەوە بارزان

زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی لە بیرەوەریەکانی دا باسی محمد ئاغا مێرگەسۆری دەکات و لە بەشی سێیەمدا :لە ژێر سەردێری "تێکچونی کۆماری کوردستان"نوسیویە

کاتێک زانرا کوردستانیش شەرناکات ، ئالۆزی پەیدا بوو .ئەو ماڵە بارزانیانەی لە مەهاباد و دەورو پشتی" بوون ،باریان کردو رۆیشتنە شنۆ و دەوروبەری نەغەدەو شنۆو زەرزا .لەگەل کرتنی تەورێز ، سەربازەکانی ئازەربایجان ئەوانەی لەکوردستان لەگەڵ لەشکری کورد لەبەرەی ناوچەی سەقز بوون ، گەرانەوە و خۆیان دا .دەستی سوپای شای ئێران

لەدوای رۆیشتنی ئازەربایجانیەکان ،لەشکری بارزانیەکانیش ناچار بوو بەرەو میانداو بگەرێنەوە لە گەرانەوەیاندا لەرێگا نۆکەرانی شا پەرست ویستبویان رێگایان لێبگرن و چەکیان بکەن .لەشکری بارزانیەکان پیاوانە هاتبونە دەست و بەرنکاریان بوون ،خۆشیان نەیان زانیبو بۆ کام لا رابکەن .ئەوان وایان دەزانی وەک سەربازەکانی ئازەربایجانیەکانی پێشمەرگەکانی کوردیش چەک دەکەن کەچی توشی هیلاکەتێک بوون مەگەر . تەنها خۆیان بزانن چیان بەسەر هات

ئەو لەشکرەی بارزانیەکان کە لەسەقز گەڕایەوە .بە سەرپەرشتی حەمەد ئاغای مێرکەسوری و سلێمان بەگ دەرگەڵەیی بەرەو سابلاخ دەهاتن کە تۆپەکانیشیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو لەوێوە تا نەغەدە بەڕاکێشان بەهۆی گاو گامێش . بەهیلاکی ماندوبونێکی زۆرەوە ئەو تۆپانەیان گەیاندبوە نەغەدە .لەوێشەوە بۆ شنۆ .... شەو داهات لەخوار گوندی قونقەلا ماشێنەکەمان لە کار کەوت .لەوێ بە پێیان کەوتینە ڕێ .کاتێک گەیشتنە ئەوێ. سەرەتای لەشکر دەهاتنەوە. گوتیان محمدئاغا مێرکەسوری نزیکە وا دێت لەدوای ئێمەیە .لەوای کەمێک بەیەک گەیشتین حەمەدئاغا گوتی : "بگەڕێوە باوکت وا لەدواوەیە ،لەگەل تۆپەکان دێت " منی لەگەڵ حۆی گێڕایەوە .ڕۆیشتینە سابلاخ . کاتێک گەیشتینە ناو شار ،شەو درەنگ بوو .... ئێمە ڕۆیشتینە مالی پێشەوا (قازی محمد) .پێشەوا هەروەک جاران پێشوازیەکی گەرمی لێکردین و یەکە یەکە تەوقەی لەگەڵ کردین و .چەند جارێک گوتی"یاخوا بەخێر بێن" .لە حەمەدئاغای پرسی خۆ بەسەلامەتی گەڕانەوە" حەمەد ئاغا مێرکەسوری لە وەلامدا گوتی"بەلێ. گەورەم.بەسەلامەتی گەڕاینەوە .لە ڕێگادا هەندێ کەسانی شاپەرست ویستیان ڕێگەمان لێبگرن،بەلام زو بلاوەیان پێکرا ".حەمەدئاغا زیاتر دواو گوتی "جەنابی پێشەوا من بۆ ئەوە لامداوەتە لای ئێوە " کە بفەرمون لەگەڵ ئێمە بێن بەرەو سنور بڕۆین بزانین لەدوایدا سەرمان بەچی دەگات

پێشەوا گوتی" زۆر سوپاسی هەستی پاکی ئێوە دەکەم .دەبێ نیگەران نەبن.من ناتوانم سابلاخ جێ بهێلم .",لەبەر ئەوەی بەڵێنم بەخەلکی ئەو شارەداوە بەجێیان نەهێڵم و ناتوانم بەجێیان بێڵم

حەمەد ئاغا مێرکەسوری زۆر هەولی دا بەلکو ڕازی بکات،بەلام هەر ڕازینەبوو لەگەڵ ئێمە دەربکەوێت .لە دوایدا بە حەمەدئاغای گوت "ئەگەر لە سابلاغیش دەربکەوم ،ناتوانم لەگەڵ ئێوە دەربکەوم .لەوانەیە بەخۆشت بزانی ". لە دوایدا حەمەدئاغا زیاتر لەسەری ڕۆیشت و بێ هیوا بوو .لەو کاتەی دەمان ویست بڕۆین ،پێشەوا بە حەمەدئاغای مێرکەسوری گوت " بنێرە سەربازخانە ئەو چەکەی دەتانەوێ و پێتان دەچێت ،بیبەن لەگەڵ . " خۆتان

بە دلێکی تەنگی تەزیوی سارد لە دیوان دەرکەوتین ماڵ ئاوایمان لەو کەسە هەڵکەوتوە کردو بەجێمان هێشت .... حمەد ئاغا مێرکەسوری گوتی" تۆ بڕۆ بۆ سەربازخانە ،ۆتۆمبێلەکەت باربکە لە تفەنگ و فیشەک وەرەوە قونقەلا .من لەوێ دەمێنمەوە هەتا باوکت دەگاتە جێ ".... لە قونقەلا لام دا لای حەمەد ئاغا.لە خەوم هەڵستاند ،پێم گوت " دوو ۆتۆمبێلم بارکردوە لە فیشەک و کەلوپەلی سەربازی ". ناو براو گوتی "بڕۆ بۆ شنۆ ،لەوێ بیدە ."بەدەستی شێخ صادق وبگەڕێوە،ۆتۆمبێلەکانیش لەگەڵ خۆت بێنەوە

دڵسۆزی حەمەد ئاغا مێرکەسوری بۆ نیشتیمان لە وەدا دەردەکەوێ کە کاتێک حسێن ی کوڕی لە هاوینی ساڵی ١٩٦٣ لە بارزان شەهید ،ئەو لە چیای سەفین لە ئەرک و بەرپرسیاریەتی بوە و بەرگری دەکرد و نەیدەهێشت هێزەکانی عێراق چیاکە بگرن .زۆر هەولیان لەگەڵیدا دابوو کە بۆ پرسەی کوڕەکەی بگەڕێتەوە ،بەلام حەمەدئاغا .چەپەرەکانی شەڕی لەدانانی پرسە لا گرنگتر بوو

حەمەد ئاغا مێرگەسۆری برایەکی بەناوی مستەفا لە سالانی ۱۹۰۰- ۱۹۱۵ لەسەردەمی شێخ عبدالسلام بۆ بەهانا چۆنی بارزان لەدەست دوژمن ،لەکاتی پەڕینەوەی لە ڕوبار ئاو بردویەتی و شەهید بوە.

ئەو نووسینە بەشێکە لە (کێڕانەوەی مێژوو لە زاری شێخ ئەیوب شێخ بابۆ بارزانی، ئامۆزای مەسعود بارزانی و زاوای مەلا مستەفا بارزانی) لە کتێبی الحرکە التحرریە الکوردیە ۱۹۵۸-۱۹۷۵). کە ئەکاونتی حەمەد ئاغای مێرگەسووری کردوویەتی بە کوردی.

چەند ڕۆژێک پاش هەرەس هێنانی شۆڕش دوا بەدوای واژۆکردنی ڕێککەوتنامەی سالی ۱۹۷۵ جەزایر ،لوقمانی کوڕی مەلا مستەفا نەیویست خۆی ڕادەستی حکومەتی عێراق بکاتەوە، بۆیە مال و مولک وسامانی خۆی بەجێ هێشت و بڕیاری دا بچێتە لای باوکی کە ئێران پەنای دابوو.

پاش سەفەرێکی پڕوکێنەر کەشنگ وبڕستی لێ بڕی بوو ،بە خێزانەوە گەیشتە شاری نەغەدە لەئێران . بوونی لەکەرەج شتێکی خوازراو نەبوو چونکە دەبووە هۆی شێواندنی ڕەوتی پرۆسەی جێ نشینی و قۆرخ کردنی میراتی دارایی ،وەک پلانە نهێنیەکەی چنی بوی.

لەوکاتەدا حکومەتی عێراق لەڕێگەی وەزیرە کوردەکانەوە پەیامی دەناردو ئاوارەکوردەکانی ئێرانی هان دەدا بگەڕێنەوە بۆ عێراق بەڵێنی دابوو ڕێزیان لێبگرێ و بەجوانی هەلسوکەوتی لەگەلدا بکات، لوقمان نامەیەکی لە عوبێدوڵلا ی برایەوە پێ گەیبوو ،تێیدا داوای لێکرد بوو بگەڕێتەوە بۆ عێراق. کوناحی نەبوو کە عوبێدڵلا نامەی بۆ ناردووە .خۆ هەر لەو ماوەیەشدا موقەدەم عەزیز عەقراوی هاتبووە ناوچەکانی ئیران چاوی بەژمارەیەکی زۆری ئاوارەکان کەوتبوو .عەقراوی وەزیری دەوڵەت بوو. هاتبوو داوای لەئاوارەکان دەکرد بگەڕێنەوە بۆ عێراق.

مەلا مستەفا بەنامەکەی عوبەیدوللای زانی، داوای کرد لوقمان بچێتە لای لەتاران. کاتێک لوقمان گەیشت، مەلا مستەفا لەگەڵ چەند ئەفسەرێکی ساواکی ئێران و ژمارەیەک لەئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان دانیشتبوو. هەر کە لوقمانی بینی چاوی پەڕیە تەوقی سەری و تورەبوونێکی نائاسایی دایگرت .چاوەڕێی نەکرد میوانەکان بڕۆن و پاشان لەپەنایەکدا دوو بەدوو قسە لەگەل کوڕەکەی بکا و داوای لێ بکا ناوەڕۆکی نامەکە پشت گوێ بخا. ئەگەر وای بکردایە، کوڕەکە قسەی باوکی بەجێدەهێناو مەسەلەکە دادەمرکایەوە .بەلام مەلا مستەفا وای نەکرد .وەها تورەببوو، وەکو ئەوە وابوو ئاگری تێ بەربووبێ.

بەبێ ئەوەی ڕێز لەمیوانەکان و لەکوڕەکەی و تەنانەت لەخۆشی بگرێ، بەقسەی ناشرین و جوێن و کوزارەی نەشیاو داباریە سەرکوڕە داماوەکەی. میوانەکان لەو دیمەنە واقیان وڕمابوو. مەلا مستەفا یەک لایەنە سەیری مەسەلەکەی دەکرد، تەنها سوچێکی مەسەلەکەی دەبینی نەک سەرتاپای، ئەویش لایەنە کەسیەکەیە .ئەوەی لێبترازێ، وای لێهاتبوو نەگوێی دەدایە گەلی بەستەزمان و نەوڵاتە داماوەکەی. هەموو ڕایەلەکانی تایبەت

بەمەسەلەی نیشتیمانی لەمێشکی خۆی دەرهێنابوو. تەنها یەک ڕایەڵەی هێشتبوەوە، ئەویش ڕایەڵەی ئەندێشەو عاتیفەیەو تەنها لەکۆشەنیگای ئەم ڕایەڵەوە ڕەفتاری دەکرد. لەشەڕ دابوو لەگەڵ ئەو کوڕانەی کەدژی جێ نشین کردنی مسعود بوون. تا ئەوکاتەی لەسالی ١٩٧٥ لە واشنتۆن کۆچی دوای کرد، هەر خەریکی سەرخستنی پلانی جێ نشینیەکەی بوو.

گرفتەکەی ئەوە بوو کە وازی لەوە نەهێنابوو کەخۆی بەتاکە سەرۆکی گەلی کورد بزانێ .دەی زانی لەبەردەم شای ئێران و سەدام حسێن بەزیوە،بەلام لەبەردەم گەلی کورد خۆی بەبەزیوو نەدەزانی. هەر لەوماوەیەشدا ئەوندەی لەتوانایدابوو، هەموو تەقەلاو کۆششی خۆی بۆ ئەوە تەرخان کردبوو کە لەپاش خۆی پارەو سامان و سەرۆکایەتی بۆ مسعودی کوڕی بەجێ بهێلێ .

لوقمان هەستی بەڕوشکاندن کرد. هەستاو "گوتی من هەموو شتێکم بەجێ هێشتوەو هاتومەتەلات. تۆش ئاوها مامەڵەم لەگەڵ دەکەیت .خوا حافیز.

هەر کەدانیشتنەکەی بەجێ هێشت و گەیشتە سەرجادە، تاکسیەکی ڕاگرت و داوای لێ کرد بیگەیێنێتە باڵیۆزخانەی عێراق لەتاران.

مەلا مستەفا بەچونی لوقمان بۆ باڵیۆزخانەی عێراق و گواستنەوەی بۆ بەغدا ئاسودە بوو . ئەمە خۆی لەخۆیدا سەرکەوتن بوو بۆ پڕۆژەی جێ نشینی.

دواتر لوقمان بۆ هاوڕێکانی گێڕایبوەوە ئەگەر باوکی بیبردایەتە پەنایەک و بەشەق و چەپۆکان تێر تێر تێی هەڵدابایە، پێی سەغڵەت نەدەبوو .بەلام لەسەردڵی گران بوو بەبەر چاوی پیاوانی ساواکەوە سوکایەتی پێ بکرێ. بۆیە ڕویکردە باڵیۆزخانەی عێراق لەتاران و داوای کرد پاسەپۆرتێکی بدەنێ تا پێی بچێتە ولاتێکی ئەوروپا. بەلام باڵویزخانە خستیانە ناو فرۆکەو ناردیانەوە بۆ عـــێراق .

هیچ شک و گومانێک لەوەدانیە کەسەددام هەلوێستەکەی مەلا مستەفای زۆر پێ خۆش بوو، جونکە مەلا مستەفا بەبەلاش خزمەتی سەددامی کردووە .سەددام لەساڵی١٩٧٥ دا چەند ڕۆژێک پاش کوشتنی عوبێداللا، لوقمانشی کوشت. هەروەها لە ساڵی ١٩٨٣ سەددام سابیری کوڕی مەلا مستەفاو چوار نەوەی مەلامستەفا کوشت. بەم چەشنە دەردەکەوێ کە پاش مردنی ناوادەو کتوپڕی ئیدریس لەساڵی ١٩٨٧ هیچ کوڕێکی مەلامستەفا لە ژنە بارزانیەکانی لەژیاندا نەما. " ئیـــتر ململانێی ناوخۆیی بەقازانجی کوڕان و نەوەی محمود ئاغای زێباری بەلایەک دا کەوت ،ئەمانە بەکویرەی پلانە نهێنیەکە. دەستیان بەسەر پارەو دەست هەلاتی خێــل و حزبدا گرت.

حاڵی بوون لەهەڵوێستی مەلا مستەفا، سەبارەت بەتێکدانی شیرازەی بنەماڵەکەی خۆی و دەستەبەرکردنی هەلێک بۆ یەکێ لەگەورەترین نەیارەکانی خۆی کە سەددام حوسێنە بۆ جێ بەجێ کردنی پلانەکەی لەدژی

گەلی کورد، کارێکی ئەستەمەو لەتوانای ئێمە دانیە و بەچاکی سەرو دلی لێ دەرکەین، لەکاتێکدا ئەگەر مەلا مستەفا هەڵوێستێکی نیشتیمانی وای بگرتایەوە بەرو حسابێکی بۆ بەرژەوەندیە بنچینەییەکانی گەلی کورد و بەرژەوەندیی تێکڕای بنەماڵەکەی خۆی بکردایە، زۆر بەئاسانی دەیتوانی خۆی لەئەنجامە خراپەکان ڕزگار بکات.

ئەو شرۆڤەیەیی کە لەتەواوی شرۆڤەکانی دیکە لەڕاستیەوە نزیکترە ئەوەیە کە مەلا مستەفا بە پێچەوانەی بانگەشەو ڕیکلام و پروپاگەندە فریودەرو هەڵخەڵەتێنەرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، لەڕاستیدا پیاوێکی تەنگ بین بووەو ئەندێشەو حەزو ئارەزوەکان ئاراستەیان کردوە. لەمە خراپ تر و ناپەسەند تر ئەوەیەکە ئەندێشەو و حەزو ئارەزوەکان هەژموونی خۆیان تا ئەندازەیەکی ئێجگار مەترسیدار بەسەر تێڕوانین و هەڵوێستەکانیدا سەپاندبوو. ئەو هەر بەردەوام بوو لەسەرئەوەی کەوەک تاکە ڕابەری گەلی کورد هەڵسوکەوت بکات و هەموو پارەو پولی شۆڕشی لەلای خۆی گل دابوەوە. لەبەیاننامەی ١١ ئازارەوە تا ئاشبەتالی ١٩٧٥ تا کۆتای ،هەر بەردەوام بو لەسەر ئەنجام دانی هەڵەی گەورەو وێرانکەر.

ئەوەی کە ئێمە دەی بینین ئەوەیە کە سەرکەوتنی لەساڵی ١٩٧٠ ، بووە هۆی زیاد بونی کەم وکورتییەکانی و پەرەسەندنی مەیلی دیکتاتۆریانەیی و بەردەوام بوونی تا کۆتای لەسەر ئەم ڕەوتە. دەیان ملیۆن دۆلاری لەلای خۆی گل دابۆوە. بەدرێژایی ئەو ماوەیە هیچ دەستەیەکی لە حەشیمەتی دەست پاک و جێ متمانە بۆ ڕادەست کردنی ئەمانەتەکە پێک نەهێناوەو گوێی بەوە نەداوە کە ئــاخۆ مێژوو بەچ شێوەیەک باسی بردنی ئەم برە زۆرەی پارە دەکا، بەتایبەتی کە ئەو خەباتی گەلی کوردی بەشکست و بەزین و سەردانەواندن گەیاندوە. بەهیچ جۆرێک بیری لەم مەسەلەیە نەکردۆتەوەو هەمیشە خۆی بە سەرکردەیەکی سەرکەوتوو هاتۆتە پێشچاو کە ماف بەخۆی دەدا لەکۆشە نیکا تەنک بینەکەی خۆیەوە بڕیار لە چارەنوسی گەلی کورد بدات، کۆشەنیکایەک کە بەکارەسات کۆتایی هات.

ئەم ڕەفتارەی مەلا مستەفا تا ڕادەیەکی زۆر بەرپرسە لەداخورانی گیانی شەرکردن و خۆڕاگری و خۆبەخت کردن لەناو ریزی پێشمەرگەدا لەساڵی ١٩٧٥اتێک شەڕ لەگەڵ ڕژێمی بەعس دەستی پێ کردەوە. دواتر بۆ ڕێخۆشکردن بۆ پرۆسەی جێ نشین کردنی مەسعود، نۆرەی لەناوبردنی بنەماڵەی محمد ئاغا مێرگەسۆری هات کە خزم و کەس وکاری خۆیانن. مەلا مستەفا بایەخێکی زۆری بە جاسوسی دەدا لە کۆمەڵگای کوردەواری و بەهۆکارێکی گرنگی هێشتنەوەی دەست هەڵاتی دادەنا. بەم جۆرە، مسعودی کوری خۆی کردە لێپرسراوی دەزگای ئاسایش کەناوی لێ نابوو دەزگای پاراستن. ئەم پیشەیە ئەخلاقی تێدا نیەو دەرفەت بۆ هەموو ڕەفتارێکی میکیاڤیلییانەو قوڕم ساخی و دوور لە ڕەوشت دەرەخسێنێ.

لە ١٤ شوباتی ١٩٧١ جەمیل محمد ئاغا مێرگەسۆری بەفەرمانی مسعود بارزانی لە هەولێر تیرۆر کرا. مەلا مستەفا هەردوو کوڕەکەی خۆی ،مسعود و ئیدریس ،بۆ پرسەی کوژراو نارد .چەند ڕۆژێک لەدوای تاوانەکە ،بکوژەکە هێشتا نەدۆزرابوەوە . مەلا مستەفا و کوڕەکانی وایان دەزانی ئیـــدی بکوژەکە نادۆزرێتەوە ،بۆیە

بڕیاریان دابوو بەشداری لەپرسەکەیدا بکەن. پاش ئەوەی دوو براکە بەناوی خۆیان و باوکیانەوە سەرەخۆشی لە محمدئاغا مێرگەسۆری کرد، مسعود و ئیدریس گەڕانەوە بۆ ڕێـــزان.

من لەوێ چاوم بەهەردووکیان کەوت. مسعود پێی وتم "ئەگەر ئێمە جەمیل مان کوشتبێ ،بۆچی دەچین بەشداری لە پرسەکەیدا دەکەین و سەرەخۆشی لە حمدئاغای مێرگەسۆریی باوکی دەکەین?وانیـــــــە.ئەگەر ئێمە ئەم کارەمان بکردایە ،سەرەخۆشیمان لەبنەماڵەکەی نەدەکرد".

من بەتەواوەتی باوەڕم پێ کرد بەڵام دواتر ڕوداوەکان پێچەوانەی ئەمەیان ساغ کردەوە. زۆری نەبرد فاخر مێرگەسۆری بکوژەکەی دۆزییەوە یەکسەر چووە لای مەلا مستەفا. فاخر خۆی ئەوەی بۆ من گێڕایەوە کە بێ پێچ و پەنا وای بە مەلا مستەفا وتووە "قەی ناکات ئێمە دەزانین حسێن ی برام لەساڵی ١٩٤٣ و پۆ چی شەهید بووە .بەڵام نازانین جەمیل لەسەرچی کوژراوە ? زۆر سوپاستان ئەکەین ئەگەر هۆکەمان بۆ ڕون بکەنەوە?". حسێن لەبەرخۆدانێکی قارەمانانەدا لەکاتی یەکەم لەشکرکێشیی بەعس و جاش بۆ سەر بارزان، لەشەڕێکدا لەگەڵ سوپای عێراق و جاشەکان شەری کردو شەهید ببوو. سەعید، برای فاخر، تۆڵەی براکەی کردەوەو نۆکەرەکەی دەزگای پاراستنی کوشت کە مسعود فەرمانی پێ دابو جەمیل بکوژێ. مەلا مستەفا و مسعود کوژرانی نۆکەرەکەیان زۆر پێ ناخۆش بوو، بۆیە هەموو بنەماڵەی حمدئاغا دەستگیر کران و خرانە بەندیخانەوە. هۆی ڕاستەقینەی ڕقی مەسعود و باوکی لە بنەماڵەی حمدئاغا، ترس بوو لە ئەگەری درووست بوونی هاوپەیمانیەک لەنێوان عوبێدیڵا و فاخر مێرگەسۆری. ئەمە بۆ پڕۆژەی جێ نشینی بەکارەسات ئەژمار دەکرا.

فاخر لەشەڕی چیای هەندرێن و شکاندنی سوپای عێراق لەو شەڕە، جەماوەرو ناوبانگێکی زۆری بۆخۆی پەیدا کردبوو مەلا مستەفا زۆر بەمە قەلس ببوو. دەشیزانی فاخر چەند دژی خاڵە جاشەکانی مەسعودە. فاخر بەو چاوە تەماشای دەکردن کە کۆنە جاشن و گوێی نەدەدایە ئەوەی کە ئەمانە خالی مەسعودن. بۆیە فاخر کەیفی بە مەسعود نەدەهات، چونکە مسعود زۆر کەیفی بەخاڵەکانی خۆی دەهات.

لەبیرکردنەوەدا فاخر لە ئیدریس وە نزیک تر بوو. بەڵام لەلای مەلامستەفا قبووڵ کردنی دەست هەڵاتی خاڵە جاشەکانی مەسعود بەسەنگی مەحەک دادەنرا. هەر کەسێک لەدەست هەڵاتی زوبێر محمود ئاغا زێباری ڕازی نەبوایە، بەدوژمنی مەسعود دادەنراو دەبوایە لەناو ببرێ یان دوور بخرێتەوە یان سوکایەتیی پێ بکرێت یان تەفرو تونا بکرێ، جگە لەوەی کە ئەگەری کەڵەکۆمەکێـی فاخر و عوبێدلڵا لەلای مەلا مستەفا و مەسعود مایەی دلە ڕاوکێ و نیگەرانیەکی زۆر بوو. بەهۆی ئەمەوە، پێش هەڵاتن بۆ ئێران بەماوەیەکی کەم، فاخر و براکانی و باوکی قـڕیان تێـخراو.

ئەو نووسینە بەشێکە لە (گێڕانەوەی مێژوو لە زاری شێخ ئەیوب شێخ بابۆ بارزانی، ئامۆزای مەسعود بارزانی و زاوای مەلا مستەفا بارزانی) لە کتێبی الحرکه التحرریه الکوردیه ١٩٥٨-١٩٧٥). کە ئەکاونتی حەمەد ئاغای .مێرگەسووری کردوویەتی بە کوردی

لەشەوی (٢٢_٢٣/ ٣/ ١٩٧٥) بەفەرمانی مەلا مستەفا، بەبێ تاوان حەمەد ئاغا و حەوت لەکورەکانی لەگەڵ دوو پێشمەرگەی دۆستیان کۆمەڵکوژ کران، ئەوەش دوای ساڵانێک زیندانی کردنیان لەزیندانەکانی رایات، نمونەی ،قوربانییەکانی دەستی مەلا مستەفا زۆر و ناکرێ هەموویان باس بکەین

لێرەدا مەبەستمە کەمێک لەروانکەی مێژووە باس لەکەسایەتی حەمەد ئاغای مێرگەسۆری و یەکێک لەکورە .شۆرشگێرەکانی بکەم

٨)کوری حەمەد ئاغا بەخۆشییەوە، لە نێوان ساڵانی ( ١٩٧١_١٩٧٥) بەفەرمانی مەلا مستەفا کوژراون و) کۆمەڵکوژکراون، کورە تیرۆرکراو و کۆمەڵکوژکراوەکانی حەمەد ئاغا ئەمانە بوون ( فاخر و سەعید و رەشید و ئەسعەد و مەجید و جەوهەر و جەمیل و نزار )، لەگەڵ ئامۆزا و هاورێیەکیان بەناوەکانی ( خەلیل سوڵتان و ...( خەلیل برادۆستی

بەهادین نوری لەپەرتووکی بیرەوەرییەکانیدا بەناوی(پرسی کورد و ئەزموونی کوردستانی عێراق )، لەلاپەرە ( ١١٨) نووسیویێتی: (( زۆر جێگەی تێرامانە حەمەد ئاغا سەرۆکی عەشیرەتی شێروانی بوو، کە عەشیرەتێکی گەورەی ناوچەی بلە و بارزانە، حەمەد ئاغا پیاوێکی کوردپەروەری شۆرشگێر بوو، لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد پلەی سەربازی کۆلۆنێلی درابوویە و سەرپەرشتی بەرەی شەرەکانی سەقزی کردبوو، دوای کەوتنی کۆمار لەگەڵ شێخ ئەحمەدی خودانی بارزان گەرایەوە عێراق، گیرا و سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو، سزاکەی کرا بە (٢٠)ساڵ و دوای بەسەربردنی (٦)ساڵ زیندانی کردنی ئازاد کرا، لە هەموو شەرەکانی ناوچەی بارزاندا بەشداری کردووە، چ لەوانەی لە دژی حکومەت و سوپای عێراق بوون، چ لەوانەی دژی عەشیرەتەکانی ..دوژمنی شێخانی بارزان بوون، لە شۆرشی ئەیلولدا پلەی پێشمەرگایەتی گەیشتە ئامر هێزی سەفین

هەر لەدرێژەی گێرانەوەکانیدا بەهادین نوری ئاماژەی بەخزمایەتی حەمەد ئاغا و مەلا مستەفا کردووە و نووسیویێتی: دایکی مەلامستەفا پوری باوکی حەمەد ئاغا بووە، مەحبوبەی ژنی مەلا مستەفا واتە دایکی عوبەیدوڵلا و ئەوان، پوری حەمەد ئاغا بووە، کەچی نە ئازایەتی و کورد پەروەری و شۆرشگێری و نە ...خزمایەتی دادی نەدان

مام خان شێروانی لە پەرتووکی ( بارزان و رەچەڵەکی بارزانیان)دا لەلاپەرە (١٣٧بۆ ١٤٠) لەسەر کەسایەتی حەمەد ئاغا و کورەکانی نووسیویێتی: حەمەد ئاغای مێرگەسۆری خاڵی مەلا مستەفا، یەکێک بوو لە پیاوە ناودارەکانی تیرەی شێروانی، لەرووداوەکانی ناوچەکەدا رۆڵی دیاری هەبوو، بەتایبەت لەرووداوەکانی

شەڕی خێڵی بارزانیان لەگەڵ خێڵەکانی تر، هەروەها نائارامییەکەی ( ١٩٣١_١٩٣٢) و ڕاپەڕینی (١٩٤٣_١٩٤٥)ی بارزانیان. کوڕەکانیشی لەڕۆشنبیرە بەدەگمەن و هەڵکەوتووەکانی ناوچەکە بوو، بەتایبەت ...فاخیریان هەڵوێست و کەسایەتی فاخیر ئەوە دەهێنێ بە وردی لێی بکۆڵدرێتەوە

(مێژوونووس کەمال مەزهەر لە پەرتووکی(کورد و کوردستان

لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانیدا نووسیوێتی: (( کاپتەن جاکسۆن: ئایا ئێوە هیچ پیاوێکی گەورەی تری وەک قازیتان هەیە!؟ قەرەنی ئاغا: ئەی چۆن نیمانە، مەلامستەفا بارزانی کاری سەربازی بەڕێوەدەبات، ڕووسەکان زۆریان خۆش دەوێت، قازی محمد زەویوزارێکی زۆری لە دەوروبەر شنۆ پێداوە و ..نزیکەی نۆ هەزار دیناری عێراقیشی بۆ خۆی و لایەنگرەکانی کۆکردۆتەوە

کاپتەن جاکسۆن: کەواتە بارزانی و پیاوەکانی لەشەڕەکانی ئێستەدا بەشداربوون!؟ قەرەنی ئاغا : بەڵێ بەشدار بوون، حەمەد ئاغای مێرگەسوڕ و شێخ ئەحمەدی بارزان بەرپرسی بەرەی ڕەزائییە بوون، ..مەلامستەفاش ناوچەکەی بەسەر کردۆتەوە

مێژوونووس زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی لە بیرەوەرییەکانیدا باسی ڕۆڵ و کاریگەری حەمەد ئاغای کردووە و بەچەن دێڕێک ئەو مێژووەی تۆمارکردووە کە دیوێتی، نوسەر زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی لەپەرتووکی ( بیرەوەرییەکانم _١٩٤٣_١٩٧٧)دا لەلاپەڕە (١٢٧) نووسیوێتی: (( ئەو لەشکرەی بارزانییەکان، کە لە سەقز گەڕایەوە بەسەرپەرەشتی ( حەمەد ئاغای مێرگەسوڕ و سلێمان بەگی دەرگەڵەیی) بەرەو سابلاغ دەهاتن، کە تۆپەکانیشیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو، لەوێوە تا نەغەدە بەڕاکێشان، بەهۆی گا و گامێش، بەهیلاکی و ماندووبوونێکی زۆرەوە ئەو تۆپانەیان گەیاندە نەغەدە و لەوێشەوە بۆ شنۆ، هەروەها نووسیوێتی: ئێمە گەیشتینە ماڵی پێشەوا قازی محمەد، هەر وەک جاران پێشوازی لێ کردین و یەکە یەکە تەوقەی لەگەڵ کردین و چەند جارێک گوتی: ( یاخوا بەخێر بێن)، لەحەمەد ئاغای پرسی،خۆ بەسەلامەتی گەڕانەوە؟

حەمەد ئاغاش وەڵامیدا گوتی: بەڵێ گەورەم بەسەلامەتی گەڕاینەوە لە ڕێگا هەندێک کەسانی شاپەرەست ...(( ویستیان ڕێگامان لێ بگرن، بەڵام زوو بلاوەیان پێکرا

مێژوونووس بەهادین نوری بەکورتی ئاماژە بەهۆکاری کۆمەڵکوژی حەمەد ئاغا و کوڕەکانی کردووە و نووسیوێتی: لە ماوەی چەند ساڵێکدا بە فەرمانی مەلا مستەفا وێخ و واری بنەماڵەی حەمەد ئاغا، لەبەر دوو هۆ ترس لە توانای سیاسی و نفوزیان و ترس لە یەککرتنیان لەگەڵ عوبەیدوڵلای کوڕی مەلا مستەفا لە دژی، لە ...بن دەرهێنراو نێرینەیان لێ برین

...فاخیر حەمەد ئاغا مێرگەسوڕی

فاخیر محەمەد ساڵح محەمەد حەسەن مێرگەسۆری، لەساڵی ( ١٩٣٧) لەمێرگەسۆر لەدایک بووە، چوارەمیین کوڕە گەورەی حەمەد ئاغا بووە، بەهەوڵ و ماندووبوونی خۆی توانیویێتی ببێتە کەسایەتییەکی نمونەی کوردستان و حیزب و شۆڕش و کۆمەڵگە. پێشمەرگە و سیاسەتکار و ڕۆشنبیر و چاوکراوە بووە، سەردەمانێک ئەندامی حیزبی شوعی بووە و دواتر لەنێو پارتییدا تا پلەی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی بەرز بۆتەوە، فاخیر مێرگەسۆری قارەمانی داستانی هندرێن و کۆرەک بووە، قارەمانێتی فاخیر زۆرێک لەخەڵکی سەرسام کردبوو، هەندێک لەخەڵکی منداڵەکانیان بەناوی ئەوەوە ناو دەنا، فاخیر مێرگەسۆری نمونەی مامەڕیشە بووە بۆ سەردەمی خۆی، بەهۆی ناوبانگ و کەسایەتی و کاریگەرییەوە چ لەناو خەڵک چ لەناو حیزب و شۆڕش، بووبە مایەی مەترس لەکن سەرکردایەتی شۆڕش و مەلا مستەفا و هەندێک لەکوڕەکانی، سەرەنجام لە پاش زیندانیکردنی لەزیندانی ڕایات لەساڵی (١٩٧٢)دا، لەپیلانگێرییەکدا لەزیندان تیرۆری دەکەن و تا ئێستا کەس ...نازانێت تەرمەکەیان لەکوێ شاردۆتەوە

بەهادین نوری لەپەرتووکی بیرەوەرییەکانیدا بەناوی(پرسی کورد و ئەزمونی کوردستانی عێراق ) لەلاپەڕە ( ١١٨)دا نووسیویێتی: (( فاخری کوڕی حەمەد ئاغا کەیشتە پلەی ئەندامێتی لیژنەی مەرکەزی پارتی، لە کۆنگرەی (٨)ی ساڵی (١٩٧٠) ی پارتیا هەڵبژێردرا، پێشتر ناوبانگی فاخر بەهۆی سەرکردایەتی شەڕە بەناوبانگەکانی ( کۆرەک_١٩٦٤) و (هەندرێن _١٩٦٦)، هەروەها بەهۆی سەرکەوتنەکانی لە سەرکردایەتی شەڕەکانی نێوان مەلایی و جەلالی دا لە هەموو ناوچەکانی سلێمانی، ناوبانگی هەموو ناوچەکانی ...((کوردستانی تەنی بوو، بە خزمایەتیش تێکەڵی شێخانی بارزان بوون

لەسەر فاخیری کوڕی حەمەد ئاغا مێژوونووس مام خان شێروانی لە پەرتووکی ( بارزان و ڕەچەڵەکی بارزانیان)دا، لەلاپەڕە (١٣٧بۆ ١٤٠) نووسیویێتی: (( فاخیر پیاوێکی ڕۆشنبیر و خوێندەوار بوو، بیروبۆچوونی هاوچەرخ و پێشکەوتن خوازانەی هەبوو، لەهەمان کاتدا زۆر گەلدۆست و نیشتیمان پەروەر بوو، ئەمە کاری کردبووە سەر هەڵوێستی حیزبایەتی ئەو، بیرە پێشکەوتن خوازەکەی پەلکێشی ناو حیزبی شوعی عێراق کرد، بەڵام بیری عێراقچێتی ئەو حیزبە و کەم بایەخی کێشەی گەلی کوردستان لایان، دەبووە هۆی ئەوەی فاخیر پەل بەرەو پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بکێشێ، لەڕیزەکانی ئەو حیزبەش دڵی ئاوی نەدەخواردەوە، چونکە ئەو کوڕی ناوچەکە بوو، ڕێبەری پارتی و توانا و بیرکردنەوە و پێکهاتی خێڵەکی ئەوێ لەکەسانی تر باشتر دەزانی، تا کوژرانیشی خەریکی ئەو پەتپەتێنەبوو، نەیدەتوانی ڕێبازی ڕاستی خۆی بیروباوەڕی خۆی لەئاوێنەی ئەو دوو حیزبەدا ببینێتەوە. چونە ناو حیزبی شوعی فاخر لەلای شێخ بارزان ( وەک لەناو هەر خێڵیکدا باوە بەبایەخی بوون لەخێڵەکەی (بارزانیان) حسێب دەکرا، ئەوە ڕقی مەلا مستەفای لێ هەڵساندبوو، هەروەها فاخر لەبەر ئاستی ڕۆشنبیری تاکە کەس بوو، کە ڕۆژێک لەڕۆژان بتوانێ ڕۆڵی ڕێبەرایەتی لەناو بارزانیان بگێرێ و بکەوێتە کێبرکێ لەگەڵ مەلا مستەفا، ئەوەش ترسی مەلا مستەفای لێ زیاد کرد.. تا لەناو حیزبی شوعیدا بوو نەیان دەتوانی دەستی بۆ بەرن، بەڵکو بەپێچەوانەوە زۆریان هەوڵ لەگەڵدا تا بگەڕێتەوە ناو پارتی، پەیمانی پایە و پلەشیان پێدا تا ڕازیان کرد و گەڕایەوە ناو پارتی، دوای

گەرانەوەی شوعییەکان لە حەمەد ئاغا دەگێرنەوە، کە بەفاخیری وتبوو "تا لێیان دوور بووی پێمان نەدەوێران، .(( "بەلاّم لەمەوبەدوا نامانهێلّن

ڕادەستکردنی زیرۆک هەرکی لە لایەن مەلا مستەفاوە بە ئێران

ر باسی لێوە نەکراوە، یەکێکە لە خیانەتە هەرە گەورە و**ty**خیانەتێکی تری مەلا مستەفای بارزانی کە لە کو شاراوەکانی مەلا مستەفا کە لە زێرۆک بەگی هەرکی کرد، بەسەرهاتەکان زۆرن با سەرەتا لە ژیاننامەی جەنەرال زێرۆ بەگەوە دەست پێ بکەین، کە من وەکو شارەزایەکی تەواو لە مێژووەکە بە دوور و درێژی لە چەند .بەشدا دەیگێرمەوە

## ژیاننامەی جەنەرال زێرۆبەگ هەرکی :

ناوی تەواوی (زێرۆ عارس ئاغا باندور ئاغا هەرکی ) یە لە تیرەی (سیدا) یە کە یەکێکە لە سێ تیرەی هۆزی هەرکی کە تیرەکانی هۆزی هەرکی بریتین لە (سیدا، مەندا، سەرهاتی). لە سالی ١٩٠٥ لە گوندی (کوکێ =کوکیا) لە ناحیەی (بالانیش) سەر بە شاری ئورمیە لە دایک بووە. لە شۆرشی سمکۆی شکاک، عارس ئاغای باوکی زێرۆبەگ فەرماندەی کشتی هێزی پیادەی سمکۆی شکاک بوو و لەشەرێکدا لە دەڤەری سەقز لە ڕووباری (جەخەتوو) شەهید بوو. لەو کات دا تەمەنی زێرۆبەگ پانزدە سالان بوو دوای شەهید بوونی باوکی، لە دوای کۆتای هاتنی پرسەی باوکی کە لە (چەمێ حاوتاوا) ی دەشتی (مرگەوەر ) بوو لە رۆژی حەوتەم سمکۆ ئاغا شکاک هەر لەوێ دەمانچەکەی خۆی لە پشتی خۆی دەکاتەوە و لە پشتی زێرۆبەگ دەخات .لە نێو ئامادەبوان کە چەندین سەرۆک هۆز و کەسایەتی دیار ئامادەبوون لەگەل هۆزی هەرکی سمکۆ دەلێت (من زێرۆم لە جێی عارس ئاغا داناوە و دەبێت هەمووان گوێڕایەلی بکەن و لە قسەی دەرنەچن ). ئیتر لەو کاتەوە تا کۆچی دوایی کردنی زێرۆبەگ بوە سەرۆک هۆزی هەرکی تیرەی سیدا لە رۆژهەلات و باشوری کوردستان.لە سالی ١٩٢٥ زێرۆبەگ بەشداری کرد لە شۆڕشی ( شێخ سعید پیران ) لە باکوری کوردستان. وە لە دوای لە سێدارەدانی شێخ سعید و ٤٨ سەرکردەی باکوری کوردستان کە یەکێک لەوان (شێخ عبدالقادر شەمزینی) بوو کە سەرۆکی پەرلەمانی دەولەتی عوسمانی بوو و (سەید محمد شێخ عبدالقادر) کە کورە گەورەی شێخ عبدالقادر بوو ئەفسەرێکی بالا بوو لە سوپای عوسمانی ئەویش لەگەل باوکی لە سێدارەدرا، وە کوری دووەمی شێخ عبدالقادر ناوی (سەید عبدالله ) بوو کە ئەویش حوکمی لە سێدارەدانی هەبوو داوای لە زێرۆبەگ کرد بۆ یارمەتی و لە لای زێرۆبەگ مایەوە. بەلام خانەوادەی شێخ عبدالقادر شەمزینی لە قەلای نەهری لە شەمزینان ئابلوقە دەدرێن و لەلایەن ( بێلوک )سریەیەکی سوپای تورکەکانەوە چاودێری دەکرێن بۆ ئەوەی نەتوانن هەلبێن یاخود کەس نەتوانێت ئابلوقە بشکێنێت،بۆیە ئەو کاتەی (سەید عبدالله ) لە مالی زێرۆبەگ دەبێت زۆر نئارامی خانەوادەکەی دەبێت بە رادەیەک کە لەبەر خەم و خەفەت کەسێکی گۆشەگیر ببوو و تێکەلاوی کەس نەدەبوو، دوای ئەوەی زێرۆبەگ هەست دەکات کە سەید عبدالله زۆر بێتاقەتە و خەفەت بارە بۆ بنەمالەکەی بۆیە زێرۆبەگ بریار دەدات کە وا هێرش بکاتە سەر تورکەکان و ئابلوقەکە بشکێنێت و نەهریەکان ئازاد بکات بۆ

ئەو مەبەستەش چەند کەس لە خزم و دۆستەکانی لە هۆزی هەرکی کۆدەکاتەوە بۆ هێرشکردن، دوای شەرکردنێکی سەخت و خوێناوی لە ئەنجامدا زێرۆبەگ تورکەکان تێکدەشکێنێ و دەست بەسەر قەلای نەهری دەگرێ و 3 ئەفسەر و بەشێک لە سەربازانی سوپای تورک دەستکیردەکات و خانەوادەی سەید عبدالله لەگەل خۆی دەیان باتەوە بۆ رۆژهەلاتی کوردستان لە گوندی (کوکێ)،کە شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆی بووە و سەید عبدالله لەوێ بە خانەوادەی شاد دەبێتەوە . لەبەرامبەر ئەو چاکەیەدا (سەید تەهای شەمزینی) حاکمی سیاسی رواندز کە سەر بە بەریتانیا بوو کە ئامۆزای (شێخ عبدالقادر شەمزینی )بووە . ئەو چالاکیەی زێرۆبەگ دەزانێتەوە و لە نامەیەک دا بۆ زێرۆبەگ هەرکی دەنێرێت و داوای لێ دەکات کە وا سەید عبدالله و بنەمالەکەی لەگەل خۆی بێنە رواندز . دوای ئەوەی زێرۆبەگ و سەید عبدالله چوونە رواندز بۆ لای سەید تەها، لەو کاتەدا سەید تەها داوا لە زێرۆبەگ دەکات کە لە باشوری کوردستان نیشتەجێ بێت و هاوکاری سەید تەها بکات و گوندی (کەلەکین) ش وەکو دیاری وەربگرێت و لەوێ نیشتەجێ بێت. بەلام زێرۆبەگ دەلێت کە وا من مولک و گوند و عەشیرەتم لە رۆژهەلاتە ناتوانم بەجێی بهێلم .بەلام سەید تەها زۆری لە زێرۆبەگ دەکات بۆ ئەوەی رازی بێت و لەو کاتەشدا بە ئامادەبونی ٤ کەسایەتی دیاری ناوچەکە کە ئەوکات میوانی سەید تەها بوون سەنەدی گوندی (کەلەکین) دەداتە زێرۆبەگ و پێشکەشی دەکات .ئەو چوار کەسەش بریتین بوون لە ( محمودبەگ سالح بەگ برادۆستی، سلێمان بەگی دەرگەلەی، وەهاب ئاغای جوندیان، مەلا یوسف ئاغا بالەکی )وە ئەفسەری هەوالگری بەریتانیاش لەوێ ئامادە بوو کە ئەو ئەفسەرە بارەگاکەی لە رەواندز بوو . وە بەشێکی گوندی (کەلەکین) بە ناو کەسێکی سورچیەوە بوو کە ناوی (حاجی مەلا) بوو دانیشتووی گوندی (خرێ ) بوو لە ناحیەی هەریر بۆیە زێرۆبەگ ئەوبەشەی لێ کریەوە و گوندەکە بە تەواوی بوە هی خۆی . بۆ راستی .قسەکانیشم ئێستا (حاجی مەلا) لە ژیاندا ماوە و لە هەولێر نیشتەجێیە

دوای ئەوەی کە زێرۆبەگ مولکەکەی لە حاجی مەلا کریەوە بۆیە دواتر نیشتەجێی گوندی (کەلەکین هەرکی) دەبێت، سەید تەهای شەمزینی بەینی لەگەل دەولەتی بەریتانیا تێکدەچێت , دەچێتە ئێران و لە تاران نیشتەجێ دەبێت، دوای ئەوکات ئەفسەری بالای سوپای ئێران بە پلەی (سپەهبور) = (قائد فەیلەق) کە ناوی (شابەختی) بووە فەرماندەی سوپای ئێران بوە لە ئازەربیجان نامەیەک بۆ زێرۆبەگ دەنێرێت لە رێی خزمێکی زێرۆبەگەوە کە ناوی (حاجی قادر ئاغا هێشماوە) بوو و حاجی قادر ئاغا خۆی سەر بە دەولەتی ئێران بوو. داوا لە زێرۆبەگ دەکەن بگەرێتەوە و هەموو گوند و مولکەکانیشی پێدەدەنەوە، بۆیەش زێرۆبەگ دەگەرێتەوە رۆژهەلات و مولکەکانیشی وەردەگرێتەوە و دوو گوندی کە هی دەولەت بوون (میری بوون) وەک دیاریەک پێشکەش بە زێرۆبەگ کران کە ئەوانیش گوندەکانی ( ژاراوە، کردوان) بوون لە دەشتی مەرگەوەر. پلەی سەربازی (سەرهەنگی فەخری ) پێدرا و لەوکات دا زێرۆبەگ لە گوندی (کردوان) نیشتەجێ بوو هەتا سالی ١٩٤١ . لە کاتی جەنگی جیهانی دووەم دا یەکێتی سۆڤیەت و بەریتانیا، ئێران دەکیردەکەن و یەکێتی سۆڤیەتیش ٣٤ کەسایەتی ناوداری کورد بانکێشت دەکات بۆ باکۆ کە بریتین بوون لە ( سەید محمد سدیق (شێخ پوشۆ)، زێرۆبەگ هەرکی، قازی محمد، حاجی بابەشێخ، علی ئاغا دێبۆکری،عمر دێبۆکری، رەشیدبەگ هەرکی، تەهابەگ هەرکی، محمد ئەمین شکاک، حسن ئاغا هنارە شکاک، حسن تێلۆ شکاک، حاجی قەرەنی

ئاغای مامەش، کاکە هەمزە نەلۆس مامەش، مجیدخان میانداو، نوری بەگ بەگزادە، هورکۆ بەگزادە، احمدبەگ فەیزوللە بەگی، بایز ئاغای گەورک،سەیفی قازی .......)چەندین کەسی تر، لەوێ رووسەکان زۆر تەکلیف بۆ ئامادەبوان دەکەن و داوایان لێدەکەن کەوا کوردەکان یەکبگرن و کەسێک لە نێوان خۆیان هەلبژێرن بۆ سەرکردایەتی خۆیان . ئێمەش پشکیریتان دەکەین بۆ دامەزراندنی دەولەت، کوردەکانیش کە هاتنەوە دەستیان .کرد بە خۆ رێکخستن

کاتێک کە رەزا شا لەلایەن ئینگلیسەکانەوە دورخرایەوە بۆ هندستان و لەوێ کۆچی دوایی کرد دواتر محمد رەزا شا لەلایەن ئەمریکا و ئینگلیس پشتگیری کرا و بە شای ئێران ناسێنرا کە ئەوەش مەبەستیان دژایەتی روسەکان بوو. وتیان ئێران دەبێت یەک پارچە بێت و نابێت هیچ شوێنێک جیا ببێتەوە کە ئەو بریارە دەرچوو لەلایەن ئەمریکا و ئینگلیسەکانەوە، کوردەکان زۆر تەنگاو بوون و لە شنۆ کۆبوونەوە لە مالی (قازی محمدی خدری) نەک مالی پێشەوا ( قازی محمد ) مەهاباد، لە کۆبوونەوەکە ئەوە باس کرا کە نابێت رێ بدەن ئارتەشی شا دووبارە بێتەوە ناوچە کوردیەکان دەنا هەموویان قەتلو عام دەکەن بۆیە بریاریان دا ئەو هۆزانەی سەر سنوورن لەگەل دەولەت هەمیشە لە ئامادەباشی دابن ئەگەر ئارتەشی ئێران هات لێیان بدەن و کەر ئارتەشیش زۆر بوو ئەوان هۆزەکانی تر یارمەتیان بدەن، تا چوار سال بەردەوام بوو ئەو بارودۆخە، زێرۆبەگیش کەوتە جەبهەی سەرەکی کە نزیکی چل کەس لە پیاوەکانی شەهید بوون یەکێک لەوان برای زێرۆبەگ بوو ناوی (قەندۆ عارس ئاغا هەرکی بوو) کە تەمەنی لە نێوان٢٩-٣٠ سال بوو و دوو سال بوو هاوسەرکیری کردبوو و وە ئامۆزایەکی زێرۆبەگ یش شەهید بوو کە ناوی (شەمسەدین) بوو، سالی ١٩٤٥ دوای ئەوەی هەردوو کورد و ئازەر خۆیان رێکخست و جولانەوەی سیاسیان دامەزراند و ئارتەشی حوکمەت لەوێ دەرکران کوردەکان هێشتا رێکنەکەوتبوون لەسەر هەلبژاردنی کەسێک، سێ را هەبوون دوای مناقەشەیەکی زۆر زێرۆبەگ موخەیەر کرا لە دەسنیشانکردنی کەسێک بۆ سەرۆکایەتی کۆمار، زێرۆبەگیش قازی محمدی هەلبژارد و وتی :(من جەنابی قازی هەلدەبژێرم چونکە ئەو کەسێکی بێ لایەنە و ناوداریشن بنەمالەیەکی زانان و چەند پشتیشە قازی مهابادن و کەسێکی شیاوە) هەموویان لەگەل رایەکەی زێرۆبەگ بوون و قازی هەلبژێردرا وەک سەرۆک کۆمار. دوایش هێز و پێشمەرگە رێکخران و ئەفسەر و جەنەرال دیاری کران و زێرۆبەگ یەکێک بوو لە 5 جەنەرالەکەی کۆمار کە لەلایەن قازیەوە

ئەو پلەیان پێدرابوو، زێرۆبەگ بە ٧٠٠چەکدارییپیادە بەشداری کۆمار ببو فەرماندەی بەرەی سەردەشت بوو، لەو کاتیش دا زێرۆبەگ داواکرا بۆ یەکێتی سۆڤیەت و پلەی سەربازی (مارشال) ی پێدرا کە بەرزترە لە پلەی جەنەرال لەگەلی دا شمشێرێک و دەمانچەیەکی ١٤ خۆری پێدرا .لەگەل هەویەی(پێناس) مارشالی .لە سالی ١٩٤٥ بارزانیەکان بەهۆی هەبوونی ناکۆکیان لەگەل حوکمەتی عێراق روویان کردە سنورەکانی رۆژهەلات و لە سێکوچکەی سنووری نێوان عێراق-ئێران-تورکیا.لە (کوێستانەکانی بنلیس )بون رووسەکان نەیان هێشت داخلی شاری ئورمیە ببن و تورکەکانیش سنوریان لێداخستن، شێخ احمدی بارزان نامەیەکی بۆ زێرۆبەگ نارد لە رێی (اسحد خۆشەوی مزیوری و رەئیس عزەت ئامێدی)نوسیبووی ئەوە ئاخر نەفەسی ئێمەیە لە برسان و سەرمادا، ئەوەش دەزانین کە تۆ دەسەلاتت هەیە لەناو سوپای رووسەکان و یارمەتیمان بدە .زێرۆبەگیش زۆر

نئارام بوو کە نامەکەی خوێندەوە یەکێک لە ئامۆزاکانی کە ناوی (میرخان) بوو راسپارد کە بە لۆری (گەلایە) بچێت بۆ شار و خۆراک وپێداویستی بکرێت و ١٠ باریش نانی پاتی بکرە بۆ بارزانیەکان و ئەو گوندانەی دەورووبەریش ئاگادار بکەوە کە ٧٠ بۆ ٨٠ ئەسپ و دەوار حازر بکەن بۆ ئەوەی سبەی بۆ نیوەرۆ ئەوخواردن و پێداویستیانە ببەن بۆ بارزانیەکان و منیش دەچمە تەورێز رەزامەندیان بۆ لە رووسەکان وەردەگرم بۆ ئەوەی داخلی ئورمیە بێن .زێرۆبەگ چوە تەورێز و شەو لەوێ مایەوە و بۆ سبەی هاتەوە و بە (اسحد خۆشەوی و رەئیس عزەتی )وت : بە شێخ احمد بلێن خۆ گیرۆ نەکات و زوو بێتە گوندی (بێنار) من دێمە ئەوێ و بارزانیەکان دابەشی شوێنەکان دەکەین،زێرۆبەگ بانگەوازی دایە هەموو سەرۆک عەشیرەتە نزیکەکان و پێی وتن کە وا بارزانیەکان ئەوەی هەیان بوە لە دەستیان داوە بەهۆی شەڕەوە و ئەوانەش کوردن و لێقەوماون بۆیە هەر یەکێک لە ئێوە 50 مالی بارزانیەکان بگرێتە خۆ، منیش ٢٠٠ مالی بارزان ومالە شێخی بارزان لە خۆ دەگرم ). بۆ سبەی زێرۆبەگ گەیشتە بێنار و ئەو جۆرەی کە رێکەوتبوون دابەشکران . سێ ژووری مالی زێرۆبەگ چۆلکران بۆ مالی شێخ احمدی بارزان،وە شەریفی مەلا حسن ئەویش ٥٠ عئیلەی تری بارزانی دابەشی مالەکانی گوندی کوکێ کرد، دواتر ١٥٠ عائیلەی تر لەگەل حمد ئاغای مێرگەسۆر دابەشی گوندەکانی تری زێرۆبەگ کران .هەتا دوو سال و سێ مانگ مانەوەی بارزانیەکان بەو شێوەیە بوو تا روخانی کۆمار .دواتر کە کۆمار روخا (عمرخان شکاک) چوە سەقز و خۆی رادەستی حوکمەتی ئێران کردەوە، حمە رەشید خانی بانە هاتە پێنجوێن و خۆی رادەستی حوکمەتی عێراق کردەوە،مەلا مستەفاش هاتەوە بۆ شنۆ، زێرۆبەگیش هاتەوە گوندی (کوکێ و بالانیش )، دواتر مەلا مستەفا داواکرا بۆ تاران و چەند شەوێک لەوێ ماوە و ئەفسەرە بالاکانی ئێران بە مەلا مستەفایان وت بە مەرجی دانانی چەک و تەرک کردنی عێراق وەرتان دەگرین لە ئێران ئەگەر نا دەبێ ئێرەجبێلن، دوو ئەفسەر لەگەل مەلا مستەفا هەتنەوە شنۆ بۆ قسە کردن لەگەل شێخ احمد بەلام شێخ احمد رازی نەبوو وتی ئێمە نە چەک دادەنێن نە تەرکی خەلکی خۆشمان لە عێراق دەکەین ئەگەر مەجالمان بدەن تا بەهار لێرەبین ئەوا هیچ حەرەکەتێک ناکەین،بەهۆی ئەوەی زێرۆبک خۆی تەسلیم نەکردو بەردەوام بوو لە شەرکردن بۆیە هێزی زیاتر دەهاتە شنۆ و سەردەشت بەنچاریش بارزانیەکانیش داخلی شەرەکە ببون و لەگەل زێرۆبەگ دەستیان کرد بە شەر دژی ئێران لە سەرەتای پایز تا مانگێکی دوای نەورۆزیش هەر بەردەوام بوو،دواتر زێرۆبەگ ومەلا مستەفا و شێخ احمد هاتنەوە سنوری عێراق، لە گەلێ ( کادەر)ی سەر سنوور بارزانیەکان دەیان ویست بچنە سنوری عێراق و خۆیان تەسلیم بکەن لەوێ یەکێک لەفەرماندەکانی سوپای عێراق بەناوی (عەزارا بەگ)کە ئامر فەوجی (قوات سیار) بوو نامەیەکی وەکو نوشتە لەرێی سەربازێکەوە بۆ بارزانیەکان دەنێرێت و سەربازەکەش نامەکە دەخاتە گیرفانی شێخ احمدی بارزانی دوایی کە نامەکە دەخوێننەوە نوسرابوو کە نەکەن هەمووتان بەیەکەوە خۆتان تەسلیم بکەن چونکە حوکمی سێدارەتان بۆ دەرچوە لەگەل چەند سەرکردەیەکی بارزانیەکان بەلام ئەگەر هەندێکتان خۆیان تەسلیم نەکەن ئەوا ئەوانی تریش ناکوژن،شێخ احمدیش دەلێ کێدەمێنێتەوە و لێرە دەبێت مەلا مستەفاش دەلێ من و لەگەل ٥٠٠ بارزانی مانەوە و زۆربەی بارزانەیکان لەگەل شێخ احمد خۆیان تەسلیمی عێراق کردەوە، بەلام مەلا مستەفا لەگەل ٥٠٠ کەس خۆیان تەسلیم نەکرد . زێرۆبەگیش چوەوە (گەلێ کاردەر) دواتر مەلا مستەفاش هاتەوە ئەوێ و سێ شەو لەمالی زێرۆبەگ مایەوە . زێرۆبەگیش لێی پرسی بەتامی چی بکەی ؟ ئەویش وتی دەچمەوە مەنتیقەی بارزان

ئەگەر حوکمەتی عێراق حوکمی سێدارەم لەسەر لاببات ئەوە خۆم تەسمیل دەکەن ئەگەر سجنیش بکرێم رازیم . ئەگەر قبولیشیان نەکرد ئەوا پەیوەندی بە تورکیا و سوریاوە دەکەم کام دەولەت وەرمان بگرێت دەچینە ئەوێ . بەلام حوکمەتی عێراق رازی نەبوو وتی بەبێ مەرج خۆتان بەدەستەوە بدەن وادیاریش بوو کە تورکیا و سوریاش مەلا مستەفایان وەرنەگرت بۆیە لە رێی ئێرانەوە چوە روسیا. لە (کاردەر)یش فرۆکەکانی ئێران دەسورانەوە لە ناوچەکە کە زێرۆبەگ و ٤٠٠ مال لە پیاواکانی لە هۆزی هەرکی لەگەلی بوون، جا رۆژێک تەیارەی عێراقی هاتن کە ١٦ تەیارە دەبون نوسراویان فرێدا خوار و نوسیبویان دەبێت تا سبەی سەعات ١٢ یان خۆتان تەسلیم دەکەن یان بۆمبەبارانتان دەکەین .هەندێک لە ریش سپیش هاتنە لای زێرۆبەگ پێان وت چارەنەماوە خۆت تەسلیم بکەن لەبەر ئەو ژن و مندالانە، زێرۆبەگیش بە ناچاری لەگەل دوو پیاو دەچنە (خنێرە) کە فەوجێکی لێبوو پێیان دەوت (قوات صیار) ئامر فەوجەکە ناوی (عزرا بەگ بوو) فەلە بوو،لەوێ خۆی تەسلیمی ئەوان کرد، راستەوخۆ زێرۆبەگ کواسترایەوە بۆ بەغدا بۆ زیندانی (ئەبو غرێب) دوو سال و شەش مانگ زیندان بوو لە چوار مانگی کۆتای گوسترابۆوە بۆ زیندانیەک لە (سامەرا) . احمدخانی کورە گەورەی زێرۆبگ و مجیدخان ی برای زێرۆبەگ لە ماوەی ئەو دوو سالەدا زۆر هەولیان کە ئازادی بکەن زۆر پارەشیان سەرف کرد بۆ ئەو مەبەستە بەلام سودی نەبوو،هەتا رۆژێک احمدخان پێشنیاز بۆ مجیدخانی مامی دەکات کە وا بچنە لای شێخ محمودی حەفید ئەو هاوکاریان بکات بۆ ئازادکردنی زێرۆبەگ، ئەوانیش چوون بۆ گوندی (داریکەلی ) لەناحیەی بازیان کە مالی شێخ مەحمود لەوێ بوو سێ شەو میوانی شێخ مەحمود بوون زۆر رێزیان لێگیرا لەوێ، کە بابەتەکە بۆ شێخ مەحمود باس دەکەن شێخ مەحمود برایەکەی خۆی کە ناوی (شێخ قادر) بوو لەگەلیان دەنێرێت و پێی دەلێت تۆ لەگەل ئەو دوو پیاوە دەچیە بەغدا و ئەو نامەیەی من بدە مەلیکی عیراق وتی پێیان بلێ :(ئەوان دەلێن حوکمەت هی کورد و عەرەبانە ئەی بۆچی کوردێکی ئێرانیان گرتوە، ئەو لە ئێران هەر جولەیکی کردبێت بۆچی لە عێراق سجنی دەکەن و لەبەر دلی ئێران دوو سال و نیوە گرتوتانە ئەوە کەی هەقە . کور و براکەی هاتوون بۆلای من من داواتان لێدەکەم بەریدەن،ئەگەر بەریشی نەدەن چەند پارەی زەریبە بێت من دەیدەم ئەگەر نا بە من دەلێن محمود وەلاهی بیدات لە سەرم لە هەر کوێبێت لە سجن دەریدێنم ). ئیتر شێخ قادر و احمدخان و مجیدخان چوون ۆ بەغدا بۆ کۆشکی مەلیک و مەهاجە وەرگیرا و چوونە ژوورەوە و مەلیک و وسیەی عبدالالە لەو بوون و بەخێرهاتنێکی گەرمیان کردن .شێخ قادریش نامەکەی دایە دەستی مەلیک(وەسی),مەلیکیش کە نامەکەی خوێندەوە پێکەنی وتی (وادیارە مامم لە من تورەببوە) مەبەستی شێخ مەحمود بوو، شێخ قادریش وتی بەلێ تورە بوەو جگە لەو نامەیە ئەو قسانەشی بە من وتوە پێتان بلێم.مەلیک وتی جا پێویستی نەدەکرد نامە بۆ من بنێرێت یەکسەر هاتبا و لەگل خۆی بردبایەوە.شێخ قادریش وتی ئاخر جەنابت مەلیکی عێراقی دەبێ ئیرادەی مەلەکی واتە ئەمری بۆ دەربکەی . ئەویش یەکسەر ئەمری بۆ دەرکرد . وتی بیبەن بۆ لای سەرۆک وەزیران کە (سالح جەبر )بوو . ئەویش ئیمزای کرد وتی بیبەن بۆ لای وەزیر داخلی، احمدخانیش بە شێخ قادر وت جەنابت برۆوە ئیشەکانی تر ئێمە دەتوانین بیکەین زۆر سپاس بۆ ماندوببونت .ئیتر شێخ قادر رۆیشتەوە گوندی داریکەلی و احمدخانیش چوە لای وەزیری داخلی و ئەویش ئیمزای کرد وتی بیبەنە لای موتەسەرفی هەولێر .دواتر چوە قەزای رواندز و دواتر بۆ مدیر ناحیەی هەریر دواتر دیسانەوە ئەمرەکەی بردەوە بەغدا بۆ لای وەزیری داخلی،وەزیری داخلیشی پەیوەندی بە مدیری

شورتەوە کرد وتی ئێستا کەسێک دێتە لاتان ئەفسەرێکی لەگەڵ سەیارە لەگەڵی بنێرن بۆ سامەرا بۆ ئەوەی باوکی ئازاد بکرێ . شەو لەوێ مانەوە و بەیانیەکەی زێرۆبەگ ئازاد بوو و لەگەڵ احمدخانی کورە گەورەی .چونەوە مالی خۆیان لە گوندی (کەلەکین هەرکی)سەر بە ناحیەی هەریر

# لە سەر داوای ساواک مەلا مستەفا سلێمانی موعینی کوشت و تەسلیم بە ئێرانی کردەوە

دوای رووخانی حکومەتی دوکتور موسەدیق، لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٤ هێزەکانی

سەرکوتکەری ئێرانی هێرشیان کردە سەر جەماوەری شار و گوندەکان و، گرتن و کوشتن و بێ سەروشوێن .کردن دەستی پێکرد

لە شاری مەهاباد دا، یەکێک لە گیراوەکان محەمەدئەمین معینی، باوکی سولەیمان بوو کە بە ماوەی ٢٠ رۆژان لە گرتوخانەی سەربازیدا رایان گرت. هەر ئەودەم لەلایەن فەرماندەی نیزامیی شاری مەهاباد، کە سەرلەشکەر کەریم وەرئەهرام ی ناو بوو، بە باوکی سولەیمانیان راگەیاند کە بە شوێن سولەیمان دا بنێریت و پێی بڵێ کە حکومەت لێی دەبووریت و دەتوانێ بەبێ هیچ ترسێک بگەرێتەوە ماڵی خۆی. بەڵام سولەیمان بەهۆی ناسینی کارنامەی کرداری رژێمی ئێران، ئەم داوایەی بەرپەرچ دایەوە و وەڵامی نای دانەوە. پاش ماوەیەک، سولەیمان بەنیازی چوونی تاران و بەردەوامبوونی ژیانی سیاسی و نهێنی، لە ساڵی ١٩٥٦ بەرەو ناوندی ئێران وەرێ کەوت. بەڵام لە نێوان رێگای تاران تەورێز دا بە هۆی سیخورە نهێنییەکانی رژێم دەناسرێتەوە و دەگیرێت. لە گیرانی سولەێمان هیچ کەس خەبەردار نەبوو. دوای تێپەرینی چەندێک، عەبدوڵلای حەکیمزادە عەکسی سولەیمان لە لاپەرەی رۆژنامەیەک لە نێو زیندانییەکانی ژێردەستی رژێم دا دەبینێت و خەبەر بە بنەماڵەکەیان دەگەیەنێت. سولەیمان لەژێر ئازار و شکەنجەی زیندانەوانانداا دەمێنێتەوە هەتا رۆژی ١-٣-١٩٥٧ .کە لە بری ئەسپاردنی بارمتەیەکی دەهەزار تمەنی ئەو سەردەمە، ئازاد دەکرێت

سولەیمان ماوەیەک لە تاران دەمێنێتەوە و دەگەڵ هاوبیرێکی خۆی بەناوی (بەحری) دەست بە چالاکی دەکەنەوە، بەڵام بۆ داپۆشینی هەڵسورانی سیاسی، دوکانێکی وێنەگری دەکەنەوە و خەریکی کار دەبن. بەڵام سولەیمان ناتوانێ خەڵکی خۆی لەبیربکات و لە هەندەران بمێنێتەوە، هەربۆیە دەگەرێتەوە مەهاباد. لە ساڵی ١٩٥٩ دەگەڵ کچێکی خەڵکی گوندی سیاقوڵ، بەناوی خانمی (مریەمی عومەری)، زەماوەند دەکات و ساڵی .١٩٦٠ دەبنە خاوەنی کورێک کە (سیامەند)ی ناو لێدەنێن

پێکەوەنانی خێزان و باوەشی گەرمی بنەماڵەش ناتوانێ ئەو هیوا گەرمەی کە دە مێشکی سولەیماندا دەبێ، .تووشی خەو و بێهەستیی بکات

لە میانەی ساڵی ١٩٦٠ دا رژێمێ پاشایەتیی ئێران هێرشێکی هەمە لایەنە و بەربڵاو دەکاتە سەر کوردستانی رۆژهەڵات، کە لە ئاکامی ئەو هێرشەدا زیاتر لە ١٥٠٠ کەنج و لاو دەکەونە بەردەستی هێزەکانی پۆلیس و ژاندارم. ئەم رەشبگیری و گرتن و بێ سەر و شوێن کردنە بە هۆی عەبدوڵلای موعینی، براچکۆڵەی سولەیمان بەو رادەگاتەوە و ئەویش هەواڵەکانی ئاگادار دەکاتەوە و بەپێی بەرنامەیەکی زۆر نهێنی، دەگەڵ چەند .هاورێیەک، بەهیوای گەیشتن بە باوەشی شۆڕشی کوردستانی باشوور، بەرەو باشور دەکەونە رێ

سولەیمان و هاورێیانی هەرکە دەگەنە باشووری کوردستان، بە ئاگاداریی و لە ژێر چاوەدێریی سەرۆکایەتی ئەوسەردەمەی کوردستانی باشوور، لە هەوڵی سازمانکاری و بووژاندنەوەی رێکخراوەی پرژ و بڵاوی حیزبی .دیموکراتی کوردستان دەکەون

دەزگای ساواک و ژاندارمی ئێرانی لە ساڵی ١٩٦٥ دا، دیسان هێرش دەبەنە سەر رێکخراوە نهێنییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ژمارەیە لە خەباتکارانی دەگرن. بەڵام ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی حیزب، کە یەکێک لەوان عەبدوڵلای موعینی دەبێ، لە زەختی پۆلیس رزگاریان دەبێ و پەنا دەبەنە بەر سایەی شۆڕشی .کوردستان لە باشووری وڵات

کۆمبوون و تێکەڵبوونی ژمارەیەکی زۆر لە خەباتکارانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە گۆڕەپانی شۆڕشی باشووری کوردستاندا و رێکخستنەوە و سازماندەهیی ئەوان لە لایەن سولەیمان (فایق) و عەبدوڵلای ئیساقی .(ئەحمەدتۆفیق)ەوە، رژێمی ئێرانی تۆقاند

ساواک لە مەهاباد بۆ راگرتن و تێکدانی رێکخراوەی تازە دامەزراوی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ژێر سێبەری شۆڕشی کورد دا کەوتەوە خۆ. لە یەکەمین هەنگاودا مۆرە چالاک و کاراکانی رێکخراوەی ناوبراو دەخەنە بەر هێرشی تیژی تێکدەرانە ؛ بۆ ئەنجامی بەرێوەچوونی پیلانە گلاوەکەیشیان، پێشەکی بنەماڵەی کەسانی بەناوبانگی وەک سولەیمان دەخەنە لیستەی هەرە باڵای میکانیزمی کار و خەباتە دزێوەکانی خۆیان. هەربۆیە لەلایەن ساواکەوە بە میرزا محەمەدئەمینی موعینی، باوکی سولەیمان، رادەگەیەندرێت کە شای ئێران لە کار و کردەوەکانی سولەیمان و هاوکارانی ئەو خۆش دەبێت بە مەرجێک دەست لە چالاکی هەڵبگرن و بگەرێنەوە زێد و نیشتمانەکەی خۆیان. تەنانەت ساواک بەڵێنیی هەمە چەشنە کارئاسانی و، پێدانی پلە و پایەی بەرزی کۆمەڵایەتی و ئیداریی بۆ سولەیمان دەستنیشان دەکات. باوکی سولەیمان سەری بۆ ئەم فەرمانە نزم نەکرد و هیچ وەرامێکی پێنەدانەوە. هەربۆیە، ساواک کەسێکی بەناوی کەریم خوسرەوی، کە لە کەسانی ناسراوی مەهابادی و لەباری خزمایەتیشدا دەگەڵ خانەدانی موعینییەکان خزمەتییەکی هەبوو، بەهەمان .مەبەست و بە هەمان بەڵێنەکانەوە رەوانەی باشووری کوردستان دەکات

سولەیمان، کە دوژمنی کورد و پیلانە گلاوە مێژووییەکانی باش دەزانی، وەلامی بۆ ناردنەوە کە من رۆڵەی کوردم و خۆم بە ئالاهەڵگر و درێژەدەری ئامانجە پیرۆزەکانی کۆماری کوردستان دەزانم. من پێشەکی و هەر لەسەرتای کار و هەڵوێستکرتنەکانمدا شێوە ژیان و شێوە مەرگی خۆم دیاری کردووە و هەرگیز ئەم گرانبارە .زەنگین و رەنگینەم بە هەموو ئیمکانیاتی خۆشگوزەرانی ناگۆڕمەوە

سولەیمان بەدڵ و گیان هەموو پتانسیەلی خۆی دەخاتە خزمەت شۆڕشەوە و لە نزیکەوە لە گەڵ مەلا مستەفا بارزانی کاردەکات و بەشێکی هەرە زۆری رۆژنامەی (دیسان بارزانی) بە قەڵەمی ئەو دەنوسرێت. لە کار و چالاکی سیاسی و نیزامیش دا مۆرەیەکی بەکار و گیانبەختکەر دەبێت و لە هیچ خەتەرومەترسییەک خۆی کل .ناکات

بەڵام سولەیمان و ژمارەیەک لە هاوخەباتانی ئەوهەتا زیاتر لە دەقی شۆڕشی باشووری کوردستان خوردتر دەبنەوە و وردبینانەتر سەیری پەیوەندییەکان و پلە و پایەی کادرەکان دەکەن، زۆر زوو تێدەگەن کە دەزگای شۆڕش بە سەرۆکایەتیی بارزانی، لە رێگای خزمەت بە گەلەکەی لای داوە. هەمیسان سولەیمان بە چاو دەبینێ کە دەرەبەگە مەزنەکانی ئەو سە ردەمە، لە ناو پارتی دیموکرات، بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی عەشیرەتی خۆیان و دەرە بەگەکانی تر کەڵکی ناسیاسی لە ئیمکانیاتی شۆڕش وەردەگرن. هەر ئەم شێوە کارەی مەلامستەفا و دار و دەستەکەی دەبێتە هۆی دابڕان و دوور کەوتنەوەی روناکبیر و زەحمەتکێشانی گەلی کورد لە پارتی دیموکراتی کوردستان لە عێراقدا. هەر درێژەدان بەم سیاسەتە و لایەنگیری لە دەرەبەگانیش بوو کە دەتوانێ بووبیتە هۆی شیواندن و تاریک کردنی پەیوەندییەکانی نێوان عەبدولکەریم قاسم و مەلامستەفا، کە رۆژ بە رۆژ بەرەو ئاڵۆزی رۆیشت و سەرەنجام شەڕی لێ کەوتەوە. لە درێژەی شەڕی نابەرامبەری هێزەکانی دەوڵەتی عێراق و شۆڕشی کوردستان دا، مەلامستەفا دەستی یارمەتیی بەرەو شای ئێران درێژ کرد و شۆڕشی کوردی . .خستە باوشی رژێمی دژبەکوردی ئێرانی

بارزانی بەهۆی پەیوەندیی لەگەڵ رژێمی شای ئێران، سیاسەتی خۆی لەسەر بناغەی بەرژەوەندیی ئێران دارشتەوە و لە وتەکانی خۆیدا دەڵێ کە ئێمە دەبێ پێشەکی گەلی کورد لە عێراق ئازاد بکەین، جا دوایە دە فکری بەشەکانی تر دا بین؛ بە مانایەکی تر، خەباتی بەشەکانی دیکەی کوردستان بکرێتە قوربانی لە رێی .سیاسەتی پێوەندییەکانی رێبەرایەتی شۆڕش دەگەڵ شای ئێراندا

بەڵام سولەیمان و هاورێیانی مل بۆ ئەم سیاسەتە نادەن و لە ژێر تیشکی بیر و فەلسەفەیەکی نەتەوەیی دا ئەم شێوە خۆ بەدەستەوەدانە بەرپەرچ دەدەنەوە و پێوەندییەکانی مەلامستەفا و شای ئێران بە قومارێکی پڕ لە .مەترسی دیپلۆماسی دەزانن

بارزانی کە لە هوشیاری و زانایی سولەیمان ئاگادار بوو، پێی وابوو ئەگەر پلە و پایەی ئەو لە شۆڕش دا بەرێتە سەر، ئەوا لایەنگریی ئەو بۆ خۆی دەکرێتەوە و ئەوانی تریش بەشوین ئەودا دێن.بەڵام سولەیمان، کە رۆڵەی دڵسۆزی گەلی خۆی بوو و بە کردەوە هەموو ژیانی خۆی و ئاسایشی بنەماڵەکەی خۆی لە پێناو هەست و شعوری بەرزی نیشتمان پەروەری دا فیدا کردبوو، هەرگیز لە بەرامبەر پلە و پایەی حیزبی و سیاسی دا ئامادە نەبوو مل بۆ سیاسەتی ناڕاست کەچ بکات و لە رێی خزمەت لابدات.

بەهۆی قوڵ بوونەوەی پەیوەندییەکانی مەلامستەفا و رژێمی ئێران، بەرەبەرە دەزگای پاراستنی ئێران (ساواک)، شوێن پێی زیاتر و قوڵتری لە جەرگەی شۆڕشی کوردستان دا دەست کەوت و دەستەڵاتی قایمتری تێدا وەدەست هێنا.

لە دایک بوونی کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزبی دیموکراتی کوردستان (کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دیموکراتی کوردستان)، لەو سەردەمە دا، جوڵانەوەیەکی دە کۆمەڵگای رۆژهەلاتی کوردستان خست، کە دەزگای پاراستنی ئێرانی بە مەترسییەکی مەزنی لێک لدایەوە. کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەگەرچی وەک هەڵوێست، لە هەنگاوی یەکەمدا خەباتی سیاسیی گرتبوویە پێش، بەڵام ساواک و دەزگای سیخوڕیی ئێرانی لە دایک بوونی ئەو سیستیمە نوێیەیان بە مەترسییەکی گەلێک مەزنزانی، هەربۆیە بە هەموو تواناوە، لە ناوەوەی رۆژهەلاتی کوردستان دا هێزی نیزامی و جاش و سیخوڕیان بۆ وەگەڕ خست و لە بەشی باشووری کوردستانیش دا ئاستەنگی توند و تۆڵیان خستە سەر رێ.

دەزگای بە رێوە بەری کۆمیتەی ئینقلابیی حیزبی دیموکرات کە بریتی بوون : سولەیمان موعینی، سمایلی شەریفزادە، مەلا ئاوارە، خەلیل شەوباش، عە ولای موعینی، مەلامەحمود زەنگنە و چەند خەباتکارانێکی دیکە، کەوتنە بەر شالاوی دڕندانەی جاش و جەیش لە هەر دووک بەری سنووران و بزوتنەوە ساواکەیان لە خوێن دا نوقوم کرد.

لە راستیدا ئامانجی بە بەرنامەی کۆمیتەی ئینقلابی، پەیوەندی گرتن دەگەڵ زەحمەتکێشانی گەلی کورد لە شار و دێهاتەکانی کورستانی رۆژهەلات دا بوو، کە هەر لە دەسپێک و سەرەتای کاردا، لە سای سەر راستی و دڵ و دەروون خاوێنیی ئەندامانی بەرێوەبەر و کادر و هەوادارانی کۆمیتەی شۆڕشگیری حیزب دا، ژمارەیەکی بەرچاوی هێزی زەحمەتکێشیان پێوە لکا. سازماندانی هێزی زەحمەتکێش و راکێشانی رۆناکبیرانی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان، کۆمیتەی ئینقلابی ئەوەندە ناودار کرد، کە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا هەموو مەڵبەندەکانی رۆژهەلاتی کوردستانی گرتەوە.

دەزگای ساواکی ئێران کە لە باشوور دا حوکمی دەڕۆییشت و لەوێوە دەستی پێکرد. لە یەکەم هەنگاودا، بۆ بەرگیری کردن و لە ریشە دەرهێنانی کۆمیتەی ئینقلابی، بە فەرمانی شای ئێران، یەکێک لە خوێنخۆرترینی مۆرەکانی خۆی تەرخانی سەرکوتکردنی سەرهەڵدانی گەلی کوردی رۆژهەڵات کرد، کە ئەویش ژەنەڕاڵ ئەرتەشبود ئوەیسی بێت کە لە ئاست شای ئێران دا بە گەورە نۆکەر و، لە لایەن گەلی کوردەوە خوێنمژترین دوژمن ناسراو بوو. ئەو ژەنەڕاڵە چەکمەڕەقە فەرمانی خاشەبڕکردنی بزووتنەوەی نوێی گەلی کوردی لە شای ئێران وەرگرت و دەستی پێکرد. ژەنەرال ئوەیسی دوای ئەوەی کە لەو دیوی سنوور دڵنیا بوو، لەم دیوەش دا هێزێکی لە دەرەبەگە کۆنەپەرستەکان ساز کرد و ئینجا بە هەموو هێزێ سیخوڕی و جاش و جەیشەوە قۆڵی فەوتاندنی لێ هەڵماڵین.

زۆری نەخایاند لە ئاکامی پیلانێکی لە رێدا چاندراو، کە کەسێک بەناوی قادر تەکەرانی بکێڕی پیلانەکە بوو، سولەیمان و خەلیل شەوباش لە رێگای سلێمانی سیتەکەوە، دەکەونە داوی پیاوانی سەدیق ئەفەندی و رەوانەی بارەگای بارزانی دەکرێن.

شایانی باسە بکوترێ کە شێخ لەتیفی حەفید، دۆستایەتی و نزیکایەتی وهاواڵبەندییەکی زۆر گەورە و گرانی دەگەڵ تێکۆشەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان هەبوو. گەلێک جاران کارئاسانیەکانی ئەو دەبوو بە هۆی پێشوەچوونی بەرنامەکانیان. لەم بوارەدا ناوی بەرزی ئەو کەسایەتییە هەرگیز فەرامۆش ناکرێت.

شایانی ئاماژەپێکردنە، شەوێک کە سولەیمان و سیامەندی کوڕی و خەلیل شەوباش سەردانی شێخ لەتیف دەکەن، شێخ لەتیف بەئاشکرا پێیان دەڵێت کە خۆیان لە داوی قادر تەکەرانی بپارێزن، چونکە ناوبراو گرێدراوی چەند سیاسەتێکی دژ بەیەکە و پێدەچێت لەم بوارە دا خەریکی سات و سەودای سیاسیش بێت. سولەیمان لە وەرامدا دەڵێت: (من لەمێژە قادر تەکەرانی دەناسم و باوەڕ ناکەم ئەو بیری پیس و چەوتی بۆ ئێمە ببێت). بەڵام بەداخەوە دوایی دەرکەوت کە قادر تەکەرانی هاوکات پیاوی ئێران و عێراق و بارزانییە و سێ سەرە خەریکی سات و سەوداکردنە.

هەر ئەو رۆژەی کە قادر تەکەرانی بە پێی پیلانێکی لەپێش داڕێژراودا، سولەیمان و خەلیل شەوباش بە جێپ لاندرۆڤەرەکەی لە رێگەی سیتەکەوە بۆ سولەیمانی دەبات، دەیانباتە جێداوی کەسێک بەناوی سەدیق ئەفەندی و دەسبەجێ دەیانگرن. سەدیق ئەفەندی لە رێکادا خەلیل شەوباش شەهید دەکات و سولەیمان بۆ بارەگای بارزانی رادەگوێزێت.

دەگێڕنەوە کە مەلامستەفا لەبری بەخێرهێنانەوەی سولەیمان و لە جیاتی دڵدانەوەی، بە ئەوپەڕی بێحورمەتی و بەدەم جوێن و قسەی ناشایستە، کە لە سەرۆکی بزوتنەوەی میللەتێک بەدوورە، سولەیمان دادەگرێت و تەنانەت پێی دەڵێت: باشترین کار ئەوەیە خۆی رادەستی ئێران بکاتەوە و دەگەڵیان پێکبێت، بەڵام سولەیمان رابوردوی دەخاتەوە بیر و دەڵێت: (ئەو سەردەمەی کە وا شۆڕشی کوردستانی باشوور لە ئەوپەڕی هەژاریدا

بوو، من و کەسانی وەک من بۆی تێکۆشاوین و هەرگیز چاومان لە حەسانەوە و سازان دەگەڵ حکومەتە داگیرکەرەکان نەبووە کە ئێستا من هەم بێت. من وەک کوردێک کە هەڵگری بیر و باوەڕێکی خاوێنی کوردانەم، بۆم هەیە سەر بە شوێن ئاوارەکانمدا بڕۆم و گیانمی بۆ بەخت بکەم. من هەرگیز ئامادە نیم سەرشۆڕ بکەم و مل .(بۆ رژێمێک دابنەوێنم کە دەستی بە خوێنی کۆمار سووره

ئەوەی کە ئاشکرایە، لەو دەمەدا جگە لە مەلا مستەفا، ئیدریس و مەسعودی کوڕی و دوو کارگێڕی ساواکی .ئێرانیش ئامادە بوون و کوێکری ئەم قسە و باسەی بارزانی و سولەیمان بوون

## مەسعود بارزانی لە کتیبی البارزانی و الحركة التحررية‌الكردية لە لاپە رە ی ٣٦٢دا دە نوسیت:

لە ١٩٦٧ داشۆرش ناچاربووکاریکی ناخۆش ئە نجام بدات، کە نە دە توانرا خۆی لی ببویردریت. ئە ویش" کاتیک سلێمانی موعینی کە دژی ئە حمە د توفیق بوو، دە ستگیر کرا، کە چوو بووە پال جاشە کانی ٦٦ و هاوکاری رژیمی عیراقی لە دژی شۆرش کردبوو، ئیدی کوژراو لاشە کە ی بۆ ئیران نیردرایە وە. نە دە کرا وا چاو لە مە سە لە ی چارە نوسی سلێمانی موعینی بکریت کە مە سە لە یە کی حیزبی ناو خۆییە. ئە و هاوکاری جاشە ٦٦ ی کردووە ودوژمنی شورشە و ناکریت کیشە کە ی جیابکریتە وە بە بیانووی ئە وە ی کە پە یوە ندی بە کاروباری حیزبە کە یە وە هە بووە. هە رچە ند ئیمە ئە و کوتاییە ناخۆشە شمان بو ئە و پیاوە نە دە خواست."وە رگیردراو لە کتیبی البارزانی و الحركة التحررية.مە سعود بە بی بە لکە کاک سولە یمان تاوانبار دە کات و کوشتن و تە حویل دانە وە ی رۆلە کانی رۆژهە لاتی کۆردستان بە ئیران بە کاریکی ئاسایی دادە نیت ....وفرۆشتنی شۆرشی رۆژهە لاتی کۆردستان بە ئیران لە ژیرسیبە ری شۆرشی باشورحە قانیە ت پی دە دات

مەلا مستەفا ئەمر دەردەکات سولەیمان بخەنە بەندیخانەی شۆڕش. پاشان بە هەژار، شاعیری دە ربار دەستوور دەدات کە سەردانی سولەیمان بکات و بە هەر زمانێک بێت، ئەو ناچار بە چونەوە و خۆ بەدەستەوەدان بکات. هەژار، هەر ئەو جۆرەی کە لە کتێبی (چێشتی مجێور)دا نووسیویەتی، لەجیاتی دڵدانەوە و دۆزینەوەی رێگایەک بۆ بەردە وامبوونی خەباتی کورانی رۆژهەڵاتی کوردستان، دەست دەکات بە مەحاکمەکردنی سولەیمان. تەنانەت لە کتێبی (چێشتی مجێور)دا کە دوای مردنی لە چاپدراوە، گەلێک ناو و ناتوورەی بەدوور لە راستیی داوەتە پاڵ سولەیمان و تاوانەکانی سەرکردایەتیی شۆڕشی پێ شاردوەتەوە. ئەگەرچی نوسراوەکانی هەژار لە ئاست سولەیمان سەر بە سەری سووکایەتین و بێحورمەتی، بەڵام دیار و ئاشکرایە کە هیچیان راستنین و هەر هەمووی ئەوەندە ساختەچییانە سازکراون، کە رواڵەتی شاعیرانەی هەژاریان

داوای تەرمی بێ گیانی ئەو لە بارزانی دەکەن. سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستانی باشووریش بەبێ ئەوەیکە .مەبەستی ساواک لێکبداتەوە، ئەم کارەش دەکات و سولەیمان دەست بەستە شەهیددەکات

ساواک لەم کارەدا دوو ئامانجان دەپێکێت؛ یەکەم تێکدان و لێک بلاوکردنی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی تازە پێکرتوو. دووەم رەش و دزێوکردنی روالەتی شۆڕشی کوردستانی باشوور بەلای خەلکی کورد، بەتایبەت لە رۆژهەلاتی کوردستان دا بوو؛ کە هەر دووک مەبەستیشی بۆ پێکهات. بزوتنەوەی ساوای رۆژهەلاتی کوردستان نوقمی خوێن کرد و شەپۆلی نارەزایەتی و قین و توورەیی خەلکی زەحمەتکێشی رۆژهەلاتی کوردستانیشی لە .سەرکردایەتیی شۆڕشی باشووری کوردستان بزواند

رۆژی چوارشەممە ١٥-٥-١٩٦٥ ، بە ئەمری سەرۆکی شۆڕشی کوردستان، سولەیمان شەهیددەکرێت. هەر ئەو رۆژەش تەرمەکەی بە هێلی کۆپتەر دەگوازرێتەوە ئەو دیوی سنوور و لە پادگانێ پێرانشار دادەندرێت و بۆ ورە بەرزکردنەوەی هێزی نیزامیی شاهەنشاهی، نیشانی سەرباز و ژاندارمەکان دەدرێت و دوای وێنەکێشانێک .رەوانەی شاری مەهاباد دەکرێتەوە

ئەو رۆژەی کە خەبەری شەهیدکرنی سولەیمان لە نێو خەلکی مەهاباد و دەور و بەر دا دەنگدەداتەوە، خەلک دەرژێنە نێو شەقام و کۆلانەکان. دوکان و بازاڕ و دایرەکان دادەخرێن و بە عام بەرەو گۆڕستانی بداغ سولتان دەکەونە رێ. رۆژی هەینی ١٧-٥-١٩٦٧ )، شەهیدی سەربەرزی کورد، لە سەر دەست و باوەشی گەرمی خەلکی کورد بە خاکی نیشتمانەکەی دەسپێردرێت. شایانی باسە ئاماژە بەمەش بکەین کە هەتا ئەو رۆژە، مەلا مستەفا وەک رەمزی شۆڕش و بەوێنەی کاریسمایەکی بەتوانای کوردایەتی ناوی لەسەر زمانی کوردی رۆژهەلات بە خۆشی و رەوانی دەگەڕا، بەلام بەم هەلوێستە ناشایستەیە و بەم سور کردنی ئەنکوچکی شۆڕش بە خوێنی رۆلەی شۆڕش، نەخوازا بە ئەمری خوێنخوارترین قاتلی قازی محەمەد و یارانی ئەو، ئیتر رەمز و کاریسماکە .شکا و هەتا لە ژیان دا بوو، نەکەوتەوە نێو دلی کەلی کوردستان بە تێکڕایی

کاتێک محەمەد ئەمینی موعینی هەوالی شەهیدکردنی سولەیمانی کوڕی دەبیستێت، دەلێت: (پێم وانییە مەلامستەفا ئەم کارەی کردبێت، چونکە من کەلێکم خزمەتی مەلامستەفا کردووە و قەت بڕوا ناکەم ئەو خەیانەتە مەزنە بە دەستی ئەو لە کورد کرابێ!). بەلام دواتر دەرکەوت کە کارەساتەکە بە فیتی ساواک و بە دەستی [بارەگای بارزانی کراوە.[١

لێرەد بەشێک لە چاو پێکەوتنی سیامەند موعینی کوڕی شەهید سلێمانی مەعینی دادەنێین کە چاو پێکەتنێ :لە گەل کوردوستان پۆستدا ئەنجام داوە دەقی چاو پێکەوتنەکە بەم جۆرەیە

کوردستانپۆست: دەکرێت کەمێک باس لە هەولەکانی باوکت و هاورێکانی بکەی بەئامانجی چی هاتبوونە باشوور؟

سیامەند: پاش تێکشکانی کۆماری جوانەمەرگی کوردستان کۆمەڵێک لاوی تێکۆشەر حەولی بەردەوامبوونی خەبات لە ناو حیزبی دیمۆکراتی کوردستانیان دەدا و لەم قالبەدا دەیان هەویست خەبات و تێکۆشان بەردەوام بکەن بە دژی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی حکومەتی پەهلەوی. هەر لەو سەردەمەدا لە باشوری کوردستان خەباتێکی چەکداری و سیاسی هەبوو کە بۆ خەلک و تێکۆشەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان جێگای دڵخۆشی و هیمایەک بوو، هاوکات بۆ پشتیوانی ئەم خەباتە و پتەو کردنی ریزەکانی خۆیان رویان کردە ئەم بەشە لە .کوردستان

کوردستانپۆست: ئایا پێش ئەوەی باوکت لەلایەن پیاوەکانی مەلا مستەفاوە بگیرێ و تەحویل بە ئیران بکرێتەوە، هیچ جۆرە کێشەو ناخۆشیەک لەنیوان هەردو پارت (دیموکرات و ماڵی بارزانی) هەبوو؟

سیامەند: ئەوەندی من بزانم هیچ کێشەیەکی بنەڕەتیان نەبوو، بەڵام لە ناو حیزبایەتیدا رەنگە جیاوازی بیر و بۆچون هەبوبێت، ئەوەی بگەرێتەوە نیوانی کاک سولەیمان و مەلا مستەفا، ئەوەی دەزانم بە پیی بەڵگە و وینەکانی کە بە دەستمەوە هەیە، وا ویدەچیت کاک سولەیمان، لە لای مەلامستەفا زۆر خۆشەویست بووە. هاوکات شۆڕشی باشور کەلێک کەڵکی لەم تێکۆشەرانە وەردەگرت و بە هۆی ئەوە کە ئەو سەردەم کەسی خوێندەوار زۆر نەبوون کە لە ناو شۆڕش دا هەڵسوراو بن و بەشێک لەم تێکۆشەرانە خوێندەواری زانکۆکانی ئێران بوون کە بۆ شۆڕشی باشور زۆر بە کەڵک بووە. ئەو سەردەم هیچ کێشەیەک لە بەینی ئەو دو پارتەدا .نەبوو بەڵکو زۆریش لێک نزیک بوون و هاوکاری باشیان بە یەکەوە هەبوو

کوردستانپۆست: قسە و باس زۆرە لەسەر بریاری ساواک کەبەئەمر داوایان لەمەلا مستەفا کردوە کەئەو تاوانە ناپاکیە بکات.... ئایا بەزیندویتی یان دوایی شەهید بوونی جەستەی سولیمان موعینی تەسلیم بە ساواک کراوەتەوە ، وەچۆن تەسلیم کرایەوە کاردانەوەی خەلک چی بوو!؟

سیامەند: راستە دوای ئەوەی کە پەیوەندیەکانی ساواک لە گەل بارزانی چڕتر بۆوە، ئێران داوای لە بارزانی کرد کە پێشی تێکۆشان و هەڵسورانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بگرێت و هەر لەو چوارچێوە دا ئەمریان بە مەلا مستەفا کرد کە کاک سولەیمان بگرێت یان بیکوژێت و تەحویلی ئێرانی بداتەوە و ئەو کارەش لە روانگەی خەلکەوە وەک خەیانەتیکی گەورە بە ناوچاوانیانەوە نوسا و خەلک زۆر بە خراپی باسی دەکردن کە شۆڕشی باشور بۆتە بەکرێگیراوی ئێران و ئەو خۆشەویستیەی ئیتر لە ناو خەلکدا نەمابوو. لە کوفتوگۆیەک لە گەل عیسا پەژمان بەکرێگیراوی ساواک دەلیت ئێمە ئەمرمان بە بارزانی کرد سولەیمان موعینی بکوژێت و هەڤاڵانی .بگری و تەحویلی ئێرانیان بداتەوە و ئێمەش پارەیەکی باشمان دایە

کوردستانپۆست: بە بیروڕای تۆ ئامانجی مەلا مستەفا لەم هەنگاوە چی بوو ؟

سیامەند: هیچ ئامانجێکی نەبوو تەنیا ئەو پەیوەندیە ناسالمەی لە گەڵ ساواک بوو کە مەجبوری کرد ئەو کارە دژە کوردیەی بکات و تەنیا و تەنیا لە بەرژەوەندی داگیرکەری کوردستان دا بوو

کوردستانپۆست: ئایا بەرای بەرێزتان پێشوتر هیچ سەرکردەیەک زاتی ئەوەی کردوە ئەم کارەی مەلا مستەفا بکات وبیکاتە ئاو رشتنێک پارتەکانی تریش دواتر پەیرەوی بیکەن .واتا کوردی بەشەکانی تر تەسلیم بەئێران یان بە ولاتێکی تری داگیرکەر بکاتەوە ؟

سیامەند: ئەوەندی من لە مێژوی کورد ئاگادار بم، لە سەردەمی نویدا خەبات لە کاناڵی حیزبیەوە شێوازێکی نویە، کە تێکۆشەران لەم سەردەمەدا دەستیان پێکردبوو و پێش ئەو، هەر وەک خۆشتان دەزانن زۆربەی شۆڕشەکان لە قالبی عەشیرەتی و مەزهەبیەوە بە دژی زۆرداران و داگیرکەران خەباتیان دەکرد. حیزبایەتیش چەشنێک خەباتی کلاسیک بوو کە پێشتر لە ولاتانی دیکەوە فۆرمی درابویە و لە گەل پێسکەوتویی کۆمەڵگا مێتۆدی خەباتیش شکڵ و قەوارەی دەگۆرێت. و کوردستانیش لەم بەرەو پێشچونە هەڵاوەردە نەبوو. یەکەم جار پارتی دیمۆکراتی کوردستانی ئێراق بە سەرۆکایەتی بارزانی رەچەشکێنی ئەم شێوە قێزەونەی دان و ستانەی سیاسی لە گەڵ داگیرکەرانی کوردستان بوو کە هەتاکو ئێستاش کەلەکەمان باجی دەداتەوە و روناکبیرانی گەلەکەمان زۆر بە جیددی لێکۆڵینەوەیان لە سەر نەکردوە، هەتاکو گەلەکەمان بە شێوەیەکی بنەرەتی دژی ئەو جۆرە خەیانەتە روبەرو نەبنەوە هەر دەم مەترسی دوپات کردنەوەی ئەم جۆرە تراژێدیایانە لە ئارا دا دەبێت هەر چەند هێندێک کەس دەڵێن ناهێڵین دوپات ببێتەوە بەڵام ئەوە تەنیا قسەیەکی بی بنەمایە .و هیچ گارانتیەکی نیە،ئەوان دەبی پێداچونەوەیەکی سادقانە بە سەر روداوەکان دا بکەنەوە

کوردستانپۆست: باس لەوە دەکرێ شەهیدی سەرکردەی باوکت زۆر لەمەلا مستەفا پاراوەتەوە کە بەدەستی خۆی بیکوژێ نەوەک تەحویل بەئێرانی بداتەوە چونکە ئەوە ئابروچونێکی زۆر گەورە یە بۆ ناوی کورد بەلام مەلا مستەفا بریارەکەی ساواکی جێ بەجی کردوە ؟

سیامەند: من بە وردی نازانم لەو کاتە چی گوتراوە بەڵام ئەوەندی من بزانم کاتێک کاک سولەیمان بە دەسیسە لە لایەن قادر تەکەرانیەوە تەسلیمی سەدیق ئەفەندی کرا، ئەو کات لە لایەن سەدیق ئەفەندیەوەڕاکوێزی بارەگای بارزانی کرا و هەر ئەو دەم ٢ کەس لە مەئمورانی ساواک لە وی دەبن و داوا لە مەلا مستەفا دەکەن کە کاک سولەیمان بکوژیت و تەرمەکەی تەحویلی ئەوان بدات، ئەوە بە 2 ئامانج ئەو داوایە دەکە، یەکەم ئەگەر بە زیندویی کاک سولەیمان تەحویلی ئێران دراباوە ئەوان زۆریان بۆ زەحمەت دەبوو بیکوژن چونکو ئەو سەردەم باسی (فەزای بازی سیاسی) دەکرا و ئێران دەی هەویست بە ولاتانی رۆژئاوا بڵی ئێمەش ئازادیمان هەیە و تەنانەت ئامنستی و هێندێک رێکخراوی مافی مرۆڤ سەردانی زیندانەکانیان دەکرد. دوهەم ئەم کارەی بارزانی کاردانەوەیەکی نیکاتیوی لە سەر خەلکی رۆژهەلات دەبوو بە نیسبەتی شۆڕشی باشور، بۆ تێکشکاندنی ورە

و مورالی سیاسی جەماوەری خەلک کە بڕوایان بە شۆڕش تێک بشکێت، کە بەو خەیانەتە ساواک بە ئامانجەکانی خۆی گەییشت.

کوردستانپۆست: ئایا شەهید سولێمان موعینی هەر بەتەنیا ڕوبەڕوی ئەو ناپاکیە بۆوە . یان هاوریی تری لەگەل بووە؟

سیامەند: نەخیر کاک سولەیمان لە گەل هەڤاڵیکی تری بوو بە ناوی خەلیل شەوباش، کە هەر وەکی پێشتر ئاماژەم پێکرد، کاتێک سەدیق ئەفەندی کاک سولەیمان دەباتە لای بارزانی، هەر لە ڕێگاوە کاک خەلیل تیرەباران دەکەن و هەر لە وی بەجیی دەهێلن، کە گۆیا خەلکی گوند تەرمەکەی دەدۆزنەوە و بە خاکی دەنێژن.

کوردستانپۆست: ئایا دوای ئەو تاوان و ناپاکیە نەتەوەیە نوێیە ، هیچ تاوان و ناپاکی تری لەم شیوە رویداوە ، قسەو باس لەسەر تەحویل دانەوەی زیاتر دەکری تۆ زانیاریت چیە؟

سیامەند: بەڵی ئەوە یەکەم و ئاخرین کردەوە نەبوو بەڵکو بەردەوام ئەم خۆشخزمەتیە بە داگیرکەران کرا و کۆمەڵێکی زۆر لە خەباتکێرانی ئەو سەردەم وەک دوکتور شوان،ئاڵچی و کۆمەڵیکی تر کوژران و تەحویلی تورکیە درانەوە و پاشانیش لە هەمو پارچەکانی کوردستان ئەوە بوو بە نەریت و کوژران و تەحویل دانەوەی شۆڕشکێران بە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان درێژەی هەبوو، وەک مێتۆدێکی قێزەون لە لایەن پارتی دێموکراتی کوردستانی ئێراق بە دژی نەیارانی خۆی بە کەڵکی هێنا بۆ بەرژەوەندی ئابووری و سیاسی خۆی.

کوردستانپۆست: مەسعود بارزانی بەئاشکرا لەپەرتوکەکەی ئاماژە بەتیرۆرکردنەکەی دەکات کە هەلەیان کردوە ئایا لەپای ئەو ناپاکیە هیچ داوای لێبوردن یان شتێکیان بەرامبەر ئیوە کردوە؟

سیامەند: بەڵی مەسعود لە کتێبەکەی ئاماژە بەو ڕوداوە دەکات، بەڵام بە شێوەیەکی زۆر ناشەفاف و ناڕاست. هیچ داوایەکی لێبوردنیان لە خەلکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەکردوە.

کوردستانپۆست: ئایا هۆی چیە سالیادی باوکت هیچ لایەنیکی دیموکرات گرنگی پێ نادات؟

سیامەند: دێموکڕاتەکان کە قسەیان لە گەڵ دەکی گەلێک شانازی بەو سەردەمەوە دەکەن و کاک سولەیمان وەک سەرکردە و قارەمانێکی گەورەی گەل پێناسە دەکەن، لە سەردەمی ڕوخانی شای ئێران لە ساڵەکانی ١٩٧٨ بەم لاوە وێنەو و پۆستەری کاک سولەیمان لە لایەن حیزبەوە بە هەزاران بلاو کراوە و ساڵیادیان بۆ دەگرت، بەڵام ئێستا بە هۆی ناچاری و بێدەستەڵاتی ناوێرن هیچ کردەوەیەک لە خۆیان نیشان بدەن تەنانەت باسیشی بکەن.

کوردستانپۆست: کاتێک باوکتان شەهید کرا، ئێوەتەمەنتان چەند بوو، کەسوکارەکەتان لەکو بوون، چەند خێزانن؟

سیامەند: کاتێک باوکم تیرۆر کرا من تەمەنم هەشت ساڵ بوو، و خوشکیکی چەند مانکانەم هەبوو کە لە سەنگەسەر کاتیک دەستبەسەر بووین لە دایک بوو.

کوردستانپۆست: ئایا ساواک لەو کاتەدا و پێشتریش فشاری خستبووەسەر ئێوە؟

سیامەند: ئێمە هیچ فشارێکمان لە لایەن ساواکەوە لە سەر نەبوو بەڵام باپیرم و کەس و کارمان لە مهاباد لە ژێر زەخت و زۆریەکی زۆر دابوون و بە دائیم مەئموریان لە سەر بو و زۆر جاران بانگهێشتی ساواک دەکران و بەردەوام هەڵیان دەکوتایە سەر ماڵیان و ئەزیەتیان دەکردن، پاشان کە من تەمەنم کەییستە ١٦ بەرەو ژور چەند جاران بردیانمە ساواک و تەنانەت جارێکیش لە یەکەم خۆپێشاندانەکانی شاری مهاباد من و کۆمەڵێک خەڵکی تر کەوتینە ناو زیندان و ٤٩ رۆژ زیندانی کرام .

کوردستانپۆست: چ یادکارێکتان لەگەڵ باوکاتان هەیە؟

سیامەند: بە هۆی ئەوە کە من زۆر کەم لە کەل باوکم ژیاوم ، باوەر بکەم سەرجەم کەمتر ٦ مانگ، بۆیە بیرەوەریەکان زۆر نین و بەداخەوە من نەم توانی ئەو مرۆڤە شۆڕشگێرە لە نزیکەوە باش بناسم، و زۆر زو بوو بە قوربانی کەلەکەی. کاک سولەیمان هەر وەک لە نامەیەک کە بۆ ئیدریس بارزانی نوسیوە دەر دەکەوی کە ژیانی خۆی بۆ خەبات تەرخان کردبو و بنەماڵە لە دەرەجەی دەهەمەوە دەهات.

کوردستانپۆست: باوکتان نووسین و یاداشتی لەپاش خۆی بەجێ ماوە؟

سیامەند: بەڵی هێندیک نامەو و نوسراوە و شی کردنەوەی سیاسی هەیە کە بەشێکیان لە کتێبەکانی کەریمی حیسامی دا هاتونەوە باسیان لی کراوە.

کوردستانپۆست: بنەماڵەی بارزانی بەدەیان کەسی لەتێکۆشەرەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی تیرۆر و تەسلیم بەئێران کردۆتەوە، بەلای تۆوە هۆی چییە کەوا جگە لە ئێوە کەسی دیکە لەبنەماڵەکانیان وەکو ئێوە هەڵویست وەرناگرن؟

سیامەند: بەڵی ڕاستە کەم نین ئەوانەی بە دەستی نەیارانی کورد کوژراون و تەسلیمی ئیران کراونەتەوە، من پەیوەندیم لە کەل کۆمەڵیک لە بنەماڵەی ئەو قوربانیانە هەیە و ئەوانێش دلخوێن لە سەر ئەم کارەساتانە و ڕەنگە ڕۆژێک ئەوانێش هاواریان بەرز بکەنەوە و داوای ڕونکردنەوە لە بکەرانی ئەو کردەوانە بکەن. بۆ

لیکۆڵینەوەی ئەم ڕوداوانە پێویستی بە لیژنە و کومیتەیەک هەیە کە بتوانێت ئەم ئەرکە نەتەوەییە بباتە پێش .بۆ پێش گرتن لە دوپات کردنەوەیان و نفرین کردنی کوردکوشتن بە دەستی کورد

کوردستانپۆست: بەنیازیت چی بۆ بەدادگایی، یان بەناساناندنی تیرۆری باوکتان بکەن؟

سیامەند: من نامەیەکی زۆر موئەدەبانەم بۆ مەسعود بارزانی ناردوە و لە نامەکەدا ئاماژەم بەوە کردوە کە پێویستە مەسعود بە هۆی ئەو کارە و بە مناسبەتی سەرۆکایەتی پارتی دیمۆکراتی کوردستانی ئێراق داوای لێبوردن لە گەلی ئێمە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بکات و چیتر بێدەنگی و خۆ گێل کردن لە سەر ئەم کارەساتە نەکات و بە شێوەیەکی شەفاف ڕونی بکاتەوە کە ئەگەر خەتایان کردوە ئەوە داوای لێبوردن بکات، ئەگینا بە ڕونی بۆ گەلەکەمانی باس بکات هۆی ئەو خەیانەتە چی بووە؟

من بە پێی توانام بەردەوام دەبم لە سەر ئەم بابەتە هەتاکو ئەنجامێکی لێوەردەگرم. هۆکاریشی ئەوەیە کە ئەم خۆشخزمەتیانەی پارتی دیمۆکراتی کوردستانی ئێراق لە خەباتی نەتەوەیی گەلەکەمان نەبێتە نەریت و وەک سیمبولێکی قیزەون باسی لێوە بکردریت کە ئیتر لە دوارۆژ دا هیچ حیزب و لایەنێک ئەو مافە بە خۆی نەدات .خەیانەتی ئاوا دەرحەق بە ڕۆڵە قارەمانەکانی گەلەکەی خۆی بکات

دیداری لەگەل کردی ، وەریکلامیشیان بۆکرد ، NRT کوردستانپۆست: ماوەیەک لەمەوبەر کەناڵی ئاسمانی کەچی دوایی بلاویان نەکردەوە !؟ ئایا بەرای تۆ هۆکارەکەی چی بوو ، وەهیچ ڕونکردنەوەیان بۆتۆ نەدا کەبۆچ بلاویان نەکردەوە؟

چاوپێکەوتنێکم هەبوو، لە بەشی ڕوداو و NRT سیامەند: بەڵی لە سەردانم دا بۆ سولیمانی لە سەرداوای مێژوو ، لە دوو بەشی ٥٠ خولەکیدا چاوپێکەوتنەکەیان تۆمار کرد و بریار وا بوو لە ڕۆژی ١٢ ی مانگی ٧ بلاوی بکەنەوە. ٢ ڕۆژ پێشتر لە سەر تلویزیۆنەکەیان ریکلامیان بۆ بەرنامەکە کرد ، بەلام بە داخەوە لە سەر کاتی خۆی چاوپێکەوتنەکەیان بلاونەکردەوە، هۆیەکەی بە پیی گوتەی بەرپرسانی تلویزیۆنەکە هەرەشەی .هێندێک بەرپرسی حیزبی بووە کە پێیان خۆش نەبووە ئەم بەشە لە مێژوی کورد بۆ خەڵکباس بکرێتەوە

چاوپێکەوتنەکە لە دوو بەش دابوو کە بەشی یەکەم لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە باس لە سەر ڕەوشی کورد دەکات و پاشان ڕوداوی خەیانەتی شۆڕشی باشور لە هەمبەر تێکۆشەرانی ڕۆژهەلاتی کوردستان کە .باسی پەیوەندی بارزانی و ساواکی ئێران دەکەم و فرۆشتنی ئەم تێکۆشەرانە بە ڕژیمی پاشایەتی ئێران

بەشی دوهەم تێڕوانینی خۆم و بەسەرهاتی ئێمە لەو سەردەم دا دەگێڕمەوە زۆرتر باری تێڕوانینی سەخسی .هەیە

پارتی زۆری حەول داوە کە کەمتر باسی ئەو بەشە لە مێژو بکردرێت و تەنانەت حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتیش خۆی لێ دەبوێرن و زۆر بە دەگمەن باسی دەکەن، هۆیەکەشی بە بڕوای من ترس لە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقە.

ئەوەی کە بڵاوی نەکردەوە هۆیەکەی دەگەڕێتەوە سەر هەڕەشەی پارتی لەم کاناڵە و هەوەها، پێشوش کە من لە کاناڵەکانی تر باسم کردوە لە لایەن پارتیەوە گلەییان لێ کراوە، کە بۆ چی" کای کۆن" ! بە با دەکەن و ئێستاکە هەلی نیە باسی شتی ئاوا بکردرێت. من دەبینم کە هێندێک کەسیش بە ناوی ڕوناکبیر ئەم تێڕوانینەیان هەیە، بەڵام پرسیار ئەوەیە دوای ٤٤ ساڵ کەی کاتی ئەوە دێت کە ڕوداوەکان بەو جۆرەی کە هەیە باسی بکردرێتەوە، پرسیار ئەوەیە بۆ دەبی مێژوی سەردەمێک بشاردرێتەوە بۆ بەرژەوەندی دەستەڵاتداران. هەر چەند مێژومان رون و شەفافتر بیت ئەوەندە داهاتومان سەقامگیرتر دەبێت، مێژو چرای روناکی رێگامانە، نابی بهێڵین چراکەمان بکوژێننەوە.

# کوشتنی محمد مستەفا بە لە لایەن مەلا مستەفاوە

محەمەد مستەفا باش چاوەش یەکێکە لەو قوربانیانەی دەستی تیرۆری بارزانی کەتەنها لەبەرئەوەی بەبریارێکی بارزانی رازی نیە، دوور دەخرێتەوەو دواتر سەری لەلاشە جیا دەکرێتەوە.

زرار سلێمان دەرکەڵەیی لەبیرەوەریەکانی خۆی بەم شێوەیە رووداوی تیرۆرکردن و سەربرینی "محەمەد مستەفا" دەگێرێتەوە، کەخۆی یەکێك بووە لەو پێشمەرگانەی لەگەڵ بارزانی لە رووسیا ژیاوە:

باش چاوەش (محەمەد مستەفا) ناوبراو یەکێك بوو لەکۆنە چەك هەڵگرەکانی لەشکری (مەلا مستەفا). لەساڵی ١٩٤٣ لەوکاتەی مەلا مستەفا لەناوچەی بارزان خەریکی دەست بەسەرداگرتنی مەخفەرەکانی ئەو ناوچەیە بوو، باش چاوەش "محەمەد" بەخۆیی و ئەوانەی لەگەڵی بوون بەچەکەوە رۆیشتبوونە ریزی هێزەکانی (مەلا مستەفا) لەوەکاتەوە ماڵ و منداڵەکانی جێ دەهێڵێ و لەگەڵ بارزانییەکان دەچێتە ئێران، لەوێش لەگەڵا مستۆ میرۆزی لەبەرەکانی جەنک جەنکاوەر بووە، لەدوای تێکچونی کۆماری مەهاباد لەبارزانیەکان دانەبراوە تا ئەو رۆژەی بەیەك گەیشتنەوەمان لە (ڤریڤسکی) لەساڵی (١٩٥١)، لەدوای ئەو بەیەك گەیشتنەوەمان هەندێ کەل و پەلی پیاوێکی ئەسعەد خۆشەوی بزر دەبێت، بزر بوونی ئەو ئەشیایە دەخرێتە ملی باش چاوەش (محەمەد) و دەیبەن بۆلای مەلا مستەفا، ناو براو کوتوبووی: (ئەزبەنی تۆش دەزانی من پیاوی دزی نیم و بۆدزی ئەوەندە ساڵە ماڵ و منداڵی خۆم بەجێ نەهێشتوە، تکایە لەسەر خواستی ئەسعەد من بەدز تاوانبار مەکەن).

ئەوەی بەدیارکەوت مەلا مستەفا بەتوندی لەگەڵی دوابوو، ئەویش بەو توندیە ڕازی نەبووە، لەئەنجام مەلا مستەفا پێی گوتبوو: (برۆ لێرە نەمێنی بۆ کوێ دەرۆی برۆ). ئەو پیاوە (محەمەد) ناچار رۆیشتە شوێنێکی دوور لەناوچەی (بەیاووت) لەسەفخۆزێك کاری دەکرد، لەدوای ماوەیەك شەوێك لەژوورەکەی خۆی سەریان بریبوو لەسەر سنگیان دانابوو!! لەدوای لێکۆڵینەوە، ئەمنی سۆڤیەتی وێنەی بکوژەکانی (محەمەد)ی دابوە مەلا مستەفاو کوتبوویان خۆتان کوشتوتانە!

........

# کوشتنی عەلی عەسکەری لە لایەن مەلا مستەفاوە ١٩٧٨

لە دوای هەرەس و ئاژبەتاڵ و پەردە وازە بونی کورد و پێشمەرگە ،چەند کە سایەتێەک هەبوون کە دەیانویست گیانێکی نوێ بە مر شۆڕشد بکەنەوە و تەقالایان دەد چەک و کۆمەک کۆ بکەنەوە و دووبارو کاری ڕێکخراوەی ،و ورەی بەرزی پێشمورگەی وەگەڕ بخەنەوە ،لە نمونەی ئەو کەسانە عەلی عەسکەری بوو

عەلی عسکەری کە دەیتوانی تینێك بداتەوە بە شۆڕش یەکەم کەس بوو خەڵك بڕوای پێی بوو کە دووبارە خەبات دەستپێبکاتەوە، بەڵام کە پارتی ئەمەیان دی پێیان خۆش نەبوو، هیچ حیزبێك پێی خۆش نییە شۆڕشی خۆی شکست بهێنێت و کەسێکی تر هەوڵ بدات شۆڕش هەڵبگیرسێنێتەوە، کەسێك ناوی بەوە دەربچێت کە ئاشبەتاڵی کردووە و کەسێکی تریش شۆڕش دروستبکاتەوە، بۆیە هەرزوو دەستێ دەرشی خۆیان پێ کەیاندو شەهیدیان کرد ،کە ئەمەش لە لاکەن قیادە مۆقەیەتەی پارتی و لە ژێر فەرمانی مەلا مستەفادا ،ئەنجامدراوە

.ە، کە هەریەك لە عەلی عەسکەری و هاوڕێکانی بەدیلی دەگیرێن و بڕیاری کوشتنیان دراوە

یەکەمینجاریش لە زاری مەلا مستەفاوە ئەو قسەیە کراوە کە پیاوی گەورە دەبێت بە چەکی گەورە بکوژرێت، .لەویشەوە قسەکە گواستراوەتەوە بۆ ئیدریس بارزانی

ئەگەرچی(بە وتەی سەبیحە عەسکەری) لای خودی مەلا مستەفاوە بڕیارەکە دراوە، هاوکات لەلایەن (جەوهەر نامیق، کەمال کەرکوکی، سامی عەبدولرەحمان و ئازاد بەرواریی) لە ژێر چاودێریی میتی تورکییدا پرۆسەی کوشتنەکە جێبەجێکراوە و هەریەك لە عەلی عەسکەری و هاوڕێکانیان بە زیندوی بەدارەوە بەستراونەتەوە و بە .قازیفە کوشتویانن

ئەمەی خوارەوە دەقی چاوپێکەوتنەکەی سەبیحە خانی هاوسەری عەلی عەسکەریە، چیرۆکی کارەساتەکە بە .وردی دەگێرێتەوە،بۆ بەرێز گۆران دوکانی

کاتێك هێزی پێشمەرگە بە سەرکردایەتیی عەلی عەسکەری و دکتۆر خالید بەرەو سنوری تورکیا و سوریا کەوتنەرێ بۆ ئەوەی چەك لە سوریاوە بهێنن، قیادەی موقەتە (پارتی) هێرشدەکەنە سەریان. چونکە ئەو کاتە لە سوریاوە یارمەتی شۆڕش دەدرا، یەکێك لەوانە کە کورە گەورەکەم بوو بەناوی شۆڕش بەشداربوو لەو چەکانەی کە دەیاننارد بۆ پێشمەرگە و کوردستان، لەبن سیمەوە کە لەسنورەکانی تورکیاو سوریادا دانرا بوون چەکیان ڕەوانە دەکرد بۆ کوردستان بۆ ئەوەی کە پێشمەرگە چەکیان لێنەبڕێت، خەڵکیان هەبوو لە تورکیا یارمەتیی پێشمەرگەیان دەدا و چەند قاچاخچییەك هاوکارییان دەکردن، چەند کەسێکیش لەو ڕێکایەدا شەهیدبوون وەك

ئیبراهیم عەزۆ و حەسەن خوشناو و چەند کەسێکی تر، جەماعەتی سێیەم عەلی عەسکەری و ئەوان بوون، بەبێ چەك هاتبوون و دەیانویست بنکە لە بادینانیش دابنێن بۆ ئەوەی ببێت بەپاڵپشتییەك بۆ پێشمەرگە کەهاوکاریشیان لەوێوە بۆ بێت، پارتی ئیستگەیەکیان دەبێت لە تورکیا ناوچەی هەکاری، سنورەکەی پێی دەڵێن ئیستگەی قیادە موەقەتە، کۆمەڵێك کەسیان تووش دەبێت لە جەماعەتی پارتی، دکتۆر خالید سەعید خەڵکی کۆیە بەعەلی عەسکەری دەڵێت کاك عەلی ئەمانە خائینن لەگەڵمان و نیازیان خراپە، یەکیان عەبوو عەنتەریان پێدەوت و کەمال کەرکوکی و سامی عەبدولرەحمان و چەند کەسێکی تر بوون. ساڵی ١٩٧٧ کاتێك چوونە سوریا هەواڵمان بۆ هات عەلی عەسکەریو هاورێکانی دکتۆر خالید و ملازم عومەرو شێخ حسێن بابە شێخ دەستگیر کراون، هۆکارەکەشی تەنیا ئەوەبوو عەلی عەسکەری کە دەیتوانی تینێك بداتەوە بە شۆڕش یەکەم کەس بوو خەڵك بڕوای پێی بوو کە دووبارە خەبات دەستپێبکاتەوە، بەڵام کە پارتی ئەمەیان دی پێیان خۆش نەبوو، هیچ حیزبێك پێی خۆش نییە شۆڕشی خۆی شکست بهێنێت و کەسێکی تر هەوڵ بدات شۆڕش هەڵبگیرسێنێتەوە، کەسێك ناوی بەوە دەربچێت کە ئاشبەتاڵی کردووە و کەسێکی تریش شۆڕش دروستبکاتەوە، هیچ هۆکارێك نەبووە بچێ کورد بکوژێت و زیان بە پێشمەرگە بگەیەنێت، دواتر لەلایەن کەمال کەرکوکی و سامی عەبدولرەحمان و چەند کەسێکی ترەوە دوای سێ رۆژ سەلام کە خزمی نزیکی عەلی عەسکەری بووە لێی دووردەخەنەوە، عەسکەری کەسێکی حەق و رەق بوو، حەزی بە تەنازول نەبووە کە بیکات، پارتی وتوویانە ئەمانە جاشی سەدامن هاتوون ماڵ تاڵان دەکەن و پیاوخراپن، لە کوشتنی عەلی عەسکەریدا پارتی میتی تورکی و عەشایەری تورکیایان لەگەڵ بووە، وەك لایەنی ئاشکرا کە عەلی عەسکەرییان شەهید کردووە ماڵی مەلا مستەفا بوون، شتەکە ئاشکرایە و نهێنی نییە. کەمال کەرکوکی کە ئێستا جێگری سەرۆکی پەرلەمانە و سامی عەبدولرەحمان و میتی تورکیاشیان لەگەڵ بووە، لە ناوچەی هەکاری تورکیادا هەر سێکیان بەدار بەسراونەتەوە و بە قازیفە شەهیدیان کردوون، یەکێك دەیوت عەلی عەسکەرییان بەیەك قازیفە کوشتووە و دکتۆر خالید و شێخ حسێنیش بە قازیفەیەکی تر، هەرسێکیان بەقازیفە کوژراون، مەلا مستەفا جوابی ناردبوو، کە پیاوی گەورە دەبێت بەچەکی گەورە بکوژرێتو نابێت ئەمانە بمێننەوە، ئەمە لەکاتێکدا کە عەلی عەسکەری تا کۆتاییەکانی ئاشبەتاڵ ئیدریسو مەسعودی بەجێنەهێشتبوو، ئەوەبوو عەلی عەسکەری ئیدریس و مەسعودی گەیاندبووە نەغەدە لە کوردستانی ئێران، بەڵام بەداخەوە کە پاداشتەکەیان بەو شێوەیە دایەوە.

لە رۆژی 7 / 7 / 1978 لە دوو فەرمانی فەرمانی جیاوازدا بڕیاریی کوشتنی عەلی عەسکەریی و هاورێکانی لەلایەن قیادە موەقەتەوە دراوە.ئەوەی جێگای سەرنجە ئەو دوو بڕیارە بە زمانی عەرەبیی بووە، ئەمەش مانایەکی تایبەتیی خۆی هەیە، کە دەبێت بپرسرێت بۆچی بە زمانی عەرەبیی ئەو فەرمانانە دەرکراوە؟

# شکاندنی شکۆی پێشمەرگە

ئەوە مەلا مستەفا بوو، کە بۆ یەکەمجار شکۆی پێشمەرگەی خستە ژێرپێ

بۆیەکەم جار، لە باشوور و لەمێژووی چەکداریی حیزبدا، خوودی مەلا مستەفا بوو، شکۆی پێشمەرگەی ووردووخاش،ئەو ڕۆژە ١٥ی گولانی ساڵی ١٩٦٨ بەفەرمانی مستەفا بارزانی "سلێمانی موعینی"ان گرت و لە جیاتی ساواکی ئێران گوولەبارانیان کرد، ئەمەش بەشەڕ نەبوو،بەڵکوو شەهید سلێمانی موعینی وەکوو سەدان وهەزاران کوردی خۆرهەلاتی هاتن بوون بۆهاوکاری شۆڕشەکەی باشووری نیشتیمان. شەهید سلیمانی موعینی لەناو خوودی بارەگای مستەفا بارزانی بەداخوازی ساواکی ئێران دەسگیرکرا. پاشان تەرمەکەیان فرۆشت بە شای ئێران،شای ئێران و دەست پێوەندەکەی تەرمی شەهید سلێمانیان بەناو کووچە و کۆلانکانی کوردستاندا دەگێرا بۆ ترسان و چاوشکاندنی گەل. شەهید سلیمانی موعنی ڕۆلیکی کاریگەری هەبووە لە درێژ پێدانی خەباتی نە پساوەی گەلەکەمان لە خۆرئاوای نیشتیمان. شەهید سلێمانی موعینی ترس دڵە ڕاوکێیەکی گەورەی خستبووە ناو دڵ دەروونی ساواکی نۆکەرەکانی شای کۆڕبەکۆڕی ئێران،بۆیە توانیان کە بە ڕیکای مەلامستەفا شەهیدی بکەن. بۆیە ١٥ گولانی ١٩٦٨ بۆیەکەم جار شکۆی پێشمەرگە ووردووخاشکراو خرایە ژێر پێی پۆستالی ساواکی ئێران، کەبە خواستی دوژمن گوولە نرا، بەسنگی .شۆشگێرانی نیشتیمانەوە

ئەوکاتە شکۆی پێشمەرگە خرایە ژێر پۆستالی ساواکیەوە،کە شەهید مەلائەوڕەحیمی وەرتێیان گرت و شەهیدیان کرد،مەلائەوڕەحیمی وەرتێ پێشمەرگەیەکی ماندوونەناسی نیشتیمان بوو، تەمەنەی لەسەرووی ٧٥ ساڵیەوەبوو کە چەتەکانی مەلامستەفا گرتیان، ئەو دەیزانی کە چارەنووسی چی دەبێت و دەیزانی کە بنەماڵەی البارزانی بوونە داردەستی ساواکیەکانی شا. بۆیە شەهید مەلائەولڕیحمی وەرتێ لە پیاوەکانی عبدووەهاب ئەترووشی دەپاڕێتەوە، کە خۆیان بیکوژن و تەورمەکەی بفرۆشن بە ساواکیەکانی، یەکێک لە چەتە چەکدارەکانی بنەماڵەی ال بارزان لە مەلائەوڕەعمی وەرتێ دەپرس یانی چی ئێمە بتکوژین تەرمەکەت بدەین بە ساواکی،ئێمە بتکوژین یان ساواک بتکوژێت هەردووکیان هەر مەرگی تۆیە؟

شەهید مام ئەولڕەحیمی وەرتێ ئەڵی: برا جوانەکانم، دەبینین کە من پیرە مێردێکم، ئەگەر ئێوەش یان سواکیەکان نەم کوژن، خۆم سبەی دووسبەی دەمرم ئەمە کاری خودایەو هەمووومان دەبێت بچینەوە لای ئەوو، کوڕەکەم من کادرێکی کۆنی حدکام وخەڵکێکی زۆر دەناسم، زۆر دەترسێم ئەگەر تەسلیمی ساواکیەکانم بکەن بەرگەی ئەشکەنجە نەگرم و ماڵی سەدان کەس وێران بکەم، ئەوسا ڕووڕەشی ئەم دنیاو ئەو دنیاش دەبم، ئێستا تێدەگەیت برا جوانەکەم؟ وەرەن کوری چاک بن و فیشەکێکم پێوە بێن با سەدان منداڵ بێباوک نەکەم! ئیتر پیاوەکانی بنەماڵە بەزەییان بە شەهیدا دێتەوەو شەهیدی دەکەن. حداکا باس لەم ڕاستی ئەم ڕووداوەئەستۆ

شکێنە دەکات. ئێستا کۆڕی شەهید مام ئەولڕەحیمی وەرتێ لە سلێمانیە لەگردی مامە یارەیە. ( ئەگەر حدکا، .باوەڕی وایە کەکەموو کوڕی لەم باسەدا هەیە،تکا دەکەم با بێنە دەنگ، لەگەڵ ڕێزمدا بۆیان

بڕنەوێک کەم نیەو حەیفیشە

دوای ئەوەی بۆ چەندەمین جار ئیدریس و مەسعود،داوا لە تار خان کوڕی سمکۆخانی شکاک دەکەن کە بێتە ڕیزیانەوەو ئەویش بکەن بەجاش، تارخان ناچێتە ژێربار، بە شێوەیەک کەنەک شیش بسوتێ نە کەباب،تا کێشە دروست نەبێت،تارخان ئەڵی من سەرۆکی عەشیرەت نیم من خەریکی کاسبی ماڵی خۆمم، بەڵام ئەوە کاک "شەمسەدین عەتمانی" سەرۆکە عەشیرەتە و خاوەن گووندەکانە، کاک شەمسەدین عەتمانی برازاکانیشی .دیسان نایانەوێت کە جاشایەتی بکەن

ئیتر لەوێوە بنەماڵە دەکەونە دژایەتی شکاکیەکان، بەهاوکاری پاسداران تەنانەت لەماڵحاڵی خۆیان دەریان دەکەن و خۆیان لەناو ماڵی شکاکیەکاندا نیشتەجێ دەبن. تا ئێستاش وەکوو نموونە باس دەکرێت کە چەتەکانی بنەماڵە پێشمەرکەی شکاکیان فرۆشتیوە بە بڕنەوێک،زۆر جار کوڕی ئازایان دەست کەوتووەو، چەتەکانی کەسەربە بنەماڵەبوون، بۆتە پەندو ئەڵین بڕنەوێک کەم نیە و حەیفیشە. بەوەشەوە نەوەستان دەستێک لەناو "حدکا"وە ئاشێکی شەمسەدین عەتمانی دەسووتێن برازاکەشی "عەلائەدین عەتمانی" بریندارەدەکەن، تا ناچاری دەکەن کە چەک بۆ جمهوری ئیسلامی کۆماری سێدار هەڵبگرێت. دیسان تکا لە برادەرانی حدکا، ئەگەر ئەم باسە کەمووکورتی تێداهەیە،تکایە ئاگادارم بکەنەوە، چوونکە من لەکەسە .نزیکەکانی تارخان بیستووە

خوودی حەمید ئەفەندی کەبە خزمایەتی دەگاتەوە بە سمکۆخانی شکاک و بنەماڵەکەی دەستی سوورە بە خوێنی زیاتر لە ٢١ لاوی "شنۆ". ئەوەش پاش ئەوەی کە بۆ یەکەم جاردوای ڕووخاندنی شا،کورد لەشاری شنۆ ناڕەزایی دەربڕی دژی کۆماری ئیسلامی ئێران، پێش پاسدار بنەماڵە ال بارزان هاتنە دەنگ و ڕیگیریان لەکەنجانی شاری شنۆ کرد.کاتێکیش کەنجانی شاری شنۆ ئەڵین کاکە ئێمە دژی ئێوەنین کارتان چیە، حەمید ئەفەندی ئەڵی نا نابێت خۆپیشاندان بکەن، کاکە ئێمە دژی کۆماری ئیسلامی دەنگی خۆمان بەرز دەکەینەوە، حەمید ئەفەندی ئەڵێ نا نابێت.لەکۆتایی خەڵکەی کە تازە شای دەرپەڕاندوبوو،ترسی شکابوو، گوێیان بە حەمید ئەفەندی نەداو دریژەیاندا بە خۆپیشاندان دژی خومەینی، لەوکاتەشدا قەرارگای ڕەمەزان پەیوەندی دەکەن بە سوپای پاسدارانی شنۆوە، بەڵام بەرپرسی سوپای پاسدارن ناوێرن کە تەقە لەخەڵک بکەن،ئەوەبوو هەروەکوو چۆن ئەڵین هین بە خاڵۆی خۆی فێرە، حەمیدە فەندی فەرماندەدات و تەقە لە خۆپیشاندەران دەکەن، ٢١ لاوی شارەکە شەهید دەکەن. پاشا ماوەیەک مەسعودی کوڕی مەلامستەفا خەڵکەکە لەو مزگەوتەی کە باوکیان تێدا شۆرد کفن و دفن کرد،خەڵکەکە کۆدەکاتەوە بە نیازی سوڵح کردن، مامەیەک لە مەسعود دێتە دەنگ و ئەڵی: بیرت دێت کەلەم مزگەوتەوە بەهەموو خەڵکەکەتان گووت ئێمە هەمیشە قەرزاری ئێوەین وهەرگیز لە ژێرباری قەرزاری ئێوە دەرناچین، سوپاس قەرزەکەمان وەرگرتەوە،سوڵحی چی، داوای سوڵح دەکەیت من

تەنها کوریکم بو ئەویشتان کوشت،پاشان هاتوویت پارەمان بدەیتێ،لەجیاتی خوێنی کورەکانمان،ئێمە نازانین کە پارە خەرج بکەین، باشە ئێوە پارەتان لەکوێبوو؟ خەڵکی شاری شنۆ دەتوانن کە گەواهی کەموو کورتی ئەم بابتەم بدەن. دووبارە و سێبارەی دەکەمەوە ئەوە چەتە چەکدارەکانی بنەماڵەی ال بارزانن کە .بۆیەکەم جارشکۆی پێشمەرگەیان نایە ژێر پۆستاڵەکانی سوپای شا پاشان کۆماری سێدارەی ئێران

ئەوکاتە شکۆی پێشمەرگە ووردووخاشکرا،کاتێک کە فارس باوە بە خۆی کۆمەڵێک پێشمەرگەوە لە بارزانەوە بەرە و هەولێر بە ڕێدەکەوتن بۆ کوشتنی کیژێک کە پێشتر خزمەتکاری ماڵی خودی بەرزانی دەبێت،کە دوگیانیشە. دەی ئەو خانمەچی کردووە ،بۆ دەیکوژن؟

وازانی ئەم خۆبەستنەتان بەم هەموو چەکەوە بۆ رووخاندنی رژێمەکەی عیراقە؟

نەوەلا،عوبێدولای کوری مستەفا بارزانی بەزۆرسواری بووەو دووگیانە، نەوەکا منالەکەی ببێت،بۆیە دەبێت بکوژرێت،چوونکە نابێت لە بارزانی زیاتر نەوە دروست بکرێت. بڕوانە ڕەچەلەکی بارزانیەکان، لە نوسینی .مامخان شێروانی

# دەستریژی بۆسەر مسێ خاتون و کوشتنی دەزگیرانەکەی

بەڵی لەو سەردەمەدا باڵەکایەتی کە ئیستا پێکهاتووە لە (قەزای چۆمان و ناحیەکانی گەڵاڵە و حاجی ئۆمەران و سمیلان و قەسرێ) بەحوکمی ناوچە و شوێنی جوگرافیای سەخت و شاخاوی، بوو بووە مەڵبەندی بەناو شۆرش و چەتەگەریەکەی مەلا مستەفای بارزانی، لەو ناوچەیەدا دەیان کارەساتی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییان تێیدا قەوماند، بەتایبەتیی لەلایەن بارزانییە جامانە سوورەکان بەسەر خەڵکی ناوچەکەدا.یەکێک لەو کارەساتە ئەخلاقیانە کە بە بە بڕیاری مەلا مستەفا روویداوە، کارەساتێکە لەناو خەڵکی ناوچەکە بەکارەساتی (کچە .ڕوستاییەکە ) ناسراوە

دۆڵی ڕووستێ ناوچەیەکی فراوانی عەشیرەتی باڵەکە و دەکەوێتە باکووری رۆژئاوای باڵەکایەتی، دۆڵی روستێ ئێستا لە ناحیەی سمیلان و دەیان گوند پێکهاتووە، لەساڵی ١٩٦٧ لە گوندی کرتک کە ئێستا سەربەناحیەی سمیلانە و ئەو کات سەر بەناحیەی گەڵاڵە بوو، کچێکی جوان و نازدار و بەناوبانگ لەجوانیدا لە گوندەکە هەبووە بەناوی (میسرەی حاجی محموود) کە لە بەر جوانی و سەرنج ڕاکێشی کچەکە خەڵکی گوندەکە پێی دەڵێن (مسێ).مسێ بەمانای (کچی جوان و کەژە و سۆر و سپی) دێت لە ناو خەڵکی ناوچەکەدا دەنگی دابووەوە، ئەو کچە دەستگیرانی کەسێک بووە بەناوی حەسەن ئاغای زێوێ، حەسەن ئاغا پیاوێکی زیرەک و لێهاتووی ناوچەی زێوێ بووە، میسرە و حەسەن ئاغا خۆشەویستیەکی بێ سنووریان بۆ یەکتر هەبووە.لەدوای ئەوەی دەنگ و باسی جوان و قەشەنگی مسێ یاخود بڵێین میسرە، دەکاتە عەریف یاسین کە کابرایەکی پیر بووە و لە حەفتاکانی تەمەنیدا دابووە، هەروەها کەسێکی نزیکی مەلا مستەفا بارزانی بووە،

ئەو پیاوە تەماح لە جوانی ئەو کچە دەکات و بڕیاردەدات لەگەڵ پیاوەکانی لە دیلمانەوە ڕوو بکاتە گوندی گرتک بۆ بینینی کچەکە.کاتێک دەچنە گوندەکە بەناوی میوانی دەچنە ماڵی میسێ و باوکی مسێش واتا حاجی محموود، چونکە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بووە، وادەزانێت لە خۆشەویستی ئەو هاتوونەتە ماڵیان.دوای ئەوەی نان دەخۆن و خزمەتێکی باشیان دەکات، عەریف یاسینی پیرەمێرد بانگی کچەکە دەکات و داوای هاوسەرگیری لێدەکات، پێی دەڵێت دەبێت مێردم پێ بکەیت.مسێش زۆر بەتوندی ئەوە ڕەتدەکاتەوە و پێی دەڵێت من دەستگیرانم هەیە پێڵاوی دەستگیرانەکەم بە سەدانی وەک تۆ ناگۆڕمەوە، تۆ چۆن داوایەکی ئاوا لە من دەکەیت!؟ ئەگەر دەستگیرانیشم نەبووایە، بشزانم لەهەموو ژیانمدا مێردم دەستناکەوێ هەر مێردم پێ نەدەکردی! ئاخر پیرە پیاوێکی وەک تۆ و من؟

لە دوای ئەوە عەریف یاسین دەگەڕێتەوە بۆ گوندی دیلمان، کە شوێنی نیشەجێ بوونی ماڵی مەلا مستەفا و کوڕەکانیەتی، ئەو ڕووداوە بۆ مەلا مستەفا دەگێڕێتەوە.مەلا مستەفا پێی دەڵێت ئەو کچە لە بەردەستگیرانەکەی مێردی پێنەکردووی، بۆیە باشترین ڕێگە بۆ بەدەستهێنانی ئەو کچە کوشتنی دەستگیرانەکەیەتی، واتا حەسەن ئاغای زێویێیە، لە دوای کوژرانی ئەویش ئەو کچە هەر مێرد دەکاتەوە، پاشان من بۆتی دوا دەکەم و ناتوانێت بەهیچ جۆرێک قسەی من بشکێنێت، بۆیە لەدوای ئەوە پیاوەکانی عەریف یاسین لە شوێنێک لە نزیک هەریر لە بۆسەیەکدا لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٨ حەسەن ئاغای دەستگیرانی مسێی حاجی محموود دەکوژن، وای نیشان دەدەن، کە حکوومەتی عیراق لە ڕێگەی پیاوە بەکرێگیراوەکانی خۆی و لەبەر قارەمانێتی و چاونەترسی و ئازایەتی حەسەن ئاغا، هەڵساون بە تیرۆرکردنی.دوای چەند مانگێک لە کوژرانی حەسەن ئاغا، مەلا مستەفا هەندێ پیاوی خۆی دەنێرێتە لای حاجی محموودی باوکی مسێ و پێی دەڵێت مەلا مستەفا بڕیاری داوە، کە کچەکەی تۆ واتا مسێ هەر دەبێت شوو بە عەریف یاسین بکات، لەوکاتەشدا کە مسێ گوێ لەو قسانە دەبێت بەو پەڕی مەردی و ئازایەتی دەچێتە ژوورەوە و بە پیاوانی مەلا مستەفا دەڵێت ئەگەر مەلا مستەفا ئەوەندە لە خەمی

.عەریف یاسین دایە، بۆ ژنێکی خۆی ناداتێ و یەخەی منی گرتووە

لەدوای گەڕانەوەی پیاوەکانی مەلا مستەفا بۆ دیلمان، ئەو قسەیەی مسێ بۆ مەلا مستەفا دەگێڕنەوە و ئیتر دەبێتە هۆی توڕەبوونێکی لە ڕادەبەدەری مەلا مستەفا و بڕیار دەدات هەر چی زووە بچن کچەکە بەدەست و قاچ بەستراوی بهێننە دیلمان، لەدوای ئەوە پیاوەکانی دەچنە گوندی گرتکی دۆڵی ڕووستێ و بە بەرچاوی هەموو خەڵکی گوند و دایک و باوکی، کە باوکیشی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بووە، دەست و پێی مسێ دەبەست و دەیبەنە گوندی دیلمانی دۆڵی باڵەیان، لەوێ لەلایەن عەریف یاسینەوە بە دەست و پێ بەستراوی دەستدرێژی سێکسی دەکرێتە سەر و لە کچێنی دەکرێت، پاشان لەژێر فشار لە عەریف یاسین مارە دەکرێت و حاجی محموودی باوکیشی دوای هەڕەشەکردن لێی لەلایەن مەلا مستەفاوە، وەک سولحی عەشایەری دوو چەکی برنەۆ لە پای ئەو سوکایەتی و کچ ڕفاندنە وەردەگرێت، لە دوای یازدە ڕۆژ لە بردنی مسێ، ئیتر عەریف یاسین مسێ دەباتەوە ماڵی باوکی وەکو سەردان، بەڵام مسێ ئەو سوکایەتییە بەخۆی قبوڵ ناکات و بەهەمان

ئەو چەکەی باوکی، کە وەکو سولح وەریگرتووە، لەدوای چەند کاتژمێرێک لەگەیشتنی بۆ ماڵی باوکی، خۆی دەکوژێت و لە گۆرستانی کۆنی دۆڵی ڕوستێ دەنێژرێت.

تێبینی: ئێستا دوو برای مستێ واتا دوو لە کوڕەکانی حاجی محموود لە گوندی چۆمباروک دەژیێن، بەڵام پێمان باش نەبوو، ناوی ئەوان، لەم بابەتەدا بهێنین.

# خیانەتەکانی قیادەی مووقەت بە نەتەوەی کورد

ئاکار و کردەوەی سەرۆکایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق (قیادە) دەرهەقی کەلی کورد لە کوردستانی ئێران.

لە پەیوەندی نێوان حیزب و رێکخراوە سیاسیەکان دا چ لە نێو خۆی وڵاتێک و چ لە چەند وڵاتی جۆربەجۆردا، هەروەها لە دنیای سیاسەتدا بە گشتی زۆر کارەسات دێنە پێش و زۆر مەسەلە روو دەدەن کە حیزبێکی سیاسی لە هەل و مەرجێکی دیاری کراوی مێژووی دا بەڕاست نازانێ پەردەیان لەسەر هەڵداتەوە و بیانخاتە بەرچاوی بیروڕای گشتی خەڵکی وڵاتەکەی. هۆیەکەشی ئەوەیە لەو وەختە دیاری کراوەدا بڵاوکردنەوەی مەسەلەکە بە قازانجی گشتی تێکۆشان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی حیزب و گەل نازانێ،بەڵام بەو مانایە نیە کە ئەو کارەساتە بۆ هەتا هەتایە لە بیردەبرێتەوە هیچ کاتێک پەردەیان لەسەر وەلا نادرێ، مەسەلە هەر ئەوەیە کە باسی ئەو ڕووداوانە هەڵدەگیرێ بۆ هەل و مەرجێکی لە بارتر کە خزمەت بە بەرەوپێش چوونی ئامانجەکان بکا.

ئەوەی لەمەودوا باسی دەکەین شتێکە لەو بابەتە، لەم کورتەباسەدا دەمانەوەێ هەندێ ڕووداوی مێژووی بۆ بیروڕای گشتی کەلی کورد و کەلانی ناوچە روون بکەینەوە و لەو ڕێگایەوە هەڵویستی سەرۆکایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق(قیادە) دەرهەقی بزووتنەوەی میللی دیموکراتی کەلی کورد لە کوردستانی ئێران بەگشتی و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە تایبەتی بخەینە بەرچاو.

جیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەو بڕوایەدا نەبوو کەلە هەل و مەرجی ئێستادا ئەو مەسەلانە بێنێتە کۆڕێ و لێیان بکۆڵێتەوە، بەڵام کردەوەی دژی کەلی سەرۆکایەتی پارتی(قیادە) و نووسراوەکانی ئەم دواییەی بەرێوەبەرانی کە هەوڵ دەدەن ڕووداوەکان بەپێچەوانە بخەنە بەرچاوی خەڵکی کوردستان و بە قازانجی خۆیان راستی یەکان بەراوەژوو نیشان بدەن ناچاری کردین ڕووداوە مێژوویەکانی پازدە بیست ساڵی ڕابردوو هەڵویست و سیاسەتی سەرۆکایەتی پارتی بەرامبەر بەکەلی کورد و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەو چۆرە کە بووە و هەیە بخەینە بەرچاوی کۆمەلانی تێکۆشەری خەڵکی کوردستان بۆ ئەوەی بۆ خۆیان ببنە قازی و حوکم بدەن.

شتێکی زیاتریش ئێمە هێنایە سەر نووسینی ئەم کورتە باسە ئەوەیە کە سەرۆکایەتی پارتی لە دوو ساڵی ڕابردوودا هەمیشە لە سەبر خۆپاراستنی حیزبی ئێمە کەڵکی خراپی وەرگرتووە و بێدەنگی ئێمە لەسەر سیاسەتی دژی کەلی و کردەوەی تاوانبارانە و گومان لێکراوی خۆی بەنیشانەی کزی و بێ هێزی حیزبی ئێمە

و بزووتنەوەی میللی دیموکراتیکی گەلیکور و کورستانی ئێران زانیوە. هەروەک هاونیشتمانانە بەڕیزەکان ئاکادارن سەرۆکایەتی پارتی بیشەرمی کەیاندوەتە رادەیەک کە بۆ داپۆشینی خیانەتەکانی خۆی درۆ و بوختان بۆ حیزبی ئێمە هەڵدەبەستێ و روخساری دزێو و بەکرێگیراوانەی خۆی لە ئێمە دادەبینێ، لەوەش زیاتر لەم دوایانەدا شان بە شانی جاش و ئەرتەش و پاسدار و هەموو هێزە سەرکوت کەرەکانی ریژێمی کۆنەپەرستی خومەینی لەشکری بۆ سەر خاکی کوردستان کێشاوە و شارو کوندی کوردستانی ئیران پەلاماردەدا

هەربۆیە بەڕێوەبەرایەتی حیزبی ئێمە کەیشتە ئەو بروایە کە بێدەنگ بوون لە راستخیانەت و جینایەتەکانی ئەو تاقمە بەکرێگیراوو چڵکاو خۆرە لەوە زیاتر درووست نیە و پیویستە واقیعەتی رووداوەکان لە کۆنەوە تا .ئەمرۆ بە ئاشکرایی بێ پەردە بخرێتە بەردەم کۆمەلانی زەحمەتکێشی خەڵکی کوردستان و سەرانسەری ئێران

هەڵوێستی خەڵکی کوردستانی ئێران بەرامبەر بزووتنەوەی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بارزانی

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی چاردەی ژووئیەی ساڵێ ١٩٥٨ ی عێراق دەرفەتێکی مێژوویی بۆ گەلی کورد لە کوردستانی عێراق هاتە پێش تا بتوانێ مافە نەتەوایەتی یەکانی خۆی بەشێوەی خودموختاری لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتدا وەربگرێ، بەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئازادیە و دیموکراتیەکان تارادەیەکی زۆر لە عێراق دا جێگیر بوون، پارتی دیموکراتی کوردستان کە تا ئەو دەم بەنهێنی خەباتی دەکرد، دەستی بە تێکۆشانی ئاشکرا کرد، زوو رۆژنامە و کۆڤاری کوردی بە رەسمی و بە ئاشکرا بلاو بوونەوە کە یەکیان (خەبات) ئۆرکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێرق بوو، بارزانی یەکان کە ١٣ ساڵ بوو لە یەکێتی .شورەوی دا دەژیان کەڕانەوە ولآت و دروشمی برایەتی کورد و عەرەب لە عێراق دا وەک واقعیەتیک خۆی نواند

حکوومەتی (عبدالکریم قاسم) لەسەرتاوە زۆر هەنکاوی بەکەڵک و شۆڕش گێرانەی بە قازانجی خەڵکی عێراق و چینە زەحمەتکێشەکان هەڵینایەوە کە یەکێک لەوانە مەسەلەی دابەشکردنی زەوی زار بوو، بەڵام بەرە بەرە (قاسم) لە پەرگرتنی بزووتنەوەی نیشتمانی خەڵکی عێراق ترساو لەلایەکیش هێزە دیموکراتی و نیشتمانی یەکانی عێراق نەیانتوانی لە کۆڕانی سیستمی سیاسی عێراق قازانجی دوارۆژی خەڵکی ولآتەکەیان کەڵک وەربگرن، لەئاکام دا رۆژبەر رۆژ ئازادی یەدیموکراتی یەکان بەرتەسک کرانەوە و زەمینە بۆ تێکچونی وەزعی .سیاسی لە عێراق دا ئامادە بوو

ساڵی ١٩٦١ هیندێک لە دەرەبەگەکانی کورستانی عێراق کە لە بەرنامەی ئیسلاحی ئەرزی ریژێمی (عبدالکریم قاسم) ناڕازی بوون دەستیان دایە چەک و چوونە شاخی، پاش ماوەیەک پارتی دیمورکاتی کوردستان سەرۆکایەتی بزووتنەوە چەکداریەی کرتە دەستی خۆی درووشمی نەتەوایەتی خودموختاری بۆ کوردستان هەڵگرت. لەو تاریخەوە واتە لە سپتامبری ١٩٦١ وە بزووتنەوە کە شکڵیکی نەتەوایەتی بەخۆیەوە کرت و بەرە .بەرە چین و تویژەکانی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق لە دەوری خۆی کۆ کردەوە

**لە ١١ ی سپتامبری ١٩٦١ تا شەشی مارسی ١٩٧٥ واتەماوەی چواردە ساڵ دا بزووتنەوەی کوردستانی عێراق بەزۆر قۆناخی جۆر بەجۆر دا تێ پەڕیوە کە بەداخەوەئەنجامەکەی تێکچوون و تێ شکانێکی بێ وێنە بوو کە لە مێژووی گەلی کوردا بە(ئاش بەتاڵ) ناوبانگی دەرکردوە، ئێمە نامانەوێ بەوردی بچینە نێو ئەو باسەوە کە هۆی ئەو شکستە گەورەیە چی بووە و بزوتنەوەیەک کە بە قسەی سەرکرادەیتی پارتی خاوەن سەد هەزار پێشمەرگە بوو چۆن و لەبەرچی لە ماوە چەند ڕۆژ دا ئاداری بە سەر پاداری یەوە نەما، ئەو باسە پێویستی بەوەخت و دەرەتانێکی زۆرتر هەیە و لە کورتە باسدا جێگای نابێتەو، تەنیا شتێک کە دەمانەوێ قامکی لەسەر دانێن مسئولیەتی سەرۆکایەتی پارتی لەو ئاش بەتاڵەیە ئاش بەتاڵێک کە بەقیمەتی کوژران و ئیعدامی سەدان کەس و ئاوارە بوونی سەدان هەزار کەس لە برا کوردەکانی عێراقمان تەواو بوو، جگە لەوەش بزووتنەوەی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق دەیان ساڵ وەدواخست، ئەو ڕاستی یە بۆیە وەبیر دەخەینەوە چونکە سەرۆکایەتی پارتی تا ئێستاش نەک هەر خۆی لەو شکستە گەورەیە بە مەسئوول نازانێ ، بەڵکو خۆی وەک قارەمانێک نیشان دەدا و ئاکار و کردەوەی بە شێوەیەکە کە هەروا بزانە گەلی کورد شتێکیش بە سەرۆکایەتی .پارتی و بنەماڵەی بارزانی قەرزارە**

ئێمە باسی ڕووداوەکانی بیست ساڵی ڕابردوودا وردە وردە ئاکار و کردەوەکانی سەرۆکایەتی پارتی وەک سەرکردەی بزووتنەوەی ١٩٦١ی کوردستانی عێراق و بەتایبەتی ڕەفتاری بنەماڵەی بارزانی ڕوون دەکەینەوە و لەو ڕێگایەوە کۆشەیەک لە هۆیەکانی ئەو ئاش بەتاڵە مێوویيە و مەسئولیەتی سەرۆکایەتی پارتی لەو شکستە گەورەیە نیشان دەدەین، بەڵام ئەوەی زیاتر مەبەستی ئێمەیە ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی گەلی کورد و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەرامبەر بزووتنەوەی کوردی عێراق و سیاسەتی سەرۆکایەتی بزووتنەوە .دەرهەق بە تێکۆشەرانی گەلی کورد و حیزبی دیموکراتی ئێرانە

هەر لە سەرتای دەست پێکردنی بزوتنەوەی ساڵی ١٩٦١ ی گەلی کورد لە کوردستانی عێراقەوە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەشێکی زۆر لە کار و تێکۆشانی خۆی بو پشتگیری و یارمەتی ئەو بزوتنەوەیە وەکار خست، خەڵکی کوردستان ئێران بە هیوا و هومێدێکی زۆرەوە چاویان بڕیبوە بزوتنەوەی گەلەکەمان لە کوردستانی عێراق و بە ئیمان و بەو راستی یە کە وەدەست هێنانی مافە رەواکانی گەلی کورد لەهەر بەشێکی کوردستان دا دەتوانێ ببێتە نموونە بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستانیش هەرچی لە توانایان دابوو لە یارمەتی .ماددی و مەعنەوەی بێدرێغ پێشکەشی ئەو بزوتنەوەیان کرد

کادر و مەسئوولانی حیزبی ئێمە چ ئەوانەی لە نێو خۆی وڵات دا بە نهێنی تێدەکۆشان و چ ئەوانەشی کە ئاوارەی کوردستانی عێراق ببون قورسایی کاری خۆیان خستبوە سەر تێکۆشان بۆ ناساندن و یارمەتی دانی بزوتنەوەی گەلەکەمان لە کوردستانی عێراق. کادرەکانی ئێمە کە لە کوردستانی عێراق ئەو دیو دەژیان دەستە دەستە بە نهێنی دەگەڕانەوە کوردستانی ئێران و بە کۆمەکی ڕێکخراوەکانی حیزبی چەک و پووڵ و تەقەمەنی و خواردەمەنی و بەرگ و پێڵاویان کۆ دەکردەوە و دەیانگەیاندە براکانیان لە کوردستانی عێراق ، پێویستە

ئەوەش بگوترێ کە زۆربەی ئەو یارمەتی یانەی کۆدەکرانەوە و بەرێ دەکران ڕاستەوخۆ دەگەیشتنە دەستی .بارزانی

خەڵکی کوردستانی ئێران باشیان لەبیرە کە لە ژێر زەبروزەنگی ساواک دا،ئەندامانی حیزبی ئێمە یارمەتی یان بۆ بزوتنەوەی کوردستانی عێراق کۆدەکردەوە و زستانان کەبەفر ڕێگاکانی دەگرت و وڵاغ دەرنەدەچوو، ئەو .خەڵکە بەشەرەفە پشتێنێک بەفریان دەدڕی و بە کۆڵ کۆمەکەکانی خۆیان ئاوای ئەو دیو دەکرد

خۆ لە جەبهەکانی شەڕیش دا ئەندامان و لایەنگران و کادر و مەسئولەکانی حیزبی هیچ کاتێک خۆیان لە برا پێشمەرگە عێراقی یەکانیان هەڵنەاوارد و هەمیشە شان بە شانی ئەوان لە چیا و پێدەشتەکانی کوردستان دا سنگیان بە گولەوەنا، چیاکانی هەندرین و زۆزک و بەشی بادینان و ناوچەی پشدەر و پێنجوێن و بە کورتی هەموو جەبهەکانی شەڕی کوردستانی عێراق شاهیدی گیانبازی پێشمەرگە کوردە ئێرانیەکانن کە بەچەک و فیشەک و هەموو ئیمکاناتی خۆیان لە ژێر سەرکردایەتی برا کوردەکانی ئەو دیودا شەڕیان دەکرد و تەنانەت .چاویان لەوە نەبوو جارێکیش ناویان ببرێ

با ئەوەش بڵێن ڕەفتاری بارزانی و سەرکردایەتی بزوتنەوەی کوردستانی عێراق لە سەرتاوە تا ئەو وەختە کە زۆرتر تەکیەی لەسەر یارمەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوو لەگەڵ براکانی ئاوارەی ئێمە و هەروەها لەگەڵ حیزبی ئێمە دۆستانەبوو، بەڵام وردە وردە حکوومەتی حەمەڕەزاشا و دەزگای جاسوسی ساواک دەستیان کێشایە نێو بزوتنەوە و لەگەڵ سەرۆکایەتی کەوتنە تەون و بەست، پی بە پێی لێک نزیک بوونەوەی ڕیژێمی شا و سەرکردایەتی بزوتنەوەی کوردستانی عێراق ڕەفتار و هەڵوێستی سەرۆکایەتی بارزانی بەرامبەر بە حیزبی ئێمە خراپ و خراپتر دبوو، هەتا دەزگای جاسوسی ساواک زیاتر خۆی لە بارەگای بارزانی نیزیک .دەکردەوە مەیدانی کاروتێکۆشانی کادر و ئەندامانی حیزبی ئێمە بەرتسکتر دەکرا

سەرە بەهاری ساڵ١٣٤٤ ئەفسەری بەناوبانگی روکنی دووی ئەرتەش سەرهەنک مدرسی لە ناوچەی سەنکەسەر کە ئەو کاتە ناوەندی سەرکردایەتی بزوتنەوە بوو جێگیر بوو، بەگەیشتنی سەرهەنک مدرسی بۆ ئەوەی تەکلیفی براکانی ئێمە ڕوون بوو. سەرۆکایەتی بارزانی کە نەدەرکرا لە فەرمانی ساواک و روکنی دووی ئەرتەشی ئێران سەرپیچی بکا بەڕەسمی نوێنەرانی حیزبی ئێمە بانک کرد و پێی ڕاگەیاندن کە دەبێ بنکەکانیان لە نزیک سنووری ئێران تێک دەن و بە هیچ جۆرێکیش هاتوچۆی کوردستانی ئێران نەکەن، لەوەش زیاتر ڕۆیشت و داوای کرد کە هەموو چەشنە تێکۆشانێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نێو خۆی وڵاتیش دا ڕابگیرێ، بەدوای ئەو فەرمانە مێژووییە!!دا ئەفرادی بارزانی بۆ خۆیان پەلاماری بنکەکانی کوردی ئێران لە نزیک سنووریان دا و تێکیانەوەپێچان و بۆ ئەوەی کە براکانی ئێمە نەتوانن بەیاننامە و نووسراوەی حیزبی .بڵاوبکەنەوە هەموو کەرەستەی چاپەمەنی و کتێبخانەکەشیان بەتاڵان برد

لێرەدا بوو کە سەرۆکایەتی بارزانی یارمەتی دەوڵەتی کۆنەپەرستو و نۆکەری ئیمپریالیزمی حەمەڕزاشای لە جێگای یارمەتی خەڵکی کوردستان دانا، رووی کردە دوژمنانی گەلی کورد و پشتی لە کۆمەلانی خەڵکی کوردستان کرد، لە راستی دا بەردی بناخەی ئاش بەتاڵ ساڵی ١٩٧٥ی بارزانیش لێرەدا دانراوە و تا ئێستاش کە ئێستایە گەلی کورد لە کوردستانی عێراق و تەنانەت لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش دا کوتەکی ئەو لاری بوونەی سەرۆکایەتی بارزانی ویدەکەوی.

بۆ حەقیقەت و تاریخ دەبێ بگوترێ کە کۆمەلانی بەشەرەفی خەڵکی کوردستانی عێراق و ئەندامان و پێشمەرگەکانی پارتی و تەنانەت بەشێکی زۆر لە کادری بەڕێوەبەرایەتی پارتیش دژی ئەو سیاسەتە بوون، بەلام بەرامبەر بە دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی بنەماڵەی بارزانی کارێکیان لەدەست نەدەهات، ئەوان کە دەیانزانی ئەوەی بەراستی دۆستی بزوتنەوەی کوردستانی عێراقە گەلی کوردی ئێرانە نەک حکوومەتی حەمەڕەزاشا.بەدزی دوور لە چاوی دەزگای جاسوسی بارەگای بارزانی هەمیشە دۆستایەتی تێکۆشەرانی کوردی ئێرانیان دەکرد و دڵخۆشی یان دەدانەوە بەراستی زۆر کوردی بەشەرەفی عێراقیش هەر بە تاوانی دۆستایەتی براکانی ئێمە کەوتنە بەر لافاوی رق و قینی بارزانیەکان و تووشی ئەشکەنجە و و زیندان و ئازار و جەزرەبە بوون.

هەر لە سەرتادوە دیار بوو دوایش بە بەڵگە دەرکەوت کە شەرتی هەرە بنەڕەتی یارمەتی ڕێژیمی حەمەڕەزاشا بەسەرکردایەتی بزوتنەوەی کوردستانی عێراق ئەوە بووە کە ئەو سەرکردایەتی یە رێگانەدا هیچ چەشنە بزوتنەوەیەکی دژی ڕێژیمی کۆنەپەرست و نۆکەری ئیمپریالیزم لە کوردستانی ئێران سەر هەڵبدا و کوڵ بکا.

پیاو هەق بڵێ دەربارەی بارزانی زۆر بە سەرراستی ئەو بەڵێنەی بەجێ گەیاند و هیچ کاتێک نەیهێشت دەربارەی پەهلەوی لەو بارەوە گلەی بکا. رووداوەکانی دواتر کە لەمەودوا باسیان دەکەین باشی نیشان دەدەن کە بارزانی بێ قەول قەرار لەگەڵ گەلی کورد تا چ رادەیەک بەو بەڵێنە بە دووژمنانی کوردی دابوو هەتا سەر وەفادار مایەوە.

بەهاری ساڵی ١٣٤٦ ئیدریس بارزانی لە رێگای بێ سیمەوە دەستوری بە(عەلی شەعبان) بارزانی فەرماندەی پێشمەرگە لە ناوچەی بیتوین دا کە بچێتە سەر بنکەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە گوندی(دیری) و هەموو هاوڕی یانی بگرێ، بەلام پێش ئەوەی عەلی شەعبان بتوانێ ئەو فەرمانە دژی گەلی یە جێ بەجێ بکا، بە هۆی کوردێکی بەشەرەفەوە خەبەرەکە بە براکانی ئێمە گەیشت، شەهید کاک سولیمانی موعینی و هاوڕێ کانی کاتێک ئەو خەبەرەیان زانی تێگەیشتن کە لە کوردستانی عێراق گیانیان لە مەترسی دایە و جێ پی یەک بۆ خەباتکەرانی کوردی ئێران لە کوردستانی عێراق نەماوە، بۆیە هەر بە ئەو راپەرین و خۆیان گەیاندە کوردستانی ئێران.

بەدوای ئەوان دا دەستە دەستە کادرو ئەندامانی ئاوارەی حیزبی دیموکارتی کوردستان کەڕانەوە ئێران و لە هەل و مەرجێکی زۆر دژوار و پڕ لە زەبروزەنگی پۆلیسی دا تێکۆشانی سیاسی خۆیان دەست پێکرد، دیارە ریژیمی حەمەرەزاشا نەیدەتوانی تێکۆشانێکی وا بەربلاوی حیزبی ئێمە تەحەمول بکا و هەربۆیە هەزاران جاش و ژاندارمی بۆ راونانی خەباتکەرانی حیزب خستەکار. لە ئەنجام دا هاوڕێ یانی ئێمە جگە لەوەی کە چەکدارانە و دیفاع لە خۆیان بکەن ڕێگایەکیان بۆ نەمایەوە و بەو جۆرە ڕاپەڕینی چەکدارانە
ساڵەکانی٤٧-١٣٤٦ کە بە شێکی زۆری ئەنجامی سیاسەتی دژی کوردی سەرۆکایەتی بارزانی بوو بی وەخت .و بی ئەوەی خۆی بۆ ئامادەکرابێ. دەستی پێکرد

هەرچەندە ڕاپەڕینەکە خۆی بۆ ساز نەکرابوو بە چەشنێکی گشتی هەل و مەرج لە ئێران دا بو ڕاپەڕینێکی چەکدارانە ئامادە بوو. لەبەر ئەوەی کۆمەلانی زەحمەتکێسی خەلکی کوردستان بە گەرمی باوەشیان بۆ پێشمەرگەکانی حیزبی کورەوە و پشتیوانی لێ کردن، ئەو ڕاپەڕینە ١٨ مانگ خۆی ڕاگرت و دەردی سەریکی .زۆری بۆ ریژێمی بەکرێگیراوی پەهلەوی پێک هێنا

حکوومەتی ئیستیبدادی پەهلەوی کاتێک تێکەیشت بەو هەموو جاش و ژاندارمەوە ناتوانن بزوتنەوەی چەکدارانە سەرکوت بکا هاواری بۆ بارزانی برد و داوای لێ کرد کە بەپێی تەعەهودێک کە داوێتی بۆ سەرکوت کردن و کوژاندنەوەی ئاگری ئەو ڕاپەڕینە یارمەتی بدا، لێرەش دا دەربارەی بارزانی پیاوانە!!فریای دەرباری .پەهلەوی کەوت و بە دڵسۆزیەوە!! بە هاواری گەیشت

کۆمەکی بارزانی بە حکوومەتی حەمەرەزاشا دووباری هەبوو: یەکیان ئەوە کە ئەفرادی چەکداری خۆی بو یارمەتی هێزە سەرکوتکەرەکانی شا ناردە کوردستانی ئێران و ئەوی دیکەش ئەوە کە لەداخلی کوردستانی عێراق دا کەوتە گرتن و راونان و تەحویل دانەوەی تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کرا بە .زیندوویی دەنا بە مردوویی

خەڵکی ناوچەکانی پیرانشار و سەردەشت و بانە شاهیدن کە چەکدارەکانی بارزانی چۆن لە نێو جەرگی کوردستانی ئێران دا شان بە شانی ئەندام و جاشەکان و بە دوای پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دا دەگەڕان. (مام وسوو دزەیی) فەرماندەی بەشێک لەو چەکدارانەی هاتبوونە کوردستانی ئێران پاش چەند ڕۆژ مانەوە و گەڕان لە کوردستانی ئێران دا گەڕایەوە بۆ عێراق. لەوی بە ئاشکرا گوتبوی: من ئیتر ناتوانم ئەو خیانەتە بکەم. بە تەواوی هەستم کردوە خەڵکی کوردستانی ئێران بە جاشمان دەزانێ و لە ڕاستیش دا جاشین. هەر لە سەر ئەوەش (حەسۆ میرخانی بارزانی) فەرماندەی هێزی کاوە لە ناوچەی قەڵادزی .ڕقی لێ داگرت و هەتا دوای ئاش بەتاڵیش ناکۆکی نێوان ئەو دوو کەسە کۆتایی نەهات

لە کوردستانی عێراقیش دەزگای دژی گەلی دارودەستەی بارزانی کەوتە گرتن و راونانی ئەو کادر و مەسئولانەی حیزبی ئێمەکە لە کوردستانی گەرمی دا مابوونەوە. یەکەم قوربانی ئەو هێرشە دژی گەلی و ناپیاوانەیە هاوڕیی شەهید(مەلا رەحیمی ویردی) خەڵکی مەنیجەلانی بانە و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو. کاک رەحیم کە بە(میرزا ئەحمەد) ناسرا لە گوندی(سورە دزە) لە ناوچەی ماوەتی کوردستانی عێراق دەژیا. چەکدارەکانی(عەبدوالوەهاب ئەترووش) بەکرێگیراوی ساواک و فەرماندەی ئەو کاتی هێزی خەبات چوونە سەری گرتیان و بەرەو سنووری ئێران لەگەڵ خۆیان برد. لە رێگا زۆر بێ شەرمانە شەهیدیان کرد و تەرمی بێ گیانی ئەو رولە تێکۆشەرەیان وەک دیاری یەکی بچوک!! تەسلیمی رێژیمی چەپەڵی حەمەڕەزاشا کردەوە.

بێجگە لە میرزا ئەحمەد چوارکەسی دیکەش لە ئەندامان و پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەر لەلایەن عەبدوالوەهاب ئەترووشی یەوە گیران و بەزیندویی تەسلیمی ئێران کرانەوە کە دوای چەندین ساڵ زیندان ئازاد بوون. ئەو چوار کەسە خەڵکی ناوچەی هەورامانان و جوانرۆ بوون. ساڵی١٣٤٨ یش هەر ئەو جەنابی ئەترووشی یە شەهید کاک(هاشمی حەق تەلەب) مەشهور بە قادر شەریفی لە یەکێک لە مزگەوتەکانی شاری سلێمانی دا تیرۆر کرد زۆر بەشانازییەوە خەبەری ئەو شاکارەی بە بی سیم بە بارەگای بارزانی راگەیاند.

پیاو لە حەق دەرنەچی پاش بەیاننامەی ١١مارسی ١٩٧٠ کاتێک (عەبدوالوەهاب ئەترووشی) کرابوو بە ئوستانداری هەولێر یەکێک لە نوێنەرانی حیزبی ئێمە لەگەڵ چەند کوردێکی دڵسۆزی عێراق چووبوونە لای و ئەو تاوانەیان بەچاودا دابوو . ناوبراو نامەی ڕەسمی بارەگای بارزانی نیشان دابوو کە دەستووری گرتن و تەحویل دانەوەی میرزا ئەحمەدی پێ دابوو.

لە بەهاری ساڵی ١٣٤٧ دا کە هێشتا بزوتنەوەی چەکدارانەی کوردستانی ئێان درێژەی هەبووە شەهید سولەیمانی موعینی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە گەڵ برایەکی کادر بە ناوی (خەلیلی مستەفازادە) ناسراو بە(خەلیل شەوباش) بە نهێنی چووە شاری سولەیمانی تا لە رێگای حیزبی کمونیستی عێراقەوە لەگەڵ هیندی مەسئوولی حیزبی کە لە ئەوروپا دەژیان پەیوەندی بگرێ، ئەو سەفەرە کەمێک درێژ بووە و لە ئاکام دا ساواک هەستی کرد کاک سولەیمان چوەتە ئەودیو . بۆیە لە گەل سەرۆکایەتی بارزانی دەفکری لە دواخستنی سولەیمان کەون.

بۆ وەدی هێنانی ئەو ئاواتە چەپەڵە سەرکردایەتی بارزانی بە هۆی سکرتێری پارتی و ئەندامێکی دیکەی کۆمیتەی ناوەندی یەوە لە کاک سولەیمان دا دەسپێری کە هەوڵ بدا مەسئوول و پێشمەرگەکانی حیزب لە کوردستانی ئێران دا بگێڕنەوە بۆ کوردستانی عێراق جاری واز لە کوردستانی ئێران بێنن بەو ناوە کە مەسەلەی کورد هەر یەکە و ئێستا کە لە عێراق بزوتنەوە هەیە ناکرێ جەبهەیەکی دیکەش بکەینەوە. بەڵێنیشی

پێ دەدەین کە ئەگەر بگەڕێتەوە کوردستانی عێراق شەخسی بارزانی زەمانەتی پاراستنی گیان و ئەمنیەتیان دەکا. کاک سولەیمان بەڵێن دەدا کە کاتێک گەیشتەوە ئێران مەسەلەکە لەگەڵ هاورێ یانی باش بکا و نەتیجەیان بداتەوە.

لەسەر ئەو هەول و هەرارە کاک سولەیمان لە سلیمانی یەوە بەرەو کوردستانی ئێران دەگەڕێتەوە. بەڵام لە دەرەوەی شاری سولەیمانی دەکەویتە بۆسەیەکەوەکە(سەدیق ئەفەندی) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و مەسئوولی لقی چواری پارتی بە دەستووری سەرکردایەتی بۆی دانابوو.

کاک سولەیمان و هاورێ یەکی بەو فێڵە نامەردانەیە بە بێ چەک گیران و رەوانەی حاجی ئۆمەران کران کە ئەو کاتە بارەگای بارزانی لێ بوو. کاتێک شەهید سولەیمان دەبەنە لای بارزانی مەلا مستەفا زۆر جنێوو قسەی کاڵی پێ دەڵێ، بەڵام شەهیدی نەمر کە دەزانێ بارزانی بریاری تەحویل دانەوەی ئەوی داوە بە ئەنقەست و بۆ ئەوەی تووڕەی بکا بەکژی دادی و ئەوەی بەزاری دادی پێی دەڵی مەبەستیش هەر ئەوە دەبێ کە لەوێ بیکوژن و بەزیندوویی نەدرێتە دەستی ڕیژیمی شا، بارزانی کە قەت هیچ کەس نەیتوانیوە قسەی لە قسە بکا لە دین دەردەچی و لە یەک جەولە دا دەڵێ:"ببەن، ببەن، بیکوژن، سەیە، سەباب".

دیارە ئەو کورتە جوملەیە لە قاموسی بارزانی یەکان دا بە مانای موحاکەمە و دادگا و حوکم دان و هەموو شتێکە. ئیتر هەر ئەو شەوە ئەو دوو تێکۆشەرە کولە باران دەکەن و بۆ بەیانی تەرمەکانیان بۆ مەزەی سەر سفرەی شەرابی کاربەدەستانی ڕیژیمی شا دەنێرنەوە ئێران. خەڵکی بەشەرەفی کوردستان بۆ خۆیان دیویانە کە چڵکاو خۆرەکانی ساواک بە چ شێوەیەک و بە چ فیزێکەوە تەرمی بێ گیانی ئەو تێکۆشەرە شەهیدەیان بە شارو بازێرەکان دا دەگێرا و پێویست ناکا ئێمە زیاتری لەسەر برۆین.

کار بەوەندەوە کۆتایی نەهات. ڕیژیمی شا و داروودەستەی بارزانی پێکەوە لە هەوڵ و تەقەلای کووژاندنەوەی ئاگری ڕاپەرینی چەکدارنەی کوردستانی ئێران دا بوون. بارزانی لە لایەک چەکدارەکانی خۆی بۆ راونانی تێکۆشەرانی حیزبی ئێمە دەنارده هاواری جاش و ژاندارمەکانی شا و لە لایەکیش لە بنەوە بە ناوی دڵسۆزی لێی رادەسپاردن کە بگەڕێنەوە کوردستانی عێراق و دڵنیابن کە مەترسی یەک هەرەشە لە ژیانیان ناکا.

لە ١٣٤٧ دا ئەگەر لەولا کاک سولەیمان بەدەستی قولەچوماغەکانی بارزانی شەهید کرا. لەم لاشەوە بە ماوەیەکی زۆر کەم تێکۆشەی بەناو بانگ "مەلا ئاوارە" گیرا و پاش سێ مانگ شەهید کرا.کاک "سمایلی شەریفزادە" لە گەڵ سێ کەس لە هاوسەنگەرەکانی لە ناوچەی بانە کەوتنە داوو شەهید بوون. کاک عەولای موعینی لەگەڵ پێشمەرگەی بەناوودەنگ "مینەشەم" لە نزیک قالوی لە ناوچەی مەهاباد شەهید کران و زۆر کەسیش لە پێشمەرگەکان لە پیک هەڵپرژان لەگەڵ جاش و ژاندارم دا گیانی خۆیان بەخت کرد.

وەختێک بەشێکی زۆر لە بەرێوەبەرانی بزوتنەوە لە نێو چوون برا پێشمەرگەکان خۆیان بی دەرەتان و بی سەرپەرشت هاتە بەرچاو. بۆیە کاتێک حەسۆ میر- خانی بارزانی فەرماندەی هێزی کاوە لە ناوچەی پشدەر بە

قەولی خۆیان لە سەر شەرەفی بارزانی بەڵێنی پی دان کە ئەگەر بگەڕێنەوە عێراق گیانیان لە ئەمان دایە، بەو بەڵێنە رازی بوون و چوونەوە کوردستانی عێراق.

بەڵام قەولی شەرەفی بارزانی یەکان بەو جۆرە وەفای پێ کرا کە جگە لەوەی هەموویان چەک کردن هەر دەس بە جێ لیکیان بلاوکردن و پاش چەند ڕۆژێک یازدە کەسیان لێ کرتن و بەبێ سی و دوو لیکردن تەحویلی ئیرانیان دانەوە.

جەللادەکانی ڕیژیمی شا لەو یازدە کەسە چوار رۆڵەی بە نرخی وەک" سالح لاجانی"و"سولەیمان کەرقەشان"و"عەولای بایزە منجە" و" حەمەسووریان" بێ موحاکەمە گولە بارن کرد و ئەوانی دیکەش بە زیندانی دوور و درێژ مەحکووم کران، کلکۆی ئەو چوار شەهیدە ئێستاش لە سەر ڕێگای پیرانشار- نەغەدە شاهیدی نەمری بەکرێگیراوی و خۆفرۆشی بنەماڵەی بارزانی یە.

هاوینی ساڵی ١٣٤٧ هێشتا خوینی ئەو چوار شەهیدە وشک نەببوە کە دەستی پیاوکوژەکانی بارزانی بە خوێنی دەستەیەکی دیکە لە تێکۆشەرانی رێگای رزگاری کوردستانی ئێران سوور بوو. دەستەیەک لە پێشمەرگەکان کە لە ناوچەی لاجان ماوونەوە لە گەڵ جاش و ژاندارم لێیان دەبێتە شەر. دوای چەند سەعات تەقە و لیکدان ناچار دەبن پاشەکشە بکەن بۆ کوردستانی عێراق، ئەو برایانە کە پێنج کەس دەبن لە نزیک سنووری ئیران دەچنە دی یەک بە ناوی"ئالانی" ژاندارم و جاشەکان کە بە دووربین پاشەکشەی پێشمەرگەکان بۆ خاکی عێراق دەبینن بە ماشێن دەچنە حاجی ئۆمەران و لەوی دا لەگەڵ چەند چەکدرای بارزانی بە سەرۆکایەتی"غەزالی میرخانی بارزانی" و"ئەحمەد حاجی و پیاوکوژ و ئەشکەنەچی بە ناوبانگ"سەعید مەسیفی دەچنە سەریان و دێ یەکە گەمارۆ دەدەن.

پێشمەرگەکان لە پێشدا کەوا دەزانن هەر جاش و ژاندارمەی ئێران دەوریان داون، دەس نادەن و تەقەیان لێ دەکەن. بەڵام غەزالی کە یەکێک لە نیزیکانی دەرباری بارزانی یە بانگیان دەکا و دەڵێ ئێمە جاش و ژاندارم نین پێشمەرگەی بارزانین، وەرنەدەری، لە سەر شەرەفی بارزانی کەس هیچتان لێ ناکا و گیانتان لە ئەمان دایە.

برادەرانی ئیمە بۆ ئەوەی شەریان لە گەل پێشمەرگە نەکردبی سی کەسیان دێنەدەر کە خۆیان تەسلیم بکەن بەڵام هەر لە دەرگای ماڵەکە دێنەدەری تیرباری سەعید مەسیفی تەقەیان لێ دەکا و هەرسێکیان لە خاک و خوێن دەردەدا!! دوو پێشمەرگەکەی دیکە کاتێک وادەبینن خۆیان بەدەستەوە نادەن و هەتا ئاخر گولە شەریان لەگەڵ دەکەن، بەڵام سەرەنجام کە فیشەکیان لێ دەبڕێ دێنە دەری ئەوانیش هەر لەوی گولە باران دەکرێن. جەنازەی ئەو پێنج شەهیدە هەر لەوی دەکەنە دیاری دەستی خۆیان و دەیاندەنە دەستی ژاندارمەکانی شا بۆ ئەوەی بیان هیننەوە ئێران.

ئەوانەی باسمان کردن تەنیا بەشێک لەو تاوانانەبوون کە سەرۆکایەتیبزوتنەوەی کوردستانی عێراق لە ساڵەکانی پێش ١٩٧٠ دا لەگەڵ تێکۆشەرانی کوردی ئێرانیان کردوە. ئەگەر بمانەوی هەمووشتێک باس بکەین .دەبی سەدان لاپەڕەی لەسەر بنوسین، بەڵام وەک دەڵێن مستێکنمونەی خەلوارێکە

ساڵی ١٣٤٨کۆنفرانسی دووهەمی حیزبی ئێمە پێک هات. کۆمیتەی ناوەندی حیزب بە ناوی کۆنفرانسەوە یادداشتێکی دا بە پارتی و بارزانی و لەوی دا نارەزایی خۆی لەو کردەوە نارەوایانە دەبڕی. دیارە ئەوان پاش ماوەیەک کۆمیتەی ناوەندی حیزبی ئێمە بۆ باسی هیندیک مەسەلە دەستەیەکی نوێنەرایەتی ناردەلای .مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق

راستە کە دەڵێن بنیادەم کویرزەینە. ئەوانەی لەلایەن مەکتەبی سیاسی یەوە لەگەڵ نوێنەرانی حیزبی ئێمە قسەیان کردبوو بریتی بوون لە "حەبیب محمد کەریم"سکرتێری ئەوکاتی پارتی و"علی عەبداللە" سکرتێری ئیستای پارتی. کاتێک نوێنەرانی حیزبی ئێمە باسی ئەو کارەساتەیان لەگەل کردبوون هەردووکیان گوتبوویان:"ئەوەی لەگەل حیزبی ئیوە کراوە پەڵەیەکی شەرمە بە نێو چاوانی پارتی یەوە بەڵام بەڵێن دەدەین .دووپات نەبێتەوە. ئەودەم ئێمە زۆر خۆشحاڵ بووین هیوامان پیداکرد کەشتی واتازە نەبێتەوە

کەچی جگە لەو جینایەتانە کە دواتر دەرهەقی کوردی ئێرانیان کد و لەمەو- دوا باسیان دەکەین. زۆر بەداخەوە ئێستا دەبینن هەر ئەو جەنابی عەلی عبدواللەیە.پەڵەی شەرم و شوورەییەکەی هێندە گەورەتر کردوەتەوە کە نەک هەر نێو چاوان و سەر بەڵکوو تەواوی ئەندامی لەشی پارتی داگرتووە

# دەرچوونی بەیاننامەی ١١ ی مارسی ١٩٧٠ و هەڵەی سەرۆکایەتی بارزانی بەرامبەر ح.د.ک.ا

لە یازدەی مارسی ساڵی ١٩٧٠ دا دوای چەندین جار هات و چۆی نێوان نوێنەرانی دەوڵەتی عێراق و بزوتنەوەی نەتەوایەتی گەلی کوردستانی عێراق بەیاننامەی بەناوبانگی یازدەی مارس بڵاوکرایەوە، لەو بەیاننامەدا مافە نەتەوایەتی یەکانی گەلی کورد لە عێراق بە شێوەی خودموختاری بەڕەسمی ناسرا بوون و بەردی بناخەی چارەسەرکردنی یەکجاری مەسەلەی کورد لە عێراق دا دانرابوو. لێرەدا بەراشکاوی دەبێ بگوترێ کە بەداخەوە بەیاننامەی یازدەی مارسی ١٩٧٠ ی عێراق وەک شووشەیەکی ناسک وابوو کە دابێتە دەست هێندی منداڵی نەزان یاری پێ بکەن و لە رووی نەفامی یەوە بیشکێنن. ئەگینا ئەو سەنەدە مێژووییە مافی خودموختاری گەلی کوردی عێراقی بە تەواوی تێدا کونجا بوو هەر لەو کاتەدا دەیتوانی ببێتە نموونە و ئولگویەک بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش.

بەڵام دەوڵەتی حەمەڕەزا شا کەنەی دەتوانی لە دراوسێ یەتی ئێران دا و لە تەنیشت پێنج میلیون کوردی ئێران کوردستانێکی خودموختار بە چاو ببینی هەر لە رۆژی دەرچوونی ئەو بەیاننامەیەوە کەوتە پیلان گێڕان بۆ لە نێو بردنی ئەو دەسکەوتە مێژووییەی گەلی کورد. بۆ ئەو مەبەستە هەر چەندی توانی خۆی لە بارزانی نیزیک کردەوە و بە گوێ دا خوێند تاکوو موحیتی تەفاهوم و برایەتی لە نێوان دەوڵەتی عێراق و سەرکردایەتی بزوتنەوەی کورد دا تێک بدا و بەوجۆرە پێشی جێ بەجێ بوونی ناوەرۆکی ئەو بەیاننامەیە بگرێ.

سەرۆکایەتی بارزانیش بێ سەرنجدان بەو واقیعەتە کە ئەو بە یاننامە بەرهەمی دەیان ساڵ خەبات و تێکۆشانی رۆڵە رزگاریخوازەکانی گەلی کوردە و بێ ئەوەی بیربکاتەوە کە بەیاننامەی یازدەی مارس بەرخوێنی دەیان هەزار شەهیدی کوردستانە. بەدندانی نۆکەرانی ئیمپریالیزم کەوتە تێکدانی ئەو هەل و مەرجە لەبار و پڕ لە دۆستایەتی یە کە لە نێوان دەوڵەتی عێراق و بزوتنەوەی گەلی کورد دا پێک هاتبوو.

لێرەدا ئێمە بە هیچ جۆر نامانەوێ پاکانە بۆ کاربەدەستانی دەوڵەتی عێراق بکەین و هەموو تاوانەکە بخەینە ئەستۆی سەرۆکایەتی بارزانی. بەڵام هێندی واقعیەت هەن کە پێمان خۆشە بێ ترس و بێ پەردە بیان خەینە بەرچاوی بیروڕای گشتی خەڵکی کوردستان چ لە ئێران و چ لە عێراق و چلە هەر شوێنێکی دیکە کە کوردی تێدا دەژی. بۆ ئەوەی بزانن ئەگەر سەرۆکایەتی بزوتنەوە هەستی بە مەسئوولییەت کردبا دەیتوانی کوردستانی عێراق لەشەر و ماڵ وێرانی و سەرەنجام ئاش بەتاڵی سەر شۆڕانە بپارێزێ.

بە ئیعترافی نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق کاتێک لە فیوریەی ١٩٧٠ دا بۆ یەکەم جار دەستەی نوێنەرایەتی پارتی بە نهێنی چوو بووە بەغدا و چاوی بە"سدام حسین" جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کەوتبوو نوێنەرانی پارتی داوای جێ بەجێ کردنی بەیاننامەی ٢٩ ی ژوئین یان کردبوو کە کاتی خۆی لەلایەن "عبدوالرحمن بزاز"ەوە دەرچوو بوو و تەنیا نەوعێک عدم تمرکزی بۆ کوردستان تێدا بوو. بەڵام سدام حسین گوتبووی": بۆ چی بەیاننامەی ٢٩ی ژوئین ؟ ئێوە وەک نەتەوەیەک لە عێراق دا مافی خودموختاریتان هەیە. وەرن با لەسەر ئەو ئەساسە قسەی لێ بکەین و بە یەکجاری مەسەلەکە ببڕێتەوە". بەو چەشنە لەسەر مێزی وت وێژ نوێنەرانی دەوڵەتی مەرکەزی بۆ مەسەلەی خودموختاری .کوردستان پێشدەست ببون

هەر بە ئیقراری نوێنەرانی پارتی پاش رێک کەوتن لەسەر چوارچێوەی بەیاننامەی یازدەی مارس سدام حسین پێشنیاری کردبوو ئێستا کە لە سەر مەسەلەی خودموختاری رێک کەوتووین با لەسەر سنوور وسەراوردی ناوچەی خودموختاری وتوویژ بکەین و رێکایەک بۆ ناکۆکی و نێوان ناخۆشی لە دوارۆژدا نەهێڵێنەوە. بەڵام نوێنەرانی پارتی کە واد یارە لە رێک کەوتنەکە زیاد لە رادەی پێویست بەپەلە بوون. گوتبوویان نەخەیر ئەو بەشە هەڵدەگرین بۆ دوایە کە هەل و مەرج ئامادەتر بێ ئەو بەدبینی یەی لە نەتیجەی چەند ساڵ شەڕدا دروست بووە لە نێو بچێ. بەو جۆرە یەکێک لەمەسەلە بنەڕەتی یەکانی چارەسەر- کردنی مەسەلی کوردیان .حەواڵەی قەزاو قەدەر کردبوو

هەڵوێستی پارتی بەرامبەر بە ح.د.ک.ا. پاش بڵاوبوونەوەی بەیاننامەی یازدەی

بڵاوبوونەوەی بەیاننامەی یازدەی مارسی ١٩٧٠ بۆ رۆڵەکانی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا وەک مزگێنی نەجات و سوودی سەرکەوتنی خەبات بوو. هەر بۆیەش لە سەرتاسەری کوردستان دا جێژنی بۆ کراو شیرینی بۆ بەشرایەوە. بەڵام ئەوەی زیاتر لە هەمووان بە دەرچوونی ئەو سەنەدە مێژوویی یە خۆشحاڵ ببو بەرێوەبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو. بەشێکی زۆر لە کادری بەرێوەبەرای و کادر و مەشئوولەکانی حیزبمان کە لەکوردستانی عێراق دەژیان و چەند ساڵ بوو بەبیانوی پاراستنی قازانجی بزوتنەوەی کورد!! هەموو چەشنە تێکۆشانێکیان لێ قەدەغە کراوە و سەرۆکایەتی بزوتنەوەی کوردستانی عێراق ئیحتاجی بە ئێران نەماوە. ئەمجار تەک هەر رێکایان دەدەن تێکۆشانی سیاسی خۆیان لە دەرەوە و لە نێو خۆی وڵاتدا پەرە پێ بدەن، بەڵکوو یارمەتیشیان دەکەن و ئەگەر پێویست بێ پێشمەرگەی خۆشیان دەنێرن کە شان بەشانی براکان لە کوردستانی ئێران دژی رێژیمی ئیستبدادی پەهلەوی شەڕ بکەن. بەراستیش ئەو .ئامادەیی یە لە زۆر پێشمەرگەی کوردی عێراق بەدی کرا

بەو هیوا و هومێدەوە ماوەیەک دوای دەرچوونی بەیاننامەی یازدەی مارس هێندی لە بەرێوەبەرانی حیزبی ئێمە چوونە لای بارزانی. پاش پیرۆزبایی و خۆشحاڵی دەربڕین داوایان لێکرد، کە دەستوور بدا لە ناوچەکانی

سنووری کوردستان مەسئوولانی پارتی و پێشمەرگە پێش تێکۆشان و هات و چۆی کادرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان نەگرن و یارمەتی یان بدەن بۆ ئەوەی ڕێکخراوەکانی حیزبی لە کوردستانی ئێران دا پەرە پێ بدەن. تەنانەت داوای ئەوەشیان لیکرد کە، لە باری کەرەستەی چاپەمەنیشەوە کۆمەکیان بکەن تا کوو پاپەمەنی حیزب بڵاو بکەنەوە و بەرە – بەرە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران بۆ بەرەنگار بوونەوەیەکی .توند و تیژ لە گەڵ ڕێژیمی حەمەڕەزاشا ئامادە بکەن

بەڵام بە پێچەوانەی چاوەڕوانی بەرێوەبەرانی حیزبی ئێمە وەڵامی بارزانی ئەوەبوو کە بەهیچ جۆرێ نابێ هات و چۆی کوردستانی ئێران بکەن و لە کوردستانی عێراقیش باش نیە زۆر دیاربن و بنکەی پێشمەرگەتان هەبێ بە تایبەتی لە ناوچەی سنوور. ئەمجار دەرکردنی ڕۆژنامە و چاپەمەنیش کارێکی خراپە، چونکە بڵاودەبێتەوە و خەڵک دەیخوێننەوە و لەسەری دەگیرێ. کەوابوو ئێستا کە حوکمی زاتی هەیە و وەزیری کورد هەیە باشترە ئێوە بچن لەگەڵ دەوڵەتی عێراق پەیوەندی بگرن و لە نێو شارەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەت بۆ خۆتان دانیشن. هەروەها گوتی من بۆ خۆم بە وەزیریکاروباری شیمال دەڵێم قسەتان بۆ دەگەڵ دەوڵەتی بەغدا .بکا و بۆخۆیشتان بچن و بیان بین

بە کورتی جەنابی بارزانی، سووک و هاسان تێی گەیاندن کە حیزبی دیموکراتی چەوت حاڵی بوە و پەیوەندی سەرۆکایەتی بزوتنەوەی کوردی عێراق لەگەڵ ڕێژیمی شاهەنشاهی نەپساوە بەڵکوو تازە خەریکە بەهێز دەبێ و لە پاشە – ڕۆژدا دەگاتە ڕادەی هاوکاری و هاوپەیوەندی تەواویشئەو جوابەی بارزانی بۆ بەرێوەبەری حیزبی ئێمە یەکجار ناخۆش بوو، حیزبی ئێمە لە لایەک نەی دەویست لەگەڵ دەوڵەتی عێراق پەیوەندی هەبێ ، چونکە دەیزانی لە دوارۆژدا هەر ئەو جەنابی بارزانی یە کە بۆ خۆی گرتنی ئەم پێوەندیە پێشنیار دەکا چی پێ دەڵێ. لەلایەکی دیکەش حیزبی ئێمە پێی ناخۆش بوو ناوەندی تێکۆشانی سیاسی خۆی لە کوردستانی عێراق بەرێتەدەر چونکە لە وڵاتەکەی خۆی دوور دەکەوتەوە و هاتووچوو پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی حیزبی لە ژوورەوەی وڵات دا دژوارتر دەبوو. هەر لە بەر ئەوە زۆری هەوڵ دا بارزانی ڕێگای بدا لە کوردستان بمینیتەوە با هیچ جۆرە یارمەتی یەکیش نەدا چونکە دەیزانی ئەگەر لە وڵاتی خۆی نیزیک بێ میللەتی کورد ئەوەندەی یارمەتی دەدا کە هەموو پێویستی یەکانی کاروتێکۆشانی سیاسی دابین بکا. بەڵام هەوڵ و تەلای بەرێوەبەرانی حیزب بە هیچ کوێ نەگەیشت و بارزانی بە هیچ جۆری ڕازی نەبوو کادرەکانی حیزبی ئێمە لە .کوردستانی عێراق دا کاری سیاسی بکەن

ناچار بە پێچەوانەی ویستی خۆیان لە ڕێگای نوێنەرانی بارزانیەوە پەیوەندییان بەدەوڵەتی عێراقەوە گرت و ناوەندی تێکۆشانیان لە عێراق دا گوێزتەوە بۆ شارەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەت. دیارە هەر لە سەرتاوە مەسئوولانی حیزب بە ڕەسمی بە سەرۆکایەتی پارتی و حیزبی بەعسیان ڕاگەیاند کە لەعێراق میوانن و کارێکیان بە کاروباری نێو خۆی عێرا نیە و پێیان خۆشە ئەو دۆستایەتی و هاوکاری یە کە لە نێوان ئەو دوو .حیزبە عێراق دا پێک هاتوە هەروا بەردەوام بێ و زیاتریش گەشەبکا

دەبێ ئەوەش بکوترێ کە هۆی ئەساسی قەبووڵ کردنی پێشنیاری ئەو کاتی بارزانی ئەوە بوو کەوەختێک کادرەکانی ئێمە نەیان دەتوانی، بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان و لە کوردستانی عێراقیش ڕێگای تێکۆشانیان نەدەدان باشترە هەر لە عێراق بمێننەوە و کەم کەم تێکۆشانی سیاسی یان بخەنەوە نێوخۆی وڵات.

وردە وردە بە نهێنی هێندێک لە کادرەکانی حیزب بۆ کاری حیزبی ناردرانەوە نێوخۆی وڵات و بە هەر ڕگایەک کە بۆیان دەکرا پەیوەندی یان لەگەڵ ئەندامان و کادرەکانی نێو خۆی وڵات گرت بۆ ئەوەی، سەر لەنوێ ڕێکخراوەکانی حیزب ببوژێنەوە و تێکۆشانی سیاسی خۆیان پەرە پێ بدەن. ئێستا بزانین سیاسەت و هەڵوێستی سەرۆکایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و بە تایبەتی بنەماڵەی بارزانی بەرامبەر بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران چۆن بووە؟

وەک لە پێش دا باسمان کرد، لەسەر پێشنیاری شەخسی بارزانی و لە ڕێگای نوێنەرانی خۆیەوە ڕێبەرانی حیزبی ئێمە پەیوەندی یان لەگەڵ دەوڵەتی عێراق گرت. بەڵام لەبەر ئەوەی ئامادە نەبوون دەست لە کارو تێکۆشانی سیاسی هەڵبگرن لەبەر ئەوەی بەپێچەوانەی دەستووری دەربارەی بارزانی ڕۆژنامەیان چاپ دەکرد و لە هەمووی گرنگتر لەبەر ئەوەی ڕێژیمی شا لە زیندوو بوونەوەی تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان نارازی بوو دەزگای سەر بە بارزانی پروپاگەندێکی ژەهراوی لە دژی حیزبی ئێمە وەڕێ خست و پەیوەندی ڕێبەرایەتی حیزبی ئێمە لەگەل عێراق بەخۆفرۆشیو بەعسی کەری و هەزارە ناو ناتۆرەی دیکە لە قەڵەم دا و بەو جۆرە دەرخوادری خەڵکی بێ خەبەری دا. دیارە تا ڕادەیەک بەجێش بوو وابیر بکەنەوە چونکە ئەوان پەیوەندی بێ خۆفرۆشی یان لەگەڵ ئێران دا نەبوو هەر بۆیە ئەو حیسابەشیان بۆ حیزبی ئێمە دەکرد. وەک دەڵێن "کافر هەمرا بە کیش بندارد".

یەکی دیکە لە شاکارەکانی سەرکردایەتی بارزانی ئەوە بوو دەزگای پاراستنی بارزانی بە هاوکاری ڕاستەوخۆی لەگەڵ ساواکی شا چەند نۆکەر و کوێ لە مستی خۆی لە نێو کوردە ئێرانی یەکانی دانیشتوی عێراق دا قوت کرد بووە و ناوی نابوون بەرێوەبەرایەتی کاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان. ئەو تاقمەیە کە بڵگەی هاوکاری زۆر کەسیان لەگەڵ دەزگای جاسوسی یەکانی حەمەرەزاشا لەدست دایە بە کۆمەکی چەک و پولێک کە لەلایەن شاواکەوە بە هۆی دەزگای پاراستنی بارزانی یەوە پێیان دەکەیشت توانبویان چا پەنجا کوردی ساویلکەی ئێرانی فریو بدەن کە شەوو ڕۆژ کرایان ئەوە بوو بسوڕێنەوە و بدە کویی حیزبی ئێمە بکەن.سەرۆکایەتی بە کرێگیراوی ئەو تاقمەیە کە لەلایەن"حەمە عزیز" سەرۆکی دەفتەری بارزانی یان وەزیری دەرباری بارزانی یەوە کەرەستەی چاپەمەنی یان بۆ دابین کرابوو زۆر جار بە نوسراویش لە دژی حیزب تەبلیغاتیان دەکرد.

سەرنج ڕاکیش ئەوە بوو کە ئەو تاقمە خۆفرۆشە لە تەواوی نووسراوەکانیان-دا تەنانەت تاقە جارێکیش قسەیان بە ڕێژیمی شا نەدەگوت و لەوەش سەیرتر ئەوەبوو کە زۆر لە نوسراوەکانیان بە ئاشکرا دیاربوو

کوردی عێراقی نوسیبونی و ئەو تاقمە بە کرێگیراوە تەنیا ئەوەندەیان لەسەر بووە بە ناوی خۆیان چاپی بکەن. واقاو بوو کە ئەو جۆرە وتارانە بەدەستی" شێخ محمدی هەرسینی" نۆکەری ناسراوی ساواک دەنووسرێن.(خۆش ئەوەیە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران ئەو شێخ محمد هەرسینی یە بەدەستی دارودەستەی ئیدریس بارزانی بە شێوەیەکی زۆر کومان لێکراو تیرۆر کرا. وادیارە زۆر شتی نهێنی زانیوە کە ئیدریس بارزانی ترساوە ڕۆژێک وەدەریان بخا و هێندیکیش دەهڵێن پولێکی زۆری لەکن بوە و نەیداوەتەوە بە .(کورەکانی بارزانی

لە هەق دەرنەچین سازکردنی حیزبی کارتۆنی و تاقمی دژی حیزبی سیاسەتێک نەبوو کە سەرۆکایەتی بارزانی هەر لە دژی حیزبی ئێمە و کوردی ئێران ڕەچاوی کردبێ. بەڵکوو ئەو سیاسەتەی لەکەڵ کوردەکانی تورکیە و سوریش بەکار دێناو هەموو کاتێک لە فکری ئەوەدا بوو کە نەهێڵی لە هیچ پارچەیەکی کوردستان دا .حیزبێکی بە هێز و یەکپارچە هەبێ

سەرەڕای ئەوانەش ئەزیەت و ئازاری ئەندام و لایەنگرانی حیزبی ئێمە کە لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی بارزانی یەکان دەژیان ببوە بەشێک لە سیاسەتی ڕۆژانەیان دوژمنایەتی ئەوانە زیاتر لەگەڵ ئەو کادرانەی حیزب بوو کە بۆ کاروتێکۆشانی سیاسی هاتوچۆی وڵاتیان دەکردەوە. کادرێکی حیزبی ئێمە دەهاتەوە ئێران مانکێک دوو مانگ دەمایەوە سازمانی ئەمنیەت شوێنی هەڵنەدەگرت و بۆی نەدەکیرا، بەڵام کاتێک دەکەڕایەوە عێراق .بارزانی یەکان دەیان گرت و لە زیندانە سامناکەکانی خۆیانیان قایم دەکرد

یەکێک لەو کادرانە کە بەو شێوەیە گیران هاوڕێ شەهید مەلا قادری وێردی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و مەسئوولی تەشکیلاتی بانە بوو. شەهید مەلا قادر ساڵی ١٣٥١ بەسەردان هاتەوە بانە نزیکەی مانگێک لەو ناوچەیەدا مایەوە. ساواک زەفەری پێ نەبرد. بەڵام کاتێک گەڕایەوە کوردستانی عێراق لە ناوچەی سولەیمانی فەتاح ئاغا فەرماندەی ئەو کاتی هێزی خەبات گرتی ڕەوانەی زیندانی بەناو بانگی رایەتی کرد و دایە دەستی .سەعید مەسیفی جەلالاد کە ماوەی دە ڕۆژ ئازار و ئەشکەنجەی کیانی و بەدەنی یان کرد

بەڵام کاتێک حیزبی ئێمە ئیعترازی کرد و بەریان دا نامەی ڕەسمی هێزی خەبات بە ئیمزای فەتاح ئاغا وە لەساکەکەی مەلا قادردا دەرکەوت کە دەنووسی ئەو تاوانبارە!! هاتوچۆی ئێران دەکا و ڕۆژنامە و نووسراوەی حیزبی دیموکرات دەباتەوە ئێان و دەیەوی پەیوەندی نێوان شۆڕش! و دەوڵەتی ئێران تێک بدا. ئەو نامەیە .ئێستاش ماوە و هاوکات و بە پێویست بزانرێ لەگەڵ زوو بەڵگە دیکە بڵاو دەکرێتەوە

بەو حاڵەش سیاسەتی حیزبی ئێمە هەر ئەوە بوو کە تەحەمول بکرێ و تەنانەت بە نووسینیش کارێکی وا نەکرێ کە ناکۆکی لە نیوان حیزبی ئێمە و پارتی دا بەرە بێ بدایان زیاتێک بە بزوتنەوەی رزکاریخوازنەی .گەلی کورد بگەیەنێ کە سەرکردایەتی یەکەی لە ژێر دەسەلاتی بنەماڵەی بارزان دا بوو

لەبەیاننامەی یازدەی مارسی حەفتادا چوار ساڵ ماوە دانرابوو کە وەزعی کوردستانی عێراق دۆخی ئاسایی بەخۆیەوە بگرێ و ڕێگا بۆ خۆدموختار بوونی کوردستانی عێراق خۆاش بکرێ .جا دوای ئەو چوار ساڵە کوردستانی عێراق بە ڕەسمی خودموختاربدرێتی و دەزگاکانی حکوومەتی خودموختار کاری خۆیان دەست .پێ بکەن

لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا پەیوەندی نێوان سەرۆکایەتی بزوتنەوەی کورد و دەوڵەتی عێراق بە زۆر قۆناخی جوار و جۆردا تێپەڕی. ئەو دوو سەرکردایەتی یە زۆر جار پیلانی خوێناوی یان لە دژی یەکتر و لایەنگرانی یەکتر نایەوە زۆر لە لایەنگرانی پارتی و حیزبی بەعس لەلایەن هەوادارانی ئەوەی دیکەوە رفیندران و بی سەر و شوێن کران و زۆر ڕووداوی وا هاتنەپێش کە زیانی هەردوونەتەوەی کورد و عەرەبی عێراق تەواو بوون. لە ماوەی ئەو چوارساڵەدا ئەگەر چەند مانگی دوای یازدەمی مارسی لێ دەرکەین زۆر بەکەس پەیوەندی دۆستانە لە نێوان ئەو دوو سەرکردایەتی یەدا هەبوو. ئەوە بۆ خۆی باسێکی جیاوازە و لەم کورتە باسەی ئێمەدا ناگونجێ. تەنیا شتێکی دەمانەوێ باسی بکەین ئەوەیە کە گەلی کورد نۆساڵی تەواو لە پێناوی خودموختاری دا شەڕی کردبوو سەرەنجام دەوڵەتی عێراقی ناچار کرد بوو ئەو مافەڕەوایەی بەڕەسمی بناسێ. نیزیکەی چوار ساڵیش لە بەیاننامەی یازدەی مارسی رابردبوو هێشتا سەرۆکایەتی بزوتنەوەی کورد کەلاڵەیەکی بۆخودموختاری نەبوو. لەڕاستی دا سەرۆکایەتی بارزانی بۆخۆشی بۆی ڕوون نەبوو ئەو خودموختاری یەی دەبێ بە کوردی عێراق چۆنە و کوێ دەگرێتەوە و دەسەڵات و ئیختیاری چیە؟

نیزیکی دوومانگ بۆ زیادەی مارس ١٩٧٤ مابوو کە لە هەل و مەرجێکی زۆر نالەبارولە موحیتێکی پڕ لە دردۆنگی و بەد گومانی دا هەر دوولا- پارتی و بەعس- دەیان ویست قانوون بۆ خودموختاری دابنێن. لەلایەک دەوڵەتی عێراق لەو ماوەیەدا جێ پێ خۆی قایم کرد بوو و حازر نەبوو ئیمتیازێک بدا بە کورد تەنانەت حەزی دەکرد تەنیا رەقیبی بەعس لە عێراقی دا بزوتنەوەی گەلی کورد بوو لە مەیدان دەربکا. لەلای دیکەش سەرۆکایەتی بارزانی لە گەڵ دەوڵەتی شا بە تەواوی کەیشتبوونە یەک و بە قەولی خۆیان شا بەڵێنی – رەسمی لامەحدوود وانە پشتیوانی نامەحدوودی پێ دابوو. بارزانیش بەو وەزعە و بەو قەول وقەرارەکە لەگەڵ .ئیمپریالیزمی ئەمریکا بەستبووی حازر نەبوو بستێک پاشەکشە بکا

لەو ناوەدا کۆمەڵانی خەڵکی کورستانیش بە نیگەرانی یەوە چاوەڕوانی هەوڵ و تەقەلای دڵسۆزان بوون کە بەشکوو بتوانن ئەو دوو لایەنە کەلەرەقە لە یەکترنیزیک بکەونەوە. لەو بارەوە بەڕێوەبەرانی حیزبی ئێمە تەقەل لایەکی زۆریان بە خەرج دا و زۆر تێکۆشان بۆ ئەوەی سەرکردایەتی بزوتنەوەی کورد و کاربەدەستانی دەوڵەتی عێراق بگەنە یەک و گەلی کورد جارێکی دیکە تووشی شەڕو ماڵ وێرانی نەبێ. بێجگە لەوەش بەڕێوەبەرایەتی حیزبی ئێمە بە تەواوی نیگەرانی ئەوەبوو کە ڕۆژێک ئێران و عێراق ڕێک کەون و بزوتنەوەی .هەقخوازی گەلی کورد ببێتە قوربانی ئەو ڕێک کەوتنە

نیگەرانی لە چارەنووسی گەلی کورد و لەرێک کەوتنی ئێران و عێراق لەسەر حیسابی بزوتنەوەی کورد شتێک نەبوو هەر لە مێشکی رێبەرانی حیزبی ئێمەدا بێ. لە چاوپێکەوتنێکی سکرتێری گشتی حیزبی ئێمە لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی لە زستانی ساڵی ١٩٥٢ دا دکتۆر قاسملۆ بە بارزانی گوت: تۆ ئەوەندە تەکیە دەکەیە سەر کۆمەک و پشتیوانی دەوڵەتی ئێران . نازانیحەمە رەزا- شا دوژمنی سوێند خۆری گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانە؟ تۆ هیچ بیرت لەوە کردوەتەوە ئەگەر رۆژێک دەوڵەتی شا و دەوڵەتی عێراق رێککەوتن تەکلیفی بزوتنەوەیگەلی کورد چیە؟ بارزانی کەلە مانۆردا بەراستی وەستا بوو گوتی: ئەودەم منیش لەگەڵ .تۆرێک دەکەوم و پێکەوە لێی دەدەین

کاتێک حیزبی ئێمە بۆی دەرکەوت کە تازەبوونەوەی شەر لە عێراق دا شتێکی مسۆگەرە بریاری دا بەشێک لەو کادر ومەسئوولانەی لە عێراقن لە نێوشارەکان بمێننەوە و بەشەکەی دیکەیان بێنە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە. چونکە پێمان وابوو ئەگەر هەموویان بێنە کوردستان مەترسی ئەوە هەیە کە وەک جاری کورین .تەحویلی ئێراند بدرێنەوە بە قەولی کوردەکانی عێراق بدرێن بە رۆنیشاپەسند

ئەگەر هەمووشیان لە ناوچەی ژێر دەسەلاتی دەولەت دابن لەوانەیە دەوڵەتی عێراق فشاریان بۆ بێنێ و ناچاریان بکا کەدژی بزوتنەوەی گەلی کوردی عێراق هەڵوێست بگرن. ئەوەش شتێک بوو کە کادر و ئەندامانی حیزبی ئێمە لە سەختترین هەل و مەرجیش دا و تەنانەت لە کاتێک دا کە گیانیشیان کەوتوەتە مەترسی یەوە .نەچوونە ژێر باری و ملیان رانەکێشاوە

ئەو بریارە بەرێوەبەرایەتی لەلایەن کادرو مەسئوولەکانی دانیشتووی عێراقەوە جێ بەجێ کرا. بەشێکیان لە نێو شارەکان دا مانەوە زۆر بەی هەر زۆریشیان هاتنەوە کوردستان و ناوچەی ژێر دەسەلاتی پێشمەرگە. لەماوەی یەک ساڵ شەری دوایی کوردستانی عێراق دا رابەرانی حیزبی ئێمە و ئەو کادر و ئەندامانەش کە لە عێراق و لە ناوچەی ژێر دەسەلاتی دەولەت دەژیان سیاسەتیئوسوولی حیزبیان بەرێوە برد و هیچ کاتێک نە بە قسە نە بەکردەوە نە بە نووسین شتێکیان نەکرد کە زیان بە بزوتنەوەی کوردی عێراق بگەیەنێ. چونکە هەر وەک لە یاداشتی حیزبی ئێمەدا بۆ سەرۆکایەتی پارتی گوترابوو. هیچ وەخت نابێ پەیوەندی نێوان بەشێک لە بزوتنەوەی گەلی کورد لە گەڵ حکوومەتەکانی دراوسێ بە زیانی بزوتنەوەی کورد لە وڵاتەدا تەواوبێ. ئەمە .سیاسەتێکە کە حیزبی ئێمە ئێستاش و لە داهاتووش دا هەر لەسەری دەروا

بەڵام سەرکردایەتی بارزانی بە پێچەوانەی ئەو سیاسەتە ئووسولّی یە لە ماوەی ئەو ساڵەش دا دەستی لە ئازار و جەزرەبەی تێکۆشەرانی حیزبی ئێمە هەڵنەگرت و دیسان هەر گرتن و ئازاردانی برادەرانی ئێمە درێژەی هەبوو دیسانیش تاقمی بەکرێگیراو لە دژی ئێمە هان دەدران و دیسانیش پروپاگەندەی ژەهراوی لە دژی .حیزبی ئێمە بلاو دەکرایەوە

لە مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٢ دا شەڕ لە کوردستانی عێراق دا دەستی پێ کرد. دەوڵەتی عێراق بە تەواوی ئیمکاناتی نیزامی خۆیەوە پەلاماری هێنایە سەر کوردستان وشار و گوند و شاخ و دەشتی پێکەوە سوتا. خەڵکی کوردستانی عێراقیش لە هەموو ناوچەکان دا وەک یەک ڕاپەڕی و یەکپارچە پشتیوانی خۆی لە بزوتنەوەی نەتەوایەتی گەلی کورد دەربڕی. دەتوانین بڵێین ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٧٤ی خەڵکی کوردستانی .عێراق هەتا ئەو دەم لە مێژووی نەوتەوەی کورد دا بێ وێنە بوو

بەڵام بزانین سەرۆکایەتی بزوتنەوە چۆنی لەو ڕاپەڕینە گەلیە کەڵک وەرگرت؟ ئەگەر لە پاش سالی ١٣٤٤ی هەتاوی سەرۆکایەتی بارزانی پشتی کردە گەلی کوردی ئێران و کۆمەک و یارمەتی ڕێژیمی حەمەڕەزاشای لە جێگای یارمەتی کوردی ئێران دا نا. نۆساڵ پاش ئەوە واتە ساڵی١٢٥٣ ئەو سەرۆکایەتی یە بە جارێک پشتی کردە کوردی عێراقیش و بە تەواو پاڵی بە ڕیژێمی دیکتاتۆری پەهلەوەی و ئیمپریالیزمی ئەمریکادا. ئەگەر لە ساڵەکانی پێش ١٩٧٠ دا پەیوەندی لەگەڵ ڕێژیمی شایان دەشاردەوە ئەمجار شانازی یان بەو پەیوەندی یەوە .دەکرد و بە هەموو تواناوە تێدەکۆشان بنەماڵەی پەهلەوی بەدۆست و پشتیوانی واقیعی گەلی کورد دا بنێن

بارزانی لەو وتووێژە چاپەمەنی یەکانی خۆی دا هەمیشە داوای کۆمەک و یارمەتی ئینسانی!! لە ڕۆژئاوا دەکرد و جاری واش هەبوو کە زیاتر دەرۆیشت و بەپانەوە دەیگوت کوردستان دەکەمە ئەیالەتی پەنجا و یەکەمی .ئەمریکا

لە ئەنجامی ئەو سیاسەتە چەوتە دا هێزی پێشمەرگەش ئەو ئیمان و بڕوایەی بەستبوو. هەر بۆیە بە ماوەی کەمتر لە دوو مانگ ئەرتەشی عێراق توانی بەشی هەرە زۆری ناوچەکانی کوردستان بگرێتەوە و لە هەموو .جەبهەکان دا شەربخاتە نیزیک سنورەکانی ئێران

لێرەدا سەرۆکایەتی بارزانی هاوکاری ڕێژیمی شای بەکرێگیراو چەندین ئۆردگای پەنابەرانی لە ئێران دا کردەوە و ماڵە کوردەکانی عێراقی نبوە بە زۆر نیوە بە خواهیشت لەسنووری ئێران ئاوای ئەم دیو کرد. کاربەدەستانی دەسەڵاتداری بزوتنەوە بە ئاشکرا ڕیان دەگەیاند هەر کەس لە شارەکان دا وەمینی جاشە و هەرکەس ئامادە نەبێ ماڵەکەی بەرێتە ئێران جاشە. لە ئاکام دا جگە لە بەشێک لە دانیشتوانی ناوچە سنووری .یەکان هەرچی بنەماڵەی پێشمەرگە و تەنانەت قاچاغی غەیری پێشمەرگەش بوو لە ئێرانیان پەستاوت

تمەنی"دەوڵەتی شاهنشاهی"!! لە کوردستانی عێراق ئاشی پێ دەکەرا. ئەگەر ئابووری ئەودەمی ئێران وەک ئێستا کز و لەرزووک نەبوو و پوولی ئێران لە زۆربەی وڵاتەکانی دەرەوە وەک پولێکی ڕەواج وەردەگیرا بەڵام لە کوردستانی عێراق لە نەتیجەی زۆر بوونی تمەن و کەم بوونی دیناردا دینارێکی عیراقی ١٩ تمەنی ئێرانی پەوە پالی وەبیست و هەشت تمەن دا. بە دوای ئەوەدا لەسەر خەڵکی کوردستانیان کرد کە هەر کەس دینار لە بیست تمەن زیاتر بفرۆشێ سزا دەدرێ و کاتێک بەوەش باشاریان نەکرد بەرەسمی موعامەلەیان خستە سەر .تمەن و بەو کردەوە ناوچەی ژێر دەسەلاتی بارزانی لە باری ئابوورییەوە بوو بە بە شێک لە ئێران

خۆ لە باری نیزامیشەوە وەزعەکە لەوەباشتر نەبوو. لەسەرەتادا تۆپخانەی دوور هاوێژی ئێران لە خاکی ئێرانەوە ناوچە سنووری یەکانی عێراقی دەکوتا. بەڵام زۆری پێ نەچوو کە شەرم و شکۆ هەڵگیرا و ئەرتەشی ئێران لە خاکی کوردستانی عێراق دا جێگیر بوو. ئەم جار ئیتر بە هەر جێگایەک دا ڕۆیشتبای تۆپخانەی ئەرتەشی ئێران و شەبەکەی دژی هەوایی و تەنانەت مووشەکی دژی هەوایی ئێرانت دەدی. ڕێبوارێک لە نێو جەرگی کوردستانی عێراق دا زۆر جار تووشی دەستەیەک پێشمەرگە دەبوو بە کوردی قسەی لەگەڵ دەکردن حاڵی نەدەبوون. پاشان بۆی دەردەکەوت کە ئەو بە ناو پێشمەرگانە شاهەنشا بۆ ڕزگارکردنی کوردستان!! بە هاواری بارزانی بەوە ناردوون.

لە ئاخر و ئۆخری پاییزی١٣٥٣ دا وەزعەکە وای لێ هات کە بێجگە لە ناوچەی سولەیمانیی لە تەواوی جەبهەکان دا شەری ئەسڵی لە نێوان ئەرتەشی ئێران و ئەرتەشی عێراق دا بوو هەر ئەو دەم کە هێندێ لە کاربەدەستانی سەر بە دەزگای بارزانی دڵخۆشی خەڵکیان بەوەدەدایەوە کە ئێرانی یەکان تۆپی وایان هێناوە لوولەکەی تۆ میتر درێژە. دڵسۆزی مەسەلەی کورد دەیانی زانی کە وەختێک ئێران و عێراق پێکەوە بەشەر دێن، سبەی ڕۆژیش ئەوانن کە پێک دێن و لەو ناوەدا کوردەکە دەم لە پووش دەبێ، دیارە زۆر لە مسئوولەکانی پارتیش ئەو نیکەرانی یەیان بەتوندی هەبوو بەڵام چما لە ترسی بارزانی دەیان وێرا قسە بکەن؟

لە بەفرانباری١٣٥٣ ڕۆژنامەنوسێکی بێگانە لە حەمەڕەزاشای پرسی:" لەوانەیە ئێوە لەسەر حیسابی کوردەکان لەگەڵ دەوڵەتی عێراق ڕێک کەون؟ حەمەڕەزا شا لە وەڵام دا کوتی:"ئێمە هیچ وەخت نیازمان نیە کوردەکان بفرۆشین بەڵام دیارە وەختێک دوو لایەن پێک دێن لایەنی سێیەم دەبێ شتێک بدۆڕێنێ" بەداخەوە ئەو جوابە سەریحەی حەمەڕەزاشاش نەیتوانی بارزانی لە خەو ڕاپەڕێنێ و هەروەک هەمیشە جێگای هومێدی بارزانی" هەوەڵی شا- دووهەم خوابوو.

لەسەرتای مانگی١٩٧٥ دا بە بیانووی کۆنفرانسی ئۆپیکەوە شا و سدام حسین لە ئەلجزیرە پێتەختی ئەلجزائیر چاویان بە یەک کەوت و بە نێو بژی کەری" هەواری بومیدیەن" ڕێککەوتننامەی بەناوبانگی شەشی مارسیان ئیمزا کرد. ئەو ڕێک کەوتنە هێندێک ناکۆکی کۆنی سەرسنووریشی تێدا چارەسەر کرابوو. بەڵام مەسەلەی ئەساسی ڕێککەوتننامەی سێ ماددەیی ئەلجەزیر دوایی هێنان بە پشتیوانی شا لە بزوتنەوەی کورد و تەنانەت هاوکاری دوو دەوڵەتی ئێران و عێراق لە دژی بزوتنەوەی کورد بوو.

بە بڵاو بوونەوەی خەبەری ڕێک کەوتنی شا و سدام نیکەرانی هەموو کۆڕ و کۆمەڵەکانی دڵسۆزی مەسەلەی کوردی داگرت، زۆر کەس هەر دەسبەجێ تێگەیشتن کە بزوتنەوەی ژێر سەرکردایەتی بارزانی ئاخر ڕۆژەکانی تەمەنی بەسەر دەبا بەڵام هێندی کەس هیوادار بوون کە بزوتنەوەی کوردی عیراق بە شێوەی پارتیزانی درێژە بە ژیانی خۆی بدا. بەپێی خەبەرانە کە ئەو دەم گەیشتن لەسەرتا دا شوورایەکیش سێک هاتبوو بۆ ئەوەی بە ژمارەیەکی کەم پێشمەرگەی ئازاوە شەڕێکی درێژخایەنی پارتیزانی دەست پێ بکا. بەڵام بارزانی سەفەرێکی

تاران دەکا چاوی بە شا دەکەوێ و دەگەڕێتەوە ئەمجارە دژی هەر- چەشنە بەربەرەکانی یەک ڕادەوەستێ و بەڕەسمی ئاش بەتاڵەکە ڕادەگەیەنێ. چاش ئاوا بوون بۆ کوردستانی ئێران بارزانی بەشێکی زۆر لە کوردە ئاوارەکان لە نەغەدە کۆدەکاتەوە و قسەیان بۆ دەکا. لەوێش دا بۆ ئەوەی هیچ ڕێگایەک نەهێڵێتەوە دەڵێ جاران چەکمان پێ بوو سەدی٣٠ هیوام بە سەرکەوتن هەبوو. بەڵام ئێستا سەدی ٧٠ هیوادارم بەم زووانە سەرکەوین. بەم جۆرە شەڕی یەک ساڵەی ١٣٥٣ی کوردستانی عێراق کە زیاتر بە هاندانی ڕیژێمی شاو ئیمپریالیزمی ئەمریکا دەستی پێ کرابووە بە دەستووری ئەوانیش کۆتایی هات و پاش یەک ساڵ مەرگ و ماڵ وێرانی پاش ئەوەی گەلی کوردی عێراق بەو یەک ساڵە زۆر زیاتر لە نۆساڵی پێش ١٩٧٠ قوربانی دا و پاش ئاوارە و دەربەدەر بوونی سەدان هەزار کوردی عێراقی سەرۆکایەتی بارزانی تەواوی دەسکەوتی چەند ساڵ خەباتی گەلی کوردی بە هاندانی دوژمنانی کورد بەفیرۆدا. ئێستاش کە ئێستایە نە بارزانی و نە بنەماڵەکەی تەنانەت حازر نەبوون تۆزقاڵێکیشلە مەسئوولیەتی ئەو شکستە مێژووییە وەئەستۆبگرن و دان بەوە دابنێن کە مسقاڵێکیش هەڵەیان کردوە. بەڵام دوای ئەو تێکۆشانە گەورەیە زۆرشت بۆ خەباتکەرانی گەلی کورد ڕوون بووە و زۆر نهێنی ئاشکرا بوون. هەر چەند ئەو شکستە بۆ گەلی کورد زۆر گران تەواو بوو. بەڵامتاقیکردنەوەی بە .نرخیشی دایە دەستی تێکۆشەرانی دوا ڕۆژی ڕێگای ڕزگاری کوردستان

ساڵی ١٩٧٥ بە دوای ئاش بەتاڵی بارزانی دا "پایک" ڕاپۆرتێکی پێشکەشی مەجلیسی نوێنەرانی ئەمریکا کرد کە لەودا بە بەڵگەوە سەند پەردەی لەسەر هاوکاری بارزانی و سیا واتە دەزگای جاسوسی ئەمریکا و کۆمەکی شازادە میلیون دۆلاری ئەمریکا بە بارزانی هەڵدابوو. ئەو ڕاپۆرتە لە ڕۆژنامەی"ویلاچ وویس" ئەمریکایی دا .بڵاو کرانەوە

بەڵام بارزانی و دەست و پێوەندەکانی هەتا ساڵی١٩٧٧ بە ڕەسمی باسی ئەو هاوکاری یەیان نەدەکرد. لە ٩ی مانگی فیورییەی ١٩٧٧ دا بارزانی ئەو کاتە لە ئەمریکا دەژیا نامەیەکی بۆ سەرکۆماری ئەو وەختی ئەمریکا جیمی کارتەر نووسی بوو. پاشان کارتەر وەڵامی نەدابووە لە ڕۆژی٣ی مارسی ئەو ساڵەدا نامەیەکی دیکەی بۆ جیمی کارتەر ناردبوو لەگەڵ ئەودا روونووسی نامەیەکی هێنری کیسنجر وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریکاشی بۆ ناردبوو کە لە ٢٢ی مانگی فێورییەی ١٩٧٧ دا بۆ بارزانی نووسیبوو هەروەها بارزانی لە ١٤ی فێورییەی ١٩٧٧ دا نامەیەکیشی بۆ ئەندامانی کۆنکرەی ئەمریکا ناردبوو. ئەو نووسراوانە وەختی خۆی ئەمریکا و ئورووپا بڵاوکرانەوە و نوسخەکەیان لەلای حیزبی ئێمە هەیە. بەڵام لێرەدا چەند بەشی بچووک لە نامەکانی بارزانی بۆ جیمی کارتەر باس دەکەین تا بزانین بە چ هیواو هومێدیکەوە چاوی بریوەبە ئەمریکا و .چۆن بە ئیمانەوە داوای کۆمەکی لە کارتەر کردووە

بارزانی لە نامەی خۆی دا بەڕاشکاوی ڕیژێمی شا و ئیمپریالیزمی ئەمریکا بە دۆست و پشتیوانی خۆیدەزانێ :و دەنووسێ

**کاتێک پێکەوە ژیانی بە ئاشتی لەگەڵ ڕێژیمی بەعس لە توانادا نەما ئێمە ڕوومان کردە دۆستە ئەمریکایی و" "ئێرانی یەکانمان**

هەموو کەس دەزانێ کە بارزانی لە ئێران دا بێجگە لە ڕیژیمی شا دۆستایەتی لەگەڵ کەی دیکە نەکردووە. .کەوابوو دۆستە ئێرانی یەکەی شایە و دۆستە ئەمریکایەکەشی"سیا" یە نەک کەلانی ئێران و ئەمریکا

:بارزانی لەسەر نووسنەکەی دەروا دەڵێ

پێیان گوتین کە شۆڕشی کورد هەم لەلایەن ئەمریکا و هەم لەلایەن ئێرانەوە یارمەتی دەدری بە جۆرێک کە کوردەکان بتوانن دژی ڕیژیمی عێراق خەبات بکەن و بۆ ئەوەی خودموختاری یەکی ڕاستەقینە بۆ کورد و ."حکوومەتێکی دیموکراتی بۆ عێراق دابین بکەن

بەو جۆرە بارزانی هیوای بەدۆستە ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستەکانی بووە کە خودموختاری ڕاستەقینەی بۆ .وەربگرن

بارزانی زیاتر لەسەری دەروا و بە ڕاشکاوی دەڵێ کە لەسەر قەولی ئەمریکا و ئێران شەڕی سازکردوتەوەتەوە. :سەرنج بدەن

کاتێک قانوونی خودموختاری بە چەشنێ یەک لایەنی لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە ڕاگەیاندرا کە ئیعترافی بە" لانی کەمی مافی نەتەوایەتی گەلی کورد نەدەکرد. ئێمە لەبەر قەولی یارمەتی دۆستەکانمان ئەو قانوونەمان ."ڕەت کردەوە

:دواتریش دەنووسێ

."ئێمە تەنیا دەمانەوی قەولی خودموختاری کە بە ئێمە دراوە بێتەدی "

وەک دیتمان بارزانی ئیعتراف دەکا کەلە سەر قەولی ئەمریکا و ئێران قانوونی خودموختاری ع[راقی ڕەت .کردوەتەوە و داواش دەکا ئەمریکا و ئێران قەولی خودموختاری کە بەویان داوە بیبەنە سەر

بێ جێ نیە لێرەدا ئەوەش بکوترێ کە ئەو قانوونی بارزانی دەنووسێ: ئیعتراف بە لانی کەمی مافی .نەتەوایەتی کوردی تێدانیە وەک قانوونی شتێکی باشە و زۆر لە داواکانی گەلی کوردی تێدا کونجاون

نوێنەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە چاوپێکەوتن لەگەڵ بەنی سەدردا داوایان کرد کە ئەو خودموختاری یەی دەوڵەتی عێراق ئیعترافی پێ کردوە بدەن بە کوردی ئێران. بەڵام ئەو دەوڵەی ئێستا

بنەماڵەی بارزانی بە دڵ و گیان جاشایەتی بۆ دەکەن حازر نەبوو نەک ئەوە بەڵکوو نیوەی ئەوەش بدا بە کوردی ئێران.

لە کۆتایی نامەکەدا بارزانی بە تەواوی دڵپاکی و ئیمانی خۆی سەبارەت بە جیمی کارتەر و سەرکۆماری کەورەترین وڵاتی ئیمپریالیستی دەردەبڕێ و دەنووسێ:

:"پەنجا ساڵە گەلی من بڕوا و ئیمانی تەواوی خۆی داوە بەمن. منیش ئو بروایە پێشکەشی ئێوە دەکەم".

سەیر لەوە دایە بەڕێوەبەرانی قیادەی مووەقەت لە یەک دووساڵی ئاش بەتاڵ دا هەمیشە حاشایان لەوە دەکرد کە پەیوەندی یان بە بارزانی یەوە مابێ و تەنانەت جاروبار ڕەخنەشیان لە ئاکار و کردەوەی سەرۆکایەتی پێشووی پارتی دەکرت. کەچی بارزانی تەواوی نامەکانی خۆی بەناوی سەرۆکیپارتی دیموکراتی کوردستانەوە ئیمزا کردبوو. دوارۆژیش نیشانی دا کە قیادی موقتیش هەر بارزانی بریویەتی و هەربارزانی درووپەتی. ئێستاش لە بەرچاومانە کە بەڕێوەبەرانی تازەی ئەو تاقمەیە لەسەر ئەوە سوورن کە ڕێگای بارزانی ڕێگای لەڕێ لادانی بزوتنەوەی کورد و ڕێگای هاودەستی لەگەڵ ئیمپریالیزم و کۆنە پەرستی درێژە پێ بدەن. تەنانەت هەوڵ دەدەن چەندین هەنگاویش لە بارزانی پێشتر کەون. بە پیرۆزیان بێ!.

هەڵوێستی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەرامبەر بە قیادە موقت دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران

پاش زیاتر لە یەکساڵ ڕاپەڕین و قوربانی دانی گەلانی ئێران لە ٢٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ دا شۆڕشی خەڵکی ئێران یەکەم قۆناخی سەرکەوتنی بڕی و یەکێک لە کۆنەپەرسترین و درندەترین ڕێژێمەکانی سەر بە ئیمپریالیزمی لە ڕۆژ هەڵاتی نێوەڕاست دا تێکەوە پێچا. ئەو سەرکەوتنە ئەگەر بۆ خەڵکی ئێران مایەی جەژن وشادمانی بوو بۆ بەڕێوەبەرانی دەزگای بکرێگیراوی بنەماڵەی زەبرەیەکی کرچوو بڕ و دڵ تەزێن بوو. چونکە ئەوانە هیچ پیوەندیەکی دۆستانەیان لەگەڵ گەلانی ئێران دا نەبوو. و جاری نەشیان توانیبوو لەگەڵ کاربەدەستانی تازە بەسەرداکەوتووی حکومەتی خومەینی ڕێک کەون. شەپوولی قین و توڕەیی و نارەزایس بەرامبەر بە قیادەی موقت سەرتاپای ئێرانی داگرتبوو زۆربەی حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان و سەرتاسەری ئێران داوایان دەکرد تەواوی ئەفرادی قیادەی موقت لە ئێران دەربکرێن. سەر بەند و بن بەندی هەموو باس و خواسێکی سیاسی دەهاتەوە سەر قیادە و ئەو تاقمەیان لە زۆربەی جینایەتەکانی کۆن و تازەی کاربەدەستانی ئێران دەرهەق بە کۆمەڵانی خەڵک دا بە بەشداری دەزانی .

ئەگەرچی حیزبی دیموکراتی کوردستان زیاتر لە تەواوی ڕێکخراوە ئێرانی – یەکان شارەزای ئاکار و کردەوەی دژی گەلی سەرۆکایەتی ئەو تاقمە بوو هەرچەند حیزبی ئێمە پتر لە هەمووان کوتەکی خۆفرۆشی و بەکرێگیراوی ئەوانەی کەوتبوو بەڵام لەبەر هەستی مەسئوولیەت بەرامبەر بە چارەنووسی گەلی کورد و هەزاران ماڵی لێقەوماوی کوردی عێراقی کە لەئێران دا ئاوارە و سەرگەردان بوون هیچ کاتێک فکری تۆڵە

ئەستاندنەوەی نەبوو هەموو کاتێک لەو باوەڕەدا بوو کە پاداشی جینایەت و خیانەتی ئەو تاقمە دەبێ بەرەفتاری باش لەگەڵ کوردە عێراقی یە دەربەدەرەکان بداتەوە. هەبۆیەش هەموو جێگایەک دژی ئەو داوایە .راوەستا کە کوردە پەنابەرە عێراقی یەکان لە ئێران دەربکرێن

بەدوای سەرکەوتنی شۆڕش دا کاتێک نوێنەرانی دەوڵەتی کاتی موهەندیش بازرگان هاتنە مەهاباد تاقە نوێنەری حیزبی ئێمە لەو کۆبوونەوەدا زۆر دژی بەندی هشتی داخوازەکان بوو کە داوای دەکرد ئەفرادی قیادەی موقت لە ئێران دەربکرێن. دوایەش کە ئەوبەندە بەزۆربەی دەنک پەسەند کرا حیزبی ئێمە چەندین جار بەرسمی ئەو داخوازەی بە شتێکی غەیرە مەسئوولی داناو رەتی کردەوە. کۆمەلانی خەڵکی کوردستانی ئێران شاهیدێکی زیندوون کە حیزبی ئێمە لەسەر ئەو سیاسەتە چەندی قسە پێ گوترا و چۆن لەلایە زۆربەی .رێکخراوە سیاسی یەکانی ئێرانەوە پەلاماری توندی تەبلیغاتی کرایە سەر

بەلام حیزبی ئێمە دیسان لەسەر ئەو سیاسەتە مەسئوولانەیەی خۆی رۆیشت و ئەوەندەی لە تواناشی دا هەبوو خەڵکی کوردستانی ئێرانی بۆ کۆمەک بە پەنابەرانی کوردی عێراق هان دا. هەزاران ماڵی عێراقی کە لە ناوچەکانی دوور دەستی ئێران سەرگەردان بوون بە موافەقەتی حیزبی ئێمە گەڕانەوە کوردستان و بە .تەشویقی ئێمە لە کوردستان داجێگا و رێگایان بۆ دابین کرا و حاوانەوە

لە کۆنفرانسی گەلان لە تارانیش کە نوێنەری زۆر لە حیزب و رێکخراوە سیاسی یە ناوچەیی و سەرتاسەری یەکانی ئێرانی تێدا بوو تەنیا رێکخراوێک کە دژی هێرش کردن بۆ سەر قیادە موقت راوەستا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو. لە بریارنامەی کۆنفرانس دا بە زۆربەی دەنک بریارێک لە دژی قیادەی موقت پەسەند کرا بەلام هەر لەوێ دا بە سەراحەت گوتراوە کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران موخالیف بووە.بە کورتی لە گەل ئەوەی زۆربەی هێزە سیاسی یەکانی ئێران و بە تایبەتی کوردستان بە توندی لە دژی قیادە موقت کاریان دەکرد حیزبی ئێمە هیچ وەخت هەڵوێستی دوژمنانەی بەرامبەر- یان نەگرت و هەر لەو باوەڕەدا بوو کە ئەوانە وەک میوانێک دەبێ چاویان لێ بکرێ و بە پێی توانا یارمەتی خێزانە- .لیقەوماوەکانیان بدرێ

بەلام هەڵوێستی قیادە بەرامبەر بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و بزوتنەوەی کوردی ئێران چ بووە؟

لە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران هەتا ئێستا سیاسەت و هەڵوێستی رێبەرایەتی پارتی واتە قیادە موقت بەرامبەر بەگەلی کورد و حیزبی دیموکراتی کوردستان هەمیشە ئەوە بووە کە هەر کاتێک هەستیانکردوە بزوتنەوەی گەلی کوردی ئێران لە پێشکەوتن دایە و ئەوان گەلەکەیان ناسکە کەوتوونە زمانی لووسی ورپاکاری و هەر وەختێکیش هەستیان کردبێ بۆ خۆیان بە هێزن و بزوتنەوەی کوردی ئێران لەپاشەکشەدایە. هێرشیان کردوە و دوژمنانە بزووتونەوە. لە رۆژەکانی پاش سەرکەوتنی شۆڕش دا ئەو کاتە کە وەزعیان زۆر پرزە بوو و جاری ئاغای تازەیان رووی خۆشی پێیان نەدا بوون موراجەعەی حیزبی ئێمەیان کرد و ئامادەیی خۆیان بۆ

هەر چەشنە هاورکاری یەک نیشان دا. بەڵێنی شەرەف!! یان دا کە لە کاروباری نێو خۆی ئێران دا بە هیچ جۆر دەخالەت نەکەن و تەنانەت وایان نواند کە بێ پرس و ڕا و موافەقەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان قامک لەو .ئاو ڕۆناکەن و هەرچی حیزب بۆیان دابنێ لە قسەی دەرناچن

کەچی لە شەڕی سێ مانگەی ساڵی ١٣٥٨ دا کە بە خەیاڵی خۆیان حیزبی ئێمەیان زەعیف هاتەبەر چاوو پێ یان وابوو گەلی کورد لە بەرامبەر هێرشی کۆنەپەرستی ئێران دا خۆی پێ ڕاناگیرێ هەرچی لە دەستیان هات دژی بزوتنەوەی گەلی کورد و حیزبی دیموکراتی کوردستان کردیان. هەر لە سەرەتای هەڵگیرسانی ئاگری شەڕی سێ مانگەدا کاتێک کۆنەپەرستان لە پاوە شەڕیان بە گەلی کورد فرۆشت حیزبی ئێمە قافیلەیەکی کۆمەک و تەقەمەنی بەرەو ناوچەی هەورامان وەڕێ خست. بەڵام چەکدرەکانی قیادە لە دزڵی پێشیان پێ گرتن و بەهیچ جۆر ڕێگایان نەدان بڕۆن. لە ئاکام دا پێشمەرگەکانی کورد لە ناوچەی پاوە لەبەر نەبوونی ئازووقە و تەقەمەنی ناچار بوون پاشەکشە بکەن وبەو جۆرە پێشی بەرەگرتنی هێرشی کۆنەپەرستی بەرەڵا بوو. ئەگەر ئەو خەیانەتەی قیادە موقت نەبایە و شۆڕشگێرانی کورد

لە پاوە لەوەختی خۆی دا کۆمەک وەوموهیماتیان پێ بگەیشتایە بەبێ شک چارەنووسی شەڕی کوردستان .جۆرێکی دیکە دەبوو

کاتێک هێرشی دووژمن بە بەربلاوی لەهەموو ناوچەکان دا دەست پێ کرا لە ناوچەکانی شنۆ نەغەدە و پیرانشار پێشمەرگەکانی ئێمە ناچار بوون هێندی بنکەی خۆیان لە سەر جادەکان چۆڵ بکەن کەچی چەکدارەکانی قیادە موقت کە هەمیشە لە پێشەوەی هێزە سەرکوت کەرەکانەوە دەڕۆیشتن بێشەرمانە تەواوی .ئەو جێگایانەیان گرتەوە و تەنانەت ئازووقەی پێشمەرگەکانیشیان بەتاڵان برد

وەختێک شاری شنۆ کەوتە ژێر دەسەلاتی ئەوان خەڵکی بەشەرەف و قارەمانی شنۆیە خۆپیشاندانێکی ئارامیانساز کرد. بەڵام خۆفرۆشانی قیادە تەقەیان لەو خەڵکە بێ دیفاعە کرد شەش کەسیان لێ کوشتن و یازدە .کەسیان لێ بریندار کردن

جگە لەو دوژمنایەتی بەڕاستە و خۆیە و سەرباری ئەوەی بۆ خۆیان هەمیشە شوێنە ستراتیژی یەکانیان بۆ دوژمن دەگرت لە ناوچەی ورمێ دەستیان کرد بە دەلالی و کەڕان بە نێو سەرۆک عەشیرەتەکانی ئەو ناوچەیە دا. لە ئەنجام دا بەشێکی زۆر لەو سەرۆک عەشیرەتانەیان هەڵفریواند و چەکی خیانەتیان دانە دەست و .کردیانن بە جاش

بەرامبەر بەو خۆش خزمەتی یە کۆنەپەرستی ئێران ڕووی مەرحەمەتی تێ کردن و مانگی دەمیلیون تمەنی جاشانە بۆ برینەوە کە پووڵی شەش مانگ واتە شەست میلیون تمەنی بە ئاگادرای و لە پیش چاوی ئەفسەرێکی ئەندامی حیزبی ئێمە لە ژاندرەری کلی کیشوەر بە نەغدی تەسلیمی دەستی جەنابی ئیدریس .بارزانی کورد پەروەر!! کرد

لە پایزی ساڵی ١٣٥٨ دا کاتێک کۆنەپەرستی ئێران لەبەرامبەر قارەمانەتی و فیداکاری گەلی کورد دا بە چۆک داهات دیسان قیادەی موقت دەندەی کۆڕی و بە رواڵەت هەڵویستی دۆستانەی گرتە پێش. دیسان وایان نیشان دا کە دەست لە کاروباری نێو خۆی ئێران وەنادەن و بە پێچەوانەی قازانجی . کوردی ئێران ناجوڵێنەوە. لە پاش تازەبوونەوەی شەڕ لە بەهاری ساڵی١٣٥٩ دا لە پێ دا سیاسەتیان دۆستانە بوو. بەڵام دوایە کە بە خەیاڵی خۆیان حیزبی ئێمە زەعیف بوو کەوتنە دوژمنایەتی.

لە خەزەڵوەری ساڵی ١٣٥٩ دا چەکدارەکانی قیادە موقت لە ناوچەی مەریوان بە ناوی ئەوە کە دەیانەوێ بچنەوە دیو لەشکر و موهیماتێکی زۆر بەرەو دزڵی وەڕێ دەخەن. پێشمەرگەکانی حیزبیش بە پێی سیاسەتی گشتی حیزب کە قەت نەبویستوە لەگەڵ کوردەکانی دەرەوەی ئێران سیاسەتی دوژمنانەی هەبێ پێشیان ناگرن. بەڵام بە کرێگیراوانی قیادە زۆر بەنامەردانەوە بنکەی پێشمەرگەکانی حیزب لە دزڵی بەردەسرێژی موسەلسەل و ئاگر خومپارە دەدەن.

لە ئاکام دا زیاتر لە ١٥ پێشمەرگەی ئێمە شەهید و بریندار دەکەن و ڕێگای ئیستراتیژیکی دزڵی دەگرنەوە و دوو دەستەکی تەسلیمی پاسدارانی دەکەن. بەوجۆرە بنەماڵەی بارزانی ئەوەندەی لە توانایان دا بووە لە دەستیان هاتوە لە هەموو دەرفەتێک بۆ زەربەوەشاندن لە بزوتنەوەی بەرهەقی گەلی کورد کەڵکیان وەرگرتوە. بزوتنەوەی کوردی عێراقیان بەو ڕۆژەکەیاند کە دیمان و ئێستاش دەیانەوێ بزوتنەوەی کوردی ئێران تووشی وەها چارەنوسێک بکەن.

لە باری سیاسیشەوە بنەماڵەی بارزانی و بەناو پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق هەرچی بۆیان کراوە دوژمنایەتی ئێمەیان کردوە زستانی ڕابردوو کاتێک کە خۆ فرۆشی بەزیو ڕەحمانی کەریمی پیلانی لە دژی حیزبی ئێمە گێڕا و ویستی پێشمەرگەکانی ئێمە تەسلیمی دوژمنی کورد بکا بەرێوەبەرانی ئەو تاقمە خۆفرۆشە لەسەرەتاوە تا ئاخر هاودەستی یان لەگەلی کورد و پاشانیش کە پیلانی خائینانەی کەریمی بە وشیاری خەڵکی قارەمانی کوردستان پوچەڵ کرایەوە ناوبراو پەنای بۆ مۆڵگەی جاشەتی ئەوان برد و قیادەش بە گەرمی باوەشی بۆ کردەوە و پەنای دا. کاتێکیش کە حیزبی ئێمە بە نامەیەکی ڕەسمی ڕەخنەی لەو کردەوەیان گرت لە وەڵام دا نووسیان کە ئێمە کەریمی بە خائین نازانین و بە ئینسانێکی دڵسۆزی دەناسیت. دیارە لە قامووسی ئەوانەدا هەکەس لە دژی قازانجی گەلی کورد هەنگاوێک هەڵێنێ دڵسۆز و نیشتمانپەروەرە و بە شەرەفە!! ماشەڵلا و هەزار ماشەڵلا.

ئێستا ئەو پرسیارە دەیتە پیشی کە بنەماڵەی بارزانی چیان لە گیانی خەڵکی کوردستانی ئێران دەوێ؟ بۆچی لە ئێرانن و نەخشەیان بۆ دوا ڕۆژ چیە؟ ئەو خائین و خۆفرۆش لەبەیاننامە و نووسراوەکانی خۆیان دا وانیشان دەدەن کە گویا ئەوان بۆخودموختاری کوردستانی عێراق تێدەکۆشن و گویا ئێمە ڕێگایان نادەین بچنە عێراق. لەکاتێک دا بە پێچەوانەی ڕەفتاری ئەوان کە نەیاندەهیشت ژن و منالی برایانی ئاوارەی ئێمەش

لەناوچەکانی سنووری ئێران دابنیشێ ئێمە هەمیشە گوتوومانە کە دەتوانن دەچنەوە خاکی خۆیان و لەوی دا بمیننەوە و لە خاکی کوردستانی عێراق هەر چی بکەن ئازادن و بە ئێمەشمەربووت نیە.

بە شاهیدی دۆست و دوژمن پارکە ئەوان داوایان کرد ڕێگایان بدەین بچنەوە عێراق و گویا لەوی بمێننەوە. ئێمە نەک هەر ڕێگامان دان بەڵکوو بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسی یەکانی کوردستانی عێراق تووشی کێشە نەبن بە پێشمەرگەی خۆمان ئیسکورتمان کردن تا گەیشتنەوە خاکی عێراق. کەچی قەت مانگێکی پێوە نەخرا کە بەغاردان هەڵاتنەوە خۆیان لە جاشخانەکانی ئێران هاویشتەوە.

باشە پرسیارەکەمان دووبارە دەکەینەوە: ئەوانە بۆ لە ئێرانن؟بۆچی شەڕ بە کوردی ئێران دەفرۆشن؟ ئەم دواییانە ئیدریس بارزانی لە کووبوونەوەیەکی جاشەکانی شیمال دا کوتوویەتی تەنیا بنەماڵەی بارزانی حەقیان هەیە داوای خودموختاری بۆ کورد بکەن. هەر حیزبێک لە هەر بەشێکی کوردستان دا داوای خودموختاری بکا ئێمە لێ قبوڵ ناکەین.

دبارە کەس هەقی ئەو کوێخایەتی یەی بە نۆکەرانی گوێ لە مستی سیای ئەمریکا و موسادی ئیسرائیل نەداوە. بەڵام ئەگەر ڕاست دەکەن.و بۆ خۆیان پێیان وایە بۆ هەقی کورد تێدەکۆشن بۆچی ناچنەوە وڵاتی خۆیان لە کوردستانی عێراق خودموختاری دابین بکەن؟ ئەو هەموو ناوچە بەتاڵەی سنووری کوردستانی عێراق هەیە بۆچی بنکەیەکیان لێ نەکردوەتەوە؟ داخوا بە کوشتنی ژن و منداڵ و پیر و پاتاڵی کوردستانی ئێران خودموختاری بۆ کوردی عێراق وەردەگرێ؟

بەرێوەبەرانی بەناو پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق ئێستا بە نرخێکی هەرزان خۆیان بە ڕیژێمێک فرۆشتوە کە نەک هەر خودموختاری کوردستان بە ڕەسمی ناناسێ بەڵکوو لەبنەڕەت دا هەشیتی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری بە کفر و بەپێچەوانەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەزانێ. ئەو تاقمە ئێستا لەگەڵ کۆنەپەرستترین جاش و سەرۆک عەشیرەتەکانی دیکە یەکیان گرتوە ئەوانە بوونە هاوپالەی کەسانێک کە خوێنی هەزاران کوردی هەژاریان ڕشتوە و هەزاران بنەماڵەی جوتیاریان لەسەر جێگا و ڕێگای خۆیان هەڵکەندوە.

بێشەرمی ئەو خۆفرۆشانە گەیشتوەتە ڕادەیەک کە لەکاتی هێرش کردن بۆ سەر ناوچە ڕزگار کراوەکان بە سەرۆک جاشەکانیان گوتوە ئێوە تەنیا مەسئوولیەتەکەی وەئەستۆ بگرن باشتەکە بەناوی ئێوە بێ. ئەگینا شەڕەکە ئێمە دەیکەین و بۆ خۆمان بەرەنکاری پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەبینەوە ئێستا بۆ هەموو گەلی کورد و بەتایبەتی کوردی عێراق هەیە کە لەو خۆ فرۆشانە بپرسێ بەوکارە دەیانەوێ کوردی عێراق ڕزگار بکەن یان خودموختاری بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان وەربگرن؟ بەڵام کەسیش نابێ چاوەڕوانی وەڵامی ئەو پرسیارە بێ. چونکە وەڵامەکەی لەلای ئەوان نیە. ئەوان لەسەرەوەڕا دەستووریان پێ

دراوە و ئەوە دەزگاری جاسوسی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە کە دەتوانێ هۆی کردەوەی خەیانەتکارانەی قیادە ڕوون بکاتەوە.

# مەسەلەی دزرانی تەرمی مەلا مستەفا بارزانی

پێش ئەوەی بێنە سەر ئەو باسە پێویستە بگوترێ دووساڵ و نیو پێش ئێستا کاتێک مەلا مستەفا بارزانی لە ئەمریکا و لە ماڵی دۆستە خۆشەویستەکانی مرد. لەگەڵ ئەوەی وەک لە پێشەوە باسمان کرد لە ئێران و بە تایبەتی کوردستان دا بیروباوەڕی دژی قیادە زۆر بە هێز بوو حیزبی ئێمە موافەقەتی کرد کە جەنازەی بارزانی بێتەوە شنویە بە خاک بسپێردرێ.

لە ڕۆژی ناشتنی تەرمی بارزانیش دا خەڵکی بەپەرەفی شنۆیە زۆر پیاوانە میوانداری دەیان هەزارکوردی عێراقی و ئێرانی یان کرد کە هاتبوونە سەر قەبران. ئەندامانی حیزبی ئێمەش هەمو جۆرە خزمەت و هاوکاری یەکیان بۆ ناشتنی تەرمی بارزانی بەکار هێنا.

دیارە بۆ ئێمە تا ئێستاش ڕوون نەبوو کاتێک بارزانی کە لە ئەمریکا مردوە و حکوومەتی عێراقیش بە ڕەسمی ڕێگای داوە بیبەنەوە لە عێراق بی نێژن چۆنە کە لە نێو ئەو جێگایەی لێ مردوە و ئەو جێگایەی لە دایک بووە جێگایەک و وڵاتێکی دیکە بۆ ناشتنی تەرمەکەی هەڵدەبژێرن. ئەگەر مەبست ئەوەبێ کە گویا وەختێک بیبەنەوە عێراق خۆ ئەگەر لە ئەمریکاش نێژرابایە ئیمکانی ئەو کارە هەر هەبوو. کێ دەزانێ دارودەستەی بارزانی هەر ئەو دەم بویە یان تەرمی بارزانی نەهێناوەتەوە ئێران کەلە ڕۆژێکی پێویست دا شانۆسازی یەکی وەک ئەمساڵ بکەن و بیکەنە بیانووی پەلامار بۆ سەر خەڵکی کوردستانی ئێران . لەوانەشە ئەو وەخت شتی وایان بە نیازدا نەهاتبێ بەڵام تازە دەستیان لەوە هەڵگرتبێ جارێکی دیکە بچنەوە عێراق و بۆیە بیانەوەێ کلکۆی بارزانی لە نزیک خۆیان بێ و هەر وەختیش ویستیان بە هۆی ئەوەوە پەنابەرەکانی کوردی عێراق لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوە.

بەهەر حاڵبێنە سەر باسەکە.ڕۆژی دەی پووشپەڕی ئەم ساڵ لە شنۆوە خەبەر بە بەڕێوەبەرایەتی حیزبی ئێمە گەیشت کە تاقمێکی خۆ فرۆش و خوانەناش بەشە و کلکۆی مەلا مستەفا بارزانی یان داوەتەوە تەرمەکەیان دزیوە. بەڕێوەبەرایەتی حیزبی ئێمە زۆر بەو خەبەرە نارەحەت بوو و بەرەسمی لە دەنگی کوردستانی ئێرانەوە ئەئەو تاوانەی وەک کردەوەیەکی دژی ئینسانی و دژی ئیسلامی مەحکووم کرد. بە خۆش یەوە هەر ئەو ڕۆژە خەبەر گەیشت کە تەرمەکە دۆزراوەتەوە و بە حورمەتەوە تەسلیمی بنەماڵەکەیان کراوەتەوە. دیسانیش کۆمیتەی ناوەندی بڕیاری دا کە لەو کارەساتە بکۆڵێتەوە و تێ بکۆشێ ئەو تاوانبارانە بدۆزێتەوە بە سزای خۆیان بگەیەنێ. لەو بارەوە ڕێنوێنی و دەستووری پێویست بە کۆمیتەی شارستانی حیزب لە ناوچەی شنۆیەش درا.

بەڵام زۆر بە سەر سوڕمانەوە دیتمان داروودەستەی قیادە و لە سەرووی هەموویانەوە مەسعود بارزانی کە گویا سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانە زۆر پێتانە و بێشەرمانە دەستیان کرد بە بەیاننامە دەرکردن و درۆ و بوختان هەڵبەستن بۆ حیزبی ئێمە کە گویا دزرانی تەرمی بارزانی بە ئاگاداری و دەستووری حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە. هەر بە دوای ئەو درۆ و دەلەسەیەش دا بە رەسمی هەرەشەیان کرد کە ئەو کارە بێ سزا ناچێ و یان روحیان لەبەر دانابێ یان قینی دڵیان بە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دەرێژن. رادیۆ شرەکەشیان کە بە ئیمکانی ڕێژیمی کۆنەپەرستی خومەینی لە مەرکەودری ناوچەی ورمێ دامەزراوە لێکدا لێکدا دەستی کرد بەبلاو کردنەوەی تۆمەت و بوختانی بێشەرمانە لە دژی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بزوتنەوەی میللی دیموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران.

تەنیا جوابی ئێمە بۆ ئەو هەمو درۆ و دەلەسەیەی بەکرێگیراوانی ئیمپریالیزم ئەوەندە بوو کە لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانەوە ڕامان گەیاند ئێمە دەرهێنانی تەرمی بارزانی جارێکی دیکە مەحکووم دەکەین و بە هەموو تواناماناوە بۆ دۆزینەوەی تاوانبارەکان تێدەکۆشین. بەڵام ئەگەر هێندێک کەس بیانەوێ ئەو ڕووداوە بکەنە بیانوو بۆ ئاژاوە نانەوە لە ناوچەی شنۆ و ورمێ دەبێ بزانن کە لەگەڵ هێزی یەکگرتووی شەش میلیون کوردی ئێرانی بەرە و ڕوو دەبن.

پاش نیو بڕی کردنی هێندێک لە هێزە سیاسی یەکانی کوردستان لە سەر داواو و پێشنیاری ماڵی بارزانی ! بریاردرا کۆمیسیۆنێکی هاوبەش لە نوێنەرانی حیزبی ئێمە و قیادە و ئەوهێزە کوردستانی یانە بۆ لێکۆڵینەوە لەو کارەساتە پێک بێ. کەچی کاتێک ئەو کۆمسیۆنە لە شنۆیە کۆبووەوە ، هیچ نوێنەرێک لەلایەن قیادەوە نەهات.کاتێک نوێنەرانی حیزبی ئێمە هۆی نەهاتنەکەی پرسیبوو برایانی کوردستانی گوتبوویان کە قیادە پێی خۆی بوە ئەمجارە تەنیا ئێمە بێن و بۆ جاری دووهەم ئەوانیش نوێنەری خۆیان بنێرن.

هەر ئەو دەم نوێنەری حیزبی ئێمە و نوێنەری کوردستانی یەکانی گوتبوو کە ئەو هەرەشە و گورەشەی بارزانی یەکان دەیکەن و ئەوە کە حازرنین بێنە لای ئێمە و لە کۆمسیۆن دا بەشداربن ئەو فکرە بۆ ئێمە دێنێتە پێش کە ئەو کارە دەستی خۆیان کراوە. چونکە ئێمە ئەگەر بمانەوێ شەر بە قیادە بفرۆشین پێویستمان بەو جۆرە کارە دژی ئینسانی یانە نیە. ئەوان زۆر تاوانیان دەرهەقی ئێمە کردووە کە ئەگەر بمانەویستایە شەریان لەگەڵ بکەین دەبوو لەسەریان وەدەنگ بێین. بەڵام وادیارە ئەوان دەیانەوێ شەرێک بە ئێمە بفرۆشن و ئەو شانۆیەشیان بۆ ساز کردوە کە هەستی هێندێ لە برا کوردە عێراقی یەکان لە دژی ئێمە هان بدەن. پاشان نوێنەرانی هێزە کوردستانی یەکان گوتبوویان کە ئێستا قیادە ئەو توند و تیژی یەی نەماوە و زیاتر بە شێوەیەکی سیاسی و ئووسوولی بۆ مەسەلەکە دەچێ و لەوانەشە بۆ جاری دووهەم حەتمەن نوێنەری خۆی بنێرێ. هەڵبەتە ئێمە زۆرمان پێ خۆش بوو کە قیادە ڕێگای ئەقڵ و مەنتیقی گرتبێ و ئامادە بێ پێکەوە تاوانبارانی ئەو کارەساتە بدۆزینەوە. کەچی بەداخەوە دەرکەوت کە بەو جۆرە ویستویانە براکانی نوێنەری

هێزە سیاسی یەکانی کوردستانیش فریو بدەن و لەبن پەردەوە خۆیان بۆ پیلانی شەیتانی خۆیان ئامادە بکەن.

لێکۆڵینەوە لەمەسەلەی دزرانی جەنازەی بارزانی هێندێک شتی سەرنج راکێشی خستە روو جارێ تەرمی بارزانی تەنیا بیست میتر دوورتر لە قەبرەکەی بە ساغ و سلامەتی دۆزرابووە. ئەمجار دەرکەوت کابرایەک بە ناوی رحیم میران کە لەلایەن ماڵی بارزانەوە ئاگاداری گۆرستانەکەی پێ سپێراوە سێ چوار مانگ بووە بەو نێوەدا نەهاتوە. تەنیا رۆژی پێش ئەو رووداوە پەیدابووە و پیاوێکی بەکرێ گرتوە کە سبەینێ بێ گیای سەر گۆری بارزانی بدروی. بۆ بەیانیش پێش دنیا رووناک بوون هەر ئەو کابرایە چوتە لای باوکی کرێکارەکە و گوتوویە با کورەکەت نەیە چونکە جەنازەی بارزانی دزراوە.

دوای ئەو شانۆسازی یە رەحیم میران چوتە مەرگەورە خەبەری بە بارزانی یەکان داوە. بەڵام لە رێگا تووشی هەرکەس بووە گوتویە دەچمە ورمێ و کاتێک هاتوتەوە شنۆیش وای نیشان داوە کە ئاگای لە دزرانی تەرمی بارزانی نیە. پاشانیش هەڵاتوە و چوتە لاس مەسعود بارزانی و ئێستاش کە ئێستایە لە باوەشی خۆیان گرتوە نەیان هێشتوە بێتەوە شنۆیە کە تەحقیقی لێ بکرێ.

بەڵام رووداوەکانی دواتر هێندی شتی تازەشیان دەرخست. جاری دەرکەوت کە کورانی بارزانی بۆ بردنە پێشی پیلانی دژی گەلی خۆیان زۆریان لەو رووداوە کەڵکی خراپ وەرگرتوە. ئەوان هێندی لە کوردە پەنابەرە عێراقی یەکانیان بەو جۆرە لە دەوری خۆیان کۆکردوەتەوە و لەدژی خەڵکی کوردستانی ئێران و بە تایبەتی حیزبی ئێمە هانیان داون. جگە لەوەش سەرۆک عەشیرەتە کوردەکانی دەورو پشتی ورمێ خائین و خۆفرۆشەکانی تاقمی بەکرێگیراوی حەوت کەسیشیان لە خۆیان هاڵاندوە و هەموویان پێکەوە نەخشەی هێرش بۆ سەر ناوچەکانی مەرگەور و تەرگەورە و دە.... و شنۆیان کێشاوە. ئەوە بوو کە بەکەڵک وەرگرتن لە دڵپاکی ئێمە و بە ئاگاداری لەو راستی یە کە پێشمەرگە خۆی بۆ شەرێکی وا ئامادە نەکردوە پێش جاش و پاسدار و ئەرتەشی ئێران و بە کوشتدانی دەیان کەس لە کوردە- هەڵخەڵەتاوەکانی عێراق لە پشتەوە خەنجەریان لە گەلی کور دا. ناوچەی مەرگەوەر و شنۆیان لەدەستی پێشمەرگە دەرهێنا و دیانە دەستی دوژمنی فاشیست و کۆنەپەرستی گەلی کورد.

بەڵام دوای ئەو خیانەتەی قیادە لە هێندێک سەرچاوەی باوەرپێکراوی نێو خۆیانەوە چەند گۆشەیەکی دیکەی مەسەلەکەش روون بوونەوە. دەرکەوت کە هەشت مانگ بووە رێژیمی خومەینی جاشانەکەی نەداوە بە قیادە. بەڵام بە دەست خۆشانەی ئەو خیانەتە بێجگە لە چەک و تەقەمەنی جاشانەی هەشت مانگیان لەسەریەک دوانێ. کە ئەگەر زیادی نەرکدبێ. دەکاتە هەشتا میلیون تمەن. لەوخای بە زیاد بێ، بۆ کەسانێک کە دین و ئیمان و گەل و نیشتمانیان بە پوول فروشتووە هەشتا میلیون تمەن کاڵتەی پێ ناکرێ.

جگە لەوە ئیسپات بووە کە ئەمانە لەسەر دووپەت یاری دەکەن ئێستا کە سەڵتەنەت خوازن لە تورکیەوە دەیانەوێ بێنەوە ئێران دارودەستەی قیادە لە گەڵیان ڕێک کەوتوون کە بە یارمەتی ئەفسەرانی شا دۆستی نێو ئەرتەشی حکوومەتی ئاخوندی ناوچەی ورمێ یان بۆ پاک بکەنەوە بەو شەرتە کاتێک گەڕانەوە ئێران و دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت جاشانەی ئەوان مەحفووز بێ. کەوابوو شانۆ-سازی دەرهێنانی تەرمی بارزانیش هەر لە خزمەتی ئەو ئامانجە شەیتانی یەدابووە و هەر بەدەستی چەپەلی داروودەستەی قیادەی جێ بە جێ .کراوە

لە کۆتای دا دەمانەوێ دوو مەسەلە بخەینە بەرچاوان ئەو کوردە پەنابەرە عێراقی یانە کە هێشتا هەستی پاکی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری یان تێدا بە هێزە و بێ ئەوەی بۆ خۆیان بزانن کەوتوونە دوای ئەو تاقمە خۆفرۆش و بەکرێگیراوە. یەکەم ئەو خوشک و برایانەی دەزانن کە کاتی خۆی لقی یەکی پارتی لە دهۆک لقی دوو لە هەولێر، لقی سێ لە کەرکوک، لقی چوار لە سولەیمانی و لقی پێنجیش لە بەغدا بوو. کەچی ئێستا بۆ خۆیان دەبینن کە مەرکەزی ئەو لقانەی پارتی کەوتوەتە پیرانشار و مەرگەوەر و کەرەج و شوێنەکانی دیکەی ئێران. سەرکردە خۆفرۆشەکانیان بەو پەڕی بێ شەرمیەوە تابلۆی زەلام و قەبەشیان لە بەر دەرکی ئەو ناو لقانەی پارتی هەڵاوەسیوە. داخوا خوشک و برا کوردە عێراقی یەکان هیچ بیریان لەوە کردوەتەوە کە ئەو کارە مانای ئەوەیە بنەماڵەی بارزانی بە یەکجاری خواحافیزییان لە عێراق کردوە و دەیانەوێ بۆ هەمیشە لە ئێران .بمێننەوە. ئەویتر نەک بۆ کوردایەتی بەڵکو بۆ خیانەت و جاشەتی؟

دووهەم ئەوەیە کە هەرچەند ئەو خۆفرۆشانە بەکەڵک وەرگرتن لە نیاز پاکی حیزب و پێشمەرگە توانیویانە هێندێ جێگا داگیر بکەن بەڵام گەلی شەش میلیون کوردی ئێران هەرگیز ئەو خیانەتە نابەخشێ و لە .داهاتوویەکی نزیک دا خەیانەتکاران بە سزای خۆیان دەگەیەنێ

کەوابێ باشتر نیە و ئەو کوردە هەڵخەڵەتاوانە پێش ئەوەی مۆری خیانەتیان بە نێو چاوانەوە بنووسێ و پێش ئەوەی دەستیان بە خوێنی برایانی خۆیان سوور بێ و بەرلەوەی بە ئاگرێک کە سەرۆکە خۆفرۆشەکانیان .هەڵیان گیرساندوە بسوتێن بەرگی جاشەتی و خیانەت فڕێ دەن و بێنەوە باوەشی گەرمی میللەتی کورد جا

هیوادارین هەم ئەو خوشک و برا کوردە عێراقیانە کە کەوتوونە دوای قیادە و هەم کۆمەڵانی بەشەرەفی کوردی عێراق بەکشتی جارێک بۆ هەمیشە جەوهەری خۆفرۆشانەی داروودەستی قیادە بناسن و مۆری جاشەتی و خیانەتیان بە نێوچاوانەوە بنێن بە هیوای سەرکەوتنی بزوتنەوەی هەقخوازانەی گەلی کورد و ڕووڕەش .بوونی هەرچی زیاتری بەکرێگیراوان و خۆفرۆشان

بۆ هەموو حیزب و ڕێکخراوە دیموکرات و پێشکەوتنخواز و دژی ئیمپیریالیستیەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

.کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران سلاوێکی گەرمی شۆڕشگێڕانەتان پێشکەش دەکا

# خیانەتی بنەماڵەی بارزانی

## .:چەمکی خیانەت

ئەگەر لە هەر وڵاتێکدا لەم گۆی زەمینە، پێوەرێك هەبێت بۆ چەمکی خیانەت، ئەوا بە داخەوە و بۆ نەگبەتی کورد لە نێو فەرهەنگی ئێمەدا هیچ پێوەرێك نییە. چۆن ساڵانێکە بە میزاج حزب و حکومەت کراون بە یەك ماڵ و کەس ناتوانێت بچووکترین بەراورد بکات لە نێوانیاندا، ئاوهاش لە سەر هەمان نەزم و بە میزاجی حزبی و بە ئارەزووی خۆیان هەر لایەنە بە شێوازێك تەفسیر بۆ چەمکی خیانەت دەکات. کەسیش نازانێت حزبە باڵا دەستەکان بۆچی و لە پێناو چی شتێکدا ئەو هەویرە بەو شێوەیە دەشێلن، لە بەرنامەیاندایە بیکەن بە کێك یان !کولیچە یانیش تا نەیکەن بە سووتماك دەسبەرداری نابن

لە دووای پرۆسەی ئازادیی ئێراق و لە سەر وەختی درووستکردنی لیستی هاوپەیمانی و ٧٣٠ ئەو دیو بازگەی رێگای سلێمانی، زۆرێك لە خەڵکی سادەو خاکی کە هیچ شتێکیان لە ئەلف و بێی سیاسەت نەدەزانی، بە هەموو ئەقڵییانەوە ئەوەیان دووپات دەکردەوە تازە ئەو دوو حزبە بوونە بە ... یەك!! لە کاتێکدا لە هیچ !شوێنێکی ئەم دونیایەدا نەبووە کە دوو حزب خاوەن دوو رێبازگەی جیاواز، ببن بە یەك

ئەو خەڵکە ناهەقیان نەبوو، چونکە ئەوەندە تامەزرۆی راگرتنی شەڕی کورد کووژی ئەو دوو حزبە بوون، پێیان سەیر بوو لە پڕێکدا مێژووی چل ساڵی رەبەق لە شەڕی برا کووژی لە نێوان شەوو رۆژێکدا بکرێت بە یادەوەرییەکی بێ ئەرزش و هەر یەکەیان پاکانە بۆ ئەوی دییان لە پێش چاوی کامێراکان بهێننەوە. لە دووای ئەوەی ئێستا رێککەوتنی ستراتیژی لە نێوان هەردوو زل هێزەکەی کوردستاندا هەیە و بە لیستێك بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکەن، لە هەمووی سەیرتر ئەوانەی وا لە راگەیاندنەکانی هەردوولادا ئیش دەکەن، باسی کیانی لێپرسراوێتی دەکەن و ئەوە دەدەن بە گوێی بیسەراندا کە هەرگیز ئەوە ئەمان نەبوونە داهاتی مرۆیی و ماددی ئەم میللەتە ستەمدیدەیان بۆ ساڵانێکی زۆر لە پێناو شەڕێکی بێ مرووەتدا بە هەدەر دەداو ئەوەی کە بەلایانەوە هیچ جۆرە گرنگییەکی نەبوو کیانی لێپرسراوێتی بوو و لە .بەرژەوەندی حزبدا خاك و میللەتیان لە دوژمنانی کورد زیاتر دابەشدەکرد

گریمان ئێستا رەوشەکە گۆڕاوەو بەرژەوەندییەکان وا دەخوازن کە ئەمیان لە ناوەند پۆستی هەبێ و ئەوی دییان لە هەرێم، ئایا ئەگەر رەوشی هەرێم پرۆسەی دابەشکردن بەو شێوە نەبووایە ئێستا ئەوانیش وا !دەبوون؟

ئەوەی کە وا لە بیسەر و بینەر دەکات لەم رۆژانەدا پەنجەی پەشیمانی بگەزێت، ئەویش ئەوەیە هەرگیز ئەوە ناخەنە ئەستۆی خۆیان بە شێوەیەك خۆیان نەبان دەکەن وەکو ئەوەی نە بایان دیبێ و نەش باران! لە

هەمووشی سەیرتر ئەوەیە کەسێك کە ئەرکی ئەو لە بوواری راگەیاندندا بێت، باسی ئاشکراکردنی شتی ژێر بەرە بکاو بە زوبانی هەڕەشە ئامێز وەکو کارتێك بە کاری بهێنێت، ئەگەر ئەمە زوبانی کاراکتەری کەسێك بێت کە کاری راگەیاندنەو دەبێت خۆی لەو زوبانە ببوێرێت کە خەڵکانی دەرەوەی ئەو بووارە قسەی پێدەکەن، دەبێت لە کاتێکدا کە لیستە جیاوازەکان زۆرینەی دەنگ بهێنن ئەو زوبانە تەرجەمە نەکرێتە سەر بەکار هێنانی !توندوو تیژی و خوێن رشتن؟

ئەگەر ئێمەی کورد لە دەستووردا یان لە ژێر پەرچەمی سیستەمێکدا تەفسیرێکمان هەبێت بۆ چەمکی خیانەت، ئەو کاتە دەتوانین هەموو ئەو رووداوانەی کە دەچنە قاڵبی خیانەتەوە بیانهێنینە بەر باس و ئەگەر پەرلەمانیش یاسایەکی هەبێت بۆ ئەو چەمکە ئەوا ئەو کات بە پێی دەقی ئەو یاسایە دەتوانرێت پۆلێنی خیانەتەکان بکرێت. لە هەموویشی سەیرتر لە دووای راپەرینی بەهاری ١٩٩١وە هەر جۆرە دەستێوەردانێکی دەرەکی و شتێك کە بچێتە قاڵبی خیانەتەوە لە لایەن هەر لایەکەوە بێت، هێندەی ئەو دوو حزبە لێیان بەرپرسیارن، بەرپرسیارێتی ئەوکی هیچ لایەنێکی دیکە ناگرێتەوە، چونکە ئەوان هۆکاری درووستبوونی ئەو بۆشاییانە بوون و بەو پێیەش هەر خۆیانیش لێی بەرپرسیار دەبن. ئەوان بۆشایی سیاسیی و ئیدارییان درووستکردوو ئاڵکانە شەرێکی خوێناوییەوە کە ئەگەر بە زەحمەتی نازانن دەتوانن بە راشکاوانە ناوێکی لێ !بنێن؟

ئەمرۆ هەرێمی کوردستان رووبەرووی ئەزموونێکی نوێ دەبێتەوە، ئەویش لە رێی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە، پێویست بەوە ناکات لە حەژمەتی لیستی جیاوازو سەربەخۆ پەنا ببەین بۆ تەفسیر کردنی چەمکە میزاجییەکان، چونکە ئەگەر لە رابردوودا هەر هەڵەیەك یان خیانەتێك روویدابێت، ئەوا پشکی ئەو خیانەتە بەر هەموو لایەك دەکەوێت و هەر هەمووش لێی بەرپرسیارن، بۆیە ئەرکی ئێمە لە ئێستادا ئەوەیە با لە هەوڵی بەرجەستە کردنی تەفسیرێکدا بین بۆ چەمکی خیانەت، نەك ئەگەر لە گەڵم بوویت نیشتیمان پەروەری و ....ئەگەریش بوویت بە ئۆپۆزسیۆن بە مۆرکی خیانەت بلکێن بە تەوێڵتە

لە مێژووی دوورو نزیکی گەلی کورددا ، ئەوەندەی کە خیانەتی ناو خۆیی و دەستی رەشی خیانەتکارانی کورد زەرەریان لە رەو تو بزاڤی رزگاری خوازی ئەم گەلەدا هەبووە هیچ کات ، دووژمنانی دەرەکی نەیان توانیوە ئەوەندەی ئەم دەستە خیانەت کارە کاریگەری نێکە تیڤیان هەبێت لە سەر نەخشە و رەوتی رزگاری خوازی ئەم میللەتە ، ئەوەی کەم لێرەدامەبەستمە ئاماژەی پێ بدەم خیانە تی ئەم بنە ماڵەیە یە لە مێژووی رزگاری خوازی گەلی کوردستاندا ، و دەر کەوتی سەرەتای خیانەتەکانی ئەم بنە ماڵەیە هەر لە سەرەتای دروست بوونی کۆماری مهاباتەوە ، لەراستیدا بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لە سەر چاوە زارەکیەکانەوە دەگیرڕێتەوە ، ئەو مەلامستەفایەی کە هەر لەسەرەتاوە تۆوی دووبەرکی نێو شۆڕشەکانی کوردستان بووە ، هاو کات گەرای سەرهەڵدانی خیانەتیش بووە لە نێوکورددا لە مێژووی سەد ساڵی رابووردوودا ، دەستی باڵای هەبوو لە لە سێدارەدانی قازی محەمەدو هاورێکانی ، بەرێکەوتنی ژێربەژێری لە گەڵ شای ئەوکاتی ئێران و چەندین سەرۆك عەشیرەتی تری ئەوکات ، هەروەها تواندنەوەی شۆڕشی ئەیلول و هەرەس پێ هێنانی ئەو

شۆڕشە ، لە ساڵی ١٩٧٥ و دزینی زیاتر لە ٧٥ ملیون دیناری ئەو کاتی ئەو شۆڕشە ، جگە لە شکاندنی ئیرادەی ئەو هەموو پێشمەرگە جەسورو بە ئەمەکەی خەباتی ڕزگاری خوازی گەلەکەمان ، و بەفیرۆدانی ئەو هەموو پێداویستی یە لۆجستی و تقەمەنیەی کە دەشوبهایە ئیمکانیاتی حکومەتێکی دانەمەزراو . ئەمانە هەموو بەفیتی بنە ماڵەی بەرزانی خیانەتکارو خائینی نێو خەباتی ڕزکاری چوونە زبڵدانی مێژووەوەو بۆ دواین جار ئەو هەموو هیواو ئاواتەی خەڵکی کوردستان بەدەستی ئەم مەلاخیانەتکارە زیندەبەچاڵ کران . لە پاش ئەو نسکۆیەش بارزانی خائین بەوەوە نەوستاو لە بەر بەرژەوەندی بنە ماڵەیی فتوای دا کە جارێکی تر شۆڕش نەکرێتەوە و کەسیش بۆ نیە شۆڕش هەڵگیرسێنێتەوە وە ك ئەوەی کە ئەم پیاوە نە خۆشە خائینە باوکی کوردبێت کە ئێستا لە لایەن پاش ماوە خائینەکانیەوە بە باو کی ڕۆحی نەتەوەی کورد پێناسە دەکرێت ، شەرمەزاری مەلا مستەفاو بنەماڵە پاشماوە خائینەکەشیان کە ئێستا دەسەڵات دارەتی هەرێمی کوردستانیان لە دەست گرتوە بە ناچاری لەو سەر دەمەدا و بۆتواندنەوەی یەکجارەکی بیری ڕزگاری خوازی و ئازادی وەك پیشەی مەلای باوکیان هەستان بە دروست کردنی چەندین کروپ و تاقمی تیرۆریستی لە ژێر چاودێری و هاوپەیمانیەتی ساواك کە دەزگای ئەو سای هەواڵگری ڕژێمی شابوو ، بۆ سەرکوت کردنی کوردەکانی ئێران و سەرکوت کردنی بەیەکجارەکی بیری سەرهەڵدانەوەی شۆڕش ، ئەم بنەماڵەیە لەپاش بەرەو کۆڕچوونی مەلای قیادە مەوەقەتیان دروست کرد بۆ بەر پەرچ دانەوەی خەباتە ڕەواکەی ئەوسای حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و بە ڕشاستیش وابوو سەدان پێشمەرگەی ئەو کاتەی ئەم حزبەیان شەهید کرد و بوبوونە قەڵخانی ڕژێمی شاو دەزگا سەرکوت گەرەکەی کە ساواك بوو ، بەڵام ئیرادەو هیوای خەڵکی کوردستان لە ڕۆژ هەڵت و باشور زۆر لەوە زیاتر بوو ئەمبنە مالچە خیانەت کارە بتوانن بەری پێبکرن و بۆ یەکجارەکی ئەو هیواو ئومێدە بسڕنەوە ناچار بە شێوەیەکی بەر پرسیارانە کەوتنە تیرۆرکردنی خەڵکی کوردستان ، لە هەر چوار پارچەکە ، زنجیرەی خیانەتی ئەم بنەماڵەیە لەوەتێی پەڕاندووە کە من لەوتارێکی ئاوواداو بەوردی باسی بکەم بەڵام بەشێوەیەکی گشتی خیانەتی ئەم بنەماڵەو ئەم بەرزانیانەی کە من ئێستاش بەکوفری دەزانم ئەم دڕندەو خیانەت کارانە بەکورد بزانم ، چوونکە هەمیشە پەڵەیەکی ڕەش بوون بە ناوچەوانی گەلەکەمانەوە . لەوە زیاترە کە من لە چەن قۆناغێکدا باسی دەکەم ، چوونکە خیانەتی ئەم بنەماڵەیە دەبێت لە
خوێندنکاسەرتایەکانەوە بخوێندرێت بۆ ئەوەی هەموو ئەو نەوە یەك لە دوای یەکان ئاشنای خیانەتی ئەم بنە ماڵەیە بن ، و ئەم بنە ماڵە تاسەر ئێسقان خائینە بناسن . ەب هەرحاڵ ، قۆناغی دووەمی ئەم خیانە ت کارانی بنەماڵەی بەرزانی درێژ بەوتەوە بۆ ئایندەش ، لەپاش ئاشبەتاڵەکە و سەر هەڵدانەوەی شۆڕش لە ڕێکای هەکاری کە دەکەوێتە نێوان هەر سێ وڵاتی داگیر کەری کوردستان تورکیاو ئێران و عێراق کۆمەڵێك پێشمەرگەی بێچەکی ئەو کاتی شۆڕشی نوێ کە لە هەکاریە وە بەرەو سنورەکانی سوریا بەرێکەوتبوون بۆ هێنانی چەك لە سوریا ، بەڵام بەداخەوە کە ئەوە گەورەترین کارەوسات بوو لە لایەن قیادە مەوەقەتەی پارتی یەوە زیاتر لە هەزار پێشمەرگە بە ئیمزای کەماڵ کەرکوکی کە ئێستا سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانە و بنەماڵەی بەرزانی شەهید کران ، هاوکات ئەم خوێن ڕشتن و کورد کوشتنەی بنەماڵەی بەرزانی هەر بەردەوام بووشۆڕشی شاخ هەمووی بەشەڕی ناو خۆ لە شاخ کۆتای پێهات ، تا پاش ڕاپەڕینەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ ی خەڵکی کوردستان ، دواتر هەمان بنەماڵە شەڕێکی تری خوێناویان هە ڵگیرساند و تیایدا زیاتر لە ٣٥ هەزار کەسی

تیاکوژراو کۆتایی یەکەشی بە هێنانی دەبابەکانی حکومەتی بەعس بۆ سەر پەرلەمان و داگیرکردنی کوردستان جارێکی تر کۆتایی هات ، بە فشارو کاریگەری دەرەکی ئەم بنەماڵە لە مێژوو جاش و خائینەدا ، دەست بەرداری شەڕی ناو خۆیی بوو ، پاشان هێرشی کردە سەر پارتی کرێکارانی کورستانی تورکیا و لەوێش هەموو ڕۆژێك جگە لە چەکدارە بەکرێگیراوەکانی خۆی سوپای تورکیای دەهێنایە سەرکرێلاکانی پەکە کە . لە پاش پرسەی داگیر کردنی عیراق لە لایەن هێزە هاوپەیمانەکانەوە و گۆڕانی ژینگەی سیاسی و کاریگەریەکانی عەولەمە و بەرتەسك بوونەوەی شەڕی ئاشکراو کوشتار ، ئەوا ئێستا کەوتونەتە پەلاماری تیرۆریستی ، و ڕۆژانە خەڵك تیرۆر دەکەن ، لە ئەو رو پا هەڵیان کوتایە سەر کەمالی سەید قادروو بە خەستی بریندایان کرد ، سۆرانی مامە حەمەیان لە کەرکوك لە بەر دەم ماڵە کە خۆیدا تیرۆر کرد ، ئەوە سەردەشتیان لە بەردەم زانکۆی سەلاحەدین لە پایتەختی کوردستان ڕفاندو تیرۆریان کردوو جەستەکەیان لە موسڵ فڕێدا دەیان جار چەتەکانی بەرزانی لە نەبەز گۆرانیان هەڵدا ، ئەمە جگە لەوەی کە چەندین هەڕەشەو گورەشەیان لە ڕۆژنمەنوسان و ڕوناك بیران و خەڵکی ترکردووە و دەرفەتی تیرۆر کردنیان نەبووە بۆ تۆڵەردنەوە بەناوی یاساوە شکاتیان کردووە ، سەرۆقادری پەروەردە کراوی دەستی ئەو بنەماڵەیە لە کۆڕێکی دا کوردی بە سەگ ناو زەد کرد ، ئەم دەستکەوتەکانی بنەماڵەی بەرزانیە لە مێژووی خەباتی ڕزکاری خوازی گەلی کوردستاندا ، ئێستاش دەزگایەکیان دروست کردووە بە ناوی ئاژانسی پاراستنی هەرێم کە مەسروور بەرزانی سەرۆکایەتی دەکات کە لە ڕاستیدا ئەم دەزگایە هەموو ئەو کارە تیرۆریستیانە جێ بەجێ دەکات ، ئەمە ئاژانسی پاراستنی بنەماڵەیە ، هاوکات وشیارزیباری لەوان خائینتر بە بەرچاوی دەیان کەناڵی ئاسمانیی و بیانیەوە پەکەکەی بە تیرۆریست ناساند . ئەمە لەکاتێکدا جگە لە و هەموو سەروەت و سامانەی کوردستان کە بەئاشکراو بەنهێنی دەیدزن و بەتاڵان دەی بەن . ئەمە کورتەیك لە مێژووی ئەم بنەماڵە خیانەتکارەی بارزانی کە بەناوی شۆڕشەوە لە مێژوودا تۆمار کراوە . داخۆ چەندین تاوانی تریش بە نهێنی و لە ژێر پەردەدا ئەنجام درابێت و ئاشکرا نەبووبێت

لەسەرەتای دروست کردنیانەوە بنەماڵەی بارزانی خەریکی خیانەتن لەدۆزی ڕەوای گەلی کورد نەک شۆڕش وەک خۆیان باسی دەکەن! هەمیشە سنورەکانی کوردستانیان والاکردوە بۆ دوژمنانمان زیاترلە ساڵی ١٩٤٦ خەریکی کپکردنی دەنگی نارەزایی و سوکایەتی کردنن بە گەنج ولاوی کورد لە هەرشوێنێک دەسەڵاتیان هەبوبێت بە ئێستاشەوە هەمیشەبە دەمی گلاویان ئەو ناووناتۆرانەیان لە دڵسۆزانی گەلەکەمان ناوە کە دووژمنانی گەلی کورد دڵخۆش بونە بە ئێمەی کورد بڵێن. وەک (یاخی ،فەرمان شکێن) یان دەستی دەرەکی، چونکە مەلا مستەفای باوکی مسعود بارزانی، سەرۆکێکی دیکتاتۆر و تاکرەو خۆبەگەوە زان بوە، وە پارەو دزی نێو حیزبەکەی، کە بەزۆر خۆی سەپاندوە بەسەر شۆڕشی ئەیلول وخۆی کرد بە سەرکردەی حیزب، کەهیچ ئاگاداری دامەزراندنی نەبوو هەمیشە هەوڵی دابوو بۆ دروست بوونی قەوارەیەکی خێڵەکی خۆسەپێن لەسەر بناغەی دیکتاتۆریەت و کەسایەتیەکی شێواوو نەزان لەسیاسەت نەخوێندەوارو درۆزان و داوێن پیس بوە،بەردەوام دژی خوێندوارەکانی نێو حیزبەکەی بوە تۆمەتی بێبنەمای بۆ هەڵبدەبەستن، کردەوە خراپەکانی مەلا مستەفا لەسەرردەمی سەرەتای شۆڕش بەدیارکەوتن لەساڵانی ١٩٦٥ وبەدروستکردنی ناکۆکی نێو

ئەندامانی حیزبەکەی هەوڵی لەناوبردنی داون وە هیچ باکی نەبوە کێشە نێو خۆییەکانی حیزبەکەی بباتە سەرخوانی دووژمنانی گەلەکەمان وەباکی لە ڕژانی خوێنی لاوی کورد نەبوە وەکەسێکی ناسیاسی و نائایدەلۆژی بووە لەکاروباری حیزبی بە ئێستاشەوە وەک میراتی بۆ نەوەکانی ماوەتەوە بەس ئێستا جیاوازیەکە ئەوەیە پارەی دزیان زۆرە سەدان و هەزاران راوێژکاریان بەپارە گرتوە بۆ شاردنەوەی خراپەکاریەکانیان، ڕووداوەکانی سەردەمی مەلامستەفاو مسعودو نێچیرو مەسرورهەمان ڕووداون هەروەک مێژوونوسان و شارەزایان دەڵێن مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە بێگومان خیانەت لای پارتی و بارزانی لەهەموو سەردەمێک خۆی دووبارە کردۆتەوە و دەکاتەوە ،دەمەوێ لێرە باس لەچەند بەراوردێک بکەم لە :خیانەتی سەردەمی مەلامستەفاو مسعودو نەوەکانی کە تەنها چەند نمونەیەکی بچوک باس دەکەم

**یەکەم**.مەلامستەفا هیچ شارەزایی لەبواری سیاسەت نەبوە هەر کاری ڕێکەوتنی نهێنی بوو بۆ فرۆشتنی کوردو کوردستان بەڵگەمان زۆرە وەک ڕێکەوتنی لەگەڵ رەزاشا بۆلەباربردنی شۆڕشی ئەیلولوئاشبەتاڵ کردنی، وەک ئەوەی رووی دا بەنائومێدکردنی گەلی کورد لەو ڕۆژگارەدا، بەهەمان شێوەی مسعود بەئەنجامدانی ریفراندۆم وسەرکدایەتی کردنی کۆبوونەوەکەی هاوینەهەواری دووکان ورێکەوتنی لەگەڵ سەرجەم حیزبەکان کە ریفراندۆم سربکرێت وە کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری بەدوای خۆیدا هێنا بەفرۆشتنی .کەرکوک ونائومێد کردن و ئاوارەبوونی خەڵکی

**دووەم**. مەلامستەفا دامەزرێنەری شەری براکوژی و هەڵگیرسێنەری تۆوی فیتنەگەری نێوگەلی کورد،بەتایبەت لەسالآنی هەشتاکان بەدروستکردنی شەری براکوژی بۆ پاراستنی پێگەی خۆی و بنەماڵەکەی لەپارتەکەی،مسعودیش هەمان شێوەی باوکی لەساڵی ١٩٩٤شەری براکوژی هەڵگیرساند خۆ مسعود دەیتوانی وەک خۆی سەپاند و خۆی کرد بە خاوەنی راپەرینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ ئەو هەڵەیەی باوکی دووبارە نەکاتەوە و قۆناغێک دۆزی گەلی کورد لەپێش چاوی جیهان پێشبخات، بەڵام نەی کرد چونکە ئەم ئەو خێڵە ،هەمیشە بەرژەوەندی تەسکی حیزبیان لە پێش هەمو پیرۆزیەکانی گەلی کورد بوە

**سێیەم**.بەردەوام لە نێو بنەماڵەی بارزانی لەهەموو سەردەمەکاندا لەسەردەمی شێخ ئەحمەدی بارزانەوە لەنێوخێزان و براکانی مەلامستەفاو ئامۆزاکانی شۆڕبۆتەوە ،بەهەمان شێوەی ئێستای سەردەمی مسعودی کوڕی ناکۆکی نێوان نێچیرو مەسرورو خانەوادەکانیان خەریکی چاڵ هەڵکەندنن بۆ یەکتری بۆ ئەو

هەڵوێستەی ئێستایان بەشکاندنی ملی یکتر زۆر دڵخۆشم وای دەبینم سزای خوایە بۆیان، دیسان مێژو خۆی .دووبارەکردەوە

**چوارەم**.دروستکردنی دۆخی ناهەموار لەکوردستان لە ساڵانی ١٩٧٥ لەسەردەستی مەلامستەفا بە نائومێدکردنی کورد لە شۆڕش کارگەیشتە ئەوەی خەڵکی پەنا بۆ خوکوشتن ببات بەهۆی خۆسەویستی زۆریان بۆ خاک ونەتەوە لەو رۆژگارەدا مسعودی کوڕیشی بەردوامە، لەدروستکردنی دۆخی ناجێگیرلەدوای ساڵانی١٩٩٤ بە شەڕی براکوژی لە ٢٠١٧ ریفراندۆم و خولقاندنی چەندەها قەیرانی جۆراوجۆر،...ڕۆشتنی !.گەنجان بۆدەرەوەی ووڵات تەنها بۆ پاراستنی کورسیەکەی

**پێنجەم**. مەلامستەفا ٣٣ساڵ سەرۆکی پارتی بوەتا ساڵی ١٩٧٩ داهێنەری ووشەی (سەرۆک بارزانی ) ئێستاش ،مسعودی کوڕی عەمایل، شاگردی باوکیەتی ٤٠ساڵە سەرۆکی پارتییە و پێی دەڵێن سەرۆک بارزانی !خوا دەزانێت ئەم ناوی سەرۆک بارزانیە ئەوەیە سەپاندنی خۆیان

**شەشەم**.مەلامستەفا هەر کاتێک گومانیلەتوانا و لێهاتووی ئەندامانی حیزبەکەی هەبوایە بەمەترسی دەزانی بۆ پێگەو کورسی و دەسەڵاتەکەی و لەناوی دەبرد،!!!بێ شک بەنهێنی و لە کەشێکی گوماناویدا وەک لەناوبرنی چەندین ئەندامی مەکتەب سیاسی لەو سەردەمە ،بەهەمان شێوە مسعود ومەسرور هەوڵی کپکردنی ......دەنگی نارەزایی و تیرۆرکردنی رۆژنامەنوسان لەم سەردەمە، ئەوەی نوسیومە دەنکێکەلە خەرمانێک

.....

# :.دالیای شەڕڤان و خیانەتێکی تری بنەماڵەی بارزانی بۆ مێژوو

دەسەڵاتدارانی هەرێم ئەو تۆپەڵە خائینانە، کە هەرێمێکیان لەماوەی ۳۰ساڵدا لە ژێر دەستایە، پەیتا پەیتا ڕووداوی سەیرو سەمەرە تێیدا ڕوودەدات، مرۆڤ ناتوانێت هێندە بینەری ئەو هەموو تاوانە قێزەونە بێت کە ڕۆژانە وەک ژار دەرخواردمان دەدەن. هار لەلەشکرکێشی و کۆلوانەسوری پێش سوپای داگیر کەرانەوە، تا شاردنەوەی جەلاد و تاوانبار و فرۆکەوانی بەعس و تورک و ئێرانی و سەدان هەڵهاتوی بەردەم دادگا و شاردنەوەیان، تا دەگات بەتیرۆرکردنی سەدان کورد لەبەشي داگیر کراوەکانی ترەوە ڕوویان لەهەرێمە دەکەن، ژنکوژیی و ڕۆژنامەنووسکوژ و ئۆپسیزۆنکوژ و کردنەوەی دەیان دەزگا و مۆڵی دەزگا تیرۆریستەکانی .جیهانی، کە لە ژێر کۆمەڵێک ناوی سەیرو سەمەرەدا بوونیان هەیە

لەدوێنێوە هەواڵی تەسلیم کردنەوەی " دالیای شەڕڤان" بۆتە باسی ڕووداکانی هەرێم. باوکی دالیا ڕوونکردنەوەی داوە و دەڵێت : دالیا لەرێکەی پارتییەوە تەسلیمی تورکیای فاشی کراوەتەوە. وەزارەتی ناوخۆ ئەمڕۆ ڕونکردنەوەی داوە. باسنویسی پاراستنیش دەستە خوشکەکەی میت لەماوەیەکی کورتا چیرۆکێکیان هۆنیەوە و دالیایان کردە دڵدارێکی عاشق و لەتاو مەعشوقەکەی خۆی تەسلیمی تورکان کردوە و ناوێکیشیان داتاشیوە گوایە گەریلاکە لەگەڵ دالیادا خۆشەویستی یەک بوون، گەریلاکە تەسلیم بۆتەوە بە تورکیا و دالیاش دوای کەوتووە بەقاچاغ جۆتە ناو تورکیا و دوایش خۆی تەسلیمی دەسەڵاتدارانی تورک کردوە، باسنیوس ڤیدیۆ کلیپێکیشی لەرێکەی دەزگای میتەوە بۆ دروستکراوە و ڕاستەو خۆ لە ماڵپەڕەکەیدا دایان ناوە. دالیا .لەکەڵ سێ ژاندرماریدا لەئۆتۆمۆبێلێک دادەبەزێت و دوایش بۆ نادیاری دەبەن

باسنویس دەڵێ: سەیرکەن دالیا نە کەلەپچە کراوە، نەهیچ جێکەیەکی ئەشکەنجەی پێوە دیارە، پاراستن هێندە بەکرچ و کاڵی ئەم سیناریۆیەی دارشتوە لەکەڵ تورکاندا، هێندەی دیکە رووی رەشی بۆ خۆیان و بنەمالەی بارزانی تۆمارکردووە، ئەگەر ئەو چیرۆکە راست بێت، گەر وایە ئەی بۆ میت ئەو ئەرکەشی نەکێشاوە کە ڤیدیۆی گەریلا تەسلیم بووەکەی بۆ نەناردون؟ گوایە گەریلاکە ناوی "سەلام رەمەزان محەمەد ناسراو بە ."تولهەلدان

ئەم سینارویە بێتامە، هەر ئیلهامی دراما تورکییەکان و لەوێوە هەڵهێنجراوە. پاراستن و دەزگا قەشمەرەکەی زانیاری هەموو جارێک سیناروێکەتان کە پێشانمانی دەدەن ئابڕوتان لەکەدارتر ئەکاتەوە، دەیسلمێن کە ئێوە کۆمەڵێک کەسانی منداڵ و بێ ئەقڵ، تەنانەت لەکارەکانی خۆتاندا نازانن بە جوانی درۆ هەڵبەستن، درۆکان وا ڕێکبخەن، خەڵکی بکەوێتە گومانەوە و بڕواتان پێ بکەن! بۆ جاری چونکە ئێوە ۳۰ساڵە ئێمە لەناو ئەو هەموو .لیک و دومەڵە پیسەی ناو مێشکەی ئێوەی خائیندا کنکڵ دەدەین

گەر دالیا خۆی چۆتە تورکیا و وازی لەخەباتکردن هێناوە، بۆچی لەجێگەیەک وێنەی دەگرن کە ژاندرمە و زریپۆش و سەدان جاسوس و پۆلیس و سەرباز دەبینرێت ؟ بۆچی ئازاد ناکرێت و ئازادانە بەرێگەدا بڕوات؟. پاراستن هێندە داماوە وادەزانێت بەم شێوەیە وێنەی گیراوە، و میت کەلەپچەی نەکردۆتە دەست، ئیتر ئەوە چیرۆکەی دروستیان کردووە بە راستی خەڵکی بڕوای پێ دەکات!؟ وەک خۆیان کە بەرخورد لەگەڵ گیراوەکانیاندا دەکەن.

دالیا سەر بە یەکینەکانی پاراستنی گەل بووە، یەکێک بووە لەشەڕڤانەکان، ئەو شەڕڤانە لەناو وانەکانی ئەخلاقەوە گەورە کراون، بەبەرچاوی دالیاوە سەدان دالیای وەک خۆی لەشەڕدا گیانیان بەخشیوەتە نیشتمان و کەرامەتی هەموو کوریان پاراستوە، باوکی دالیا دەڵێت: دالیا نەخۆش کەوتووە، بۆ چارەسەر ڕووی لەهەرێم کردوە، من هیچ گومانم لەم لێدوانەی باوکی دالیا نییە، بەڵام دەکرا باوکی یان یەکینەکانی پاراستنی گەل ئاماژەیان بە نەخۆشییەکەی بدایە، ئەو دەم هیچ گومانیان نەدەهێشتەوە. خاڵێکی تریش کە دەبوو ئاماژەی پێبدەن لەکوێ هەرێمدا بووە و لە کامە خەستەخانە چارەسەری وەرگرتوە؟

باوەڕم وایە کە لەداهاتویەکی نزیکدا وەڵامی ئەم شتانە وەردەگرین، ئەوەی جێگەی نیگەرانییە، وەزارەتی ناوخۆ کە زیاتر لە وەزارەتێکی سیخوڕی میت دەچێت، ڕوودەکاتە پەکەکە و دەڵێت ئێوە تۆمەت دەبەخشنەوە، لەکاتێکدا دەبێت ئێوە لەهۆکاری ئەوە بکۆڵنەوە کە بۆچی گەریلاکان هێزەکانتان جێدەهێڵن ؟ ئەمە قەشمەرترین پرسیارە، کە وەزارەتێک بیکات. چونکە چوار چەتەی داعش ڕووی لەشەنگال کرد، هێزێکی ١٥٠٠٠چەکداری پارتی نەک گوللەیەکیان نەتەقاند، بەڵکو هەموویان ڕایانکرد و گەلی ئێمەیان تەسلیمی چەتەکانی داعشکرد، ئەی بۆکەس نەی پرسی ئەرێ مەسعود بەرازی قارەمانەکەی ئێوە، چ بەشەرێک بوو، کەوا ئەم بێحورمەتیەی پێ کردن و ئێوەش ئەم جاشایەتییەتان قبوڵ کرد ؟

هەر لەو سەرو بەندەدابوو ڕووداو پەیامی داعشەکانی لەناو موسڵەوە دەدا بەگوێمانا و باسی جەوامێری دەوڵەتی تازەی دراوسێی بۆ پەخش دەکردین. پرسیاری لەژیان و گوزەرانیان دەکرد.

خاڵێکی لێک چوون هەیە لە نێوان تەسلیم کردنی "مستەفا سەلیمی" بەدەستی یەکێتی و دالیای شەڕڤان بەدەستی پارتی، بۆیە ئێستا یەکێتی زۆر پێداگری ناکات، بەڵکو لەمیدیا سێبەرەکانیشیەوە تەنها ڕوونکردنەوە قەشمەرەکەی وەزارەتی ناوخۆ یان بڵاوکردۆتەوە، بۆ ئەوەی بە پارتی بڵێت: ئێستا ئێمە فیفتی فیفتیین، ئێمە مستەفا و ئێوەش دالیا.

ئەو ڕونکردنەوەی وەزارەتی ناوخۆ زیاتر لەڕوونکردنەوەی دەزگا بەدناوەکەی پاراستن یان زانیاری دەچێت : دەڵێن دالیا شەڕڤان بووە، بەقاچاغ خۆی گەیاندۆتە تورکیا. ئێمەدەڵێین لەکاتێکدا بەدرێژایی سنورەکان شەرە و سوپای تورک و جاشەکانی لەهەموو جێگەیەکن، لەکوێوە ئەم شەڕڤانە رایکردوو چووە ناو تورکیا ؟ بۆ چیش ؟ بۆ ئەوەی دوای کوڕێکی نادیاری گەریلا بکەوێت چوونکە حەزی لێکردووە و ئاگری جگەر هەڵیگرتووە، وازی

لە هەموو شتێک هێناوە! پاشان گەر نیازی خۆ تەسلیم کردنی هەبێت بەتورکان، بۆ دەچێتە ناو قوڵایی باکور ؟ لەکاتێکدا سەدان گەجەرو گوجەری تورک لەهەموو چیزمەیەک لەهەرێم تەراتێن دەکەن، بۆ خۆی نەکرد بەناو یەکێک لەو هەموو بارەگاو ئاخورانەیا کە تورک لێی ئاسودانە نیشتەجێن ؟

مەسعود بارزانی پێی وایە دالیای برازای ساڵح موسلم، وەکو نەبیلەی کچی خۆی وایە، کە لە پاریسەوە بە کریانەوە گەڕایەوە، ئیتر بە زۆر بەسەر نێچیریاندا ساغ کردەوە! (تێبینی: ئەوە دانپێدانانی نێچیر خۆیەتی، کە لای یەکێک لە خزمەکانی دایکی باسی کردووە، وتبووی ئەگەر وام نەکردایە دەیانکوشتم).

وەزارەتی ناوخۆ کە وەکو بەشێک لە دەزگای میت و پاراستنە، با ناوی چوار شەڕڤانمان بداتێ، کە ڕیزەکانی شۆڕشیان جێهێشتبێت، ئەمە جگە لەشەرمەزاریی و خزمەتکردن و کۆیلایەتی بۆ تورک هیچ نییە.

ئەوەی جێگەی نیگەرانی منە هەموو مێدیاکانی باشوور، بە ئەهلییەکانیشەوە وەک ئەوەی هەنگوینیان لە کونە سەگدا دۆزیبێتەوە ڕاستەوخۆ ڕوونکردنەوەی وەزارەتی ناوخۆ بڵاودەکەنەوە، بە بێ ئەوەی ووشەیەک لەسەری بڵێن!، لەکاتێکدا ئەم میدیاکارە خوێڕی و خائینانەش شەرمنانە ڕوونکردنەوەی باوکی دالیا بڵاودەکەنەوە، یان هەندێکیان هەر بڵاویان نەکردۆتەوە. ئەمە دواجاریش نییە کە دەسەڵاتی خائین هەستابێتن بەخیانەتێکی تر بۆ ئەوەی خەرمانی خیانەتیان باڵابەرزتربێت.

دالیا شەڕڤان :

خاوەنی ئیرادە و باوەڕێکە، کە لە ئیماندارێک دەچێت لەناو ناکۆکێکاندا خۆی ئامادەکردووە، مرۆڤی خاوەن باوەڕ یاری بەکەرامەت و مێژووی خۆی ناکات. ئەو عەشقی خاکی خۆیەتی، نەک کوڕێک کە پاراستن و میت لە هەناوی درامای تورکیەوە هەڵیان هێنجاوە، پاراستن بۆ ئەوەی تاوانەکەیان لەبیر خەڵک ببەنەوە، دالیایان کردووە بەعاشق، چونکە ژنان لای بنەماڵەی مالامستەفا هێڵی سورە، نەک نیشتمان. دالیا لە چیرۆکێکەوە دەگلێن کە پارتی و پاراستن سەدان تاوانیان لە سەر کردووە. سەردەشت عوسمان زاوا خەیاڵیەکەی مەسعود بارزانی هەر لەبەر خەیاڵی ئەو کەنجە ڕۆژنامەنوسە تیرۆرکرا. دالیا دوا دیاری پارتی نییە بۆ تورکان وەک چۆن مستەفا سەلیمی دوا دیاری ماڵی تاڵەبانی نەبوو بۆ کۆماری خوێن و سێدارە. یەکێتی هەرچی دەکات بۆ تورکان و ئێرانییەکان، بەپارتی ناگاتەوە، ئەوان هەرزان کارەکانیان دەکەن، بەڵام پارتی وەک ئەرک چیان بوێت وەک سەربازانی تورک و پاسدارانی ئێرانی فەرمان جێبەجێ دەکەن. چ شەرمەزارییەکە وەزارەتی ناوخۆت هەبێت، کە هەڵگری ئەو هزرە داماوەیە.

سیمۆن دیبۆڤار دەڵێت: "زیرەکانەترین ڕێکە بۆ زاڵبوون بەسەر هەر کۆمەڵگەیەکدا، سووککردن و سنووردارکردنی ژنانی ئەو کۆمەڵگەیەیە. چونکە ژنانی دیل هەرگیز ناتوانن مرۆڤانی بە ئاگا و ئازادیخواز پەروەردە بکەن".

.پاراستن و وەزارەتی ناوخۆ وا دەکەن، بەبێ ئەوەی" سیمۆن دیبۆڤار" یان بیستبێت

. . .ئەمەش ڕونکردنەوەی باوکی دالیای شەرڤان. بەهیوام تیشکی زیاتر بخاتە سەری

-----------------------------

(لێدوانێک بۆ ڕای گشتی)

کچەکەمان (دالیا مەحمود موسلیم) وەک سەرجەم کچان و کورانی باکورو ڕۆژهەلاتی سوریا پێش شەش سال بەمەبەستی بەرگریکردن لە خاك و گەلەکەی لە دژی ( YPJ پەیوەندی کردوە بە (یەکینەکانی پاراستنی ژن ڕێکخراوی داعش و چەتەکانی، لەبەر چەند هۆکارێکی تەندروستی پێش شەش مانگ دەستبەرداری هەڤالان و ئەرکەکانی بو، بەمەبەستی چارەسەرکردن ڕویکردە هەرێمی باشوری کوردستان، لەوێ بەردەوام لە پەیوەندیدابو لەگەڵ خانەوادەکەی، پێش ماوەیەکی کەم لەمەوبەر پەیوندی کرد بەمەبەستی گەڕانەوەی بۆ ناو خانەوادەکەی لە ڕۆژئاوا بەلام سەرمان سوڕما بە ڕادەستکردنی بە دەسەلاتدارانی تورکیاو دەزگا .هەواڵگرییەکانی ئەو وڵاتە

بۆیە ئێمە پێمانوایە دەسەلاتدارانی هەرێمی باشوری کوردستان بەرپرسیارەتی بێ سەروشوێنکرنی لەباشور .یان ڕادەستکردنی بە دەزگای هەوالگری تورکیایان لە ئەستۆیە

هەر وتەیێک لەسەر زاری کچەکەمان دەوترێت یان پێی دەوترێ لەژێر فشاردا، دورە لە ڕاستی و مەبەست لێی .ناشیریکردنی ئابڕوی خانەوەدەکەی و دەزگاکانی خۆبەڕێوەبەرییە لە ڕۆژئاوا

داوا لە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی دەکەین دەستوەردان بکەن بەمەبەستی ئازادکردنی کچەکەمان لە چنگی هەواڵگری تورکیاو گرەنتی گەڕانەوەی بکەن بە سەلامەتی

## :.هێرشی تورکیا  بۆ سەر باشوری کوردوستان و خیانەتێکی تر

ئەوەی لە ئۆپەراسیونەکانی تورکیا لەسەر خاکی باشوری کوردستان ڕوودەدات ٣١ی ئابێکی نوێیە، واتە هەمان پرۆسەی تەسلیمکاری و خیانەتکاریە لە ئاستێکی فراوانتر و قوڵتردا، ئەوەی گۆراوە تەنها چەند ساڵێکی نێوانیانە لەگەڵ کارەکتەری ڕژێمی داگیرکار لە بەعسی (سەدام)ی فاشیست بۆ (ئەردۆغان)ی دەسەڵاتداری دەوڵەتی تورکیای فاشیست..

مێژوو سەلماندویەتی کورزی گەورەی داگیرکار لە هەر گەل، یان شۆڕشێک تەنها کاتێک ئەنجامگیر دەبێت کە خیانەت لە ناو خۆیدا پێشکەوتبێت، سیخورکەلێک لە ناوخۆ هاوکاری داگیرکەر بووبن، هەر وەک دەڵێن (دار کرمی لەخۆی نەبێ هەزار ساڵ دەژی) لە روخانی دەوڵەتی مادەوە تا ئێستا گەلی کورد قوربانی دەستی خیانەتی ناوخۆییە.

لە پاش چلەکانی سەدەی رابردوەوە تا ئێستا پەدەکە (پارتی ) وەک پارتێک لە باشوری کوردستان لە ئاست و قۆناغە جیاوازەکاندا پێشەنگایەتیەکی هەمەلایەنە لەم یاریە چەپەڵانەدا دەکات، لە بەشداریکردن بۆ لەناوبردنی سەدان شۆڕشگێر و سەرکردەی باکور، رۆژهەڵات و تا لە پاش شۆڕشی رۆژئاوای کوردسستان، دژایەتیە راستەوخۆکانی بۆ ئەم شۆڕشە مەزنە نیشاندا، زیاتر لە هەموو ئەوانەش ئەو رۆڵە خراپەی لە پێش و پاش راپەرینەوە بەرامبەر گەل و شۆڕشگێران و پارتەکانی باشووری کوردستان گێراویەتی، گەر ئامارێک دەرخەین بە دەیان هەزار گەنجی ئەم بەشەی کوردستان لە شەرە ناوخۆییەکان و تیرۆری ناوخۆیی ژێردەسەڵاتی ئەم پارتە و هاوشێوەکانی گیانیان لەدەستداوە.

پەدەکە لە پێناو مانەوەی خۆی و لەناوبردنی ئەوانی تردا هەرگیز سڵی نەکردۆتەوە هەتا لە رێکەوتن لەگەڵ رژێمی داگیرکەرەکانی وەک سەدام و ئێران و ئەسەد و بەتایبەت تورکیاشدا، تەواوی رێکەوتنەکانی بەرێکەوتنە نەوتیەکانیشیەوە لەگەڵ تورکیا خاڵی سەرەکی لەناوبردنی پەکەکە بووە.

هەر ئەم رۆڵەی وابەستەی پدک - عێراق بە داگیرکاران و هێزە ئیمپریالیستەکانی جیهانەوە وای کردوە کە هەردەم پێگەیەکی لە نێو پیلان و پرۆژەکانی ئەو هێزانەدا هەبێت، پارێزگاری لە مانەوەی بکەن وەک کوردی باش لە بەرامبەر تێکۆشەرانی ئازادی کە لای ئەوان کوردی خراپن و لەئاستی جیهاندا سیاسەتە چەپەڵەکانی خۆیانی پێ ماسک کەن.

چی لە پدک گونجاوترە بۆ تورکیا و رژێمە داگیرکارە هەرێمییە هاوشێوەکانی و ئەمریکا و بەریتانیا...هتد تا هێزە ئیمپریالیستە جیهانیەکان پرۆژە و پیلانەکانیانیان لەم هەرێمە گەرمە و دەوروبەری لەرێی ئەو رێکخستنەوە جێ بەجێ بکەن؟ دەستێوەردانەکانیان ئاسانتر بکات، سیاسەتی پەرتکە و زاڵبەیان سەربخات،

ڕێگری لە چارەسەری خێرای پرسی کورد بکات کە گرێکوێرەی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە؟ لانی کەم لە ڕێگەی خۆی و تۆڕە وابەستەکەیەوە لە بەشەکانی تری کوردستان، کوردان بە کێشەی ناوخۆیی سەرقاڵ دەکات و ناهێڵێ یەکێتی نێوخۆیی و دیالۆگی نێوخۆیی و پرۆژەی هاوبەش و ڕێگەچارەی دیموکراتی هاوبەش پێشخرێت، بەئەندازەی داگیرکاران جەخت لەسەر تۆخکردنەوەی سنووره دەستکردەکانی دوژمن لەنێوان بەشەکانی کوردستان دەکاتەوە، خەندەقی نێوان باشور و ڕۆژئاوا نمونەی زیندوون کەپاڵ دروستکردنی سنوور لەنێوان شار و ناوچەکانی باشوری لە نێوان هەولێر و سلێمانی، هەولێر و کەرکوک، دهۆک و . شەنگال...هتد

ئەم ڕۆڵە ئەنتی ئازادیەی پدک وایکردوە، هێزە دەرەکییەکان ڕۆڵی بدەنێ و دەسەلاتی بەسەر کۆمەڵگەی .باشوردا بسەپێن و بیپارێزن، لەدەرەوەش وەک نوێنەری گشتی کوردستان بیناسێن

ئێستا پدک و حکومەتەکەی لە هەرێم ڕوپۆش و دەمامکێکە کە لە پشتێووە هەرکەسێک و هەر سیاسەتێکی نەگریس هەیە، بەتایبەت تورکیا، تەنها ئەوەی کە نییە سیاسەتێکی کوردی ئازادە، کە لە بەرژەوەندی خەڵکی .باشور و گەلی کورد دا بێت

بەداخەوە ئەم مۆدێلە ئەگەر پدک پێشەنگایەتیشی بکات، بەلام فراوان بووە و لە باشوور پارتەکانی تر و کەسانێکی ناو پارتەکانی تریش پێشبرکێیانە چۆن ببنە پەدەکەیەکی لەوشێوەیە لە وابەستە بە داگیرکەران و تەسلیم بوو، کاتێ باس لەوە دەکرێت ١٦ بارەگای فەرمی تەنها میتی تورک لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک هەن و خەڵکێکی زۆر کاریان بۆ دەکات و زانیاریان پێدەگەیەنێت ئەوە بەرهەمی ئەم مۆدێلە بەرێگیراوێتییە کە .کلتورێکی لەو شێوەیەی پێشخستوە

کۆمەڵگە بەرخودێرەکەی باشوری کوردستان کە چەندین سەدەیە لە دژی داگیرکاری لە تێکۆشاندایە و هەنگاوی بەرەودواوە نەناوە، لە پاش ڕاپەرینەوە لەسایەی مۆدێلێکی چەپەڵ لە دەسەلاتداری و حوکمرانیەکەی، کرانەوە بەڕوی دەستێوەردان و داگیرکاریە قوڵەکانی داگیرکاران بەتایبەت تورکیا لەڕوی سیاسی و ئابوری وسەربازی و کلتوری و لەهەموشی خراپتر سیخوری، کۆمەڵگەی تا لێواری لەناوبردن و داڕزان و هەڵوەشاندن بردووە، وێڕای بێ ئیرادەکردن و برسیکرن و بێکارکردن، خراوەتە نێو جینۆسایدێکی کلتوری کە زۆر لە جینۆساید و .کۆمەڵکوژیە جەستەیەکانی سەردەمی سەدام خراپترە

مەبەستم لە شیکارکردنی ئەم دۆخە ، لەپێناو گەیشتنە بە چارەسەر، ئێستا بە دۆخێکی فرە مەترسیداردا تێدەپەرین، دەبوو ئەم حکومەتە هەر وەک ئیفلاس بونە ماددیەکەی ڕاگەیاندووە زووتر ئیفلاس بوونە سیاسی .و مەعنەویەکەشی ڕاگەیەندایە

لە دۆخێکدا کە نزیکین لە کۆتایی و لەناوچوون لە باشوری کوردستان با ڕاستیەکانی پشتی تەسلیمکردنی باشور بۆ هەموان ئاشکرا بکەن و تا دەرفەتی ئەوە بمێنێتەوە کۆمەڵگا شەری پاراستن خۆی بکات، بەلام

ئاشکرایە نە جورئەت و نە ئیرادەی ئەو دانپێدانانەیان هەیە و نە گەورەکانیشیان ڕێگەیان پێ دەدەن دانی .پێدابنێن

گرنگە کۆمەڵگای باشور زیاتر لە دۆخی باشور، لەگەڵ دۆخی کشتی کوردان و ئاڵوگۆڕەکانی سەدە کە لەم .شەرە نیوو گەرم و نیوو ساردەدا رودەدەن پلانی و پرۆژەی هێزە هەژمونگەرا جیهانی و هەرێمییەکان ببینێت

دواین هێرشی تورکیا بە پلانێکی هاوبەشی نێوان تورکیا، ئەمریکا، عێراق بەئاگاداری ڕووسیا و هاوکاری پەدەکە و پێدەچێ بە زانیاری هێزی دیکەی باشوور ئەنجامبدرێت، ئەمە ئۆپەراسیونێکی مەترسیدارە لێدانێکی ستراتیژییە لە گەلی کورد و لەو ماراسۆنی ئازادییەی کە هەنگاوی مێژویی تێدا هاوێژراوە و کێشەی کوردی .گەیاندۆتە لێواری چارەسەری

وەک چۆن داگیرکردنی قەندیل بۆ داگیرکاران گەرەنتی بە داگیرکراو هێشتنەوەی هەرچواربەشی کوردستانە لەسەروو هەموشیانەوە باشوری کوردستان، ئەوا بۆ گەلی کورد قەندیل واتە تێکۆشانی ئازادی کە بە پێشەنگایەتی پەکەکە چارەنوسسازە و سەرکەوتنی هەمیشەیی گەلی کورد دیاری دەکات، چارەنوسی هەموو .گەلیش لەو کەشتییەدایە

گەلی کورد لە سایەی ئەو ماراسۆنی ئازادیەی پەکەکە ئەنجامی مەزنی بۆ بەدەستخست و زۆرینەی پیلان و پرۆژەی داگیرکارانی سەروبن کرد، کوردی نەک لە مردن هەستاندەوە، بەڵکو لە ئاسۆی ئازادبون و سەرکەوتنیشی نزیک کردوەتەوە، ئەو کوردەی ئازادی خوڵقاند دژی تەسلیمیەت و بەکرێگیراوی شەردەکات ئەو خاوەن ئیرادەی ئازادی خۆیەتی، گەلی کوردی کردە ڕێکخستنی مەزنی سیاسی و پاراستنی و خاوەن فکری ئازاد و دیموکرات و پرۆژەی خۆسەر، هەر ئەمەشە وادەکات مەزنی پیلانەکان بەتایبەت لەم قۆناغی فینالەدا .فراواتر و مەترسیدارتربێت و لە کەسایەتی پەکەکەشدا لەسەر تەواوی گەلی کورد چڕبکرێتەوە

وەک دەرئەنجام رۆڵی کۆمەڵگەی باشوری لەهەرلایەک زیاتر دیارکەرە، ئەو ترسەی کە دەسەڵات بەمەبەست بڵاویدەکاتەوە لە ڕێگەی میلیتاریزەکردنی شارەکان و دەستگیرکردی چالاکوانانەوە ، هیچ نیە جگە لە ترسی خودی دەسەڵات خۆی نەبێت لە ئیرادەی ئازادیخوازانی کۆمەڵگە کە پێویستە بەتوندی بشکێندرێت، چونکە هیچ کات دەسەڵاتی پشتبەستوو بە داگیرکار لە بەرامبەر پێشکەوتنی تێکۆشانی ئازادی هێندەی ئێستا لاواز نەبووە، لە جێگەی چاوەروانی لە هەر هێزێکی دەرەکی، بە پشتبەستن بە خودی هێزی کۆمەڵگە خۆی، پێشخستنی تێکۆشانێکی گەلی شۆڕشگێری پێویستیە، قەیرانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی گرێدروای .زهنیەتی حوکمرانە کە بەهەموو هێزی خۆی گرێداوە بە داگیرکاری تورکیا و دوور لە کۆمەڵگایە

دۆخی باشور لە نێو داگیرکاریە قوڵە هەمەلایەنەکانی تورکیا و هێشتنەوەی لە ڕەوشی شەری بەردەوام و هەمەلایەنەدا لەلایەن دەسەڵاتی ستەمکاری ناوخۆیی لەژێر هەژمونگەرایی پدک، نە ئەزەلییە و نە ئەبەدی، بەڵکو هاتنە لای یەکی رۆشنبیرانی ئازادیخواز، چالاکوانان و رەنجدەران بە ژنان و گەنجان و ئەو هێزە

سیاسی و کۆمەڵایەتیانەی خۆیان لەو چوارچێوەیەدا دەبینن، ئاواکردنی بزوتنەوەی رادیکاڵی ئازادیخوازی و دیموکرات و یەکسانیخواز دەتوانێت هێزی شۆرشێکی دیموکراتیانە بخولقێنێت, کە هەم دەسکەوتەکانی گەل لەم بەشە رزگار بکات و کۆمەڵگا لەدەست ستەمکاری ناوخۆیی و داگیرکاری دەرەکی رزگار بکات,
دەسکەوتەکانی بخاتە خزمەت کۆمەڵگەی باشوور لە پێناوی ژیانێکی خوشگوزەران و شایستە، هەروەها تێکۆشانی ئازادی باشوور گرێ بدات بە شۆڕش و تێکۆشانی مەزنی ئازادی گەلەکەمان لە بەشەکانی تری .کوردستان و تا بننە هێزی بۆ یەکتر و گەیشتن بە ئامانجە مەزنەکان چونکە چارەنوسەکان بەیەکەوەن

جارێکی تر هێرش و بەزاندنی سەروەریی نیشتمان لەلایەن سوپای داگیرکەری تورکیاوە. وجارێکی تریش .هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی ڕەش لە مێژووی خیانەتی ناوخۆیی، پارتی

لەشکرکێشی و دەستدرێژی تورکیا بۆ سەر گەلی کورد بەگشتی و لەسەر ئاستی نەتەوەیی بەشێکە لەستراتیژی ئەم وڵاتەو ئەمە ڕاستیەکە لای هەمووان ڕوون وچاوەڕوانکراوە. بەڵام ئیتر لەمە دەرچووە، کە درەختی قەد بڵندی خەباتی شۆڕشگێڕانی کورد ورێبەرایەتی پەکەکە بەڕەشەبای زەردی ئەردۆگان بچەمێتەوە، یان بەتەوری نەگریسی پارتی شیاوی بڕینەوە بێت. ئەمە درەختێکی بەژن زراڤە هەر ڕۆژ چرۆیەک بەرەنگی خوێنی شەرڤانانی دەردەکات و ئەردۆگان و بەژن چەماوەکانی پارتیش کە سەردەمیان بەسەرچووەو لەکۆنبووندا بۆگەنیان کردووە، بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن دەبنە ئەو پەینەی خاکی ئەم وڵاتە بەپیت دەکەن. خواستیان کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان بنبڕ بکەن کەچی بوونە خاوەن دەسەڵاتی دیموکراتیک. خواستیان پەکەکە لەقەندیل دەربکەن، کەچی لەشەنگال سەری هەڵدا، خواستیان بەلکاندنی چەمکی تێرۆر بەپەکەکەوە گۆشەگیرو دابڕاوی بکەن کەچی بوونە بەشێک لەهاوکێشەی نێودەوڵەتی... لەداهاتووشدا پێشکەوتن .هەربەردەوام دەبێت

گەلۆ ئەم هەموو بێدەنگی و ڕەزالەتەی پارتی لەبەرانبەر ئەردۆگان و ئەم هەموو دوژمنایەتیە بۆ پەکەکە چییە؟ ئەگەر هۆکارەکەی ئەمەیە پەکەکە بنکەو بارەگای لە باشووری کوردستاندا هەیە، ئەدی دوژمنایەتی شۆڕشی مەزن و شکۆمەندی ڕۆژئاوای کوردستان چ پاساوێکی هەیە؟ کەواتە ئەم ماستەی پارتی دەیخوات موویەکی !تێدایە کەهی کونەلووتی ئەردۆغانە، ودەبێ لەوێوە بۆی بگەڕێین

تورکیا بەشێک لە ناوچەی باشیکی داگیرکردو سووپای خۆی لەوێدا جێگیر کرد، کەچی پارتی لەبری ئەوەی پێی بڵێ: لەخاکی من بڕۆدەرەوە. ڕووی لە یەزیدیەکانی سەر بە پەکەکەی خەڵکی شەنگال کرد، کە شەنگاڵ چۆڵ بکەن. بەساڵانە بنکەو بارەگای تورکیا لەناوچەکانی بامەڕنی و ئامێدی بوونیان هەیەو بۆ تاکەجارێکیش چییە پارتی ناوچەوانی خۆی لەبەرانبەریاندا گرژ نەکرد، کەچی ڕۆژ نییە بەپەکەکە نەڵێت: بڕۆنەوە بۆ وڵاتی خۆتان. میتی تورک وەک ڤایرۆس بەهەر کون وقوژبنێکی باشووری کوردستاندا بڵاوبوونەوە، کەچی تەنانەت ڕۆژنامەنووسان وچالاکوانانی مەدەنی سەر پەکەکە، ڕێگای خەباتی دیموکراتیکیان پێ نادرێت. گەلۆ تۆ بڵێی پارتێکی وا ڕاستگۆ بێت، لە پرسی سەربەخۆیی کوردستاندا؟ ئاخر یەکەمین و سەرەکیترین ئەرکی

هەردەسەڵاتێک پاراستنی سەروەریی خاک و ئاو وئاسمانی وڵاتەکەیی و کیانی هاونیشتمانیانییەتی، ئیتر کاتێک ئەمە نەکرا واتای ئەمەیە وەها پارت ودەسەڵاتێک نەک هەر شایستەیی ڕێبەرایەتی کوردستانی بەرەو سەربەخۆیی نییە، بەڵکو تواناو شایستەیی ڕێبەرایەتی خێڵەکەی خۆشی نییە.

ئەو کێچەی کەوتۆتە ناو کەوڵی پارتیەوە، ئەگەر بەڕاستی لەبەرئەمە بووایە، پەکەکە کێشەو گرفتیان بۆ درووستدەکات، دەکرا لەبارەیەوە شتێک بڵێین. بەڵام ئەوان نەک تەنیا سەبارەت پەکەکە، بەڵکو ئەردۆگان هەر ڕۆژ سووکایەتیەک بە کوردوکوردستان دەکات کەچی ئەوان دڵۆپێک عارەقەی شەرم نارێژن!

ئەردۆگان گوتی: کورد نەتەوە نین و زمانەکەیان تەنیا لە ٣٠٠ وشە پێکهاتووە. کەچی پارتی هەستی نەڕووشاو غیرەتی کوردانەو خێڵەکیانەیان نەجولا..! ئەردۆغان گووتی: کۆبانێ ناوی عەینولعەرەبە ودانیشتووانەکەشی عەرەبن. کەچی پارتی دوولێوی داخراوی خۆیان بۆوەڵامێک نەکردەوە..! ئەردۆگان گووتی: کەرکوک کوردستان نییەو ئاڵاکەتان بهێننە خوارەوە. بەڵام پارتی بوێری گووتنی (نا)یەکی نەبوو..!

کێ هێندە گەمژەیە باوەڕ بکات پارتی بەهەڤاڵبەندی ئەدۆگان کوردستان بەرەو سەربەخۆیی دەبات..؟ دەبێ ئەمە چ سەربەخۆییەک بێت، کە ئەم خاکە جێگای خەباتگێڕانی بەشەکانی تری کوردستانی تێدا نەبێتەوە، بەڵام داکیرکەران داوەت بکرێن؟ پارتی نەسەربەخۆیی کوردستانی گەرەکەو نەکۆنکرەی نەتەوەیی و نەیەکرێزی نیشتمانی... وخەمی پارتی هیچکام لەمانە نییە، بەڵکو خەمی لەدەستدان وشکەستی پرۆژەکەیەتی. پارتی لەبەرانبەر پرۆژەی ئەلتەرناتیڤی پەکەکەدا هەڵدەلەرزێت و لەئاسۆوە لەبری ڕوناکی ئاوابوونی ئەستێرەی خۆی دەبینێت.

پرۆژەی پارتی ڕوخاندنی ناخی مرۆڤی کورد، وبچوککردنەوەی کەسایەتییەکەی وگەندەڵکردن وبەستنەوەیەتی بەپارەو ڕواڵەتیەکانی ژیان. بەڵام پرۆژەی پەکەکە بنیاتنانەوەی مرۆڤی کوردو کێڕانەوەی شایستەییەکەیەتی بۆی. پرۆژەی پارتی دەستپانکردنەوەیە لەبەردەم بێگانەو بەچەتەکردنی پێشمەرگەو بوون بەمقاشی دەستی داگیرکەرە. پرۆژەی پەکەکە بنیاتنانی عەشق وئەوین لەگەڵ خاک ووەفاداریی بۆ هەردڵۆپەخوێن وعارەقەیەک کەلەم پێناوەدا ڕژابێت. پرۆژەی پارتی قۆرغکردنی دەسەڵاتی سیاسیماڵباتی و دەستبەرنەدان لەکورسی دەسەڵات وئامادەیی بۆ پێشکەشکردنی هەر بایەخێکە لەم پێناوەدا. پرۆژەی پەکەکە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیک وئازادی پشتبەستووە بەخۆ. پرۆژەی پارتی لەناوبردنی فرەیی وڕشتنی تۆوی دووبەرەکیە. پرۆژەی و پەکەکە یەکیەتی نەتەوەیی وبرایەتی گەلانە.

پرۆژەی پارتی، هەمان پرۆژەی ئەردۆگانەو پرۆژەی ئەردۆگانیش پرۆژەکەی داعشە. ئەردۆگان، بەدەستخستنەوەی شکۆی لەدەستچووی تورکیای لەداعشدا دیتەوە. ولەهەموو خاڵەکاندا یەکیانگرتەوە، وتاکەشتێک کەتاکۆتایی لەسەری ڕێکنەکەوتن تەنیا پرسی خەلافەت بوو. واتا لەنێوان ئەردۆگان وئەبووبەکری بەغدادیدا کێهەیان ببنە خەلیفە! من ئەم قسەیە هەروا بەهەوای شان ناکەم و لەگیرفانی خۆمی دەرناهێنم،

وئەگەر چاوێک بەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی ئەم چەند ساڵەی دوواییدا بخشێنینەوە، بیرمان دێتەوە کەدوای ئازادکردنی گیراوەکانی تورکیا لە موسڵ لەلایەن داعشەوە، ئەبوبەکری بەغدادی لێدوانێکی داو گووتی: تورکیا دەبێ بەیعەت بکات! واتای ئەو قسەیە ئەمە بوو کە سەرنجی داعش سەبارەت تورکیا ئەمەیە کەهەموو شتەکان تەواون و تەنیا یەکلاکردنەوەی پرسی خەلافەت ماوە.

بەڵام لەوەتەی مرۆڤایەتی هەیە هەروا بووەو هەوراش دەمێنێتەوە. هەیە شکۆو ئابڕوومەندی ئەوینی خاک و مرۆڤایەتی هەڵدەبژێرێت، هەشە زەلیلی و خیانەت. ئۆجالان گووتەنی هەر هەستانێکی گەورەی مێژیی جمکێکی فێڵبازو خائینی هەیە.

زۆردەمێکە پارتی خۆی ساخ کردۆتەوە و پێگەی خۆی لە بەرەی گەل وخەباتەوە گواستۆتەوە بەرەی چەتەکەریی، و لەگەڵ ئەوەدا کە هەڵوێستی پارتەکانی تری باشووری کوردستان بەگشتی لەگەڵ پارتیدا جیاوازە. بەڵام ڕووبەڕووبوونەوەی وەها چەتەکەرییەک، بە مەرایی سیاسیی و هەڵبژاردنی واژەو دەستەواژەیەک کەپارتی دڵی پێ نەهێشێت، و بەهەڵوێستی لاوازو شەرمنانە مەیسەر نابێت. شەرمەزارکردنی دەستریژیەکانی تورکیا وهەوڵدان بۆپێشگرتن و ڕووبەڕووبوونەوەی، نیوەی ئەرکەکانمانە. و نیوەکەی تری بریتییە لە شەرمەزارکردنێکی ڕاشکاوانەی بێ ئەملاوئەولای ئەم چەتەکەرییەی پارتی. وهەرکەس هیوای خۆی لەسەر شانۆگەرییەکانی پارتی سەبارەت ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی و ڕێکخستنەوەی ماڵی کوردو کاراکردنەوەی دامودەزگاکانی دەسەڵات بنیات بنێت، گاڵتەجاریی لەگەڵ خۆی خەڵک پەیڕەودەکات.

# :.پارتی وتیرۆکردنی مەلا یوسف و مەرامەکانی

تیرۆرکردنی مەلا یوسف شێخ بزێنی ، یەکێکی ترلە کارەقێزەون چەپەلەکانی بنەماڵەی بارزانی،کە بۆ خاتری رازیکردنی دەوڵەتی تورک و،وابەستەیی خۆیان بەخیانەت و ناپاکییەوە بەیعەت دانەوەیە بە ئەردۆگان، کە تا پارتی و مەسعود مابن دەسبەرداری خیانەت و ناپاکی و پاکتاوکردنی و دڵسۆزان و وڵاتپارێزان نابن. ئەوەی کە تورکیا و دوژمنان ناتوانن و دەستیان پێ راناکات، پارتی زۆر بە سانایی لەژێر ناو وسیناریۆی جیاجیادا ئەنجامی دەدات و ،میللەتی خۆش باوەڕیش یەکەو راست متمانە بە درۆوسیناریۆهەڵبەستراوەکەی دەکەن.دەکرێت بیرسین بڵێن مەلا یوسف چۆن و بۆچی تیرۆکرا؟هۆکاری تیرۆکردن و لەناوبردنی چی بوو؟

لەسەرو بەندی گرژی و ئاڵۆزی و خیانەتی ١٦ ئۆکتۆبەر لەشاری کەرکوک بۆشاییەکی فراوان دروست بوو، بەکوردییەکەی پاشا کەردانی بوو،جۆرەها هێز و لایەنی چەکدار لەو بارگرژی وبێ سەروبەریەدا هاتنە ناو کەرکوک، لەنێویشیاندا کۆمەڵێک چەکدار ی سەربەمیتی تورکی بەسەرپەرشتی کونسولخانەی تورکیا لەهەولێر،پلانیان دانابوو کە زەبرێکی گەورە لە گەریلاکانی پەکەکە بوەشێنن،چ ئەو گەریلایانەی کە بۆ شەڕی داعش لەدەوروبەری کەرکوک جێگیرکرابوون وشەڕیان دەکرد،چ ئەو گەریلایانەی دیکە کەلەناو شاری کەرکوکدا بارەگایان هەبووو خەریکی رێکخستن چالاکی بوون. کاتێک کە سەرکردایەتی پەکەکە بەم پیلانە دەزانێت هەوڵ دەدات بەبێ زیان و شەڕو کێشە هێز و لایەنکرانی لە کەرکوک رزکار بکات، بەڵام بەهۆی هێرشی سوپای عێراق و کەمارۆدانی شاری کەرکوک لە هەمولایەکەوە،دەربازبوونی گەریلاکانی پەکەکەو هەوادارانی زۆر ئەستەم ومحاڵ بوو،هەربۆیە گەریلاکانی پەکەکە چەند جێگەیەک دیاری دەکەن تا خۆیانی لێ بشارنەوە و پارێزراوبن،بۆ ئەوەش ماڵی دۆستان و لایەنکرانیان هەڵدەبژێرن کە یەکێک لەو ماڵانە ماڵی شەهید مەلا یوسف دەبێت لەگەڕەکی رەحیماوای کەرکوک، کەلە ماڵەکەیدا ژمارەیەکی زۆر لەگەریلاکانی پەکەکە بۆ پاراستن و حەوانەوە ئەوێ دەکەنە پەناگەو مەنزڵگە. جودای ئەوەش ماڵی مەلا یوسف بۆ پەکەکە پەناگەو شوێنێکی ئارام وپارێزراو بووە،کەچەندین جار لەترسی گرتن و کوشتن لایەنکرانی پەکەکە پەنایان بۆبردوە،هەروەها دەیان جار بریندارانی پەکەکە لەماڵی ئەواندا چارەسەرکراون.لەوەش زیاتر مەلا یوسف بۆخۆی دەیان جار چۆتە سەنکەرەکانی شەڕ و گەریلاکانی پەکەکەی بەسەرکردۆتەوە . دۆستێکی نزیکی پەکەکەو وڵاتپارێزێکی کورد بووە، هەمیتعشە لەدژی ناهەقی و زوڵم تاوانەکانی ئەردۆگان وتاری داوە نارەزایی دەربڕیوە.بەم کارەشی پارتی و سیخورەکانی زۆر نیگەران و تەنکەتاو کردووە،بۆیە سیخوریان بەسەرەوە کردوە ،ئەوەی ئەنجامی داوە رێک ورەوان بەپارتی و پاراستنیان گەیاندوە، پارتیش دڵسۆزانە هەموو جوڵەو هەڵسوکەوتوێکی مەلا یوسفی داوە بە میتی تورکی.ئەوە ئەسڵی پرسی تیرۆکردنەکەی بووە، بۆ راستی و دروستی ئەوەش ئەتوانن تەماشای پەیجەکەی مامۆستا بکەن، کە چی وتوە چی نوسیوە و چۆن دواوە،مرۆڤ بەبینینی ئەو شتانە ئەکاتە ئەوباوەرەی کە ناوبراو تیرۆکراوە. ئەگەرنا ئاخر چ نەفامێک باوەڕ بەوە دەکات کەپارتی و راگەیاندنە چەواشەکەی دەیڵێن؟ گوایە لە بینایەکی شەش قات کەتۆتە خوارەوە! باشە پێم ناڵێن مەلایوسف کاری بە

بینایەکی شەش قات و لەچۆڵەوانیدا چی یە؟چی گەیاندێتیە ئەوێ؟گەر درۆش دەکەن دەڵێن بۆ دەست بەئاو گەیاندن چۆتە ئەو شوێنە، ئەوەش دیسان درۆیەکی دیکە،چونکە هەموو دەزانین لەناوشاری هەولێرچەندان هەزار مزگەوت هەیە، کە کۆلانی واهەیە دوو مزگەوتی تیایە،گەرەک هەیە پێنج بۆ شەش مزگەوتی هەیە.بەدڵنیاییەوە دەیڵێم کە ژمارەی مزگەوت لە قوتابخانەکان زۆرترە.دەی بابڵێن ئەو شوێنەی مەلا یوسفی لێ بووە هیچ مزگەوت تەوالێتی لێ نەبووە،بۆ پێداویستی چۆتە ئەوبینا تەواو نەکراوە، ئەی باشە بۆچی چۆتە قاتی شەشەم، وەک دەڵێن لەناو ئەسانسۆری بیناکەدا کەوتۆتە خوارەوە، ئاخر بەڕاستی جگە لە گەمژە و بێ نرخ وجاشەکانی پارتی، کەس باوەڕ بەو درۆیە دەکات. خەڵک هەیە بۆ ئیشی تەوالێت بچێتە قاتی شەشی بینایەکی تەواو نەکراو؟ هەموو ئەزانین کەئەسانسۆر ژوریکی شووشە بەندو ئاسنی پتەوە، کە داخرا .مێشسولەش لێی بەرنابێتەوە. ئەی خێرە ئەو ئەسانسۆرەی هەولێرخەڵکی لێ بەربۆتەوە

ئەوەی کەپارتی کردی دەرهەق بەمەلا یوسف یەکێکی ترە لە زنجیرە تیرۆر و خیانەت و ناپاکیەکانی. دڵنیاشبن درێژەی دەبێت و بەردەوامی پێدەدات.ئەوەی کە مایەی تێڕامانە ئەوەیە راستە کە مەلا یوسف دۆست و لایەنگرو خۆشەویستی پەکەکە بوو، بەڵام کەسێکی دیار و بەرچاو نەبوو،نەبووە مایەی ترس و نیگەرانی چ بۆپارتی چ بۆتورکیا ،تیرۆرکردنەکەشی پەیامێکی دووسەرە دەبەخشێت، لەسەرێک وەک زەنگێکی مەترسیدار هۆشیاری دەدات بەخەڵکی کە پارتی ئاگای لەهەموو جمو جوڵ و کارێکی هاولاتیانە و دەزانێت کە چی دەکەن و چی ناکەن، لەسەرێکی تریشەوە، ئەوە پیشانی تورکیا دەدات کە پارتی و بنەماڵە دۆست و خۆشەویست و کاسە لێس و سەگی بەردەرگای ئەردۆگانن،لەسەر خیانەو ناپاکی سوورن،رێگە نادەن هیچ کەس بەخراپە باسی .تورکیا و ئەردۆگان بکات، هەرکەسێکیش ئەو کارە بکات ئەوە ئاکامەکەیەتی

سەیرەکەی ئەوەیە لەم باردۆخە هەستیارەدا کە دیکتاتۆرەکان سەرانی بنەماڵەکان لەبەغدا و ئێران و لوبنان و کوردستان زەندەقیان چووە،خەریکە خۆیان پیس دەکەن، کەوتونەتە مەرایی مامەحەمەیی بۆ میللەت و جەماوەر ،تا لەدژیان رانەپەڕن،کەچی پارتی بە هۆی خەمساردی خەڵک ودەستەوەستان وبێ چارەیی ، زەبر دەوەشێنێت و بە نوێژی نیوەڕۆ خەڵک تیرۆردەکات کەسیش ناڵێت بۆ.بەدڵنیاییەوە دەیڵێم تا ئێمە دەستەوەستان و زەلیل وبێ دەسەڵات بین،تا ئێمە ترسنۆک و زراوتۆقیو بین، پارتی لەوە خراپترمان پێدەکات.چۆن ئێستا هەست و مەبدەئو غیرەتی کوشتوین، لەمەودوا بەشێنەیی و بەسیناریۆی جۆراوجۆر هەمووکەسێک لەناو دەبات کە لەدژی خۆی و تورکیا زار هەڵبێنێت

....

# هەڵاتن لە کەرکوک:.

هێزەکانی پێشمەرگە پارێزگای کەرکووک"یان، یەک ڕۆژە تەسلیمی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی کرد لە کاتێکدا ئەنجامی کشتپرسی ئەنجامدراو لە پارێزگای کەرکووک بۆ گەڕانەوە بۆ سەر ئیداری هەرێمی کوردستان زیاتر لە ٩٠%ی بوو، دانیشتووانی ئەم پارێزگایە لە پرۆسەی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بەشداریان کرد و دەنگیان بەجیابوونەوە و سەربەخۆیی لە عێراق دابوو!

کلیلی وشەی بەردەوام بۆ پاساوی هەڵاتنی هێزەکانی پێشمەرگە و فەرماندە باڵاکانیان، "خیانەتە"، بەشێوەیەکی سروشتیخیانەت بە خەیاڵاتەکانی"مەسعوود بارزانی"یان، بەخیانەت بە کورد و کوردستان پێناسە کردوە.هەموو ئەم کارەساتە لەماوەی کەمتر لە یەک مانگدا ڕوویداو و هیچ کەس و لایەنێکیش بەرپرسیارێتی ئەم ئاشبەتاڵە گەورەیە وەئەستۆ ناگرێت، هاوشێوەی زۆرێک لە شکەستەکانی تری هەرێمی کوردستان لەسەر دەستی پارتی و یەکێتی و قەبیلەی بارزانی کە هەموو نەخشە و پێلانەکانیان سەرئاو کوتووە و بێ ئامانج بوونە لەوی بتووانن هیچ چارەسەرییەکی بۆ دۆخی ئێستا کوردستان بدۆزنەوە..

وەک ئاشکرایە لە تەواویی بەیاننامەکان دا، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و هێزەکانی چەکداری ئەم حیزبە وەک سەبەبی سەرەکی خیانەت لە خەیاڵاتەکانی بارزانی ناسێندراون، هەرچەندە سەرەڕای گرنگیدان بە ئەزموونی دەیان ساڵەی شەڕی ناوخۆیی ڕابردووی لەنێوان ئەم دوو حیزبە دەسەڵاتدارە لە کوردستان و نزیکی و پێوەندی سیاسی و دیپلۆماسی و ئابووری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەگەڵ عێراق و ئێران، ئەوە بابەتێکی سەیروسەمەرە نییە بۆ پاساوەکانی پارتی و بەرپرسانی قەبیلەی بارزانی.

لەلایەکی ترەوە هەرچەندە هێزی بەکردەیی لە شاری کەرکووک هێزەکانی دژە تیرۆری سوپای عێراق بوون و هێزی ئۆپەراسیۆنەکە لە پاڵاوگەی نەوتی باکوور، هێزەکانی پۆلیسی فیدراڵی عێراق بوون، بەڵام کاناڵەکانی ڕاگەیاندنی نووسراو، بیسراو و بینراوی پارتی و لایەنە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان حەزێکی زۆر تایبەتیان تێدایە هێزەکانی حەشدی شەعبی و لەسەرەوی ئەوانیش، سەردار قاسم سووڵەیمانی وەک بەرپرسی ئۆپەراسیۆنی داگیرکردنی شاری کەرکووک بناسێنن..لەکاتێکدا هێزەکانی سوپای عێراقی کۆنتڕۆڵی دوو خاڵی سەرەکی، شاری کەرکووک و پاڵاوگەی نەوتی باکووریان بێ هیچ شەڕوپێکدادانێکی تایبەت داگیر کرد، کە بەشی سەرەکی پێکدادانەکانی ئەم هێزانە، لەگەڵ ئەندامانی پارتی کرێکارانی کوردستان "پەکەکە" بووە، کە لەم ناوچەیە چالاکیان دەکرد و هاتبوون بۆ پشتیووانی خەڵکی کەرکووک.زۆرترین وێنەکانی بڵاو کراوە لە شەڕ و تێکهەڵچوونەکانی ئەم میحوەرانە شەهیدانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)بوونە کە لەم ناوچەیدا بەرگریان دەکرد، بەڵام ڕاگەیاندنەکانی زەرد و ژێر سێبەری قەبیلەی بارزانی وەک خەڵکی خۆبەخش و ئاسایی ناویان دەبردن لەشوێنی پێشمەرگە.

# کێ لە هەرێمی کوردستان خیانەتی کردوە؟

کێشەکانی ناوخۆیی و دوو دەستەبوون لە سیاسەتی باشووری کوردستاندا تارادەیەک زۆرە کە هەتا سێ هەفتە پێش لە ئەنجامدانی مانۆری ڕیفراندۆم و پرسی جیابوونەوەی "بارزانی" لە عێراق، خۆیان نمایش دەکرد و پارتی و قەبیلەی "بارزانی" بۆ سەرپۆش دانان لەسەر ئەم کێشە و گرفتانە، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بنەماڵەی تاڵەبانیان بە خیانەتکاری مێژوویی تاوانبار دەکرد، لەکاتێکدا پێش ئەنجامدانی مانۆری ڕیفراندۆم بۆ جیابوونەوە هەر دوو لایەنی سەرەکی پێکەوە گفتوگۆ و دانیشتنی تایبەت و شاراوەیان ئەنجام دابوو و مەسعوود بارزانی داوای کردبوو لە بانگەشەکانی ڕیفراندۆمدا دەبێ ئەندام و لایەنگرانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان پشتیووانی لێبکەن و بە بەڵێ دەنگ بدەن بۆ جیابوونەوە لە عێراق.هەر ئەو کاتیش شەخسی "مەسعوود بارزانی"ڕایگەیاندبوو کە هەموو لایەنە سیاسیەکانی گەورە و بچووکی ناو گۆڕەپانی سیاسی هەرێمی کوردستان ڕێککەوتوونە لەسەر بڕیاری کۆتایی "بەڵێ"بۆ جیابوونەوە لە عێراق.ئەم ڕاپرسییە لەسەر سووربوونی "پارتی دیموکراتی کوردستان"و پێداگری "مەسعوود بارزانی"سەرۆکی پارتی دەنگدانەوەی هەبوو لەناو شەپۆلێک نارەزایەتی ناوخۆیی و جیهانیدا.

زۆرینەی نزیک لە ڕێککەوتنی لایەنەکانی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان و عێراق و لایەنەکانی دەرەکی لەدژی ڕیفراندۆمی "بارزانی"بوون و بەهۆکاری جیاواز و دژایەتی خۆیان پێشاندا.هەتا تەنانەت تورکیە کە هاوپەیمان و دۆستی نزیکی بنەماڵەی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، داوای لەم پارتە کرد ڕیفراندۆم دوابخات، بەڵام "مەسعوود بارزانی"هەر پێداگری کرد و سووربوو لەسەر ئەوەی ئەمە بڕیاری کۆتایی نەتەوەی کوردە لە باشووری کوردستان و هەروەهاڕایگەیاند؛ گشتپرسی ئەنجام دەدرێت و لەکاتی پێویستدا، هێزی پێشمەرگە توانایی بەرگری و پاراستنی تەواویی سنوورەکانی کوردستانی هەیە، بەناوچە دابڕاوەکانیشەوە کە ئێستا لەژێر هێڵی ماددەی ١٤٠ دا گفتوگۆی لەسەر دەکرێت.گشتپرسی لە کاتی دیاریکراودا ئەنجام درا و هەڕەشەکانی سەر هەرێمی کوردستان زیاتر بوو.بەغدا بەخۆپارێزی لە کردەوەی هەستیار و بەکەڕانەوە بۆ دەستووری بنەڕەتی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستانی بەتاڵ کردەوە و ڕاگەیاند کە ڕێگە نادات هەندێک سیاسەتمداری کورد، یەکپارچەیی خاکی عێراق تێکبدەن و وێرانی بکەن لەپێناو بەرژەوەندی و کورسی دەسەڵاتی خۆیان.

لەکۆتاییدا سوپا و هێزە چەکدارەکانی عێراقی بەفەرمانی سەرۆکوەزیر و سەرۆکی تەواویی هێزە چەکدارەکان، ئێوارەی دووشەممەی شانزدە ئۆکتۆبەر ئەرکی دابینکردنی ئاسایشی کەرکووک و ناوچەکانی تری کێشە لەسەری لەگەڵ هەرێمی کوردستان وەئەستۆ گرت و ئێستاش ئەم ئەرکە کۆتایی پێنەهاتووە، هێزەکانی پێشمەرگە لەهەموو ناوچەکانی نیزامی، نەوتی و سیاسی کەرکووک پاشەکشەیان کرد و سەرەڕای ئەمەش، ناوچەکانی کێشە لەسەر یا هەمان دابڕێندراو لە دوو پارێزگای دیالە و مووسڵ وەکوو شەنگاڵ

بەتەواویی کەوتە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی سوپای عێراق و حکوومەتی بەغدا و شاری کەرکووک و دووزخورماتو بەتەواویی پاکسازی کران لە هێزی پێشمەرگە و بەرپرسانی خۆجیی و ئیداری کورد، چەند رۆژ دواتریش کەمارۆکانی ئاسمانی و زەمینی بەبریاری سەرۆکوەزیرانی عێراق "حەیدەر عەبادی"کەوتە واری .جێبەجێکردنەوە و تەواویی هەرێمی کوردستانی بۆ ماوەی سێ مانگ گۆشەگیر کرد

پارچە بوونی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان؛

.ناکۆکیگەلێک بارزانی لەژێر ناوی گشتپرسی دا شاردیەوە

مەسعوود بارزانی"دوای دوانزدە ساڵ خۆسەپاندنی بەسەر گەلی کوردستان وەک سەرۆکی هەرێم لەو " پۆستەدا لەگەڵ دژایەتی جیاواز رووبەڕوو بوو، سەرکەوت بە جووڵاندنی ڕای گشتی لەرێگای بەڵێنی سەربەخۆیی و دروستکردنی وڵاتی کوردستانی گەورە، سەرپۆش دابنێت لەسەر ناکۆکییەکانی ناوخۆیی لەگەڵ ئەندامانی تری قەبیلەکەی و دووژمنە دێرینەکەی خۆی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەدوای رێککەوتنی مێژوویی نێوانیان بۆ مۆنۆپۆلکردنی گشت کایەکانی سیاسی و ئیداری هەرێمی کوردستان، بە نمایشی شانۆی ڕێفراندۆم هەوڵیدا کوردستان یەککرتوو نیشانبدات.سیاسەتمەدارەکانی عێراقی هەتا دوای زەمانی "ڕێفراندۆم"یش، ڕایانگەیاندبوو: کە "مەسعوود بارزانی"خەریکی هەڵگیرساندنی شەڕ و ئاژاوەیە لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی و لایەنەکانی تری ناودەوڵەتی، بەڵام تاوانی هەموو ئەم بریارانە دەبێ گەلی کوردستان بیداتەوە و بەرپرسانی پارتی و یەکێتی هیچ باکیان بە خەڵک و کۆمەڵگەی خۆیان نییە لە .دروستکردنی ئەم ئاژاوەیە دا

هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد"، هاوسەری جەلال تالەبانی، ڕایگەیاندبوو:مەسعوود بارزانی بەئەنجامدانی" گشتپرسی هەموومان پەلکێشی ناو شەڕ دەکات، لەحاڵێکدا هەموو وڵاتانی زلهێزی دونیا وەک ئەمریکا، بەریتانیا، رووسیا، چین و دراوسێکانی وەک ئێران و تورکیە خوازیاری ئەنجام نەدانی ڕێفراندۆم بوون، بەلام بارزانی تەنها بەبریاری تەکرەوانەی خۆی ڕێفراندۆمی ئەنجامدا، ئێستاش دەبێ تاوانی ئەم بریارە هەڵەی .بارزانی خەڵکی کوردستان باجەکەی بدەن

ئەم ناکۆکیی و دوو دەستەییە گەویشتۆتە ڕادەیەک هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسنووری دێگەڵە لەنێوان هەولێر و سلێمانیە جێگیر کران و پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان لەبری ئەوەی لە بەرامبەری هێزەکانی سوپای عێراق سەنگەر بگرن، بەرابەری پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان سەنگەریان گرت.ئەم رووداوە دەرخەری قووڵایی ناکۆکییەکانە لەهەرێمی کوردستان کە "مەسعوود بارزانی"وا پێشانی ئەدات، .هەموو خوازیاری جیابوونەوە بوون لە عێراق

ئەو کاتەی کەرکووک، ئەو شارەی بە"دڵی" کوردستان ناسراوە کەوتە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی دەوڵەتی ناوەندی، دەنگی ناڕەزایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان (بارزانی)بەرزبۆوە و یەکێتی نیشتیمانی

کوردستانی بە خیانەتکاری گەورە تاوانبار کرد و ڕایگەیاند، هێزەکانی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەچۆلکردنی سەنگەرەکانی خۆیان و ڕادەستکردنی بەهێزەکانی عێراقی، تووشی خیانەتێکی گەورە و مێژوویی بوونە.ئەوان خەنجەری ژەهراوییان لەپشتی گەلی کورد داوە و ڕێککەوتوونە لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی و ئێران بۆ داگیر کردنی قوودسی کوردستان.

بەڵام لەبەرسڤی ئەوەدا، "هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد" ڕایگەیاند، منداڵەکانی خۆشی لە هێڵی پێشەوە لە پاڵ هێزەکانی پێشمەرگە دابوونە، تاوانبار کردنیانی بە خیانەت ڕەتکردوە و گووتی؛"یەکێتی نیشتیمانی کوردستان"لە سەردەمی دامەزراندنەوە هەتا ئێستا لەپێناو ئازادی و سەربەخۆیی وڵات و مافی جەماوەری کوردستان خەباتی کردوە...هەموو دەزانن ئەندامانی خانەوادەی من لە ئاراس، پافێل، قووباد، لاهور و پۆڵاد لە تەنیشت برا پێشمەرگەکانی خۆیانن و ئامادەنە بۆ شەڕ، ئاماژەی بەوەش کردوە، کە ڕاگەیاندنەکانی هەرێمی کوردستان، نابێ ڕێگا بدەن درۆ و بۆختانی دووژمنکارانە بڵاو بکرێتەوە بۆ ئاژاوەنانەوە لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆیی لەنێوان لایەنە سیاسیەکاندا، پارتی فێرە هەمیشە پاساو بۆ شکەست و خیانەت و ئاشبەتاڵەکانی مێژوویی خۆی بێنێتەوە و ئەوانی تر تاوانبار بکات.

کێ خیانەتکارە؟

جیاواز لەوی هەبوونی ئەم تاوانە دوو لایەنەیە، ڕادەی ناکۆکیی قووڵی نێوان حیزبە سەرەکییەکانی کوردستان پێشاندەدات، خاڵی جێگای پرسیار ئەوەیە کە چ کەسێک خیانەتی لە گەلی کوردستان کردوە؟کەسێک کە بۆ بوون بە"قارەمانی"خۆی لەناو خەڵکی کوردستان"وەهمێکی"گەورەی دروست کرد، یانیش کەسانێک کە بڕیاریان دابوو کێشەکانی نێوان بەغدا و هەرێم لە ڕێگای گفتوگۆ چارەسەر بکرێن و لەبارەی پێکدادان و شەڕ و خوێنڕژتن لەدوای جیابوونەوە لە عێراق هۆشتاریان دابوو؟ ئایا کەسێک بۆ خۆشەویست کردنی خۆی، ڕاسپاردەکانی دۆست و دووژمنی لە گوێ نەگرت و گەلی کوردستانی خستەناو جۆرەها قەیران و جەنگی دەروونی و ئابووریەوە، یا کەسانێک لە کەرکووک لەگەڵ هێزەکانی دەوڵەتی ناوەندی ڕێککەوتن هەتا خوێنی بێتاوانی خەڵکی مەدەنی کورد نەرژێت.!؟

مەسعوود بارزانی" ناکۆکییەکانی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان لەسەر پرسی ڕادەستکردنەوەی پۆستی" سەرۆکایەتی هەرێم کە ماوەکەشی بەسەرچوو بوو بەشێوەیەی یاسایی لەگەڵ دروستکردنی ئالوزییەکی گەورە بەناوی ڕاگەیاندنی ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی تێکەڵ کرد، لەشوێنی ڕادەستکردنی دەسەڵات و چارەسەری کێشەی خەڵکی کوردستان، دەوڵەتی مەرکەزی بەغدای مەحکووم کرد بەوی دووژمنی گەلی کورد و مافەکانی یاسایی و سەرەکی هەرێمی کوردستانە، هەرچەندە دژایەتی مێژوویی دەوڵەتی عێراق لە ئاست مافەکانی گەلی کورد شتێک نییە لێرەدا حاشای لێبکرێت، بەڵام ئەوەیکە "بارزانی"لەم قۆناغە هەستیارەدا کە هەرێمی کوردستان بەرەو سەقامگیریی و ئاسایش و گەشانەوە دەچوو، شتێکی گونجاو نەبوو بۆ تێکدانی فەزای پێوەندی ناوخۆیی هەرێم و بەغدا لەدوای کۆتایی هاتنی شەڕی داعش، بەڵکوو دەبووایە بەرپرسانی

کورد بەشێوەیەکی ئاشتیانە و لەرێگای دیپلۆماسی هێزەوە لەناو پەرلەمانی بەغدا کێشە و تەنگەژەکانیان چارەسەر بکەن و شەقامی کورد و عەرەبیان بەم شێوەیەی لە ناوچە دابڕاوەکان بینیمان ڕووبەڕووی یەکتر نەکردبایە، هەتا دۆخی نێوان بەغدا و هەرێم لەوە زیاتر ئاڵۆزتر نەبووایە."مەسعوود بارزانی"ئامادە بوو خوێنی چەکدارانی پێشمەرگە بکاتە قوربانی"بوون بە پاڵەوانی"خۆی و بڕیارە تەکرەوەکانی، کەسێکی بەم شێوەیە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی تاوانبار دەکات بە خیانەتکاری گەورە کە ڕێگری دەکرد لە شەڕ و .خوێنڕژی زیاتر لە شاری کەرکووک

درۆ و زیادەڕەوی لە داخۆیانیەکانی هێزی پێشمەرگە دا؛

کاتێک "بارزانی"لەگەڵ هەرەشەی یاسایی بەغدا لەبەرامبەر ئەنجامدانی گشتپرسیدا ڕووبەڕوو بۆوە، ڕایگەیاند، کەلی کوردستان و هێزی پێشمەرگە ئامادەنە سنوورەکانی کوردستان بپارێزن و لە پێناویدا گیانی خۆیان بەخت بکەن..ڕوداوەکانی ئەم دوایەی کەرکووک و پاشەکشەی چەکدارانی پارتی دیموکراتی کوردستان و بنەماڵەی بارزانی لە شەنگال پێشینەی هەڵاتنیان لە گۆڕەپانی شەڕی داعشیان لە کارنامەی خۆیاندا تۆمار کردوە و دەیسەلمێنی کە "بارزانی"بەگەورە پێشاندانی هێزی پێشمەرگە، چلۆن لەو مەسەلەیە بۆ پێشخستنی ئامانجەکانی لە ئەنجامدانی ڕێفراندۆمدا کەڵکی خراپی وەرگرتووە.چۆن هێزی پێشمەگە ماوەیەکی زۆرە .لەقەیرانی بێ مووچەیی و برسێتی دا ژیان دەگوزەرێنی

بارزانی"کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە کەرکووک بەخیانەت تاوانبار" دەکات، بەڵام وەڵام ناداتەوە پێشمەرگەکانی خێڵەکەی خۆی و حیزبەکەی لەناوچەکانی شەنگال و مەخموور سەنگەرەکانی خۆیان چۆڵکرد و هەڵاتن، بۆ چی بەخیانەت نازانی؟پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان و بارزانی ئەو ڕۆژەی لەبەرابەری داعش هەڵاتن، ئەمرۆش بەهەمان شێوە لەبەرابەر هێزە چەکدارەکانی عێراقی فیدراڵ، سەنگەرەکانی خۆیان چۆڵکرد.ئێستاش لەگەڵ ئەم کارەساتانەی ڕوویانداوە، لاوازی زۆر لەناو ڕێزەکانی هێزی پێشمەرگەدا دروست بووە و بارزانی بەپێچەوانە پێشاندانی ئەمە سەلماندی لەئاراستەی خزمەتکردن بەگەلی کوردستان نەجووڵاوە و ڕوداوەکانی دوای شانزدەی ئۆکتۆبەر و پرسی کەرکووک ئەو ڕاستیەمان بۆ ڕوندەکاتەوە کە هەرێمی کوردستان ناتوانی لەسەر هاوکارییەکانی وڵاتانی دەرەوە حیساب .بکات

خاڵێکی گرنگی تر کە نابێت لێ خافڵ بین، ئەوەیە ئەو هێزانەی پێشمەرگە کە لە ئاشبەتاڵی کەرکووک و شەنگال و دیالە دەبینران، هێزێکە پێنج ساڵە لەژێر پشتیوانی 22 وڵاتی ڕۆژئاوایی ڕاهێنانیان پێدەکرا و پڕچەک کرابوون بەجۆرەها چەکی پێشکەوتووی جیاواز لەلایەن چەندین وڵاتی وەک ئەمریکا و ئەڵمانیا.پێشمەرگە لەبەرامبەر شەڕی گروپی تیرۆریستی داعش تووشی شکان ببوو، گەر هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لەدژی داعش و عێراقی فیدراڵ نەبووایە، لەهەندێک ناوچەی جیاواز سەنگەرەکانی خۆیان چۆڵکرد و هەڵاتن، ئێستاش لەهەمبەر سوپای دواکەوتووی عێراق بۆمان دەرکەوت هێزی پێشمەرگە

توانای بەرگری نییە.لەلایەکی تر ولآتانی ئەوروپا و هەتا ئەمریکا رایانگەند، کە لەو مەسەلەیەدا بێلایەنن، بەڵام لەهەمان کاتدا پشتیوانی لە یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکەن، ئەڵمانیا ڕاهێنانی پێشمەرگەی لە هەولێر ڕاگرت و هاوپەیمانەکانی ئەمریکاش لە شەڕی تیرۆر لە عێراق و سووریە دا ڕایانگەیاند کە تەداخوول ناکەن لەم بابەتەدا.

ئەم ڕووداوانە سەلماندی "مەسعوود بارزانی"ئیتر نابێت چارەنووسی گەلی کورد لەو بەشەی کوردستان ببەستێەوە بە خێر و بەزەیی ولآتانی دەرەوە، چوونکە لەقۆناغی هەستیاردا نەتەنیا پشتیوانی لێناکەن، بەڵکوو تەکیەکایەکی بەهێزیش نین و زۆر زوو پشتی بەردەدن.بارزانی ئێستاش لەبیری ماوە، ئەو کاتەی گروپی تەکفیری ـ تیرۆریستی داعش هێرشی کردە سەر هەرێمی کوردستان، ئەو ولآتەی بەخێرایی پشتیوانی لێکرد و هێز و ڕاوێژکاری سەربازی بۆ ڕەوانە کرد کۆماری ئیسلامی ئێران بوو، کەواتە پێوەندییەکانی بنەماڵەی بارزانی لەتەک کۆماری ئیسلامی دا بەهێزترە لە یەکێتی نیشتیمانی و ئێران لەگەڵ پارتی دیمۆکراتی کوردستان پێوەندییەکی بەهێزی ئەمنییەتی هەیە بەشێوەی نهێنی.کەواتە تاوانبارکردنی یەکێتی و لایەنەکانی سیاسی بەخیانەتکار و خاکفرۆشی مەسەلەیەکی روون و ئاشکرایە لەلایەن بنەماڵەی بارزانی و پارتی دیمۆکراتی کوردستان...

....

# تاوانی بارزانییەکان لەدژی گەلی کورد و عەشرەتەکانی کورد هەر لە (تیرۆرو تۆقاندن

.:وکوشتنەور

عەشیرەتی بارزان یاخود با بڵێین کۆکراوەی خێڵەجیاجیاکانی بارزان کەشوێنەکەیان دەکەوێتە رۆژهەڵاتی روباری زێ ی گەورە . مەلا محمد یەکەمین کەس بووە کە بنچینەی نەقشبەندی خستە ناو عەشیرەتی بارزانیەکانەوە دوای مردنی ئەو کورەکەی مەلا عبداللە و لەدوای ئەویش مەلا عبدالرحمن کە مۆڵەتی ڕێکای نەقشبەندی لە مەلانا خالید لەسەرەتای سیەکانی سەدەی نۆزدەهەمی رابردوو وەرگرتووە جێ ی گرتۆتەوە .

لەراستیدا سجیلێکی درێژ لەچەسپاندنەکانی رونکراوەی باتنی لەلای شیخەکانی بارزان هەیە هەر لە لەسەرەتاوە کەدەست پێ دەکات بە شێخ عبدالسلام ی یەکەم کە باپیرەی مەلا مستەفایە وەرۆیشتووە بە شێخ محمد ی باوکی مەلا موستەفاو تاکۆتای دێت بە شێخ عبدالسلام ی دووەم و شێخ احمد براکانی مەلا موستەفا

.

وە کاتێك شێخ احمد ئیعلانی یەككرتنەوەی خێڵەكانی بارزانی كرد شوێنكەوتووەكانی كەوتنە روخاندنی مزكەوتەكان و كوشتنی نوێژكەرەكان و تەنانەت كوشتنی ئەوكەسانەی كە نویژ لە كێڵگەكانی خۆیان دەكەن وە یاخود ئەوانەی نوێژ لە چاوگی كانیاوەكاندا دەكەن بكوژن ، هەر لە بەرئەوە زاناكانی دینی ئیسلامی (ملای) كورد لە عەشرەتی مەزوری باڵا بەرووبەركردنەوەی جموجوڵكانی شێخ احمد خستنەرووی كردەوە ناشرینەكانی خۆی و یاریدەدەرەكەی مەلا جوجە و شوێنكەتووەكانیان هەرلەبەرئەوە شیخ احمد فەرمانێكی دەركرد بە لەناوبردنی ئەو زانایانەبەشێوەیەكی تر كوشتنی هەموو ئیمامەكانی مزكەوتی كەورەی یەككرتووەكانی عەشرەتەكانی بارزان هەرلەوكاتەدا لە ساڵی ١٩٤٤-١٩٤٥ دەست كرا بە لەناوبردنی هەریەك لە :

١- مەلا یونس خەڵكی دێ ی شنیكێ

. ٢- مەلا یاسین علی خەڵكی دێ ی بەتلی

. ٣- ملا جسیم كوری مەلا سەلیم خەڵكی دێ ی بیندرو

. ٤- موختار عبدالرحمن سەرۆكی خێڵی ئەركوش

. ٥- هەوڵدانی كوشتنی اسعد ئاغای شیتنە و مامی

وەكو دەرئەكەوێت شیخ احمد كاتێك كە مردووە وەسیەتی كەورێیەتی بنەماڵەی بارزانی بۆ كەس نەكردووە تا ئەو بنەماڵەیە ببات بە رێوە بەڵام هەندێك سەرچاوەی باوەر پێكراوی تر هەیە كە دەڵێن كە شێخ احمد هیچ كەفائەیەكی لە كورەكانی خۆی شێخ عوسمان و شێخ محمد نەبینیوە تا جێی بابیان بگرنەوە بەڵكو بەجێی هێشتووە بۆ كوری خوشكەكەی بەناوی (خورشید) كە جێ نشینی بكات و جێی بكرێتەوە كە خورشید توانیویەتی زوربەی زۆری شوێن كەوتوەكانی شێخ احمد بهێنێتە ژێر ركێفی خۆیەوەو بتوانێت دەست بەسەر هەموو ئاغاو شێخەكانی ئەوكاتەی بارزان بكات كە ئەو كاتە شێخ احمدیان بە خواوەندی خۆیان زانیوەو كە پێیان ووتوە (خودان بارزانی)یا (خوای بارزانییەكان) ..، بابێینە سەر باسی خورشیید خورشید لەدوای ئەوەی جێنیشینی گرتە دەست وە ناوی جێنشینییەكەی ناونا خورشیدییەكان ..، خورشیدییەكان دانیشتوی باشوری رۆژهەلاتی كۆمەڵكەی قوشتەبەو حەریری هەولێر بوون ئەم جێنشینییە رۆژلەدوای رۆژ ركەبەرایەتی بنەماڵەی مەلا موستەفاو كورەكانی زیاتر دەكرد هەرئەوە بوو بە فیتێكی بنەماڵەی بارزانی ئەم بنەماڵەی خورشیدە

لەلایەن رژێمی بەعسەوە لەناو چوون هەر لەدوای ئەوەش لە ساڵی ١٩٨٣ ئیدریس و مەسعود بە هاوبەشی
. هێزەکانی ئێران هێرش کرایە سەر قتاعی حاجی عمران

: بارزانییەکان و ململانێکانیان لەگەڵ بنەماڵە کوردییەکان

ئەو ململانێ خوێناوییە گەورەو قورسەی بارزانییەکان و بنەماڵەی بارزانی لە هەرە گەورەترین ململانێکان
: دادەنرێت لە مێژووی بنەماڵەی بارزانییەکان

لەسەرەتاکانی ساڵی ١٨٩٠ ئەم ململانێیە دەستی پێکرد لە ئەنجامی ئەو کارەساتەی کەبەسەر یەکێك لە ئاغاکانی گۆران یەکێك لە (حەوت بنەماڵە گەورەکە) کاتێك کە ژنی یەکێك لە ئاغاکانی گۆران هەڵدەگیرێت لە لایەن محمد حافزی کوری شێخ محمدی سورچی ئەمانیش وەك عەشرەتی گۆران پەنا دەبەنە بەر بنەماڵەی بارزان و لەئەنجامدا شوێن کەوتووەکانی شێخ احمدی بارزان محمد دەکوژن و ئەمەش دەبێت بە سەرتایەك بۆ ئەم ناکۆکی یە خوێناوییە تا ساڵی ١٩٩٦ کادرەکان ی پارتی هێرش دەکەنە سەر دێی (کلکن) سەر بەناوچەی حەریر ی شەقلاوە لە ئەنجامدا حسین ئاغا ی سورچی سەرۆك عەشرەتی سورچی و سۆرانییەکان دەکوژن و ماڵەکانیان تالان دەکەن و دێهاتەکەشیان وێران دەکەن لە کاتێکدا ئەو دێیە باوەشی بۆ کردبوونەوە لەکاتی جەبهەی کوردستانی لەدوای راپەرینەکەی ساڵی ١٩٩١ هەروەك نوسەرو ئەندازیار نجات عمر خزر سورچی دەڵێت کە خوێن و پیاو کوشتن و تالانی لەو بنەماڵەیە و سەرکردەکانی ئەو بنەماڵەیە دەوەشێتەوە کەبونەتە
. هۆی لەناوبردنی چەندین شۆرشگێرو سەرکردەی میللەتی کورد

لەساڵی ١٩٥٩ مەلا موستەفا لەگەڵ شیوعییەکانی ئەوکاتە یەکدەگرێت بۆ لەناوبردنی چەندین مەلاو زانای
. ئاینی مویڵ و کوشتنیان بۆ خستنە ناوەوەی تەفرەقەو دوبەرکی کوردو موێڵییەکان

هەرلەدوای ئەمەو لەساڵی ٩٦٠ مەلا موستفا فەرمان دەدات بۆ کوشتنی شێخ یدیقی میران ی سەرکردەی عەشیرەتی خۆشناوی شەقلاوەو هەر لەساڵی ٢٠٠٦ مسعود بارزانی فەرمان دەکات بەکوشتنی زانای کور
. دکتۆر عمر میران کە کوژرا لە نێوان مەسیف شەقلاوەو یەلاح الدین

لەساڵی ١٩٦٠ مەلا موستەفا فەرمان دەردەکات بە پیاوەکەی (عیسا سوار) بۆ کوشتنی شێخ احمد زیباری برای شێخ محمود زێباری سەرۆك عەشرەتی زێباری و مامی هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوە کە دەست بەجێ
. فەرمانەکەی جێبەجێ کرا

لەساڵی ١٩٩٦ مەلا موستەفا فەرمان دەردەکات بە کوشتنی 5 لە ئاغا گەورەکانی عەشرەتی بەرواری کەئەم کارەی بە مەلا نەبی بارزان سپارد و تەوای کرد کە هەر لەدوای ئەوە ئەم موجریمە لەگەڵ یەکێك لە پیاوەکانی
. بەناوی احمد جغسی لەمانگی ئازاری ١٩٧٧ لەلاین کورانی عەشیرەتی بەرواری

لەساڵی ١٩٦٦ اسعد خوشبی لێپسراوی ناوچەی بادینان بە فەرمانی مەلا موستەفا هەریەك لە احمد ئاغا و سعید ئاغا ی ئاغای ناوچەی عمادیەی کوشت بەهۆی بون بە ئەندامی کوری احمد ئاغا بە ئەندامی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی جلال تالەبانی لەکاتی ناکۆکی لە نێوان ی.ن.ك و پ.د.ك لە ساڵی ١٩٦ .

هەر لەمانگی ئازاری ١٩٦٦ مەلا موستەفا فەرمانی دەرکرد بە کوشتنی فاخر میرکە سورە خۆی و خانەوادەکەی و با وکە پیرەکەی (احمد ئاغای ٩٤ساڵ) تەنها زنبی ئەوە بوو کە پشتکیری چەند سەرۆك خێڵێکی لە پشت بو.

لەساڵی ١٩٨٧ شێخ فزلالدین ی نەقشبەندی کوژرا بەدەستی هێزەکانی پارتی .

لە ساڵی ١٩٩٩ علی بگ سلیفانی بەدەستی هێزەکانی پاراستن بە هاوبەشی مخابەراتی عێراقی لە موێل خۆی و کورەکەی کوژران هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە علی بگ پارێزکاری لە عیسا سوار کردووە لەساڵی ١٩٧٥ و کووشتنەکانی بۆ پۆشیووە کە کردوویەتی کە لە کاتێکدا عیسا سوار یەکێك بووە لە پیاوە کانی مەلا موستەفا.

ئەمان مشتێکن لە نموونەی خەرواریك کە ئەم بنەماڵەیە کە بەناو پارێزکاری لە قەومی کورد کە ئەو هەموو کوشتن و برینەیان دەرهەق بە گەلی کورد کردووە هەر لەبەر ئەوە تا زوو روخاندنیان و دورخستنەوەیان با شترە ئەمانەش کۆمەڵێك وێنە لە پاکی بنەماڵەی بارزانی و هەر لە جاشێتیو دانیشتن بەناوی پارێزکاری لە میللەتی کورد لەگەڵ سەرانی رژێم .....

.....

## -:پەلاماری پارتی بۆ سەر شەنگال

پێش هەر باسێک زۆرینەمان دەزانین کە پارتی هەر لە سەرەتاوە ڕۆڵی کۆمپانیایەکی بینەوە لەبەرژەوەندی بنەماڵەی دەسەلاتدار و بەهیچ شێوەیەک سیمای پارتایەتی تێدا بەدی نەکراوە نەئێستاو نە ئەوساش، هیچ هەڵەیەک بەدی ناکەم کە پێیان بکووترێت،بنەماڵە خێڵەکی و بنەماڵەکی خێڵەکەی تا سەر ئێسقان دوواکەووتوو نەزان ودوور لەهەموو بەهاکانی مرۆڤایەتی.

بە چاوو حکومەتەکەیان دەبینن کە ئەوانەی کە دەسەڵاتداری فەرمین، تەنها ماڵ منداڵی خۆیانن. کاتێکیش ڕەوش گەیشتە ئەم ئاستە ئیتر دوژمن بە سانایی دزە دەکاتە ناویان، هەموو دەزانین، بەهەرە پارتیە نەزانەکان بێئگانیشیانەوە، کە هەتا شای ئێران دەسەڵاتداربوو، بنەماڵە نۆکەری شایان کرد، شەهیدکردنی سەرکردەی حدکا"سلێانی موعینی" نموونەیەکە، دوای ڕووخاندنی شا و هاتنە سەردەسەلاتی بیرۆکەیەکی ئێجار نوێ لە سیستمی پێشوو، واتا ئاخووندە چنگ خوێناوییەکان، بنەماڵەی بارزانی دەسەلاتدار دەست بەجێ بوونە تانجی ڕاوی مەلاکانی ئێران، هەرچەند خومەینی ویستی مەسعود و ئیدریس لە سێدارە بدات، لەسەر ئاشکرابوونی سیخوڕی مەسعود وئیدریس بۆ موساد و سیا، بەلام "بەهەشتی" بەپەلە خۆی گەیاندە لای خومەینی ونەیهێلاو بە خومەینی گووت" ئێمە بە دڵنیای سبەینێ شەڕی کوردەکانی ئێران دەکەین، بۆیە پێویستیمان پێیان دەبێت، بۆیە خومەینی قایل بوو بە پێشنیارەکەی بەهەشتی لە سێدارەی نەدان، ئەوەبوو دوای ئەوە جامانە سوورەکان کەووتنە پێش پاسداران بست بەستی خاکی ڕزگارکراوی نێشتیمانیان ڕادەستی سوپا دەست پێ خوێناوییەکی پاسداران کرد، هەروەها لە زۆر جێگای خۆرهەڵاتی نیشتیمان تاوانی هێندە قێزەونیان ئەنجامدا کە خودی پاسدار نەیدەوێرا بەو شێوە جانەوەری دڕندەی بنوێنێت، بۆ نموونە کاتێک گەنجانی خانی دەستیان دایە هوتافکێشان دژی کۆماری ئیسلامی، پاسدارەکان لە ڕوویان نەهات کە تەقە لە خۆپیشاندەران بکەن، چوونکە ووتیان ئێمە دوێنێ پێکەوە شامان ڕووخاند ئێستا بە چ ویژدانێکەوە، تەقە لەهاو سەنەگەرەکەی دوێنیم بکەم؟ بەڵام پیاوەکانی بارزانی چوونکە خۆشەی خیانەت کراون، بەلایانەوە ئاسایی، ئەبوو ٢١ لاوی خانێیان شەهید کرد ، ئەمە جگە لە تیرۆرکردنی هەزاران نیشتیمان پەروەری خۆرهەڵاتی نیشتیمان، بۆ نونە وەک "مەلا ئەولڕیحیمی وەرتێ" کە کادرێکی بەتەمەنی حدکابوو، پیاوەکانی مەمەلامستەفا کوشتیان تەرمەکەیان فرۆشت بەشا. هەروەها هەموومان ئاگاداری کارەساتی هەکارین کە هێشتا شۆڕش خونچە بووو، بەهاوکاری عێراق ،سوریا تورکیا ئێران، هەوڵیاندا کە شۆڕشێک خامۆش بکەن، کە ناڵە وهاواری ٤٠ ملێۆن مرۆڤی کوردە. هەرهەمووشمان ئاگاداری هێنانی سوپای عەلی کیماویان بۆ سەرپەرلەمان و بەکوشتندانی سەدان گەنجی دڵسۆزی نیشتیمان. هەرهەمووشمان دەزانین و ئاگادارین کە تورکیای فاشی چ جۆرە دوژمنێکی جانەوەریانەی گەلەکەمانە، کەچی بنەماڵەی بارزانی کڕنووشیان بۆ دەبەن و هەمیشە لە پێشیوەی بەرەکانی جەنگ لاوی سەرلێشێواوی کورد بۆ بەرژەوەندی تورکییا فاشی بەکوشتن دەدەن

ئەوەی کارەساتەی ئێستاش ڕوودەدات،هیچ نهێنیەکی تێدانیە، کورد بەرەو سەرکەوتن هەنگاوی باشی ناوە و جێپێی خۆی بە باشی کردۆتەوە و هەرچی توانیان هەبووە توانویانە کە کۆڕ وکۆمەڵگای کوردی بە ڕێکخستێکی تۆکمە و پتەو بکەن، هەروەها بە قارەمانێتی خۆیان جیهانیان سەرسام کردوە، کارێکیان کردووە وەک دەبینن کە لەهەر چوارپارچەی جیهانەوە مرۆڤ دۆستان و ئەکادیمستان پشتیوانیان دەکەن، چەک دەکەنە شانیان و دێنە کوردستان و شەهیدیش دەکرێن، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ترس و دڵەڕاوکێی خستۆتە دەروونی تورکەفاشیەکانەوە و شێت وهاری کردوون ئارمایان لەبەر بڕاوە، پاشان شکستە لەیەک لەدوا یەکەکان وەحشەکانی داعش و سەرکەووتنی کورد، هێندەی دیکە مەسعود درۆغانی شێت هار کردووە. هەروەها چارەی مەسعود و درۆغان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەدەرەوە ناوەوەش گرانتر و ناشیریتر دەبێت،هەر دوێنێ دوای هەرەشەکانی درۆغان کە دەچێتە مەنبج ئەمەریکاو و ڕوسیا پێکەوە بڕیاریاندا کە بچنە مەنبج وبەتەواوی ڕیگە لە تورکیا داخرا. لەناوەوەش سوپای تورکیا پاش بلاوکردنەوەی ڕاپۆرتێک دەسگیرکردنی ڕۆژنامەنووسەکەی نێوان سوپا و ئەردۆغان تێک چووە بەشێوەیەکی کە تورکەکانی تۆقاندووە، هەروەها کێشەی سەرپۆشی پلەدارە ئافرەتەکانی نێو سوپای تورکیا.هۆکارە هەرە گرنگەکانی ئەم شەڕەی سێ ی سێ ی٢٠١٧،چیای شەناگەلە،کە بە پردی نێوان باکور و باشور و ڕۆژئاوای نیشتیمان دەبیندرێت، مەسعود درۆغان، بە کارەساتی ترسناکی خۆیان دەزانن، هەروەکوو لەو لینکەی خوارەوەشدا دەبینن، لەزمانی پسپۆڕانی بیانییەوە کە ئەکادیمایای "مەزڵوم قۆقمەز" لە بیقاعی لوبنانی کە ئیسرائیل و تورکیا پێکەوە بۆردومانیان کرد ساڵی ١٩٩٥، هەزاران کادری بەتواناو جەربەزەی بەرهەم هیناوە، جێگەپەنجەی کادرەکانی کەلە ئەکادیمیای مەزلوم قۆقمازدا پەروەردەیان دیوە، دیارە. ئێستا مەسعود درۆغان ئاگادارن کە بەهەمان شێوەی ئەکادیمیای مەزڵوم قۆقماز، ئەکادیمیایەکیان لە شەنگال کردۆتەوە بەناوی ئەکادیمیای "دەروێش عەبدی" کەلەو ئەکادیمایەدا قارەمان کەسانی بەتوانا بەرهەم دەهێنێت. شەڕەکانی ڕۆژئاوای نیشتیمان بەڵگەی قارەمانێتی وجەربەزەیی پەروەردەیی ئەکادیمییای شەهید قۆمازە.چ درۆغان مەسعودی مەلامستەفا هەموو هەمووڵی خۆیان دەخەنە کار کە ڕیگری بکەن لەسەرکەووتنی ئەو ئەکادیمیایی دەرویش عەبدی، کە بتوانن شەنگال و شەنگالیەکانیش بکەڕێننەوە ژێر ڕکێفی مەسعود ئەردۆغان، بۆ دیتمان هەر لە سەرەتای ڕزگارکردنی کوبانێەوە، بە چرکە مەسعود درۆغان نەوەستاون لەپیلان داناندا، هەر جارە و بەناوێکەوە ویستیان کە چارەنووسی ڕۆژئاوا بە چارەنووسی ١٩٧٤ و ٣١ ئاب بەرن. ووردوو درشتمان چوونی مەسعود بۆ لای درۆغان ئەم پێشبینیەیەی ئەمڕۆمان لە دیددا بوو. بەڵام خەیالاین خاوە،هەرکیز بەکرێگیراوانی ئەنەکەسە و خۆفرۆشەکانی دیکە ناتوانن کە جارێکی دیکە، ئەو ٧٠٠ هەزار شەناکالییە بکەڕێننەوە وبەکاریان بهێنن بۆ بەرژەوەندی تایبەتی .هەوەسبازی بنەمەڵە خۆفرۆشکەی بارزانی

دووەم پەلاماری شەنکال هیچ کوومانێکی نەهێلایەوە کە دەبێت کەلی کورد بەجدی بیر لەناوبردنی بنەماڵەی .بارزانیە دەسەڵاتدارکان بکاتەوە

.لەخۆت بپرسە بۆ لەم کاتە ناسکەدا بنەماڵە پەلاماری شەنکال دەدەن ئەگەر داردەستی تورکە فاشیەکان نین

# گەندەڵی

ڕوون و ئاشکرایە کە دەسەڵاتی یەکەم لە کوردستان (پارتی دیموکراتی کوردستان)ە و خۆیشی بە خاوەنی کوردستان دەزانێت و هەموو جومگە کایە سیاسییەکانی بەدەستەوەیە، وە دیارە کە چەند حیزب و لایەنێک لێرە و لەوێ دەستباری هەڵە و دزی و سیناریۆ ئاشکراکانی دەکەن یان داپۆشەری لایەنە شاراوەکانی ئەو پارتەن کە لە هەگبەیدایە، سەرەڕای دەسەڵاتی یەکەمی لە کوردستان ئەم پارتە ئەوانی تریش بە نۆکەر و خزمەتکاری خۆی دەزانێت و هەوڵی تەواوی ئەوە بووە کە بەهەرجۆرێک بێت ئەوانیش بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، وە حیزب یان بەشێک لە حیزبیان ڕازی کردووە کە وەک ئەو بیربکەنەوە و بیروبۆچوونەکانی ئەو پەسەند بکەن واتە خەبات و تێکۆشانی ڕابردووی حیزبەکانی تری خشستووەتە شارێی خزمەت بەو ڕێبازە خیانەتخوازە، مێژووی ئەو حیزبە پڕە لە چەندین هەڵوێستی نەشیاو و دوور لە بەهای کوردایەتی و دژی دۆزی کوردی بووە وە بکرە ماوە ماوە مێژووی خیانەتبازی خۆی دەنوسێتەوە و دووبارەی دەکاتەوە، واتە ماوە ماوە بەرد لەسەر بەرد دەخاتە سەر یەک بۆ تەواوکردنی چەند بەرگێکی خیانەتکاری لە تەواوی مێژووی .ئەو حیزبەدا

لەمێژە ڕوونە کە گرنکترین کێشەی پارتی ئەوەیە هەڵەکانی لا دەبێت بە عورف و مۆدێل و خوویان پێوەدەگرێت، بڕواننە مێژوویی حزبەکە و هەڵەکانی و دووبارەکردنەوەیان، هەڵە یەک لەدوایەکەکانی ئەم دوواییە کە کردوویەتی وەک ڕێگری کردن لە سەرۆکی شەرعی پەرلەمانی کوردستان و چەند پۆلە پەرلەمانتارێک و کۆسرەت ڕەسوڵ و چەند وەزیرێک و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و سوکایەتی کردن بە (هێمن) بنەسلاوەیی و لە کۆتا هەوڵی تازەی ناشیریندا ڕێگری کردن لە دوو پەرلەمانتاری بوێر و چاونەترسی وەک (سۆران عومەر و عەلی حەمەصالح) کە دوو پۆڵای قایمی دژی شا دەماری گەندەڵین لە کاتێکدا ئەو دوو پەرلەمانتارە خێزان و ماڵ و منداڵی خۆیان پێ بووە و ویستوویانە بچنەوە ماڵی خۆیان، ڕێگریکردن لەو دوو پەرلەمانتارە ڕێگری کردنە لە تەواوی گەلی کوردستان و سوکایەتی کردنە بەو ئەزموونەی کە هەیەتی و دژایەتی ئازادیخوازان و حەقبێژانە، ڕێگرییە لە کۆی ئەو دەنگە پاکانەی کە ئەو دوو پەرلەمانتارە بە پاکی و پوختەیی بەدەستیان هێنابوو، ئەو ڕێگرییانە پەیامی ڕووی ڕاستی پارتییە بۆ ئەوانەی کە ڕێچکەی ئەو دوو پەرلەمانتارەیان هەڵگرتووە، دیارە ئەو پارتە چاوی بەو ڕاستییە هەڵنایەت کە ئەو دوو پەرلەمانتارە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پێگەی جەماوەرییان زیاد دەکات و تاکە هیوایەک کە گەلی هۆشیار پێی هەبێت ئەو دوو پەرلەمانتارە .ڕاست بێژەیە

ڕێگری هەر وەک چەتە ئاسا، بە هێزی میلیشایی و جل و بەرگی ڕەسمییەوە، مافیا ئاسا و خێڵەکی ئاسا و بەعس ئاسا، هێزی جاش و خاک فرۆشان، بەهێزی نۆکەرانی بێگانە و دوژمنی ناوخۆ، هێزی خۆ خۆری و مشەخۆری، ئەو پارتە بەئاشکرا و بە بەرچاو ڕاکەیاندنەکانەوە هەردوو بازگەی (دێگەڵە و پردێ)ی کردووەتە

(سێگۆشەی بەرمۆدە) لە دژی نەیارانی، لە دژی ئازادیخوازان و ڕاست بێژان، لە دژی دژە گەندەڵکار و گەندەڵچییەکان.

ئەو پارتە بۆیە ڕێگری دەکات لەو دوو پەرلەمانتارە و هاوشێوەی ئەوان چونکە هەر بە بینینیان مشەوەش دەبن، قەڵس و بێتاقەت دەبن، چونکە هەر ئەمانن مەلەفی گەندەڵی دەجوڵێنن بە تایبەت ئەو مەلەفانەی کە پەیوەندیان بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە وەک چاودێریکردنی یاسای بودجە و موچەی پێشمەرگە و سامانە سروشتییەکان و بەهەدەردانی سامانی گشتی و دزی و فێڵەکانیان ئاشکرا دەکەن، بۆندە تەزویرەکان و پرۆژە وەهمییەکان دەخەنە ڕوو، هەر ئەوانن دەست دەبەن بۆ دەرخستنی ئەو پیلانانەی کە ئەو پارتە بە نیازی جێبەجێکردنیەتی لە خزمەتی ئاغای تورکیدا، ئەو دوو پەرلەمانتارە نە جاشن و نە قەڵەم فرۆش نە جاسوس و خۆفرۆش نە میتن

وخاک فرۆش.

ئەو ڕێگرییە ئەو پارتە گرتوویەتیە بەر ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە ئەو پارتە هیچ ڕاست ناکات لەهەوڵی چارەسەرکردنی ئەم دۆخە و کێشەکانی کوردستان و وە بگرە بە ویست و خواستی خۆی قوڵتریان دەکاتەوە، وە دەبێت سەرانی ئەو پارتە باش بزانن کە هەتا سنورە خۆکردەکانی وەک (دێگەڵە و پردێ) نەسڕێتەوە و تا (یوسف و سۆران و عەلی)یەکان بە ئازادی لێی بسوڕێنەوە ئەوا قەت ناتوانێت ئەو سنورانە بسڕێتەوە کە بەسەریدا فەرزکراوە لە لایەن ئاغاکانیانەوە.

لە کۆتاییدا ئەو ڕاستیە دێتە دی کە ئەو بێدەنگییەی حیزبی شەریکە دز هەر وا بە ئاسانی بەسەریان دا ناڕوات و ڕۆژێک دێت جێگرەکەی حکومەت لە (دێگەڵە یان پردێ)وە بەشێوەیەکی سوکایەتی و ناشیرین ڕەوانەی زۆنگی سەوزی بکاتەوە

## -تەقینەوەکەی زاخۆ لەلایەن میت و پارتیەوە؛

لە دوای راپەرینی خەڵکی کوردستان ساڵی ١٩٩١ بە سپۆنسەری جەلال تالەبانی و یەکێتیی جارێکی دیکە ئەو دەرفەتەیان بۆ بنەماڵەی بارزانی رەخساندەوە کە لە کەرەج و ئێران بێنەوە باشوری کوردستان و ئەو بەشە لە خیانەت و ناپاکییدا هەڵکێشن. لە زمانی د. مەحمود عوسمان، دەگێرێتەوە کاتی خۆی مەلا مستەفا نامەیەک بۆ وەزیرێکی تورکیا دەنێرێت، تورکەکان نامەکە وەرناگرن، وەک خۆی بە پێچراوەیی دەینێرنەوە، کە پرسیار دەکەن، لە وەڵامدا دەڵێن، ئەگەر نامەکە بکەینەوە مانای وایە ئێمە ددانمان بە بوونی کورددا ناوە. پاش بیست ساڵ مەسعود بارزانی لەم رووشکانەی باوکییەوە فێربوو، کە رێکایەکی دیکە بدۆزێتەوە بۆ نزیکبوونەوە لە تورکیا تا خیانەت و جاشایەتی زیاتر بۆ دوژمن و داگیرکەرانی کوردستانی بکات، شەری دژ بە پەکەکەی کرد و زیاتر لە سێ هەزار پێشمەرگەیان بۆ تورکیا بە کوشت دا.ئەو کاتەی (فرانسۆ میتران) سەرەک کۆماری پێشووی فەرەنسا بە هاندانی هاوسەرەکەی (دانیاڵ میتران) کە دۆستی نزیکی گەلی کوردە، بریار دەدەن، هەرچیان کردوە و نەکردوە، دەبێت چارەیەک بۆ کێشەی کورد بدۆزرێتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش، فرانسۆ میتران سەرانی کورد بانگهێشتی جێگەیەکی تایبەتی دەکات، کە بیرۆکەیەک بۆ سەربەخۆی کوردستان گەڵاڵە بکەن، بەلام فرانسۆ میتران مەرج دەکات کە هەوڵەکەیان بە نهێنی بێت، تا ئەو کاتەی تەواویی شێوازی نەخشەی کارەکە بە ئەنجام دەگات، هوشیار زێباری، خاڵی مەسعود، لە کاتی گەرانەوەیدا بۆ تورکیا دەچێت و نەخشەی ئازادکردنی کوردستان تەسلیم بە فاشستەکانی تورک دەکات، دەست بەجێش رۆژنامە بەربلاوەکانی تورکیا هەواڵەکە بلاو دەکەنەوە، فرنسۆ میتران لە تاوا دەحەپەسێ، ئەڵێن هەر ئەو هەواڵەش بووە هۆی ئەوەی فرانسۆ میتران توشیی، نەخۆشی دڵ و سەکتەی دڵ ببێت، پاش ماوەیەك بەو نەخۆشییەوە کۆچی دوای کرد. مەسعود بارزانی تەنیا ئەم خزمەتەی بە تورکیا نەکرد، بۆ ئەوەی تورک دڵنیابکاتەوە کە کورد دەوڵەتی ناوێت و جوداخوازیی ناکات، دەرگاشی کردوە تا سوپای تورکیا بێتە ناو باشورەوە و بنکەی سەربازی دابنێت، دەزگای میتی تورکیش لەگەڵ ئەو هێزە سەربازییەدا چاودێری باشوور بکات و لە زۆربەی شار و ناوچەکاندا ژورێک بۆ چالاکی خۆی بکاتەوە، زۆربەی تەقینەوەکانی کەرکوک، زاخۆ، هەولێر، توزخورماتو، خانەقین و شوێنی دیکە، هەمووی میت و تورکمانەکان کردوویانە بە هاوکاری دەزگای پاراستن ، ئابوری تورکیا داروخابوو، لە هەمووی ترسناکتر، پارتیی پارمەتی تورکیای دا کە ئابوری خۆی هەڵبستێنێتەوە و بیگەیەنێتە لوتکە، ئەمە گەورەترین خیانەتە کە مێژوو نمونەی وای بە خۆیەوە نەدیوە، نەتەوەیەکی بندەست ئاوا رەفتار لە دوژمنی خۆیدا بکات و دژی خۆی بە توانا و بەهیزی بکات، . بەڵگە بۆ هەموو ئەوانەی کە لەسەرەوە باسم کردن زۆرن و لە زۆر سەرچاوەدا ئاماژەی پێی دراوە، لێ ئەوەی من لێرەدا دەمەوێت باسی لێوەبکەم، تەقینەوەکەی زاخۆیە، کە لە ٢٧ی مانگی دووی ساڵی ١٩٩٥ لە ناو بازاری گەورەی چەکفروشانی زاخۆدا ی تێدا دەبێت دەتەقێتەوە، ئەمەم دەبێتە ٩٠ هاولاتیی سڤیل و بریندار بوونیTNT ئوتومبیلێك کە 500 کیلو زیاتر لە ٣٠ کەس. ئەو دەمە لەو شوێنەدا زۆربەی بازارەکان خەریکی کرین و فرۆشتنی چەک و تەقەمەنی بوون، بە گومانی تورکیا و سیخورەکانیان گوایە پەکەکە دێتە ئەو بازارە و چەکی پێداویستییەنای سەربازیی

خۆی دەکریت، بۆیە پارتیش لەمەدا هاریکاری میتی تورک دەکات و بە هاریکاری یەکتر تەقینەوەکە ئەنجام دەداان، ئەو کاتەش زاخۆ و زۆر ناوچەی دیکە، کە هێشتا یەکێتی پێگەی تێدا مابوو، ئەمە دەکاتە بیانوو تا خەڵکی لە دژی یەکێتیی هان بدات بۆیە کۆسرەت رەسوڵ تاوانبار دەکات، کە بەم کارە هەڵساوە، لەلایەن دادگاوە فەرمانی تاوانبارکردن و گرتن بۆ کۆسرەت دەردەکرێت، تا ئیستاش پارتی ئەو تاوانەی بە فەرمی لانەبردووە لەگەڵ ئەوەشدا کە کۆسرەت ئیستا جێگری مەسعودە و هاوشەریکی کۆمپانیا و هاوبازرگانی .یەکترن

تاوانبارکردنی کۆسرەت بەم روداوەی زاخۆ، وەک خاڵی لاواز کە ئەو تەقینەوەکەشی نەکردووە لە زۆر بۆنەدا دراوەتەوە بە روویدا و بێدەنگیان کردووە، بۆ نمونە لە کاتی دروستبوونی بزوتنەوەی گۆڕاندا، کە کۆسرەت لە یەکێتی زیزبووبوو، ویستی وەکو فشارێک بۆ سەر تالەبانی لەگەڵ سێ ئەندامی یەکێتیی تر، رایانگەیاند کە دەچنە ناو ئەو بزوتنەوەیەوە، بۆ ئەمەم تالەبانی کە ئەو کاتە سەرۆککۆمار بوو، کۆسرەت بانگ دەکاتە بەغدا و ئاوای پێدەڵێت: کاک کۆسرەت دەزانی ئەو ئەمریکییە نامەردانە تەقینەوەکەی زاخۆیان داوەتە پاڵ تۆ؟ نەک تەنها ئەوە کاتێک کە لە موسڵ چوویت تەها یاسین رەمەزانت گرت، ئەمەریکییەکان زانیاریان لە لایە و بە منیشیان !وت، کە تۆ **25** ملیۆن دۆلارت لە ماڵەکەی هێناوەتە دەرێ و بۆ خۆتت هەڵگرتووە

پاش ئەوەی کە کۆسرەت گوێی لەم قسانە دەبێت، موچڕکەیەک بە گیانییدا دێت و هیچ ناڵێ، ئیتر تاڵەبانی بەم .شێوەیە کۆسرەت لەو چوار کەسە جیادەکاتەوە، لە کاتی گەڕانەوەیدا هەڵوێستی خۆی ئەگۆڕێت

ئیستاش دوای ئەوە گوڤاری مەتینی پارتی لە دهوك ناوی دوو کەسی بلاوکردۆتەوە هەر یەکە لە(ئەحمەد سالح و سەعید دەرکاری) تومەتبار کراوە، کوایە ئەمانە بە تەقینەوەکانی **27** شوباتی زاخۆ هەڵساون و بە پلانی کوسرەت رەسول. ژنەکەی ئەحمەد سالح زاخویی بۆ کەناڵی سپێدەی یەککرتوو دەڵێت: دوای دەستبەسەرکردنی ئەحمەد بە هەفتەیەك، چووم و لە زیندانی دهوك سەرەدانیم کردووە پێی ووتوە ئەوە چوون لەسەر تەلەفزیونی پارتی بەو کارە تیروریەخوت تومەتبار کرد؟ ئەویش پێی سەیر بووە و سوێندی خواردووە کە هیچ دیدارێکی لە گەل تلفزیونەکاندا نەکردووە ، تومەز وەکو سەرخۆش بێ هۆشیان کردووە و ئاگای لە خۆی نەبووە. گومانیش دەکرێت کە میتی تورک یارمەتی پاراستنی دابێت تا بەو شێوەیە بێهۆشی بکەن. هەر وەها ژنەکەی دەڵێ جورەها ئەشکەنجە درابوو، ننینوکیان دەرهێنابوو، خستبویانە سەر بوتڵ (بوتڵیان لە پاشی نابوو) هەروەها ! دەم و لچیان شەقاندبوو، هەڵبەت ئەوە بە کێ بکرێ دان بە هەموو شتێکدا دەنێت

تا ئێستا ئەحمەد لە زیندانە و سەعید دەرکاریش دوای راکردنی بۆ سلێمانی گەراوەتەوە زاخو (دەکرێ رێککەوتنی کردبێت لە گەل پارتی چونکە وەک گوڤار ی باشور دەنووسێت چەندین هەوڵ درا تا دیدارێك بکات نەیکرد) کەیسەکە لە پەرلەمانی کوردستان زیندووە لەسەر تۆمەتبارکردنی کوسرەت رەسوڵ بەپێی .بەڵگەنامەیەکی گوڤاری لڤین

کۆمەڵێک زانیاریی دیکە دەست کوردستانپۆست و منیش کەوتووە، تێیدا بەم جۆرە باسی دەکات: سالی ١٩٩٧ کەسێك بەناوی ئوستاز حەبیب کەخەلکی تەلەعفەر، کابرایەکی سمێڵ زلی سەر رووتاوە بووە، سەر بە بەرەی تورکمانی دەبێت، لە هەمان کاتدا لە پاراستنیش کار دەکات،.... ئاسایشی هەولێر دەستگیری دەکات، ئەویش بە تاوانی ئەوەی نۆ کەس بۆڤیزە چوونەتە بارەگای تورکمانەکان، ئوستاز حەبیب و کورەکەی کە ناوی محمەد دەبێت، رەشید کورە شێخێکی زاخۆو سەگڤان ناوێکیان لەگەڵدا دادەبێت، هەر جواریان ئەو تاوانانە دەکەن، بەوەی شەربەتییان بەو نۆ کەسە داوە و دەرمانخواردیان کردوون، دوای ئەوە کوشتوویانن و جلی کەریلای پەکەکەیان لەبەر کردوون، لە دواییدا لاشەکانیان لە زاخۆ فرێداون وایان بلاوکردۆتەوە، گوایە ئەوانە دیلی پەکەک بوون و بەرەی تورکمانی گرتونی و کوشتوویانە و لە زاخۆ فرییان داون، بەلام لە دواییدا کە ئەمەم ئاشکرا دەبیت وەیەکێك لەقوربانیەکان کەسایەتیەکی عەرەبی جبوری دیار دەبیت ، پاراستن ئوستاز حەبیب ماوەیەك دەگرێت چونکە سەر بە خۆشیان بووە، لەکاتی لێکۆڵینەودا لەبەردەم مولازم محمەد چاوشین کە لە دژە تیرور دەوامی کردووە، دان بەوەدا دەنێت، هەروەها ددان بەوەشدا دەنێت کە هەر بە بڕیاری میت و پاراستن تەقینەوەکەی زاخۆشیان کردووە ، چونکە لەم شوێنە چەکێکی زۆر دەفرۆشرا، خەلکی زاخۆ لەوکاتدا هاوسۆزییەکیان بۆ پکك هەبووە . بۆیە بەپیلانی میت و پاراستن ئەو تەقینەوە رویدا وا باسی دەکات کە کەسێك بەناوی هاشم یان هشام (وەک سەرچاوەکە باسی دەکات دەڵێت ببورن لەبەر تیپەرینی ٢٠سال بەسەریدا ناوەکەم بەدەقیقی لەبیرنماوە)، ئەو کەسە تورکمانێکی کەرکوك بووە لەرێگای بەرازیلیەکی سپی ژمارە بەغداد ئەنجام دراوە و میتی تورك لەوکاتدا ٥ هەزار دۆلاری وەك دیاری پێدراوە بەو تورکمانەی کەرکوك کەکارەکەی کردووە لەگەڵ دوو دەسی تردا (یەلدرمە ژیتەمەکە ) ناوەکانیان دەهێنێت

شایەنی باسە ئەو ئوستاز حەبیبە ، دوای ئەو ددان پێدانانە و دوو رۆژ بە دوایدا لە مەکتەبی نیچیرڤان بارزانی هاتن و ئازادیان کرد، چونکە زۆر نهێنی تریشی لابووە.

.........

بۆچی مەسعود بارزانی نەخشەی سەربەخۆیی کوردستانی بۆ فاشستەکانی تورک ئاشکرا کرد؟:.

ئاشکرایە و بۆ مێژووش بەڵگە نەویستە، کە کورد، هێندەی دەریایەک خوێنی لە پێناوی بزاڤی رزگاریخوازییدا داوە و چەندین جاریش خۆی لە ئازادیی و سەربەخۆیی نزیك کردۆتەوە، کەچی لە پڕێکدا ئەو هیوایەی بەرەو نەهامەتی تلۆر بۆتەوە و بێ ئەوەی پرسیار لە هۆکار و سەرەنجامی کرابێتەوە، کەسێکی وەکوو جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی کە ئەویان بۆتە سەرۆکی عێراق و ئەمیشیان خۆی کردۆتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نایانەوێت و ڕێکرن، کە کورد ئازاد بێت، کوردستان سەربەخۆبێت؟ وەکوو وتمان دەرفەتی زێرین بۆ کورد زۆر ڕەخساوە، لێ ئەم دوانە وەکوو مۆرانە تێی کەوتوون و هەڵیان وەشاندۆتەوە. ڕەنگە لای زۆر کەس ئەم دوانە سەرکردەبن، لای من و زۆربەی خەڵکی تر ئەمانە جگە لە خاین و ناپاك و سەرکردەی کۆمەڵێك مافیا

هیچی تر نیین، کێشە لێرەدا بڕوای من و بڕوای ئەوانە نییە، کە بە پێچەوانەی یەکترییەوە بیردەکەینەوە، بەڵکوو کێشەکە ئەوەیە کە ئەوانەی سەقەت بیر دەکەنەوە، ئەمڕۆ زۆرینەن! زۆرینەن لە دەسەڵاتدا، زۆرینەن لە پاراستنی بەرژەوەندییدا، زۆرینەن لە ناو رووناکبیر و نووسەری دەربار و بێشەرمدا.

مەسعود بارزانی نەک هەر دژی ئازادی و سەربەخۆی کوردستانە، بەڵکوو وەک تورکە فاشستەکان دژی سەربەخۆیی دەوەستێتەوە، جێی خۆیەتی بپرسین بۆچی؟

زۆربەی وولاتانی جیهان بە رێکەوت، یا لە ئەنجامی گۆرانکاریەکی سیاسیی و سەربازیی کوتوپڕدا لە ناکاو بە ئازادیی خۆیان گەیشتوون، بۆ نمونە، یەکێتی سۆڤیەت بریتی بوو لە وولاتێک، لە ئەنجامی کێشەیەکی ئابووریدا، ولاتەکە پارچە پارچە بوو، لە جیاتی وولاتێک بوو بە ١٥ ، ١٦ وولات و هەر نەتەوەیەك دەوڵەتی خۆی راگەیاند.

یوکوسلاڤیا لەپێش ساڵی ١٩٩٢ یەک وولات بوو، بەلام بەهۆی ناکۆکی نێوان نەتەوە جۆر بەجۆرەکانەوە، پاش رووداني جەنگێکی خوێناوی پارچە پارچە کرا. دوایین جاریش لە ئێوارەی ١٧-٢-٢٠٠٨ دا کۆسۆڤۆش بوو، بە شەشەمین ولات کە لە یوکسلاڤیا جیا دەبێتەوە.

هیندەسورەکانی ئەمەریکا، لە ساڵەکانی ١٤٠٠ زیاتر لە ١٤ میلۆن مرۆڤیان کردە قوربانی، کەچی لەدەست ئەورووپیە سپی پێستەکان، وولاتەکەیان بۆ رزگار نەکرا، تا ئیستاش ئەو هیوایەیان ماوە، لە ئازادیی و رزگاریی زیاتر هیچ داوایەکی سیاسیی تریان نییە.

ئەباجینەکانی ئوسترالیا، بە کۆمەڵکوژران، ئێستا لە 0،5 دانیشتوی ئەو ولاتە پێك دەهێنن، ئەوانیش خۆیان پێ رزگار نەکرا!

خەبات و تێکۆشان بۆ بەدەستخستنی ئازادیی، کوڵەبەرۆژەخواردن نییە، بەتایبەت بۆ نەتەوەی کورد کە چواردەوری بە نامۆترین و دڕندەترین مرۆڤی هاوچەرخ تەنراوە.

هەلێک بۆ کورد هەڵکەوت، کورد واتەنی بۆ راوکەر هەڵنەکەوت، کەچی مەسعود بارزانی ئەو هەلەی راکرت و نەیویست، بۆ دوژمنانیشی ئاشکراکرد، دیسان دەپرسمەوە بۆچی؟

لەمێژووی نزیکدا، گەلی کورد کۆمەڵێک هەلی زێڕینی بۆ هەڵکەوتوە، بەلام لە ئەنجامی خیانەت و ململانێی دەسەلاتی سەرکردەکانیدا، هەلەکان لەبار براون.

بۆ نموونە : ساڵی ١٩٤٦ کۆماری مەهاباد دامەزرا، هەموو شتێک بە پێی پێویست چوونە پێشەوە، بەڵام خیانەتی سەرۆک خێڵەکان و دەستبەرداربوونی (دەوڵەتی سۆڤیەت) بووە مایەی ئەوەی، کە سەرۆک کۆمار .قازی ئەمر، کۆماری ساواکەی کوردیان تەسلیم بەدوژمنی کورد شای ئێران کرد

ساڵی ١٩٧٥ باشترین هەل بۆکورد رەخسا، کە گەلی کورد بەیەک دەنگ بەیەک دەست بۆ ئازادی کوردستان تێکۆشان، هیچ کاتێک وەک سەرەتای ٧٠ کان کورد ئاوەها یەک دەنگ نەبوو، کە داوای ئازادیی بکات، کەچی مەلا مستەفا کوردی بەگورگان خواردو داو هەستایە سەرپێ، ووتی کاری من تەواو و ئاشبەتاڵی بە شۆڕشێکی .١٢٠ هەزار پێشمەرگە کرد

پاش ڕوخاندنی رژێمی پاشایەتی ئێران، باشترین هەل بۆ کورد ڕێکەوت، چونکە هیچ دەسەڵاتێک .لەکوردستانی خۆرهەڵاتدا نەما، ئەوەش بەهۆی ململانێی نێوان حیزبەکانەوە تیاچوو

ساڵی ١٩٨٣ تەواوی جیهان لە ڕوخاندنی سەددام، دڵنیا بوون و پشتیان کردە سەدام حسێن، کەچی ئەو کاتە ..کورد کەوتە گفتوو گۆکردن لەگەڵ دەسەڵاتی بەزیودا

ئەم کارەساتانە هەمووی بوونە، هۆی ڕژانی دەریایەک لە خوێنی تاکی کورد، بەڵام بۆ ساتێکیش بوە بیرمان لەوە نەکردۆتەوە شلگیرانە تێروانیمان ببێ، ئاوەزمان نەبووە جارێک لە جاران بڵێین بۆچی؟ ئەگەر هەڵوێستە و تێروانیمان لە هۆکاری کارەساتەکان، ببوایە دەکەیشتیینە چارەی هۆکارەکان و دۆزینەوەی ماڵوێرانی و دەربەدەریمان، لێ هێشتا نەچووە بچێ و ئاورێک لە ڕابردوو بدەینەوە، دەست نیشانی هەڵەکانمان بکەین، ئێمە هەتا دەردەکەمان نەدۆزینەوەو دەرمانکردنی بێ بەرهەمە، دەبێت دەردەکەمان بدۆزینەوەو ئینجا بەپێی .پێویست دەرمانی بکەین

مەسعود بارزانی، کە باوکی کراوەتە رەمزی ڕکاریی و سەرکردەی ئەمر و نموونەیی، لێوان لێو لە خیانەتدا، لێی دەچۆڕێتەوە، کەچی مەسعود هێشتا سەرۆکە! ئەم سەرۆکە پڕ بەدەمی خۆی هاوار دەکات کە 3 هەزار کوردی لەپێناو درندەترین و سەرسەختترین دوژمنی کورددا بەکوشت داوە، کەچی تەنها پرسیارێکش چییە !لێنەکراوە، سەیر نییە

بەڕیزان ئەم کارەساتە جەرگبڕەم ٩ تا ١٠ ساڵ، بەر لە ئیستا بیست، بەڵام ، ئەفسووس، سەیر بکەن هێندە کاری ناڕەواو خیانەت کراوە، دژی گەلە ستەم دیدەکەم، وا تێکەیشتم، ئەمەش پڕوپاگەندەی شەڕی دەسەڵاتە، بۆیە لە .سەرەتادا زۆر گرنگ نەبوو بۆم و بایەخم پێی نە ئەدا

ئێستا وا بە بەڵگەی دۆکۆمەنتاری دەبیستم و دەبنیم، هەرچەند بۆ کەسێک کە لەناو ڕووداوەکاندا ژیابێت سەیر نییە، سەیر لەوەدایە زۆرینەمان ئاگادارای ئەم ڕووداوە ئەستۆ شکێنەین، کەچی بایەخێکی وەهامان پێنەداوە !کە بەهای خۆی پێدرابێ

من کارم بەوە نییە، بە کورد دوژمنی زۆرەوە یارمەتی مەسعود بارزانی دەدەن، بە ڕێگای تەلەفزێۆن و ڕادێۆ و مەدیای دیکە، هەزارها نووسەرمان هەیە، سەدەها دەزگای ڕاگەیادنمان هەیە. کەچی ڕۆشنبیری کوردی بێشەرم !و ناپاکیش نەبای دیوە و نەباران

هەرچۆن بێت، ئێستا دڵنیاین کە ئەو کاتەی (فرانسۆ میتران) سەرەک کۆماری پێشووی فەرانسە بە هاندانی هاوسەرەکەی (دانیاڵ میتران) کە دۆستی نزیکی گەلی کوردە، بڕیار دەدەن، هەرچیان کردوە و نەکردوە، دەبێت چارەیەک بۆ کێشەی کورد بدۆزرێتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش، فرانسۆ میتران سەرانی کورد بانگهێشتی جێکەیەکی تایبەتی دەکات، کە بیرۆکەیەک بۆ سەربەخۆی کوردستان کەلالە بکەن، بەلام فرانسۆ میتران مەرج دەکات کە هەوڵەکەیان بە نهێنی بێت، تا ئەوکاتەی تەواوی شێوازی نەخشەی کارەکە بە ئەنجام دەگات، هوشیار زێباری، خاڵی مەسعود، کە دەبێت مێژوو وەکوو ناپاکێك ئەم کەسایەتییە تۆمار بکات، ئەو لە کاتی گەڕانەوەیدا بۆ تورکیا دەچێت و نەخشەی ئازادکردنی کوردستان تەسلیم بە فاشستەکانی تورک دەکات، دەست بەجێش ڕۆژنامە بەربلاوەکانی تورکیا هەواڵەکە بلاو دەکەنەوە، فرنسۆ میتران لە تاوا دەحەپەسێ، ئەڵێن هەر ئەو هەواڵەش بووە هۆی ئەوەی فرانسۆ میتران توشیی، نەخۆشی دڵ و سەکتەی دڵ ببێت، پاش ماوەیەك بەو .نەخۆشییەوە کۆچی دوای کرد

ئەوەش بڵێسەیەک ئاگر بوو، بەردرایە ماڵی بەنزیناوی کورد، ئەوە بەس بوو، کە تەواویی نەخشەکە بشێوێندرێت، ئەوەش بەس بوو، کە جارێکی دیکە ڕێگای ئازادی کورد و کوردستان بۆ سەدەیەکی دیکە .دوابخرێت

تەسلیمکردنی ئەو نەخشەیە لە لایەن ووشیار زێباری، بۆ تورکە فاشستەکان بەس بوو، کە دەریایەکی دیکە .خوێنی کورد بەخۆڕا بڕێژن

مەسعود بارزانی چونکە هەمیشە گاڵتەی بە چارەنووسی کورد هەبووە، بۆیە وەکوو بەڵگەکە دەڵێ: پاش ئەو ڕووداوە نامەیەکی تایبەتی بۆ تاڵەبانی، نووسیوە، تێیدا دەڵێت : ئیتر نابێت (نەخشەی ئازادیی کوردستان، تەسلیمکردنی زانیارییەکان بە فاشستەکانی تورک) باس بکرێت. با بۆ ئەمەش بپرسین بۆچی نابێت باسی بکرێت؟ بۆچی ئەم ڕووداوە پڕکارەساتە لە گۆڕ بندرێت و باس نەکرێت؟

ئاشکراکردنی ئەم خیانەتە،کە مەسعود بارزانی بەشی شێری بەردەکەوێت، ئەی لایەنە ئاگادارەکانی دیکە چی؟ ئەی باشە بۆ لایەنەکانی دیکە بێدەنگ بوون؟

ئاشکرایە مەسعود بارزانی بۆ شاردنەوەی ئەم تاوانە، هەروەهالە کاتی دروستبوونی و بانگەشەی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا، چ تاڵەبانی و چ بارزانی لە ئایندەی خۆیان و بنەماڵەکەیان دەترسێن جگە لە مەترسییان بۆ دەسەڵاتی رەها لە کوردستانێکی ئازاددا، لەوەش دەترسن کە بدرێنە دادگا لەسەر ئەو هەموو خیانەتەی بەرامبەر بە میللەتەکەی خۆیان کردوویانە.

باوکی رەحمەتی مەسعود، مستەفا بارزانی بە رۆژی نیوەرۆ خیانەتی لە گەلەکەی کرد، هیچ لێپێچینەوەکی لەگەڵدا نەکراوە، نەک لێپێچینەوەش لەسەر خیانەتاکان، بەڵکو هێشتا وەک کەسێکی قارەمان پاش مەرگی خۆشی وێنەو پەیکەری لە بەرزترین ئاستی قارەمان و خۆبەختکەرو شۆرشگێر دانراوە!

خودی مەسعود بارزانی بە بەرچاوی سەرجەم جیهانەوە، شان بەشانی پاسدارو لەشکری ئێران بست بە بستی خاکی ئازادکراوی رۆژهەلاتی کەراندەوە ژێر دەسەلاتی ئاخوندەکانی ئێران، بە پیلانی مەسعود و تورکە فاشستەکانی تورکیا لە پاش ئاشبەتاڵ، لە هەکاری 700 رۆڵەی هەڵبژاردەی گەلەکەیان کردە قوچی قوربانی.

جارێکی دیکەش مەسعود بارزانی سوپای ئەنفالچیەکانی هێنایەوە کوردستان و پەرلەمانەکەی کوردستانیان دایە بەرتۆپ، کەچی چرکەیەك لە بەردەوە هات، چرکەیەك لە کوردەوە نەهات، کە دەبوو مەسعودیان ئاودیووی زبڵخانەی مێژوو بکرایە.

نەتەوەی کورد، وەکوو دواکەوتووترین نەتەوە، لە وشیاریی و بیرکردنەوە و کەسایتیی تێکشکاودا، هێشتا لە خەوی ئالودەکراو بێدار نەبۆتەوە، تا هەر هیچ نەبێت ئەوەی مەسعود ترسی لێیە، لە سەر خیانەت دادگای بکات.

دەڵێن مەسعود، نەخوێندەوارە، لێ وا نییە ئەو دەورەی مخابەراتی خوێندنەوە و بیرکردنەوەی کۆمەڵگا لە ئیسرائیل دیوە دەزانێت، کەی دەکەوێتە بەر کورزی شۆرشگێرانەی گەل، بۆیە جارێ ئەو ترسەی نییە، بۆیە لەوەی کردوویەتی بەردەوامە، هەرگیز رێگا نەدات، بە مانای تەواوی ئازادیی میللەتان کورد، ئازاد بێت و کوردستانیش رزگاری ببێت.، ئەگەر گومان و ناراستییەك لەم قسەی مندا هەیە با بیکەینە پرسیارێك؟

وەلامی ئەم پرسیارە ئاسانە بۆیە پێموایە دەبێت وەلامی بە کۆمەڵی (کۆلەکتیڤ) بدرێتەوە.

ئایا ئەگەر کوردستان ئازاد بوو، سەربەخۆی خۆی راگەیاند، ئایا خەڵک وەکوو ئێستا لە مەسعود خۆش دەبێت، یا هیچ نەبێت بێدەنگ دەبێت؟ شاردنەوەی نەخشەی ئازادی کوردستان لە لایەن فەرمنساوە، ئاشکراکردنی لە لایەن مەسعود بارزانییەوە، تەنها ترسی تۆڵە و سزای گەل نییە، بەڵکوو ئەوەشە کە مەسعود بارزانی سیخوڕێکی نێو نەتەوەییە و هەمیشە دەست لەسەر سنگە بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانی ئەو دەوڵەتانەی ئەم کارەکانیان بۆ ئەنجام دەدات. بەواتایەکی دیکە، مەسعود بارزانی و رێخراوەکەی دەستکردی دوژمنانی

کوردستانن، هەرکاتێک بیانەوێت بەکاری دەهێنن، هەرکاتێکیش پێوستیان پێی نەبوو، ئەوا وەک مەلا مستەفا، .ئاشبەتاڵی پێدەکەن و ڕەوانەی دەرەوەی کوردستانیان دەکەن

لە کۆتاییدا ئەمەش لینکی ئەو تاوانە گەورەی کە مەسعود بارزانی کردی بەرامبەر نەتەوەی کورد و کوردستان .کردوویەتی

بەڕێزان بەداخەوە ئەم لینکە تەواو نیە و لەناوەڕاستدا دەپچڕێنێت، جا هیوادارم هەر کەسێک ئەم فلیمە دۆکۆمێنتارەی لایە، دووبارە بینێرێتەوە بۆ یوتۆب، یان بۆ کوردستانپۆستی بنێرێ، هیواداریشم و تکا لە پسپۆڕانی شیکەرەوەی ئەم بوارە دەکەم، کە کاتێك بە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی ئەو ڕووداوە خۆیان خەریك .بکەن و سەرەنجامێکی لێ بەدەست بهێنن، بەڵکو چارەیەکی بۆ نەتەوەکەمان تێدا بێت

........

# پەیوەندی مەسعود بەرزانی بە ئەنفالەوە

کاتێک ئێرانیەکان گەشتنە ئەو باوەڕەی کە جەنگی عێراق و ئێران بەهۆی یارمەتیدانی بلۆکی ڕۆژئاوا بە عێراق، شەڕ درێژە دەکێشێ، کەوتنە ڕاکێشانی کوردە عێراقیە دەسەمۆکان.ئیدریس و شێخ محەمەد برای مەلا مستەفا و مەسعود بەرزانی بۆ ئەو مەبەستە لیجنەیەکیان دروستکرد کە بریتی بوون لە حەسۆمیرخان و فەقیر لاجانی، ئەم دوانەش هەرکەس لەئاستی پەیوەندیەکانی خۆیانەوە پەیوەندیان گرت لەگەڵ کۆنە پارتیەکانی پاشماوەی ئاشبەتاڵ، کە لە ئیران پەنابەر بوون، سەرگەرمی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان بوون، کە بیان گەڕێننەوە بۆ ناوچە سنوریەکانی کوردستانی ڕۆژهەلآت.سەرەتا حەسۆ میرخان فەقیر لاجانی پێکەوە ڕویان کردە خۆراسان شاری مەشهەد، سەرەتای پیلانەکە وابوو کە ئەو خێزانانەی دوو منادڵیان هەیە دەست نیشان بکرێن و ناونوسی گەڕانەوەیان بکەن بۆ ناوچە سنوریەکان، تا خەرجی و موچەیان کەمتر بێت.حەسۆ میرخان و فەقیر لاجانی لە ڕێگای تایبەتی خۆیانەوە پەیوەندیان بەست بەهەموو کەسایەتیەکانی خۆیانەوە، چ ئەوانەی چەکدار بوون، چ ئەوانەی دانیشبوون.بۆ نموونە نالە هەورامی چەکدار بوو، بانگیان کردو پاشان ناردیان کە ڕاوە کورد بکات بۆ گەڕاندنەوەیان بۆ چەکداری.هەرکەسێک ئامادەیی هەبوایە کە بگەڕیتەوە بۆ کورستان دەست بەجێ پارەیان دەدایە کە سەفەر بکات بۆ زێوێی سەرسنوورە دەستکردەکەی نێوان عێراق و ئێران.نالە هەورامی پەیوەندی کرد بە ئاقای کاوە حەداد، کە خێزانێکی گەورەی کوردی کۆی یا هەولێر، بەڵام کاک کاوە حەداد بەگوێی نەکردن. کاک کاوە حەداد خێزانێکی گەورەی بوو، هەمویان لە دامودەزگای دەوڵتدا کارمەند بوون،کچەکەیان بەڕیوەبەری ادارە امزش پرورش شیراز بوو.هەروەها پەیوەندیشیان بەست لەگەڵ کاک سەلاح کە خەڵکی تەلەعفەر بوو، ئەویش وتبووی تاقەتی چەکداریم نەماوە، کاک سەلاح لە بەندەر بوشەهر دادەنیشت خاوەن رستڕانێکی گەورەبوو.بیرمدێت کەسێک خولەی فاتە هەروامیان پێدەگووت، تەمەنی گەورە نەبوو، تازە ژنێکی فارسی هێنابوو، زوو بە قسەی نالە هەورامی خەڵەتاو ناوی خۆی نووسی.کاک خولەش هیچی نەبوو، کاک خولەش لە شیراز بەردەستی دوکاندار و جوتیارەکانی دەکرد، بەهاران لالەنگی و پرتەقاڵ و میوەکانی دیکەی بۆ جوتیاران کۆ دەکردەوە، زستانانیش بەردەستی دوکاندارەکانی کرد، ئەوەی جێی سەر سوڕمان بوو، کاک خولەی فاتە هەورامی نە کوردی باش دەزانی نە فارسی، لە کاتی قسە کردندا سۆرانی و هەورامی و فارسی تێکەڵ دەکرد.کاک غازی پیاوێکی کامڵی هەڵەبجەیی بوو، ئەویش کرێچی لە شاری بەندەر بوشێر، ئەویش هاوسەرەکەی فارس بوو، گوزەرانی باش نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئامادە نەبوو جارێکی دیکە چەک بکاتە شانی و وەڵامی پیاوەکانی ئیدریس و مەسعودی نەدایەوە. ئێستا کاک غازی لە وولآتی فیلاند دادەنیشێ. ئەوانەو زۆری دیکە دۆست هاوڕێی پێشمەرگایەتی حاجی باوکم بوون.حاجی باوکم تا ئەندازەی خواو پێغەمبەر مستەفا بەرزانی خۆش دەویست وەکو خۆم، لەماڵەوە ناسیاوەکانی باوکم باسیان لەوە دەکرد، کە ئێمە کارمان چیە بە شەڕی ئێران و عێراقەوە، ئەم کارە دەبێتە جاشایەتی نەک پێشمەرگایەتی، حاجی باوکم و منیش بەو ووتانە توڕە دەبووین. تەنانەت حاجی باوکم تەلەفۆنی کرد بۆ دوکتۆرێکی ئاسووری کە ناوی سلێوە یا سەلوانە، حاجی باوکم ڕێزی زۆری بۆ ئە دوکتۆرە هەبوو، چونکە کاتێک باوکم بریندار بوو لە کاتی شەهید

کردنی مەلا ڕەسوڵ لە ملەکەوەی پێنجوێن ساڵی ١٩٦٢ ئەو دوکتۆرە باوکمی چاککردەوە، برینەکەی ئەوکاتەی باوکم زۆر سەخت بوو، کەسمان بەتەمای نەمابووین، بەکورتی دۆستی نزیکی حاجی باوکم بوو، کاتێک باوکم لە تەلەفۆنەکەی بوەوە، زۆر تورە بوو، کووتی: ئەم خەڵکە هەمووی سەریان لێشواوە، چونکە دوکتۆر کوتبووی هەمووومان بوینە سەربازی یاری شەترەنج بەدەست ئیدرسی و مەسعودەوە، حاجی باوکم هەتا ئەوڕۆژەی کە کۆچی دوای کرد، وەک پێغەمبەرو خوا مەلا مستەفای دەپەرست.ئەو دوکتۆرە کە پاش ئاشبەتاڵ کەیشتبوە ئەمەریکا، هەمیشە پەیوەندی بە حاجی باوکمەوەو کاک عەبەلالەوە هەبوو. عەبە لالە خۆی و ماڵو منداڵی پاش ئاشبەتاڵ گەڕایەوە سلێمانی و لە کانێسکان نیشتەجێ بوو.کاتێک ناله هەورمی و کۆمەڵیک لە لێپرسراوانی پارتی بە ناوەڕاست و باشووری ئێراندا بلاو بوونەوە بۆ کۆکردنەوەی کوردە ئاوارەکانی پاشماوەی ئاشبەتاڵ، تا بیانکەنە سووتەمەنی جەنگی ئێران و عێراق، هەوای دووری وولات کەوتە کەلەم، بێیەک و دوو بیلیتی بوسی ورمیێمم کڕی و تێمتەقاند بۆ ورمێ.لەهەر کۆلانێکەوە بچویتایە تووشی کۆمەڵیک کوردی ئاوارە دەبووی، ئێران هەر کۆمەڵەیەک کوردی ڕەوانەی لایەکی ئێران دەکرد، زۆرینەشیان بەتایبەت پارەدارەکان سەرگەرمی کڕینی پاسەپۆرتی قاجاخ یا لیزە پاسی ئێرانی بوون تا پێی بگەنە ئەوروپاو یا وولاتانی دیکەی جیهان.بەکورتی ئۆرودگاکان پڕبووبوون، لە ورێ بەدوای برازایەکمدا گەڕام کە تازە بەدزیەوە هابوو بۆچەکداری، ووتیان لە قەرارگای ڕەمەزانە، لەوێ نەبوو، بەلام لە قەرارگای ڕەمەزان کوڕێکی تورکمانی عێراقی کە ناوی عەباس بەیاتیە، ئێستا جێگری جەلال تالەبانیە، تەماشای لیستی ناوەکانی کرد، ناونیشانی پێمدا، کە چوە بۆ لای ملازم عەلی لە کوندی کەوپەڕ و کسکان، ئێستا ملازم عەلی بوە بە زەعیم عەلی. جێگەی ملازم عەلیم دۆزیەوە لە نزیک گوندی کەوپەڕ، ملازم عەلی هەوڵی زۆری لەگەڵدا کە لەلای بمێنمەوە.عەباس بەیاتی تورکمانێکی هەتا بڵێی بۆگەن و دژ بەکورد بوو، ئەو هەمیشە لێو دەجولا وای پیشان دەدا کە هەمیشە لائیلاها ئیلە ئەلا دەکات، بەلام داوێنپیسترین کەس و شەوێک لە ماڵەکایدا بە ئافرەتێکی لەشفرۆە دەیگرن، بەلام جەڵدیشیان نەکرد. بەکورتی ئەوانەی کەسانەی ناونووسکران نزیکەی ١٠٠٠ تمەنیان وەدرگرت، لەگەڵ پسوڵەیەکدا، بەرەو زێوێ بەڕێدەکران، لە زێوی دەست بەجێ خانویان وەردەگرت، بە موچەیەکی مام ناوەندیشەوە، پاشان دابەشدەکران هەرکەسەوە بەلایەکییاندا دەبردن.ئەو ١٠٠٠ تمەنە تەنها بەشی ئەوەی دەکرد، کە مرۆڤ پێی بگاتە ئۆردوکای زێوێ لەگەڵ نانخواردنی ڕیکە، چونکە بە شەوڕۆژێک ئینجا خەڵک لە شوێنە دورەکانی ئێرانەوە دەگەشتە ئۆردوگای زێوێ.شارەزاو لێهاتوەکانیشیان لێدەگەیاندنە بەرەکانی جەنگ، تەنانەت بۆدیزەفول و محەمەرەش. پاشتر زانیم کە کوژراوێکیان هێنایەوە شاری شێراز کە خەڵکی دەوروبەری هەولێر بوو، لەسەر گۆڕەکەی نوسیبویان کەلە نزیک بەسرە کوژرابوو، شهید شودائیدریس و مەسعود بەتەواوی پەیوەندیان بڕی لەگەڵ سەدام حسین، بەلام پیاوەکانی سەدام ئاگاداری هەڵسوکەوتی ئیدریس برای مەلا مستەفاو مەسعود بوون، بۆیە چەند جارێک بە نامە و ڕێگەی تایبەتی خۆیان لە دەرەوەو ناوەوەی ئێران ئیدریس و مامییان ومەسعودیان ئاگادارکرد، کە بەشدار جەنگ نەکەن، بەلام گوێیان بە هەڕەشەکانی سەدام نەدا.سەدام حسین نامەی تایبەتی ئاراستەی ئیدریس و مەسعودی کرد، زۆرکەس ئەو نامەی دیوە، تەنانەت نەوشیروان مستەفاش لە بیرەوەریەکاندا باسی ئەو هەڕەشە دەکات، کە سەدام کوتەیە، ئەگەر بەشداری شەڕ بکەن، هەمووتان ئەنفال دەکەم. بەلام نەوشیروان مستەفا باس لە بەشەکانی لای خۆیان واتە هەڵسوکەوتی ی ن

ک ئەگەر پشتی ئێران بگرن.یەکەمین هەڕەشەی سەدام، پاش ئەوەی کە کوڕەکانی مستەفا بەرزانی کوردە ئاوارەکانی ناو دانیشتووی ناو ئێرانیان لە ئۆردوگای زیوێ کوردەوە، بریتی بوو لە بۆردمانی ئۆرگای زیوێ، کە بوە هۆی گیان لە دەستدانی دەها کوردی نەکبەتی سادەو نەفام.خودی ئیدریسیێش بەر ئەو قوربانیە کەوت، ئیدریس کاتی بۆردمانەکەی سەدام لەسەر ئاو دەبێت، لە ترسا تووشی سەکتەی دڵ دەبێت ودەمرێت.چاودێران دەڵێن، باشتر زوو ئیدریس تیاچوو، چونکە ئیدریس هەم پیاوی هەرە گەورەی شا بوو، هەم پیاوی گەورەی کۆماری ئیسلامی ئێران.عیسە پژمان ئەڵێ: جگە پەرویز سابتی مدیر کل ساواک ی ئێران کەس بۆی نەبوو، یا بتوانێت لەگەڵ ئیدریس بەرزانی دەنگ بەرز بکاتەوە. عیسە پژمان دەمڕاست و چاوساغی شای ئێرانە، ئێستا لە فەرانسە پەنابەرە.خوێنەری هێژا: ئەگەر دەتوانی ئەم مەتەڵە هەڵبێنە، ئیدریس بەرزانی لەبەرزترین پلەی ساواکدا کاری کرد، پاش ڕوخانی شا دیسان ئیدریس بەرزترین پلەی لە کۆماری ئیسلامیدا پێدرا، بۆ؟خومینی لە سەر ساواکی بوونی ئیدریس بەرزانی خەریک بو بیا گرێ، کەچی کردیە چاو ساغی خۆی؟چۆن وەک یاری شێر و خەت توانی لە ساواکی شاوە ببێت بە پیاوی باوەڕپێکراوی خومەینی؟ئەوەبوو مەسعود هەروەها شێخ مەحەمەد خالید کە مامی مەسعود بەرزانیە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەبوەو تا ئێستاش بۆ حزب ولای ئێران کار دەکات، سوپای پاسدارانیان کەیاندە نزیک شارۆچکەی زاخۆ.سەدامیش لە تۆڵەدا ٥٠٠٠ بەرزانی کە زۆربەی هەرەزۆریان حەزیان لە چارەی نە ئیدریس، نە مەسعودو شێخ محەدیش نەبوو، سەرجەمیان کۆ کرانەوەو دەست بەسەر کران، پاشان هەموویانیان ئەنفالکردن.ئەو کاتەش ماڵ و منداڵی بەرزانیەکان سەرگەردان و لانەوازان لە ناچاریدا ئاوارەی مەترەپۆڵی شارەکانی موسڵ و باشووری عێراق بوون و لەناچاری و برسێتیدا دەستیان دایە لەشفرۆشی.ئەوەی جێگەی سەرنج ئابڕوچونی کورد بوو، ئەم ئافرەتە لانەوازانە، هەروەک پیلان کەم کەس سێکسی لێدەکڕین، ناچار ئەم پاکیزە کوردانە، ئەگەر سۆزانیەکی عەرەب سێکسی بە ١دینار بفرۆشتایە، ئەوا پاکیزە کوردەکان لە ناچاریدا سێکسیان بە ١لەسەر ١٠ دینارێکی عێراقی دەفرۆشت.هەر ئەو کات و سەردەمە کاتێک جەمال قاسم لە ئەمەریکا دەستگیرا، بە تاوانی کوشتنی ئەبو عەوف گیرا، مەسعود ٥ میلیۆن دۆلار دەدات، تا ئەبو عەوف لە جەمال قاسم خۆش بێت.کاتێکیش مەسعود پاش ڕاپەڕین کەڕایەوە کوردستان، یەکە یەکە پاکیزە کوردە لانەوازەکانی تیرۆر کرد.خوێنەری هێژا: بۆ ئەم کارەساتە پێویستیمان بە بەڵگە نیە، چونکە زۆربەی زۆرمان ئەم کارەساتەی لە نزیکەوە دیوە، لەگەڵ ئەوەشدا پێشنیار دەکم کە تەماشای ،کتابی براکوژی، شەڕی ناوخۆ

.....

# دەستی سەرۆک! بارزانی سورە بەخوێنی شەهیدانی شنۆ

جەماوەری شاری شنۆ دەرژێنە کوچەو کۆلانەکانی شار و دەکونە هتاف کێشان دژی کۆماری ئیسلامی ئێران. پاسدارەکان خۆیان دەنگ ناکەن، جامانەسوورەکان بەردەنە گیانی خەڵکە راپەریوەکە، سەرەتا جامانە سورەکان .داوا لەخەڵک دەکەن کە واز بهێنن لە هوتافکێشانی دژی خومینی و ئێران و بلاوەی لێبکەن

سەرەتا خەڵکەکە بەهەڵەتێدەکەن، وادەزانن کە پارتی بۆ یارمەرتیان هاتوە، پاشان کە دەزانن پارتی بۆ چی هاتوە، سەریان سوورِدەمێنێ، خەلکەکە دەپرسن ئێوە چ کارەن خۆ خۆپیشاندان دژی ئێوە نیە، ئێمە دژی .حکومەتی خۆمان خۆپیشاندان دەکەین

!مەگەر ئێوەپاسدارن؟

خەڵکەکە دەپرسن، باشە بۆ پاسدارەکان خۆیان دەنگ ناکەن و ئێوە لاتان گرانە، بۆ ئێوە لە پاسدارەکان بۆ رژێمی خومەینی دڵسۆزترن؟

خەڵکەکە گوێنادەنە، داخوازی پارتیەکان،لە خۆپیشانادان و هوتاف کێشان بەردەوام دەبن، لەئەنجامدا جامانەسورەکانی خەڵکە راپەریوەکە دەدەنە بەرێژنەی دەستریژی کووله ، لە ئەنجامدا ١٣ کەنجی شارەکە .شەهید دەکەن

پاش چەند رۆژێک ئیدریس بەرزانی ومەسعود بەرزانی سەرۆکی! ئەمرۆی کوردستان , کەسوکاری شەهیدانی .شنۆ لە مزکەوتی شنۆ کۆدەکەنەوەو لەگەڵیاندا دەکەونە گفتووگۆ

.ئیدریس و مەسعود، بە خەڵکەکە ئەڵێن چەند پارەیان بوێ، دەتوانن بیان دەنێ و سولّح بکەن

مامە پیرەیەک لەناو خەڵککەدا دەپرسێ: چەندمان دەدەنێ؟

پاشان مامە پیرە دەپرسێ: پارەتان لە کوێ بوو، لە جیاتی خوێنی کورەکانمان بیدەن بە ئێمە؟

ئەگەر پارەی ئەم دەست و پێ خوێناویانە(مەبەست لە پاسدارە) نەبێت، ئێوە پارە لەکوێ دەهێنن؟

مامەی بە سالاچوو، لە درێژەی ووتەکانیدا بە ئیدریس و مەسعود ئەڵێ: من تەنیا کورێکم هەبوو، ئێوەش کوشتتان، ئێستاش هاتووی خوێنی جگەرگۆشەکەی خۆمم دەرخوارد بدەیت؟

دواجار خالۆی بەسالاچوو ڕوو لە مەسعود و ئیدریس دەکا و , ئەڵێ: لەبیرتانە کاتێک مەلا مستەفای ڕەحمەتیمان بەخاک سپارد، هەردوکتان لەسەربانی ئەم مزکەوتەوە ووتتان، ئێمە هەرگیز لەژێرقەرزاربارى .خەڵکی مەهاباد و شنۆ ، بەتایبەت شنۆ دەرناچین هەرچیتان بۆ بکەین , هەر کەمە

ئێمە قەرزەکەی خۆمان وەرگرت،ماڵتان ئاوا. پارەکە هەڵگرن بۆخۆتان، تەنیا ئێوە دەزانن پارە بەکار بهێنن و .بیخۆن. ۱۰۰ میلیۆنیشم بدەنێ، من ناتوانم قرانێکی بخۆم

شایەنی باسە حەمید سیدەکی سەرپەرشتی کۆمەڵ کوژیەکەی کردوە، ئێستا ناوبراوە پلەبەرزێکی پارتیە، بەڵام بەپێی بیرو بۆچوونی کشت زانا و داناکان حەمید سیدەکی تاونبار نیەو تاوانباری سەرەکی ئیدریس بەرزانی .و سەرۆک ! مەسعود بەرزانیە

خوێنەری هێژا، لە هەرکوێیەکیت،بە ئەرکی سەرشانی خۆتی بزانە کە ناوی شەهیدەکانی شنۆ ئەگەر بکرێت وێنەکانیشیان کۆبکرێتەوە تا بۆ ڕۆژی دادکایکردنی مستەفا بەرزانی، ئیدریس و، سەرۆک! مەسعود بەرزانی , .وەك بەڵگە لە دژیان بەکارببرێن

بەڕاستی ئەم بنەماڵە ڕێگەیان کەوتۆتە  هەرکوێیەکی کوردستان و ڕاپەڕینێک رویدابێت، ئەمان پێش دوژمن هەولی سەرکوتیان داوە، گوومانمان نیە کە ۱۰ هێندەی سەدام حسێن زیانیان بە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی .کورد گەیاندوە

بەڵگەکانیش لەبەرچاوماندان، ئیتر هەر لە مستەفا بەرزانی باوکەوەو دژایەتی شۆڕشی کوردستانی ڕۆهەڵات چ شا و چ خومەینی، بە کوڕەکانیشیەوە،هەتا دژایەتی کوردی باکوورو پاشانێش، هینانی لەشکری ئەنفالچیەکان بۆ سەر پەرلەمانە ساواکەی کوردستان، تا دەگاتە جاسووسیەکەی بارزانی و تاڵەبانی لەسەر .گریلاکانی سەر چیای قەندیلی ۲۰۰۷

بەڕاستی شەرمە بۆ هەموو تاکێکی کورد کە مەسعود بەرزانی سەرۆکی بێت، چونکە ئەو بە زمانی خۆی ۳۰۰۰ م بۆ توورک بەکوشت داوە، کەچی هێشتا توورکەکان لێمان ناڕازین!کاتێک مەسعود ئەڵێ : ۳۰۰۰ کوردم .بەکوشت داوە، بۆ توورک، مانای وایە کە دوبەرابەریش کوردی باکووری کوشتوە

کەواتە هەر بە پێی دان پیانانی مەسعود ئەگەر وەک یەکیش بژمێرین، ئەوا مەسعود بۆتە هۆی کوشتنی ۶۰۰۰ .کوردی باکوور و باشوور

.بۆیە، شەرمە بۆ هەموو تاکێکی کورد کە ئەم خاینە سەرۆکی بێت

هەروەها تا ئەم کۆمەڵکوژیەش، ببێتە بەڵگەیەکیش بۆ مێژوو، تا نەوەکانی داهاتوومان بزانن کە سەرکردایەتی کورد کەوتۆتە دەست چ جۆرە مرۆڤێک، جا بەڕێزان ئەگەر ناتەوێ بە ناوی خۆتەوە ناوت ئاشکرابێت، ئەوا دەتوانی بە ناویخوازراوە ناوی شەهیدەکان بنێری بۆ بێسانسۆر. دڵنیام ئەو ڕۆژە دەبینین کە دادگای ئەو .سێ تاوانبارە لە دادگایەکی عادیلانەدا بکرێت

لەکەس شاراوە نییە، کەپاش ڕووخاندنی سەدام حسێن، گەلانی عێراق بەگشتی و گەلی کورد بە تایبەتی، دەروازەیەکی نوێ و هێمنی لەبەردەم دا بۆ والابوو، ئیتر ئەو چەقبەستیە شکێندرا، کە یەکەم چەکەکان بێدەنگ بوون و پشوویان پێدرا، تەقە و ڕەقە بۆ تاوێک بوونیان گووم بوو، باری ئابووریش بوژایەوە، گیرفانی سەرکردە چەتەکان دەستی کرد بە جمە. بالای باڵەخانەکان بەرزتر کرانەوە، ڕێک وەک بالای شلیفە دۆلارە دزراوەکان. بەلام ئەفسووس هەر زۆر زوو دیاربوو، کە ئەم شاییە بەهارییە تەمەنی کوورتە، چونکە چرت و فرتی سەرکردە ویژدان تۆپیوەکان، ئەو هەواڵەی دا بەگوێی ڕۆشنبیرە یاخیەکاندا، ئەوانەی هەر زوو هەستیان باهاتنی خەزان کرد و بێدەنگ نەبوون. یەکەم دیاردە هاتنە پێشەوەی جاش خۆفرۆشەکان، بوونیان بە سەردارو سەروەر. جگەلەوەش خەونی بۆگەنی تورکە دەسەلاتدارەکان، بە ڕێگای پیاوە بوودەڵەکانیانەوە، کردنەوەی دەرگا بۆ بازرگانە تورکەکانی سەربە دەسەلات بەبێ لێکۆڵینەوە، هەروەها پشتبەستن بە تورکیایەک کە تاسەر ئێسقان دوژمن و کینە لەدڵ، بەبێ بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندیان. بە پێچەوانەش دەوێرین کە بڵێن کەنەک هیچ وورپایەک و هەڵسەنگاندێکی بۆ نەکرا، بەڵکوو بە وورپایەوە، کۆمپایەکەلێکیان هێنایە نیشتیمان کە سەراپایان سەربە دەزگا سیخوریەکان و جەنەراڵە دەست خوێناویەکانبوون، بەمەبستی تایبەتی دەسەلاتدارانی، نەدیدکە و نەزانەکان. ئەمەش لەکاتێکدایە کە هەزران کۆمپنیایی کوردی باکور هەیە، کە توانیان بێوێنەو سەرکەتووترین لە تورکەکان، چونکە ناسراون و لەدەسەلات دەتسرن کارەکانین بە باشترین شێوە ئەنجام دەدەن،تورکەکان هەرگیز چاوییان بەرایی نەهاتوە، کە کورد تەنانەت بژەش بیگرێت، جونکە سەدان ساڵە بەو شێوە پەروەردەکراوون، زۆرینەی هەرە زۆریان، ژیانیش بە کورد ڕەوا نابینێت، بۆیە لەڕێگای بارزانیە دەستەمۆکراوەکانیناوە، ووردە ووەردە ئارامی وولاتیان شێواند، یەکەم بە تێکدانی پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغداد، چونکە مووچە دەگەیشت بەبێ هیچ کێشەیەک، ئەوە مەسعود بەرزانی کە کێشەکەی دروست کردوو بووە هۆی تێکچوون. چونکە هەر خۆی لە سروشتەوە شیعەکان ڕقیان لە توورکە. ئەو ڕەوشەش کاکۆڵکێکەری سیاسی ئاگاداریەتی و دەزانێت شیعەکان پەیوەندی نێوان عەرەب و عەرەب ئەگەر سنی بوون وەکوو سعودیە، ناپەرژێن، بەلام فارس کەنەتەوەیەکی دیکەیە، لەلا باشترە، چونکە ئێران شیعەیە. کارەساتەکانیش، لێرەوە دەستی پێکرد. ئەوان سنی و شیعەکان کێشیەکی مێژوو قوڵیان کە ١٤٠٠ ساڵە، چ پێویست بوو، کە بارزانی عەلی حاتم و شێخ زاری و تاریق هاشمی، کە گوومان لێکراون لەلایەن شیعەکانەوە بە کۆمەڵ کوژی و پیلانگێری هەروەها گوومانی پەیوەندیان بە گرووپە تیرۆریستەکانی وەک زەرقای لە قاعیدە و پاشانیش داعش، ئەو گوومانلێکراوانە، هەرلە سەرەتای سەدەی ڕابردوەوە، دروستکراوی دەستی ئیمپریالیزمن بۆ دروستکردنی قەیران، هەربۆ نموونە، زۆرینەی وولاتانی عەربی ئاوریان تێبەردرا، کەچی لە ئوردونی هاشمی ژیان ئەڵیی ماستی مەیوە، بەکورتی ئەگەر ئەمە پیلان نیە، چ پێویست بوو کە مەسعود بەرزانی داڵدەیان بدات

و لە هەولێرەوە کورەی ئاگری شەڕ خۆش بکەن(عەلی حاتەم لە هەولێرەوە دەیقیراند، نێوانمان دەریایەک خوێنە،واتا هیچ چارەیەسەرێک نیە)؟

حکومەتی دەسەڵاتدار ئەڵی: کەبەڵگەی لەدەستدایە کە تاریق هاشمی دەستی هەیە لە تەقینەوەکاندا، ئەگەر مەسعود فەرمانی پێنەدراوە، کە داڵدەی بدات لەلایەن تورکیاو ئوردن و سعودییەوە، چ پێویستە دەکا هەر داڵدەی بدرێت، نەک هەر داڵدەیانیدا، بەڵکوو ڕێگەیانیدا کە هەر جارەوە تێڤیەک چاوپێکەتنی لەگەڵدا بکا، بۆ خۆشکردنی ئاگرەکەی نێوان سنی و شیعە. ئەگەر هێندە دیموکراسین بۆ جیقەڵدانیان جێکەی لاپەڕەیەک ڕەخنەی سەردەشتی تێدا نەبوویەوە؟ بۆ سۆرانی مامە حەمەو دوکتۆر عبدوستاریان تیرۆرکرد، بۆ کەمالی سەید قادریان دایە بەرشەق؟ (زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی ناوچەی قەرەداخ و گەرمیان و شارەزوور بنەماڵەی حاجی محمەد کاکەولای کولانی دەناسن، کە خێزانێکی تیکۆشەروو و قوربانیەکەی گەورەیانداوە، هەر هەمووشمان دەزانن کە ئەو بنەماڵە  خێزانی شیوعی بوون و هەن، یەکێک لە برازاکانی مام ئەسکەندەر کاک عومەر حاجی ئەحمەد حاجی محمەد کاک ئەولا، کەبەهۆی هەڵەی دوکتۆرەوە کەم ئەندام کەووتووە، قاچیکی لەدەستداوەو قاچی کارناکات، بۆیە جار جار دچێت بۆ هەولێر بۆ چارەسەری، کەچی پیاوەکانی بارزانی دەیگرن و ئەشکەنجەیەکی ئێجگار زۆری دەدەن، لەزاری خۆیەوە تا ئاستی کەفچڕین وازی لێناهێنن، لە کاتێکدا کاک عومەر بۆ تەنها یەک هەنکاو نانێک، پێویستی با ئازارێکی زۆر هەیە. هەموو دیاردەکان، ئەوە بورهان دەکەن کە بنەماڵەی بارزانی، بنەماڵەیەکە دوور لەهەموو پرنسیپەکانی ئەخلاق، کورت و کرمانج کۆمەڵێک درنندەو جانەوەر و خۆفرۆشن).

هەرلە سەرەتای هاتنی داعش بۆ ڕۆژئاوای کوردستان، تورکیا مێش میوانی نەبوو، پێناسەی داعش بە دروست نازانم، چونکە خۆیان بورهانیان کرد، کە هەر وەحشیەکانی لە قولایی مێژوووەوە هەرگیز بە تۆزی پێیاندا ناگا. کەچی کاتێک کەجەرووکووجەرەکانی داعش وەکوو جرجەکوێرەکان تۆپێندران، خاکی نیستیمانیان، لەو جانەوەرانە پاککرایەوە، بە لە خۆبردووی و قارەمانێتی لایەنگیران و دۆستانی "یە،پە،کە" تورکیا وەک گای ئیسپانی ووشیاری خۆی لەدەستداوەو هەرجارەی برووبیانوویەک دەدۆزێتەوە، جارێک بە بیانووی چوونە ناوەوەی خاکی ڕۆژ ئاوای نیشتیمان، سەرباز و تانک تۆپ دەهێنێتە سەر سنووورە دەستکردەکان، یان دەستی داوەتە دروست کردنی خەندەق و تەلبەندکردن! ئەمە خۆی لە خۆیدا دەیسەلمێنیت کە تورکیا ترسی لەداعش نەبوو، بەڵام ترسی لە یەپەژ و یەپەکە هەیە، کە توانی بۆ یەکم جار دیواری نەژاد پەرستی نیوان گەلان دارمێنێت.  بۆ زانین ئەوە تورکیا نیە، کە ڕیگەی داوە، کە هەدەپ بگاتە پەرلەمان و دەنگ ڕەنگی هەبێت، بەڵکوو ئەوە شەقی لوولەی تفنگەکانی دەستی قارەمانەکانی پەکەکەیە، چونکە باخچەلی سەرۆکی نەژادپەرستانی "مەهەپە" ئێستاش ئەڵێ: ئێمە بە گەلابە دۆلارمان خەرج کردوەەو هەرگیز لەگەڵ پەکەکە دانیشتن ناکەین. تورکییای فاشی نەک هەر ترسی لەداعش هەرگیز نەبووە، بەڵکوو سەدان هەزران بەڵگە هەیە، کە تورکیا هاوکاری داعشیکردوە، ئیتر هەر لە ڕۆژنامە هەرە ناودارەکان و باوەڕ پێکراوەکانی جیهان، وەکوو واشتۆن پۆست، گاردیان، لۆمۆند،هەروەها هەزاران ڕادێو تێڤی ئاسمانی وەکوو سیٔ ئێن ئین،  ببسی،تیڤی میسری، لیبی، لەسەرهەمووشیانەوە، روسیا الیوم، پاشان یەکەم بەڵگەی کۆبوونەوەی عەمانی پایتەختی ئوردوونی کە

سعودیە، تورکیا، قەتەر بە بەشداری مەسعود بەرزانیشەوە، کەبەڵگەنامەکان بە ٤ ملیۆن دۆلار فرۆشرا، نموونەیەکیان لە خوارەوە ببینە کە بە تواناترین و بێلایەترین ڕۆژنامە نووسی سویدی "ستێڤان بۆرگ" کە سەرچاوەکانی خودی ڕۆژنامەکانی تورکیایە. لەلایەکی دیکەشەوە، پیوەندی نێوان ئەردۆغان و تورکیا و مەسعود بەرزانیش بەڵگە نەویستە، بە درێژای ٦٠ ساڵی ڕابردوو، بە ئاستێک نزیکە کەلەیەک خێزانی مافییای دەچنلەوێ مەبەستم ڕوون کردۆتەوە، کە ئەو ڕووداوانە سەراپایان وەک زنجیر پێکەوە، بەسراونەتەوە، تورکیا یەکێکە لە وولاتانەی کە ئاگاداری پیلانەکانە، هەروەکوو چۆن کە داعش گۆڤارێکی خۆی ناو ناوە(دابق)، دابق ئەو شارە کە دوای شەڕی چاڵدێرانی ساڵی ١٥١٤ ی، دوای دووساڵ واتا ساڵی١٥١٦ لە شارێکی "دابق" ی ئێستای سوری، سوڵتان سەلیمی یەکەم، بەڕیکەوت بۆ چاوپێکەوتن لە پاشاکانی مەمالیک، ڕێک نەکەوتن و مەمالیک بەهەر هۆکارێک بێت دۆڕاو، عوسمانیەکان لە شاری دابق سەرکەوتن. ناونانی گۆڤار بە دابق خۆی لە خۆیدا کەلێک واتا هەڵدەگرێت، کە پیلانێکە تۆکمەو پیلان بۆ دارێژراو، بۆ بیرهێنانەوە، ئیمپریالیزمیش سەرەتا بەفەرمی ئاشکاری کرد، کەلەکەڵ ئیسلامیەکی میانڕەودایە، واتا ئیسلامیەکی ئەردۆغانی. بۆیە جێدەستی ئەردۆغان بە سانایی دیارە، ئەوەش دەزانین کە ئەردۆکان خەونی سوڵتانی کەوتۆتە کەڵکەڵەی،هەروەها دوژمانیەتی و ڕق کینەی خۆی بەرانبەر بە کەلی کورد هەرگیز نەشاردۆتەوە و کارو کردەوەکانی کەواهی دەدەن، ئیتر ئەویش کەسێکی وەک مەسعود بارزانی دەستکەوتووە، بە حەق هەنکوینی لە کلۆرەدا دۆزیوەتەوە. هەر لەسەرووبەندی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی تورکیادامانی ٦ ساڵی٢٠١٥، سەرەتا بۆ شێواندن و ئاژاوە نانەوە، ئەوەبوو، چەند کەباب خۆرێکی مۆڵدراوی حدکایان نارد کە هەر هیچ نەبێت، کاریگەری نەرێنی بکاتە سەر ڕێڕەوی هەڵبژاردنەکان، ئێستا کە خۆی بەفەرمی هاتۆتە سەر خەت و هەڕەشەی لەشکر کێشی دەکات، بەوەشەوە نەوەستاوە، دەبیستین کە لەلایک مەسروور لەلایەکی دیکە نێچیر، بە جۆرە لێدوانێکی ساویلکانە و شەرم ئاوەرەوە دێنە پێشەوە، کە پەکەکە میوانە، دەبێت بڕوات، کە سەرچاوەکەی بە ئاشکرا هاواردەکات، کە ئەوە ووتەی ئەوردۆغانە، ئەگینا، پێشینان واتەنی تۆ دارێکت تێبڕاوە، کەی کات کاتی ئەوەیە، کە ئەوان باس لە دەرچوونی پەکەکە بکەن؟! لەهەموو پیلانەکان ترسانکتر، ئەو دەنگۆییەیە کە بنەماڵی بارزانی بەفەرمانی تورکییای فاشی ٧٠٠٠ بەناو پێشمەرگەی مەشق پێکردوە و دەیەوێت ڕەوانەی کوبانێیان بکات!پێلدا ئەڵێ لەبەر کەمی تەقەمەنی زۆر بەووریای تەقەیان دەکرد، دڵنیانەبوونایە، تەقەیان نەدەکرد، هەروەها پێلدا ئەڵی بە چاوی خۆم دیتم، کە قارەمانەکانی کوبانی، کەڵای دارەکان خۆیان تێردەکرد، ئەو کاتە لەکوێ بوی نۆکەرەکەی ئەردۆغان؟

سەیرە، تۆ بڵێیێ هێشتا کەمژەیەک مابێت کە باوەڕ بەوە بکات کە تۆ٧٠٠٠ پێشمەرکەت ئامادەی جەنک کردوە، بۆ پارێزکاری لە کوبانێ؟ ئەگەر وایە ئەی بۆ تائێستاش، ڕێگری لە تەرمی شەهیدان دەکەیت، کە بگەڕێنەوە زێدی خۆیان. ئەمەش یەکەم جار نیە، کەبنەماڵەی بارزانی ڕێگری لە گەڕاندنەوەی تەرمی شەرڤانان دەکات، لەو پارچە سنوورەی بەدەستی بنامەڵەوەیە، کە بگەڕێنەوە زیدی باوباپیرانیان، تەنانەت بنەماڵە ڕیگری لە گەڕاندنەوە تەرمی شەهیدە ئیگلیزیەکەش کرد کەلە ڕێگای، سمێلکاوە، بگاتەوە زێدی باو باپیرانی، ناچار، بە ڕێگای تورکیاوە، تەرمی شەهیدە، ئیگلیزەکەیان گەیاندەوە.نە خێر ڕاستیە ئەوەیە، کە بارزانی بەفەرمانی

ئاغاکەی دەیەوێت، هەرچی کردووە بەهەر نرخێک بێت، ئەو ئەزموونەی ڕۆژهەلات، تێک بدات. ئیتر ئەوەش دەکەوێتە ئەستۆی ویژدانی هەر هەمووومان، کە هاوزمانەکەمان لەم بەلا نوێیەی بنەماڵەی بارزانی ڕزگار بکەین.

با ئیتر بەس بێت بەدرۆ فرۆفیشاڵ، ڕۆڵەی کەلەکەمان خەڵتانی خوێن بکەن، لە پێناو دۆلار، بەداخەوە کرتکە ڤیدیۆیەکی سەرتیپێکی یەکێتیم لەلابوو،کە ئەڵێ: هەموومانیان کۆکردەوە و پێیان ووتین ئالەم ڕێگاوە، نەتەوە یەککگرتوەکان خواردنمان بۆ دەنێرێت، بەلام پەکەکە ڕێگری لێدەکات، تالەبرسا بمرین، ئەو سەرتیپە گەرمیانەی یەکێتی لەدرێژەی ووتەکانیدا ئەڵێ: دوای شەڕێکی قورس، کە وامان دەزانی لەگەل دەیان گەریلادا شەڕ دەکەین، بەلام کاتێک بە تەواوی نزیک بوینەوە، دیتمان کە تەنها کیژێکی گەریلایەوە فیشەکی پێنەماوە، دوای ئەوە، ئەو قارەمانە لە بەرزایەوکەوە خۆیهەڵدایە خوارەوە شەهید بوو.

دواتریش ئاشکرابوو، کە هەر یەک لە یەکێتی و پارتی یەکی ٢٥ ملیۆن دۆلاریان لە تورکیا وەرگرتووە، تا شەڕی جەنگاوەرەکانی پەکەکە بکەن. ئەو ڕۆژنامەنووسە کە ئەو نهێنییەی ئاشکراکرد، بەداخەوە بەدەستێکی ڕەش لە کوردستان تیرۆرکرا.

# پەیوەندیی نێوان داعش و بەرپرسە کوردەکان

لە کوردستاندا هێڵی سوور بۆ خیانەت نییە، دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان، حیزبە دەسەڵاتدارەکان، هیچ سنورێکیان نەهێشتۆتەوە، تێیدا ئاورِ لە بەرژەوەندیی نیشتیمان و نەتەوە بدەنەوە، سنورێکیان نییە، ئاسایشی وڵات و هەرێم بپاریزن، نەبوونی ئەو هێڵە سوورە، شکاندنی ترسە لە خیانەت کردن، بۆیە بەردەوام حیزب و بەرپرسەکان داهێنان لە خیانەتدا دەکەن، ئیرەیی بە خیانەتی یەکتر دەبەن، لەگەڵ یەکتردا کێبڕکێ دەکەن، تا بزانن ئەمیان لەویتر پشکی زۆرتری لە خیانەت بەر دەکەوێت و دەسەڵات و سەرمایەی پێ زیاد دەکات.

کاتێک مالکی بودجەی هەرێمی کوردستانی بڕی، مەسعود بارزانی بە ئاشکرا هەڕەشەی کرد، وتی ئێمە لە دەستمان دێت تۆڵە بکەینەوە و دەرسیدمالکی دا بدەین، پاش چەند هەفتەیەک داعش لە سوریاوە سنوری بەزاند و موسڵی داگیرکرد، بە دوایدا مەسعود بارزانی باسی لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی کرد، کەچی شەنکال و ناوچەکانی دەوروبەری بۆ داعش چۆڵ کرد، قەتڵ و عامی کوردە یەزیدییەکان کرا. وەک دەبینین ئەمڕۆ مەسعود بارزانی بەسەر بەرزییەوە شەرم لەوە ناکات، کە چی کردووە و چی ئەنجامداوە، هەربۆیە ئەمڕۆ حیزبەکەی، بازرگانی نەوت و قاچاخچێتی چەکیان لەگەڵ داعشدا دەکەن، نەوت و بەنزین و کاز و کارەبایان دەددەنێ، لەگەڵ برا موسوڵمانەکانی کۆمەڵ و یەککرتووشدا، کەنجانی هەڵخەڵەتاو و ساویکە بۆ ناو ریزەکانی داعش دەنێرن، لەولاشەوە کەنجانی دڵسۆزی بە ناو پێشمەرکەی بێموچە دەنێرنە ریزی پێشەوەی جەنک و مەرک بە کوشتیان دەدەن، بێ ئەوەی ئەو هەژارانە بزانن لە ژێرەوە چۆن بەرپرسەکانیان لەگەڵ داعشدا دەستوموچیان کەرمدەکەنەوە و بە شەو بازرکانی و بەرۆژیش ئەمان بە کوشت دەدەن.

ئەو هەواڵ و زانیارییانەی کە ماوەی چەند رۆژێکە بۆ کوردستانپۆست دێت، ئەوە ئاشکرا دەکەن کە زۆربەی بەرپرسەکانی پارتیی و یەکێتیی پەیوەندییان بە داعشەوە هەیە، نەوت و کاز و کەسەرەستەی تەقەمنیان پێ دەفرۆشن، نەوتی خامیان لێدەکرن، کاز و نەوتی خاوێنیان پێدەدەن، خەڵکی کوردستانیش بێ نەوت و کاز دەهێڵنەوە.

پێش دەرچوونی برِیاری ئەنجومەتی ئاسایشی نەتەوە یەککرتووەکان، زۆربەی بەرپرس و بازرکانەکانی جەنک بە بەربڵاوی پەیوەندیی بازرکانییان بە داعشەوە کردووە، بەڵام دوای دوای دەرچوونی ئەو برِیارە. هەندێکیان پاشەکشەیان کردووە، بۆیە داوا دەکەین هەرکەسێک زانیاریی دیکەی لەو بارەیەوە لەلایە بۆمان بنێرێت.

لە ئیستادا خەریکە ئەو کوردانەی، کە ماوەیەکە لە ریزی چەتەکانی داعش لە دژی کورد و پیرۆزییەکانی کوردستان دەجەنکن، هەندێکیان بە هۆی وەرکرتنی رەشوە، یان هەر هۆیەکی تر، هەندێک لە لایەنی حیزبی

چەتە کوژراوەکانی داعش لە هەرێمی کوردستان بە شۆڕشگێڕ و شەهید ناویان تۆمار دەکەن، هەر وەك جاش و مستەشارو بەعسییەکانی پێشوو.

دکتۆر ئەحمەد) کە ماموستایەکی زانکۆی کورد بوو، لە کاتی هاتنی داعش بۆ حەویجە، پەیوەندیی بەو) تیرۆریستانەوە کردووە، لەوێ بووە بە دادوەری شەرعی ئەو گروپە، پاشان بە هۆی دزیکردن لە داعش، لە لایەن داعشەوە لە سیدارە دەدرێت . ئیستا چەند بەرپرسێکی یەکێتی یەکێتی چۆنەتە مالیان و پێیان وتوون، ئێمە دەیکەین بە شەهید، ئەمەش لەبەر ئەوەی چونکە برایەکی د. ئەحمەد کە ناوی د. سەرمەدە لە مەڵبەندی کەرکوکە و ماوەیەك بەرپرسی کۆمیتەی زانکۆ بووە، سەرچاوەکە دەڵێت، هەرچەندە یەکێتیی ئەم پێشنیارەی بۆ بنەماڵەکەی کردوو، بەلام لەبەر هەر هۆیەک بێت هێشتا خێزانەکەی بەمە رازی نەبووە.

شایانی باسە ئەم د. ئەحمەدە لە سالی ٢٠٠٣ پەیوەندیی لەگەڵ گروپی تیرۆریستی (ئەلقاعدە) کردووە، دوایی لەلایەن ئەمەریکاوە دەستگیر کراوە، یەکێتیی نیشتیمانی بۆی تێکەوتوون و توانیانە لای ئەمەریکییەکان شەفاعەتی بۆ بکەن و ئازادی بکەن، هەر لە سەرەتای دروستبوونی داعش دیسان پەیوەندیی بەمانیشەوە کردووە، دوایی لە سنوری حەویجە بووە بە دادوەری شەرعی (قازی شەرعی) تا دواجار لەسەر دزییکردن لە سیدارەی دەدەن.

ئەوەی ئیستا هەیە یەکەم سەرهەڵدانی ئەو دیاردەیەیە، کە دەسەلاتی کوردی تیرۆرستان دەکەنە شەهیدی سەنگەر. وەک سەرچاوەکە دەڵێت: دڵنیام لە ئیستادا چەندین کەس لە کوردە داعشەکان لیستیان بۆ کراوە تا وەک شەهید موچەیان بۆ ببڕنەوە، ئەمەش سەرەتایە بۆ ئەوەی بە لێشاو ناوی ئەوانە بخەنە خانەی شەهیدانەوە، هەروەک چۆن جاش و مستەشار و بەعسییەکانی رابردوو خانەنشینی و مووچەیان بۆ براوەتەوە.

هەروەک سەرچاوەیەکی نزیک لە دەسەلاتی پارتیی و یەکێتیی پێش چەند رۆژێک ئاشکرای کرد، کوایە رۆژی زیاتر لە ١٠٠ هەزار بەرمیل نەوت دەردەهێنرێت، ئەو سەرچاوەیەی کوردستانپۆستیش ئەوەی گێڕایەوە کە نەوتی خامی کوردستان لەلایەن یەکێتییەوە بۆ ئێران دەنێردرێت، نەجمەدین کەریم لێی بەرپرسە، کە لەلایەن هێرۆ برایم ئەحمەدەوە دانراوە، نەجمەدین کەریم بەرپرسی ئەو بەشایانە، واتە لە دەڤەری کەرکوک بازرگانی هەر نەوتێک کە یەکێتی لەگەڵ ئێراندا دەیکاتا و بە تانکەر نەوت بۆ ئێران دەنێرن، بەرەو رووی جەنابی نەجمەدین کەریم کراوەتەوە، هەروەها ئاسۆ ئەڵمانی و وەستا رەسوڵی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی نەوتن لەگەڵ داعشدا، ئەو سەرچاوەیە وتی پێش دوو سێ هەفتە دەنگۆی ئەوە هەبوو، کوایە بەرپرسێکی بالا لەگەڵ داعشدا پەیوەندیی هەیە و نەوتیان پێ دەفرۆشێت، بەلام ناوەکە ئاشکرا نەکرا، ئەو کەسە هێرۆ خانی کۆنە خانمی یەکەمی عێراقە و لە رێگای ئەم سێ کەسەوە ئەو پەیوەندییە بازرگانییە ئەنجام دەدرێت. جگە لەوە لە دەڤەری مەخموریش نەجاتی عەلی فاتە هەیە، ئەویش لەگەڵ داعشدا پەیوەندیی ئالوگۆڕ و کڕینی نەوت دەکات.

ئەو سەرچاوەیە وتی: بەرپرسەکانی یەکێتیی، هەروەها ئەوانەی پارتیش لەوە چۆنەتە دەرێ، بترسن، یان حەیا و شەرمیان هەبێت، هەر یەکەیان لە سنوری دەسەڵاتی خۆیدا کەم تا زۆر پەیوەندییان لەگەڵ داعشدا هەیە لەوانە:

١) ماموستا غەفور کە جێگری مەڵبەندی یەکێتیی بوو لە کەرکوک.

٢) عەمید سەرحەد قادر

٣) چەند فەرماندەی فەوج و لیواکان، کە سەر بە هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکان، ئەوانیش تێوەگلاون، بە تایبەت ئەوانەی لە بەرەکانی پێشەوەدانلە نامەیەکدا بە شێوەی راپۆرتێک نووسراوە، کەسێکی نێو دەزگای زانیاریی، ئەم زانیارییانەی لە نامەکەیدا بۆ نووسیوین، بە پێویستمانزانی ئێمەش درێژە بە هەواڵی پەیوەندی داعش و بەرپرسە حیزبییەکان بدەین، بە هەندێک دەستکاریی کەمەوە بڵاوی دەکەینەوە.

******************نامەکە************

بەرێزان....

حەز دەکەم هەندێک زانیاریی لەسەر چۆنێتی ئەو پەیوەندییانە و بازرگانیی کردنی بەرپرسە حیزبییەکانتان بۆ بنووسم، کە لەو ماوەیەدا بۆمان هاتووە و دەماودەم بۆ یەکتری باس دەکەین، ئەمیش پشت بە کۆمەڵێک راپۆرت دەبەسترێت، یان ئەوانەی لەوێن بۆیان ناردووین و پێمان دەکات، من بەشێکی گرنگتان بۆ دەنووسم:

رێگاکانی بازرگانی کردن لەو محوەر و رێگایانەی خوارەوەیە:

1- دوزخورماتوو - قادر کەرەم

2- داقوق - قادر کەرەم

3- کەرکوک - سلێمانی

4- مەلا عەبدولا بۆ دبس - هەولێر

5- موسڵ - مەخمور - هەولێر

6- موسڵ - هەولێر

موسڵ - دهۆك -7

:تویژەکانی بازرگانی کردن

بەرپرسی باڵا -1

بەرپرسی سەربازیی -2

.(بازرگانە سەرمایەدارەکان (هەندێکیان لە رێگای کورەکانیان، یان کەسێکی بنەماڵەکانیان ئەنجام دەدرێت -3

هەروەک سەرچاوەیەک لە وەزارەتی پێشمەرگە لێکۆڵینەوەیان کردووە لەسەر پرسی شکست و بەدەستەوەدانی مەخموور لە ناو ئەو پرسەشدا پرسیار لەسەر قاچاغچێتی نەوت لەگەڵ داعش کراوە. ئەو سەرچاوەیەی من قسەم لە گەڵیدا کرد، دەڵێت لە دوای ئازادکردنی مەخموور تا 3 رۆژ بەسەدان تانکەری نەوتی رەش لە داعشەوە بۆ هەولێر چووە، ئەمیش بە ئاگاداری بەرپرسی میحوەری مەخموور نەجاتی عەلی فاتێ و پارێزگاری هەولێر، هەروەها ژمارەیەک لە بەرپرسی ئەمنی تر، لە ئێستا پرۆسەی بە قاچاغ هێنان و بردن وەستاوە. بۆ زانیارییتان .نەجاتی عەلی فاتێ ئەو کەسە بوو، کە لە هەولێر مقەرەکانی گۆرانی سوتاند

بۆ قاچاغی پیکابیش، بەر لە گرتنی مەخموور لە لایەن داعشەوە توێژێکی قاچاغچیی کردن لە مەخموور * .هەبوو پیکابیان بۆ داعش دەکڕێ بەرامبەر بە ٥٠٠ دۆلار

.بەشێک لەو پەیوەندییەی کە بەرپرسەکان لەگەڵ داعشدا هەیانە لە رێگەی موسڵ بۆ تورکیا بارزانەکان دەیکەن *

.لە رێگەی داقوق دوزخورماتوو، عەمید سەرحەد قادر تێیدا چالاکە *

لەپشت ئەوانەوە کوڕی چەند بازرگانێك هەیە، لەوانە زەریای کوری فاروقی مەلا مستەفا لەگەل شکاری کوری * فەتاح رەباتی. ئەمان دوو هەزار تویۆتای دەبل کابینەیان بردووە بۆ داعش، داعشیش تەنکەری نەوتی .پێداون

لەپشت ئەم دوو کەسەی سەرەوە، کۆسرەت رەسوڵیش دەستی تێدا هەیە، کە ژمارەیەکی زۆر لەو سەیارە * کابینانە هی کۆسرەت رەسوڵ بوون و بە داعش فرۆشران. ئەم پەیوەندییەی کۆسرەت رەسوڵ بەو دوو .کەسەوە، مەسەلەیەکی دورو درێژە

نەجمەدین کەریم بازرگانی لەگەل داعشدا نەکردووە، بەلکۆ رۆژانە ١٢٠هەزار بەرمیل نەوت لە کێڵگە * نەوتیەکانی کەرکوك بە تەنکەر رەوانەی ئێران دەکات، ئەمیش هەر ئەوەیە کە عارف قوربانی باسی کردووە و

ناوی کەسەکانی نەهێناوە. وەک بەڵگەش حەمەی حاجی مەحمود لە کوردستان تیڤی چاوپێکەوتنی هەبوو، وتی چوومەتە سەر چەندین بیری نەوتی کەرکوك بە ئاشکرا بە تەنکەر نەوتیان دەدزی

بەپێی زانیاریەکانی من هەرچی سەرمایەدار و بەرپرس هەیە بەشدارە لەو بازرگانییە تەنانەت خەلکی * ئاساییش، کە لە بەرپرسێکەوە نزیکە.... ئەمە دەکەن.

دوای بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش و ئەمەریکا ئەم مەسەلەیە قەدەغە کراوە. سەیری ئەم راپۆرتەی (الشرق * الاوسط) بکەن لە رۆژی ١٠ / ٧ / ٢٠١٤

ئیستا هیچ شتیك بۆ پارتی و یەکێتیی و بەرپرسەکان ترس و شەرمکردن نییە، سیاسەت هەمووی بووە بە بازرگانیی و پارە.

پێش ماوەیەک شەڕێ لە داقوق کرا، تێیدا زیاتر لە ١٥ پێشمەرگە شەهید بوون و ٣٠ بریندار لێکەوتەوە، * وەکو زانیاریی بۆ ئێمە هات، ئەمە هەمووی پەیوەندی بە بازرگانی نەوتەوە هەبوو، هیچ پەیوەندی بە شەڕی داعشەوە نەبوو. رووداوەکەش بەم جۆرە بوو، کە لەو ناوچەیە بەرپرسان نەوتیان بە قاچاغ دەهێنا و پارەکەیان دەدا بە رەئیس عەشرەتێك، ئەو رۆژە لای ئەو دەعوەت بوون لەسەر داوای ئەو رەئیس عەشرەتە بۆ ئەوەی کارەکەیان سەلامەت بێت داوای کردبوو کەمێك داعشەکانیان لێ دووربخەنەوەوە بۆیە شەر روویدا و ئەو کوشتارەی لێکەوتەوە.

نەجاتی عەلی فاتێ بەرپرسی میحوەری مەخموری پارتیە هەموو شتێکی لەدەست دێ ئەو بوو لە هەولێر * مقەرەکانی گۆرانی سوتاند

ئەو راپۆرتەی خوارەوە کە بە عەرەبییە زۆر بە وردي باس دةكات.

-----------------------------------------------

وأما في العراق، فقد فشل داعش في السيطرة على آبار نفط مهمة حتى الآن رغم محاولته السيطرة على مصفاة بيجي الشهر الماضي، إلا أن القوات العراقية قد صدتهم. وكشف شلال عبدول، قائمقام طوزخورماتو التابعة لمحافظة صلاح الدين، عن أن المسلحين و(داعش) يهربون النفط الخام العراقي في صهاريج، مشيرا إلى أن عشرات الصهاريج تمر من خلال أو بالقرب من قضاء طوزخورماتو محملة بالنفط الخام باتجاه إقليم كردستان أو تسلك طرقا ترابية باتجاه غرب العراق.

وقال عبدول لـالشرق الأوسط عبر الهاتف من مكتبه في طوزخورماتو إن الجماعات المسلحة و(داعش) يسرقون النفط الخام من آبار نفط قرب سلسلة جبال حمرين وكذلك هناك آبار نفط تبعد ٣٥ كيلومترا غرب طوزخورماتو،

مشيرا إلى أن هذه المناطق لا تقع تحت سيطرة الحكومة أو القوات العسكرية، وقسم كبير منها، منذ التاسع من يونيو (حزيران) أي بعد سقوط محافظة نينوى، يقع تحت سيطرة (داعش) وبقية الجماعات المسلحة.

وأضاف قائمقام قضاء طوزخورماتو أن هناك ما بين ٥٠ إلى ١٠٠ صهريج تعبر من خلال القضاء أو نرصده من بعيد حيث يتخذ السائقون طرقا ترابية غير معبدة بعيدة عن سيطرة الأجهزة الأمنية أو قوات البيشمركة، وقال إن قوات البيشمركة التي تسيطر على القضاء استطاعت أن تحجز أكثر من ٥٠ صهريجا محملة بالنفط الخام المسروق، وقد أمر وزير البيشمركة السابق جعفر الشيخ مصطفى، بإحالة السائقين إلى القضاء ومصادرة النفط المسروق، إلا أن تدخلات كثيرة من جهات عدة، بالإضافة إلى أن الأوضاع الأمنية في القضاء وعدم انتظام الدوائر الحكومية، أدت إلى غلق المحاكم التي تنظر في قضايا هؤلاء السائقين وقد أخلي سبيلهم.

وأوضح عبدول أن حجم ما يحمل في الصهريج الواحد هو ما بين ٣٠ إلى ٣٦ ألف لتر مكعب، ويبلغ سعر هذه الحمولة ما بين عشرة آلاف إلى ١٤ ألف دولار أميركي، مشيرا إلى أن المسلحين و(داعش) يسرقون غالبية النفط الخام من أنبوب النفط الذي يغذي مصفاة بيجي ومن مناطق أخرى يمتد فيها الأنبوب أو حتى من أنابيب التصدير.

وحول الجهات التي تشتري النفط الخام المسروق، قال عبدول: هناك جهات كثيرة داخل العراق وخارجه تشتري النفط الخام، نحن نتحدث عن النفط وهو كالذهب، وهناك مهربون ومضاربون داخل العراق يشترونه بأقل من ثمنه بكثير ليبيعوه إلى جهات في الخارج، وهؤلاء يغامرون من أجل نقله إلى خارج العراق. وأضاف: هناك صهاريج تتجه نحو إقليم كردستان ليجري من هناك نقل النفط إلى تركيا، وهناك صهاريج تذهب إلى غرب العراق باتجاه الحدود السورية، وأخرى تذهب إلى مناطق وسط العراق.

وأما الدكتورة فاليري مارسيل، وهي زميلة في معهد تشاتام هاوس البريطاني، فقالت إنه بإمكان المقاتلين من (داعش) بيع النفط في السواق السوداء إلى مشترين من تركيا وإقليم كردستان وإيران، بحسب الكثير، مضيفة: يتمكن المسلحون من بيع النفط الخام مباشرة إلى المصافي المحلية بسعر منخفض جدا، ومقدر بنحو عشرة دولارات للبرميل. وشرحت أن التنظيم يستخدم مصافي مؤقتة، مما يسمح لهم ببيع المزيد من النفط بسهولة. وينقل النفط الخام والمنتجات من خلال أنابيب مؤقتة وشاحنات خاصة بهم، لافتة إلى أن عمليات التهريب من سوريا قائمة منذ أشهر.

ومن جانبه، قال أحمد عبد الله الجبوري، محافظ صلاح الدين لـالشرق الأوسط عبر الهاتف من سامراء إن مناطق طوزخورماتو وآبار النفط التي هناك وأنابيبه هي تحت سيطرة قوات البيشمركة الكردية وليست تحت سيطرة (داعش)، مشيرا إلى أن عمليات تهريب النفط من هذه المواقع موجودة وقديمة وقبل سيطرة (داعش) على محافظة نينوى، وعمليات التهريب كانت تجري بهذه الطريقة نفسها، أي عبر الصهاريج.

وأشار مصدر في وزارة النفط العراقية إلى أن عمليات سرقة النفط الخام من أنابيب النفط تحدث بين فترة وأخرى، سواء من الأنبوب الذي يغذي مصفاة بيجي أو من مواقع أخرى في شمال بيجي، فهناك منطقة الفتحة القريبة من سامراء، ومنطقة عين الجحش في الموصل، موضحا أن مصفاة نفط بيجي تحت سيطرة الحكومة العراقية وما تزال تعمل بانتظام

# هێنانی پاسدار بۆ سەر حیزبی دیموکرات

کریس کۆچیرا: تاڵەبانی دەستی لەگەڵ ئێران تێکەڵکردو دوو هەزار پاسداری هێنایە سەر حیزبی دیموکرات

یەکێك لەو ڕووداوە سیاسیانەی لە نیوەی نەوەتەکان لە باشووری کوردستان ڕوویانداو کاریگەری لەسەر ڕووداوەکانی دوای خۆی هەبوو،مەسەلەی هێنانی سوپای پاسدارانی ئێران بوو بۆ سەر حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کۆیە،لەلایەن یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە،کە ئەوکاتە لەگەڵ پارتی لەشەڕێکی ناوخۆیدابوو،ئەو کاتە بەپێی لێکدانەوەی چاودێرانی سیاسی رازیبوون، یان هاوکاری یەکێتی لەم پرۆسەیەدا لەبەرانبەر پشتگرتنی ئێران بوو بۆ یەکێتی لەشەڕی دژ بە پارتیدا،بەتایبەتیش دوای ئەوەی پارتی رازینەبوو ئەو سوپایەی ئێران بە سنووری ئەودا بێت و بەسنووری ئەویشدا بگەڕێتەوە،ئەوە دۆخەکەی قورستر کرد و ئێران بەئاشکرا هاتە ناو شەڕەکە لەدژی پارتی بە قازانجی یەکێتی،ئەم کارە ئەنجامی دیکەی نەخوازراوی بەدواداهات،کە (٣١) ئاب یەکێکیانە.

ئەندامێکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە سنوری گەرمیان،کە نەیوست ناوی خۆی ئاشکرا بکات، بەلڤینی وت"ئەو کارەساتە پەڵەیەکی رەشە بەناوچاوانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە،کە هێزێکی بێگانەیە سەر هێزێکی کوردی سیاسی کە(٦٥)ساڵ خەبات دەکات".

ناوبراو رونیکردووە کە ئەمە کەمتر نییە لە ڕووداوەکانی(٣١) ئاب و خیانێتێکی مێژوییە کە یەکێتی نیشتمانی ئەنجامی داوە وتیشی"زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە پارتی دیموکراتی کوردستان،هەڵساوە بە ئەنجامدانی(٣١)ی ئاب،بەڵام باس لەوە ناکرێت کە یەکێتی(٣١)ئابی پێش پارتی ئەنجامی داوە".

دەربارەی فشارەکانی حیزبی دیموکرات بۆ سەر یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەو ئەندامەی حیزبی دیموکرات وتی" ئێمە هێزێکین خەباتی سیاسی و مەدەنی دەکەین لە سنوری یەکێتیەدا،ئێستا هیچ هەڵوێستێکمان نییە،بەڵام ڕۆژێك دێت هەڵوێستمان دەبێت داوای مافی خۆمان لە یەکێتی دەکەین".

ئەوەشی ئاشکراکرد لەساڵی (١٩٩١)وە تاوەکو ئێستا زیاتر لە(٢٥٠) ئەندام و لایەنگری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەدەستی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی ئێران بەڕۆژی رووناك لەژێر دەسەڵاتی هەردوو فەرمانڕەوای یەکێتی و پارتی کوژراون و بەرپرسیارێتییەکەیشی لە ئەستۆی یەکێتی و پارتیدایە".

کریس کۆچێرا لە کتێبی (خەباتخوازیی کورد) کە ساڵی(١٩٩٧) لەفەرانسا چاپیکردووە،ئاماژە بۆ ئەوە دەکات چۆن یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی توانییان لە هێرشی ئێراندا کە زیاتر لە (٢٥٥) کیلۆمەتر لەناو خاکی کوردستانی عێراقدا چووە پێش،هاودەستی لەگەڵ ئێران بکەن،نووسەر دەڵێت"رۆژی(٢٦)ی تەموز دوو هەزار پاسدار لە نزیك پێنجوێن سنوور دەبەزێن و دەچنە سلێمانی و شەو لە موعەسکەر سەلام کە یەکێك لەو قەڵا گەورانەیە سەددام لە ساڵەکانی(١٩٨)دا دروستیکردبوو دەمێننەوە،لە رۆژی دواتردا ئەو هێزانە کە بە سەد کامیۆن و تۆپی(١٣٠) ملم و (١٥٥)ملم،مووشەکی کاتیۆشاو مووشەك هاوێژی (حسێن)کە(١٢٠)کم بوردی هەیە تەیاربوون و لەلایەن سێ سەد پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە ئامادە کرابوون و وەرێ دەکەون،ئەوان کاتێك دەگەنە بەرزاییەکانی هەیبەت سوڵتان کە بەسەر دەشتی کۆیەدا زاڵە،لە رۆژەکانی(٢٨)و(٢٩) تەموز دەفتەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە لە کۆنە قەڵایەکی ئەرتەشی عێراق و لە چەند کیلۆمیتری شاری کۆیە هەڵکەوتوە لەگەڵ پێنج ئۆردووگاکەی حیزب لە دەوروبەری بوردوومان دەکەن".

لەبارەی ئەو رووداوەوە ئەگەری دووبارەبوونەوەی هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر حیزبی دیموکرات،شێرکۆ کرمانج مامۆستای هزری سیاسی لە زانکۆی سەلاحەدین بە ڤینی وت" دووبارەبوونەوەی ئەو کارەساتە ئەگەری کەمە،چونکە کوردستان زۆرکراوەترە لەسەر میدیایی جیهانی و کۆمەڵگەی مەدەنی کوردستان و میدیای ئازاد و ئۆپۆزسیۆن کە بوونیان هەیە،ئەوکاتەی ئەو رووداوە روویدا ئەوانە بوونیان نەبوو،لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی کوردی ئەگەر هەنکاوێکی لەو شێوەیە بهاوێت دەیانجار بیری لێدەکاتەوە وەك ساڵی (١٩٩٦)نییە!!.

ناوبراو ئیدانەی ئەو رووداوەی ئەوکات دەکات و کە پێیوایە لەکەیەکی ناشیرینە بە ناوچاوی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە،وتیشی"ئەوکاتە ئیدانەمکردووەو ئێستاشی لەگەڵ بێت ئیدانەی دەکەم،شتێك بو نەدەبوو بەهیچ شێوەیەك و بەهیچ پاساوێك رێگەی پێبدرایە".

مامۆستا شێرکۆ باس لە تۆپبارانکردنی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دەکات کە ئامانجیان هێزەکانی پژاکە،لەوبارەیەوە دەڵێت"ئەو هێزانە کە دەکەوێتە ناوچەکانی قەندیل و دەوروبەری تا دەکاتە سنوورەکانی تورکیا لەوێ جێگیرن،کە بەدووری دەبینیم هێرشەکە بکرێتە سەر کۆیە و زۆریش لەسەر ئێران دەکەوێت،هەروەها سیاسەتی نێودەوڵەتی ئێران تۆمەتبار دەکات و گۆشارێکی زۆری لەسەرە".

نووسەر باس لەوەدەکات پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات چوونەتە پێشی هێزەکانی ئێران و توانیویانە سەنگەر بگرن و خۆیان پەنا بدەن،هەروەها لەو تۆپبارانەدا ماڵی بنەماڵەکانی پێشمەرگە و نەخۆشخانەی .نێونەتەوەییەکان و رێکخراوی پزیشکانی جیهانی وێران دەکرێت

٢٨)ی تەموزی(١٩٩٦) بەرەبەیانێکی شوم دەستیپێکرد، کاتژمێر(١٠)ی سەر لەبەیانی بوو تۆپخانەکانی ئێران) جارێکی تر ئۆردوگای جێژنیکان لە نزیك شاری هەولێر کە سەدان کوردی ئێرانیی لێ دەژیان تۆپباران کردو پاسدارەکان لەهەیبەت سوڵتانەوە هێرشیان کردە سەر دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران،بەڵام پێشمەرگەکانی ئەو پارتە پاشەکشەیان پێدەکەن.نووسەر دەڵێت"پێشڕەویی ستوونەکەی ئێران گەیشتبووە دەروازەی کۆیەو چەند پاسدارێك بە جلی یونیفۆرمی خۆیان چووبوونە نێو شار،دوای ئەوە کە فڕۆکەی هاوپەیمانەکان لە پاش نێوەڕۆی(٢٩)ی تەموزی(١٩٩٦) بەسەر سەری هێزە ئێرانییەکاندا دەفڕن،شەوی .ئەو هێزانە هەر بەو رێگایەدا کە پێیدا هاتبوون دەگەڕێنەوە

نووسەر دەڵێت"پارتی دیموکراتی کوردستان قبووڵ ناکات بەشێکی ستوونەکە بە ڕێگەی حاجی ئۆمەراندا ."بگەرێتەوە،ئێرانییەکان لە هاتنیشدا ویستبوویان بەو رێگەیەدا بێن

نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش لە پاریس شاهۆ حوسێنی وەلامدەداتەوە،دەلیت"بەداخەوە جەلال تالەبانی و مسعود بارزانی بۆ ئەوەی یەکییان بەسەر ئەوی دیکەیاندا سەرکەون حازرن هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان بکەنە قوربانی!کاتێك جەلال تاڵەبانی رادیۆی پێداخستین،لێمانپرسی هەتا کوێ ئاوا بۆ ئێرانی شلدەکات،تالەبانی وەلامی داینەوە(نا،ئیدی تەواو،بەلام ئێمە پێمانوت کە دەوڵەتی ئێران لە .(پێشدا داواتان لێدەکا چەکمانکەن،پاشان داواتان لێدەکا رێبەرەکانمان تەحویل بدەنەوە

کۆچێرا ئاماژە بەنامەیەکی دەسنووسی مام جەلال دەکات کە لە رێکەوتی(٢٨)ی تەموزی(١٩٩٦) بۆ عەبداڵلا ."!حەسەن زادە لە قەلاچوالان قبووڵنەکردووە

عەبدوڵلا حەسەن زادە سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش لەچاوپێکەوتنیدا لەگەڵ کۆچێرا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ئێرانییەکان نەیانتوانیوە بەبێ موافەقەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان (٢٥٥)کیلۆمەتر لەناو خاکی کوردستانی عێراقدا بچنە پێش،ئەو دەڵێت" ئێمە ئەگەر دەستمان ئاوەڵا بوایە،دەمانتوانی لە زۆر شوێنی لەبار لەسەر ئەو رێگە دووررودرێژە بە ژمارەیەکی زۆر کەمی پێشمەرگەوە .!! کەمینیان بۆ دابنێینەوە،بەدبەختییەکە ئەوەیە کە جەلال تالەبانی فێرنەبووە بە ئێران بڵێ:نا

نوسەری کتێبەکە لەو بارەوە زیاتر نوسیویەتی"بەداخەوە کوردەکان ئەو سوێندە مێژووییەیان لە بیر چووەتەوە، کە زیاتر لە نیوسەدە لەمەوبەر نوێنەرانی سێ پارچەی کوردستان لەسەر چیای دالامپەڕ خواردبوویان،چیایەك کە بەڕاستی سمبولێکە،چونکە لە شوێنی بەیەکگەیشتنی ئەو سێ سنوورە

هەڵکەوتووە، کە کوردستان لە نێوان تورکیا و عێراق و ئێراندا دابەش دەکەن،ئەوکاتە ئەو ناسیۆنالیستە کوردانە سوێندیان خواردبوو،کە هەرگیز هیچ چەشنە یارمەتییەك لە هێزێکی دراوسێ قبووڵ نەکەن، کە ."بتوانێت زیان بە بزووتنەوەی کورد لە بەشێکی دیکەی کوردستاندا بگەیەنێت

....

## نیگەرانی بنەماڵەی سعیداغای زراریی بەرامبەر بەو ناهەقییەی کە هەندێک بەرپرسی پارتی بەرامبەی کردوویانە

لەناوچەی زرارەتی کێشەیەکی کۆمەلایەتی ڕویدا لەنێوان دوو بنەماڵە بنەماڵەی (زێدان اغا زراری) و بنەماڵەی هەمزە سێوی ،بەپشتکیری چەند کەسێکی باڵاو بەدەسەلات لەناو پارتی (زێدان اغا)یان لەبەردەم مالی خۆی شەهید کرد،زێدان زراری کارگێری مەلبەندی (٣) هەولێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو. کاتێك (زیدان زراری) شەهید بوو مسعود بارزانیی بەم ڕووداوە گەورەی زانی ،نیگەران بوو بەم وەزعە کە لەناوچەی زرارەتی ڕویدا هەڵسا بەدوور کردنەوەی بنەماڵەی هەمزە سێوی لەدەڤەری زرارەتی بۆ گوندێك لای قەزای خەبات ، بەڵام دوای ئەوە بنەماڵەی هەمزە سێویٚ گەڕانەوە گوندی خۆیان بەرامبەر گوندی (زێدان زراری)، لەبەرئەوەی بنەماڵەی هەمزە سێوی بەحوکمی ئەوەی پرسەیان هەبوو ئامۆزایەکیان ئەمری خوای کردبوو گەرابوونەوە گوند زۆر کاری ئیستیفزازیی و ناشرینیان کردبوو لەبەرامبەر بنەماڵەی زێدان اغا ئەوە بوو شەڕێکی گەورە لە ناحیەی شاخۆلان ڕویدا لە ٢٦/٤/٢٠١١ دووبارە ئامۆزایەکی زیدان زراری شەهیدبوو ، ماڵی هەمزە سێویٚ کوڕە گەورەی هەمزە سێویٚ کوژرا ، دوو کەسیش لەبنەماڵەی زێدان زراری بریندار بوو لەگەل ١٠ پێشمەرگەی زێرەڤانیش برینداربوون، نیگەرانی گەورە ئەوەیە لەلایەن بنەماڵەی (سعیداغای زراری)، سەرۆکی عشیرەتی .(زراری دەکاتە ئامۆزای (زێدان زراری

ئەوەیە پاش ڕوو داوەکە ئەمر کرا لەلایەن وەزیری ناوەخۆ کریم سنجاری هەردوولا بگیرێن لە هەردوولا گیران شەش کەس لەبنەماڵەی زیدان زراری سێ کەسیش لە بنەماڵەی هەمزە سێویٚ ، نیگەرانی گەورە ئەوەیە تا ئێستاش بنەماڵەی هەمزە سێوی دەعمی گەورە دەکرێن لەلایەن پارتی بەتایبەتی سیداد بارزانی برای کاك مسعود بارزانی دەکرێت ، سیداد بارزانی هەڵساوە بە بەردانی گیراوانی بنەماڵەی هەمزە سێوی بەلام یەك گیراوانی بنەماڵەی زێدان زراری بەرنەدراوە، پاش حەوت مانک ونیو ،شەش کەسەکەی بنەماڵەی زێدان زراری تائێستاش هەر دەست بەسەرن ، بنەماڵەی زێدان زراری غەدریان لێکراوە ئەوان کوژراون ئەوان برینداربوونە ئەوان گیراون ، ئەوجا لەسەر ئەو غەدرەی لێشیان کراوە بنەماڵەی (زێدان زراری) دەڵێن لەسەردەستی (کاك مسعود) نایان کوژین و بەس سجنەکانمان بۆ بەردەن و مالی هەمزە سێویش بێنەوە پێش چاوی ئێمە ،بەلام هەندێك کەسی نامسئول لەناو پارتی دەڵێن دەبێ مالی هەمزەسێوی بگەرێنەوە بەرامبەر مالی (زێدان زراری) بەخۆشی و ناخۆشبی ، سیداد بارزانی و شێخ ئەدهەم بارزنی رایانگەیاندووە وتوویانە ئەگەر ئێمە ئێمەبین

بە تۆبزی ناچاریان دەکەین مەمنونیش بن داوای سوڵح بکەن بنەماڵەی (زێدان زراری) چونکە شەش کەسی بنەماڵەی زێدان زراری لە ژێردەسەلاتی ئەوان دان وەکو بارمتە.

مانای ئەوە نیە پارتی لەخەمی هەردوولا دابن یان لەخەمی مالی هەمزە سێوی دابن چونکە ئەوان مالی همزە سێوی شیان لێ زیادە، بەلام کارە گەورەکە چەند کەسێکی نامسئولی ئەوان کردویانە، بەقسەی هەندێك لەنامەسئولی پارتی بەپشتگیری ئەوان زیدان زراریان شەهید کردووە لەبەر ئەوە زێدان زراری دەسەلاتێکی بەهێزی هەبوو لەناوچەکە کاریگەری هەبووە لەسەر پارتی ، وتویانە دەی کوژین و پۆرتی یەکێتی و کۆسرەت رسول علی دەشکێنین لەناوچەکە ئێستا دەیانەوەی بەزۆر سولح بەبنەماڵەی زیدان زراری بکەن و عەیبی خۆیان داپۆشن.

هیوادارم مسعود بارزانی ئەم نووسینە ببینی چاوێک بەو نا یەکسانی ونا عەدالەتییەدا بگێرێت، کە لە لای بنەماڵەی زێدان زراری کراوەخیانەتی ٣١ ئاب بووە هۆی مانەوەی سەدام حوسێن لە حوکمدا؟!

خیانەتی ٣١ ئابی ساڵی(١٩٩٦) خانەوادەی مەسعود بارزانی. کە دەبابەکانی رژێمی بەعسی هێنا و خاکی پیرۆزی کوردستانی پێداگیرکرد، کوشتن و زیندانی کردنی پێشمەرگە و لایەنگرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی لێنەکەوتەوە بە تەنها، بەڵکو بوە هۆی کوشتن و زیندانی کردنی دەیان لایەنگرو دۆستی ویفاقی نیشتمان عیراقی لە سەرتا سەری عێراق. ئەو خیانەتەی مەسعود بارزانی ئەنجامی دا نەك مەسعود و حیزبەکەی لە مردن رزگار کرد، بەڵکو سەدامیشی لە مردن و لە ناوچون رزگارکرد، بەهۆی ئاشکرابونی ریکخستنە نهێنیەکانی ویفاقی نیشمانی عێراقی. بۆ ئەوەی بەڵگە بۆ ئەو چەند دێرەی سەرەوەمان بخەینە پێش چاوی خوێنەر بفەرمون ئەو بەڵگەیە بخوێننەوە.

لە کتێبی سەدام و ژیانی نهێنی کە لە نوسینی "کۆن کلن" لە وەرگێرانی لوقمان باپیرە. لە لاپەرەی ٤٦٥ و ٤٦٦ ئاماژە بە هێرشەکانی بەعسی سەدامی لە ٣١ ئابی ساڵی (١٩٩٦) دەکا بۆ سەر کوردستان، پاش ئەوەی بزوتنەوەی ویفاقی نیشتمانی عیراقی لە هەوڵی کودەتایەکی سەربازی بۆسەر سەدام حوسێن شکستی خوارد و هەوڵەکەیان ئاشکرا بو بۆ رژێمی بەعس، ئەوانەی کە هەوڵیاندا کودەتاکە ئەنجام بدەن هەشت سەد کەسیان دەستگیرکران و ئەشکەنجە دران و لە سێدارەدران.

دواتر لە ئۆگەستۆی، سەدام گورزێکی دیکەی ریسواکەری ئاراستەی ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی کرد کاتێ هێزەکانی دوبارە هەرێمی کوردستانیان داگیرکردەوە، کە ساڵی رابردو کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی بۆ هێرشکردنە سەر موسڵ و کەرکوك بەکاری هێنا. بارکرژیەکانی نیوان دەستەی کوردیە رکابەرکان لە هەریەك لە یەکێتی نیشمانی کوردستان کە تاڵەبانی سەرۆکایەتی دەکردو، پارتی دیموکراتی کوردستان کە مەسعود بارزانی سەرۆکایەتی دەکرد لە وەتەی کە تاڵەبانی پشتیوانی هێرشەکەی کۆنگرەی نیشتمانی عیراقی کردبوو، توندتربیو. لە هاوینی(١٩٩٦) دا شەرێکی نوێ لە نێوان ئەو دوو دەستەیەدا هەڵگیرسا. لە سەرەتادا بالادەستی

لە بەرژەوەندی هێزەکانی تاڵەبانی بوو، بارزانی داوای یارمەتی لە سەدامکرد. سەدامیش بە ڕەوانەکردنی چەند یەکەیەکی گاردی کۆماری و گاردی کۆماری تایبەت بە دەنکیەوەهات، کە هێرشێکی ناکاویان کردە سەر پێگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هێزەکانی تاڵەبانیان تێکشکاند. ئەمەش بۆ سەدام گەڕانەوەیەکی سەرکەوتوانە بوو، کارەساتێکی گەورەش بوو بۆ ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی و ئۆپۆزسیۆنی عیراقی کە بەتوندی هاوپەیمانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو. هێزە عێراقیەکان دەیان کەسیان لە لایەنگرانی کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی بە دیل گرت، ئەوانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی ڕاستەخۆی ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی کاریاندەکرد و هەزاران دیکۆمێنتیان کەوتە دەست کە پلانی هاوبەشەکانی هەردولای ئاشکرا دەکرد.سەدام فەرمانی لە سێدارەدانی ئەو عێراقیانەی دا کە لەگەڵ ئاژانسی هەواڵگری ناوەندیدا کاریاندەکردو، ئەو لایەنگرانەی کۆنگرەی نیشتمانی عیراقیش کە لە مردن ڕزگاریان بوو خرانە بەندیخانەوە. ژێرخانی کۆنگرەی نیشتمانی عیراقی لە کوردستان بە تەواوی وێرانکراو، ولاتەیەکرتوەکانیش دەبوایە بە سەروکاری خێرا هەڵسێ بۆ بردنە دەرەوەی پتر لە شەش هەزار عێراقی و، ئەو کوردانەی کە لە کردەکەی کۆنگرەی نیشتمانی عیراقیدا بەشداریان کردبوو. لە گەڵ ئەوەی کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان داوای پشتیوانی سەربازی کرد بۆ ڕوبەڕوبونەوەی هێزەکانی سەدام، کەچی سەرۆك کلینتۆن تەنیا ڕێگەی بە زنجیرەیەك هێرشدا بۆ سەر بەغدا بە موشەکی سکۆد، کە هیچ کاریگەریەکی بەسەر توانا کردەیەکانی هێزەکانی سەدامەوەنەبوو لە کوردستان. ویلیەم پێری وەزیری بەرگری، هەڵوێستی حکومەتی کورتکردەوە و وتی: (من .(وای دەبینم کە پێویست نیە خۆمان لە شەڕێکی ناوخۆی باکوری عێراق بئاڵێنین

.خوشم پاش خوێندنەوەی ئەو چەند دێڕە لە کتێبەکەی نوسەر"کۆن کلن" چەند شتێکی گرنگم بۆ ئاشکرابوو

دوای داگیرکردنی پارێزگای هەولێر لە بەرەبەیانی ٣١ ئابی ساڵی (١٩٩٦) لە لایەن هێزە داگیر کەرەکانی ڕژێم بەعسی سەدامی.چەند ڕۆژێکی کەمی دوای ئەو داگیرکردنەی پارێزگای هەولێر، هێزەکانی یەکێتی بە تەواوەتی هورەیان بەرداو، لە شاروشارۆچکەکانی کوردستان کشانەوە بەرەوسنوری ئێران. لە گەڵ خۆیاندا .بەدەیان ئەندام دۆست و لایەنگری یەکێتی ڕایانکرد بۆ سنوری ئێران و چونە نێو خاکی ئێرانەوە

چەند ڕۆژێکی کەمی دوای داگیرکردنی هەولێر ئێوارانێکی درەنک ئەوەی خۆی بە یەکێتی نیشمانی کوردستان دەزانی شاری کفریان بەجێهێشت بەرەوە سنوری ئێران هەڵ هاتن، بۆ بەیانیەکەی هێزە سیخوڕەکانی بەعس لە ناحیێی قەرەتەپەو جەلەولا و جبارە هاتنە نێو شاری کفریەوە، ئەو هێزەی ڕژێمی بەعس چونە ماڵی حاکم "نوری سەعید" و دەرگای مەڵەکەیان شکاند و ماڵیانیان پشکنی، دوو میسری هەبون لە کفری بە ناوەکانی (ماموٚستا ڕەشاد، محەمەد مسری) محەمەد مسریان لە گەڵ یەکێتی ڕایکردبوو، بەڵام ماموٚستا ڕەشاد لە کفری مابویەوە. ئەو هێزەی ڕژێم دوای پشکنینی ئەو ماڵە ماموٚستا ڕەشادیان قۆڵەبەستکرد و لەگەڵ خۆیان بردیان و، تاوەکو ئەم چرکە ساتە کەس نازانێت چی بەسەرهات ئەو ماموٚستایە. دیارە ماموٚستا ڕەشاد خزمەتێکی زۆری کوردی کرد لە ڕێگای وانە وتنەوە بە خوێندکارانی شارەکە. دواتر هێزەکانی ڕژێم شارەکەیان بەجێ .هێشت هەتا دوانیوەڕۆ هێزە جاشەکانی پارتی هەتنە نێو شارەکەوە

لێرەدا نهێنی ئەوەم بۆ دەرکەوت کە بۆ چی هێزەکانی ڕژێم تەنها مامۆستا ڕەشادیان بردو و ماڵی ئەو حاکەمەیان پشکنی، نهێنی ئەو کارە ئەوەیە کە لە کاتی گرتنی هەولێر کاتێك هێزەکانی بەعس دەستیان گرتوەتە سەر ئەو دیکۆمێنتانەی کۆنگرەی نیشتمانی عیراقی ناوی مامۆستا ڕەشاد و حاکم نوریشی تێدابووە، دواتر حاکم نوری ئەمریکیەکان لە گەڵ ئەو شەش هەزار عیراقیەدا کە سەر بە کۆنگرەی نیشتمانی عیراقی بوون بردیان بۆ ئەمریکا و ئێستاش لە ئەمریکا دەژیت. بۆیە ئێستا بۆ بەندە و هەزاران کەسی تری شاری کفری ئاشکرابوکە بۆچی ئەو هێزەی ڕژێم، تەنها ماڵی حاکم نورییان پشکنی و مامۆستا ڕەشادیشیان .قۆڵ بەست کرد وسەرنگومیان کرد

پرسیارێك لێرەدا خۆی قوت دەکاتەوە ئەویش ئەوەیە، ئاخۆ ئەو دیکۆمینتانەی کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی کە هێزەکانی ڕژێمی بەعسی سەدامی لە ٣١ ئابدا دەستیان کەوت چەندین مرۆڤی وەك مامۆستا ڕەشادی لە گەڵ .خۆیدا ئەنفال و بێسەروشوێن کردوە؟

لە خوێندنەوەی ئەو چەند دێرەی سەرەوە. ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کە خیانەتی ٣١ ئاب چەترێك بوو بۆ درێژەدان بە مانەوەی سەدام حوسێن و مەسعود بارزانی لە سەر کورسی دەسەڵات، ئەوکارەش هەزاران مرۆڤی .کورد و عێراقی لە گەڵ خۆیدا بردە ژێر گڵەوە

.لە کۆتایدا ڕسواو شەرمەزاری بۆ خیانەتکارانی ٣١ ئاب و جاش قەڵەمەکانیان کە ٣١ ئابیان لەلا پیرۆزە

ئەم وتارەی سەرەوە پێشکەشە بە گیانی پاکی شەهیدی قەڵەمی ئازاد(سۆرانی مامە حمە) کە بەدەستی شەمە .شەمە کوێرەکانی خیانتکارانی ٣١ ئاب شەهیدکرا

# تیرۆرکردنی زەردەشت عوسمان

لەسەر ئەم نووسینە کە لە کوردستانپۆستدا بڵاوکرایەوە، لەلایەن مەسعود بارزانی و مەسروری کورییەوە لەم ڕۆژەدا رفێنراو بۆ بەیانییەکەی تەرمەکەی لە موسڵ فرێیان دا و ئاگاداری کەسوکاریان کردەوە.

نامەکەی زەردەشت عوسمان کە بە خوێنی خۆی باجی دا:.

من عاشقی کچەکەی مەسعود بارزانیم، ئەو پیاوەی کە جار جارە دەردەکەوێت و دەڵێت من سەرۆکتم، بەڵام من حەز دەکەم خەزورم بێت، واتە دەمەوێت ببم بە ئاوەڵزاوای نێچیرڤان.

ئەگەر ببم بە زاوای بارزانی، ئەوا مانگی هەنگوینیمان لە پاریس بەسەر دەبەین و یەك دوو شەوێکیش بۆ سەردان دەڕۆین بۆ کۆشکەکەی مامман لە ئەمریکا، ماڵەکەم لە گەڕەکێکی هەژارنشینی هەولێرەوە دەگوازمەوە بۆ سەری ڕەش و شەوان سەگی ئەمریکی و پاسەوانی ئیسرائیلی چاودێری ماڵەکەم دەکەن.،

باوکە بەدبەختەکەی پێشمەرگەی ئەیلولیشم کە تاوەکوو ئێستا پارتی خزمەتی پێشمەرگایەتی بۆ قەبوڵ ناکات بە بیانووی ئەوەی کە ئێستا پارتی نییە، باوکم دەکەم بە وەزیری پێشمەرگە.

برا بەدبەختەکەشم کە زانکۆی تەواو کردووە و ئێستا بێئیشە و دەیەوێت بە قاچاغ بڕواتە هەندەران ، ئەویش دەکەم بە بەرپرسی پاسەوانە تایبەتییەکانم.

خوشکەکەشم کە تاوەکوو ئێستا شەرم دەکات بڕواتە بازاڕ، دەبێت وەکوو کچە بارزانییەکان پڕادۆ و وەنەوشە لێبوخورێت.

دایکیشم لەبەر ئەوەی نەخۆشی شەکرە و دڵ و زەختی هەیە و پارەی نەشتەرگەری دەرەوەی وڵاتی نییە، دوو دکتۆری ئیتاڵی لەماڵەوە بۆ تەعین دەکەم.

بۆ مامەکانیشم چەند دیوەخانێك دەکەمەوە و ئامۆزا و خاڵۆزاکانم دەکەم بە نەقیب و عەمید و ئامر لیوا.

بەڵام هاوڕێکانم دەڵێن"وازبێنە سەرۆ خۆت بەکوشت مەدە، ئەوە ماڵی مەلایە هەرئەوەندە گوتیان هەرڕە ئیدی ئیشت تەواوە"، باشە خۆ کفر ناکەم، سوێند بە دەسکی خەنجەرەکەی مەلا مستەفا ئیدریس بارزانی لەگەڵ باوکم سێ شەو لەژێر یەك لەتە شاخدا ڕۆژیان کردووەتەوە، ئاخر چیتێدایە با مەسعوود بارزانی خۆی بە سەرۆك بزانێت، ئەی ئەگەر سەرۆکە با بڵێ لەماوەی هەژدە ساڵی رابردوودا چەند جار سەری بە گەڕەکێکی هەولێر و سلێمانیدا کێشاوە؟

بەس کێشەکەم ئەوەیە ئەم پیاوە ئەوەندە عەشایەرە لەودیو سەری ڕەشەوە کەس بە پیاو نازانێت، ژنی هەموو .سەرۆکەکانی دونیا لەڕێگەی یەك کلیکەوە دەدۆزمەوە کەچی هەتاوەکوو ئێستا نازانم خەسووەکەم چۆنە

نازانم بۆ داخوازی کێ لەگەڵ خۆم ببەم؟ لەسەرەتادا ویستم چەند مەلا و ریش سپی و پێشمەرگەیەکی کۆن کۆکەمەوە و ئێوارەیەك ناوی خوای لێبێنین، بەڵام هاوڕێیەکی ڕۆژنامەنووسم وتی " کوڕی چاك هەندێك جاش و ئەنفالچی بدۆزەوە مەسعوود زۆر حەزی بەوانە". برادەرێکی دیکە وتی وەڵاهی ئەگەر بەقسەی من دەکەی لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی نێچیرڤان بارزانیدا بڕۆ ژێر باڵی و بڵێ وەڵا ئیشێکی خێرم هەیە، یان ئەگەر نەشکرا کورە بە دەشنێ بڵێ ئەو زوو زوو دەیانبینێت با بۆتی تەرتیب بکەنسەردەشت عوسمان و پێنوسە بوێرەکەی ڕووی دەسەڵاتی هەرێم و هەموو ئەو کاربەدەستانەی ڕەش کرد کە باسی مافی مرۆڤ و ژیان و ئازادی ڕادەربڕێن ئەکەن و ئەڵێن ئازادی ڕادەربرین هەیەو کەس زیندانی و ئازارو ئەشکەنجە ئادرێت و .ناکوژرێت لەسەر دەربڕینی بیرو ڕا

سەردەشتی ڕۆژنامە نووس وەک ڕۆژنامە نوسێکی بوێر و خاوەن هەستێکی دڵسۆز بۆ نەتەوەو نیشتیمانەکەی ئەدواو ئەیویست هەوڵی گۆڕانکاری بدرێت و نەتەوەو نیشتیمانەکەی لە قەیران و نەهامەتی رزگاربکرێت، نەوەکانی ئێستاو داهاتوو هۆشیار و ئاگادار بکاتەوە لە داهاتوە ڕەش و پڕ لە نەهامەتیەکان، هەموولایەک ئاگادار بکاتەوە لە نەهامەتی و ڕۆژگارە ڕەشەکانی ژیان، ئەو ڕۆژنامە نوسە بوێر و بە توانایە کە سەرەتای پێگەیشتنی بوو هەستی بە قەیرانەکان ئەکردو ئەیویست خزمەتی نەتەوەو نیشتیمانەکەی بکات و بە پێنوسەکەی دڵسۆزی خۆی بگەیەنێتە تەواوی نەتەوە و هەموو ئەوانەی ئەیانەوێت خزمەت بکەن و دڵسۆزی .خۆیان دەربڕن بۆ نەتەوەو نیشتیمان

چەکی دەستی سەردەشت عوسمان تەنها پێنوسە بوێرەکەی بوو، هەوڵی ئەداو ئەیویست کۆتایی بە ڕۆژگارە ڕەشەکانی ژیان بهێندرێت و روناکی روو لە هەموو لایەک بکات، چیتر هاوڵاتیان شوێنبزر و تیرۆر و خەڵتانی خوێن نەکرێن، کاری ئەو تەنها دڵسۆزی بوو بۆ نەتەوەو نیشتیمانەکەی و گەیاندنی ئەو ڕاستیانە بوو کە ئەبونە خزمەت و دڵسۆزی بۆ نەتەوەو نیشتیمان و ئایندەیەکی ڕووناک بۆ نیشتیمانی کوردستان، هەستی ئەو تەنها دەربڕینی دڵسۆزی بوو، لەگەڵ ئەوەی ئەیزانی وتنی ڕاستی لە ژێر دەسەڵاتێکی بێوەفاو مافیادا، بەرهەمێکی تاڵە و ئایندەیەکی پڕ لە ئازارە بۆ ئەو کەسانەی ڕاستی ئەڵێن و ئەیانەوێت نەتەوە لە نەهامەتی و ڕۆژگارە ڕەشەکانی داهاتوو ئاگادار بکەنەوە، ئەیزانی دڵسۆزی و خزمەتی نیشتیمان لە ژێر دەسەڵاتێکی کاوڵکار و بکوژ و روخێنەرو خوێنرێژدا، ئەبێتە هۆکاری دەربەدەری و شوێنبزرکردن و زیندانی و خەڵتانی خوێن، بەڵام سەردەشت عوسمان نەتەوەو نیشتیمانەکەی لەلا خۆشەویست تر بوو لە گیان و ژیانی، بۆیە بوێرانە تێکۆشاو بە پێنوسەکەی ئەوندەی توانی دڵسۆزی بۆ نەتەوەو نیشتیمانەکەی دەربڕی و درێخی نەکرد، کۆتا ژیان و خەڵتانی خوێنیشی بوو بە هێماو هەستێکی دڵسۆزنانە و هەوڵدانی زیاتری دڵسۆزان بۆ

دروستکردنی ئایندەیەکی روناک بۆ نەتەوەو نیشتیمان، وە هەروەها دروستکردنی زیاتر هەستی دڵسۆزانە و بوێرانە بۆ هەوڵدانی زیاتر بۆ ئایندەیەکی روناک بۆ نەتەوەو نیشتیمانی کوردستان.

سەردەشت عوسمان ئەوەندەی توانی هەوڵی دا و خزمەتی کرد، تا ئەوکاتەی لەگەڵ پێنوسەکەی خەڵتانی خوێنکرا، ئەوەنەیتوانی بەرهەمی پێنوسەکەی بە چاوە پرلە غەمەکانی ببینێت، بەڵام هەوڵ و تێکۆشان و دڵسۆزیەکەی بوویە هۆی زیاتر بە ئاگاهاتنەوەو وریاییەکی زیاتری هاوپیشەکانی کە زیاترو بوێرانە ترهەوڵبدەن بۆ ئایندەی نەتەوەو نیشتیمان، کە ئەوەش یەکێک بوو لە وەسێت و داواکانی ئەو رۆژنامە نووسە، ئەو راستە نەیتوانی بەرهەمی پێنوسە بوێرەکەی ببینێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە نەتەوەی کورد و هاوپیشەکانی سەردەشت ئەو هیوایەیان هەیە کە لە ئایندەیەکی نزیکدا بەرهەمی دڵسۆزی ئەو رۆژنامە نووسە بوێرە ببینن و بزانن کە چەندە خزمەتی کردووەو چەندە بوێرانەو دڵسۆزانە تێکۆشاوە بۆ نەتەوەو نیشتیمانی کوردستان.

بێگومان هەر وشەو هەڵوێست و تێکوشان و دڵسۆزی و نارەحەتی و ماندوبون و ئازارێک، تا ئەکاتە قەترە بە قەترەی خوێنی دڵسۆزان، بێ بەرهەم نابێت و خزمەتێکە بۆ نەتەوە و نیشتیمان، لەگەڵ ئەوەی هیچ کاتیش لە یاد ناکرێت، هەمووی ئەبێتە هێزو تواناو هەوێنی شۆڕش و تێکۆشان و هێزێک بۆ نەوەکانی داهاتوو و دڵسۆزانی نەتەوەو نیشتیمان، وشەو هەڵوێست و دڵسۆزیەکانی سەردەشت عوسمانیش تا ئەکاتە رۆژگاری خەڵتانی خوێنی، قەترە قەترەی خوێنە رژاوەکەی لەگەڵ ئەوەی هیچ کات لەیاد ناکرێت، هەوێن و هێزێکیشە بۆ دڵسۆزانی نیشتیمانی کوردستان.

لەورۆژگارەدا روو ئەکەمە هەموو ئەوانەی هەوڵی لەناوبردنی دڵسۆزانی نەتەوەو نیشتیمان ئەدەن، ئەوانەی ئەو قەڵەمە بوێرەیان خەڵتانی خوێنکرد، دڵنیابن ناتوانن بە هیواکانیان بگەن و دڵسۆزان لە دڵسۆزی نەتەوەو نیشتیمان دابڕن، چونکە تیرۆرکردن و خەڵتان خوێنکردنی سەردەشت و پێنوسەکەی، لەگەڵ ئەوەی زیاتر هاندەری دڵسۆزان بوو بۆ خزمەتی زیاتری نەتەوەو نیشتیمان، رورەشییەکی هەمیشەیش بوو بۆ خوێنرێژان، هیچ کات ئەورۆژگارە رەش و زوڵم و ستەمە لەیاد ناکرێت، وەک چۆن خوێنی ئەو رۆژنامەنووسە هیچ کات لەیاد نەکراوەو لەیاد ناکرێت.

خوێنی سەردەشت و خوێنی هەموو دڵسۆزانی نەتەوەو نیشتیمان، خوێنی هەر هاوڵاتیەکی نیشتیمانی کوردستان بۆ هەمیشەیی هێزو توانان بۆ تێکۆشانمان، وە پەڵەی رەشن بە ناوچاوانی بکوژان و هەموو ئەوانەی دەستیان سورە بە خوێنی هاوڵاتیان و دڵسۆزانی نەتەوەو نیشتیمان، تا رۆژگاری بە دادگاکەیاندن، لە رۆژگاری دادگاشدا تەنها دادگا ئەتوانێت چارەنوسی رەشی ئەو بکوژانە دیاری بکات کە پیشەیان ئازار و ئەشکەنجەو کوشتن و خوێنرشتنی هاوڵاتیانی نیشتیمانی کوردستان بووە.

ڕۆژی ٤/٥/٢٠١٠ ڕۆژنامەنوس وخوێندکاری دواقۆناخی بەشی زمانی ئینگلیزی (سەردەشت عوسمان)لە بەردەمی پەیمانگاکەیدا بە بەرچاوی هێزەکانی پۆلیس وئاسایشەوە ئەیفرێنن ودوای ڕۆژێک بە شەهید کراوی . تەرمەکەی لە موسڵ دەدۆزرێتەوە

. شەهید کردنی ئەم لاوە ڕۆژنامە نوسە بوە هۆی نارەزایەتیەکی فراوان لە ناوەوە ودەرەوەی وڵات

وە لە زۆربەی زۆری شارو شارۆچکەکانی کوردوستان خەڵکی بەگشتی و خوێندکارانی زانکۆ وپەیمانگاکان بە تایبەتی رژانە سەر شەقامەکان وبووە هۆی نارەزایەتی دەربرین ولە هەموو لایەکەوە پەنجەی تاوانیان بۆ دەسەلات دارانی دەڤەری زەرد درێژ ئەکرد

وە پارتییان بەئەنجام دەری ئەم کارە تیرۆیستیە ئەزانی بەتایبەتی بنەماڵەی بارزانی

چونکە پێشتر کاکە سەردەشت چەند وتارێکی لەسەر بنەماڵەی بارزانی نوسیبوو .لە سەرەتا پارتی وبنەماڵەی بارزانی زۆر هەوڵیان دا کە خۆیان لەم کارە تیرۆرستیە بەدوور بکرن و وایان نیشان دا کە ئەنجام دەری ئەم کردەوە تیرۆرستییە ئەوان نین بەڵام هەرخۆیان زوو خۆیان ئاشکرا کرد وهیچ کومانیکیان نەهێشتەوەکە دەزگا بەد ناوەکەی پاراستن بە سەرپەرشتی مەسرور ئەم کردەوە تیرۆرستیەیان ئەنجام داوە بەم دەلیلانەی لای . خوارەوە

١- لە سەرەتابەهیچ شێوەیەک شەهید سەردەشت یان بەرۆژنامە نوس ناونەئەبرد وئەیان ووت تەنها . خوێندکارە

٢-لەسیناریۆیەکی زۆر لاوازو بێبنەماوقێزەوندا سەردەشت یان بە تیرۆرست ناوزە د کرد

٣-خەڵکی کوردستان وخوێندکاران وهاورێیانی کاکە سەردەشت لەهەوڵی دروتسکردنی پەیکەرێک دابوون بەڵام دەسەڵاتداران ڕێکربون نەیان هێشت. بۆ ؟

٤- جیا لە ئێوە چ کەس ولایەنێک ئەتوانێ لە بەر دەمی پەیمانگادا ولەناوشاری هەولێردا بە رۆژی روناک ئەم . ڕۆژنامە نوسە بەناو ئەم هەموو بازگە یەدا بباتە شاری موسڵ

ماوەتەوە ئەوەی بەم دەسەڵاتە بڵێن خەیاڵتان خاوە ئەگەر بتانەوێ بەم شێوەیە درێژە بدەن بە .دەسەڵاتتان.چونکە زەمانی ترس وتیرۆر لەهەموو دنیادا بەسەرچووتەنها لای ئێوەی خێلەکی باوە

ئەمرۆ یان سبەی ئێوەش کۆتایتان دێ وئەکەونە بەر رق وتوڵەی ئەو جەماوەرەی کە بە درێژایی بیست ساڵە .درۆی رەنگاورەنگیان بۆ ئەکەن

تیرۆرکردنی سەردەشت هەموو دنیا دەزانێت لە سەر بابەتی (من عاشقی کچەکەی بەرزانیم) بوو، وە هەرئەو بنەماڵەیەش تیرۆریان کرد ، بەراستی لە پاش ماوەیەکی دوورو درێژ و بە حیسابی خۆیان و دادگا ساویلکانەکەیان ، ئەم تاوانە نارەوایەیان داوەتە پال ئەنسارالئیسلام ، بەلآم ئاخرمن دەپرسم بۆ ئەنسارالئیسلام لە بەر ئەوەی سەردەشتی جوانەمەرگ کۆمۆنیست بوو ، سوکایەتی و ئیهانەی بەدین کردبوو !! یان تەنها وەك هاولآتیەکی ئەم ولآتە داکیرکراوە لەلایەن بنەماڵەی بەرزانیەوە ، عاشقی کچەکەی سەرۆك بوو ، بە هەر حاڵ گریمان ئەو سیناریۆیەی بنەماڵەی بەرزانی و دادگاو دارودەستەکەیان ڕاستە ، کە سەرەڕای تیرۆرکردنی ئەو کەنجە ڕۆژنامە نوسە تۆمەتی ئەنسارولئیسلامیشیان داوەتە پالّی ، ئەی (سۆرانی مامە حمە ، عبدالستارتاهیر شریف ، هەرەشەکانی سەر ئەحمەد میرە ستافی کۆڤاری لڤین ، ئەی هەڵکوتانە سەر بنکەو بارەگاکانی گۆڕان ، ئەمانەش هەموو ئەنسارالئیسلام بوو ؟ خەڵکی کوردستان باش دەزانن کە پیلان و کارە تیرۆریستیەکانی بنەماڵەی بەرزانی زۆر لەوە زیاترو بەربلآو ترە کە بە سیناریو کورتە فلیمێکی ئاوا ، کۆتایی بە کرفتێکی ئاوا بهێنن بەناوی چەند کەس و کروپەوە . ئەمەش وەکو خیانەتەکانی سی و یەکی ئاب و هەکاری و شەری ناو خۆ بە پیرۆزو سەربەرزی ناوببات . ئەم نەخشەو پلانانەی بنەماڵەی بەرزانی زۆر لەوە ئاشکراترە کە خەڵکی ساویلکەشی پێ بخلّەتێن . لەبەر ئەوەی کە هەموو کوردستانیان پاوان کردووە و بوونەتە میراتگری ، شەرم و شورەیی نیە کە خوێنکارێکی کەنج و ڕۆژنامە نوس ، لە ناو حەرەمی زانکۆو بە بەر چاوی پایتەختەوە و لە نێوان یانزە بازگە دا بە ئاسانی گروپێکی ئیسلامی بیفرێنن و تیرۆریی بکەن ، ئەی ئێوە ئەی دەزگای ئاژانسی مەسروری تیرۆریست لە کوێ بوو ، ئەی ئاسایش و پۆلیس و زێرەڤانی لە کوێ بوون !!! ئەگەر ئەمە سیناریۆ نیە کە لە لایەن خودی بنەماڵەوە دارێژرابێت . داتاشینی لەو جۆرە سیناریۆیانەی بنەمالەی بەرزانی لە میژوودا هەزار بارە بووەتەوە ، چوونکە ئەم بنە مالەیە بەسروشت خۆیان بە پیرۆزدەزانن نابیت کەس لە پیرۆز کردنیان زیاتر هیچ لە بارەیانەوە بلیت ، بەلام لە هەمان کاتدا ئەم بنەما لە دا سەپیوە کە میژووی سیاسەتیکی هەلە دایسەپاندوون ، دەبی زۆر بە ئاسایی وەربگرین کە ، لە م جۆرە سیناریۆیانەیان هەبیت ، هەموو دنیا هەتا ولاتانی غەربیش دەزانن کە بکوژانی سەردەشت و ئەوانی تریش لە چوار چیوەی ئەم بنەمالە تیرۆریستە ناچیتە دەرەوە . ئیتر کاتی ساویلکەیی و چەواشەکاری ئەم بنەمالەیە بەسەر چوو . بۆیە من بەپیویستی دەزانم کە بە کۆمەلانی خەلکی کوردستان و ئازادی خوانی دەنکی ئازاد بلیم کە . جکە لە بنەمالەی بەرزانی کەسیکی تر نیە بکوژی سەردەشت بیت ، ئەگەر بە میژووی ئەم بنە مالە دا بچیتەوە سەر لەبەری لاپەرەکانی تائەمرۆ و بۆ ئایندەش دەستیان سوورە بە خوینی رۆلەی کورد ، میژوویان پرلە خیانەتە . ئەمانە دەبیت بەفیکەو بە سواری کەر وەدەریان نێیت لە کوردستان , ئەگەر نا دەبی چاوەروانی دیان . سیناریۆی جەرگبری تربین لەم جۆرە

# سەردەشت عوسمان کێبوو...؟

## وێستکەکانی ژیانی سەردەشت

نوسینەوەی ژیاننامەی رۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان کارێکی ئاسان نیە، چونکەگەنجێك کەلەتەمەنی5 ساڵیدا چۆتە بەرخوێندنو هێشتا بیستو سێبەهاریتەواو نەکردبێتو سەختی ژیانو خوێندن لەسەر شانیبێت،دەبێت ژیاننامەیچیبێت و چی بنوسرێتەوە ؟ جگەلەشەونخونی بەدیار فانۆسو هیلاکیو ماندوبونیو راکردن بەدوایی تەواوکردنیخوێندن و کارکردن و دابینکردنی پێداویستیەکانی، بۆیەلێرەدا :بەچەند وێستکەیەك لەژیانی تایبەتی ئاشناتان دەکەین

سەردەشت عوسمان حسن حمد ) لەدایک بوی ٢٥-١٢-١٩٨٧ ی هەولێر، گەڕەکی کرێکارانی شاری هەولێرە،منالی دەهەمینی خێزانەکەیەتی کە دوای خۆی دوو برای بچوکتریشی هەیە، خێزانەکەی جوتیارێکی راگوێزراو و چەوساوەی دەستی رژێمیگۆڕبەگۆڕی دەشتی شەمامکیهەولێرە کە لەکۆتاییەکانی ساڵی هەشتاکان کەوتنە بەر شەپۆلی راگوازتن و لە گوندی گردعازەبانەوە گواسترانەوە بۆ هەولێر .سەردەشت لەو هەلومەرجە لەدایک بوو، لەیەکەم چاوکردنەوەی نیگاکانیئاشنا بوون بەزوڵمو زۆرداریو برسیەتیو نەبونیو ئاوارەییوربەدەری ، لەیەکەم نیگاوە دیمەنە ناخۆش و ناشیرنەکانی ژیانی بینی، کاتێك چاوەکانیشیماندوو بوو، دەستیبرد بۆ قەڵەم، بۆ ئەوەیخەمی کۆمەڵکاکەی بکرێتە کۆڵو رووداوەکان وەکو خۆیبگوازێتەوەو کۆتایی بەبێمافیو نایەکسانیو چەوسانەوەبێت. بۆ ئەوەیگەنجانی مەملەکەتەکەیهیواو خواستەکانیان وردو خاشنەکرێ، بۆ ئەوەیمناڵانی کوڕانو باداوەو تەعجیلو کانیسپیکە و ئیمام قاسم و ئازادی و رەحیماوە لەکەڵ چاوکردنەوەیان قوڕو تۆزو خۆڵ بەچاوەجوانو ناسکەکانیان ئاشنا نەبێت، بۆ ئەوەیپەککەوتوانیگەڕەکی کرێکارانو کوردستانو ئازادیرێزیان لێبگیرێت، بۆ ئەوەیکەرامەتیهەمووان لەبارەکایکۆمەڵدا پارێزراوبێت، ئەفسوس مەرگەوەرەکانیتاریکیچاویان بەهەستو نەستیپڕ لەبەرائەتو . ئینساندۆستیو هیواو ئاواتو بەرنامەو پرۆژەکەلێك هەڵنەهات، کەسەردەشت لەبەرنامەی خۆیدانابوو

لەتەمەنی 5ساڵیدا بەشێوەی(گوێگر) دەچێتەبەر خوێندنو لەقوتابخانە(نیگاریرەنتایتێکەڵاو)لەگەڕەکیکرێکارانیشاریهەولێر دەستدەکات بەخوێندن، بەڵام لەبەر زیرەکیو هۆشیاری، مامۆستایانو دەستەی کارگێڕیقوتابخانە نەیانتوانیلەهاوپۆلانیدابیبڕێنو بەدەرچوو . ئەژماریانکرد

پلەکانی‌خوێندی‌سەرەتای‌بەخێرایی‌و بەبێ‌دواکەوتن بڕی ، دواتر چووە قوناغی‌ناوەندی‌و لەناوەندی( شەهید صالح یوسفی) درێژەی‌بەخوێنداو بەبێ‌دواکەوتن بە3ساڵ قوناغی‌ناوەندیشی‌تەواوکرد، دواتر لە(ئامادەیی‌ئازادی‌کوڕان )هەر لەنێو شاری‌هەولێر بە3ساڵ قۆناغی ئامادەیی‌بەسەرکەوتوی‌تەواو کردو لەبەشی‌ئینگلیزی‌کۆلیژی‌زمانی زانکۆیی‌سەلاحەدین وەرگیراو لەم چوار ساڵەی‌خوێندنیشیدا، بووەجێگای خۆشەویستی‌خوێندکارانو مامۆستایانو فەرمانبەرانی‌کۆلێژ. سەردەشت لە ماوەی قۆناغی خوێندنی ناوەندی و ئامادەی، زۆربەی ساڵەکان سودی لە پشوی هاوین وەرگرتوە و کاری تێدا کردوە بۆ ئەوەی بژێوی خوێندنەکەی و پێداویستیەکانی دابین بکات ،لەسەرەتای دورست کردنی پارکی هەولێر کرێکاری تێدا کردوە،ماوەیەک لەگەڵ ماڵ پورێکی ئیشی بۆیە و سبوغی کردوە ،ئەمە جگە لەچەندین ئیشی تاقەت پروکێنیتر . کە لەبەرامبەر جەستەی بچوکی ئەو زۆر قورس و گران بوو

سەردەشت، ئارەزووی گوێگرتنی لە گۆرانیەکانی هونەرمەندان عباسی کەمەندی و مەزهەری خالقی و شەجریان و داریوش و تایەر تۆفیق و زەکەریا عبدللە و زۆرێک لەگۆرانیە فارسی و غەربیەکان بوو، هەروەها زۆرێک لە دەستنوسەکانی نوسەرانی کورد بەختیار علی و مەریوان وریا قانع و هیوا قادر و فاروق رەفیق ....دەخوێندەوە،هەروەها لە نوسەرانی تورک زمان بە ئۆرهان پاموک سەرسام بوو .سەردەشتی‌جوانەمەرگ خولیایەکی زۆری بۆ خوێندنەوەی نوسین و بەرهەمەکانی نوسەرانی‌گەورەی‌ئینگلیزی هەبو،چاودێرێکی وورد و بە سەلیقەی نوسەرانی ئەدەبیاتی ئینگلیزی بوو،خوێندنەوە و چاودێریکردنی ووردی دەست نوسەکانیان پاڵپشتیەکی زۆری بوو بۆ هاتنە نێو بواری مێدیا و راگەیاندن، ٢٠٠٤ بەرەسمی هاتە ناو دنیای نوسینو کارکردن لە دەزگا راگەیاندنەکان، لەماوەی کارکردنیشیدا لەنوسینو بەدواداچونە رۆژنامەوانییەکانیدا، هەمیشە بەدوایی ئەو پرسیارو گومانانە عەوداڵ بووە کەمێشکی نەوەی نوێی پێوە سەرقاڵکردووەو ویستویەتی وەلامی‌ئەو پرسیارو گومانانە بۆ نەوەی‌ئیستا ئاشکرابکات، بۆیەلەماوەیەکی‌کورتی کاری‌رۆژنامەنوسیدا، بۆتە چاوتێبڕینی‌دۆستو دوژمنو چەندان دەزگای راگەیاندن داوایی‌هاوکاری‌و رێنوێنی‌لێدەکەن بۆ کارە رۆژنامەوانییەکانیان،سەرەڕای نوسین و بەدواداچونەکانی لە چەندین گۆڤار و رۆژنامەی کوردستان و ناردنی هەواڵ و بەدواداچون لەسەر بارودۆخی عێراق و کوردستان بە بلاوکراوە ئینگلیزییەکان، لەهەمان کاتیشدا بەرەسمی ئەندامی دەستەی نوسەرانی هەفتەنامەی ( ئاشتینامە ) بوو،کە بە ئیمکانیاتێکی ماددی زۆر کەم کاری دەکرد تەنها لەپێناوی ئەوەی ئازادی و سەربەخۆی خۆی لە نوسین و بەدواداچونەکانی لەدەست نەدات لەکاتێکدا چەندین دەزگایتر ئیمکانیاتی خەیاڵیان دەخستە بەر دەستی ،بەلام پێدان و بەخشینەوەی پلە و پۆست و هەرەشەو چاوسورکردنەوەکان تەن نەیانتوانی‌رێگا لەو پەیامە بگرن کە سەردەشت کاری لەسەر دەکرد .و برواپ پێی هەبوو

سەردەشتیجوانەمەرگ، مرۆڤدۆستیو میهرەبانیلەحەد بەدەربوو، لەئاهەنگیدەرچونیزانکۆیلەبەر – نەخۆشیدایکیلەکاتێکدا خۆشترین رۆژیژیانیبوو ئاهەنگەکەجێدەهێڵێتو روودەکاتەنەخۆشخانە، بۆ ئەوەیلەنزیکەوەئاگاداریدایکیبێت کەئەو رۆژەباریتەندورستی تەواو نەبوو،لەکاتێکدا دایکی بەزۆر دەینێرێتەوە و زانکۆ و دەڵێ من تەندورستیم باشە و بڕۆرەوە ئاهەنگی دەرچونت ،بەلام ئەو تەنها بۆ وێنە گرتنەکە دەچێت و دواتر دەگەرێتەوە ماڵەوە و ناچێتە ئاهەنگەکە لەبەر دایکی، باوکیشی لە چاوپێکەوتنێکدا ئاماژە بەوە دەکات هەموو باوکێک لەکوڕی خۆی تورە دەبێت و ناخۆشی دەکەوێتە نێوانیان،بەلام لەماوەی ٢٣ ساڵی تەمەنی سەردەشتدا بۆ یەکجاریش بیرم نایەت لێی تورە ببم و دەستم لێی بەرز کردبێتەوەسەردەشتی ئازیز، زۆر سەرسام بوو بەغاندیو ماندێلاوکیڤارا،هەمیشە دەستنوس و ژیان و بیۆگرافیای دەخوێندنەوە و بەژیانی سادە و ساکار و شۆرشگێریان سەرسام بوو، هەر بۆیەش خۆشی لە ژیانیدا نەبوونیو برسییەتیو بێ جلو بەرگی قبوڵ بوو،نەك نامەردیو سەردانواندن بۆ ژیانیشاهانەی سەرکزی، بەدەیان کەرەتو دەیان هەفتە بەگیرفانیخاڵیگوزەراندی و زەردەخەنەیەکی دەستکردیشت بۆ کەس نەکرد ،لەکاتی رفاندن و تیرۆرکردنیشی هەموو سەرمایەی ژیانی کە لەنێو جانتا تایبەتیەکەی بوو ( ١٢هەزار دیناری عێراقی ) و . وێنەیەکی خۆی و دایکی بوو

رۆژنامەنوسی تیرۆرکراو سەردەشت عوسمان، حەزو ئارەزووی یاریو تۆپ تۆپێن بوو،زیرەک و لێهاتوش بوو لەم بوارەدا ، بۆیەلەماوەیەکیکورتتدا لەقۆناغیئامادەیی پەیوەندیدەکات بەتازەپێکەیشتوانییانەیهەولێرو دوایی تاقیکردنەوە، بەیەکێك لەیاریزانەسەرەکییەکانیتازەپێکەیشتوانی یانەیهەولێر دەستنیشان دەکرێت، بەلام دوایی چوونیبۆ زانکۆ و سەرقاڵی بەخوێندنو کاریراگەیاندن نەیتوانیبەردەوام بێت، بەلام هەمیشە تەماشاکەرو چاودێرێکیوردییارییەکان بوو، هاندەری هەڵبژاردەی ئەرجەنتین و یانەی بەرشلۆنە و یاریزان . میسی بوو

هێمنی و کەم قسەکردن و بێ دەنگی ،سیمایەکی بەرجەستەی شەخصیاتی سەردەش عوسمان بوو،وەکو– خۆی باسیدەکرد ( نایەوێت بە قسەی بێ سود ژینکە پڕ بکات لە ژاوەژاو) لەکاتی قسە و گفتوگۆکانی هەوڵیدەدە بە کەمترین کات و کەمترین رستە قسەی دڵی خۆی بکات بۆ ئەوەی کەس بێزار نەبێت،لەکاتی وەلامدانەوەی پرسیاریش هەوڵیدەدا بە چەند ووشەیەک قناعات بە بەرامبەرەکەی بهێنێت ، بکوژانی ئازادی زۆر باش بلیمەتیو هۆشیاریو زیرەکی ئەو گەنجەیان خوێندبویەوە، کەچۆن دەبێتە چرایەکیروناکی بۆ کۆمەڵگاکەی. چۆن دەبێتە بەربەستێکیگەورەلەبەردەم نایەکسانیو ناعەدالەتیو زوڵمو زۆرداری، دەیانزانیکە قەڵەمێك کەسەردەشت بەدەستیەوەگرتووە، دەبێتە سەرەتایەك بۆ شکاندنی بتەکانسەردەشت عوسمان ، دەیزانی ئەو رێگایەیگرتویەتییەبەر، بێ مەترسینییە، ئەو دەیزانیهەر شەش لاکانیتەندراوە بەهێڵی سوور،بەلام وێرانیکۆمەڵگاکەیو بوونیدەیان دیاردەینەمۆ و ناشارستانی،ویژدانیئازاردەدا و هەمیشە لە بیرکردنەوە بوو بۆ ژیانێکی باشتر،سەرەنجام دوای ئەوەی هەڕەشە و فشارەکان نەیانتوانی لە پەیامە ئازادیخوازەکەی پەشیمانی بکەنەوە لە بەیانی رۆژی سێ شەممە( ٤-٥-٢٠١٠ )لەلایەن هێزێکی تایبەت و پلان

بۆ داندراو لەبەر چاوی پۆلیس و خەڵکێکی زۆر لە بەردەم کۆلێژی ئادابی زانکۆی صلاحەددین لەشاری هەولێر، لەکاتی چونی بۆ دەوامی کۆلێژ بەزۆر و لێدان دەخرێتە ناو سیارەکی جۆری کیا و دوای ئازار و ئەشکەنجەدانێکی زۆر بە گوللەیەک لەنێو دەمی( وەکو ئامازەیەک بۆ بێدەنگ کردنی )، تیرۆر دەکرێت ،لەکاتی رفاندیشی باسی دەرچونەکەی لە دەستی بوو تا پێشکەشی زانکۆی بکات و لەدەستی بەردەبێتەوە و هاوڕێکانی دوای خۆی هەڵیدەگرنەوە، دوای دوو رۆژ تەرمەکەی لەشاری موصڵ فڕێدەدرێت ، کە تەنها ١٢ هەزار . دیناری عێراقی و وێنەیەکی خۆی و دایکی و ناسنامەی کۆلێژەکەی لەنێو گیرفانیدا بوو

سەردەشت عوسمان،چوە ریزی پیاوەمەزنەکانی دنیاو بۆ هەتایە ناوی بەبەرزی دەمێنێتەوە، سەردەشت و .ئازادی دوو ووشەی لێکدراون لەفەرهەنگ و لەکتوری خەڵکی عێراق و کوردوستان

Razasha700@gmail.com

# ..جاش و سەرک خێڵەکانی دەوری پارتی

خدر ڕەشید بەحری، ناسراو بە خدر ڕەشە بەحری، سەرۆک جاشی فەوخی ژمارە (۱۷۳) بووە، بەخۆی و سەددان جاشییەوە بەشداری ئەنفالی ( یەک و دوو )یان کردووە و دووجاریش لەپاداشتی چەلاک بوونی خۆی و فەوجەکەی لە پرۆسەکانی ئەنفالدا، مەدالیای ئازایەتی لەلایەن خودی سەددام حسێنەوە پێ دراوە و .جارێکیش مەدالیای ئازایەتی سەرۆکایەتی کۆماری پێ دراوە

.خدر ڕەشە بەحری یەکێک بووە لەسەرۆکجاشە خیانەتکار و بەعسیەکانی ناو کورد

هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا ناوی لەلیستی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقدا لەریزبەندی ژمارە (۱۷۹)دا هاتووە بۆ .دادگایی کردن، بەڵام ئەویش وەک ئەوانی دیکە، لەلایەن پارتی و یەکێتییەوە ڕێگری کرا لەدادگایی کردنیان

خدر ڕەشە بەحری لەپاش ڕاپەڕینەوە چوونە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان و هەر لەو حیزبەدا بەپلەی بەرز وەک پێشمەرگەی دێرین خانەنشینی بۆ بڕایەوە، هەر لەلایەن پارتییەوە کوڕ و نەوەکانی بەپلەی جیاجیا و بەرز دامەزرێنران، دوو لەکوڕەکانیشی بەپلەی بەرز لەناو پێشمەرگەدان، کە ئەمانەن( عەقید حەمە ڕەشید و رائید موسا)، لەگەڵ کوڕێکی دیکەیدا بەناوی «ئیبراهیم» کە لەفەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە کار دەکات، ئەمە لەکاتێکدایە خدر ڕەشە بەحری دەستی سورە بەخوێنی سەددان پێشمەرگە و ژن و پیاو و منداڵ و پیری ..کورد

# ...سەرۆک جاش و مستەشارەکانی ناو پارتی

١_ئیسماعیل حەمەدئەمین ڕەسوڵ جاف، ناسراو بە (کوێخا سمایلی تەلان)، سەرۆکجاشی فەوج بووە، لەدوای ڕاپەڕین چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە(٢/ ٧/ ٢٠١٤) کۆچی دوای کرد.

٢_ئیسماعیل عەزیز خان دەلۆیی، سەرۆکجاشی فەوجی (٢٦٩)بووە، لەدوای ڕاپەڕین چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان...

٣_ئیبراهیم کانەبی باڵو ئاغای ئاکۆ، سەرۆکجاشی فەوجی (١٤٧)بووە، پێشتر فەرماندەی مەفرەزەی (٧٦)بووە، لەدوای ڕاپەڕین چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان...

٤_ئیبراهیم مەولود کەردی (پەلکەڕەشی)، سەرۆکجاشی فەوجی (٥١)بووە، لەدوای ڕاپەڕین چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان...

٥_ئیبراهیم کوێخا عەبدوڵلا بندیان، سەرۆکجاشی فەوجی (١٢٣)بووە، لەدوای ڕاپەڕین چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ماوەیەک پێش ئێستا کۆچی دوایی کرد

٦_ئیبراهیم قەیران حەمید بەدیع بەگ (کوڕی خوشکی شێخ فاروق سەعید بەگ ئێزیدی)یە، فەرماندەی سریەی جاش بووە لە (سرایا ڕبی فراس الحمدانی)، لەدوای ڕاپەڕین چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئێستا ئەندامی پارتییە.

٧_ئیبراهیم عەزیز یاسین ڕوسی گولی، فەرماندەی سریەی جاش بووە لە فەوجی (٢٠٩)، لەدوای ڕاپەڕین چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام لە شەڕی ناوخۆدا بەدەستی چەکدارەکانی یەکێتی کوژرا...

٨_ئیبراهیم شێخ محەمەد شێخانی ئاسکی کەڵەک، ناسراوبە (برایم بۆکەنی)، سەرۆکجاشی فەوجی (١٠٥)بووە، لەدوای ڕاپەڕین چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام ماوەیەک پێش ئێستا کۆچی دوای کرد...

٩_ئەنوەر رەشید ئەحمەد بێتواتە، ناسراو بە (ئەنوەر بەگی بێتواتە)، سەرۆکجاشی فەوجی (٤)بووە، لەدوای ...راپەرین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام ماوەیەک پێش ئێستا کۆچی دوای کرد

١٠_ئەنوەر رەشید خدر میران، ناسراو بە (ئەنوەر بەگی بالیسان)، سەرۆکجاشی فەوجی (٥٢)بووە، لەدوای ...راپەرین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ماوەیەک پێش ئێستا کۆچی دوای کرد

١١_ئەنوەر حەسەن ئەحمەد (ئەنوەر حەسۆل)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی جاش بووە، لەدوای راپەرین ...چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ماوەیەک پێش ئێستا کۆچی دوای کرد

١٢_ئەکرەم کەریم مەجید عەبدوڵڵا ئاغای کۆڕێ، سەرۆکجاشی فەوجی (٢٢٠)بووە، لەدوای راپەرین چووەتە ... ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان

١٣_ئەمین ئیسماعیل سەیفەدین، سەرۆکجاشی فەوجی (٢٣٠)بووە، لەدوای راپەرین چووەتە ناو ریزەکانی ...پارتی دیموکراتی کوردستان

١٤_ئەسکەندەر هەمزە باپیر بابەکر ئاغا میراودەلی پشدەری، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (١٢١)بووە، لەدوای راپەرین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام ئێستا لە وڵاتی ئەڵمانیا بەنهێنی و ...بەناوێکی نەناسراوەوە دەژی

١٥_ئەرشەد خورشید ئەسعەد رەسوڵ شێتنە (بارزانی)، سەرۆکجاشی فەوجی (٢٣٣)بووە، لەدوای راپەرین ...چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان

١٦_ئەرسەلان حەمەخان حاجی دارا رەشید، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (٢٠٢)بووە، لەدوای راپەرین ...چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان

١٧_ئەحمەد کوێخا رەجەب شوانی، سەرۆکجاشی فەوجی (٩٠)بووە، لەدوای راپەرین چووەتە ناو ریزەکانی ...پارتی دیموکراتی کوردستان

١٨_ئەحمەد کەڵحێ تاهیر رەزگەیی رێکانی، سەرۆکجاشی فەوج بووە، لەدوای راپەرین چووەتە ناو ریزەکانی ...پارتی دیموکراتی کوردستان، ماوەیەک پێش ئێستا کۆچی دوای کرد

١٩_جەمیل کەریم مەجید عەبدوڵڵا ئاغای کۆڕێ، سەرۆکجاشی فەوجی (٢٩)بووە، لەدوای راپەرین چووەتە ناو ..ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان

**٢٠_جەمال شێخ محەمەد شێخ غەریب سوڵەیی، ناسراو بە(جەماله سوور)، فەرماندەی مەفرەزەی جاشی کواری بووە، لەدوای راپەڕین چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان...**

**٢١_جەمال جەلال سەعید عەلی بەگ، (برازای شێخ فاروق سەعید بەگ ئێزیدی)یە، فەرمانده‌ی سریەی جاش بووه لە (سرایا ربی فراس الحمدانی)، لەدوای راپەڕین چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان...**

**٢٢_جەلال ئەسعەد ڕەزا چەرمەگا کافرۆشی، سەرۆکجاشی فەوجی (٧٩)بووە، لەدوای راپەڕین چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام ئێستا لە ولاتی سویسرا دەژی.**

**٢٣_تێلی تۆفیق ڕەسوڵ ڕێکانی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ئیستخبارات بووە، لەدوای راپەڕین چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان...**

**٢٤_تۆفیق کەریم مەحمود عەبدوڵلا خۆشناو، ناسراو بە (تۆفیق بیرێژی)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت بووە، لەدوای راپەڕین چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان...**

**٢٥_تۆفیق ڕەحیم عەبدوڵلا، ناسراو بە (تۆفیقی ڕەعنا ) فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی جاش بووە، لەدوای راپەڕین چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان...**

**٢٦_تاهیر نەبی کانیکی دۆسکی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی جاش بووە، بەڵام لەساڵی (١٩٨٦) چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان...**

**٢٧_تاهیر غازی فەتاح هەرکی جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (٤٥)بووە، لەدوای راپەڕین چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان...**

**٢٨_تاهیر عەلی مستەفا زێدکی سەرۆکجاشی فەوجی (١٤٦)بووە، لەدوای راپەڕین چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان...**

**٢٩_محەمەد جەباری ناسراو بە(سەید تاهیری کەورە) سەرۆکجاشی فەوجی (٤٢)بووە، لەدوای راپەڕین چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان...**

٣٠_جەوهەر محێدین جهانگیر حاجی ئاغا هەرکی، سەرۆکجاشی فەوجی (٨)بووە، جەوهەر هەرکی تا ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە بەغدا بوو، بەڵام لە( ٦/ ٧/ ٢٠١٢) بەفەرمی چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

٣١_چیا دێوالی سعید دۆسکی سەرۆکجاشی فەوجی (٥٨)بووە، لەدوای ڕاپەڕین چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ماوەیەک پێش ئێستا کۆچی دوای کرد...

٣٢_حاجۆ عەبدولغەفور خالید گۆران دووبەردانی، سەرۆکجاشی فەوج بووە، لەدوای ڕاپەڕین چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان...

٣٣_حامد قادر حامد ئیبراهیم هاجانی، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (١١٧)بووە، لەدوای ڕاپەڕین چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان...

٣٤_حەجی نەجم عەلی ئەلقائیدی، فەرماندەی سریەی جاش بووە لە (سرایا ربی فراس الحمدانی)، لەدوای ڕاپەڕین چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ماوەیەک پێش ئێستا کۆچی دوای کرد...

٣٥_حەسیب سەدرەدین شێخ محەمەد ساڵەیی، ناسراو بە (حەسیب سەدرە)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی جاشی (١٣)بووە، لەدوای ڕاپەڕین چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان...

٣٦_حەمەخان حاجی دارا ڕەشید، سەرۆکجاشی فەوجی (٢٠٢)بووە، پێشتر فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی جاشی ژمارە (٣٦) بووە، لەدوای ڕاپەڕین چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام لە (٢٧/ ٣/ ٢٠٠٨) لە نزیک داقوقی لە کەرکوک بەدەستی چەن چەکدارێک کوژرا.

٣٧_حوسێن حاجی ئاغای سەرسیان سەرۆکجاشی فەوج بووە، لەدوای ڕاپەڕین چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان...

٣٨_حوسێن شەریف حەسەن بەرزنجی (سەید حوسێن سەید شەریف خورمەڵەیی، باوکی سەید قەهار)، سەرۆکجاشی فەوجی (١٠)بووە، لەدوای ڕاپەڕین چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ماوەیەک پێش ئێستا کۆچی دوای کرد...

٣٩_حوسێن شێخ ڕەشۆ، ناسراو بە (حوسێن قوتێ) فەرماندەی سریەی جاش بووە لە (سرایا ربی فراس الحمدانی)، لەدوای ڕاپەڕین چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئێستا لەئەڵمانیا دەژی...

٤٠_حوسێن شێخ سەعید شێخ حوسێن بەرزنجی، سەرۆکجاشی فەوجی (٢٦١)بووە، لەدوای راپەڕین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ماوەیەک پێش ئێستا کۆچی دوای کرد...

٤١_حوسێن عەلی سادق فەرماندەی سریەی جاش بووە لە (سرایا ربی فراس الحمدانی)، لەدوای راپەڕین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان...

٤٢_حوسێن محەمەد عوسمان پشدەری، ناسراوبە (حوسێن حەمەسور ئاغا)، سەرۆکجاشی فەوجی (١٧٥)بووە، پێشتر فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی جاشی ژمارە (٨٣)بووە، لەدوای راپەڕین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام لە ساڵی (١٩٩٧)دا لەپڕ لە پارتی هەڵگەڕایەوە و سەری ڕەشی دایە بەر هاوەن، پارتی گرتی و ڕەوانەی زیندانی ئاکرێ کرد، لە پاشان ئازادی کرد و دوای نزیکەی مانگێک کۆچی دوای کرد، گومان دەکرێت بە ژەهری زرنیخ ژەهراوی کرا بێت...

٤٣_خدر ڕەشید بەحری، سەرۆکجاشی فەوجی (١٧٣)بووە، پێشتر فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی جاشی (٢١) بووە، لەدوای راپەڕین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان...

٤٤_خودێدا عەلی باپۆر فەرماندەی سریەی جاش بووە لە (سرایا ربی فراس الحمدانی)، لەدوای راپەڕین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان...

٤٥_خورشید ئەسعەد ڕەسوڵ ئاغای شێتنە (دۆڵەمەڕی... بارزانی)، سەرۆکجاشی فەوجی (٢٥٣)بووە، لەدوای راپەڕین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان...

٤٦_دەخیل سەیدۆ حەمۆ شرۆ پاشا شەنکالی، فەرماندەی سریەی جاش بووە لە (سرایا ربی فراس الحمدانی)، لەدوای راپەڕین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام لە(١٣/ ١/ ٢٠١١) لەئەڵمانیا کۆچی دوای کرد..

٤٧_دەروێش شێخ کالۆ شێخ ئەمیر شەنکالی، فەرماندەی سریەی جاش بووە لە (سرایا ربی فراس الحمدانی)، لەدوای راپەڕین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ماوەیەک پێش ئێستا کۆچی دوای کرد...

٤٨_ڕەشاد ئەنوەر بەگ ڕەشید خدر میران (کوڕی ئەنوەر بەگی بالیسان)ـە، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (٥٢)بووە ، لەدوای راپەڕین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان...

٤٩_ڕەشید ئەنوەر ڕەشید بەگی بێتواتە، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی جاشی(٥٨)بووە، لەدوای راپەڕین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان...

٥٠_رەشید سەلیم حاجی عەلی خەیلانی، سەرۆکجاشی فەوجی (٤٣)بووە، لەدوای راپەڕین چووەتە ناو ...ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام ماوەیەک پێش ئێستا کۆچی دوای کرد

٥١_رەفعەت کێخوا عەبدوڵلا عومەر شێروانی، سەرۆکجاشی فەوجی (٥٦)بووە، لەدوای راپەڕین چووەتە ناو ...ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان

٥٢_زەنون حەماش سالّح جێگری فەرماندەی جاشی فەوجی (١٤٣)بووە، لەدوای راپەڕین چووەتە ناو ...ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان

٥٣_زیرەک تاهیر سەعید دۆسکی، جیگری راوێژکاری جاشی فەرجی (٥٨)بووە، لەدوای راپەڕین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئێستا سەرۆکی سەندیکای بەڵێندەرەکانی کوردستان لقی دهۆکە و ...ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستانە

٥٤_سالّح شاوەیس سەعید رۆژبەیانی، فەرماندەی سریەی جاشی فەوجی (١٧٢)بووە، لەدوای راپەڕین .چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان

٥٥_سلێمان دەروێش شێخ کالۆ شێخ ئەمیر شەنگالی، فەرمانەدەی سریەی جاش بووە لە (سرایا ربی فراس ...الحمدانی)، لەدوای راپەڕین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان

٥٦_سەبری عەرەب میرزا گولی، جێگری سەرۆکجاش بووە، پێشتر فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی جاشی ،ئیستخبارات بووە، لەدوای راپەڕین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان

.ئێستا جێگری فەرماندەی سوپای (٤)ی سەر بە فەرماندەیی دهۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانە

٥٧_سەربەست دێوالی سەعید ئاغا دۆسکی، سەرۆکجاشی فەوج بووە، لەدوای راپەڕین چووەتە ناو ریزەکانی ..پارتی دیموکراتی کوردستان، ئێستا لە دهۆک دەژی و ئەندامی پارتییە

٥٨_سەعید ئەسعەد رەسوڵ ئاغای شێتنە (دۆڵەمەڕی - بارزانی)، سەرۆکجاشی فەوجی (٣٤) بووە، پێشتر فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (٦٧)ی امن بووە، لەدوای راپەڕین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی ...دیموکراتی کوردستان

٥٩_سەعید یوسف ئەسعەد زراری، سەرۆکجاشی فەوجی (٢٥)بووە، لەدوای راپەڕین چووەتە ناو ریزەکانی ...پارتی دیموکراتی کوردستان

٦٠_سەفەر ئیسماعیل کەچەل، فەرماندەی سریەی جاش بووە لە (سرایا ربی فراس الحمدانی) و ئەندامی پارتی ...دیموکراتی کوردستانە

٦١_سەلام شێخ سدیق عەبدوڵلا دەرکەڵی دۆسکی، کۆنە فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت و جێگری سەرۆکجاشی ...فەوجی (٢٧٣)بووە، ئێستا ئەفسەری سەربازییە و و ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستانە

٦٢_سەلاح ئیسماعیل رەشید دەلۆیی، سەرۆکجاشی فەوجی (٣٥٢)بووە، لەدوای راپەرین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئێستا بەپلە عەمید بەرپرسی ئاسایشی گەرمیانە و ئەندامی پارتی .دیموکراتی کوردستانە

٦٣_سەلاح مستەفا فەرەج عەبدوڵلا ئیسماعیل دەلۆ، جێگری فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (٤٩)بووە و برازای بەناوبانگترین کۆنەجاش قالە فەرەج ـە،بەلام لەدوای راپەرینی ساڵی (١٩٩١) لە قەرەهەنجیر دەکوژرێت، بەلام ئێستا سەلاح مستەفا فەرەج وەکو شەهیدی سەنگەری پارتی دیموکراتی کوردستان مانگانە

٦٣_سەلاح مستەفا فەرەج عەبدوڵلا ئیسماعیل دەلۆ، جێگری فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (٤٩)بووە و برازای بەناوبانگترین کۆنەجاش قالە فەرەج ـە،بەلام لەدوای راپەرینی ساڵی (١٩٩١) لە قەرەهەنجیر دەکوژرێت، بەلام ئێستا سەلاح مستەفا فەرەج وەکو شەهیدی سەنگەری پارتی دیموکراتی کوردستان مانگانە بڕی ...(٤٠٠،٠٠٠) چوار سەد هەزار دینار شەهیدانە بەخێزانەکەی، لەکاتێکدا کۆنە جاش بووە

٦٤_سەیفوڵلا سەلیم مستەفا بێسفکی دۆسکی، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (٢٤) بووە، لەدوای دەستگیرکردنی جەعفەری مامی بە هاوکاری پارتی دیموکراتی کوردستان لە شەوی (١٤)ی گولانی ساڵی (١٩٨٦)دا شارۆچکەی (مانگێشی) ئازاد کرد و پەیوەندی بە پارتییەوە کرد، بەلام لە پاش پرۆسەی ئەنفال، رووی .لە ورمێی رۆژهەلاتی کوردستان کرد و لەوێ مرد

.،٦٥_سوارە فەتاح فەرەج جاف، سەرۆکجاشی فەوجی (٢٣٩)بووە

لەدوای راپەرین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئێستا ئەندامی بە پارتی دیموکراتی ...کوردستانە

٦٦_شامۆ شێخۆ نەعمۆ هەویری، فەرماندەی سریەی جاش بووە لە (سرایا ربی فراس الحمدانی)، لەدوای راپەرین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەلام ئێستا یەکێکە لە کەسە بالا دەستەکانی ناو پارتی لە دهۆک و سەرۆکی دەستەی بالای بنکەی لالش بووە و ماوەیەک پەرلەمانتاری بووە لە خولی ...چوارەمی پەرلەمانی کوردستان

٦٧_شەریف مەحمود شەریف جاف، ناسراو بە (شەفەی خاتون)، سەرۆکجاشی فەوجی (١٣٦)بووە، لەدوای راپەرین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان...

٦٨_شەعبان محەمەد تەها کانیچنارکی، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (٢٠)بووە. لەدوای راپەرین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئێستا لە سەرسنگ دەژی و ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستانە.

٦٩_شەوکەت لەتیف خدر قەشقەیی، ناسراو بە (حاجی شەوکەت) جێگری فەرماندەی مەفرەزە خاسەی جاش بووە لای مامەند قەشقە، لەدوای راپەرین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

٧٠_عادل تۆفیق رەشید بەرواری، سەرۆکجاشی فەوجی (٢٠٦)بووە، لەدوای راپەرین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ماوەیەک ئەندامی پەرلەمانی ئێراق بوو لەسەر لیستی کوردستانی و لە لیژنەی ئاسایش و بەرگری ئەندام بوو، لە مانگی نۆڤێمبەری ساڵی (٢٠١٠)دا بۆتە راوێژکاری نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی پێشووتری عێراق بۆ کاروباری هەرێمی کوردستان.

٧١_عادل هادی حوسێن پونکینەیی ، ناسراو بە (موفەوەز عادل)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی جاش بووە، لەدوای راپەرین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان...

عارف ئیسماعیل مستەفا کرژەیی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی جاش بووە، لەدوای راپەرین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان...

٧٢_عاسم ئەمین ئەحمەد کۆران، سەرۆکجاشی فەوجی (١٦)بووە، لە ساڵی (١٩٨٦)دا چووە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان...

٧٣_عزەت قاسم حەسون هەسکانی، فەرماندەی سریەی جاش بووە لە (سرایا ربی فراس الحمدانی)، لەدوای راپەرین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئێستا ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستانە...

٧٤_عزەدین محەمەد ئەمین یاسین عچاچ رەژێکەری (کۆران)، سەرۆکجاشی فەوجی جاشی (١٦)بووە، لەدوای راپەرین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان...

٧٥_عسمەت دینۆ محەمەد مەجید بەرزێری سندی، ناسراو بە (عسمەت دینۆ سندی)، سەرۆکجاشی فەوجی (١٥٧)بووە. پێشتر فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی جاشی ژمارە (١) بووە، لەدوای راپەرین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان..

٧٦_عەباس بایز باڵو ئاغا، سەرۆکجاشی فەوجی (٩١)بووە، پێشتر فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی جاشی ژمارە (٩) بووە، لەدوای راپەرین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان...

٧٧_عەباس حوسێن شەریف حەسەن بەرزنجی، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (١٠)بووە، لە ساڵی (١٩٨٧)دا لە چیای قەندیل کەوتە ژێر بەفرو مرد، کەچی ئێستا شەهیدی پارتییە.

٧٨_عەباس قادر ساڵح میرزا جاف، جێگری سەرۆکجاش بووە، لەدوای راپەرین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان...

٧٩_عەبدولغەفور خالید کۆران دووبەردانی، سەرۆکجاشی فەوجی (١٥)بووە، لەدوای راپەرین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان..

٨٠_عەبدولقادر محەمەد رەشید عەبدولقادر لۆلانی، سەرۆکجاشی فەوجی (١٥٤)بووە، لەدوای راپەرین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان...

٨١_عەبدولقادر مستەفا محەمەد مزوری، ناسراو بە ( قادویێ ناجیایێ) سەرۆکجاشی فەوجی (١٨٢)بووە، لەدوای راپەرین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، چەن ساڵێک پێش ئێستا کۆچی دوای کرد...

٨٢_عەبدوڵڵا هەمزە باپیر بابەکر ئاغا میراودەلی پشدەری، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (١٢١) بووە، لەدوای راپەرین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ ماوەی چەند ساڵێک بەرپرسی ناوچەی پارتی بووە لە وڵاتی دانمارک...

٨٣_عەلی ئەحمەد محەمەد جاف، ناسراو بە (حاجی عەلی دڕکە)، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (١٩٧)بووە، لەدوای راپەرین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان...

٨٤_عەلی بەرەکات شێخ خدر، فەرماندەی سریەی جاش لە (سرایا ربی فراس الحمدانی) بووە، لەدوای راپەرین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئێستا ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستانە...

٨٥_عەلی محەمەد عومەر، ناسراو بە (عەلی ئاومالی)، فەرمانەدی مەفرەزەی تایبەتی جاش بووە، لەدوای راپەرین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئێستا ئەندامی ناسراوی پارتییە...

٨٦_عەنتەر تەحسین، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (١٦)بووە، لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (١٩٨٨)دا لەگەڵ عاسم ئەمین ئەحمەد گۆرانی سەرۆکجاش و هەندێک جاش کە ژمارەیان (٣٩) جاش بووە، سەرەتا چوونە ناو ...ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردسران و دواتریش بەرە و ئێران هەڵهاتن

٨٧_عوسمان ئیبراهیم محەمەد، ناسراو بە ( عوسمان بانی شاری) جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (٢٠١) و فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی جاشی (١٣٧)ی سەر بە ئیستخباراتی هەڵەبجە بووە، لەدوای راپەرین چووەتە ...ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئێستا ئەندامی پارتییە

٨٨_ عوسمان رەشید تۆفیق، ناسراو بە (عوسمان چاوشین) جێگری سەرۆکجاشی فەوجی ژمارە (٢٣٩) بووە، لەدوای راپەرین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ئێستادا

...لەشاری دهۆک دەژی

٨٩_شێخ عوسمان شێخ سەعید شێخ حوسێن، سەرۆکجاشی فەوج بووە، لەدوای راپەرین چووەتە ناو ...ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، چەن ساڵێک پێش ئێستا کۆچی دوای کرد

٩٠_عوسمان عەبدولرەحمان فەتحوڵلا شوانی، سەرۆکجاشی فەوجی (١٦٥)بووە، لەدوای راپەرین چووەتە ناو ...ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان

٩٢_عوسمان عومەر مام یەحیا کۆیی (پشکۆی هۆزانڤان)، سەرۆکجاشی فەوجی (٨٦)بووە، لەدوای راپەرین ...چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، چەن ساڵێک پێش ئێستا کۆچی دوای کرد

٩٢_عوسمان قەرەوەیسی، ناسراو بە عوسەی ئۆکل، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی جاش بووە، لەدوای راپەرین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٣)دا لە هەولێر کۆچی دوای ...کرد

٩٣_عومەر ئەحمەد عەلی کۆران، ناسراو بە (عومەرە بچکۆل) سەرۆکجاشی فەوجی (١٧١)بووە، لەدوای ...راپەرین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، چەن ساڵێک پێش ئێستا کوشتیان

٩٤_عومەر خدر ئاغا سوورچی، سەرۆکجاشی فەوجی (٧٧)، لەدوای راپەرین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی

...دیموکراتی کوردستان

٩٥_عومەر محەمەدئەمین ئەحمەد تەها سۆفی شێخانی ناسراو بە (عومەر سۆفی)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی جاشی ژمارە (٤٧)بووە، لەدوای ڕاپەڕین لە ڕۆژی (١٥/ ٦/ ١٩٩١) لە هەولێر کوژرا، بەڵام ئێستا بە .شەهیدی پارتی دیموکراتی کوردستان ناوی تۆمارکراوە و زانراوە دوو پارچە زەویش ناوییەوە وەرگیراوە

٩٦_عیسا داود داود شەنگالی، فەرمانەدەی سریەی جاش لە (سرایا ربی فراس الحمدانی)، لەدوای ڕاپەڕین ...چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان

٩٧_عیسا عەلی زێوەیی دۆسکی، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (٢٤)بووە، لەدوای ڕاپەڕین چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ،پێش ئەوەی ببێتە جاش کارگێڕی ناوچەی دهۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە لە ساڵانی (١٩٨٠)کاندا، بەڵام دواتر گەڕایەوە دهۆک و بوو بە جێگری سەرۆکجاش، ئیستا ...کادیری لەشکری پارتی دیموکراتی کوردستانە و لە دهۆک ئەژی

٩٨_غیاس توفیق سلێمان یاسین شکێرانی بەرواری، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (١١٣)بووە، کە دوای کوژرانی تۆفیق سلێمان یاسین شکێرانی بەرواری باوکی لەکاتی ئەنفالی یەکەم یان دووەم لە ساڵی (١٩٨٨)دا لە ناوچەی سلێمانی، ئەو لە شوێنی باوکی کرا بە سەرۆکجاشی فەوجی باسکراو، لەدوای ڕاپەڕین چووەتە .ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دهۆک ئەژی

٩٩_فارس تاهیر ڕەشید ڕێکانی، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (٧)بووە، لەدوای ڕاپەڕین چووەتە ناو .ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئێستا لە دهۆک ئەژی و ئەندامی پارتییە

١٠٠_فارس خورشید تاهیر بەرواری، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی جاش بووە، لەدوای ڕاپەڕین چووەتە ناو ...ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئێستا لەدهۆک ئەژی

١٠١_فارس عەلائەددین ئەحمەد زراری، سەرۆکجاشی فەوجی (٣٤٨)بووە، هاوکات فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی جاشی ژمارە (٨٦)بووە، لەدوای ڕاپەڕین چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، چەن ساڵێک پێش ئێستا کۆچی دوای کرد، بەڵام ئێستا وەک شەهیدی پارتی مانگانە خێزانەکەی شەهیدانەکەی ...وەردەگرێت

١٠٢_فارس محەمەد قادر عەزیز ئاغای سوورچی، سەرۆکجاشی فەوجی (١٨١)بووە، لەدوای ڕاپەڕین چووەتە ...ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان

١٠٣_فازڵ مستەفا حوسێن بێدوهی بەرواری، سەرۆکجاشی فەوجی (٢٠٨)بووە، لەدوای ڕاپەڕین چووەتە ناو ...ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئێستا لە دهۆک ئەژی

١٠٤_فەتاح قادر سەعید کتکەیی، ناسراو بە (فەتاح کتکەیی) فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی جاش بووە، لەدوای راپەڕین چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام لە (٥/ ٣/ ٢٠١٠) کۆچی دوای کرد...

١٠٥_فەرعۆن معاویە ئیسماعیل چۆلبەگ (ئامۆزای شێخ فاروق سەعید بەگ ئێزیدی)یە، فەرماندەی سریەی جاش لە (سرایا ڕەبی فراس الحمدانی) بووە، لەدوای راپەڕین چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان...

١٠٦_فەقێ ئەحمەد ئەمین ڕەسوڵ بلّباس لاجانی، فەرماندەی سریەی جاش بووە لە فەوجی (٢٢)ی هەمزە عەباس مامەند ئاکۆ، لەدوای راپەڕین چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام لە ساڵی (١٩٩٣)دا لەناو شارۆچکەی چوارقوڕنە بەدەستی ئەسوەد ئەسعەد ئەحمەد، کۆنە فەرماندەی مەفرەزە خاسەی جاشی بەعس و پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کوژرا، ئێستا وەک شەهیدی پارتی دیموکراتی کوردستان مانگانە (١،٤٠٠،٠٠٠) دینار لەلایەن خێزانەکەیەوە وەردەگیرێت....

١٠٧_فوئاد حوسێن کوێخا ڕەجەب، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی ژمارە (٩٠) بووە، لەدوای راپەڕین چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ ماوەی دوو خولە ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بووە لە لیژنەی نەوت و پیشەسازی و کانزاکان...

١٠٨_قادر ساڵح میرزا جاف شوانکارەیی، سەرۆکجاشی فەوج بووە، لەدوای راپەڕین چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام لەدوای (٣١) ئاب و لە (٣١/ ٨/ ١٩٩٦)دا لەلایەن خزمێکی خۆی بەناوی (غەفور کانی گۆمەیی) کوژرا....

١٠٩_قادر حامد ئیبراهیم هاجانی سەرۆکجاشی فەوجی (١١٧)بووە، لەدوای راپەڕین چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان...

١١٠_قادر عومەر حەسەن دێمکی کولی، فەرماندەی سریەی جاشی بووە لە فەوجی (٢٠٩)، لەدوای راپەڕین چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئێستا پلەی رائیدی هەیە لە سوپای (٤)ی فەرماندەی دهۆک.

١١١_قادر فەرەج عەبدوڵڵا ئیسماعیل، ناسراو بە (قالە فەرەج)، فەرماندەی مەفرەزە خاسەی جاشی ژمارە (٤٩)ی سەر بە ئیستخباراتی شیمالی بووە. قادر فەرەج،

٤٩)ی سەر بە ئیستخباراتی شیمالی بووە. قادر فەرەج، لە (٢٨/ ١٠/ ١٩٨٥) بەدەستی پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان کوژرا، بەڵام دواتر وەک شەهیدی پارتی دیموکراتی کوردستان هەژمارکراو و ئێستا هەموو مانگێک لەلایەن کەس و کارییەوە شەهیدانەکەی وەردەگیرێت...

١١٣_قاسم کەریم رەشید درەیی، سەرۆکجاشی فەوج بووە، لەدوای راپەرین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان...

١١٤_قاسم فارس تاهیر مستەفا ئاغا غەفوری کۆیی، سەرۆکجاشی فەوجی (٨٥)بووە، لەدوای راپەرین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان...

١١٥_قەهار سەید حوسێن سەید شەریف خورمەڵەیی، سەرۆکجاشی فەوجی (١٠)بووە، لەدوای راپەرین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان...

١١٦_کازم عومەرخان تۆفیق رەسوڵ رێکانی، سەرۆکجاشی فەوجی (٣٣٤)بووە، پێشتر فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی جاش بووە، لەدوای راپەرین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئێستا بەپلەی فەرماندەی لیوای (٣٣) خانەنشین کراوی پارتییە...

١١٧_کاکەخان حاجی دارا رەشید، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی جاش بووە، لەدوای راپەرین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان...

١١٨_کامەران خەیری سەعید بەگ (برازای شێخ فاروق سەعید بەگ ئێزیدی)یە، فەرماندەی سریەی جاش لە (سرایا ربی فراس الحمدانی)بووە، لەدوای راپەرین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئێستا ئەندامی پارتییە و ماوەیەکیش ئەندامی ( کۆمەڵەی نیشتمانی عێراقی – عچو الجمعیه الوکنیه العراقیه ... لە لیژنەی نووسینەوەی دەستوری ئێراق) بووە...

١١٩_کەریم حەمەرەئوف فارس حەسەن کانیساردی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی جاش بووە، لەدوای راپەرین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان. کەریم حەمەرەئوف کانیساردی و بێستونی کوری و تەحسین شاوەیس سەعید لە رۆژی (٢١/ ١٠/ ١٩٩٦)دا لە نزیک شارۆچکەی دوکان بەدەستی پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە گوللەی هاوەن کوژران....

١٢٠_کەریم سەلیم مستەفا بامەندی دوبزی، سەرۆکجاشی فەوجی (٢٥٠)بووە، لەدوای راپەرین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان...

۱۲۱_کەمال ئەسعەد رەزا چەرمەگا کافرۆشی، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (۷۹)بووە، لەدوای راپەڕین ...چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان

۱۲۲_کەمال محەمەد حەیدەر تاسڵوجەیی، ناسراو بە ( کەمالی شەمسە )، سەرۆکجاشی فەوج بووە، لەدوای ...راپەڕین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام دواتر کوژرا

۱۲۳_کوێستان سەعید مستەفا، ناسراو بە (کوێستانە سۆت) فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی جاش بووە، ...لەدوای راپەڕین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئێستا لە هەولێر_مەسیف دەژی

۱۲٤_کیسرا محەمەد سەعید محەمەد فەتاح بەگ جاف، سەرۆکجاشی فەوجی (۷٥)بووە، لەدوای راپەڕین ...چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان

۱۲٥_لەزگین فەریق تاهیر هەمزانی دۆسکی، سەرۆکجاشی فەوجی (۲۷)بووە، لەدوای راپەڕین چووەتە ناو .ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئێستا راوێژکاری مەسعود بارزانییە بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی

۱۲٦_مام یەحیا عوسمان عومەر مام یەحیا، ناسراو بە (مامەی مام یەحیا)، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (۸٦)بووە، لەدوای راپەڕین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام

لە ( ۲۱/ ٥/ ۱۹۹٤)دا لەلایەن پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە دەکوژرێت، ئێستا شەهیدی ...پارتی دیموکراتی کوردستانە و مانگانە لەلایەن خێزانەکەیەوە شەهیدانەکەی وەردەگیرێت

۱۲۷_مامەند ئیسماعیل ئیبراهیم دالّداغانی، ناسراو بە (مەمۆی شیوعی)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت بووە، دوای روخانی رژێمی بەعس پەنای بردە بەر وڵاتی سوریا، دواتر لە کۆتایی ساڵی (۲۰۱۲)دا گەرایەوە کوردستان و لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە پارێزگاری لێ دەکرێت هەم لە پیرمام شوینی تایبەت و ....پارێزراوی هەیە بۆ ژیان، هەم لە بەغداد

۱۲۸_مامەند حەمەد مەولود کەردی، سەرۆکجاشی فەوجی (٥۱) بووە، لەدوای راپەڕین چووەتە ناو ریزەکانی ...پارتی دیموکراتی کوردستان

۱۲۹_مامەند ساڵح مەولود لەک، ناسراو بە (مامەند قەشقە)، فەرماندەی مەفرەزە خاسەی جاشی ژمارە ...(۱۱۳)بووە، لەدوای راپەڕین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان

۱۳۰-محەمەد حەسەن عەلی میرزا جاف، سەرۆکجاشی فەوجی (۷٤)بووە، لەدوای راپەڕین چووەتە ناو ...ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئێستا بەپلەی عەمیدی پارتی خانەنشینکراوە و لەشارەزوور دەژی

١٣١_محەمەد سەعید ئەحمەد محەمەد جاف، ناسراو بە (سەعە دڕکە)، سەرۆکجاشی فەوجی (١٩٧)بووە، لەدوای ڕاپەڕین چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئێستا ئەندام مەکتەبی بەشی کۆمەڵایەتی پارتییە...

١٣٢_محەمەد شێخ سەعید شێخ حوسێن بەرزنجی، ناسراو بە (حەمەی شێخ سەعید)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی جاش بووە، لەدوای ڕاپەڕین چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئێستا لەهەولێر دەژی...

١٣٣_محەمەد عەلی سەعید ئەسعەد ڕەسوڵ ئاغای شێتنە (دۆڵەمەڕی...بارزانی)، سەرۆکجاشی فەوج بووە، لەدوای ڕاپەڕین چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان...

١٤٩_نایف مەحمود کەریم بڵباس، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی جاشی ژمارە (٨٠)بووە، لەدوای ڕاپەڕین چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئێستا ئەندامی مەکتەبی کۆمەڵایەتی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستانە...

١٥٠_نەوزاد ئەنوەر ڕەشید ئەحمەد بێتواتە، ناسراو بە (نەوزادی ئەنوەر بەگی بێتواتە)، فەوجی (٤) بووە، پێشتر فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی جاشی ژمارە (٨) بووە، لەدوای ڕاپەڕین چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئێستا لە وڵاتی هۆڵندا ئەژی...

١٥١_نوری محەمەد حوسێن بێدوهی، ناسراو بە (نورۆیێ مر موختارێ)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی جاش بووە، لەدوای ڕاپەڕین چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئێستا ئەندامی نووسینگەی شەهیدانە لە لقی (١٨)ی ئامێدی پارتی دیموکراتی کوردستان...!

١٥٢_هەمزە عەباس مامەند حەمەد ئاکۆ ئاغای پشکۆ، سەرۆکجاشی فەوجی (٢٢)بووە، لەدوای ڕاپەڕین چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان...

١٥٣_هیمداد ئەنوەر ڕەشید بێتواتە، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی جاشی ژمارە (١٠١)بووە، لەدوای ڕاپەڕین چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان...

١٥٤_وریا بایز جەمیل کاکل کەردی، سەرۆکجاشی فەوجی (٣٩)بووە، لەدوای ڕاپەڕین چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان...

١٥٥_وشیار محەمەد ڕەشید عەبدولقادر لۆلانی، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (١٥٤)بووە، لەدوای ڕاپەڕین چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان...

١٥٦_وەهاب رەحمان محەمەد ئەمین زەنگەنە، ناسراو بە (وەهاب عەیشێ)، سەرۆکجاشی فەوجی (١٥٣) نووە، لەدوای راپەرین چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام لە (١٣/ ١٠/ ٢٠١٥)دا کۆچی دوای ....کرد

# قاسم ئاغای کۆیە ناوێکی دیار و مێژوویەکی قێزەون

...قاسم ئاغای کۆیە کێیە!؟

.ناوی تەواوی قاسم فارس تاهیر مستەفایە، ناسراو بە قاسم ئاغای کۆیە و قاسمە کوێر

قاسم ئاغا یەکێکە لەسەرۆکجاش و مستەشارە هەرە مەترسیدارەکانی سەردەمی رژێمی بەعس و رۆژانی .دەسەلاتی سەددام حسێن، هاوکات بەوتەی خۆی هاورێی نزیکی سەددام حسێن بووە

قاسم ئاغا سەرۆکجاش و مستەشاری فوجی الدفاع الوطني ژمارە (٨٥)بووە، لەهەمان کاتدا سەرۆکی .عەشیرەتی ( غەفوری )یش بووە. قاسم ئاغا پێشتر فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی(٥٧) بووە

کەسێکی خاوەن هێز و پشت بووە، هەر ئەم هۆکارانە وای کردووە لەلایەن رژێمی بەعسەوە، گرنگی پێ بدرێ و ...بکرێتە سەرۆک جاش و چەندین سرییەی جاشی بخرێتە ژێر دەست

قاسم ئاغا پێش بوونە جاشی پێشمەرگەی پارتی بووە لەسەردەمی مەلا مستەفادا، دواتر بووە بەجاش و .چەکی جاشایەتی لەشان کردووە لەدژی خاک و خەڵکی کوردستان جەنگاوە

قاسم ئاغا تۆمەتبارە بەتاوانی ئەنفالچێتی و جینۆساید و زیندەبەچاڵکردنی کورد و کوشتنی سەددان .پێشمەرگە و بەگرتدانی سەددانی دیکە

ناوی لەلیستی داواکراوەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقدا هاتووە بۆ دادکایی کردن لە ریزبەندی ژمارە .(١١٥)دا

ئەم سەرۆکجاشە یەکێک بووە لەو سەرۆکجاشە کوردانەی، کە زۆر لە خودی سەددام حسێن و عەلی کیمیاوییەوە نزیک بووە، زۆرجار بەسەرۆکی هەموو سەرۆکجاشەکان وێنا کراوە، چەندین مەدالیای ئازایەتی پێدراوە لەلایەن سەددام حسێن و عەلی کیمیایی و حیزبی بەعسەوە، لەپای ئەو کۆمەڵکوژییانەی بۆ بەعس و رژێم کردوونی و هەزاران خەڵکی بێ تاوان و بێ چەک و پێشمەرگەی بۆ بەعس و حکومەت کوشتووە و بێ سەروشوێن کردووە.

تاوانەکانی قاسم ئاغای کۆیە...

قاسم ئاغا بەبەشداری هەرە چالاکی شاڵاوەکانی ئەنفال دادەنێرێت، لەماوەی ساڵانی (١٩٨٠ بۆ ١٩٨٨)دا..

بەشدار هەرە چالاکی ئەنفالەکانی ( ١ و ٢ و ٤ و ٥ و ٦ و ٧)بووە.

تەنانەت براکانیشی وەک خۆی هەر رۆژەو جەرگی دایکێکیان دەسوتاند، لەسەردەمی دەسەڵاتیاندا هەموو جۆرە دەستدرێژییەکیان کردۆتە سەر خەڵکی کوردستان و پێشمەرگە و شۆرش.

قاسم ئاغا لەسەردەمی دەسەڵاتیدا زووڵم و زۆرێکی بەتایبەت لەخەڵکی کۆیە و دەورووبەی و دۆڵی جافایەتی کردووە، هاوکات بەپیاوێکی بێ بەزەیی و لەخۆبایی و رق لەدڵ لای خەڵک وێناکراوە..

قاسم ئاغا زۆرترین تاوانی نامرۆڤانەی دەرهەق بە کورد و شۆرش و پێشمەرگە ئەنجام داوە، هەتا لەکاتی راپەرینیشدا لە (٣/ ٩/ ١٩٩١)دا تا دوایین فیشەک لەدژی خەڵکی راپەریوی کۆیە و پێشمەرگە شەڕی کردووە، تەنانەت دوو پێشمەرگە و (٢٨) کەسی راپەریوی کۆیەی شەهید کردووە، لەگەڵ کوشتنی جاشێکی خۆیدا بەناوی ( رەحمان عەلی ئیسماعیل) تەنیا لەبەر ئەوەی وتبووی پێی ( ئاغا با تەسلیم بە جەماوەر بین) لەوەڵامدا ناودەمی پڕ کرد لە گوللە.. قاسم ئاغا کە توانای بەرگری کردنی نەما لەکۆیە بەناچاری بەرەو هەولێر رای کرد، لەپاش ئازادکردنی هەولێریش بەرە و موسل و بەغداد هەڵهات، لەدوای رووخانی رژێمی بەعس لە (٩/ ٤/ ٢٠٠٣) بەرەو سوریا هەڵهات و لەوێ ژیا تا تێکچوونی سوریا.

بەڵام لەئێستادا یەکێکە لە پیاوە رێزلێگیراو و پارێزراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و لەدهۆک نیشتەجێیە.

لەدوای راپەرین لەگرتەیەکی ڤیدیۆی کەناڵی عێراقەیدا، کە دیدارێکی سەددام حسێن و کۆمەڵە سەرۆکجاشێکی کوردی پەخش دەکرد، قاسم ئاغا بە سەددام حسێن دەڵێت: گەورەم من بەفەرماندەی فەیلەق لیوا رووکن (عەلی شەلالم) وت، کە کیمیاوی لە شاری رانییە و چوار قورنە و پشدار بدات، یان ساروخەکان بداتە من و خۆم

کیمیابارانیان بکەم، بەڵام فەرماندەی فەیلەق بەقسەی نەکردم و بە کیمیایی لێی نەدان، ئەوە بوو شارەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک و کەرکوک کەوتە دەست ئاژاوەچی و تێکدەرەکان ئێمەش ناوچەکانمان چۆڵکرد...

تاوانەکانی قاسم ئاغا هێندە زۆرن ئەگەر دادگایی بکرێت ڕەنگە بە (١٠) ساڵ دۆسیە و سکاڵاکان لەسەری تەواو نەبن، یەکێک لە تاقانەکانی ئەنفال بەناوی فواد قادر، کە بەدەستی قاسم ئاغا (٣٦) ئامۆزا و کەسی ئەنفال کراون.

سەددان نمونەی دیکە هەن کە ڕەنگە ئێمە نەتوانین مافی تەواو بەو قوربانیانە بدەین و یەک بەیەک باسیان بکەین، ئەوەی ئاماژەمان پێکرد نمونەیەکە لەسەددان نمونە..

بەدەر لە ئەنفال و زیندەبەچاڵ و ئەو کوشتن و کوشتارانەی کرددوونی و نەزانراون، بەژمارە ناوی (١٢٢) شەهید هەن، کە بەدەستی قاسم ئاغا شەهیدکراون.

بۆ زیاتر زانینی تاوان و کوشتن و کوشتارەکانی قاسم ئاغای کۆیە بڕوانە پەرتووکی ( ئینسکۆپیدیای تۆمەتبارانی شاڵاوەکانی ئەنفال لەباشوری کوردستان) لاپەرە ((٤٠١ بۆ ٤١٦)، کە بە (١٥) لاپەڕە نوسەر دەرسیم دیبەگەیی باسی لێوەکردووە.

...قاسم ئاغا و دادگا

قاسم ئاغا لەساڵی (٢٠٠٣) بەمادەی (٤٠٦)ی کوشتن فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە، هەتا ئێستا (٤٢) سکاڵای یاسایی لەدژ تۆمارکراوە، بەڵام تا ئێستا دەستگیر نەکراوە، چونکە ئەویش وەک ئەوانی تر لەلایەن پارتی و یەکێتییەوە داڵدەدراون و ڕێگری کراوە لە بەدادگایی کردنیان، چەندین جار ڕێکخراو و کەسوکاری قوربانیان خۆپیشاندان و کردبوونەوەیان لەسەر بەدادگایی کردنی ئەنجامداوە، بەڵام وەک هەمیشە داوا .ڕەواکانیان گرنگی پێ نەدراوە و پشت گوێ خراون

...قاسم ئاغا و گەڕانەوەی بۆ کوردستان

قاسم ئاغا لە بەهاری ساڵی (٢٠١٠) بەفەرمی هاتەوە بۆ کوردستان و لە هەولێر لەگوندی مەلا ئۆمەر نزیک هاوینە هەواری پیرمام، لەژێر ئاسایشی پارتیدا ئارامی و پاراستنی بۆ دابین کرا، هاوکات لەلایەن کۆنە سەرۆکجاشی فەوجی ژمارە(١١)بەهرامی شیمەهارون، کە ئەویش یەکێک بووە لەسەرۆکجاشە دڕندەکان لە مەلا ئومەران پاسەوانی قاسم ئاغای کۆنە جاشی دەکرد، تەنانەت لەوێ دیوەخانانەی بۆ برایەوە و ماوەیەک خزم و کەس و ناسراوەکانی سەردانیان دەکرد، جۆرێک لەئازادی گەڕان و ژیانی سەربەستانەی بۆ دابین کرابوو لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، بەڵام بەهۆی فشاری ڕێکخراوەکان و خەڵکەوە، بەنهێنی گواستیەوە بۆ دەووروبەری دهۆک، دواتر نەوزاد هادی لەکۆنکرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند لەهەولێر دەریان کردووە و .!نەشیان زانیوە فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرکراوە

لەئێستادا قاسم ئاغا بەئازادانە لە ڕاستەهێلی کۆیە و هەولێر و دهۆک و تورکیا هاتووچۆ دەکات، پارتی دیموکراتی کوردستان موچە و پاسەوان و شوێنی نیشتەجێ بوونی بۆ خۆی و کوڕ و خێزانەکانی دابین کردووە، دوو لەکوڕەکانیشی وەک پاسەوان لەسەر وەزارەتی پێشمەرگە موچەیان بۆ بڕاوەتەوە و پاسەوانی .باوکیان دەکەن.. هاوکات چەند ئۆتۆمبێلێکی وەزارەتی پێشمەرگەیان پێدراوە بۆ هاتووچۆکردن

...سەرمایەی قاسم ئاغای کۆیە

قاسم ئاغای کۆیە هیچ سەرچاوەیەکی دارایی ئاشکرای نییە، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی ئێمە سەرچاوەی دارایی قاسم ئاغای کۆیە، پارتی دیموکراتی کوردستانە، بەپلەی جیاجیا موچەی خانەنشینی پلە باڵایان بۆ خۆی و ژن و منداڵەکانی دابین کراوە، مانگانەش دارایی تایبەت دەچێتە سەر هەژمارەکەی، تەنانەت کوڕەکانی ...هەر ڕۆژە و بەئۆتۆمبێلی گران بەهاوە دەردەکەون

---

...ژیانی تایبەتی قاسم ئاغا

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەستمان کەوتوون قاسم ئاغا لە (١/ ١/ ١٩٥٢) لە گوندی کرۆژی سەر بە کۆیە لەدایک بووە و چوار ژنی هێناوە بەناوەکانی ( نەرمین و ڕووناک و عەیشێ و بەیان ) و خاوەن یازدە کوڕ و کچە .بەناوەکانی

.وەعد قاسم فارس تاهیر کە کوڕە گەورەی قاسم ئاغایە و لە (١٥/ ٤/ ١٩٨٩) لەدایک بووە

.ئاوارە قاسم فارس تاهیر لەساڵی (١٩٩٠) لەدایک بووە

.فارس قاسم فارس تاهیر لە (٣٠ / ٤/ ١٩٩٢) لەدایک بووە

.ڕۆژین قاسم فارس تاهیر لە (٣/ ٩/ ١٩٩٥) لەدایک بووە

..چرا قاسم فارس تاهیر لەساڵی (١٩٩٦) لەدایک بووە

باوکی قاسم ئاغا، فارس تاهیر مستەفا ئەویش یەکێک بووە لەسەرۆک جاشەکان و دەستی بەخوێنی کورد .سورە

...ئەوەی لەکۆتایدا ماوەتەوە ئاماژەی پێ بکەین تەواوی خێزانە گەورەکەی قاسم ئاغای کۆیە

بنەماڵە جاشەکەی زێباری و شێخ لەتیف و براکانی

هەتا توانیان ئەنفالی کوردیان کرد

دەستیان لەکورد نەپاراست

پیر و پیاو و ژن و منداڵیان پێکەوە کوشت

بەخزمایەتی ئامۆزای حەمائیل خانی دایکی مەسعود بارزانیین

١٦)ساڵە یەکێتی داڵدەی داون)

لەم ڕاپۆرتە دیکۆمێنتەرییەدا، بەوردی باسی ئەو بنەماڵە جاشەی زێباری و ڕۆڵی خراپی شێخ لەتیف و براکانی لەسەردەمی بەعسدا دەکەین.

# بنەماڵە جاشەکەی زێباری کێن!؟

هەر یەک لە ( شێخ لەتیف و ئەرشەد و سائیب و موقەدەم عەبدوڵا و عاسیف و قەدری و مەردان و نوح ) ، هەشت برای یەکن و کوڕی ئەحمەد محەمەد مستەفا ئاغا زێبارین، کە خۆیان و باوکیشیان جاش بوون، بەخزمایەتی ئەحمەد ئاغای زێباری دەکاتە مامەی حەمائیلی دایکی مەسعود بارزانی و برای محمود ئاغای زێباری.

ئەحمەد ئاغای زێباری باوکی ئەو هەشت برا جاشەیە، کە لە جاشایەتی و خیانەتکاریدا بێ هاوتا بوون و نمونەیەکی دیکەیان نەبووە، جاشایەتیان بە بنەماڵە بۆماوەتەوە و درێژە پێدەری ڕێبازی جاشایەتی و خیانەتکاری بوون..

...تاوانەکانی ئەحمەد ئاغا و کوڕەکانی

.ئەحمەد ئاغای زێباری

ئەحمەد محەمەد مستەفا ئاغا زێباری، ناسراو بە ئەحمەد ئاغای زێباری، ئەحمەد ئاغای زێباری هاوشانی محمود ئاغای برای، سەرۆک عەشیرەتی زێباری بووە، کەسایەتییەکی دیار و ناسراو و دەستڕۆشتووی ناوچەکەی بووە و پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ حکومەتەکانی ئەوکاتەی عێراقدا هەبووە.

ئەحمەد ئاغا لەناو حکومەت کەسێکی دەستڕۆشت و لەناو خەڵکیش ستەمکارێکی بێ بەزەیی بووە، بەکەسێکی لەخۆبایی و ڕق لەدڵ و تۆڵەسێن و بێ بەزەیی ناسراو بووە، کەسایەتییەکی هەڵەشە و توندی هەبووە، هەر بەهۆی هەڵوێستە توندەکانیشەوە بوو، لە لەلایەن بنەماڵەی بارزانییەوە بەفەرمانی مەلا مستەفا، ئەحمەد ئاغای زێباری لە ساڵی (١٩٥٩) بەدەستی عیسا سواری پیاو کوژی مەلا مستەفا لەموسڵ تیرۆر دەکرێت.

...شێخ لەتیف ئاغای زێباری

لەتیف ئەحمەد محەمەد مستەفا ئاغا زێباری، کوڕە گەورەی ئەحمەد ئاغای زێبارییە و لەساڵی (١٩٣٢) لە ناوچەی زێباری لەدایک بووە، لەگەڵ قەدری برایدا بوونەتە سەرۆکجاشی فەوجی ژمارە(١) یەکی جاش، شێخ لەتیف کە لە ئێستا زۆرینەی زێبارییەکان لەگەڵیدان و بەسەرۆک عەشیرەتی خۆیان دایدەنێن، لەرابردوودا یەکێک بووە لەهەرە سەرۆکجاشە مەترسیدار و دەست ڕۆیشتووەکانی ناو حکومەت و بەعس، هاوکات دەستی هەبووە لە شەهید کردنی سەدان پێشمەرگە و کوشتنی دەیان هاوڵاتی و بێ سەروشوێن کردنی دەیانی تر، تەنانەت دەستی هەبووە لەئەنفالی کورددا و بەشداری هەرەچالاکی ئەنفال دادەنرێت، بەتایبەت لە ئەنفالی

هەشتی بادینان، لەپای ئەو دڵسۆزی و کوشتن و کوشتارانەی بۆ ڕژێم کردوونی، لەلایەن سەددام حسێنەوە شەش جار مەدالیایی ئازایەتی پێ بەخشراوە، شێخ لەتیف زێباری ناوی لەلیستی داواکراوەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقدا لە لەریزبەندی ژمارە (١١٦)دا هاتووە بۆ دادگایی کردن، بەڵام ئەمیش وەک ئەوانی دیکە، لەلایەن یەکێتی و پارتییەوە داڵدەراون. هەر یەکە لە شێخ لەتیف و ئەرشەد و عاسیفی برای، ماوەی (١٦)ساڵە لەژێر دەسەڵاتی یەکێتیدا داڵدەدراون، هەر لەلایەن یەکێتییەوە پلە و پاسەوانیان پێدراوە و بەپلەی .جیاجیا خانەنشین کراون، لەئێستادا لە کۆڵین ستی شاری ڕانییە نیشتەجێن

ئەرشەد ئەحمەد محمەد مستەفا ئاغا زێباری، ناسراو بە ئەرشەد زێباری، دووەم کوڕە گەورەی ئەحمەد ئاغای زێبارییە، لەساڵی (١٩٤٢) لە زێبار لەدایک بووە، دەرچووی کۆلێژی سەربازی بووە، ماوەیەکیش لەناو سوپادا عەقید ڕووکن بووە، لەساڵی (١٩٧٧ تا ساڵی ١٩٨٠) کراوە بە پارێزکاری سلێمانی و دواتر لەپای دڵسۆزی بۆ ...(بەعس و ڕژێم، کراوە بە وەزیری دەوڵە بۆ ماوەی (٢٣) ساڵ، لە ماوەی ساڵانی ( ١٩٨٠ بۆ ٢٠٠٣

.ئەرشەد زێباری دەستی هەبووە لە ئەنفال و جینۆساید و کۆمەڵکوژی کورددا

ئەرشەد زێباری لەگەڵ شێخ لەتیفی برای زۆر متمانە پێکراوی سەددام بوون، تەنانەت سەدام حسێن لەکۆتاییەکانی ساڵی (١٩٨٨)دا لەدیدارێکی تەلەبزوێنیدا وەسفی ئەرشەد زێباری دەکات و دەڵێت: ( ئەمە یەکەم ..(وەزیری دەوڵەتە چەک هەڵگرێ و شەڕ بکات

ئەرشەد زێباری تا ڕوخانی بەعس لە بەغداد نیشتەجێ بوو، لەگەڵ ڕووخانی ڕژێم بەرەو سوریا هەڵهات، دواتر لەساڵی (٢٠٠٥)دا لەگەڵ جەوهەر هەرکیدا حیزبی (تجمع عراقيي الشمال)یان دروستکرد، پاشان ئەرشەد بوو بە .سەرۆکی پارتی ئازادی و دادی کوردستانی عێراق

ئەرشەد زێباری لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە داواکراوە بۆ دادگایی کردن، ناوی لە ڕیزبەندی ژمارە (٧) حەوتی داواکراوەکاندا هاتووە، بەڵام ئەمیش وەک ئەوانی تر لەلایەنی یەکێتی و پارتییەوە ڕێگری کراوە .لەدادگایی کردنیان و داڵدەدراون

لەئێستادا ئەرشەد زێباری یەکێکە لە پیاوە ڕێزلێگیراوەکانی یەکێتی و پلە و پایە و پاسەوانی بۆ دابین کراوە، لەشاری ڕانییە لەکۆڵێن ستی نیشتەج

...سائیب زێباری

سائیب ئەحمەد محمەد مستەفا ئاغا زێباری، ناسراو بە سائیب ئاغا زێباری، سێهەم کوڕە گەورەی ئەحمەد ئاغای زێباری بووە، لەساڵی (١٩٤٣) لەزێبار لەدایک بووە، پلەی عەمید ڕووکن بووە لە ناو سوپای بەعسدا، لەشەڕی نێوان عێراق ئێراندا کوژرا و تەرمەکەشی نەدۆزراوەتەوە، ئەویش وەک براکانی ڕۆڵی خراپی هەبووە لەچەوسانەوەی کورد و پێشمەرگەدا.

...موقەدەم عەبدولا ئاغا زێباری

عەبدولا ئەحمەد محمەد مستەفا ئاغا زێباری، ناسراو بە موقەدەم عەبدولا، چوارەم کوڕە گەورەی ئەحمەد ئاغای زێباری بووە، لەنیوەی ساڵی (١٩٤٤)دا، لە گوندی زێبار لەدایک بووە، عەبدولا موقەدەمی دەزگای هەواڵگری بەعسی عێراقی بووە، عەبدولاش هاوشانی براکانی درێغی نەکردووە لە ستەم و چەوسانەوەی کورددا، سەرەنجام لە ( ٣١/ ٨ / ١٩٨٣ ) لەزاخۆ لەشەرێکدا دەکوژرێت..

...عاسیف ئاغای زێباری

عاسیف ئەحمەد محمەد مستەفا ئاغا زێباری، ناسراو بە عاسیف زێباری، پێنجەم کوڕە گەورەی ئەحمەد ئاغای زێبارییە، لە بەهاری ساڵی (١٩٤٥)دا، لە گوندی زێبار لەدایک بووە، عاسیف سەرۆکجاشی ژمارە (٢٣) بووە، ئەمیش وەک براکانی دەستی بەخوێنی کورد سوربووە و بەشداری ئەنفال و جینۆسایدی کوردی کردووە، لەساڵی (١٩٨٩)دا بەخۆی و (٨٦٠ ) جاشەوە، بەشداری ئەنفالی بادینانیان کردووە، سەددان کوردی بێ تاوان و بێ چەک و پێشمەرگەی شەهید کردووە.

عاسیف زێباری ناوی لەلیستی داواکراوانی دادگای بالای تاوانەکانی عێراقدا لە ڕیزبەندی ژمارە (١٩٨) هاتووە بۆ دادگایی کردن، بەلام ئەویش وەک ئەوانی تر لەلایەن یەکێتی و پارتییەوە دالدەدراون و ڕێگری کراوە لەدادگایی کردنیان.

عاسیف زێباری لەئێستادا لە نزیک شێخ لەتیف و ئەرشەدی برای لەژێر دەسەلاتی یەکێتیدا دەژی و پلە و پاسەوانی بۆ دابین کراوە.

...قەدری ئەحمەد ئاغا زێباری

قەدری ئەحمەد محمەد مستەفا ئاغا زێباری، ناسراو بە قەدر ئاغای زێباری، حەوتەم گەورەی ئەحمەد ئاغای زێباری بووە، لەگەڵ شێخ لەتیفی برای یەکەم کەس بوون، بوونەتە خاوەنی ژمارە (١) یەکی فەوجی جاش.

قەدری یەکێک بووە لەو کەسانەی کە زۆر نزیک بووە لەسەددام و عەلی کیمیاوییەوە، لە پای ئەو تاوانانەی .دەرهەق بە خەڵکی کوردستان کردوونی، چەندین جار لەلایەن سەددام حسێنەوە مەدالیای ئازایەتی پێدراوە

قەدری لەسەردەمی دەسەڵاتیدا هەتا رۆژی کوشتنی، زوڵم و ستەمێکی ئێجگار زۆری لە خەڵکی ستەملێکراوی کورد و پێشمەرگە کردووە، بەتایبەت لە بادینان و دەووروبەری، قەدری دەستی هەبووە لەئەنفال و .جینۆسایدی کورددا

قەدری زێباری لەتۆڵەی دووژمنایەتی نێوان زێباری و بارزانیدا، لە ساڵی ( ١٩٩٩) بەدەستی کۆنەجاش واحید .کوڤلی دۆسکی، کە جاشی خالید حاجی تاهیر هەمزانی جێگری سەرۆکجاشی ژمارە (٢٧) بوو تیرۆر کرا

لەپاداشتی ئەو کارەیدا پارتی واحید کوڤلی دەکاتە لیوا و فەرماندەیی دژەتیرۆر و دواتر لەساڵی (٢٠١٨) ... ئەویش لەپیلانگێرییەکدا لەناو دەبەن

# ...ئەنفالی بادینان و تاوانەکانی شێخ لەتیف و براکانی

وەک پێشتریش ئاماژەمان پێ کرد، هەر یەک لە شێخ لەتیف و ئەرشەد و قەدری و عاسیف ئاغا زێباری، دەستیان هەبووە لەکوشتن و ئەنفال و زیندەبەچاڵکردنی هەزاران کوردی بێ تاوان و شەهیدکردنی هەزاران .پێشمەرگە و بەگرتدانی سەدانی دیکە

شێخ لەتیف ئاغای زێباری و قەدری برای بە بەشداری کارای شاڵاوەکانی ئەنفال دادەنرێن، بەتایبەت لە ئەنفالی هەشتی بادیناندا، لەسەردەمی دەسەڵاتیاندا، خۆی و براکانی دەیان گوندیان تاڵان و وێران کردووە، ..لەبەر دەستخۆشییەکی رژێمی بەعس و مەدالیایەکی ئازایەتی سەددام حسێن

لەسەردەمی دەسەڵاتیاندا کۆمەڵکوژی هەزاران کوردی بێ تاوانیان کردووە و دەستیان لە پیر و پیاو و ژن و .منداڵ نەپاراستووە و دەستدرێژییەکانیان سنورەکانی تێپەڕاندووە

لە شاڵاوی ئەنفالی هەشتی بادیناندا، کە لە ( ٢٥/ ٨/ ١٩٨٨) دەستی پێکرد و هەتا ( ٦/ ٩ ) شەشی نۆ هەمان ساڵ بەردەوام بوو، کە ماوەی (١١) رۆژی خایاند، لەو شاڵاوەدا زیاد لە (١٦٣) فەوجی جاش و فەیلەقەکانی ( ١، ٢ ، ٣ ، ٤ ، ٥ ، ٦ ، ٧ )بەشداربوون، لەگەڵ (٢٠) تیپی پیادە و (٣٠) کەتیبەی تۆپهاوێژ و (٢٥٠،٠٠٠)هەزار

سەربازی بەعس. هەر یەک لە شێخ لەتیف و قەدری و عاسیف و ئەرشەد ئاغای زێباری، بەشداری کارای ئەو ..ئەنفالە بوون، بەتایبەت شێخ لەتیف زێباری

قەدری ئەحمەد زێباری و شێخ لەتیفی برای کە سەرۆک جاشی فەوجی ژمارە (١) بوون، بە خۆیان و .(٣،٦٢٠)جاشەوە بەشداری ئەنفالی هەشتی بادینانیان کردووە

عاسفی براشی کە سەرۆکجاشی فەوجی ژمارە (٢٣) بوو، بە خۆی و (٨٦٠) جاشەوە بەشداری ئەنفالی بادینان .بووە

لەو تاوانەدا زیاتر لە (٤٠٠٠) گوند و (٤) قەزا و (٣٠) ناحیە و (٣١٠٠) مزگەوت و (١٠٠) کڵێسا خاپور و وێران و تاڵان کران و هەزاران کوردی بێ تاوان لەو ئەنفالەدا شەهید و زیندەبەچاڵکران و تەواوی ژینگەی ناوچەکەشیان ...تێکدا

...لەو ئەنفالەدا چوار براکە رۆڵی بەرچاو و خراپیان گێڕاوە و دەستیان لەهیچ کەسێک نەپاراستووە

ماوەتەوە بلێن سەرجەم کوڕەکانی ئەحمەد ئاغای زێباری بە بەخۆیشییەوە، جاش و سەرۆکجاش بوون و ...جاشایەتیان بەبنەماڵە بۆ مابووەتەوە، دەستیان بەخوێنی هەزاران کوردی بێ تاوان سور بووە

...گەڕانەوەی شێخ لەتیف ئاغا و ئەرشەد زێباری بۆ کوردستان

لەدوای ڕووخانی حکومەتی بەعس لەساڵی (٢٠٠٣)دا، هەریەکە لە شێخ لەتیف و ئەرشەد زێباری لە موسڵەوە بەرەو سنورەکانی سوریا هەڵهاتن، لەوێ لە کن خێڵێکی سوریی بۆ ماوەیەک داڵدەدران، بەڵام دواتر بە فەرمانی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی بەهاوکاری نزیکێکی خۆی، بەناوی فورات زێباری پەیوەندیان پێوەکرا، کە بگەڕێنەوە بۆ موسڵ، پێیان ڕاگەیەندرا ئەوان ڕەزامەندی ئەمریکییەکانیان بۆ بەدەست هێناون، ئەوانیش گەڕانەوە بۆ موسڵ، هاوکات ئەرشەد زێباری بۆ ماوەیەک لەلایەن ئەمریکییەکانەوە لەموسڵ دەستبەسەرکرا و لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کرا، بەڵام دواتر ئازاد کرا و ڕووی لە عەمانی پایتەختی ئوردن کرد و بۆماوەیەک لەوێ ژیا، دواتر گەڕایەوە بۆ موسڵ، هەتا داگیرکردنی موسڵ لەساڵی (٢٠١٤) لەلایەن داعشەوە هەر لەموسڵ بوون، پێشەوەی داعش تەواوی موسڵ کۆنترۆڵ بکات، یەکێتی لەڕێگای کۆنە سەرۆکجاشی ژمارە (١٣٢)، ئاکۆ عەباس مامەند حەمەد ئاغای سەرکەپکان، هەریەک لە ئەرشەد و شێخ لەتیفی بەخێزانەکانیشیانەوە هێنایەوە بۆ سلێمانی، یەکێتی لەسەر حسابی ئیدارەی گشتی لەبەرزایەکانی سلێمانی، پێنج شوقەی نیشەجێ بوونی پێدان، هاوکات مەسعود بارزانی بەو کارەی یەکێتی زانی و نارەزایەتی خۆی نیشاندا و کۆسرەت ڕەسوڵی بەدەرکردنیان ڕازی کرد، سەرەتا کۆسرەت ڕەسوڵ بەسکرتێرێکی خۆیدا بەناوی عەبدوڵا کەرکوکی، پەیامی بۆ

ئەرشەد و شێخ لەتیف ئاغای زێباری نارد و پێی ڕاگەیاندن: ( ئێمە ناتوانین دڵدەتان بدەین و ناتوانین لەسەر ئێوە شەڕی براکوژی لەنێوان ئێمە و پارتیدا هەڵبگیرسێنینەوە ).. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بڕیارەی کۆسرەت ڕەسوڵ کاردانەوەی هەندێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و یەکێتییە زێبارییەکانی لێکەوتەوە، بەوەش کۆسرەت ڕەسوڵ ناچاربوو لەبڕیارەکەی پاشگەز بێتەوە، لەپاشان بۆ هێورکردنەی فشارەکان و پاراستنی ژیانی ئەو دوو ئەنفالچییە، بەسەرپەرەشتی و چاودێری لاهور شێخ جەنگی برازای مام جەلال، هەر یەک لە شێخ لەتیف و ئەرشەد ئاغای زێباری، لەسلێمانییەوە گواسترانەوە بۆ ڕانییە و لە کوڵێن ستی نیشتەجێ کران، لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر حسابی ئیدارەی گشتی یەکێتی، بڕی نیو ملیۆن دۆلار و (٥٠) کلاشینکۆف و چەندین دەمانچە و تەقەمەنیان پێدرا.

هاوکات موچە و پاسەوانییان بۆ هەر یەک لە شێخ لەتیفی ئەنفالچی و ئەرشەد زێباریی بەعسی دابین کرد، بەپلەی جیاجیا موچە و پاسەوان و ئۆتۆمبێلیان بۆ دابین کرا، ماوەیەک بوونە بارگرانی بۆ دانیشتوانی کوڵێن ستی، هەرکەس بەو ناوەیەدا بچووبا ڕایان دەگرت، تەنانەت یەکێتی کوڕێکی شێخ لەتیفی بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی ساڵی (٢٠١٨) کاندید کرد، لەسەر لیستی (١٦٢)ی ژمارە (١٠)ی پارێزگای دهۆک...

بەپێی زانیارییەکانمان ئەرشەد زێباری بەدەر لەموچەی پاسەوانەکانی لەپشکی یەکێتی، هاوکات لەسەر سوپای حەشدی شەعبی (١٠٠) پاسەوانی بۆ دابینکراوە، بەڵام موچەی هەموویان وەردەگرێ و بەفەرمی چوار پاسەوانی تایبەتی لەسەر پشکی یەکێتی هێشتۆتە...

زۆربەی کوڕ و نەوەکانی شێخ لەتیف و ئەرشەد زێباری لەناو یەکێتی و پێشمەرگە و سوپای عێراق و دژەتیرۆری عێراق و حەشدی شەعبی و پۆلیسی عێراقیدا هەن و پلە و پۆستی بەرزیان هەیە و خاوەن هێزن...

لەبنەڕەتدا زێباری نین

باوباپیرانی شێخ لەتیف و ئەرشەد زێباری لەبنەڕەتدا زێباری نین، بنەرەتیان لە کوردستانی باکورەوە سەرچاوەی گرتووە، کە لە نیوەی سەدەی هەژدەهەمدا لە عەشیرەتی بنیانشین بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە جیادەبنەوە و ئاوارەی کوردستانی باشور دەبن و لە گوندی (چوار بۆت) دەگیرسێنەوە و پاشان لەناوچەی زێباری سەر بە پارێزگای دهۆک نیشتەجێ بوون، بۆ ماوەی چەندین ساڵ گاوانی و مزوریان بۆ زێبارییەکان کردووە، هۆکاری گرتنە دەستی ئاغایەتی و براکەورەیان لە کێشە و ململانێی ناو زێبارییەکان و ژن و ژن خوازی نێوانیان سەرچاوەی گرتووە، هاوکات پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی ئەو کاتەدا هەبووە، بەمەش بەتێپەڕبوونی کات بوونەتە سەردار و سەرۆکی زێبارییەکان و تەواوی دەسەڵاتی ناوچەکەیان گرتۆتە دەست بە ئێستاشەوە.

# هۆکارەکانی دووژمنایەتی نێوان ئەحمەد ئاغای زێباری و مستەفا بارزانی.

ئەحمەد ئاغای زێباری کە دەکاتە برای محمود ئاغای باوکی حەمائیل خانی هاوسەری مەلا مستەفا، زۆر دژی هاوسەرگیری حەمائیلی برازای و مەلا مستەفا بوو، زۆر ڕقی لە مەلا مستەفا دەبوویەوە، مەلا مستەفای بەپیاوێکی تێکدەر و خراپەکار دەهاتە پێشچاو، بەلام محمود ئاغای برای بەقسەی نەکرد و ڕازی بوو بە هاوسەرگیری نێوان حەمائیل و مەلا مستەفا، بەمەش ناکۆکی و دژایەتییەکانی نێوان ئەحمەد ئاغا و مەلا مستەفا گەرم و خەستر بوویەوە، تا کار گەیشتە ئەوەی مەلا مستەفا بەماوەیەکی کەم لە گەڕانەوەی لە سۆڤێتەوە بۆ عێراق، ئەحمەد ئاغای زێباری لەساڵی (١٩٥٩)دا لە موسڵ تیرۆر کرد، دواتر مەلا مستەفا لەبەردەم عەبدولکەریم قاسم و مام جەلال بە ئاشکرا وتی من کوشتوومە، بەوەش نێوان مەلا مستەفا و عەبدولکەریم قاسم تێکچوو، لە دیداری تەمەندا ئاماژە بەوە کراوە ئەحمەد ئاغای زێباری، کە دەکاتە باوکی شێخ لەتیف و ئەرشەد زێباری لەساڵی (١٩٥٩)دا ڕووبەڕوو بە عەبدولکەریم قاسم و مەلا مستەفای وتبوو: ئەگەر مەلا مستەفا ڕاست دەکات و خاوەن عەشیرەتە با پێنج پشتی خۆی بڵێت، ئەمانە بێ بنەچەن، من ئامادەم دوانزە پشتی خۆم بڵێم، .ئەوە بوو دوای ساڵێک مەلا مستەفا لەساڵی (١٩٥٩)دا لەبەغداد تیرۆری کرد

لەڕاستیدا هۆکاری سەرەکی کوشتنی ئەحمەد ئاغای زێباری لەلایەن مەلا مستەفاوە، دەگەڕێتەوە بۆ کۆنە ڕقی چەن ساڵەیان، کە لەسەر کێشەی مەڕ و ماڵات و کوشتنی شوانێک سەری هەڵدابوو، بەدیاری کراوی لە ساڵی ( ١٩٤٥)دا شوانێکی ئەحمەد ئاغای زێباری لەلایەن بارزانییەکانەوە لەچیای شیرین لە پشت بارزان دەکوژرێت و دووگی زۆرینەی مەڕەکانیشی بەزیندوویەتی دەبڕن وەک ئەتکردنێک دەینێرنەوە، لەتۆڵەی خوێنی ئەو شوانە و ئەو ئەتکردنەدا، پیاوانی ئەحمەد ئاغای زێباری وەک تۆڵە سەندنەوە بارزانییەک دەکوژنەوە، لەو کاتەدا شێخ ئەحمەدی خودانی بارزان کە دەکاتە برا گەورەی مەلا مستەفا، لە بەغداد دەستبەسەر بوو، کاتێک هەواڵەکە دەگاتە شێخ ئەحمەدی خودانی بارزان لەوەلامدا دەڵێت: ئەگەر هاتینەوە تۆڵەی دەکەینەوە، ئەگەریش نا با .خوێنەکەی بچێ

هاوزەمنی ڕووداوەکە بۆ هێور کردنەوەی کێشەکان و قوڵنەبوونەوەی دووژمنایەتی هەردوو بنەماڵە، ئامۆزایەکی ئەحمەد ئاغای زێباری کچێکی خۆی دەداتە شێخ ئەحمەدی خودانی بارزان، بەو کارەش کێشە و .ئاڵۆزییەکانی نێوانیان هێورتر دەبێتەوە، بەلام ئەحمەد ئاغای زێباری ئاگری ڕق و تووڕەیی دەکاتە لوتکە

لەدوای کوشتنی ئەحمەد ئاغای باوکی شێخ لەتیف و ئەرشەد زیباری، دوای ساڵێک و لەساڵی (١٩٦٠)دا، لەلایەن کورانی ئەحمەد ئاغای زێبارییەوە هەوڵی تیرۆرکردنی شێخ ئەحمەدی خودانی بارزان و براگەورەی مەلا مستەفا ئەدەن، لەو هەوڵەدا خودانی بارزان لەسەر ئەسپەکەی بریندار دەکەن، دواتر لەساڵی (١٩٨٠)دا هەوڵی کوشتنی کورێکی لوقمانی مەلا مستەفا ئەدەن، بەڵام هەوڵەکەیان سەرکەوتوو نابێ، لەهەوڵێکی دیکەشیاندا کە هاوکاتی ڕێکەوتنامەی (١١) ئازاری ساڵی (١٩٧٠)بوو، لە بەغداد هەوڵی تیرۆرکردنی ئیدریس ..مەلا مستەفایاندا و تەقەیان لە ئۆتۆمبێلی ئیدریس کرد، بەڵام هەوڵەکەیان شکستی هێنا

هەر لەتۆڵەی ئەو دووژمنایەتییەدا قەدری ئاغای کوڕی ئەحمەد ئاغای زێباریش، لەساڵی ( ١٩٩٩) بەدەستی .کۆنەجاش واحید کوڤلی دۆسکی دەکوژرێت، کە جاشی خالید حاجی تاهیر هەمزانی بوو

لە پاداشتی ئەو کوشتنەدا، واحید کوڤلی لە پیاوکوژێکەوە دەکرێتە فەرماندارێکی سەربازی گەورە، لەسەر کوشتنی قەدری ئەحمەد ئاغا زیباری، حەمائیل خان دایکی مەسعود بارزانی زۆر تورە و دڵتەنگ بوو بە کوشتنی قەدری، چونکە قەدری ئامۆزای حەمائیل خانی دایکی مەسعود بارزانی بوو، ئەو کارە بەبێ ویستی ئەو ئەنجام درابوو. لەوەو پێشیش مەسعود بارزانی لەساڵی (١٩٩٢)دا، بەنێوەند کیری هەریەکە لە وشیار زیباری و بابەکر زێباری خاڵی، داوای ئاشتەوایی لە بنەماڵەی شێخ لەتیف و ئەرشەد زێباری کردبوو، هەردوو لا لەسەر یەک مەرجی مەسعود بارزانی ڕێک نەکەوتن، کە داوای ئەو کەسانەیان کردبوو، بەشداربوون لە هەوڵی تیرۆرکردنی سەر ئەندامەکانی بنەماڵەکەیان، داواکاریەکە ئەوە بوو ئەو پێنج کەسەیان رادەست بکەن، کە لەوەو پێش چواریان لێ کوشتبوون، ئەو پێنجەشیان ڕادەست بکەن تا بیان کوژنەوە، لەوەڵامدا شێخ لەتیف بەو ...داواکارییە ڕازی نەبوو، بەوەش دووژمنایەتییەکەیان تا ئێستاش درێژەیان کێشاوە

